حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زمان

# بنەمای بیریی و هونەریی لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا

تێزێکە

**صديق اورحمان علی**

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی

بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت:

**پ. د. حمە نوری عمر کاکی**

٢٧٢٣ کوردی ٢٠٢٣ زایینی

ئەم تێزە بە ناونیشانی (بنەمای بیریی و هونەریی لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا) بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت:

پ. د. حمە نوری عمر کاکی

٢٠٢٣ / ٨ / ١

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ. ی. د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

٢٠٢٣ / ٨ / ٣٠

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم تێزەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا، کە بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ. د. صافیە محمد احمد
ئەندام
ڕۆژ: ١٥/١٠/ ٢٠٢٣

ناو: پ. د. علی طاهر حسین
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ: ١٥/١٠ / ٢٠٢٣

ناو: پ. ی. د. سەنگەر قادر حاجی
ئەندام
ڕۆژ: ١٥/١٠/ ٢٠٢٣

ناو: پ. ی. د. محمد امین محمد نوری امین
ئەندام
ڕۆژ: ١٥/١٠/ ٢٠٢٣

ناو: پ. د. حمە نوری عمر کاکی
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ: ١٥/ ١٠/ ٢٠٢٣

ناو: پ. ی. د. دیار فایق مجید
ئەندام
ڕۆژ: ١٥/١٠ / ٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

پ. د. شاخەوان جلال حاجی فرج
ڕاگری کۆلێژی زمان
ڕۆژ: ١٧/ ١٠ / ٢٠٢٣

پێشکەشە:

- ✓ بە گیانی پاکی باوک و دایکم

- ✓ بە ماندوێتی هاوسەر و منداڵەکانم، کە لەم قۆناغەدا زۆر لێبڕاوانە لەگەڵمدابوون.

**سوپاس و پێزانین:**

- ✓ سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ بەڕێزان (پ. د. شاخەوان جەلال حاجی فرج، پ. ی. د. محمد عمر، پ. ی. د. سامان جلال)، کە بەردەوام پشتیوان و هاوکاربوون لەم قۆناغەی خوێندندا.

- ✓ سوپاسی بێ سنوورم بۆ پرۆفیسۆر دکتۆر حەمە نوری عومەر کاکی، کە بۆماوەی سێ ساڵ بەردەوام لەگەڵمدا هاوکار بووە، سەرپەرشتی ئەم تێزەی کرد، بەسەرنج و تێبییەکانی زۆر یارمەتیدەرم بوو، میهرەبانیی زۆری نواند بەرانبەرم.

- ✓ سوپاس بۆ سەرجەم مامۆستایانی بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، کە بەندە شانازیی ئەوەم هەبوو تەواوی قۆناغەکانی خوێندن لەم بەشەدا بخوێنم و لەخزمەتیاندا بەهرەمەند بووم.

- ✓ سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بە سەرنج و تێبینییەکانیان، یان بە وەرگێڕان و دابینکردنی سەرچاوە هاوکارییان کردم.

# پێڕست


| لاپەڕە | ناوەرۆک |
| --- | --- |
| ١-٢ | پێشەکی |
| ٣-٦١ | بەشی یەکەم: پەندی پێشینان و پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرد |
| ٤-٢٣ | پاری یەکەم: پەندی پێشینان چەمک و سەرهەڵدان و مێژووی کۆکردنەوەی |
| ٤ | یەکەم: ئەدەبی فۆلکلۆر. |
| ٥ | دووەم: پەندی پێشینان. |
| ٥-٧ | • واتای فەرهەنگیی پەندی پێشینان. |
| ٧-١١ | • پەندی پێشینان چەمک و زاراوە و پێناسە. |
| ١١ | سێیەم: پەندبێژ. |
| ١٢-١٤ | چوارەم: سەرچاوە و چۆنیەتی هاتنەکایەی پەندی پێشنان. |
| ١٤ | پێنجەم: پەندی پێشینان لە ئاینە ئاسمانییەکاندا. |
| ١٤ | • پەند لە تەوراتدا. |
| ١٥ | • پەند لە ئینجیلدا. |
| ١٥ | • پەند لە قورئاندا. |
| ١٦ | ١- پەندی چیرۆک ئامێز. |
| ١٦ | ٢- پەندی کورت و بڵاو. |
| ١٧ | ٣- پەندی شاراوە. |
| ١٧ | شەشەم: مێژووی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی پەندەکان. |
| ١٨ | یەکەم: مێژووی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی پەند لای عەرەبەکان. |
| ١٩ | دووەم: مێژووی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی پەند لای فارسەکان. |
| ٢٠ | سێیەم: مێژووی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی پەند لای کورد. |
| ٢٠ | ١- کۆکردنەوەی پەندی کوردی لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسان و نووسەرانی تری کوردەوە، کە لە دەرەوەی وڵات پارێزراون. |
| ٢١ | ٢- کۆکردنەوەی پەندی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان. |
| ٢١ | ٣- کۆکردنەوەی پەندی کوردی لە باکوری کوردستان. |
| ٢١ | ٤- کۆکردنەوەی پەندی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٢٢ | ٥- کۆکردنەوەی پەندی کوردی لە باشوری کوردستان. |

| | |
|---|---|
| پاری دووەم: پەندی پێشینان، گرنگیی و تایبەتمەندیی، پۆلێن و ئەرکی. | ٢٤-٣٤ |
| یەکەم: گرنگی پەندی پێشینان. | ٢٤-٢٧ |
| دووەم: تایبەتمەندی پەندی پێشینان. | ٢٧-٣٠ |
| سێیەم: پۆلێنکردنی پەندی پێشینان. | ٣٠-٣٢ |
| چوارەم: ئەرک و بواری پەندی پێشینان. | ٣٢-٣٤ |
| پاری سێیەم: پەندی پێشینان پەیوەندی لەگەڵ زانستەکانی تر و بەراوردی لەگەڵ هاوچەشنە ئەدەبییەکانی دیکەدا. | ٣٥-٤٩ |
| یەکەم: پەیوەندی پەندی پێشینان لەگەڵ زانستەکانی تردا. | ٣٥ |
| دووەم: پەیوەندی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق. | ٣٥-٤٢ |
| سێیەم: پەیوەندی پەندی پێشینان و ئیدیۆم. | ٤٢-٤٥ |
| چوارەم: پەیوەندی پەندی پێشینان و درکە. | ٤٦-٤٧ |
| پێنجەم: پەندی میللی و پەندی شیعریی. | ٤٧-٤٩ |
| پاری چوارەم: پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرد. | ٤٩-٦١ |
| یەکەم: بنەمای بیریی لە پەندەشیعرییەکاندا. | ٥٥-٥٨ |
| دووەم: بنەمای هونەریی لە پەندەشیعرییەکاندا. | ٥٩-٦١ |
| بەشی دووەم: بنەمای بیریی لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێردا. | ٦٢-١٦٧ |
| پاری یەکەم: بیری پەروەردەیی و خوێندن لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێردا. | ٦٣-٧٥ |
| یەکەم: ئاگادارکردنەوە لە لێکەوتە خراپەکانی نەخوێندەواری و نەبوونی پەروەردە. | ٦٦-٦٨ |
| دووەم: ڕێگری لە بەردەوام بوون لە خراپەکاری، نەخوێندەواری و نەبوونی پەروەردەی باش. | ٦٨-٧٠ |
| سێیەم: ڕێنمایی و ئاراستەکردن بۆ هێنانەدی پەروەردە و خوێندەواری و فێربوون | ٧١-٧٣ |
| چوارەم: ئامانج لە پەروەردە و خوێندن. | ٧٣-٧٥ |
| پاری دووەم: بەها ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییەکان لەپەندەشیعرییەکانی پیرەمێردا. | ٧٦-٩٦ |
| یەکەم: ئاگادارکردنەوە لە خووە بەد و ناپەسەندەکانی تاک و کاریگەری ناو کۆمەڵدا. | ٨٠-٨٤ |
| دووەم: ڕێگریکردن لە خووەخراپ و ڕەفتارە بەدەکان. | ٨٤-٨٨ |
| سێیەم: ڕێنمایی و ئاراستەکردن لە پێناو چەسپاندنی بەهاکان. | ٨٨-٩١ |
| چوارەم: ئامانج لەهێنانەدی بەهای باڵای ڕەوشتیی و کۆمەڵایەتی. | ٩١-٩٦ |

| | |
|---|---|
| پاری سێیەم: بیری کۆمەڵایەتی لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا. | ١٠٦-٩٦ |
| یەکەم: ئاگادارکردنەوە لە مەترسییەکانی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی. | ١٠١-٩٩ |
| دووەم: ڕێگری لە مەترسییەکانی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی. | ١٠٣-١٠١ |
| سێیەم: ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن بۆ هێنانەدی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی. | ١٠٥-١٠٣ |
| چوارەم: ئامانج لە هێنانەدی ئاشتی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری. | ١٠٦-١٠٥ |
| پاری چوارەم: بیری سیاسی و نیشتیمانی لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا. | ١٢١-١٠٧ |
| یەکەم: ئاگادارکردنەوە لە فریویی سیاسەت و چەوتییەکانی. | ١١٢-١٠٩ |
| دووەم: ڕێگری بەشداریکردن لە کاری سیاسیدا. | ١١٣-١١٢ |
| سێیەم: ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن، بۆ دروستکردنی سەرکردەی سیاسی و یەکێتی نەتەوەیی. | ١١٦-١١٤ |
| چوارەم: ئامانج لە بیری سیاسی و نیشتیمانی بۆ دروستکردنی سەرکردەی سیاسیی و نەتەوەیی | ١٢١-١١٦ |
| پاری پێنجەم: بیری ئایینی لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا. | ١٣٢-١٢١ |
| یەکەم: ئاگادارکردنەوە لە مەترسی هاوبەشیی پەیداکردن بۆ خودا و پابەندبوون بە یەکتاپەرستی. | ١٢٦-١٢٤ |
| دووەم: ڕێگری لە زەوتکردنی مافی خەڵک و مەترسی لەسەر ژیانیان لە ڕوانگەی ئایینەوە. | ١٢٧-١٢٦ |
| سێیەم: ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن، بۆ چەسپاندنی بنچینەکانی باوەڕ و بنەماکانی ئایسلام. | ١٢٩-١٢٧ |
| چوارەم: ئامانج لە باوەڕداریی و دینداریی ڕاستەقینە. | ١٣٢-١٢٩ |
| پاری شەشەم: بیری فەلسەفی لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا. | ١٤٦-١٣٢ |
| یەکەم: ئاگادارکردنەوەی تاک سەبارەت بەو بیرانەی پرسیار دروستدەکەن، مرۆڤ دووچاری تێڕامان و بیرکردنەوەی لۆژیکی دەکەن. | ١٤٠-١٣٧ |
| دووەم: ڕێگری لە بیرکردنەوەی نالۆژیکی و پرسیاری بێ بنەما. | ١٤١-١٤٠ |
| سێیەم: ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن بۆ گەیشتن بەئامانج و بەرپەرچدانەوەی بیرە پووچەکان. | ١٤٢-١٤١ |
| چوارەم: ئامانجی پەندەکان بۆ گەیشتن بەڕاستی، وروژاندنی پرسیاری بەردەوام. | ١٤٥-١٤٢ |
| پاری حەوتەم: مرۆڤ لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا. | ١٦٧-١٤٥ |
| یەکەم: ئاگادارکردنەوە لە بارەی ناسینی مرۆڤ بەگشتی، ژن و جوو. | ١٥٦-١٥٣ |
| دووەم: ڕێگری لە بوونی مرۆڤی خراپ و مامەڵەی مرۆڤانە لەگەڵ ژن و جوو. | ١٥٨-١٥٦ |
| سێیەم: ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤ بەگشتی، ژن و جوو. | ١٦١-١٥٩ |
| چوارەم: ئامانج لە ناسینی مرۆڤ. | ١٦٧-١٦١ |

| | |
|---|---|
| ٢٤٤-١٦٨ | بەشی سێیەم: بنەمای هونەریی لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا. |
| ١٨١-١٦٩ | پاری یەکەم: بونیادی زمان لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا. |
| ١٧٣-١٧٢ | یەکەم: فرەزمانی  لە پەندەشعرییەکاندا. |
| ١٧٨-١٧٣ | دووەم: فەرهەنگی وشەی شیعریی لە پەندەشیعرییەکاندا. |
| ١٧٤ | • لەڕووی بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەوە. |
| ١٧٥ | • کێڵگەی گیانلەبەرناسی: |
| ١٧٥ | • کێڵگەی سروشتناسی: |
| ١٧٦ | • کێڵگەی داب و نەریت و کەسێتی مرۆڤ. |
| ١٧٧ | • کێڵگەی واتایی چاکەکاری: |
| ١٨١-١٧٨ | سێیەم: ئاستی پێکهاتەیی زمان لە پەندەشیعرییەکاندا. |
| ١٧٨ | ١- ئەرکی زانیاری و هەوڵدان (ڕستەی هەواڵی): |
| ١٧٩ | ٢- ئەرکی پرسیاری (ڕستەی پرسیاری): |
| ١٧٩ | ٣- ئەرکی فەرماندان و داخوازی (ڕستەی فەرمانکردن و داخوازی و خۆزگە). |
| ١٨٠ | ٤- ئەرکی سەرسوڕمان (ڕستەی سەرسوڕمان). |
| ١٨١ | ٥- ئەرکی بانگکردن (ڕستەی بانگکردن). |
| ١٩٨-١٨٢ | پاری دووەم: بونیادی هونەریی ئاوازەیی لە پەندەشیعرییەکاندا. |
| ١٩٢-١٨٣ | یەکەم: ئاوازی دەرەوە لە پەندەشیعرییەکاندا. |
| ١٨٥-١٨٣ | ١- کێش لە پەندەشیعرییەکاندا. |
| ١٨٥ | ٢- سەروا لە پەندەشیعرییەکاندا. |
| ١٩٠-١٨٧ | • بەپێی شوێنی ئاسۆیی وشەکانی سەروا لە نێوەدێر، یان دێڕی پەندەشیعرییەکاندا. |
| ١٩٢-١٩٠ | • وشەکانی سەروا: (وشەی سەروا، پاش سەروا (ڕەدیف)، پێش سەروا "حاجب"). |
| ٢٠٠-١٩٢ | دووەم: ئاوازی ناوەوە لە پەندەشیعرییەکاندا. |
| ١٩٦ -١٩٣ | ١- دووبارەکردنەوە. |
| ١٩٨ -١٩٦ | ٢- ڕەگەزدۆزی لەپەندەشیعرییەکاندا. |
| ٢٠٠-١٩٩ | ٣- دژیەک لە پەندەشیعرییەکاندا. |

| | |
|---|---|
| پاری سێیەم: بونیادی هونەریی وێنەی کاریکاتێری لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا. | ٢٠٠-٢٣١ |
| یەکەم: وێنەی هونەریی | ٢٠٠ |
| دووەم: وێنەی هونەریی لە پەندەشیعرییدا. | ٢٠١ |
| سێیەم: وێنەی کاریکاتێریی لە پەندەشیعرییەکاندا. | ٢٠٢-٢٠٥ |
| چوارەم: وێنەی کاریکاتێریی لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا. | ٢٠٥ |
| • مرۆڤ و خودا و دەسەڵاتی خودا. | ٢٠٥-٢٠٨ |
| • مرۆڤ و کاراکتەرە پیرۆز و نەفرەتلێکراوەکان لە ئاییندا. | ٢٠٨-٢١٠ |
| • مرۆڤ و گیانلەبەران | ٢١٠-٢١٣ |
| • مرۆڤ و هەڵسوکەوتی مرۆڤ | ٢١٣-٢١٧ |
| • گیانلەبەران لەگەڵ یەکتریدا | ٢١٧-٢٢٢ |
| • مروڤ و بیروباوەڕی پووچی پێشینان | ٢٢٢-٢٢٣ |
| • مرۆڤ و ماددە | ٢٢٤ |
| • مرۆڤ و ژینگە و سروشت | ٢٢٥ |
| • مرۆڤ و دۆخ | ٢٢٧ |
| پاری چوارەم: بونیادی هونەریی گێڕانەوە لە پەندەشیعرییەکاندا. | ٢٣٢-٢٤٤ |
| یەکەم: گێڕانەوە | ٢٣٢-٢٣٥ |
| دووەم: دیالۆگ Dialogue | ٢٣٥-٢٣٧ |
| سێیەم: شەپۆلی هۆش | ٢٣٧ |
| • مۆنۆلۆگ | ٢٣٨ |
| - مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ | ٢٣٨ |
| - مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ | ٢٣٩ |
| • خۆدواندن | ٢٤١ |
| • کێشەکی ئازاد | ٢٤٢ |
| • زیندەخەون | ٢٤٣ |
| ئەنجام | ٢٤٥-٢٤٧ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢٤٨-٢٦١ |
| ملخص | ٢٦٢ |
| Abstract | ٢٦٣ |

**پێشەکی:**

پەندی پێشینان لەناو بەشەکانی دیکەی فۆلکۆردا دیارترین و بڵاوترینیانە، کە هاوکات گرنگترینیشیانە. بەهۆی ناوەڕۆکە پڕ واتاکەی و شێوەی دارشتنییەوە، خێرایە لە گواستنەوە و بڵاوبوونەوە، هەروەها لە ڕووی ناوەڕۆک و شێوەوە پارێزگاریی لە مانەوە و بەردەوامی خۆی دەکات. بۆیە جێگای بایەخی زۆرن بۆ نەوەکانی داهاتوو. بەو پێیەی وەک ڕەچەتەیەکی ئامادەکراون بۆ چارەسەری زۆرێک لە کێشەکان و وەڵامی زۆر پرسیاریان لە ناواخنی خۆیاندا هەڵگرتووە، هەروەها کەرەستەیەکی باشن بۆ توێژەران، پەروەردەکاران و بیرمەندان، کە لە زۆر بواردا دەکرێت سوود لە پەندەکان وەربگیرێت. لەناو پەندی پێشیناندا پەندەشیعرییەکان، کە بەرهەمی پەندبێژی ئەدەبیین، لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە لە پەندە میللییەکان باڵاترن، زیاتر بڵاوترن و خێراتر دەگوازرێنەوە. لەم ڕوانگەیەوە و بەهۆی گرنگیی پەندی پێشینانەوە، ئەم توێژینەوەیەمان بەناونیشانی (بنەمای بیریی و هونەریی لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا) هەڵبژاردووە. توێژینەوەکە لە لایەک دەیەوێت لەسەر پەندی پێشینان بە شێوەیەکی گشتی بوەستێت و لایەنەکانی دەربخات، لە لایەکی تر پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرد، وەک نموونەی پراکتیکی تێزەکە بەکاربهێنێت. بەو پێیەی کارەکەی پیرەمێرد یەکێکە لە دەوڵەمەندترین کاری کۆکردنەوە و دارشتنەوە و نوسینی پەندەکان، کە تا ئێستا لە بەردەستدا بێت.

**گرفتی توێژنەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، ئایا پەندی پێشینان، بەدیاریکراوی پەندەشیعرییەکان دەکرێت وەک چەشنێکی ئەدەبی چەمک و تایبەتمەندیی و گرنگییەکانی، هەروەها لێکچوون و جیاوازییەکانی لەگەڵ چەشنەئەدەبییەکانی تر دیاریبکرێت؟ ئایا پەندی پێشینان لە ڕووی بنەمای بیرییەوە هەڵگری چ جۆرە بیرێکن؟ پەندەکان خەڵکی لە چی ئاگاداردەکەنەوە؟ ڕێگریی لێدەکەن، چۆن ڕێنمایی دەکەن و ئامانجیان چییە؟ ئایا دەکرێت لە ڕووی شێوە و بنەمای هونەرییەوە وەک: بونیادی (زمان، ئاواز، وێنە و گێڕانەوەوە) تایبەتمەندییە هونەرییەکانی پەندەکان دیاریبکرێن؟

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە جیا لەوەی دەستنیشانی سیما تایبەتییەکانی پەندەکان دەکات وەک چەشنێکی ئەدەبی. ئەو بنەما بیرییانەش دیاریی دەکات، کە لە ناوەڕۆکی پەندەکاندا هەیە. لە بارودۆخە هاوشێوەکاندا دەهێنرێتەوە بەمەبەستی ڕێگری لە دووبارەکردنەوەیان، هەروەها لە ڕووی شێوەوە دەستنیشانی بنەما هونەرییەکانی بونیادی پەندە شیعرییەکان دەکات.

**سنوری توێژینەوەکە:** سنوری توێژینەوەکەمان تەنها کارکردن بووە لە پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرددا، کە لە ڕۆژنامەی ژیان و ژیندا بەزنجیرە بڵاویکردوونەتەوە و دواتر لە چەند چاپ و بەرگی جیاوازدا چاپکراون، وەک کەرەستەی سەرەکی توێژینەوەکە بەکارهاتوون.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکەمان بە ڕێبازی شیکاری وەسفی ئەنجامداوە.

**پلانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە، لە پێشەکی و سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە:
لە بەشی یەکەمدا: بەناونیشانی پەندی پێشینان و پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرد لە چوار پاردا باسی چەمکی پەندی پێشینان، سەرهەڵدان و مێژووی کۆکردنەوەی، گرنگی، تایبەتمەندیی و ئەرکی، هەروەها بەراوردی پەندی پێشینان لەگەڵ قسەی نەستەق و ئیدیۆم، دواتر باسی (پەندی میللی و پەندی شیعریی)مان کردووە و لەم ڕووەوە لەسەر پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرد وەستاوین.
لە بەشی دووەمدا: کارمان لەسەر بنەمای بیریی پەندە شیعرییەکان لە حەوت پاردا کردووە. هەریەک لە بنەمای بیریی (پەروەردە و خوێندن، بەها ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵایەتی، سیاسی و نیشتیمانی، ئایینی، فەلسەفی و مرۆڤ)مان لەپەندەکاندا باسکردووە و نموونەی بەرچاومان هێناوەتەوە و شیکردۆتەوە. لە سەرجەمیاندا مرۆڤ وەک چەقی ئامانجی پەندەکانە. لەزۆربەیاندا مەبەست لێیان، سڕینەوەی هەڵەکان و ڕاستکردنەوەیانە.
لە بەشی سێیەمدا: کارمان لەسەر بنەما هونەرییەکانی بونیادی پەندەکان لە چوار پارداکردووە، کە هەریەک لە بونیادی (زمان، ئاواز، وێنەی کاریکاتێری و هونەری گێڕانەوە)مان خستۆتەڕوو، هەوڵدراوە شێوەی بونیادی پەندی شیعریی بەڕوون دەربخرێت و جیای بکرێتەوە.
لە کۆتاییشدا ئەو ئەنجامانەی بە دەستهاتوون دانراون، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی، هەروەها ڕیزکردنی سەرچاوە بەکارهاتووەکان.

# بەشی یەکەم

## پەندی پێشینان و پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرد

پاری یەکەم: پەندی پێشینان، چەمک و سەرهەڵدان و مێژووی کۆکردنەوە

پاری دووەم:  پەندی پێشینان، گرنگیی و تایبەتمەندیی، پۆلێن و ئەرکی

پاری سێیەم: پەندی پێشینان پەیوەندی لەگەڵ زانستەکانی تر و بەراوردی لەگەڵ هاوچەشنە ئەدەبییەکانی دیکەدا.

پاری چوارەم: پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرد

# بەشی یەکەم

## پەندی پێشینان و پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرد

### پاری یەکەم: پەندی پێشینان، چەمک و سەرهەڵدان و مێژووی کۆکردنەوەی:

### یەکەم: ئەدەبی فۆلکۆر:

ئەدەبی فۆلکلۆری یادگەیەکی زیندوو و جوڵاوی گەلە، چونکە ڕۆشنبیری جیاواز و فرەچەشن تێیدا بەریەکتری دەکەون. نەوە دوای نەوە دەگوازرێتەوە، لە یادەوەری گشتیدا تۆماردەبن. ئەوەش هۆکاری مانەوە و زیندوویەتییەتی لە نێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵدا، کە خۆی لە خۆیدا ئەم بەرهەمە زارەکییە ڕەنگدانەوەی فەلسەفە، کەتواری کۆمەڵ و ڕۆشنبیری ڕاستەقینەیانە، بە ڕەچاوکردنی ئاستی کۆمەڵایەتی، ئابوری، ئایینی، بیر و باوەڕی تایبەتی، داب و نەریت و ڕەوشتی کۆمەڵایەتییان. ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەو پێناسەیەدا یەکدەگرێتەوە، کە بۆ ئەدەبیات دەکرێت. بەوەی: "گوزارشتە لە تەواوی سامانی کەڵەکەبووی لایەنی بیریی و هونەریی نەتەوە و گەلانی دونیا، کە مرۆڤ تۆماریکردوون، گواستونییەوە، ئاگاداریان بووە، کە لە ڕاستیدا شیاوی ئەو هەوڵ و بایەخ پێدانانە بوون. ئەم سامانە هونەریی و بیرییانە، کە لە لایەن پێشینانەوە بەرهەمهاتوون نەوەی دواتر زیادەی دەخاتە سەر، دواجار هەموو مرۆڤایەتی چێژی لێوەردەگرێت و بەکاریدەهێنێت" (زرین کوب: ١٣٨٦، ٨). بۆیە لە سادەترین پێناسەی ئەدەبی فۆلکلۆریدا عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ نووسیویەتی "ئەم بەرهەمە خوڵقێنەرانەیەیە، کە دەماودەم و پشتاو پشت دەمێنێتەوە، هەر لەبەرئەوەیە، کە ئەدەبی فۆلکلۆر بە بەرهەمی تاقە کەسێک دانانرێت و دەدرێتە پاڵ هەموو میللەت، بە بەرهەمی خوڵقێنەرانەی گەل دەناسرێت و ڕووخساری ئاشکرای بریتییە لە سادەیی، چ لە ڕووی زمان و چ لە ڕووی دەربڕینەوە، شەقڵی تایبەتی ئەو گەلە، یان ئەو زەمان و دەورەی پێوەیە نەخوازە لە وێنەو بیردا" (ڕەسوڵ: ١٩٧٠، ٨)، بەهۆی نزیکی شێوەی ژیانی گەلانی دونیا لە سەردەم و بارودۆخێکی هاوشێوەدا، دەبینین زۆرجار بەرهەمە فۆلکۆرییەکان ناوەڕۆک و سیمای هاوبەشیان تێدایە و ئەوەندەی خاڵی نزیکی و وەکیەکییان تێدا دەدۆزینەوە، کەمتر خاڵی جیاوازی و لێکدوورییان لێپەیدادەکرێت. بۆیە لە کاتێکدا "لە ژیانی نەتەوەکانی ئەم دونیایەدا چەندان بیروباوەڕ و ئەفسانە و داستانی جۆربەجۆر هەن، لە لێکدانەوە و شیتەڵکردنی بە دیقەتدا ڕەگەز و توخمی هاوبەش لە کەلتوری زۆربەی هەرە زۆری نەتەوەکان دەدۆزیتەوە، جا ئەو نەتەوەیە لە هەر بارودۆخێکی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا ژیابێت و بژێت، یا هەڵگری هەر جۆرە ئایدۆلۆژیەتێک و بونیادێکی چینایەتی و مێژوویی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بێت" (دێهاتی: ١٩٩١، ٤٧).

هیچ گەلێک نییە لە دنیادا بەرهەمی فۆلکۆری نەبێت، بەڵام دەتوانین بڵێین نەتەوەی کورد لەم ڕووەوە یەکێکە لە نەتەوە دەوڵەمەندەکان، کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە شێوەی ژیان، کاردانەوەی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵ بۆ ئەم چەشنە ئەدەبە، بوونی فرەچەشنی لە شێوەی ئاخاوتن، شێوەزارەکانی زمانی کوردی، درەنگ پەیدابوونی چاپ و چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری، هەڵبژاردنی ژیانی دوورە دەستی لە شار، گوندنشینی و کۆچەری، ئەنجامدانی کاری دەستی و هەرەوەزی لە ژینگە کشتوکاڵییەکاندا، هۆکاری گەشە و زیادبوونی ئەم چەشنە ئەدەبەن و لە ئێستادا بوونە گەنجینەیەکی بەنرخ بۆمان. دەبێت ئەوە بزانین بەرهەمهێنانی ئەم گەنجینە پڕبایەخە دەگەڕێتەوە بۆ بیری خەڵکی ڕەنجکێش و ماندووی دەستی ڕۆژگار، لە سەردەم و قۆناغی نوێی ژیان بە شێوە و ناوەڕۆکی نوێ بەردەوام دەبێت، "کە خەڵکی سادە و هەڕەمەکی هەمیشە لە فۆلکلۆر خولْقاندندان و زەحمەتە بە ئاسانی وازبێنن، تا نەکەونە سەر زەمانێکی تەکنەلۆژی. ئەوکاتەش خەڵکی سەردەمی زانست، سروشتانە و شاعیرانەی ژیان و باری تەکنەلۆژی لێکگرێدەدەن و فۆلکلۆری تازەتریان بەدەمەوە خۆشە" (یوسف: ١٩٩١، ٥٥). بەم شێوە داهێنانی بەرهەمی فۆلکۆری بەردەوام دەبێت و لەناو ئەم بەرهەمەشدا گرنگترینیان (پەندی پێشینان)ە.

ئەم پەندانە، کە بەشێکن لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری و لەژێر سایەیدا کۆدەبنەوە. داهێنراوی گەلن و هەندێکیان بە زمانی سادەی جوتیار و وەرزێر گوتراون. بەشێکی تریان زمانێکی باڵا و شێوەی شیعرییان هەیە. بەشێوەیەکی گشتی کێڵگەیەکی بە بەها و بایەخدارن لە بواری شارستانی و کۆمەڵایەتی گەلان.

فۆلکلۆر، کە "ئاوێنەی بێ لەکەی ڕەسەنایەتی ژیان و جۆر و باری مێژوویی نەتەوەی تێدا دیارە، بەتایبەت (پەندی پێشینان)" (کاکەیی: ٢٠٠٨، ٣)، بۆیە بە گرنگترین و پڕ بایەخترین بەشی فۆلکلۆر دادەنرێت.

پەندەکان ئاوێنە و ڕەنگدانەوەی ڕەفتاری مرۆڤن لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە شادی و ماتەم، لە دواکەوتن و پێشکەوتندا، گەلێک پێناسە، تایبەتمەندی، گرنگی و ئەرکیان هەیە، لێرە بەدواوە ئێمە لە بارەیانەوە دەدوێین.

### دووەم: پەندی پێشینان

- **واتای فەرهەنگی پەندی پێشینان:**

پەندی پێشینان وەک ئەوەی لە فەرهەنگە جیاوازەکاندا دەبینرێت، بەمشێوەیە هاتووە:

پەند: "ئامۆژگاری، دەرسی تەمێ کردن، سوکایەتی" (ع. هەژار: ١٣٨٤ هـ ١٢٥)

پەند پێدان: " فریودان و گاڵتە پێکردن" (ع. هەژار: ١٣٨٤ هـ ١٢٥)

پەند: " سەربۆر، شیرەت، ئامۆژگاری" هەروەها پەنددادان: " شیرەتکردن" (جگەرسۆز: ٢٠١٢، ٦٣)

پەند: " ئامۆژگاری بەڵام پەند پێدان: بریتییە لە تەڕنکردن بەیەکێک" (خاڵ: ٢٠١٧، ١٠١)
پەند: " ئامۆژگاریی، ئامۆژیاری، مۆچ، مۆچیاری" (حسن: ٢٠١٦، ٢٩٦)،
بەڵام پەند پێدان: " پەنگ، تەڕن، فێڵ، کەڵەک، کەتن، ئەتک، هەتک، بەهەڵەدابردن، خەجاڵەتی بەسەرهێنان، لە ڕێگای ڕاست هێنانەدەر، مەخسەرە بەسەرهێنان، تەڕن پێکردن، تەڕنکردن بەکەسێ، داوبۆنانەوە، کەتن پێکردن، بەپەنگ کردن، حەیابردن، سووکی بەسەرهێنان، ڕیسواکردن، ئامۆژگاری کردن، مۆچیاری کردن" (حسن: ٢٠١٦، ٢٩٦).

**پەند، یان بە پەندبوون**، کە بە (پەنگ و بە پەنگ بوون)یش دێت، زیاتر لە کوردەواریدا بۆ دۆخ و چیرۆکێک بەکاردێت، کە بەسەر کەسێکدا هاتبێت. کەسەکە دووچاری دۆخێکی شەرمەزاری و شکست بووبێتەوە، کە شیاوی گێڕانەوە و باسکردن بێت، وەک وانەیەک بۆ خەڵکانی تر بە مەبەستی دووبارەنەکردنەوەی، واتە هەموو ڕووداو و دۆخێک شیاوی بوونە پەند نین. بۆیە کە بەکەسێک دەگوترێت بووە بەپەند، واتە دۆخێکی خراپی بەسەرهاتووە، کەشیاوی ئەوەیە تۆماربکرێت و بگێڕدرێتەوە، تا کەسی تر ئەو کارە دووبارە نەکاتەوە.

لە زمانی عەرەبیدا جگە لە (مثل) لە بەرانبەر پەنددا ئەم وشانە دێن: الشبه، النظیر، الحجة، الصفة،...الخ. (عابی: ٢٠١٦، ٦)

هەروەها دەگوترێت: کە "ئەم دەستەواژەیە (مثل) لە عیبریدا (مشل)پێدەگوترێت، واتای لە (مثل)ی عەرەبی فراوانترە، کە جیا لەوە وشەکە بۆ چیرۆکی واتادار و بۆ ئەفسانە بەکاردێت" (أمین: ١٩٦٩، ٦٠)

لە فەرهەنگە (کوردی- عەرەبییەکان)دا لە بەرانبەر وشەی (پەند)ی کوردیدا ئەم وشانە هاتوون:
پەند: " وعظ، نصیحة، تلقین، حقارة، عبرة. و بە پەند بوون: انتهاک، افتضاخ. بەپەندبوون افضاح" (موکریانی ٢٠١٢، ١٣٠).

هەروەها بەم جۆرەش هاتووە: "پەند: نصیحة، مشورة، عظة، قول مأثور، حکمة، مثل. پەند دادان: اعطاء النصیحة، ارشاد، توجیة. پەندی بەرییًنیان( پێشینیان): الاقوال المأثورة، حکم الاقدمین." (نظام الدین: ١٩٩٠، ١٠٣)

لە فەرهەنگی شیریندا، کە فەرهەنگێکی عەرەبی کوردییە نزیکی لەگەڵ ئەم شیکردنەوانەی پێشوودا هەیە و بەمشێوەیە دەستەواژە عەرەبییەکان کراون بە کوردی: " قول ممثل بمضربة: پەند، وتەی بەنرخ، وعظ: ئامۆژگاریکردن، دەرس دادان، پەند دادان." (نضام-الدین: ٢٠٠٧، ٦٦٧، ١٥٩).

لە فەرهەنگی فارسی کوردیدا بەمشێوەیە هاتووە: "مثل: امثال، امثله: پەند، دەستەواژە، مەتەڵۆک، قسەی نەستەق، وتەیەک، کە بیروڕایەک دەردەبڕێت." (دانشگاەکردستان: ١٣٩٢هـ ٢١٢٠)

مثل: " پەندی پێشینان، چیرۆکی پەند لێوەرگرتن، چیرۆکی نموونەیی، داستانێکە کەوتبێتە سەر زار و زمانان و خەڵک بە نموونەی بێنێتەوە. چیرۆکی باو لەناو خەڵکدا، کە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی بابەت

و مەبەستی خۆی دەگێڕدرێتەوە، عبرت، نصیحت، نموونە، بۆ نموونە، بەڵام مثل شدن: بوون بە پەند، بوون بە نموونە، لە بابەتێک ناوبانگ دەرکردن." (ئیبراهیمی: ٢٠١٢، ١٥٧٥).

هەروەها لە (فەرهەنگی اصطلاحات ادبی) فارسیدا " مثل سائر، ضرب المثل و لە بەرانبەریدا لە زمانی ئینگلیزی (proverb)" (سیماداد: ١٣٩٢ش، ٤٢٦) بەکارهاتووە.

لەزمانی ئەڵمانیدا پەند "(Sprichwont)ی پێدەوترێت، جگە لەوەی بەزاراوەی دیکەی وەک (Redensarten)یش دێت" ( :SCHREGLE١٩٧٩، ١١٢٠)، هەروەها لە فەرهەنگی (Duden)دا هاتووە: "ڕستەیەکی کورت و لەبیرنەکراوە، کە حیکمەتی پراگماتیکی لەخۆدەگرێت" ( .Duden (De/Rechtsch-reibung

هەرچی بەشی دووەمی زاراوەکەیە (پێشینان) بەواتای: " لەمەو پێش، باو و باپیری کۆنی ڕابردووی خۆمان" (خاڵ: ٢٠١٧، ١٠٧)، "بەروەخت" (جگەرسۆز: ٢٠١٢، ٧٠)، " زۆر لەبەرێ، لەمێژ، ڕابردووانی زوو، لە مێژینەکان" (ع. هەژار: ١٣٨٤ هـ ١٣٤)، بەکاردێت.

پەندی پێشینان: پێکەوە گوتە و دەربڕینێکی پێشوو، کە مێژوویەکی کەم، یان زۆری بەسەردا تێپەڕیبێت، مابێتەوە بۆ نەوەی دوای خۆی بەهۆی گرنگی و کاریگەرییەکەیەوە.

- **پەندی پێشینان، چەمک و زاراوە و پێناسە:**

هەموو ئەوانەی، کاریان لە پەندی پێشیناندا کردووە، یان پەندی پێشینانیان کۆکردۆتەوە لە دیدی خۆیانەوە پێناسەیان کردووە، یان چەند پێناسەیەکی کەسانی شارەزا و کارکردووی ئەو بوارەیان هێناوە، کە لێرەدا بەشێکیان دەخرێنەڕوو:

شێخ محەمەدی خاڵ لە سەرەتای کتێبی (پەندی پێشینان)ەکەیدا چەند پێناسەیەکی کردووە، بەمشێوەیە: پەندی پێشینان: "وتارێکی کورتی، ڕێک و پێکی، جوانی، بەتامی، بەتەوژمی، کاریگەرە، کە لە دڵ و دەروونێکی بیداری، ئاوەدانی، ئاگاداری، پێشینانەوە هاتبێتە دەرەوە، لە دوای بەراورد و تاقیکردنەوەیەکی دوور و درێژ" (خاڵ، ٢٠٠٧، ٨).

پەندی پێشینان: "بیرێکی جوان و پوڕتەوێکی دەروونە، هێندێ جار هەڵ ئەقوولێ، لە دڵێکی ئاوەدانەوە، بۆ سەردەم و زبانێکی ڕەوان لەکاتی دووان، یا دوای ڕووداوێک، کە ڕوویدات، لەپاشان زۆر بە خێرایی دەما و دەم ئەکەوێ و بڵاودەبێتەوە، پشتاوپشت ئەگێڕێتەوە، لەبەر جوانی و ڕێکوپێکی خۆی تا نموونەی ئەو شتەی، کە پەندەکەی تیا وتراوە ڕوودەداتەوە، ئەو حەلە خاوەن مەبەست پەندەکە ئەخوێنێتەوە، بۆ بەهێزکردنەوەی قسەکەی، یا ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەی" (خاڵ، ٢٠٠٧، ٨)

پەندی پێشینان "بەرزی بیرو باوەڕی گەل نیشان ئەدات لەناو گەلانی تردا، وە ئەندازەی تێگەیشتن و پێگەیشتن بەرچاو ئەخات، بە تەواوی ئاشکراو نمایانی ئەکات، کە ئەو گەلە ئەندامێکی بە هۆش و بیرە

لە جەستەی ئادەمیدا، یا شایستەی ژیانە، یاخود ئەندامێکی بێ هۆش و گۆش و شایستەی نەمانە." (خاڵ: ٢٠١٧، ٩)

هەروەها قادر فتاحی قاضی بەمشێوەیە دەڵێت:

پەندی پێشینان: " دەربڕینێکی کورت و پڕ واتایە، کە ناوەڕۆکێکی دانایانەی هەیە، بەهۆی ڕەوانی لە دەربڕین و ڕوونی لە واتادا و ناسکی لە چنیندا، بە ئاسانی بڵاو دەبێتەوە و هەمووان بەبێ گۆڕانکاری یان بە گۆڕانێکی کەمەوە بەکاری دەهێنن" (قاضي: ١٣٦٤هـ ١)، یان پەند: " گوزارشتێکە کورت و پوخت و پڕواتایە، کە لەسەر زمانی تاکێکی بێدار و بەئاگای ناو کۆمەڵەوە دەربڕدراوە و دواتر سینە بە سینە و دەم بە دەم بڵاو بۆتەوە" (قاضي: ١٣٦٤هـ ٢).

عەلی شارەزووری دەڵێت:

پەندی پێشینان: " کۆمەڵە وتار و ئامۆژگارییەکی کاریگەر و ڕێک و پێک و پڕشنگدار و بەنرخە، لە باو و باپیران و داپیرانمانەوە، کە پێش چەندەها ساڵ لەمەوپێش وتوویانە و بە کەلەپوور بۆمان جێماوە و ئەمێنێ، وەک بەڵگە و ڕێ نیشاندەرێک لە ژیانی ڕۆژانە و کردار و وتارماندا بەکاریان ئەهێنین و کەڵکیان لێوەردەگرین." (شارەزووری: ٢٠١٠، ٩)

پەندی پێشینان: "وتەیەکی کورت یان نیمچە درێژە، کە بە هۆیەکەوە وترابێ و دەست نیشانکەر و ڕێنیشاندەربێ، بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، کۆمەڵ خاوەنیەتی و لە ژیانی کۆمەڵ ئەدوێ" (شارەزووری: ٢٠١٠، ٩)

پەندی پێشینان: " وەک دەستور و باوێکن، کە ڕابردوومان لەسەری ڕۆیشتوون و ئەبێ ئێمەش لەبەر تین و ڕووناکییان خۆمان گەرم بکەینەوە و دانیشین و بە فێنکی و سازگارییان بحەسێینەوە و بە زمان و ئاوازییان بدوێین و گۆرانی بڵێین." (شارەزووری: ٢٠١٠، ٩).

بۆچوون و پوختەی پێناسەی ئەحمەدی پارسا لە مەڕ پەندی پێشینانەوە، بەمجۆرە هاتووە:

پەندی پێشینان: " دەربڕی فەلسەفەی ژیان و کاردانەوەی تاقیکاری جیهان و بەرهەمی ڕەوانبێژی ڕەوانبێژانە، کەلەپوری بە نرخ و هەمیشەیی فەرهەنگی هەر کۆمەڵ و جەماوەرێکە، ڕستەیەکی کورتی تەشبیهی و واتایەکی حەکیمانەیە، کە بە هۆی ڕەوانی وتە و ڕوونی مانا و تەرچکی پەیوەندەوە، لەناو خەڵکیدا بەناوبانگ بوون و بەبێ ئاڵوگۆڕ، یا بەهەندی ئاڵوگۆڕەوە لە وتو وێژەکاندا بەکار دەبرێن، ڕستەیەکی پاراو و ڕێکوپێک و ئاهەنگدارە، کە بەشێوەی خوازەیەکی تەمسیلی بۆ دەربڕینی بەڵگە، یا بەکاربردنی ئامۆژگاری، هەندێ جار، بێ ئاڵوگۆڕ پەرەی سەندووە" (بەهرامی: ١٣٩٤هـ ٥)

پەندی پێشینان: " وشەی پەند بە مانای ئامۆژگاری و ڕێنوێنی کردنە بەرەو چاکە و سەرکەوتن. بەڵام لێرەدا بە ڕستەیەکی کورت یا درێژ دەگوترێ، کە بۆ کاریگەری زیاتر، بە شیوەیەکی جوان و پڕ مانا داڕێژرابێ وە لە کۆنەوە مابێتەوە و لەنێو خەڵکیدا بەکار هاتبێ." (بەهرامی: ١٣٩٤هـ ٤)

مەلاغەفوری دەباغی (حافزی مەهابادی)، کە کارێکی گەورەی کردووە لە سەر کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە پەندی پێشینان بە شێوەی دەقی شیعری دایڕشتوونەتەوە. هەر بە شیعر بەمشێوەیە لەبارەی پەندی پێشینان دوواوە و دەڵێت:

"پەندی پێشینان یادگارییە
میراتی کۆنی کوردەوارییە
پەندی پێشینان بەڵگەی خەباتە
دیاردەی مێژوویی گەل و وڵاتە
پەندی پێشینان گەلێ پیرۆزە
مایەی شانازی بۆ گەل و هۆزە" (مەهابادی: ١٣٩٤هـ ١٤)

نوسەری فارس بەهمەنیار دەڵێت: "پەند دەربڕینێکی کورت و گشتگیرە لەسەر بنەمای لێکچواندن یان ناوەڕۆکێکی دانایی بەهۆی ئاسانی دەربڕین، ڕوونی لەواتادا و سادەیی لە پێکهاتندا لەناو خەڵکیدا بڵاودەبێتەوە، ئەوانیش بێ گۆڕانکاری یان بە گۆڕانکارییەوە لە گفتوگۆکانی خۆیاندا بەکاری دەهێنن" (بهمنیار: ١٣٦٩ ش، ٦)

لە فەرەنسیدا لەبارەی پەند (Proverbe)هاتووە، "بریتییە لە ڕستەیەکی خەیاڵی باو و بڵاو، گوزارشت لە ڕاستی و دروستی ئەزموونێک، ئامۆژگاری و داناییەک، دەکات. لەلایەن قسەکەرێکەوە دەربڕدراوە،... دانایی گەلن و کورت و گوازراوەن لەسەر زمان یان ڕستەیەکن زۆربەی کات کورت و پوختن، گوزراشت لە ڕووداوێکی واتاداری تایبەت دەکەن، بەڵام لای گوێگر دەمێننەوە" (الحمزاوي: ١٩٩٧، ٧)
هەروەها لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا بەچەند شێویەک پێناسەکراوە، وەک:
پەندەکان "زنجیرەیەکی درێژن لە کۆبوونەوە و کەڵەکەبوونی شارەزایی، کورتکراونەتەوە لە چەند وشەیەکی کەمدا، تایبەت نین بە گەلێکی دیاریکراو لە هەندێک کاتدا هاوبەشن لە نێوان ڕۆشنبیری گەلاندا، بە ڕەچاوکردنی جیاوازیی ژینگەیی و ئەزموون و دووری نێوانیان. هەر لەبەر ئەوەشە، کە هەڵگری پەیام و واتایەکی مرۆڤایەتی گشتگیرن، چونکە بەرهەمی هاوبەشی گەلانن" (بدران: ٢٠١٧، ١٠٢٦)
پەند "جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەدەب، جیادەکرێتەوە بە کورتی لە دەربڕیندا، ڕوونی لەواتا، جوانی لێکچواندن، تایبەت نییە بەکەسانێکی دیاریکراو، بەرهەمی هەموو چینەکانی گەلە" (امین: ١٩٥٣، ٦١)
پەند "دەربڕینێکە بەرهەمی کۆمەڵێک ئەزموون و شارەزاییە، کە بە وشەی کورت واتاکەی دەگەیەنرێت بە مەبەستی وێناکردنی ڕووداوێک، کە مرۆڤ سوودی لێوەربگرێت، جۆرێکە لە لێکچواندن و بەراورد و هاوسەنگی بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ڕەوشت و خۆپاراستن لە هەموو شتێک، کە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ سوک و ناتەواو و دواکەوتوو دەردەبخات، بۆیە پەندەکان لە فۆڕمەکانی تری ئەدەبی

وەک شیعر و ڕۆمان و چیرۆک و فەرمووده باوەکانی تردا دێن، بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و گەیاندنی واتایان" (أمزيان: ٢٠١٩، ٢٣)

زۆرجار بەشێک لە عەرەبەکان زیادەڕەوی دەکەن لەوەدا، کە پەند تەنیا بە موڵکی نەتەوەی عەرەب دادەنێن و دەڵێن:

پەند "شێوەیەکی ئاخاوتنە، کرۆکی دەربڕین و ڕازاندنەوەی واتایە، کە عەرەب هەڵیبژاردووە، گەلانی تری غەیری عەرەب پێشکەشی دەکەن و دەیڵێنەوە، بەگشتی بە زمانێک زیاتر دەوترێنەوە، لە فۆڕمی شیعرییدا زیاتر دەمێننەوە، لە وتار کاریگەرترە" (أمزيان: ٢٠١٩، ٢٢).

پەندی پێشینان "بەشێکی جیانەکراوەیە لە ئەدەبی فۆلکۆری، کە گوازراوەتەوە و لەبەرکراوە لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵەوە نەوە دوای نەوە لە ڕێگەی گێرانەوەی زارەکییەوە، پەندی پێشینان لە ڕیزبەندی پێشەوەی بابەتە زارەکییەکانە. بالاترین جۆری ئەدەبی فۆلکلۆرییە لە وێنەگرتنی ژیانی کۆمەلایەتی، پەیوەندییەکان، ڕووداوەکان و شێوەی مامەڵەکردنی نێوان خەڵکی" (بلبالي و ذيبة: ٢٠١٦، ٦)

لە کۆی ئەم پێناسانەوە دەگەینە ئەوەی وەک تان و پۆیەک لە شێوە و ناوەڕۆک و سەرچاوە و ئامانجی پەندەکانەوە، ئێمەش بەم جۆرە پێناسەی پەندی پێشینان بکەین و بڵێین:

**پەندی پێشینان:** پوختە و کورتکراوەی ئەزموون و چیرۆکێکی ڕابردووە، کە بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤ تێیدا دووچاری شکست و دۆخێکی ناهەمواربۆتەوە و بووە بە پەند تیایدا، بە جۆرێک، کە شیاوی گێڕانەوەیە. بە شێوەیەکی کورت و پوخت و ڕێک و ڕەوان، زۆریان لە چوارچێوەی کێش و سەرواو بونیادی ئاوازەیی ناوەوە داڕێژراون. ناوەڕۆکێکی دانایانەی فراوان دەگەیەنن، کە ئامانجیان ئاگادارکردنەوە و ڕێگرییە لە دووبارەکردنەوەی هەڵەکان و ئاڕاستەکردنە بۆ هەڵبژاردنی ڕێگای دروست، واتە مەبەستیان ئامادەکردنی مرۆڤە بۆ ژیان.

هەروەها دەکرێت بڵێین: پەندی پێشینان بریتییە لە شارەزایی و ئەزموونی کەڵەکەبووی پێش وەخت. لە چیرۆک و ئەزموونەکانی ڕابردوو، کە مرۆڤ تیایاندا بووە بەپەند هەڵگوێزراوە. لە لایەن پەندبێژەوە لە شێوەی دەربڕینی کورت و پوخت و پڕ واتادا، گوشراون و دەربڕدراون. بەهۆی کاریگەریی ناوەڕۆکە دەوڵەمەندەکەیان لەلایەک و بونیادەکەیان لە ڕووی زمان و وێنە و ئاوازەوە، پارێزبەندی و مانەوەیان مسۆگەرکردووە. باو و بلاون لەسەر زاران، ئاسان و خێران لە گواستنەوە، لە کاتی دووبارەبوونەوەی بارودۆخە هاوشێوەکاندا دەبنە چەتری پاراستنی مرۆڤ لە ئەگەری دووچاربوونی بەهەر گرفت و کێشە و شکست و دۆخێکی نەخوازراو، لە بەرانبەریشدا بۆ گەیشتن بەڕێگای دروست ئاڕاستەی دەکەن.

دەشکرێت بڵێین: پەندەکان چۆن خۆیان کورتکراوەی چیرۆکی بەپەندبوونی مرۆڤن. لە هەمانکاتدا تەواوی چیرۆکەکەیان لە ناواخنی خۆیاندا هەڵگرتووە، لە ڕووی واتاوە و توانای کشانییان هەیە بۆ

بوونەوە بە چیرۆک. شێوەیەکی ژیان دەگێڕنەوە، ڕەگەزەکانی چیرۆکیان لە خۆیاندا پاراستووە وەک: کەس، کات، ڕووداو و شوێن. لەڕووی تەکنیکیشەوە گێڕانەوە، دیالۆگ، مەنەلۆگ، ...یان تێدا بەکارهاتووە. زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکەکان ڕاستەقینەن، بەڵام دەکرێت تیایاندا هەبێت چیرۆکی خەیاڵی و داهێنراوی ئەندێشەی پەندبێژی ئەدەبی بن بە تایبەتی پەندەشیعرییەکان.

**سێیەم: پەندبێژ**

پەندەکان سەرەتا لە لایەن کەسێکەوە، کە پێی دەگوترێت: پەندبێژ دەردەبڕدرێن. ئەم کەسە لە خەڵکی ئاسایی هۆشیارتر و بەئاگاترە. خاوەنی لێهاتوویی و کارامەیی زیاترە لە دەربڕین و گوزارشتکردن لە کورتکردنەوەی ئەزموونەکان، بۆیە سەرەتا دایان دەڕێژێت، دواتر لە ڕێی گواستنەوە و دەستا و دەستکردنەوە. ئەم پەندە دەربڕدراوانە دەکەونە سەر زاران و هەموو کۆمەڵ بەشداریی دەکەن لە داڕشتنەوەیان لە ڕووی بیریی و هونەرییەوە، ئینجا مۆرکی تەواوی پەندی پێشینان و پەسەندی گەل وەردەرگرن و دەچەسپێن.

**پەندبێژ**: کەسێکی ژیر و هۆشیار و بەئاگای ناو کۆمەڵە، کە یەکەم جار پەندەکان لە فۆڕمێکدا دادەڕێژێت و چیرۆک و ئەزموونەکانی بە پەندبوونی مرۆڤی تێدا کورتدەکاتەوە. جا ئەم کورتکردنەوە و داڕشتنە لە فۆڕمێکی پەخشانی، یان شیعریدا بێت، واتە پەندبێژ خاوەنی یەکەم دەربڕینی پەندەکانە.

بەشێوەیەکی گشتی دووجۆر پەندبێژمان هەیە، کە سەرەتا پەندەکان دەهۆننەوە و دایاندەڕێژن، ئەوانیش:

**پەندبێژی میللی:** ئەو پەندبێژەیە، کە پوختەی ئەزموون و چیرۆکەکان لە فۆڕمێکی پەخشان ئامێزدا دادەڕێژێت، وەک پەندی پێشینان دەیانهۆنێتەوە، داڕشتنەکەی لەڕووی بیر و شێوەوە سادە و ساکارە. سەلیقە و کارامەیی ناگات بەپەندبێژی ئەدەبی. دواتر پەندە داڕێژراوەکە دەکەوێتە سەر زاران و پلەی کۆتایی بوونە پەند وەردەگرێت، بەمجۆرە پەندەیان دەگوترێت پەندی میللی.

نموونە: بەقەد بەڕەی خۆت پێ ڕابکێشە

**پەندبێژی ئەدەبی:** ئەو پەند بێژەیە، کە ڕاددەی هۆشیاریی و سەلیقە و کارامەیی و لێهاتوویی لە پەندبێژی میللی زیاترە و پوختەی ئەزموون و چیرۆکەکان، لە فۆڕمێکی شیعریی و لە چوارچێوەی کێش، سەروا، وشەکاری و ڕەوانبێژیدا دادەڕێژێت. بە شێوەیەکی گشتی داڕشتنەکەی لە ڕووی بیر و شێوەوە لە پەندی میللی باڵاترە. دواتر پەندە داڕێژراوەکە دەکەوێتەوە سەرزاران، دوای بەشداریکردنی خەڵکی لە داڕشتنەوەیان لە ڕووی بیریی و هونەرییەوە، فۆڕمە شیعرییەکەی لەدەست نادات و پلەی کۆتایی بوونە پەند وەردەگرێت، بەمجۆرە پەندەیان دەوترێت پەندی شیعریی.

نموونە: ئەوی ئەیەوێ سەری نە یێشێ

بەقەد بەڕەی خۆی پێ ڕادەکێشێ

**چوارەم: سەرچاوە و چۆنییەتی هاتنەکایەی پەندی پێشینان:**

وەک هەر چەشنێکی تری ئەدەبی زارەکی بەر ڕا و بۆچوونی جیاواز دەکەوین سەبارەت بەسەرەتای پەیدابوونی پەندی پێشنان. (بهمنیار) لە بارەی سەرەتای پەیدابوونی پەندەوە دەڵێت: "پەند یەکێکە لە کۆنترین بابەتی ئەدەبیاتی داهێنراوی مرۆڤ، پێش ئەوەی شیعر بڵێت و بەر لەوەی نووسین دابهێنێت، پەندی داهێناوە و لە قسەکردندا بەکاریهێناوە. هەر بۆیە سەرەتای پەیدابوونی پەند دیاری ناکرێت" (بهمنیار: ١٣٦٩ ش، ١٥). ئەگەرچی لە بارەی سەرچاوەی هەر پەندێکەوە و هاتنەکایەی ڕاستییەک هەیە، کە "سەرچاوەی گشت پەندێک سەرەتایەکی هەیە بۆ چیرۆک و کارەسات و ڕووداو و لێقەومانێک دەگەڕێتەوە، ئەو کورتە چیرۆکانە پیاوەژیرەکان کاکڵەکەیان بە پێی کات و بەسەر چوونی لە قاڵبێکی جواندا داڕشتووە، جاری وایە دوو پەند لەسەر ڕووداویک هەڵدەهینجرێت" (دەشتەکی: ١٩٨٠، ٧)، بەڵام لە ڕووی ڕاستی و دروستی ئەم ئەزموونەوە، بۆچوونێکی تر هەیە، کە بڕوای وایە، "پەند کورتەی ئەزموونێکی مرۆڤایەتییە ئەشێت ئەزموونەکە ڕاستەقینە ڕوویدا بێت، یان خەیاڵی بێت و داهێنراوی خەیاڵ بێت، یان ڕاستەقینە بێت و بەشێوەی جۆراوجۆر بگێڕدرێتەوە و گۆڕانکاری تێدابکرێت" (زبیر و بکار: ٢٠٢٠، ٨). ئێمەش نکوڵی ئەم بۆچوونە ناکەین. دەشێت وەک هەر بابەتێکی تر پەندبێژ، پەندی داهێنراوی خەیاڵی خۆی هەبێت بۆ ڕیگرتن لە ڕووداوێک، کە خۆی پێشبینی دەکات و چیرۆکێکی خەیاڵی و بە پەندبووی مرۆڤ و گیانداران دابڕێژێت، وەک پێشتر ئاماژەمان پێداوە، بە تایبەتی لە پەندەشیعرییەکان وەک نموونەی پەندە کاریکاتێرییەکانی پیرەمێرد، کە دواتر لەبارەیانەوە دەدوێین، ئەمجۆرەیان ئەگەر هەشبن زۆر دەگمەنن، بۆیە بڕوامان وایە، کە لەپشت زۆرینەی هەرە زۆری هەر پەندێکەوە چیرۆکێکی ڕاستەقینەی ئەزموونی ژیان بوونی هەیە.

لە بارەی یەکەم دەربڕینی پەندەوە (زایلەر) ڕای وایە، کە "کەسێک لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا وتوویەتی کاتێک خەڵکی بەرگوێیان کەوتووە، دواتر بڵاوەی کردووە، لەبەرئەوەی بە دەربڕینێکی سەرکەوتوویان زانیوە" (ابراهیم: ١٩٨١، ١٧٥)، هەروەها نووسەرێکی تری فۆلکلۆرناسی عەرەبیش بەناوی (رابح العوبي) هەمان ڕای (زایلەر)ی هەیە لەسەر دروستبوونی پەند و دەڵێت: "پەند کەسێک وتوویەتی و بڵاوبوونەوەی زیادیکردووە، چونکە بەکارهێنانی پێویستبووە، نووسراوەتەوە و تۆمارکراوە، ژیاوە لەگەڵ نەوەکاندا، لەبەرئەوەی پێویستمان بووە وەک بەڵگە، بەهۆی گونجاوی ناوەڕۆک و کات و دۆخەکەی لەگەڵ دۆخێکی تری هاوشێوە، کە لەگەڵ یەک گونجاون وەک ئەو ئەزموونەی، کە پێشتر ڕوویداوە" (بلبالي و ذيبة: ٢٠١٦، ٢٢). لەسەر ئەم دوو بۆچوونەش نکوڵی لەوە ناکرێت و هاوڕاین وەک پێشتر ئاماژەمان پێکردووە و بەپەندبێژ ناومان بردووە. بەڵام جەخت لەوە دەکەینەوە، کە هەر پەندێک سەرەتا لە لایەن کەسێکەوە گوزارشتی لێکراوە لە ڕووی بیرەوە، لە چوارچێوەیەکی هونەریدا بنیاتنراوە، بەڵام مەرجی بوونە پەندی پێشینان ئەوەیە، کە ئەم دەربڕینە چ لە

بیر و چ لە بنیاددا بەشداری چینەکانی تری تێدابێت و سەرلەنوێ و چەند جارێک دابڕێژرێتەوە، تا جێی خۆی دەگرێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی مەرج نییە سادەیی و ئاسانی لە دەربڕین و گوزارشتکردنی بیری کەسێک وا بە ئاسانی بڵاوبێتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی دەیان شیعری ناسک و جوان و ئاسان لە داڕشتن و دەربڕیندا هەیە و تەنانەت تۆماریشکراون، تا لەناو نەچن و بەرهەمی شاعیرانن، بەڵام نەیانتوانیوە وەک پەند جێگای خۆیان بکەنەوە و سنوری پەند تێپەڕێنن و پێی بگەن. بۆیە جەخت ئەکەینەوە لەسەر ئەوەی هەر دەربڕدراوێک بیەوێت مۆرکی پەندبوونی پێوە بلکێت، دەبێت بە پرۆسەی خوولخواردنی بەناو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵدا تێپەڕێت و ڕەزامەندی و بەشداری زۆرینەی تێدا بەرجەستە ببێت لە بیر و فۆڕمدا.

لە ئەدەبی فۆلکلۆری ئەڵمانیشدا بۆ سەرچاوەی بنەڕەتی پەندی پێشینان گریمانە و ڕاوبۆچوونێک هەیە، کە دەڵێت: "دەشێت سەرچاوەی هەندێک لە پەندەکان، لە نووسین و کار و کردەی شاعیر و ئەدیبە کلاسیکییە مەزنەکانی ئەڵمانیابن، وەک (گۆیتە Goetherو شیللەرSchiller)، هەروەها ئەو پەندەی، کە بووە بە سەنتەر و چەقی فەلەسەفەی یۆنانی، کە دەڵێت: (هیچ شتێک زیادە نییە)، دەوترێت ئەو ڕستەیە قسەی شاعیرێکی ڕۆمانییە بەناوی (Quintus Ennius) ٢٣٩-١٦٩ پ.ز" ( Prace: ٢٠٠٩، ١٠).

پەندی پێشینان سەرچاوەکەی هەرکێیەک بێت، گرنگ ئەوەیە، خاوەنی نادیارە، بەشدارییەکی دەستەجەمعی و هەروەزی تێدایە و لە بنیادنانیدا لە ڕووی بیر و شێوەوە، بۆیە جەخت دەکەینەوە لەوەی ئەم وشە لێکدراوە (پەندی پێشینان):

(پەند) زۆرینەی هەرە زۆریان کورتکراوەی ڕووداوێکە، کە کەسێک بەسەریدا هاتووە، تیایدا بووە بە پەند. ڕووداوێکە ڕوویداوە و شایەنی ئەوەیە، کە وەک ئەزموونێک لێیبڕوانرێت. ڕووداوە نەخوازراوەکان خۆیان لێ بەدوور بگیرێت، ڕێگری بکرێت لە دووبارەکردنەوەیان، دێوە نەرێنییەکان پێچەوانە بکرێنەوە و بە ئاڕاستەی بارێکی ئەرێنی لە بەرژوەندی مرۆڤدا بخرێنەڕوو.

(پێشینان): ئەم بەشەی زاراوەکە لە دوای دیاریکردنی سەرچاوەی پەند ڕوونتر دەبێتەوە، کە مەبەست لە سەردەمانی پیشوو و ڕابردووە، کە مێژوویەکی بەسەردا تێپەڕیبێت. واتە پەندەکە کاتێک دەبێت بە پەندی پێشینان و ڕەوایەتی وەردەگرێت، کە چیرۆکێک ڕوویدابێت، ئەم چیرۆکە وەک ئەزموونێک، کورت و پوخت کرابێت لە چوارچێوەی ڕستەیەک یان زیاتر. دێرێکی کێش و سەروادار، یان زیاتر لە لایەن کەسانێکی ژیری دنیادیتەوە سەرەتا گوترابن و بەناو خەڵکیدا بڵاوبووبنەوە. دواتر هەموو چینە جیاوازەکانی کومەڵ بەشدارییانکردبێت لە داڕشتنەوەی لە ڕووی بیر و بنیادە هونەرییەکەیەوە. لەسەر زاری هەمووان وەکیەک، یان نزیک لە یەک هەبێت و دەربڕدرێت. ئینجا مۆرکی پەندی پێشینانی پێوەدەبێت، وەک پەند مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت هەمووگەل وەکیەک دەبێتە خاوەنی. ئەم پرۆسەیەش بێگومان کاتێکی پێویستە بە تایبەتی لە دۆخی بڵاوبوونەوەی زارەکیدا، بۆیە لە خودی زاراوەکەدا وشەی

(پێشینان) هەیە. لە زۆربەی پێناسەکاندا باس لە ڕابردوو و تێپەڕینی مێژوویەک دەکات بەسەر پەندەکاندا. مەبەست لەو دەرفەتەیە، کە پێویستە بۆ داڕشتن و خەملێنی هەر پەندێک، کە لەماوەی خوولخواردنەکەیدا پێویستییەتی. دەبێت ئەو ڕاستییەش بە هەند وەربگرین، کە پرۆسەی بەرهەمهێنانی پەند لە شوێنێکدا ناوەستێت، تا ژیانی مرۆڤایەتی بەردەوام بێت. چیرۆکی بە پەندبوونی مرۆڤ ڕوودەدات، کە شیاوی هەڵگوێزانی پەندێکی نوێ بێت، بەپێی دۆخ و قۆناغە نوێیەکانی ژیانی مرۆڤایەتی. ئەمەش خاڵێکی گرنگ و تایبەتمەندییەکی پەندەکانە، کە جیایدەکاتەوە لەبەرهەمهێنانی هەردەقێکی تری ئەدەبی، بەو پێیەی دونیا چەندێک پێشکەوتووبێت و هۆکارەکانی نووسین و تۆمارکردن بەردەستبن، بەڵام خاوەنی پەند هەر بە نادیاری دەمێنێتەوە، ئەویش لە پیناو گەیاندنی مەبەست و ڕاشکاوی زیاتر.
هەروەها جیا لە ڕووداو و چیرۆکەکانی ناو کۆمەڵگا، زۆر جار ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، فەرموودەکان، بەسەرهات و ڕووداوی ناو چیرۆک و ڕۆمانەکان لە چوارچیوەی پەنددا گوزراشتیان لێدەکرێت، یان پەندەکان دەچنەوە سەر یەکێک لە ڕووداوەکانی ناو ئەم بابەتانە.

**پێنجەم: پەندی پێشینان لە ئایینە ئاسمانییەکاندا:**

هاتنی کتێبە ئاسمانییەکان، بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی مرۆڤایەتی و شوێنکەوتنی خێر و دوورکەوتنەوەیە لە شەڕ، هاندانیانە بۆ چاکە و هێنادی تەبایی و پێکەوە ژیان لەسەر بنەمای باوەڕبوون بە یەکتاپەرستی و خواناسی و ڕێزگرتن لە یەکتری.
پەند لە کتێبە ئاسمانییەکاندا و لە بیروباوەڕی ئایینیدا جێگە و پێگەی گرنگی هەیە، وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ ئامۆژگاری مرۆڤ. بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دووبارەکردنەوەی هەڵەکان و ڕاستەڕێکردنی ژیانیان بەکاردەهێنرێت. هەمیشە لە کاتی وتار و ئامۆژگارییەکاندا، وەک نموونەیەکی ئامادە و پاڵپشتیکاری وتەی زانایانی ئایینی و وتاری وتاربێژانی ئایینی ئامادەیی هەیە. هۆکارێکە بۆ باوەڕهێنانی گوێگر و باوەڕداران. لەم ڕووەوە لە کتێبە ئاینییە ئاسمانییەکاندا پەندەکان بایەخیان پێدراوە، کە ئێمە بەکورتی ئاماژەیان پێدەکەین.

- **پەند لە تەوراتدا:**

کتێبی ئایینی جوولەکان وەک: (تەورات و تەلمود) بایەخێکی زۆریان بە پەندەکان داوە. پەندەکان لەناو جوولەکاندا "لە سەرەتاوە ڕۆڵێکی پەرستشانەیان هەبووە، دواتر ئەم ڕۆڵە گەشەی کردووە بۆ لایەنی ڕەوشتی و ژیانسازی. بایەخدان بە پەندەکان لەلایەن بەنی ئیسرائیلەوە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیدان بەڕەوشت و ڕێبازی دروست لە ژیاندا، قەدەغەکردنی هەموو کردارێکی ناشیرین، کە دەبێتە هۆی گەندەڵی کۆمەڵگا" (قطب: ٢٠١٣، ٩)، بۆ نموونە لە کتێبی پیرۆزی جوو "تەوارت و ئەسفار... پڕن لە پەند، کە گوزارشت لە وشەکانی موسا (سەلامی خوای لەسەربێت) دەکەن. لە (سفری سیراج)دا هاتووە، کە دەڵێت: "سوکایەتی بەوتەی دانایان مەکەن، بەڵکو هەوڵبدەن بۆ خوێندنەوە و بەدواداچوونی پەند و

وتەکانیان، چونکە لێیانەوە فێردەبن" (أمزیان: ٢٠١٩، ٢٤)، هەروەها لە زەبوری داوددا هاتووە "خۆزگە دەخوازی بەو کەسەی بە پێی ڕاوێژی بەدکاران ناڕوات و لەڕێگای گوناهباران ڕاناوەستێت و لەکۆڕی گاڵتەجاڕان دانانیشێت" ( Psalms:٢٠١٣، ٥)

- **پەند لە ئینجیلدا:**

پەند پانتاییەکی گەورەی بۆ گواستنەوەی پەیامەکانی حەزرەتی مەسیح (سەلامی خوای لەسەربێت)، هەیە. "ئەم پەندە پەروەردەیی و فێرکارییانە ڕووبەرێکی زۆری ئینجیلەکانیان پێکهێناوە تا ئەو ڕاددەیەی، کە دەتوانرێت بڵێین بەبێ ئەم پەندانە بوونی ئینجیل بێ واتایە، چونکە پەندەکان پێکهاتەی سەرەکی ئایەتەکانن" (أمزیان: ٢٠١٩، ٢٥)، بۆ نموونە یەکێک لەو پەندە گرنگانەی، کە مەسیح (سەلامی خوای لەسەربێت)، بۆ قوتابییەکانی هێناوەتەوە، پێی گوتوون: " ئێوە خوێی زەوین، ئەگەر خوێ خۆی بۆنی کرد، چی سوێردەکات، بەکەڵکی هیچ نایات، دەبێت فڕی بدرێتە دەرەوە، لە دەرەوەش خەڵکی بە سەریدا دەڕۆن، پێی بە سەردا دەنێن، ئێوە چرای زانستن هیچ شارێک ناشارێتەوە کاتێک لەسەر بەرزایی دروستکرابێت، هیچ چرایەک داناگیرسێنرێت و بخرێتە ژێر سەبەتەیەکەوە، بەڵکو دەخرێتە شوێنێکی بەرزەوە، تا هەموو ئەوانەی لەماڵەکەدان ڕووناکی بیانگرێتەوە، دەبا ڕووناکیتان بەو شێوەیە بێت لەبەردەم مرۆڤەکاندا بدرەوشێتەوە، تا کارە باشەکانتان ببینن و باوکتان سەربەرز و سەرفرازبێت" (الأنجیل: ٢٠٠١، ٩).

هەروەها لەنامەی حەوارییەکاندا چەند پەندێک هاتووە، کە لە ئینجیلدا بوونی هەیە، وەصفی کەسی درۆزن دەکات. کە دەچێتەوە سەر دووبارە درۆکردن. لەسەر زمانی بطرس، پەندەکە دەڵێت: "سەگەکە گەڕایەوە بۆ سەر ڕشانەوەکەی، بەرازەکە، کە خۆی شۆریبوو چووەوە ناو قوڕاوەکە" (أمزیان: ٢٠١٩، ٢٥)، لەبارەی سوێند خواردنیشەوە ئاماژە بە پەندێکی پێشینان کراوە لە ئینجیدا، کە دەڵێت: " پێشینان گوتویانە سوێندەکانت مەشکێنە، بەڵکو سوێندەکانت بۆ یەزدان بەرەسەر" (ئینجیلی پیرۆز: ٢٠١٧، ١١).

- **پەند لە قورئاندا:**

قورئانی پیرۆز بایەخێکی زۆری بە پەندەکان داوە، بەپێی فەرموودەیەک، کە ئەبو هورەیرە گێڕاویەتییەوە، لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەربێت) هاتووە: "وأخرج البيهقي عن أبي هريرة، قال: قال رسول الله – صلى الله عليه وسلم -: إن القرآن نزل على خمسة أوجه: حلال، وحرام، ومحكم، ومتشابه، وأمثال، فاعملوا بالحلال، واجتنبوا الحرام، واتبعوا المحكم، وآمنوا بالمتشابه، واعتبروا بالأمثال" (الاتقان فی العلوم القران، للسیوطی ١٠٤١/٢) و (البغا: ١٩٩٨، ١٩٨) و (الفیاض: ١٩٩٣، ١٤).

واتە قورئانی پیرۆز لەسەر ئەم پێنج بنەمایەیە، کە لە فەرموودەکەدا هاتووە: حەڵاڵ و ڕێگەپێدراو، حەرام و قەدەغەکراو، پتەو و جێگیر، هاوشێوەکان و ئەوانەی واتای جۆراجۆر هەڵدەگرن. پەندەکان، کار بەڕێگە پێدراوەکان بکەن، لە قەدەغەکراوەکان دوورکەونەوە، شوێن جێگیر و چەسپاوەکان و ڕوون و ڕاشکاوەکان بکەون، باوەڕ بەوانە بهێنن، کە واتای جۆراوجۆر هەڵدەگرن و هەڵگری واتا گەلێکن، بایەخی پەندەکان لە بەرچاوبگرن و بە هەندیان وەربگرن.

دەبینین لەناو پێنج پایەی سەرەکیدا، کە یەکێکیان پەندەکانن و دەبێت بایەخیان پێبدرێت. هەر بۆیەش لەناو قورئانی پیرۆزدا ژمارەیەکی زۆر و جۆراوجۆر پەندی تێدایە، کە "ئامانجی یەکتا پەرستی، بەجێهێنانی بەندایەتی، پەیامی زیندووبوونەوە، یادکردنەوەی خوای گەورە، پەند وەرگرتن لە گەلانی پێشوو، هاندانیان بۆ بەهەشت و دوورکەوتنەوە لە دۆزەخ" (عابی: ٢٠١٦، ١٢).

پەند لە قورئاندا "بریتییە لە تیشک خستنەسەر واتا لە وێنەیەکی نایاب و پوختدا، کە کاریگەری خۆی لەسەر گیان هەبێت. هێنانەوەی پەندەکان لە قورئانی پیرۆزدا، یەکێکە لە شێوازەکانی داڕشتنی هونەری بەرز، بەڵگەیە بۆ ئیعجازی قورئانی، کە تیشک دەخاتە سەر واتاکان بە شێوەیەکی باش و نزیکیان دەکاتەوە لە تێگەیشتن، لە وێنە زیندووەکاندا، تا جێگریان بکات لە بیردا" (البغا: ١٩٩٨، ١٩٧).

بە شێوەیەکی گشتی پەندەکان لەناو قورئاندا چەند پۆلێنێکیان بۆ دەکرێت وەک: پەندی "چیرۆک ئامێز، پەندی کورت و بڵاو، پەندی شاراوە" (عابی: ٢٠١٦، ١٤-١٦) بەمشێوەیە دەیان خەینەڕوو:

**یەکەم: پەندی چیرۆک ئامێز:**

ئەمجۆرە پەندانە گێڕانەوەی شیکاریی و چیرۆک ئامێز و ڕوونکردنەوەیان تێدایە لە ڕێگای لێکچواندن و بەشێوەیەکی ڕاشکاو دەخرێنەڕوو، وەک خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: "مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ ٱلَّذِى ٱسْتَوْقَدَ نَارًا فَلَمَّآ أَضَآءَتْ مَا حَوْلَهُۥ ذَهَبَ ٱللَّهُ بِنُورِهِمْ وَتَرَكَهُمْ فِى ظُلُمَٰتٍ لَّا يُبْصِرُونَ" (سورة البقرة، الاية ١٧). واتە " ئەمانە ڕاست بە مەرەدی کەسانێ چوون، کە خەریکی پێکردنی ئاگرێک بوون، هەر، کە ڕۆشنایی ئاگر دەوروبەری ڕۆشنکردن، خودا ڕووناکییەکەی بردن و لە تاریکییەکی وادا وێڵی کردن، هیچ ئەشتەبایان نەدەدیت" (هەژار: ١٣٩٠هـ ٤)، هەروەها لە سوڕەتی نور: ئایەتی ٣٥، یس: ئایەتی١٣، کهف: ئایەتی ٤٥. بەهەمان شێوە پەندی چیرۆک ئامێز هاتووە.

**دووەم: پەندی کورت و بڵاو:**

ئەو جۆرە پەندەیە، کە لەسەر زمانی خەڵکیی باو و بڵاوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئایەتێک لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، یان بەشێکە لە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز و خەڵکی هەمیشە بەسەر زمانیانەوە و بووە و بەکاریان هێناوە وەک خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: "وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنْ الدُّنْيَا" (سورة القصص، الاية ٧٧). واتە " بەشی خۆشت لەم دنیادا لەبیرمەکە" (هەژار: ١٣٩٠هـ ٣٩٤)، هەروەها لە

سورەتی ال عمران: ئایەتی ۹۲، یوسف: ئایەتی ٥١، فاطر: ئایەتی ٤٣، البقرە: ۱۷۹، ٢١٦، بە هەمانشێوە پەندی کورت و بڵاوەکان بەدیدەکرێن، کە بەشێوەیەک لە شێوەکان لەسەر زمانی خەڵکی باو و بڵاون.

**سێیەم: پەندی شاراوە:**

ئەو جۆرە پەندانەن، کە بەڕوون و ڕاشکاوی درکیان پێناکەین، بەڵکو بەناوەڕۆکیاندا دەزانین. زیاتر زانایان هەستی پێدەکەن و لە دیدی ئەوانەوە پەندن، هەر لەبەر ئەوەش، کە ئەم پەندانە لە دەربڕیندا هەستیان پێناکرێت و بەواتادا دەزانرێت، بۆیە بە پەندی شاراوە ناو دەبرێت، وەک خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: " وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَٰلِكَ قَوَامًا" (سورة الفرقان: ٦٧). واتە "ئەوانەشن کە لەکاتی ماڵ بەخشینا، نە یەکجاری دەس بڵاون، نە تەواویش دەس قووچاون، هەر لەو ناوەندەدا ماون" (هەژار: ۱۳۹۰هـ ٣٦٥)، هەروەها لە سورەتی البقرة: ٦٨، الاسراء: ٢٩، ۱۱۰، ئاماژەی تێدایە بۆ ئەو جۆرە پەندانە.

بەم شێوەیە دەبینین پێگەی پەندەکان، ڕەگێکی لە مێژینەی قووڵییان هەیە، بە درێژایی هاتنی ئایینە ئاسمانییەکان و تەنیا مەبەستیش لێیان ئاگادارکردنەوەی مرۆڤایەتییە لە خۆپارێزی و دوورکەوتنەوە لە دووبارەکردنەوەی هەڵەکان و بایەخدانیان بە کاری چاکە و نەهی لە خراپە.

**شەشەم: مێژووی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی پەندەکان:**

مێژووی پەیدابوونی پەندەکان لەگەڵ ژیانی مرۆڤایەتی، چیرۆکەکانی ژیانیان و ئەزموونەکانیان هاتوونەتەکایەوە. مەبەست لێیان و تۆمارکردنیان بۆ ئەوە بووە، وەک دەستور و باوێک بوون بۆ ڕاستەڕێکردنی ژیان و دوورکەوتنەوە لە هەڵەکان.

هاوبەشی شێوەی ژیان و بوونی جوگرافیا و سەرزەمینی هاوشێوە، کێشە و گرفتی وەکیەک، دۆزینەوەی ڕێگا چارەبۆیان، بەهۆی بوونی نزیکی لە سنور و تێکەڵییان، یان ئاین و بیروباوەڕیان، زۆرجار ئەزموونی هاوشێوە و بیری هاوبەش و ڕێگا چارەی وەکیەکی بەرهەمهێناوە، کە دواجار لە پەندەکاندا خۆیان بەرجەستەکردووە. بەمەش پەندە هاوبەشەکان هاتوونە دی، کە مۆرکێکی گشتی و مرڤایەتییان هەیە، لای هەموو گەلانی جیهان بە هەمان ناوەڕۆک و شێوەی جیا دووبارە دەبنەوە. هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا هەر گەل و نەتەوەیەک بەپێی تایبەتمەندی خۆی پەندی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە لای گەلانی تر بوونی نییە.

ئەوەی تا ئێستا لە بەردەستدایە، کۆنترین بەڵگەیەک لە بارەی پەندەکان و باس و خواس لە بارەیانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان، کاتێک: "لە ساڵی (۱۹۳٤ز) لە لایەن (ئیدوارد کیر)ەوە، کۆمەڵێک لە کۆمەڵەی تەختەکانی(الواح) نیپۆر بڵاوکرایەوە، کە لە سەدەی هەژدەی پ.ز تۆمارکراون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە سۆمەرییەکان خۆیان ژمارەیەکی زۆریان لەو پەند و قسەنەستەقانەیان تۆمارکردووە،...

دوای ئەوەی کۆمەڵێکی دیکە لە مۆزەخانەی ڕۆژهەلاتدا لە ئەستەمبوڵ دیترانەوە، جگە لەوانەی کرایمەر خۆی بە یارمەتی (ئیدمۆند جۆردن)وە، لەنێو پارچە تابلێتە پارێزراوەکانی دانشگای فلادلفیا دۆزییەوە" (سورمێ: ١٩٩١، ٦٧)، کە ژمارەیەک پەندیان تێدا تۆمارکراوە و پارێزراوە، هەروەها توێژەرانی وەک لیندا و فلاوێڵ مێژووی کۆکردنەوەی پەندی پێشینان "دەگێڕنەوە بۆپێنج سەددە بەر لە زایین زۆرکەسی تر مێژووی کۆکردنەوەی پەندی پێشینان دەگێڕنەوە بۆ حەوت سەدە بەر لەزایین، هەندێکێش ئەم مێژووە دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن و ... ئەم ڕێچکەیە لە سەردەمی ئەفلاتوون و تەنانەت دوای ئەویش بەردەوام بووە و گەلێک نووسەر و بیرمەندی یۆنانی کاریان لەم بوارەدا کردووە" (زراعی: ٢٠٢١، ١٨). دواتر بایەخدان بە کۆکردنەوەی پەندەکان بەپێی هەندێک لە سەرچاوەکان دەگەڕێتەوە بۆ باشوری عێراق و سەدەی سێیەمی زایینی بۆ "(الحیرة) و سەرۆک هۆزەکانی ئەوکات، کە لە کۆبوونەوەیان و لە دانیشتەکانیاندا ڕێگایان بە خەڵکی دەدا و گوێیان لە بەتەمەنەکانیان دەگرت و هانیان دەدان بۆ کۆکردنەوە و تۆمارکردنی پەندەکان" (عابدین: ١٩٨٩، ٢٢)، بەڵام لەم ڕووەوە هیچ بەڵگەیەکی نووسراو لە بەردەستدانییە، کە تایبەت بێت بە پەندەکانی ئەو سەردەمە.

هەموو ئەمانە بەڵگەی گرنگی و بایەخی پەندەکان دەسەلمێنێت لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە. ئەگەر چی ڕا جیایی لە دەستنیشانکردنی یەکەم شوێن و یەکەم بایەخپێدانەوە هەبێت، بەڵام ئەوەی ڕوونە گرنگیەکەیەتی لای گەل و نەتەوە جیاوازەکانی دونیا. پرۆسەی کۆکردنەوەی پەندەکان بەپێی دۆخ و قۆناغە جیاوازەکان و بەهۆی دروستبوونی پەندی نوێ بەردەوام دەبێت. تۆمارکردنیشیان درێژەی دەبێت. بۆیە بەپێی بایەخی گەلانی ناوچەکە لەڕووی مێژووییەوە پوختەی کارەکانیان بۆ کۆکردنەوەی پەندەکان بەم شێوەیە دەخەینەڕوو:

- **مێژووی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی پەند لای عەرەبەکان:**

کۆکردنەوەی پەندەکان لە لای عەرەب، کە بەشێوەیەکی نووسراو لە بەردەستدایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەمەوییەکان، کە بەسەردەمی دەمارگیری نەتەوەیی عەرەب ناسراوە، سەرەتای ئەم کارە لە سەدەی یەکەمی کۆچییەوە دەست پێدەکات.

یەکەم کەس بەناوی (المفضل الضبی) لە ساڵی ١٦٨ی کۆچی بەناوی (أمثال العرب) (الضبی: ١٣٠٠هـ) و دواتر (ابو عبید قاسم بن سلام) لە سەددەی دووەمی کۆچی و لە ساڵی ٢٢٣ کۆچی بەناوی (کتاب الأمثال) (قطامش: ١٩٨٠) ، کە لە بیست بەش و هەر بەشەی لە چەند دەروازەیەک پێکهاتووە لەسەر بنەمای بابەت پەندەکان پۆلێنکراون. دواتر هەر لەسەر ئەم کتێبە کتێبێکی تر دەرچووە، کە شیکردنەوەی بۆ پەندەکانی کردووە لە لایەن ئەبو عبید بکری بەناو (فصل المقال فی شرح کتاب الأمثال) (البکری: ١٩٧١)، لە سەددەی چوارەمدا ئەبوهیلال عەسکەری لە ساڵی ٣٩٨ کۆچی، کتێبی (جمهرة الأمثال) (العسکری: ١٩٨٨) نووسیوە، کتێبەکە بەسەر بیست و چوار دەروازە دابەشکراوە و لەسەر بنەمای پیت

هەر دەروازە و چەند پیتێکی تێدایە، هەروەها لە سەددەی شەشەمی کۆچی کتێبی (مجمع الأمثال العرب)ی المیدانی لە ساڵی ٥١٨کۆچی و دواتر لە لایەن (زمخشری) لە ساڵی ٥٣٨ کۆچی، کتێبی (المستقصی فی الأمثال العرب) (الزمخشری: ١٩٨١).

ئەمین بەدران کۆی کارەکانی عەرەبەکان بەمشێوە وردتر پۆلێن دەکات (بدران: ٢٠١٧، ١٠٢٩):

"(المفضل الضبی ١٦٨ کۆچی، أمثال العرب)، (مؤرخ السدوسی ١٩٣ کۆچی، کتاب الأمثال)، (ابی عبید القاسم بن سلام، ٢٢٣ کۆچی، کتاب الأمثال)، (لابي عكرمة الضبي ٢٥٠ کۆچی، کتاب الأمثال)، (للمفضل بن سليم بن عاصم ٢٩١ کۆچی، الفاخر)، (حمزه بن حسن الأجهاني ٣٥١ کۆچی، الدرة الفاخرة في الأمثال السائرة)، (زيد بن رفاعه ٣٩٠ کۆچی، کتاب الأمثال)، (ابی هلال العسکری ٣٩٨ کۆچی، جمهرة الأمثال)، (ثعاليبي ٤٩٩ کۆچی، التمثيل و المحاضرة ثمار القلوب في المضاف و المنسوب)، (الميدانی ٥١٨ کۆچی، جمع الأمثال العرب)، (زمخشری ٥٣٨ کۆچی، المستقصی في أمثال العرب).

ئەو کارانەی، کە ئێمە سەرنجمانداوە لە کۆکردنەوەی پەندەکان لای عەرەبەکان میتۆدێکی دیارکراویان نییە، بەشێکی زۆریان لەسەر بنەمای پیتەکان پەندەکانیان پۆلێنکردووە و بەشێکی تریان لەسەر بنەمای بابەت و ناونیشانی جیاجیان بۆ هەر دەروازە و بەشێک داناوە، وێڕای ئەوەی بەشێک لەم پەندانە پەندی شیعریین و لە فۆڕمێکی شیعریی بەرزدا دەربڕدراون.

- **مێژووی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی پەند لای فارسەکان:**

لای فارسەکان بەراورد بە عەرەبەکان درەنگتر کاری کۆکردنەوەی پەندەکان ئەنجامدراوە. پەندەکانی زمانی فارسی بۆ یەکەمجار "لە ساڵی ١٥٠١زایینی، لە لایەن میرزا (هبلە رودی)، کە لە هندستان ژیاوە کۆکراوەتەوە، لە کتێبێکدا بەناوی (جامع تمثیل)، کە نزیکە هەزار و سەد پەندی تیدایە،  لەگەڵ چیرۆک و بەسەرهاتی شیرین گونجاندوویەتی. دواتریش هەوڵەکانی (محمد صادق صادقی اصفهانی و حاج علی اکبر خان قائم مقامی)، هەروەها لە ساڵی ١٦٣٩ (امیر قلی امینی) بەناوی (هزار و یک سخن در امثال و حکم فارسی) لە بەرلین چاپکردووە" (صاڵح: ١٣٩٧هـ ٣٠). هەروەها یەکەمین فەرهەنگی گەورەی کۆکراوەی بواری پەندی فارسی لە "ساڵی ١٣١٠ هەتاوی لە ژێر ناوی (امثال و حکم) لەلایەن بیرمەندی گەورە عەلی اکبر دهخدا نووسراوە، کە تائێستا دەوڵەمەندترین و متمانەپێکراوترین فەرهەنگە لە بواری پەندی فارسی" (دهخدا: ١٣٨٦هـ)، کە وێڕای کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە پەندەکان ڕیشەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی پەندەکانی دەستنیشانکردووە.

- **مێژووی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی پەند لای کورد:**

کۆکردنەوەی پەند لای کورد بەراورد بە گەلانی ناوچەکە درەنگتر کەوتووە. ئەوەش بەهۆی بارودۆخی گەلی کورد و نەبوونی چاپ و بڵاوکردنەوە، بۆیە ئەم پرۆسەیە بە چەند قۆناغێک و لە چەند شوێنێکی جیاواز لە لایەن چەند کەسیکەوە لە کورد و بیانی ئەنجامدارە، کە هەوڵدەدەین پۆلێن بەندییەکی لەو ڕووەوە بۆ بکەین:

**١- کۆکردنەوەی پەندی کوردی لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسان و نووسەرانی تری کوردەوە، کە لە دەرەوەی وڵات پارێزراون:**

ئەوەی تائێستا لە بەردەستدایە "ئەو دەستنووسەیە لە ساڵی ١٧١١ز نووسراوەتەوە بە ناونیشانی (میسرۆب ماشتۆسە) لە ماتینە دەرانی ئەرمەنستانی سۆڤیەتیی. ئەم دەستنووسە چەند پەندێکی کوردی بە زمانی کوردی و پیتی لاتینی تێدایە" (ش. ڕەسوڵ: ٢٠٠٨، ١٠). دواتر ئەو دەستنووسەیە، کە لەناوەڕاستی سەددەی نۆزدەهەم لەلایەن زانای کورد "مەلامەحمودی بایەزیدییەوە نووسراوەتەوە، ئەم دەستنووسە لە کتێبخانەی بەشی لینینگرادی زانستگای ڕۆژهەڵاتی ڕوسیایە بەناوی (وەرگێڕانی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق بۆسەر زمانی کوردی پارێزراوە)" (ش. ڕەسوڵ: ٢٠٠٨، ١١). هەندێک لەم پەند و قسە نەستەقانەی ناو دەستنووسەکە وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی ڕووسی "لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی (پیوتەر لیرخەوە)،ساڵی ١٨٧٥ز، لە چاپدراون" (ڕەسوڵ و تەقی: ١٩٨٤، ٢٠).

هەر لەم میانەیەدا " (یەگیزارەڤ) لە ساڵی ١٨٧٨ز کتێبێکی بە ناوی (سەرپێهاتنا ئەتنوگرافیا کورد) دەربارەی کوردەکانی ناوچەی یەریڤان چاپکردووە، بەرگی دووەمی لە تەبلیس لە ساڵی ١٨٩١ز چاپکردووە. تێکستی کورمانجی بڵاوکردۆتەوە لە کتێبەکە بە دەیان پەند و قسەی نەستەقی نووسیوەتەوە" (ڕەسوڵ و تەقی: ١٩٨٤، ٢٠)، هەروەها زانای ئەتنوگرافیا و فۆلکلۆریستی ئەرمەنی "(سەرکیس ئایکۆنی ١٨٣٨- ١٩٠٨)، کە بە کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کورد و ئەرمەنەوە خەریکبووە، لە کتێبەکەیدا نزیکەی ٢٠٠ پەند و قسەی نەستەقی کوردی تیایە، نرخی کارەکەی ئایکۆنی لەوەدا پتر دەردەکەوێت. کە پارێزگاری ئەو دیالێکتە جیاوازانەی کردووە، کە پەندەکانی پێ وتراوە، لە هەر جێگایەک چۆنی بیستووە وای نووسیوەتەوە" (ڕەسوڵ و تەقی: ١٩٨٤، ٢١).

گەلێک گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسی تر سەردانی ناوچەکانی کوردستانیان کردووە و لێرە و لەوێ هەوڵەکانیان جێگای نرخاندنە، لەوانە: " (هۆگۆمەکەس) ئەم زانایە دوو بەرهەمی بەنرخی بە زمانی ئەڵمانی نووسیوە، بەرهەمی دووەمیان بریتییە لە چیرۆک و داستان و پەندی پێشینانی ناوچەی ماردین بەشێوەی کرمانجی سەروو ساڵی ١٩٢٦ز چاپکراوە،...(ی. نۆئێل) لە وتارێکیدا لە ساڵی ١٩٢٠ز دەربارەی (خوو و ڕەوشتی کورد لە پەندی پێشینان و قسەی نەستەق)دا بڵاوکردۆتەوە، کە پەندەکانی تایبەتە بە کوردەکانی ناوچەی هەکاری،... بەمجۆرە دابەشیکردوون: ژن هێنان و مێردکردن، ژن، ماڵداری و

میوانداری، چۆنییەتی دراوسێیەتی و پەیوەندییان لەگەڵ توركدا" (ڕەسوڵ و تەقی: ١٩٨٤، ٢٢). هەر كۆكردنەوە و لیكۆڵینەوەی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی كوردی "بە زمانی فەڕەنسی كارەكەی (م. پیرۆ ڕۆندۆ) یەكەم سەرچاوەیە، كە دەربارەی فۆلكلۆری كورد نووسرابێت لە ساڵی ١٩٣٣دا نووسراوە" (ڕەسوڵ: ٢٠٠٨، ٢١٨). دواتر "حاجی جندی، ساڵی ١٩٥٧، (فۆلكلۆری كورمانجا)ی ئەرمەنستان، كە ٣٧٠ پەندی تێدایە، قەناتی كوردۆ و م. ڕۆدینكۆ، ساڵی ١٩٦١، (پند پێشینان و امثال ملل شرق) ٣٥٠ پەندی تێدایە، چ. خ. بەكاین، ١٩٦٥ (زمانی كوردەكانی ئازەربایجان) ژمارەیەک پەندی كوردی تێدایە، اریستوا، ساڵی ١٩٦٦، (كوردەكانی پشتی قەفقاز)، اردوخانی جلیل و جلیلی جلیل زاد، ساڵی ١٩٧٢، (مەسەلە و مەتەڵۆكی كوردا وی زمانێ كوردی و ڕووسی)، مۆسكۆ، كە ١٦٤٩ پەندی كرمانجی و ٥٣٢ پەندی بە شێوەی كوردی ناوەندی تێدایە" (قاضي: ١٣٦٤هـ ٧-٨).
هەموو ئەم هەوڵانەی، كە باسكران كەمتر كەوتوونە بەردەستی خوێنەرانی كورد، تاماوەیەكی درەنگ هەر نەبینراون. ئەگەرچی گرنگی گەورەیان هەیە، بۆ لێكۆڵەرانی ئەم بوارە، زۆربەی ئەم كارە كۆكراوانە، لە ڕووی پۆلێنكردنەوە لەسەر بنەمای پیتەكان پۆلێنكراون.

## ٢- كۆكردنەوەی پەندی كوردی لە ڕۆژئاوای كوردستان:

لە ڕۆژئاوای كوردستان لە بواری كۆكردنەوەی پەندا چەند كارێك كراوە، لەوانە: "جگەر خوێن ،كتێبێک بەناوی (گوتنێن پێشییان) بەدوو بەرگ، بەرگی یەكەم لە ساڵی ١٩٥٧" (د. ڕەسوڵ: ١٩٧٠، ٨٧) و (جەمیل كەننە لە ساڵی ١٩٥٧ كتێبێک بەناوی تعریب أمثال كردیة و مغزیها)" (كنه: ١٩٥٨)، بڵاوكردۆتەوە.

## ٣- كۆكردنەوەی پەندی كوردی لە باكوری كوردستان:

ئەگەرچی زانیاری پێویست لەبەردەست دانییە، یان بەهۆی بارودۆخی تایبەتییەوە نەتوانراوە كارێكی ئەوتۆ بكرێت، بەهۆی نەبوونی ئازادی چاپ و چاپەمەنی، بەڵام "مهمەت ئۆنجوو لە ساڵی ٢٠٠٧، ٢٠١٥، ٢٠١٩، ٢٠٢٠ حەڤدە بەرهەمی بڵاوبۆتەوە، گوتنێن پیشیا ٢٠٢٠ز، پەنجا هەزار پەند و ئیدیۆم و هۆنراوە" (زراعی: ٢٠٢١، ١٥) لەخۆیدەگرێت.

## ٤- كۆكردنەوەی پەندی كوردی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان:

كۆكردنەوەی پەندە كوردییەكان لە ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا بەمشێوەیە بووە، كە ئێمە لێرەدا بەشێكی زۆریان دەخەینەڕوو، كە بەرچاومان كەوتوون، وەک: " محمدامین بطحایی ساڵی ١٣٢٥هـ (كتاب نیكی) سنندج، شیخ محمد مردوخ كردستانی ساڵی ١٣٢٠هـ (فرهنگ مردوخ) سنندج" (محمدی: ١٣٩٣هـ ١٣)، دواتر مەلاغەفور دەباغی ناسراو بە حافظ مهابادی، لە ساڵی ١٣٦٥هـ كتێبی (دیاری مهاباد) (مەهابادی: ١٣٩٤هـ) و "قادر فتاح قاضی بە دووبەرگ (امثال و حكم كردی) بەرگی یەكەم ١٣٦٤هـ بەرگی دووەم

١٣٧٥هـ تبريز" (قاضي: ١٣٦٤هـ) (قاضى ١٣٧٥)  و "سيد عبدالحميد حيرت سجادى به كتێبى (پند پێشینان) جلد اول ١٣٦٩ و جلد دوم ١٣٧٨ اورومیه" (س. سجادی ١٣٦٩)، و " ئیبراهیم ئەفخەمی ساڵی ١٣٦٨هـ (بنەڕەتی مەتەڵی کوردی) تبریز، محمود احمدی ساڵی ١٣٦٩هـ (پەندی پێشینان منظومه حجاب)، محمد کاظم مفاخری ساڵی ١٣٧٧هـ (مجموعه ای ضرب المثل ملل مختلف کردی و فارسی" (محمدی: ١٣٩٣هـ ١٣)، هەروەها "علی رخزادی ١٣٨٢هـ (گوارەی کوردەواری)سنندج" (رخزادی: ١٣٨١هـ) و " محمد عارف مودەریسی ساڵی ١٣٨٤هـ (کەلەپوری کوردەواری)" (مودەڕیسی: ١٣٨٤هـ) و " علی رضایی کلهر و نورالله کریمی ١٣٨٥هـ (یک هزار ضرب المثل کردی کلهری) کرمانشاه، دکتر سید احمد پارسا ١٣٨٧هـ (بررسی تطبیقی ضرب المثل های کردی و فارسی) سنندج" (محمدی: ١٣٩٣هـ ١٣). هەموو ئەمانە بەپێی پیت پۆلێنی پەندەکانیان کردووە و بەشێکی زۆریان بە شێوەی شیعر داڕێژراونەوە، یان لەناو دێڕی شیعرییدا جێیانکراوەتەوە، بەڵام فراوانترینیان، کە تا ئێستا کۆکرابێتەوە کتێبی (پەندی پیران و فەرموودەی ژیران)ی ئەحمەدی بەهرامییە (بەهرامی: ١٣٩٤هـ)، ٧٥٠٠ پەند و دواتر داڕشتنەوەی بە شێوەی هۆنراوە لەبەرانبەر هەر پەندێکدا تێدایە، دوای ئەوەش کۆکردنەوەی پەندی کوردی بەردەوامە چ بەجیا یان وەک کاری بەراوردکاری و پەندی هاوشێوە لەنێوان پەندی کوردی و فارسیدا.

### ٥- کۆکردنەوەی پەندی کوردی لە باشوری کوردستان:

ئەو کارانەی، کە دواتر لە سەدەی بیستەمدا لە باشوری کوردستان ئەنجامدراون، کونترین کارێک تائێستا دۆزرابێتەوە کارەکەی "قەشە سلێمان شێخۆیە، کە لە ساڵی ١٩١٥ز، لە زاخۆ ٢٨٠٠ پەندی بەزمانی کوردی کۆکردۆتەوە و لە بەرانبەردا واتای هەر یەکێکیانی بە سریانی نووسیوە" (سلێوە: ٢٠٢٣)، بەڵام لەکاتی خۆیدا بەردەست نەبووە، ئەو کارانەی زیاتر بڵاوبوونەوە و خوێنەر و لێکۆڵەری کورد زووتر پێی ئاشنابوون سوودیان لێ وەرگرتووە، لەوانە: اسماعیل حەقی شاوەیس لە ساڵی ١٩٣٣ز کتێبێک بەناوی (قسەی پێشینان گوستاو لۆبۆن) (شاوەیس: ١٩٣٣)، پەندەکانی ناو ئەم کتێبە لەسەر بنەمای بابەت پۆلێنکراون، دواتر (معروف جیاوک، لەساڵی ١٩٣٨ز کتێبێکی بە ناوی (هەزار بێژ و پەند) (جیاووک: ١٩٣٨)، هەروەها " لە گۆڤاری گەلاوێژدا ٣٩٢ پەند و لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) و (دیاری کوردستان) و (دیاری لاوان)دا، نزیکە ١٥٠ پەند بڵاوکراوەتەوە، کە هەموویان لەیەکیان وەرگرتووە" (سەججادی: ١٣٩١هـ ١٤١)، هەروەها "مامۆستا عەلائەددین سەججادی، لە ساڵی ١٩٥٢ز، (مێژووی ئەدەبی کوردی)، بەشێکی کتێبەکەی تەرخانکردووە بۆ پەندی پێشینان،  شێخ محمدی خاڵ لە ساڵی ١٩٥٧ز کتێبێک بەناوی (پەندی پێشینان) (خاڵ: ٢٠١٧)، بڵاوکردۆتەوە. ئەم هەوڵانەی پێشوو جگە لە کارەکەی ئیسماعیل حەقی شاوەیس هەموو ئەوانەی تر لەسەر بنەمای پیتەکان پۆلێنکراون. کارەکەی مامۆستا شێخ محمدی خاڵ، تا ئەوکاتە فراوانترینیان بووە. لە ڕووی زۆری ژمارەی پەندەکان و

هەمەچەشنییانەوە، دواتر کارەکانی "ساجید ئاوارە، ١٩٦٧ز (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کوردی) باسی پەندەکانی کردووە، عوسمان شارباژێڕی، ١٩٦٩ز، (گوڵشەنی کەرکوک) ژمارەیەک پەندی تێدایە، جەمال نەبەز، ١٩٧٠ز، (پەندی پێشینان و قسەی نەستەق لە کوردستاندا) لە ئەڵمانیا چاپکراوە" (قاضي: ١٣٦٤هـ ١١)، هەروەها " عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ١٩٧٠ز، (ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی) (د. ڕەسوڵ: ١٩٧٠، ٧٧-١١٨). بەشێکی زۆری بۆ پەندەکان لەڕووی تیۆری و هێنانەوەی نموونەوە تەرخانکردووە، "عومەر شێخ الله دەشتەکی، لە ساڵی ١٩٧٢ز، (پەندی کوردی) لە هەولێر چاپکردووە" (ع. دەشتەکی: ١٩٧٢)، تا دەگاتە کارەکەی ئیسماعیل زارعی بەناوی فەرهەنگی پەندی کوردی چاپی (٢٠٠٥)ی هەولێر و دواتر.

هەموو ئەوانەی، کە باسمانکردن چاوخشاندنێکی خێرابوو بەبەشێک لەو کارانەی، کە بۆ کۆکردنەوەی پەندەکان لە ڕابردوودا ئەنجامدراون. ئەگەرچی ئەم کۆکردنەوەیە لە قۆناغەکانی دواتریشدا بەردەوام بووە و تا ئێستاش بەردەوامی هەیە. بەشی هەرەزۆریان لە ڕووی پۆلێنکردنەوە بەپێی پیتەکان پەندەکانیان جیاکردۆتەوە، زۆربەشیان دووبارەکردنەوەی کاری یەکترییە، واتە بەشێکی زۆری پەندەکان دووبارەن و لە زۆربەی کارە کۆکراوەکاندا هەن. ئەوەی نوێیە، تا ڕاددەیەک لە هەندی لەکارەکاندا هەوڵی ئەوە دراوە پەندەکان لە فۆڕمی شیعریدا کۆبکرێنەوە، بەڵام هەوڵی نوێ بۆ کۆکردنەوەی پەندی نوێ و تازە دروستبوو نابینرێت لە ئێستادا.

گرنگترین کارێک، کە تا ئێستا لە بواری پەندی کوردیدا ئەنجامدرابێت، کۆکردنەوەی (پەندەکانی پیرەمێرد)ە. ئەویش لە ڕووی ئەوەی زۆرترین زنجیرەی بۆ ماوەی دوو دەیە زیاتر لەسەر یەک لە هەردوو ڕۆژنامەی (ژیان) و (ژین)دا، بەردەوامی هەبووە و بڵاویکردۆتەوە. پیرەمێرد وێڕای ئەوەی کاری کۆکردنەوەی پەندەکان و داڕشتنەوەیان بووە، لە هەمانکاتدا خۆی زۆر پەندی داڕشتووە و بیری خۆی تێکەڵ کردووە و هەوڵیداوە لە چوارچێوەی پەنددا بیانخاتەڕوو. لە ڕووی فۆڕمەوە سەرجەم پەندەکان لە فۆڕمی شیعریین و بەجۆرێکن، کە بە پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرد ناسراون. هەر لەبەر ئەم گرنگی و بایەخەشە، لەڕووی بیر و شێوەوە، کە ئەم تێزەی ئێمەی بۆ تەرخانکراوە.

**پاری دووەم: پەندی پێشینان، گرنگی و تایبەتمەندی، پۆلێن و ئەرکی:**

**یەکەم: گرنگی پەندی پێشینان:**

لە ژیانی سەرجەم گەل و نەتەوەکانی ئەم دونیایە چەندین بیروباوەڕ، کلتور، ئەفسانە و داستانی جۆربەجۆر هەن. ئەگەر لێکدانەوە و شیکاریی وردیان بۆ بکەیت، ڕەگەز و توخمی هاوبەش لە کلتوری زۆربەی هەرە زۆری نەتەوەکاندا دەدۆزیتەوە، جا ئەو نەتەوەیە لە هەر بارودۆخێکی ژیاریی، ئابوریی و کۆمەڵایەتیدا ژیابێت، یان بژییێت، یاخود هەڵگری هەر جۆرە ئایدۆلۆژیا و پێکهاتەیەکی چینایەتی بێت. خۆ ئەگەر خاڵی هاوبەش و شێوەی ژیانیان و بیروباوەڕیان لە یەکەوە نزیک بێت، ئەو کاتە ڕەنگدانەوەی لە کلتوری ئەم گەلانە زیاتر دەبێت. بێگومان، کە مەبەستی ئێمەش لێرەدا پەندەکانە، ئەوا لە پەندەکانیشدا بەڕوونی ڕەنگدەداتەوە، بۆیە پەندەکان گرنگییەکی زۆریان لە زۆر ڕووەوە هەیە. لەوانە:

١. یەکێک لە گرنگییەکانی پەند ئەوەیە، کە گوزارشت لە بیری کۆمەڵ دەکات، چونکە پەندەکان "ڕەنگدانەوەی ساتەوەختە گرنگەکانی مرۆڤە لە بارودۆخە جیاوازەکاندا" (رخزادی: ١٣٨١هـ ١٢)، بۆیە پەندی پێشینانی هەر نەتەوەیەک "گرنگترین نموونەی هەڵسوکەوت و نەریت و بیروباوەڕ و ژیانی ئەو نەتەوەیەیە، هەر گەلێک زاناتر و شارەزاتر بێت پەندەکانی ئەوان پێشکەوتووترن... پەند بیری کۆکراوەی هەرگەلێکە، تەواوی بیر و خەیاڵ و هەستی لە پەنددا کورتکراوەتەوە و لەوێدا بەرجەستە دەبێت" (همایی: ١٣٧٣هـ ١٩١). نابێت پەندەکان فەرامۆش بکرێن، کە گەورەترین سەرمایەی ئەدەبی بوون لە ڕابردوودا. ئەگەرچی پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت، کە ناکرێت پەندەکان هەموویان وەک پێوەرێک بۆ ژیانی ئێستا دابنرێن و پەندەکان ببنە بنەما بۆ ژیانی ئێستای کۆمەڵ، چونکە "گومانی تێدانییە ئەو قسە و پەندانە زادەی بیری مرۆڤایەتین، بەڵام لە هەل و مەرج و قۆناغێکی تایبەتی و جیادا، دروست نییە بە پێوانەی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان هەڵبسەنگێنرێن" (سورمێ: ١٩٩١، ٦٨)

٢. گرنگییەکی تری پەند ڕاستییە، پەندەکان ڕاستییان زیاتر تێدا وەک لە هەر ژانر و چەشنێکی تری ئەدەبی، بۆیە "پەند گرنگترە لە پەخشان و چیرۆک، نزیکترە لە ڕاستییەوە، لە گوزارشتکردن لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە بە تەنها بایەخ بە دیاردەکان نادات، بەڵکو بایەخ بە ڕەفتارە نادیارەکانی پشت دیاردەکان دەدات. ئەگەر سەرنج بدەیت پەندە داڕێژراوەکە لەگەڵ تاک دەدوێت نەک کۆ، یان زۆر کەم کۆیە، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی پەندەکان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ناخرێنە ڕوو" (شیخ: ١٩٩٠، ١٥٧). ئەم ڕوونی و ڕاستییەی پەند بەجۆرێکە، کە "ئاوێنەیەکی ڕاستگۆی کەتوارە، گوزارشت لە شارستانیەتی کۆکراوەدەکات. ژیان وەک خۆی دەخاتە ڕوو، هیوا و ئاواتەکانی داهاتوویان دیاریدەکات. زۆر جار دەبەسترێتەوە بە چیرۆکێکەوە، کە ڕوویداوە" (عزالدین: ١٩٩٢، ١١). ئەمەش یارمەتیدەرمانە بۆ ئەوەی ڕابردوو وەک ئەوەی، کە

هەیە لە بیرکردنەوە و تێڕوانینی پێشینانمان ببینین و خەون و خولیایان بۆ ئاینده بزانین. ڕاددەی هاتنەدی ئامانجەکانیان دەستنیشان بکەین و یارمەتیمان دەدات لە بەرنامە و پلانسازیماندا ئەوەی ئەوانی پێش خۆمان پێی نەگەیشتوون لە بەدیهێنانی دەستکەوتەکان ئێمە هەوڵی هێنانەدییان بدەین.

٣. چارەسەری گرفتە کۆمەڵایەتیەکان یەکێکی ترە لە گرنگییەکانی پەندەکان، چونکە پەندی پێشینان وەک "ڕەچەتەیەکی کۆمەڵایەتی ئامادەکراو وایە، بۆ چارەسەری ڕووداوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی. بەشێوەیەکی کورت و پوخت، کە گوزارشتە لە ئەزموونێکی هاوشێوە، کە پێشتر ڕوویانداوە. ئەم ڕەچەتە ئامادەکراوانە لە کاتی بەکارهێنان و گواستنەوەیان لە پارێزگاری پێگەی کلتوریی کۆمەڵگاکە و چارەسەری گرفتەکانی بەشداری دەکەن" (بلبالي و ذيبة: ٢٠١٦، ٢٠).

٤. پەروەردە و ڕێککاری ڕەفتاری گرنگییەکی تری پەندەکانن، بەوپێیەی "پەندەکان گرنگییەکی پەروەردەیی گەورەیان هەیە، چونکە هەڵگری ناوەڕۆکێکی سوودبەخشن، ئەزموونێکی بەهادارن، گرنگی زۆریان هەیە، کە پێویستە بۆ پەروەردەی مرۆڤ و چاکسازی کردنی" (التوم: ٢٠١٩، ٩). گرنگترین سوودەکانی پەندەکان لایەنی پەروەردەییە. بەو پێیە خودی پەندەکان ئامانجیان دووبارە نەکردنەوەی هەڵەکان و ڕاستەڕێکردنی ژیانی مرۆڤ و سوود وەرگرتنە لە ئەزموونە شکستخواردووەکانی ڕابردوو، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان پێیدا تێپەڕیون و لە چوارچێوەی پەندێکدا داڕێژراون، تا بمێنێتەوە بۆ پەند لێوەرگرتن.

٥. دەرخستنی نادیارەکان و ڕوونکردنەوەی لێڵییەکان گرنگییەکی تری پەندەکانە، "لەڕێگای پەندەوە شاراوەکان ڕووندەبێتەوە، دەبینین، کە مرۆڤ ئاماژە بە واتایەک دەکات، هیچ دوودڵ نییە، کاتێک نموونەیەک دەهێنێتەوە تەواو ڕوون دەبێتەوە" (نصار: ٢٠٠٢، ٤). یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی پەندەکان لە کۆنەوە، تا ئەمڕۆ بەشداریکردن و ئامادەیی تەواوی پەندەکانە لە گفتوگۆکردن، لە وتاری سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتیدا، کە ئامانج لێی هێنانەئارای تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی نادیارەکان و بڕوا پێهێنانی بەرانبەرە بەو مەبەستەی ئاخێوەر دەیەوێت، چونکە پەندەکان ئەگەرچی کورت و پوخت بن، بەڵام واتایەکی فراوان و قووڵیان تێدایە.

٦. ڕاشکاوی لە ڕەخنەگرتندا، گرنگییەکی تری پەندەکان بەکارهێنانیانە بۆ ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی سیاسی و فەرمانڕەوایان، وەک چەکێکی کاریگەری دەستی خەڵکانی ناڕازی وایە، بۆیە "زۆرجار بەپەند، ڕەخنە دەگیرێت لە ناتەواوییەکی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، یان ڕەوشت و خووی بێ ئەوەی، کە کەس بترسێت لە زۆردارێکی ستەمکار، یان لە سەرۆکی وڵات، چونکە خاوەنی پەندەکان، ون و نادیارن، کەس نازانێ کێیە، هەر بۆیە پەندی پێشینان کراوە بە سەربازی نادیار، تا هەموو کەسێک بتوانێت لە لاوە، چ ڕەخنەیەک ئەگرێت بگرێت" (خاڵ، ٢٠٠٧، ٩)

٧. وەک بنەمای دەستور و یاسا، سەرەڕای ئەوەی پەندەکان خۆیان لە سەردەمانێکدا بەشێک بوون لە دەستور و یاسای کۆمەڵایەتی و کاروباری دادوەری و پێوەری چەسپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بوون، "لە دواییدا بوون بە بەندی دەستور و یاسای میللەتان و هەیکەلی دەستوری حوکمڕانی خۆیان لەسەر هەڵبەستووە و پەیڕەویان کردووە، لەوانە یاسای ڕۆمانی و ...لایەنێکی گەورەش لە یاسای گشتی ئینگلیزی لەسەر ئەو گەنجینەی قسەی نەستەق و پەندی پێشینانەی، کە دەماودەم لە پشتێکی کۆنەوە بۆیان ماوەتەوە دامەزراوە" (شارەزا: ١٩٨٣، ٩)
٨. شارەزابوون لە هەمەلایەنی ژیانی گەلان، بەو پێیەی ڕەنگدانەوەی بێ پەردەی ژیانی گەلانی ڕابردوون، دەکرێت وەک ئامرازێک بەکاربهێنرێت بۆ شارەزابوون و ئاشنابوون بە ژیانی گەلانی دونیا لە هەر ڕوویەکەوەبێت، چونکە "پەندەکان ڕەنگدانەوەی بیری گەلان و داب و نەریت و شارەزاییەکانیانن، گوزارشت لە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵ دەکەن، بە پێی ئەوەی، کە دەیڵێن. سەرەڕای ئەوەش هەڵوێست و بەرژەوەندییەکانیان دەردەخات، هەر بۆیە سەرچاوەیەکی گونجاو و گرنگن بۆ شارەزابوون لە باری دەروونی هەرگەلێک و پێشکەوتنی بیریی و شارستانی" (بدران: ٢٠١٧، ١٠٢٩). پەندەکان وەک گەنجینەیەکی ڕاستەقینە بۆ لێکۆڵینەوە وان و سەرچاوەیەکن بۆ ڕەهەندەکانی ژیان و شیکردنەوەیان لە واقیعدا، هەروەها بۆ سوود لێوەرگرتنیان بۆ گریمانە و پێشهاتەکانی داهاتوو، کەرەستەیەکی باشن بۆ توێژینەوەی زانستی و کۆمەڵایەتی گشتگیر و فراوان.
٩. ڕەسەنایەتی و ڕیشەی نەتەوە دەردەخات، لە ڕێگای پەندەکانەوە، کاتێک ئاشنا دەبین بە جۆری بیرکردنەوەی هەرگەلێک، دەتوانین لە ڕێگایەوە دەستنیشانی ئاستی تێگەیشتن و تێڕوانینیان بۆ دیاردەکانی ژیان، ئاستی ڕۆشنبیرییان بۆ چارەسەری گرفتەکان و بەهاکان، ئاستی شارستانییەتیان لە چاو گەلانی تری ئەو سەردەمەدا دیاریبکەین.
١٠. شارەزابوون لە شوێن و شوێنەوار و جوگرافیای هەر گەلێک و شێوەی ژیانیان لەو سەر زەمینە دیاریکراوەی، کە هەڵیانبژاردووە، چۆنیەتی مامەڵەیان لەگەڵ دۆخە دووبارەبووەکانی ژیانیان وەک: مردن و مردوو، هاوسەرگیری، پرسە، ئاهەنگ، جەنگ، ئاشتی، خواردن و خواردنەوە، ئاژەڵ و ژینگە ...هتد
١١. ڕۆڵی چاودێریکردن: زۆرجار پەندەکان وێنەی ڕەفتاری تاک لەگەڵ کۆمەڵ دەگرێت و ڕۆڵی چاودێر دەبینن بەسەر ڕەفتاری تاکەوە، کە ئەویش لە ڕێگای گواستنەوەی پەندەکانەوە شێوە و جووڵە و ڕەفتاریان بە نەوەی دوای خۆیان ئاشنا دەکات.

کەوابوو بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت ئەم بۆچوونە بە پەسەند بزانرێت، کە دەڵێت: پەندەکان "بوارێکی پاک و گرنگن پێویستییان بە چەندین لێکۆڵینەوەی ورد و دروست هەیە، وەک گەنجینەیەک وان بۆ

کلتوری کۆمەڵگا، ئەزموونەکەی، تێڕوانینی، زمانی. سەرەڕای ئەوەش لەڕووی دەنگسازی، وشەسازی، پێکهاتەی ڕستەسازی، شێوازناسی و دەرهێنانی وردەکارییەکانی زمانەوانییەوە" (الدسوقی: ٢٠١٥، ١١) گرنگی ئەو تۆیان هەیە، بۆیە سەرەڕای ئەوەی خستمانە ڕوو هەر لە ڕوانگەی گرنگی پەندەکانەوە لە هەنگاوەکانی داهاتوومانداا لەم بەشەدا پەیوەندی پەندەکان لەگەڵ زانستەکانی تردا دەخەینە ڕوو.

**دووەم: تایبەتمەندی پەندی پێشینان**

پەندەکان بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و خاڵی جیاکەرەوەیان هەیە، کە وەک سیمای ناسینەوەیان دیاری دەکرێن لەناو چشنە ئەدەبییەکانی تر. ئەویش لە ڕووی فۆڕم و داڕشتنی زمانەوە سادده و ڕەوان، کورتی لە دەربڕین و قووڵی لە واتا، ئاواز و مۆسیقای شیعریی، جوانی لە ڕەوانبێژی و چواندنی تەواو و گەیاندنی واتا، هەروەها لە ڕووی ناوەڕۆکەوە تایبەتە بە سەلیقەی سروشتی کۆمەڵ و ناوەڕۆکێکی ئامۆژگاری و بەهای ڕەفتاریی تێدایە. گەنجینەیەکی شارستانی و کۆمەڵایەتی ئەدەبییە، ڕەنگدانەوەی داب و نەریتی کۆمەڵە. پەند هەڵگری واتای ئەزموون و بیری ڕابردووە و پوختەی ئەزموون و بەرهەمی شارەزاییە. ڕاستگۆیە لە گوزارشتکردن و ترسی تێدانییە، سیمایەکی دیاری پەند، بەخێرایی گواستنەوە و فراوانی و بەربڵاوییە. لە ڕەخنە ناترسێ، لە ڕووی خاوەندارێتی و بڵاوبوونەوەوە، گەل خاوەنییەتی لە داڕشتن و گواستنەوە و بڵاوبوونەوە و پاراستنی، سەرەتا ناتوانرێت تۆماربکرێت، تا تەواو گەشە دەکات و بڵاودەبێتەوە، بڵاوی و خێرایی لە گواستنەوەی سیمایەکی دیارییەتی. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە گوتەیەکی کورت و ڕوونە، ڕووداوێک دەچوێنێت بەڕووداوێکی پێشووتر، کورتییەکەی و پوختییەکەی، سادەیی و ئاسانییەکەی، زمان و دەربڕینەکەی هۆکاری خێرایی گواستنەوە و بڵاوبوونەوەیەتی.

**لێرەدا چەند خاڵێکی جیاکەرەوە و تایبەتمەندی پەندەکان بەمشێوەیە دەخەینەڕوو:**

١. **جێگریی و چەسپاوی**: پەندەکان جێگیرن و سەرچاوەی ڕەسەنی خۆیان ناگۆڕن، پارێزگاری لە سەرچاوە و کاراکتەری ناو پەندەکان دەکەن. لە ڕووی ڕەگەزەوە واتە لە نێر و مێ، یان لە ڕووی ژمارەوە تاک و کۆ، چونکە پەند "سەرچاوەی ڕەسەنی خۆی ناگۆڕێت کە لێوەی هاتووە، بۆیە نەگۆڕی تایبەتمەندی پەندە، واتە لە نێرەوە بۆ مێ، یان لەتاکەوە بۆ کۆ گۆڕینی بەسەردا نایات، فۆڕم ڕەگەزێکی سەرەکییە لە پەندداا وەک ڕەسەنایەتییەک بەردەوام پێوەی دەمێنێتەوە" (عابدین: ١٩٨٩، ٨٦)، بۆیە شێوەی داڕشتنی پەندەکان ڕێگایەکی باشن بۆ پارێزگاری و مانەوەی پەندەکان.

٢. **نادیاری خاوەنی**: یەکێک لە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی پەندەکان ئەوەیە، کە خاوەنیان دیارنییە، چونکە "پەند لەسەرەتاوە دەست نادات بۆ نووسینەوە و تۆمارکردن، تا گەشەی تەواو

دەبێت لەسەر دەستی خەڵکی" (زبیر و بکار: ٢٠٢٠، ١١). ئەم گەشەکردن و قۆناغی خوولخواردنەی بوون بە پەندی پێشینان پێویستی بە بەشداری خەڵکە لەڕووی بیر و دارِشتن و بنیادی هونەرییەوە. بۆیەش خاوەنی نادیارە، چونکە بیرەکە بیری هەمووان و شێوەی دارِشتنی دەستی هەمووانی تیایە و کەسێک خاوەنی نییە بە تەنها.

٣. **گۆڕانی نیمچەیی لەشێوە و پارێزگاری لە ناوەڕۆک**: ئەگەرچی وەک لە خاڵی پێشوودا ئاماژەمان پێکرد، پەندەکان، تا ئەو پەڕی توانا پارێزگاری لە فۆڕمی خۆیان دەکەن، بەڵام زۆر جار لە کاتی گواستنەوەدا دەشێت لەنێو شێوەزارەکانی زمانێک، یان دووزمانی جیاوازدا یان لە سنورێکەوە بۆ سنورێکی تر لە ڕووی پێکهاتن یان وشەوە بگۆڕێت و وشەیەکی هاوواتای بێتە جێگای، بەڵام هەرگێز دەستبەرداری ناوەڕۆکی خۆی نابێت و پارێزگاری لە پەیام و ناوەڕۆکەکە دەکات، کە هەڵگریەتی، لەبەرئەوەی "پەندەکان کاتێک لەناو گەلاندا دەگوازرێنەوە، تا دەتوانن پابەند دەبن بە چەسپاوی فۆڕم و شێوازەکەیانەوە، ئەگەرچی ئەگەری گۆڕانکاری یان شێواندنیان هەیە، کە تەنیا کاریگەری لەسەر پێکهاتە زمانییەکەی هەیە، یان دەربڕینەکەی لە وشەیەک یان زیاتر، بەڵام ناوەڕۆکی پەندەکە بە جێگریی و نەگۆڕی دەمێنێتەوە" (سلیم: ٢٠٠٠، ٦٨).

٤. **سادەیی و ساکاریی**: سیمایی هەرە دیاری پەند، کە زۆربەی شارەزایانی ئەم بوارە لەسەری کۆکن بریتییە لە سادەیی لە ڕووی زمان و دەربڕین و بیرەوە، کە هەڵگری سیمای سەردەم و خەڵکەکەیەتی لە ڕووی بیر و دارِشتنەوە، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی شێوەی پەندەکان کورتدەکرێتەوە لە پوختی دەربڕین، دروستی و ڕوونی واتا، لێکچواندن، ڕەوانی و ڕەوانبێژی.

٥. **نوێبوونەوە و خۆگونجاندن**: یەکێکی تر لە سیمای دیاری پەندەکان تواناى نوێبوونەوەیەتی لەگەڵ سەردەمدا و خۆگونجاندنییەتی لەگەڵ بارودۆخە نوێکاندا. لەگەڵ نوێبوونەوە و پێشکەوتندا نامۆ نابێت، واتە "زۆر لە پەندی پێشینان، کە لە کۆندا وتراون واتای نوێیان ئەدرێتێ، بۆیە پەندی پێشینان دەبێتە ئاوێنەیەکی دەرخستنی دۆخی پێشکەوتن و تازەبوونەوەی ژیانی گەلان، لەبەرئەوەی لەم ڕووەوە پەندی پێشینان لە هەمووشتێک زیاتر نەرمی زیاتر تێدا، لەگەڵ کات و دۆخدا دەگونجێن" (ڕەسوڵ و تەقی: ١٩٨٤، ٧٧).

٦. **بەربڵاوی و خێرایی لە گواستنەوە**: تایبەتمەندییەکی گرنگی پەندەکان ئەوەیە، کە خێرا بڵاودەبنەوە و لە گواستنەوەیان بەناو کۆمەڵدا سنور ناناسان. بە جۆرێک، کە هیچ کەسێک نییە پەندێک، یان چەند پەندێکی لەبەرنەبێت و بڵاوییەکەی لە ناو خەڵکیدا بەشێوەیەکە تەمەن ناناسێت. لەنێوان منداڵ و مێرد منداڵ، گەورە و بەساڵاچوو باو و بڵاوە، هەروەها جیاوازی ناکات لەنێوان چینەکانی کۆمەڵدا. لە چوارچێوەی گەلێکی دیارکراودا نامێنێتەوە، چونکە "پەند سنور ناناسێ نابێتە ڕێگر و هۆی شاردنەوەی، بەڵکو بڵاودەبێتەوە لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی تر،

هیچ ئاستەنگێکی نییە، هیچ کۆت و بەندێکی جوگرافی، مرۆیی، سروشتی نییە لەبەردەمی، بۆیە پەند بوونەوەرێکی زیندوو و ئازادە، ڕابردوو و ئێستای پێکەوە گرێداوە و لە داهاتووشدا هەر بەزیندوویی دەمێنێتەوە" (سلیم: ٢٠٠٠، ٦٨)

٧. **دووبارەبوونەوە**: زۆربەی پەندەکانی زمانی کوردی بەهۆی ئەوەی هاودەردییان تێدایە و کەڵەکەبووی شارەزایی و ئەزموونی ڕووداوەکانی ڕابردوون، هەڵگری واتایەکی فراوانن. توانای ئەوەیان تێدایە لەچەند دۆخ و هەلومەرجێکی هاوشێوە و لەیەکچووودا دووبارەببنەوە.

٨. **کێشی هیجایی، پەنجەیی**: پەندەشیعرییەکان بە زۆری بە کێشی هیجایی هۆنراونەوە، کە زۆربەیان "بە شێوەی دەهیجایی و هەشت هیجایی وتراون، کە ئاهەنگێکی دڵنشین و جوانیان هەیە" (موسلیح: ١٣٩٧هـ ٩)

٩. **مۆرکی ناوچەیی**: زۆرجار بەپێی ژینگە و شوێنە جیاوازەکانی ناوچەی لەدایکبوون و گەشەکردنی پەندەکان، دەتوانرێت بناسرێنەوە و هێڵێکی جیاکاری بکێشرێت لە نێوانیاندا. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە "پەندی پێشینان دەستکردی گەلە بە تێکڕایی، زادەی بیروباوەڕی گشت لایەکیانە، هێندێکیان لە ناوچەی خوێندەواریی و ژیریی و بیریی بەرز و هێندێکیشیان لە ناوچەی نەخوێندەواری داڕێژراون،... لەبەرئەوە هێندێکیان دەبینین لەکاڵا و مەبەستێکی قەشەنگ و جوان و دڵ چەسپا، هێندێکیشیان لە بەرگ و کاڵایەکی تردا، بەڵام هەموو بە تێکڕایی جوانن، هەریەکە وەک ئەستێرەی ئاسمان جۆرە ورشە و پرشە و بریسکە و تریسکەیەکی هەیە، هەریەکە نیشانەی شتێکە، ڕێنوێنی چەند کەسێک دەکات بۆ مەبەستێکی بەرز" (خاڵ، ٢٠٠٧، ١٠)، بەڵام لە ئامانجدا هەموویان یەکن، کە ئامانجێکی ڕەوشتیی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییان هەیە.

١٠. **ناوەڕۆکێکی ئامادە بۆ نواندن**: پەندی پێشینان، یان زۆربەی زۆریان شایستەی ئەوەن، کە چیرۆکێکی درامی یان شانۆیی بۆ سازبکرێت، ئەگەر فیلمی سینەمایش نەبێت. ئەم دەربڕینە ئەگەر زێدەڕۆیی تێدانەبێت، بۆ ئەو واتا فراوان و قووڵە دەگەڕێتەوە، کە هەڵگرییەتی و لە بنەڕەتدا خۆی کورتکراوەی چیرۆکێکە و هەموو کات توانای بوونەوە بە چیرۆکی هەیە. لە ڕووی سەرلەنوێ داڕشتنەوە و نووسینەوە جارێکی تر، واتە پەندی پێشینان لەگەڵ خۆیدا شتێکی تر ئەهێنێتە کایەوە، کە ئەویش چیرۆک و کورتە چیرۆکە، شانۆ و نواندن و زنجیرە درامایە.

١١. **هاوبەشی و لێکنزیکی**: بەهۆی بارودۆخی هاوشێوەی ژیانی گەلان، لە نەتەوە جیاوازەکان، جا ئەم هاوبەشییە لە بیروباوەڕی ئاینی بێت، یان لە شێوەی ژیان و ژینگەکەی بێت وەک ژینگەی کشتوکاڵی، یان پیشەسازی، یان بەهۆی بوونی پەیوەندییە هاوبەشەکانی نێوان ئەم گەل و نەتەوانە لە ڕێگای هاوسنوری و بازرگانی و پەیوەندی تری کۆمەڵایەتییەوە. پەندی هاوبەش و

هاوشێوە هاتوونە کایەوە، کە لەناو ئەم گەلانە وەک یەک و بەیەک شێوەی دارشتن و ناوەرۆک، هاوشێوە و باو و بڵاون لای هەمووان وەک یەک بوونی هەیە.

١٢. **هەمەچەشنی لە شێوازی دەربڕیندا:** زۆر لە پەندەکان بەهۆی جۆراوجۆری دەربڕین و بوونی شێوەزارەکان لە زمانی کوردیدا، هەروەها بەهۆی ژیریی پەندبێژانەوە دەبینین بۆ یەک ڕووداو، چەند پەندێک لە فۆڕمی جیاوازدا داڕێژراون. ئەگەرچی شێوەیان جیایە، بەڵام هەڵگری یەک ناوەڕۆک و هەمان مەبەستن.

١٣. **تایبەتمەندی زمانەوانەوانی:** لە دارشتنی پەندەکاندا زمانێکی تەڕ و پاراو، سادە و ڕەوان، بەکارهاتووە، کە زۆر تایبەتەمەندیی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازییان تێدایە، چ لە نێوان شێوەزارەکاندا، یاخود لەناو یەک شێوەزاردا. لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری پەندەکانی زمانی کوردی لە ناوچەیەکی دوور لە دەستی زمانی بێگانە دروست بوون، وێڕای بەکارهێنانی کوردییەکی پەتی کەرەستەیەکی باشی دەستی لێکۆڵەرانی ئەو بوارەن و دەکرێت ئەنجامی باشیان لێ بەدەست بهێنرێت.

١٤. **بەهێزی لەناو چەشنە ئەدەبییەکانی تردا:** پەندەکان بەشێوەیەکی گشتی لە شیعر بڵاوترن، لە وتاری ئەدەبی بەهێزترن، بۆیە هیچ بەربەستێک ناتوانێت ببێتە لەمپەر لە بەردەمیدا و توانای مانەوەیان زیاترە و بەرگەی لەناوچوون دەگرن.

١٥. **وەک ناونیشانێکی ئامادەن:** پەندەکان هەمیشە وەک ناونیشانێکی ئامادە وان بۆ دەقێکی فروان، بۆ نووسین و زەمینەی ئەوەیان تێدایە، چونکە وەک دەقێکی بچووککراوەن. لە بنەڕەتدا چیرۆکی ئەزموونێکی ڕابردووە و بچوککراوەتەوە. هەمیشە ئامادەیی تێدایە ببێتەوە بە چیرۆکەکەی جاران و دەکرێت لەژێریدا چیرۆکێکی هاوشێوە بنووسرێت. ئەمیش ببێتە ناونیشانەکەی، یاخود وتارێکی ئامۆژگاری و پەند ئامێزیان لە سایەدا بنووسرێت.

### سێیەم: پۆلێنکردنی پەندی پێشینان

بە مەستی ئاسانکاری بۆ خوێنەران و توێژەران، هەروەها بۆ ئەوەی ڕێکارێکی گونجاو بدۆزرێتەوە بۆ کۆکردنەوە و تۆمارکردنی پەندەکان، دووبارەبوونەی پەندەکان و تێکەڵی و ئاڵۆزی و بەناو یەکداچوونی زۆریان تێدانەبێت چەندین پۆلێنی جۆراو جۆردەبینین، کە بۆ پەندەکان کراون دیارترینیان، کە لای زۆربەی نەتەوەکان کراوە پۆلێنکردنە بە پێی پیتەکان، لە (أ بۆ ی).

پۆلێنی پەندەکانی زمانی کوردی بە زۆری پشتی بەم جۆرە پۆلێنە بەستووە. ئەمەش کەمتر ئاسانکاری تێدایە بۆ توێژەران و تەنانەت بۆ خوێنەرانیش. جیا لەم جۆرە پۆلێنە لای نەتەوەکانی تر، یان لای

توێژەران چەند پۆلێن یان پێشنیازی چەند جۆری پۆلێنکردن دەبینین. لەم ڕووەوە ئێمەش پوختەی بۆچوونی خۆمان سەبارەت بە پۆلێنی پەندەکان دەخەینەڕوو بەمشێوەیە:

١. **لە ڕووی مێژووییەوە**: دەکرێت پەندەکان لەڕووی مێژووییەوە پۆلێن بکرێن بۆ (دێرین، نوێ، هاوچەرخ)، چونکە پەندە دێرینەکان، کە کورتکراوەی ئەزموونێکی دێرینن دەشێت بەریەککەوتن و نەگونجانیان هەبێت لەگەڵ بارودۆخە هاوچەرخەکان و لەگەڵ یەکدا نەیەنەوە، بەڵام لە ئەگەری ئەم پۆلێنکارییەدا، لای خوێنەر و توێژەر تێگەشتنی زیاتر دێتە ئاراوە و لەبەریککەوتنەکە تێدەگەن.

٢. **لە ڕووی شێوە و پێکهاتنەوە**: دەکرێت پەندەکان لە ڕووی شێوەی داڕشتن و پێکهاتنیانەوە پۆلێنبکرێن، واتە بەشێوەی پەندی (کورت و سادده، ئاوێتە و لێکدراو، فراوان و چەند ڕستەیی و چیرۆک ئامێز)، بە بەڵگەی ئەوەی زۆر لەمێژە م.پیرۆ ڕۆندۆ لە باسی پەندی پێشیانی کوردیدا لای خۆیەوە ئەم جۆرە پۆلێنەی کردووە و دەڵێت: " ئەم قسەی پێشینانە یەک ڕستە و دوو ڕستەیە، کورت و واتادارە، ئاواز و ئاهەنگدارە" (ش. ڕەسوڵ: ٢٠٠٨، ١٨).

٣. **بە پێی بوون**: پۆلێنی پەندەکان دەکرێت لەسەر بنەمای بوون و ڕاستی وەک پەندی واقیعی و خەیاڵی. پەندی واقیعی ئەوەیە، لەئەنجامی ڕووداوێکی ڕاستەقینە، کە لە واقیعدا ڕوویداوە بنیاتنراوە، پەندی خەیاڵی پەندێکی گریمانەییە، کە دادەڕێژرێت، واتە "چۆن پەندەکان ئاماژەن بۆ دۆخێکی واقیعی، کە ڕوویانداوە و ڕاستەقینەن، دەشێت ئاماژە بەڕووداوێکی گریمانەیی و خەیاڵی بکات، کە مەبەست لێی گەیشتن بووە بەدڵ و ئاوەزی گوێگر. پەندبێژ خەیاڵ دەکات ڕووداوەکان لە نێوان ئاژەڵان، مرۆڤەکان، شتە بێ گیانەکان یان هاوشێوەیان ڕوودەدەن، لەسەر ئەم بنەمایە پەندەکان دەکرێنە پەندی ڕاستەقینە و خەیاڵی" (عوطین: ١٩٨٢، ٣٣٢)

٤. **بە پێی ناوەڕۆک و شێوە**: دەکرێت ڕێگایەک لە ڕێگاکانی پۆلێنکردنی پەندەکان بەپێی ناوەڕۆکی پەندەکان، یان شێوەیان بێت. بە بەڵگەی ئەوەی لە باسی پۆلێنی پەندەکاندا ئەم چەند گرووپە جیادەکرێتەوە "پەندی پەخشانی، پەندی پەند ئامێز، پەندی گاڵتە ئامێز، پەندی چیرۆکی خەیاڵی و ئەفسانەیی و لەسەر زمانی گیانداران، پەندی قورئانی، پەندی فەرمودەیی، پەندی شیعریی، پەندی مەتەڵ ئامێز، پەندی تازە و باو، پەندی گوازراوە" (النجار: ٢٠٠٣، ٧٥).

٥. **بە پێی ئامانج و مەبەست**: ئەگەرچی ئەم پۆلێنەش هەر ناوەڕۆک دەگرێتەوە، یان نزیکە لە پۆلێنکردن بە پێی ناوەڕۆک، بەڵام ئێمە سەبارەت بە پۆلێنکردنی پەندی پێشینانی کوردی ئەوە بە دروست دەزانین، کە پەندەکان بە پێی ئامانج و مەبەستیان پۆلێن بکرێن وەک مەبەستەکانی: پەروەردەیی، ڕێککاری چاکسازی و ڕێککردنەوەی ڕەفتاریی، وێنەی ژن و ئامانج لێی، منداڵ و بایەخی، ژینگەیی و پاراستن و پاک ڕاگرتنی، پەیوەندییەکانی خێزانی و هاوسەرگیری و

کۆمەڵایەتی، بەهاکان و پاراستنیان، ئاینداری و بیروباوەڕیی ئایینی، تەنز و ئامانجی، فەلەکناسی و دیاردە گەردوونییەکان، کارگێڕی و خۆبەڕێوەبردن، جوگرافیا و شوێن و شوێنەوارناسی، مێژوویی و ڕووداوەکان، ئاواز و دەنگ و میوزیک و ئاهەنگ و شادی، مردن و مەرگ و شیوەن، ساڵ مەند و بەساڵاچوو و خاوەن پێداویستی تایبەت، سیاسەت و پەیوەندییە دبلۆماسییەکان، شێوازی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، فەلسەفە و لۆژیک و دونیابینی، بازرگانی و گەشت و گەڕان، پەیوندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ، یان مرۆڤ و ئاژەڵ، یان ئاژەڵ و ئاژەڵ، ...هتد.

بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی خرایەڕوو جیا لە پۆلێنە باوەکەی پەند، کە بەپێی پیتە چەند جۆرێک پۆلێنی تربوون، کە بەپێی بۆچوونی ئێمە بۆ پۆلێنکردنی پەندی پێشینانی کوردی دواخاڵی ئەم جۆرانە، کە پۆلێنکردنە بە پێی مەبەست و ئامانجی پەندەکان، بە پەسەند و گونجاو دەزانین، هەروەها بڕوامان وایە پرۆسەی بەرهەمهێنانی پەند بەردەوامی هەیە وێڕای بوونی پەندی پێشینانی دێرین، هاوکات بەپێی دۆخ و قۆناغ و شێوەی ژیانی مرۆڤەکان بەردەوام پەندی نوێ لەدایک دەبن و دوای بڕینی قۆناغەکانی بوونە پەند و وەرگرتنی مۆرکی پەندی پێشینان، پێویستە میتۆدێکی گونجاو بۆ تۆمارکردن و پاراستنیان هەبێت، کە گرنگی و بایەخی یەکجار گەورەیان هەیە.

## چوارەم: ئەرک و بواری پەندی پێشینان

پەندەکان هەڵگری ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەندن، بۆیە کۆمەڵێک پەیام و ئەرکیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، کە پەندبێژ و ژیربێژ و بیرمەندان و کۆمەڵ دەیانەوێت نەوە بۆ نەوە بیگوازنەوە. لە پێناو هێنانەدی ئەو ئامانجەی لە پێناویدا ئەزموونەکەیان لە پەندێکدا کورتکردۆتەوە، تا وەک ڕێبەرێک بۆ نەوەی دوای خۆیان بمێنێتەوە، بۆیە توێژەران هەریەک بەجۆرێک چەند ئەرک و جۆرە پەیامێک بۆ پەندەکان دەستنیشان دەکەن، وەک: "ئەرکی پەیوەندیکردن، ئەرکی ڕەوشتی، ئەرکی پەروەردەیی، ئەرکی فێرکاری، ئەرکی هونەری، ئەرکی کات بەسەربردن" (بلبالي و ذيبة: ٢٠١٦، ٢٧-٢٩).

هەروەها پۆلێنی تر بۆ دیاریکردنی ئەرک و پەیامی پەندەکان هەیە ، کە جگە لەوانەی پێشوو چەند ئەرکێکی تریش دیاریدەکەن، وەک: ئەرکی "پەیوەندیکردن، بڕواپێهانان و بەڵگە هێنانەوە، ئاگادارکردنەوە، گفتوگۆ، کات بەسەربردن، ڕەوشتی و فێرکاری و پەروەردەیی، هونەریی" (عابی: ٢٠١٦، ٢٣-٢٥).

جیاواز لەوانەی باسکرا ئێمە چەند ئەرک و پەیامێکی تریش لە پەندەکاندا دەبینرێن وەک: ئەرکی حوکمدان، یاسا و ڕێککاری ئامادەکراو، تەندروستی، چاودێریکردنی ڕەفتاریی، سیاسی، بەڕێوەبردن...هتد،بۆیە لێرەدا بەشێک لەو ئەرک و پەیامانەی، کە پەندەکان لە ئەستۆیان دەگرن، شیدەکەینەوە:

١. **ئەرکی پەیوەندیکردن**: پەندەکان ڕۆڵی ئاسانکاری دەبینن لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لەنێوان تاک و کۆمەڵ و گەلی جیاوازدا. پەندەکان خۆیان سەرچاوەی زانیاری و مەعریفەن، بە گواستنەوە و ئاڵوگۆڕیان لە نێوان تاک و کۆمەڵ و گەلانی هاوسێ، جیا لەوەی دەبێتە مایەی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوانیان و مانەوە و پاراستنی ئەو پەیوەندییە، تێیدا ئەزموونەکانی یەکتری دەگوازنەوە و ئاڵوگۆڕ پێدەکەن لەنێو خۆیاندا دەبێتە وانە و پەند بۆ هەرلایەکیان.

٢. **ئەرکی بڕواپێهێنان و بەڵگەهێنانەوە**: ئەرکێکی گرنگی پەندەکان ئەو ڕۆڵەیە، کە لە نێوان ئاخێوەر و گوێگردا دەیبینێت، بەهۆی بەهێزی ناوەڕۆکەوە، سەرچاوەیەکی باشن بۆ بڕواپێهێنانی بەرانبەر لە بابەتی ئامۆژگاری، وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، هەمیشە وەک بەڵگەی ئامادە بوونیان لەناو دەربڕینەکاندا هەیە.

٣. **ئەرکی ئاگادارکردنەوە و ڕێگریکردن**: پەندەکان، کە کورتکراوەی ئەزموونەکانی ڕابردوون، هەمیشە وەک زەنگێکی ئاگادارکردنەوە وان، بۆ ئەوەی هەڵەکانی ڕابردوو دووبارەنەبنەوە. بەوپێیەی چیرۆکی شکستی ئەزموونێکی پێشینەیان لەناو خۆیاندا هەڵگرتووە، ڕێگا نادەن بە دووبارەکردنەوەی ئەزموونە هەڵەکان و ڕێگری دەکەن لەو ڕووەوە.

٤. **ئەرکی گفتوگۆ و وەڵامدانەوە**: پەندەکان زۆر جار وەک وەڵامی ئامادەکراو و بیانووبڕ ئامادەییان هەیە لە گفتوگۆکاندا. کاتێک پرسیارێک ئاڕاستەدەکرێت ڕاستەوخۆ بە پەندێک وەڵام دەدەیتەوە، کە دەبێتە هۆی وەڵامی پێویست و باوەڕ پێهێنەر، بۆ بەرانبەر و بوار بۆ پرسیاری تر لەو ڕووەوە ناهێڵێتەوە.

٥. **ئەرکی تەنز و بە ئامانجگرتنی چەوتییەکان**: بەهۆی جەنجاڵییەکانی ژیان و سەختی و دژواری کارکردن و ماندووبوون، مرۆڤ پێویستی بە خاڵیبوونەوە و بەسەربردنی کاتێکی خۆش و پێکەنین هەیە. پەندەکان بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆریان هەڵگری وێنەیەکی کاریکاتێرین و مایەی پێکەنینن، زۆرجار بە زمانی تەنز پەیامی خۆیان دەگەیەنن و چەوتی هەڵەکان بە ئامانج دەگرن، جیا لە پەیامەکە دەبنە مایەی کات بەسەربردن و بزەخستنە سەرلێوی بەردەنگ.

٦. **ئەرکی فێرکاری و پەروەردەیی**: پەندەکان ئەرکی ڕێککردنەوەی ڕەفتاریی دەبینن. تاک ئاڕاستە دەکەن بۆ هەڵبژاردنی ڕێگای دروست. هانیدەدەن، بۆ جیاکردنەوەی هەق و ناهەق، لە ڕووی پەروەردەییەوە لە ساوایەکەوە، تا پیربوون بە هەندی وەردەگرن. پەیامی پەندەکان ڕوونە بایەخ بە بەهاکانی ناوکۆمەڵ دەدات و ئەزموونەکانی ڕابردوو دەکاتە بنەمای هەستانەوە بۆ داهاتوو، "پەندەکان وەک قوتابخانەیەک وان، کە لە ڕێگایانەوە تاک ڕەفتاری دروست وەردەگرێت و ئاڕاستەی تەندروست دەگرێتەبەر بۆ ژیانی، لەم ڕێگایەشەوە کۆمەڵ بەشێوەیەکی تەندروست

گەشە دەکات" (عزالدين: ١٩٩٢، ١٦)، زۆر بابەتی فێرکاری لە پەندێکدا کورتکراوەتەوە و وەک ڕێبەرێکی کارکردن وایە.

٧. **ئەرکی هونەریی**: ئەرکی هونەری پەندەکان، کە خۆی لە کورتی و پوختی، سادەیی و ساکاریی، فراوانی و قووڵی واتادا دەبینێتەوە پێگەی تایبەتی پەندی لەناو کۆمەڵدا بەرزکردۆتەوە و وێڕای ئەوەی بۆتە مایەی جوانی و چێژبەخشین، هەوەرها مایەی بڵاوی و مانەوەی خودی پەندەکانن و لەڕێیەوە کاریگەریی زیاتریان دەبێت.

٨. **ئەرکی یاسایی و بەندی باو و ئامادەکراو**: زۆر جار پەندەکان لەڕێگەی ئەم ئەرکەوە کارئاسانی بۆ کۆمەڵ دەکەن، کە وەک یاسایەکی ئامادەکراو وان لە بواری کشتوکاڵی و ئاودێری و ئابوری و سیستەمی باخداری و واتە چۆنییەتی ئاودان، پاراستنی ژینگە، سنوری یەکتر، خوێندنەوەی پێگەی بەرانبەر...هتد.

٩. **ئەرکی تەندروستی**: ئەرکێکی گرنکی پەندەکان لە بواری تەندروستیدایە، وەک دیاریکردنی جۆری نەخۆشییەکان و شێوەی چارەسەریان، خۆپارێزی و دوورکەوتنەوە لەو هۆکارانەی دووچاری نەخۆشی دەبن پێی. دیاریکردنی دەرمانە میللییەکان و پیشەی پزیشکی میللی لە کۆندا، هەروەها مۆدێلەکانی چارەسەرکردن. ئەم ئەرکە ئەگەرچی بەهۆی پێشکەوتنی شارستانییەتەوە ڕۆڵی زووی نەماوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندی شوێندا و لەکاتی پێویستدا خەڵک پەنا بۆ چارەسەرە میللییەکان دەبات.

١٠. **ئەرکی چاودێریکردنی ڕەفتاریی**: پەندەکان چاودێرێکی باشن بۆ ڕەفتاری تاک هەموو جوڵە و کردەوەیەکی مرۆڤ تۆماردەکەن لە تەمەنی منداڵی، مێردمنداڵی، گەورەساڵی و بەساڵاچووان. لەم ئەرکەدا ڕۆڵی چاودێر و ڕاستکردنەوە و ڕاستەڕێکردن بۆ ژیانێکی باشتر دەبینێت.

١١. **ئەرکی سیاسی**: پەندەکان ئەرکی سیاسی دەبینن بە هۆی ناوەڕۆکی سیاسییانەوە، چ بە ڕەخنەگرتن بێت لە دەسەڵاتی سیاسی، بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، یاخود بە ئاڕاستەکردن بێت بۆ ڕێگای دروستی سیاسەت لە ڕێی سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردوو.

١٢. **ئەرکی بەڕێوەبردن**: پەندەکان زۆرجار وەک پلانێکی ئامادەکراو و بەندی سازکراوی بەڕێوەبردن وان، بۆ خۆ بەڕێوەبردن، بەریوەبردنی خێزان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵ. ئەمەش بەوەی پەیامی ئاگادارکردنەوەی تێدایە لە دوورکەوتنەوە لە هەڵەکان و تەنها ڕێگای دروست دەهێڵێتەوە بۆ شێوەی مامەڵەکردنێکی شیاو لەگەڵ یەکتری.

**پاری سێیەم: پەندی پێشینان و پەیوەندی لەگەڵ زانستەکانی تر و بەراوردی لەگەڵ هاوچەشنە ئەدەبییەکانی دیکەدا**

**یەکەم: پەیوەندی پەندی پێشینان لەگەڵ زانستەکانی تردا**

دەکرێت سوود لە پەندەکان وەربگیرێت و پەیوەست بکرێنەوە بەلقەکانی تری زانستە جۆرا و جۆرەکانەوە، لەم ڕووەوە پەندەکان لەگەڵ ئەم بەشە زانستییانە پەیوەندییان هەیە: زانستی "زمانەوانی، مێژوویی، کۆمەڵناسی، فەرهەنگناسی، مێژووی پزیشکی، لۆژیک، جوگرافیایی، دەروونناسی، بیروباوەڕی ئایینی،...هتد" (قاضي: ١٣٦٤هـ ١٥). هەموو ئەم پەیوەندییانە دەکرێت لە چوارچێوەی یەک زمان و گەل و شوێنی دیارکراودا کاریان لەبارەوە بکرێت، دەکرێت لەسەر زمان و گەل و شوێنی جیاواز کاریان لەسەر بکرێت، وەک پرۆسەیەکی بەراوردکاری و بگەینە ئەنجامی گرنگ و پێویست، لەبەرئەوەی ئەم بابەتە زیاتر پەیوەستە بەناوەرۆکی پەندەکانەوە و بەشی دووەمی ئەم تویژینەوەیەمان بۆ تەرخانکردووە، لێرەدا لەبارەیانەوە نادوێین، هەروەها جیا لەمە دەکرێت پەندەکان بەگەڕبخرێن و لە دەقی دیکەی ئەدەبی وەک شیعر و چیرۆک و ڕۆماندا بەشێوەی جۆراوجۆرجارێکی دیکەی بەکاربهێنرێنەوە، کە ئەویش لێرەدا بواری خستنەڕوویمان نییە.

**دووەم: پەیوەندی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق:**

پەندی پێشینان و قسەی نەستەق تێکەڵی و بەناویەکداچوونێکی زۆریان هەیە. بەجۆرێک، چ لە کۆکردنەوە و تۆمارکردنیان، یان لە نووسین و بەکارهێنانیاندا جیاوازی ناکرێت، یان کەم کەس هەست بەم جیاوازییە لە نێوانیاندا دەکات. تەنانەت ئەوانەی لە بواری کۆکردنەوەی پەندەکاندا کاریانکردووە هەستیان بەم جیاوازییە نەکردووە، دەیان و سەدان قسەی نەستەقیان وەکو پەند تۆمارکردووە و لێکیان جودا نەکردوونەوە. ئەمەش هەموو لەبەر ئەو نزیکی و هاوشێوەییەیە، کە لە نێوان ئەم دوو چەشنە ئەدەبییەدا بوونی هەیە، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین جیاکاری بکەین لە نێوانیان و هێڵێکی جیاکەرەوە بکێشین و سنووری هەردوو چەشنەکە دەستنیشان بکەین.

وێڕای ئەو پێناسانەی، کە پێشتر خراونەتەڕوو لەسەر پەند، ئەگەر ئێستا زۆر بەکورتی بۆ بەراورد لە نێوان ئەم دوو چەشنەدا بڵێین پەندی پێشینان "وتەیەکی کورتە، گوزارشت لە پوختەی ئەزموونێک دەکات، سەرچاوەکەی چینە جیاوازەکانی گەلە، دەناسرێتەوە بە جوانی لە دەربڕین، چۆنییەتی چواندن، لایەنی پەروەردەیی هەیە و بەزمانی سادە و ئاسایی وتراوە" (زغب: ٢٠١٢، ٩٥)، بەڵام سەبارەت بەقسەی نەستەق، کە لەبەرانبەر (حكم، حكمة)ی عەرەبی و (حکم)ی فارسیدا دێت، ئەوا بەمجۆرە پێناسە دەکرێت: "چەند وشەیەکە، کە پێکەوە دراونەتە پاڵ یەک واتایەکی فراوانیان هەیە، سەرچاوەی وتنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەسێکی ژیر، کە زمانی خۆی گرتووە هیچ وشەیەک لە دەمی دەرنەچووە بێ

بیرکردنەوە، زمانی دەپارێزێت لە درکاندنی نهێنییەکان، قسەی نەستەق وەک سێوێک وایە، کە بەهۆی شنەباوە کەوتۆتە سەر زەوی، سوودی بۆ هەمووان هەیە، کە هەڵی دەگرنەوە، ئامانجی ئاڕاستەکردنی ژیانی خەڵکە لە ڕێگای هۆشیارکردنەوە و ڕاستگۆیی بەردەوام لەسەری" (الفاخوري: ١٩٨٥، ٦٧).

مەبەست و ناوەڕۆکی قسەی نەستەق بە جۆرێکە، کە "وتەیەکی جوانە لەگەڵ ڕاستیدا دێتەوە، دوورە لە زیادە ڕۆیی، بەرهەمی داناییە، ئەنجامی شارەزایی و پوختەی ئەزموونەکانە" (جندي: ١٩٨٨، ٦٥).

بە کورتی لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆک و ئامانجی قسەی نەستەقەوە دەکرێت بڵێین "دەستەواژەیەکی زمانیی کورتە، جۆرەکەی گرنگ نییە، ناوەڕۆکێکی ڕەوشتی و ئەرێنی هەیە، ئامانجی ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردنە" (زبير و بكار: ٢٠٢٠، ١٤). لە بارەی ڕەهەندەکانی قسەی نەستەقەوە ئەوا "قسەی نەستەق هەموو ئەوانە دەگرێتەخۆ، کە پەیوەندی بە داب و نەریت و بەڕێوەبردن و قسەی باو و دەستەواژەی دەگمەنەوە هەیە، گوزراشت لە شارەزایی ڕاستەوخۆی ژیان دەکات، بە داڕشتنێکی پوخت، کە لە ڕێگای بیرکردنەوە دەوترێت دەگەڕێتەوە بۆ دانایان و ژیربێژان و فەیلەسووفان و ئەوانەی توانای ئەم جۆرە دەربڕینانەیان هەیە" (زبير و بكار: ٢٠٢٠، ١٥). لە ڕووی ڕاستی و خاوەنداریێتییەوە قسەی نەستەق "دەربڕین و وتنێکە، کە شایستەیە بە دۆخی خەڵکی، گوزارشت کردنە لەوەی بە سەریاندا دێت، لە زۆربەی بارودۆخەکاندا، قسەی نەستەق تەنها بەرهەمی ژیر و خاوەن ئەزموونەکانە، کە ئاگاداری لێکەوتەکانی ژیانن" (وهبة و مهندس: ١٩٨٤، ١٥٣). بە شێوەیەکی گشتی قسەی نەستەق دەربڕینێکی گونجاوە لەگەڵ ڕاستیدا و ژیریی پەسەندی دەکات، لە دەربڕیندا کورتبڕی تێدایە و مەبەست دەخاتەڕوو، ژیربێژ ئەوکەسەیە، کە خاوەنی قسەی نەستەقە.

سەبارەت بە کاتی وتن و پەیوەندی لەگەڵ فەلسەفەدا وا ناسێنراوە، کە"شارەزاییەکی سنورردارە بە دەربڕین و دەستەواژەی کورت گوزارشتی لێکراوە، لە کاتی شەڕ و شانازی و شانکێدا وتوویانە و قسەی نەستەق هیچ پەیوەندییەکەی بەفەلسەفەوە نییە" (عبدالنور: ١٩٨٤، ٩٨)، بەڵام ئێمە هاوڕای ئەم بۆچوونە نین و بڕوامان وایە زۆرجار قسەی نەستەق و فەلسەفە هاوتەریب لەگەڵ یەکدا دەڕۆن و جاری واش هەیە خودی قسەی نەستەق خۆی لە خۆیدا فەلسەفەیە و وتەی فەیلەسووفانە.

لێرەدا چەند نموونەیەک وەک قسەی نەستەق دەخەینەڕوو لەتەک خاوەنەکانیان:

گاستۆن باشلار دەڵێت: "کیمیاگەر بەدوای ڕازی دونیادا دەگەڕێت، دەروون ناسیش بەدوای ڕازی دڵ" (یونگ: ١٣٩٩هـ ٥)

بیل گیتس دەڵێت: "هەڵەی تۆ نییە بە هەژاری لە دایکبوویت، بەڵام هەڵەی تۆیە بە هەژاری بمریت" (سەعید: ٢٠٢٠، ١١٧)

عەلی شەریعەتی دەڵێت: "بەندە چاکەکان ئەوانەن، کە میراتگری زەویین، ئەوانە، کە لە قسەدا چاک و لە کردەوەدا چاک و لە فکردا چاکن" (سەعید: ٢٠٢٠، ٢٤)

دڵزار دەڵێت: " ئەگەر پیر خوێندەوار و ژیربێ گەنجە، بەڵام گەنجی نەفام بێ کەڵکە پیرە" (حوسێن: ٢٠١٠، ١٣٢)

لەم کورتە ناساندنەوە دەردەکەوێت، کەچەند نزیکی، هاوشێوەیی، هەمان ناوەڕۆکی و هاوتەریبی لەگەڵ پەندەکاندا هەیە، بۆیە زۆرێک ناتوانن جیاکاری لە نێوانیاندا بکەن. هەروەها هەوڵدەدەین لە چەند خالێکدا جیاوازی نێوانیان بخەینە ڕوو.

**جیاوازی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق:**

١. **لە ڕووی دەربڕین و ڕووداو و ئامانجەوە:** (اليوسي) بەم جۆرە پەند لە قسەی نەستەق جیادەکاتەوە و دەڵێت: "لە قسەی نەستەقدا وتن و کردار گشتییە، پەند تایبەتە بە وتن. لە پەندا ڕووداوێکی هاوشێوە پێشتر ڕوویداوە، لە قسەی نەستەقدا ئەمە نییە، لە پەندەکاندا مەبەست ناڕەزایەتی و ڕێگریی و بەرهەڵستییە لە دووبارەبوونەوە، لە قسەی نەستەقدا مەبەست ئاگادارکردنەوە و ئامۆژگاری و ڕێنوێنییە" (بدران: ٢٠١٧، ١٠٢٦).

٢. **بنەما و سەرچاوەی دروستبوونیان:** پەند جیاوازە لە قسەی نەستەق بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی "پەند لەسەر بنەمای لێکچواندنە، لە کاتێکدا قسەی نەستەق گشتگیرترە و دەربڕینێکە وەک پوختەیەک لە کۆی ئەزموونی کەسێکی دنیا دیدە لەلایەن کۆمەڵێک کەسەوە بڵاوبۆتەوە، هەروەها جیاوازی پەند لەگەڵ قسەی نەستەق ئەوەیە، کە پەندەکە سەرچاوەیەکی هەیە و ئەویش چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە و پەندەکەی لێ هەڵگوێزراوە، دواتر لەسەر بنەمای لێکچواندن دۆخەکە دەچوێنرێت بەو چیرۆکەکەی سەرەتا" (عابی: ٢٠١٦، ١٧)، کە لە قسەی نەستەقدا ئەم چیرۆکە بوونی نییە.

٣. **واتا و مەبەست:** پەند زیاتر ئامانجی گواستنەوە و وێنەگرتنی ئەزموونێکی ڕابردووی مرۆڤە بە تەواوی وردەکارییەوە، بە زمانێکی سادە و ڕەوان، بەڵام قسەی نەستەق هەڵگری واتا گەلێکە، کە مرۆڤی ئاسایی بە ئاسانی لێی تێناگات و واتاکەی نازانێت، چونکە " قسەی نەستەق کەمتر مەبەست ئەدات بە دەستەوە، واتە واتای زۆر ڕۆشن نییە و لە قسەکەدا دەرناکەوێ، بۆیە زۆرکەس بە تەواوی و بە ڕوونی لە واتاکەی ناگەن" (عزالدين: ١٩٩٢، ٧٩).

٤. **واتای ئاشکرا و شاراوە:** پەندەکان هەڵگری دوو واتان، یەکیان ئاشکرا و ئەویتریان شاراوە، "واتا ئاشکراکەی بریتییە لە ڕووداوێک لە ڕووداوەکانی ڕابردوو، واتا دوورەکەی لەگەڵ قسەی نەستەقدا یەکدەگرێتەوە، چونکە دەگەڕێتەوە بۆ قسەی نەستەق و دانایی و ڕینمایی، بەڵام قسەی نەستەق یەک واتای هەیە، کە خۆی لە نەکردنی خراپە، ئامۆژگاری و دانایی دەبینێتەوە" (بدير ٢٠٠٢، ٣٠). واتە دەکریت بڵێین ئەوەی لە پەندا هەیە واتایەکیان مەبەستی چیرۆکە

ڕاستەقینەکەی ڕابردووە، کە ڕوویداوە، واتاکەی تریان لە دۆخی قسەکردندایە و لە قسەی نەستەقدا ئەم شتە بوونی نییە.

٥. **سەرچاوەی گوتن و خاوەندارێتی**: لە ڕووی سەرچاوەی گوتنەوە "پەند سەرچاوەی گوتنی نادیارە، قسەی نەستەق خاوەنی دیارە و قسەی دانایەکە پەند تایبەتە بە هەموو چینەکانی گەل و هاوڕان لەسەر ئاسانی لە گوتن و شێوازی ڕاستەوخۆیی و ڕوونی، بەڵام قسەی نەستەق تایبەتە بەدەستەیەکی دیاریکراو و ناسراو بە ڕۆشنبیرییەکی فراوان و زانیاری جیاواز" (زبیر و بکار: ٢٠٢٠، ١٥). چونکە سەرچاوەی بەرهەمهاتنی پەند کۆی خەڵکییە لە تەواوی چینە جیاوازەکان، بە پێچەوانەوە قسەی نەستەق لە لایەن چینێکی دیاریکراو و تاکە کەسەوە بە تەنیا بەرهەم دێت. ئەگەرچی زۆرجار بەهۆی بڵاوبوونەوەوە و تۆمار نەکردنەوە، ئەمیش خاوەنەکەی دیارنامێنێت. ژیربێژ ئەو کەسەیە، کە خاوەنی ڕاستەقینەی قسەی نەستەقە.

٦. **دۆخی بەکارهێنان**: قسەی نەستەق بناغەکەی هێنانەوەی بەڵگە و ڕێنماییە، بەڵام پەند بناغەکەی لێکچواندن و بەراوردە، بۆیە پەند بەوە جیادەکرێتەوە لە قسەی نەستەق "کە پەند لە چەند حاڵەتێکی وەکو توڕەیی، گاڵتەپێکردن، ڕاستکردنەوەی هەڵەیەک بەکاردەهێنرێت، بە پێچەوانەی قسەی نەستەق، کە تەنها بۆ ڕێنمایی ڕەوشتی بەکاردێت" (مسعود: ٢٠١٢، ٥).

٧. **شێواز و بڵاوبوونەوە**: پەند خێراتر و گرنگترە لە قسەی نەستەق لە ڕووی بڵاوبوونەوە و پێکانی مەبەست. شێوازی پەند هەمیشە کورتە، شێوازی قسەی نەستەق زۆر جار درێژترە. لە ڕووی بڵاوبوونەوە بەهۆی ئاسانی و شێوەی داڕشتن و زمانەوە پەند زووتر و زۆرتر بڵاودەبێتەوە، بە پێچەوانەوە قسەی نەستەق بەهۆی ئەوەی، کە هەمووکەس تێیناگات درەنگرتر و کەمتر بڵاودەبێتەوە بەتایبەت لای خەڵکی ئاسایی، پەند ئامانجەکەی ڕوونتر دەپێکێت و ڕاشکاوترە.

٨. **لایەنی ڕەوانبێژی**: لە ڕووی لایەنی ڕەوانبێژییەوە و سوود لێوەرگرتنی قسەی نەستەق "بەدیارخستنی واقیعی حاڵی ئادەمیزاد، یان ئاشکراکردنی نهێنییەکی ژیانە، یاخود ڕوونکردنەوەی بیروڕایەکی مرۆڤە. ئەمانەش هیچیان پێویستیان بە ڕازاندنەوە و بەکارهێنانی شێوەکانی ڕەوانبێژی نییە، کەچی پەندی پێشینان خۆی لەسەر چوار ڕەگەزی ڕەوانبێژی ڕادەگرێت: کورتبڕی، پێکانی واتا، جوانی لێکچواندن، درکە (کینایە) پێکەوەنان بەجۆرێکی باش" (شارەزا: ١٩٨٣، ١١).

٩. **توانای دووبارەبوونەوە**: پەندەکان زۆر جار توانای دووبارە بوونەوەیان هەیە لە دۆخە هاوشێوەکاندا، "پەندەکە ئەوەیە، کە واتا و چەمکەکەی لە ڕەچاوکردنی یەکێک لەو ئەزموونانەی ژیاندا بە دەست دێت، کە زۆرجار لە نەوە دووبارەبووەکاندا ڕوودەدات، نوێنەرایەتی هەموو حاڵەتە هاوشێوەکانی دیکە دەکات. لەسەر هەموو زمانێک ڕوودەدات، بە پێچەوانەی ئەو قسەی

نەستەقەوە، کە دەیخوێنینەوە و چێژی لێوەردەگرین لە چوارچێوەی ئەو بەرهەمە ئەدەبییەی، کە تەنیا تێیدا دەرکەوتووە" (زلهایم: ١٩٨٤، ٢٧)

خستنەڕووی چەند نموونەیەک بۆ بەراوردکردن لەنێوان پەندی پێشینان و قسەی نەستەقدا:

پەندی پێشینان دەڵێت:

"ئەڵێی کەری دەروێشە سەر بەهەموو ماڵێکدا ئەکا". یان " ئەڵێی لۆتییە و مەیموونی تۆپیوە" (خاڵ، ٢٠٠٧، ٤٥)

ئەگەر سەرنجی ئەم دووپەندە بدەین، ئەوا دەبینین لە هەردوو پەندەکەدا چیرۆکێکی پێشتر هەیە، کە ڕوویداوە. نموونەکە بۆ دۆخێکی هاوشێوە هێنراوەتەوە لەسەر بنەمای لێکچواندن و وەکیەکی هەیە. پەندەکە خاوەنی دیارنییە و لە ڕووی دەربڕینەوە ئاسانە و خێرا بڵاودەبێتەوە، لە هەمان کاتدا جۆرە دیمەنێکی کاریکاتێری تێدایە لە پەنای ئەوەوە دەیەوێت مەبەستەکەی بگەیەنێت.

هەروەها پەندی پێشینان دەڵێت: "تووڵ بەتەڕی نە چەمێتەوە، نا چەمێتەوە" یان "تیکەی زل، هەم دەم ئەدڕێ، هەم قنگ" (خاڵ، ٢٠٠٧، ١٤٤)،

لەم پەندانەدا وێڕای بوونی چیرۆکێک لە ڕابردوو، کە ئەزموونی شکستێکی مرۆڤ دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەم ئەزموونە دەکاتە پەندێک و دەیەوێت بیکاتە بناغەی پلانێک بۆ ئایندە. سەرەتا لە ڕێگای ئاگادارکردنەوە و ڕێگرییەوە، دواتر ڕێنوێنی و ئاڕاستەکردن بۆ داهاتوو، بەمەبەستی دووبارەنەکردنەوەی هەمان ئەزموون.

سەبارەت بە قسەی نەستەق وەک: مەولانای ڕۆمی دەڵێت: "میراتێک لە دوای خۆت بەجێ بهێڵە، کە شایانی یادکردنەوە بێت" یان غاندی دەڵێت: "چەند جوانە بە ناو خەڵکیدا بڕۆیت و بۆنی عەتری ڕەوشتت لێبێت" یان شەماڵ موفتی دەڵێت: "مەرج نییە هەمیشە هاوڕێت هەبێت، بەتەنیا بیت باشترە لەوەی هاوڕێی نەگونجاوت هەبێت" (سەعید: ٢٠٢٠، ١٢٠، ١٤٩، ١٥٢).

بەسەرنجدانمان لەم قسەی نەستەقانە گرنگترین خاڵ ئەوەیە، کە وتەکان زۆربەیان خاوەنەکانیان دیارە، بەرهەمی دانایی و ژیری ئەو کەسانەیە، کە ئەزموونەکانی ژیانیان و بیرکردنەوەیان وای لێکردوون بگەنە ئەم خاڵە لە دەربڕیندا. لەڕووی ناوەڕۆکەوە سەرجەم گوتەکان هیچیان ئاماژەنین بە گێڕانەوەی چیرۆکێک، بەراوردیش ناکەن، بەڵکو تەنها کاریان ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن و ئامۆژگارییە لە پێناو هێنانەدی ئایندەیەکی گەشتر و باشتر لەوەی هەیە لە ژیانی هەر تاکێکدا، ئەمجۆرە دەربڕینانەش لەبەر ئەوەی پابەندی تەواوی تێدایە بە پاراستنی شێوە و ناوەڕۆک، وەک خۆی و جۆرێک لە قورسییان تێدایە لە دەربڕیندا، هێواشتر و درەنگتر بڵاودەبنەوە.

ئەگەر سەرنجی ئەم گوتەیەی مۆلەر بدەین، کە دەڵێت: "ساڵ پەڕاوێکە، هەموو ڕۆژێک پەڕێکی لێدەکەینەوە، بۆیە پێویستە ئێمە لەم پەڕەسپییە شتی جوان و بە کەڵک بنووسین و نیگار بکێشین" (حسێن ٢٠١٠، ٥٣٣). دەبینین بە هەمان شێوەی قسە نەستەقەکانی پێشوو، لە ئەنجامی بیرکردنەوەی ژیرانەی خۆیەوە لە تیڕوانینی بۆ ژیان دەربڕینەکەی سەرچاوەی گرتووە، بۆیە ڕێنمایی و ئامۆژگاری بۆ ئایندە بەمجۆرەیە، گوتەکە گشتییە و پەیوەست نییە بەکەسێک، یان کاتێکەوە، لە ڕووی شێوە و درێژی دەربڕینەوە مرۆڤ توانای لەبەرکردنی ئەم جۆرە دەربڕین و گوزارشتانەی نییە، بۆیە بڵاوبوونەوە و دووبارەکردنەوەیان ئەستەمە، کە ئەم درێژییە سیمای بەشێکی قسە نەستەقەکانە.

**هاوبەشی نێوان پەندی پێشینان و قسەی نەستەق:**

ئەم تێکەڵی و بە ناویەکداچوونەی نێوان پەند و قسەی نەستەق بۆ ئەو نزیکی و هاو تەریبییەیان لەگەڵ یەکتریدا دەگەڕێتەوە لە ڕووی شێوە و داڕشتن و ئامانجیانەوە، چونکە هەردووکیان ئامانجیان یەکە لە ڕاستکردنەوە و ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری تاک، ئامۆژگاری، ڕێنمایی، پەروەردە بە مەبەستی پاراستنی تاک لە هەڵە و هەنگاونانی بەرەو ژیانێکی ئارام. ئەمە جگە لەوەی کورتی و پوختی بەشێکیان لە گوزارشتکردن و بەرهەمی شارەزایی و ئەزموونی ڕابردوو، ڕووی هاوبەشی هەردووکیانە، واتە "قسەی نەستەق لەوەدا لەپەند دەچێت، کە کورت و بڵاو و داڕێژراون،... قسەی نەستەق زوو بڵاودەبێتەوە و ئامانجی پێکانی واتا و لایەنی فێرکاریی هەیە لە ڕووی بەرهەم هاتنەوە دوای بیرکردنەوە و ڕامانێکی وردەوە هاتوون و دواتر گشتاندنی بۆکراوە" (بورایو: ٢٠٠٧، ٦٨). ئەگەرچی ئەوە بەخاڵی هاوبەشی نێوان هەردووکیان دەزانرێت لە ئاسانی دەربڕین و بڵاوبوونەوە لەناو خەڵکیدا، بەڵام بۆ تەواوی قسە نەستەقەکان نابێت، چونکە بەشێکییان بە هۆی گرانی لە تێگەیشتن ئەو توانایەیان نییە لە بڵاوبوونەوە.

بەهۆی ئەم نزیکییە "بەشێک لە شارەزایان پێناسەی پەند دەکەن بەوەی قسەی نەستەقە و جیاوازی ناکەن لە نێوانیاندا لەوانە: أبو عبيد البكري لە پێناسەی پەنددا دەڵێت: قسەی نەستەقی عەرەبە لە سەردەمی نەزانیی و ئیسلامدا" (جغام: ٢٠٠٨، ١٩)، هەروەها لە ڕووی بنیادی هونەریی و شێوەی دەربڕینەوە "قسەی نەستەق سنوردار ناکرێن لە فۆڕمی شیعر، یان پەخشاندا بەتەنها، بەڵکو بەهەردوو شێوەکە دێت، لە چەند کاتێکدا دەهێنرێتەوە لە کاتی وتاردان و نووسین، وەک وەڵامێکی دەم کوتکەرە بۆ پرسیارکەر، کە لە لایەن عەقڵە باڵاکان بەرهەم هاتووە" (شنعه: ٢٠١٦، ٦٤).

دەتوانین بڵێین پەروەدە، ڕینمایی و ئاڕاستەکردن، چاکسازی و ئامانجێکی دیاریکراو خاڵی زەق و کرۆکی کارکردنی هەردووکیانە وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا. بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت خاڵی

هاوبەشیان کورت بکەینەوە، کە بواری بەکارهێنانیان یەکە، ئامانجیان نزیکە و هاوتەریبە، شێوەی داڕشتنیان نزیکە لە یەک، جیاوازی نێوانیان کەمە، خەڵکی وەک یەک پێویستی پێیانە.

لە ڕووی نزیکیشیان لە فەلسەفەوە، قسەی نەستەق لە واتا و ناوەڕۆکدا ئەوەندە بەرزدەبێتەوە تاخۆی لە ئاسۆی فەلسەفە نزیکدەکاتەوە، یاخود دەشێت خودی قسەی فەیلەسووفان و دەبڕدراوە فەلسەفییەکان وەک قسەی نەستەق بڵاوببنەوە و ببنە بەشێک لەقسەی نەستەق، لە هەمان کاتدا، پەندەکانیش هەڵگری ناوەڕۆک و بابەتی فەلسەفین، بیر و ناوەڕۆکی فەلسەفییان تێدایە. بەشێوەیەکی زۆر سادە دەربڕدراون، کە لەبەشی دووەمدا لەبارەیانەوە دەدوێین، بەڵام بەڕاددەی قسەی نەستەق نا.

نموونە: پەندی پێشینان "پیاوی ژیر ئەوەیە، لە پێش بیرکردنەوەدا نەیەتە وتار" (خاڵ، ٢٠٠٧، ١٢١)، هەروەها لە قسەی نەستەقدا هاتووە، وەک ئیمانوێل کانت دەڵێت: "بوێربە، لە بەکارهێنانی ئەقڵتدا" (سەعید: ٢٠٢٠، ٧٨). لێرەدا ئەگەر سەیری هەردوو نموونەکە بکەین، دەبینین لە هەردووکیاندا کورتبڕی هەیە، ئامانجیان ئاڕاستەکردنە بۆ داهاتوو. دەشێت وەک نموونەیەک بە کاربهێنرێت لە وتاریک یان گفتوگۆیەکدا، تەنها خاڵی جیاکەرەوەیان، خاوەنداریێتییە، کە یەکەمیان گەل خاوەنییەتی و دووەمیان تاکە کەسێک، کە دیارە کێیە.

لەڕووی ئەوەی ئایا قسەی نەستەق بەشێکە لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری؟ کەیفی ئەحمەد دەڵێت: ئەوا "دەکرێ وەک کلتورێکی گەلان سەیری قسەی نەستەق بکەین، بەڵام ناچێتە ناو چوار چێوەی کەلەپوور و فۆلکلۆرەوە، لەبەرئەوەی زۆربەی خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەو بوارەی لەسەر جێبەجێ نابێت، یەکێک لەوانە، کە خەسڵەتێکی گرنگی کەلەپور ئەوەیە، کە خاوەنی دیارنییە، بەڵام ئەوان خاوەنیان دیارە، سەردەمەکەشی ئاشکرایە، ڕەنگدانەوەی بیری تاکی پێوە دیارە نەک کۆمەڵ" (ئەحمەد ٢٠٢١، ١٥). سەرنجمان لەسەر ئەم بۆچوونە ئەوەیە، بەکارهێنانی کەلەپور بۆ بەشی بیر و بەرهەمی زارەکی دروست نییە، بەڵکو کەلەپور (کەل و پەلی) بەکارهاتووی پێشین دەگرێتەوە. لە ڕووی ناوەڕۆکی بۆچوونەکەیشەوە، ئەگەرچی هاوڕاین، بەڵام بڕوامان وایە لەبەرئەوەی قسە نەستەقەکان زۆربەی کات بەهۆی کاریگەرییان بە شێوەی زارەکی بڵاودەبنەوە، ڕاستە لە سەرەتاوە خاوەنیان دیارە، بەڵام زۆر جار لەم نێوەدا، لە پرۆسەی گواستنەوە و دەماودەمکردندا خاوەنەکانیان لە دەست دەدەن، کە بەیەکێک لەخاڵی جیاکەرەوەی نێوان پەند و قسەی نەستەق دادەنرێت. جیا لەوە زۆرجار بەرەو پرۆسەی بە پەندی پێشینان بوون دەچن و خەڵکی هەوڵی پەیوەستکردنیان دەدەن بە ئەزموون و چیرۆکێکی ڕابردووەوە. بەمەش خاڵێکی تری جیاوازییان لەگەڵ پەندی پێشینان لە دەست دەدەن.

بۆنموونە ئەگەر سەرنجی وتەی (قسە بی گێژە، بی بێژە، بی وێژە) یان (پاروو تا نەجورێ، قووت نادرێ)، کە خاوەنیان دیار نییە، بە پەندی پێشینان تۆمارکراون. دەکرێت ئەم پەندانە ببرێنە خانەی قسەی نەستەقەوە، لەبەرئەوەی پێمانوایە بەرهەمی دانایی و چەند ئەزموونێکە، جۆرێک لە دونیابینی لە

پشتییەوە هەیە، جیاوازە لەوەی تاکە چیرۆکێک یان ئەزموونێک لە پشتییەوە هەبێت، بەڵکو کەڵەکەبووی چەند ئەزموونێکە، بۆیە دەکرێت لە پۆلێنی قسەی نەستەقدا دایان بنێین، بەڵام بەوەی کە خاوەنیان دیارنییە و ڕەنگە هاوکات چیرۆکێکی بە پەندبووی تایبەتیان بۆ دروستکرابێت، لەوێوە جارێکی تر دەبنەوە بە پەندی پێشینان. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە لە ناو پەندی پێشینانی کوردیدا تۆمارکراون.

کورت و پوخت قسەی نەستەق و پەندی پێشینان وەک دوو باخی سەوز و بەرهەمدار وان، کە یەکەمیان خاوەنی دیارە و موڵکی تاکە کەسێکە، دووەمیان خاوەندارێتی گشتییە و مۆڵکی هەمووانە. بۆیە خەڵکی زیاتر دەست بۆ دووەمیان دەبات وەک لەیەکەم. کاتێکیش یەکەم خاوەندارێتییەکە لە دەست دەدات دێتە چوارچێوەی موڵکی گشتییەوە و هەمان مامەڵەی دووەمی لەگەڵ دەکرێت لە ڕووی دەست بۆ بردن و بەکارهێنانەوە. سەرەڕای ئەمانە نزیکی لە ئامانج و ناوەڕۆکەوە وایکردووە، کە زۆر جار لە کۆکردنەوە و تۆمارکردن و هەروەها وەک کەرەستەیەک لە لایەن توێژەرانەوە لەگەڵ پەندەکان هیچ جیاوازییان نەکرێت و بەیەک بابەتی هاوبەش وەربگیرێن و کاریان لەسەر بکرێت.

**سێیەم: پەیوەندی پەندی پێشینان و ئیدیۆم:**

ئیدیۆم: واتە "دوانی تایبەتی زمانیی، زاراوە، دەربڕینی چەسپاوی زمان. لەوشەی گرێکی idioma، ئیدیۆمە هاتووە، بەواتای تایبەتمەندی خودیی، یان (ئیخۆم، ئیخۆت، ئیخۆی،...)وشەکە دەگەڕێتەوە سەر idios ئیدیۆس بەواتای تایبەت" (هەرشەمیی: ٢٠٢٢، ٢٣٥).

ئیدیۆم "بریتییە لە قسەی نەستەقی خۆیی و تایبەتی، گوزارەی تایبەت بە شێوەی ناوچەیەک، ئیدیۆمەکان بە گشتی لە چیرۆک و ڕووداوێکەوە هاتوون، کە هەندێک جار چیرۆکەکە لە بیرکراوە، یان داڕشتنی جۆراوجۆری بۆ دروستکراوە، هەندێک لە ئیدیۆمی زمانە بڵاوەکان، بوونە دەربڕینی نێونەتەوەیی. دەربڕینی ئیدیۆماتیکی، واتای وشە بە وشەی دەوە{زار}ەکە نادات، بۆیە تێگەیشتنی لەلایەن ئەوانەی زمانەکەیان میراتیی نییە، سەختە" (هەرشەمیی: ٢٠٢٢، ٢٣٥). یاخود بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت و دەگوترێت: ئیدیۆم "بریتییە لەچەند وشەیەک، کە بەسەر یەکەوە بەکارهێنراون واتایەک دەبەخشێت جیاوازە لەگەڵ واتای یەکە یەکەی ئەو وشانەی ئیدیۆمەکەی لێ پێکهاتووە، واتە ئیدیۆم بریتییە لە چەسپاندنی واتایەکی نوێ بەسەر کۆمەڵێ وشەی لێکدراودا، کە لەوە پێشتر هەر وشەیەک لەو کۆمەڵە واتای تایبەتی خۆی هەبووە" (حسن: ٢٠١٦، ١٢٠). ئیدیۆم "واتە واتایەک، کە ناتوانرێت لە واتای تاکە وشە دەربهێنرێت" (Gramaley: و :Patzold٢٠٠٤، ٤٩)، لە ڕووی سەرچاوەی دروستبوونیانەوە "ئیدیۆم بەشێکی گەورەی هەر زمانێکە و هەندێک جار بە گوێرەی جیهانبینی و دید و تێڕوانینی کۆمەڵ و جیهان دروست دەبێت، هاوکات دەکرێت بوترێت سەرچاوەی زۆرێک لە ئیدیەمەکان لە نەریتە کۆمەڵایەتی و ڕەفتارە مرۆیی و تایبەتمەندییە کلتورییەکانەوە سەریانهەڵداوە" (عارف: ٢٠١٢، ٤٠).

نموونە بۆ ئیدیۆم وەک: پیاوێکی بەجەرگە، کەسێکی دووزمانە، بڵقی سەرئاو، ئاگری بنکا، بەشوویدا، چنگ لەسەرشان، گەرما و سەرمای زۆر دیوە، حەمامی ژنان، مزگەوتی چاڵاوا....هتد.

**تایبەتمەندی ئیدیۆم:**

١. **لەڕووی ڕەوانبێژییەوە**: "دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ڕەوانبێژی لە زۆر وێنەدا، ڕاستیت بە بەڵگەوە بە دەست دەخات، کارەکەت بۆ ڕووندەکاتەوە، سەلماندنی لە توێی خۆیدا نیشاندەدات. جوانیی و ڕەوانبێژی ئیدیۆم لەوەدایە، کە وێنەیەکی وا بۆ مەبەست و واتاکە دەکێشێت، کە بەتەواوی و ئاشکرا هەستی پێبکەیت و دەروونت بهەژێنێت، کە ئەمەش سیفەتی تایبەتی هونەرە بەگشتی" (سوبحانی: ٢٠١٢، ١٧).

٢. **هێزی بیرکردنەوە**: لە ڕێگای هونەری ڕەوانبێژییەوە هێزی بیرکردنەوەت پێدەبەخشێت، چونکە "ئیدیۆم ناسکترین و وردترین هۆی ڕەوانبێژییە، گەلێک لەوە کاریگەرترە، کە تۆ ڕاستەوڕاست ڕاستییەک ئاشکرابکەیت و بیڵێیت، چونکە ئەم پاڵت پێوەدەنێت بیر لە قسەکە بکەیتەوە، هەروەها یاریدەت دەدات، کە ڕای خۆت بەرانبەر شتێک دەربڕیت لە کاتێکدا تۆ نەتەوێت ڕاستەوخۆ بیڵێیت، سا بە هەر هۆیەک بێت" (سوبحانی: ٢٠١٢، ١٧)

٣. **زۆری بەکارهێنانی**: لە ڕووی بەکارهێنانییەوە لە کاتی دووان و ئاخاوتندا ڕۆڵی گرنگ و یەکلاکەرەوە هەیە "وەک کەرەستەیەکی زمانی پانتاییەکی فراوانی لە زماندا گرتووە. بە جۆرێک بۆتە سیما و تایبەتمەندی زمان و جیاوازی کلتوری نەتەوەکان. لە زۆر لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونی بەکاردەهێنرێت و لە ژیانی ڕۆژانەدا زۆر چالاکە. ئەو تایبەتمەندییەی لە پێکهاتەی ئیدیۆمدا هەیە، چ لە فۆڕمی دەربڕینەکەدا، یان هەڵگرتنی ئەو واتایەی، کە ئاڕاستەی کەسانی مەبەستدار دەکرێن. ڕۆژانە لە هەڵوێستە جۆراوجۆرەکاندا خۆیان دووبارە دەکەنەوە، زۆر بەکارهێنانیان دەبێتە خاڵێکی گرنگی کارای قسەکردن" (بایز، عبدالله و ڕەقیب: ٢٠٢٠، ٢).

٤. **لێڵی**: یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تری ئیدیۆم لێڵییە، واتە "ئیدیۆم دەربڕینێکە دەشێت دوو خوێندنەوەی هەبێت، یەکێکیان فەرهەنگی، کە سەرەنجامی کۆی واتای پارچە پێکهێنەرەکانی ئیدیۆمێک و پەیوەندییە ڕێزمانییەکانیانە، دووەم نافەرهەنگییە، کە ڕۆڵێکی نا دارِشتەیی بۆ واتا پێکهێنەرەکانی ئیدیۆمەکە هەیە و ئەمە لێڵی واتایی دروست دەکات" (ش. حسەین: ٢٠٠٩، ٢٢)، هەروەها "زۆر لە دەربڕینە ئیدیۆمییەکان بەشێوەیەکی سەرلێشێواندن کاردەکەن" (حسن، ٢٠١٤، ٢٠)

## پێکهاتن و گرنگی ئیدیۆم:

ئیدیۆم لە ڕووی دروستبوون و پێکهاتنەوە، دەشێت وشەیەک، جووتە وشەیەک، یان چەند وشەیەک بێت، کە پێکەوە گونجابێت، یان ڕستەیەک و زیاتر لە ڕستەیەک بێت. هەموو ئەمانە واتایەکی تر دەبەخشن، کە جیاوازبێت لە واتای بنەڕەتی وشەکان، کە پێشتر هەیانبووە. هەربۆیە "وشە و ڕستەکانی ئیدیۆم کورت بێت، یان درێژ، تام و چێژ و پێز دەداتە جۆری ئاخاوتن، گەشە و خۆشی و سەرسوڕمانێک دەبەخشێتە گوێگرانی تا گوێگر هەوڵی لەبەرکردنی بدات و بیری نەچێتەوە" (محمد: ٢٠٢١، ٥)، هەروەها سەرەڕای ئەم بایەخەی، گرنگی تری ئیدیۆم ئەوەیە، کە "ئیدیۆم گرنگی دەدات بەواتای کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی زمان، هێمالۆجی و ئیدیۆم بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەو ئیدیۆمانەی، کە واتاکانیان لە کەرتە پێکهێنەرەکانیانەوە نین، یا لە واتا ڕێزمانییەکەوە نین دواتریش ناتوانرێت وەرگێڕانی وشە بەوشەی بۆ بکرێت" (دزەیی: ٢٠١٤، ٤٠).

نموونە بۆ ئیدیۆم: فڕفڕۆکەیە، مانگا بەکەڵ، کلک و گوێی کرد، لەسەر شارە مێروولە لەدایکبووە.

بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە هاوبەشانەی، کە ئیدیۆم هەیەتی لەگەڵ پەند و هەر کەرەستەیەکی تری ئەدەبی زۆر جار لە کۆکردنەوە و بەکارهێنانیان و کار لەسەر کردنیاندا تێکەڵی و بەناو یەکداچوونێکی زۆر هەیە، شیلان عومەر حسەین لەم ڕووەوە دەڵێت: "کەرەستە ئەدەبییەکانی تر بریتیی نین لە جۆرێک ئیدیۆم، بەڵکو هەروەک ئیدیۆمەکان جۆرێکن لە بەکارهێنانی خوازەیی زمان، واتە کەرەستە ئەدەبییەکان و ئیدیۆم یەکێکن لەبەکارهێنانە خوازەییەکانی زمان" (ش. حسەین: ٢٠٠٩، ١٧).

لەم ڕووەوە خاڵی هاوبەش و وەک یەک، هێڵێکی جیاکەرەوەی لەنێوان پەند و ئیدیۆمدا دادەنرێت، کە ئێمە بەکورتی ئاماژەیان پێدەکەین:

## هاوبەشی لە نێوان پەندی پێشینان و ئیدیۆمدا:

پەندەکان و ئیدیۆم لەم خاڵانەدا هاوبەشن و لە یەک دەچن، "لە ڕووی کاتەوە ماوەیەکی دوور و درێژ بەسەر پەند و ئیدیۆمدا تێپەڕیوە، هەردووکیان لە کاتی قسەکردندا دروست نابن، بەڵکو لە قاڵبێکی پێشتر ئامادەکراو و لە شوێن و ساتی پێویستدا دەخرێنە چوارچێوەی ئاخاوتنەوە، هەریەکەیان دوو واتای هەیە واتایەکی بنجی و یەکێکی خوازراو پەیوەندی خواستن لەنێوان هەردوو واتاکانیان هەیە بەردەوام" (مامەعەلی: ١٩٩٨، ٥١)، هەروەها لە ڕووی کاتی وتنەوە "هەردووکیان پێشگوتنیان هەیە، واتە پێش دەربڕینی ئیدیۆمەکە یان پەندەکە باسەکە دەکرێت، کە پەیوەندی بە ئیدیۆمەکە یان پەندەکەوە هەیە، جا واتاکانیان بەزۆری لە پێشگوتنەکەوە سەر هەڵدەدەن نەک لەخودی خۆیانەوە" (مامەعەلی: ١٩٩٨، ٥١).

نموونە: ئیدیۆم/ حەمامی ژنانە، پەندی پێشینان/ هەرچی سمێڵی سووربوو هەمزاغا نییە.

هەردووکیان بەرهەمی پێشووترن، پێشتر شێوە و فۆرمی خۆیان دیاریکردووە. واتای بنەڕەتییان هەیە و واتایەکی تر، کە بۆ دۆخێکی نوێ دەهێنرێنەوە، وەک بەڵگە هێنانەوە و پاڵپشتی و زەمینەسازی لە گفتوگۆ و ئاخاوتن دەوترێن. ئەزموونی پشت پەندەکە ئەزموونێکی شکستخواردووە، بۆیە دەهێنرێتەوە، تا ڕێگری بکرێت لە دووبارەکردنەوەی، بەڵام ئەزموونی پشت ئیدیۆمەکە بۆ دەربڕینی مەبەستێکە و ڕوونکردنەوەی دۆخێکە مەرج نییە ئەزموونەکە باس لە شکست، یان سەرکەوتن بکات.

**جیاوازی لە نێوان پەندی پێشینان و ئیدیۆمدا:**

سەرەڕای بوونی خاڵی هاوبەش چەند جیاوازییەک لە نێوانیاندا هەیە، کە مایەی ئاسانکاری و ڕێگا خۆشکەرن بۆ جیاکردنەوەیان، لەوانە "وشە پێکهێنەرەکانی پەند لە ڕووی داڕشتنەوە ڕێگە بە پارچەی تردەدەن بێتە نێوانیانەوە، بەڵام ئیدیەم ڕێگانادات" (مامەعەلی: ١٩٩٨، ٥٤)، واتە لە داڕشتنی پەندەکان و لە کاتی گواستنەوەیان ڕێگا بە وشە و دەستەواژەی زیادە دەدەن، کە بێتە نێوانیانەوە، بەڵام لە ئیدیەمدا ئەمە بەدی ناکرێت و تەنها بەیەک فۆرم هەیە و داڕشتنەکەی چەسپاوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە "پەندەکان بە تەواوی جێگیر و نەگۆڕ نین، گۆڕانکاری تایبەتمەندیی نیمچەیی پەندەکانە، ئەمەش لە ئیدیۆمدا بوونی نییە" (Gramaley: و Patzol : ٢٠٠٤، ٦٠). لە پەندا گیانەوەر و بێگیان دینە گفتۆگۆ و توانای قسەکردنیان پێبەخشراوە، بەڵام لە ئیدیەمدا ئەوەنییە، لە پەندا کوردزمان لە توانایدا هەیە، کە واتا خوازراوەکە بگەڕێنێتەوە بۆ واتا ڕەسەنەکەی، کە ئەویش واتا بنجییەکەیە. ئەم کردارەش بە میکانیزمێکی زۆر خێرای مێشک ئەنجام دەدرێت، بەڵام لە ئیدیەمدا کرداری گوێزانەوەکە، کە بەپێچ و پەنای زۆر تێپەڕیوە لە توانای کورد زمانێک نابێت، کە بەئاسانی هەست بە گوێزانەوەکە بکات، مەگەر لە ڕێگای چەند یاسایەکی ئاڵۆز نەبێت، لە ئەنجامی زۆر لە خۆکردن و مێشک گوشینەوە" (مامەعەلی: ١٩٩٨، ٥٩). لەم ڕووە دەکرێت بە جۆرێکی تر بڵێین لە پەندا لێکچواندنەکە زۆر ڕوون و هیچ ئاڵۆزی گرفتێکی وا لە ئارادانییە، کە بەرهەڵستی بکات لای گوێگر، کە تێنەگات لە مەبەستەکە، بەڵام ئەمە لە ئیدیۆم و چەشنەکانی تری وەک قسەی نەستەق، کە پێشتر باسمان کرد، بەدی ناکرێت تێگەیشتن لێیان ئاڵۆزی تێدایە و ئاسان نییە. نهێنی مانەوە و گەشەسەندنی پەندی پێشینان زیاتر لە هەر چەشن و بابەتێکی تری ئەدەبی ئەو سادەیی و ئاسانییەتی لە دەربڕین و تێگەیشتن لێی.

نموونە: ئیدیۆم/ گیسکی ناو دێیە، گۆشتی گەردە ملە.

پەندی پێشینان/ بەدەست بیدە و بەپێ دوای کەوە، لە ئێستریان پرسی باوکت کێیە؟ وتی خاڵم ئەسپە، یان وەک کەری دێز وایە لەسەر تۆپینی خۆیی و زەرەری خاوەنیەتی.

ئەگەر سەرنج بدەین و بەراورد بکەین، ناتوانین هیچ وشەیەک بۆ ئیدیۆمەکان زیادبکەین، بەڵام بۆ پەندەکە دەتوانین وشەی (پارە، قەرز) زیادبکەین، لە پەندەکاندا دیالۆگ هەیە. لێکچواندن بە زەقی بەرچاو دەکەوێت، بۆیە سەرەڕای بوونی خاڵی هاوبەش، بەڵام خاڵی جیاکەرەوەی نێوان پەند و ئیدیۆم دیارتر و بەرچاوترە و خوێنەر و لێکۆڵەر بە ئاسانی دەتوانن جیایان بکەنەوە.

**چوارەم: پەیوەندی پەندی پێشینان و درکە:**

ئەگەرچی زۆرێک جیاوازی لە نێوان ئیدیۆم و درکە(کینایە)دا ناکەن و بەیەک چەشن سەیری دەکەن. بەڵام لەو ڕوانگەیەوە، کە ئێمە بەدوو چەشنی جیاوازیان دابنێین، ئەوا درکە پێناسەدەکرێت بەوەی، کە بریتییە لە "وشە، جووتە وشە، چەند وشە، دەستەواژە یان ڕستەیەکە. کە قسەکەر بە جۆرێک بەکاری دەهێنێت، کە مەبەستی واتای ڕواڵەتی ئەو قسەیە نەبێت و ئامانجی لەو قسەیە واتا نهێنییەکەی بێت، کینایە دوو واتای هەیە نزیک و دوور، بوێژ جۆرێک بەکاری دەهێنێت، کە بەردەنگ لە واتا نزیکەکەوە بەرەو واتا دوورەکە بڕوات، لە کینایەدا واتای ڕواڵەتی پردێکە بۆ گەیشتن بە واتا و مەبەستی ڕاستەقینەی نووسەر" (ئەحمەدی: ١٣٩٣هـ ١٥). جیاوازی درکە لەگەڵ خوازەدا لەوەدایە، کە "لەخوازەدا هەمیشە بەڵگە یان نیشانەیەک هەیە، کە بەودا بزانرێ ئەو وشە لە مانای ڕاستەقینەکەی خۆیدا بەکارنەهێنراوە و ناشکرێ بە هیچ جۆرێک مانای ڕاستەقینەی مەبەست بێ، بەڵام لە درکەدا هیچ بەڵگە یان نیشانەیەک بوونی نییە، هەر بۆیەش لە درکەدا بەربەستێک بۆ مانای ڕاستەقینە بوونی نییە" (پارسا: ١٣٩٧هـ ٩٢).

بنەماکانی درووستبونی درکە (کینایە) بریتین لە: "واتای ڕواڵەتی، واتای ڕاستەقینە، پێشگوتن" (ئەحمەدی: ١٣٩٣هـ ٢٢).

نموونە: "سەر دەرەی دەرگایان بڵندە، دوژمنی ئەو ددانەیە نانی پێدەخوات" (گەردی ١٩٧٢، ٨٨، ٩٠). یەکەمیان بەواتای دەوڵەمەندی و بەخشندەیی و نانبدەیی دێت، دووەمیان چرووکی و پیسکەیی.

- **جیاوازی لە نێوان پەندی پێشینان و درکە(کینایە)دا:**

سەبارەت بە جیاوازی ئەم دووچەشنە زۆر ڕوونە و خاڵی جیاکەرەوەی نێوانیان ئەوەیە: "زۆربەی پەندەکان هەڵگری چیرۆک، یان ڕووداوێکن، بەڵام کینایە هەڵگری چیرۆک و ڕووداو نین. پەندەکان باری ئامۆژگاری، بەڵگە هێنانەوە، ئاگادارین و بۆ ئەمجۆرە شتانە کەڵکیان لێوەردەگیرێن، کینایەکان بۆ یەک واتا بەکاردێن،... کینایە پێویستیان بە بکەر هەیە تابن بە ڕستە، بەڵام پەندەکان خۆیان ڕستەی تەواون" (ئەحمەدی: ١٣٩٣هـ ٢٤).

بەشێوەیەکی گشتی وێڕای ئەوەی نکوولّی ئەوە ناکرێت، کە نزیکی و تێکەڵی زۆر لە نێوان پەند و قسەی نەستەق بە پلەی یەکەم و دواتر پەند لەگەڵ ئیدیۆم و درکە(کینایە)دا هەیە. ئەمەش وایکردووە زۆر جار ئەم چەشنانەی تر وەک پەند بەکار بهێنرێن و وەک پەند کۆبکرێنەوە و وەک پەند لەلایەن لێکۆڵەرانەوە لێیان بکۆڵرێتەوە، بەڵام ئێمە هەوڵمانداوە سنووری پەندەکان دیاربکەین و هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان پەندەکان هەر چەشنێکی تری ئەدەبیدا بکێشین، کە خاڵی جیاکەرەوەی پەندەکان و گرنگی و تایبەتمەندییە هەمە چەشنەکانیان زۆر جیاوازترە لە هەر چەشنێکی تری ئەدەبی. سەرەڕای خاڵە هاوبەشەکانیان، کە ئەمەش شتێکی ئاساییە. بەمەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە بەپێی یاساکانی بەژانرکردنی دەقی ئەدەبی، کە بریتین لە "هاوشێوەیی، ڕیتم، گرنگییەتی، بەهای زاڵ، جێگیربوون، ژمارە، نواندن، کەڵەکەبوون، تەواوکاری، بەراوردکردن، وێکچوون، وەسفکردن، پۆلێنکردن، دابەشکردن، بەدامەزراوەیی کردن، ڕێکخستن، جیاوازی، نێوەندگیری، جوانیناسی، هەڕەمی و زنجیرەیی، جیاکاری" (حوسێن: و مەولود: ٢٠١٨، ٩٣- ١٠٠). دەکرێت وەک چەشنێکی ئەدەبی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ پەندی پێشینان‌دا بکەین و بیناسێنین، چونکە لەلایەک لە ڕووی سادەیی زمان و دیارنەبوونی خاوەن و بەرهەمهێنانی دەستە جەمعییەوە دەچنە ژێر سایەی فۆلکلۆرەوە، لەلایەکی تر بەهۆی نزیکییان لە قسەی نەستەقەوە وەک ئاماژەمان پێداوە، هاوتەریب لەگەڵ دەقێکدا دەڕۆن، کە خاوەنی دیارە. جیا لەوە خۆی ژانرێکە لە ڕووی شێوەوە بە هەردوو فۆڕمی پەخشانی و شیعریی دەردەبڕدرێت. وەک لەمەودوا لەسەری دەوەستین. تیکڕا ئەم تایبەتمەندییانە و زۆری تریش، وا دەکات پەندی پێشینان وەک چەشنێکی ئەدەبی سەربەخۆ و جیاواز بناسین و جیایبکەینەوە لە هەر چەشنێکی دی.

**پێنجەم: پەندی میللی و پەندی شیعریی**

بەسەرنجدانمان لە شێوەی داڕشتن و دەربڕینی پەندەکان دوو جۆر پەندمان بەرچاو دەکەوێت، کە ئەوانیش: پەندی میللی، کە جۆرە پەندێکن، کەمتر ڕازاندنەوە و جوانکاریی دەربڕین، یان وشەکارییان تێداکراوە و زۆرینەیان دوورن لە بابەتی کێش و سەروا لە فۆڕمێکی پەخشانیدان زیاتر، بەم جۆرەیان دەوترێت پەندی میللی. جۆرێکی تریش لەپەندەکان دەبینین، واتە پەندی شیعریی، کە لەڕووی شێوازی داڕشتنەوە وشەکاری و ڕازاندنەوەی تێدایە و پەنای بردووە بۆ بەکارهێنانی وشەکاری، دووبارەکردنەوە، ناسکی لە دەربڕین، کێش و سەروا لە خستنەڕوو و دانەپاڵ یەکی وشەکاندا، بۆیە ئەم جۆرەش بە پەندی شیعریی ناودەبرێت.

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەردوو جۆرەکەی پەند هیچ جیاوازییەکیان نییە و ئەگەر بە جیا پێناسەیان بکەین هەمان پێناسەی پەندی پێشینانە. تەنیا جیاوازییەکە لە بونیادی پەندەکاندایە. لەبارەی پەندی میللییەوە

جلال حەنەفی بەمجۆرە پێناسەی کردووە دەڵێت: "پەندی میللی لای هەموو گەلێک پوختەی ئەزموونەکان و بەرهەمی شارەزاییانە،... بەڵام لەڕووی بنیادی پەندەکانەوە دوورە لە ڕازاندنەوە و وشەکاری و ڕەوانبێژی و خەیاڵ و لە دەربڕینی شیعریی دووردەکەوێتەوە" (الحنفي: ١٩٦٢، ٣)، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین لە بەرانبەردا پەندی شیعریی بەم جۆرە پێناسە دەکرێت: "پەندی شیعریی بەرهەمی هەموو گەل و نەوەکانی پێشووە، جوانترین وتە و کورتکراوەی بیرۆکەکانیانە، پەند ڕستەیەک یان زیاترە، کە پشت بەکێش و سەروا دەبەستێت و ئامانجی حیکمەت و ئامۆژگارییە" (شیخ: ١٩٩٠، ١٥٥).
نموونە: پەندی میللی/ دنیا بدەن بەسواڵکەرێ، هەر سواڵ ئەکا.

پەندی شیعریی/ سواڵکەری چنۆک دنیای پێ بدرێ

هێشتا سواڵ ئەکا ئەگەر بۆی بکرێ (بەهرامی: ١٣٩٤هـ ٣٨٧)

هەردوو پەندەکە هەمان ناوەڕۆکیان هەیە، پەندی یەکەم بە شێوەیەکی پەخشانی دەبڕدراوە، پەندی دووەم لە چوارچێوەی کێش و سەروا و فۆڕمێکی شیعرییدا دەربڕدراوە.
ئەگەرچی لە بنەڕەتەوە پەیوەندییەکی تەواوکاری لە نێوان پەند و شیعردا هەیە، بەو پێیەی دوو چەشنی ئەدەبین، بەڵام جیاوازییش لەنێوانیان هەیە، چونکە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، "ئەگەر بەراوردیان بکەین شاعیر لە دەربڕیندا زیادەڕەوی دەکات لە باسکردنی دۆخێکدا، بەڵام پەندەکە واقیع وێنادەکات بەبێ ڕازاندنەوە، جیاوازی گەورەش لە نێوانیاندا لە بواری پشتڕاستکردنەوەدایە و دواتر گرنگی پەندەکان لە بەها مێژووییەکەیاندا ئاشکرادەبێت" (عبيد: ١٩٨٧، ٢٤)، هەروەها لەڕووی بەراوردکردنیان لە بەکارهێنانی هەست و سۆز و وێنەکێشانی واقیعەوە بە شێویەکە، کە "پەندەکان ڕاستگۆن لە گوزارشتکردن بۆ ژیان، ناکەونە ژێر سۆزەوە، مەیلیان نییە بۆ خەیاڵ و زیادەڕەویکردن، بەڵکو واقیع وەک خۆی پیشان دەدەن دوای بیرکردنەوە و تێڕامان، بە پێچەوانەی شیعر، کە لەسەر بنەمای هەست و سۆز و ئەندێشە داهێنراون، ڕەوانبێژی و زیادەڕۆیی...، کە هەندێک جار واقیع ساختە دەکات و دەیشێوێنێت. بۆیە پەندەکان ڕاستترن، واقیعی ترن، پەندەکان پیرۆزیی خۆیان هەیە لەناو خەڵکدا، دەسەڵاتیشیان بە سەرماندا هەیە، حوکمەکانی قبووڵ دەکەین، بە کۆی دەنگ ڕازی دەبین، کە ملکەچیان بین، تا ئەو ڕاددەیەی خەڵکی گیانیان بەخت کەن لە پێناویاندا، پەندەکان لەگەڵ بارو دۆخە جۆراوجۆرەکان ناکۆکییەکان یەکلایی دەکەنەوە" (قطامش: ١٩٨٠، ٢٥٠).
لەگەڵ بوونی ئەم لێکچوون و جیاوازییانەدا دەگەینە ئەو بڕوایەی، پەندە شیعرییەکان زیاتر کاریگەرییان هەیە و دەمێننەوە، زۆرتر دەتوانن لە پێکانی مەبەست و هێنانەدی ئامانجدا سەرکەوتووبن. پەندەشیعرییەکان زادە و بەرهەمی کەسانێکن، کە خاوەنی بیرێکی ورد و شارەزاییەکی باشترن لەکەسانی تر و لەڕووی شێوەی داڕشتنیشیانەوە سەلیقە و هەستی جوانیناسی و هونەرمەندانەی

پەندبیژەکان بە ئاشکرایی بەدی دەکریت. واتە پەندبیژ لەیەککاتدا هەم بیر و هەم شێوەی داڕشتنی لەبەرچاوگرتووە و ئەوپەڕی توانای هونەرمەندانەی خۆی بەکارهێناوە. بۆیە زۆرجار مۆڵەتی کورتکردنەوە درێژکردنەوەی پەندەکان تەنها لەدەقی شیعرییدا ڕێگاپێدراوە، لەم ڕووەوە ئیسماعیل بەدران ڕای وایە، کە "پەندەکان خۆیان کورت و پوختن، فراوانکردن و کورتکردنەوەیان جارێکی تر ڕێگاپێدراونییە، تەنها لە شیعردا نەبێت" (بدران: ٢٠١٧، ١٠٣٨). هەر بۆیەش دەبینین ئەوانەی لە بواری کۆکردنەوەی پەندەکاندا کاریانکردووە و خۆیان بەهرەیەکی شیعریی و دەستی هونەرمەندانەی داڕشتن و نووسینی شیعرییان هەیە لەهەمانکاتدا، سەرجەم ئەو پەندانەی کۆیان کردۆتەوە لە فۆڕمێکی شیعرییدا دایان ڕشتوونەتەوە، کە بەرچاوترینیی ئەم کارانە لەناو کورددا ئەو هەوڵەی پیرەمێردە، کە بە پەندەکانی پیرمێرد ناسراوە.

ئەبو هیلالی عەسکەری لە بارەی بایەخی پەندە شیعرییەکانەوە دەڵێت: "هیچ شتێک لە شیعری باش سەرنج ڕاکێشترنییە، پەندەکانیش هاوتای شیعری باشن، بۆیە شتێک، کە خێرا دەبیسترێت و لە دڵدا جێدەکاتەوە، شەو و ڕۆژ دەمێنێتەوە ئەوە پەندە پەندە شیعرییەکانن" (العسكري: ١٩٨١، ١٥٥).

کەوابوو بەهۆی کاریگەری و جوانی و شێوەی داڕشتنی پەندەکان، لەڕووی کورتبڕی و ناسکی و ڕەوانبێژی، بەکارهێنانی کێش و سەروا، لەبەرئەوەی پەندەکان پابەندن بە پاراستنی ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆیان و دوورنەکەوتوونەوە لەواقیع خۆیان بەدوورگرتووە لە خەیاڵ و دابڕان لەواقیع، ئەوا پەندی شیعریی بۆتە یەکێکی تر لەهۆکارەکانی خێرایی لە گواستنەوە و مانەوە و چێژی زیاتری، بۆیە پەندە شیعرییەکان تا دێ کاریگەرییان زیاتر دەبێت و لەبواری لێکۆڵینەوە و پۆلێنکاریدا زیاتر جێگای خۆیان دەگرن.

**پاری چوارەم: پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرد:**

پەندە کۆکراوەکانی پیرەمێرد، کە بەزنجیرە لە ساڵانی سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوو لە هەردوو (ڕۆژنامەی ژیان و ژین)دا، بڵاوکراونەتەوە، بە جۆرێک لە ژمارە (٣٢٣) ژیان یەکەم پەند، تا ژمارە (٤٢٧)ژیان بەردەوام دەبێت. دواتر لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامەی (ژین) لە ژمارە (٤٢٨)ەوە بەردەوام دەبێت تا دواپەند.

پیرەمێرد لەم کارەیدا بەهۆی بیری گەشەکردووی خۆیەوە هەنگاوێکی گەورەی ناوە لە ڕووی تۆمارکردنی پەندەکان. لەم ڕووەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە پەندەکان چەندە لای ئەو گرنگ بوون و جێگای بایەخ و گرنگی پێدانی بوون. خۆشی ئەم ڕاستییە دەخاتەڕوو و لە یاداشتەکانی ئاماژە بەوەدەکات، کە لە دووتوێی ڕۆژنامەکەیدا، "نزیک بیست هەزار شیعر و پەندی تێدایە" (ئاشنا: یاداشتەکانی پیرەمێرد ١٩٩٦، ١٠).

بەم کارەی پیرەمێرد بۆ یەکەمجار توانیویەتی پەندی پێشینان لە زمانی کوردیدا، بەزنجیرە لە ڕۆژنامەدا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بڵاوبکاتەوە، کە بریتیی بووە لە پەندەشیعرییەکان، یان پەندی میللی و دارشتنەوەیان بە شێوەی شیعر یان دارشتن و هۆنینەوەی پەندی شیعریی. دواتر هەر ئەم کارە چەند جار و بە شێوەی کتێب چاپکراوە، کە تا ئەو کاتە کاری لەو جۆرە نەکراوە، دواتر کاری لەو شێوە لەلایەن نووسەرانی تری وەک: مەلاغەفوری دەباغی (حافزمهابادی) و ئەحمەد بەهرامی و شەیدایانی تری ئەو بوارە پەرەی پێدراوە. ئەم کارەی پیرەمێرد لە دوای کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی پەندەکان لە ڕۆژنامەدا بە پەندەکانی پیرەمێرد، یان پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرد دەناسرێتەوە و ناوی دەرکردووە.

کۆکردنەوەی پەند لە شێوەی شیعردا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەر لە بنەڕەتەوە "پەیوەندییەکی پێکەوە گرێدراو لەنێوان پەند و شیعردا هەیە لە ڕووی هونەرییەوە، پەندە باو و بڵاوەکان ئەوانەن، کە هۆنراونەتەوە لەسەر زمان ئاسانتر و ڕازاوەترن، هەیانە یەک دێڕە شیعرە یان نیو دێڕ و یان چارەکێکییەتی" (بدران: ٢٠١٧، ١٠٤١)، سەبارەت بە کارەکەی پیرمێرد لە ڕووی هونەرییەوە، ئومێد ئاشنا دەڵێت: "لە ساڵانی سییەوە هەموو ژمارەیەکی ڕۆژنامەکەی بە گۆشەی (پەندی پێشینان) دەڕازاندەوە، ئەم کارەی پیرەمێرد بایەخەکەی لەوەدا بوو، کە ئەو پەندە کۆنە فۆلکلۆریانەی دەهێنا و دەیکردن بە شیعر، بە جۆرێک لەگەڵ یەکتریدا دەیگونجاندن، کە خوێنەری دەجولاند و زەوق و چێژێکی تایبەتی لێوەردەگرت، تەنانەت بە شێوەیەک دایدەڕشت، کە ئەو دێڕ و نیوەدیڕانەی خۆی لەناو دەقە فۆلکۆرییەکەدا نەدەناسرایەوە" (ئاشنا، ٢٠٠٩، ٦٨).

هەروەها لە ڕووی قەبارەی ئەم کارەوە درێژەی پێدەدات و دەڵێت: "هەزاران بەیت شیعری هەیە، کە پەندی پێشینانە و خۆی بەشێوەیەکی ئەدیبانە و شاعیرانە ڕێکی خستوونەتەوە" (ئاشنا، ٢٠٠٩، ٦٢).

لایەنی ئەرێنی بە شیعرکردنی پەندەکانیش ئەوەیە دەبێتە خێرایی لە گەیاندن و بڵاوبوونەوە، ئاسانی لە پاراستن و مانەوە، بەهۆی چێژی لەبەرکردن و چەندبارەکردنەوەی گوتنەوە لەلایەن خەڵکییەوە. هەرچی تایبەت بە ناوەڕۆکی پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرد، یان پێکهاتەی کارە کۆکراوەکەی، وەک ئامادەکارانی کتێبەکەی، کە لەپێشەکی کارەکەیاندا نووسیویانە "گرنگی ئەم پەندانە لەوەدا دەردەکەوێت، کە پیرەمێرد بەشیعرێکی سادە و ڕەوان قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و توانج و پلار لە هەموو کردارێکی نالەبار دەخاتە پێش چاو" (پیرەمێرد، ٢٠١٩، ٦). کەواتە بەپێی ئەم ڕوونکردنەوەیە بێت، ئەوەی لە کارە کۆکراوەکەدایە، جگە لە پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، کە پێشتر لێیان دواوین (تەوس و توانج) و پلاریش لە خۆی دەگرێت لە ڕووی ناوەڕۆکەوە.

توانج "واتا پلار لێدان، قسە بۆ فڕێدان، سەرزەنشت کردن، ڕەخنە لێگرتن، هەروەک دەرخستن و گەورەکردنی خەوشی کەس یان کەسانێک، وشەی توانج لە هەمان وشەی تانە وەرگیراوە، کە بە شێوەی

تانوتیش بەکاردێت و بە هەمان واتاشەوە" (هەرشەمیی: ٢٠٢٢، ٧٩٦)، هەروەها توانج بە واتای "سەرکۆنەکردن و قسە هاویشتن بۆ یەکێک و تەوس: پلار هاویشتن لە گفتوگۆدا بۆ یەکێک بەڕەنگێک، کە هەمووکەس تێی نەگات" (خاڵ: ٢٠١٧، ١٤٠). بەپێی پێناسەکەی عەزیز گەردی بێت بۆ تەوس، کە دەڵێت: تەوس "وائەبێ یەکێ قسەیەک یان ئیشێک بکا تۆش ئیشەکەیت بەدڵ نەبێت و پەندێ یان هۆنراوەیێ یا قسەیەکی وابکەیت، کە پێچەوانەی ئیشەکەی ئەو بێت و ڕسوای بکا، ئەوەی لە ژێرەوە بۆ دەربخا، کە ئیشەکەی جوان نییە و پێویست بەهاتنەوە سەرخۆ ئەکا... تەوس هەر ئەوەندەیە هێما بۆ مەبەست ئەکا، ئەو هێماکردنەش لە قسەکەوە دەرئەکەوێ، ئەمەشیان بە تاکە وشە نابێ بەڵکو بە ڕستە و دێڕە هۆنراوە دەردەکەوێت" (گەردی ١٩٧٢، ٩٥). لە ڕووی کات و شوێنی بەکارهێنانەوە ئەوەیە، کە "تەوس هێنانی ڕستەیەکە کەمانای تەوس بگەیەنێت، تەوس تەنیا لە هەل و مەرجی بەکارهێنراودا دەبێتە تەوس" (پارسا، ١٣٩٧هـ ٩٩). سەبارەت بە پلار ئەوە "بریتییە لە واردەستێکی، کە بۆ هاویشتن و تێهەڵدان بەکاردێت، هەروەک پلار و پلارتێگرتن، واتا قسەی بە توێکڵ پێ گوتن، دەرخستنی کەم و کوڕی کەسێک، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سوکایەتیکردن بە کەسێک، بەکارهێنانی قسەی توانجدار" (هەرشەمیی: ٢٠٢٢، ٦٠٤).

کەواتە لێرەوە دوای ئەم ڕوونکردنەوەیە، دەگەینە ئەوەی، کە ناساندنەکەی بەڕێزانی ئامادەکاری پەندەکانی پیرەمێرد، بۆ کارەکەیان تێکەڵکردنێکی تێدایە لە ڕووی چەشن و ناوەڕۆکەوە، کاتێک دەڵێن: بە دێڕی شیعر قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و توانج و پلاری دەربڕیوە، ئەوا قسەی نەستەق و پەندی پێشینان دەچنە خانەی دووچەشنی ئەدەبییەوە، کە لێکچوون و جیاوازییان هەیە. پێشتر لەبارەیانەوە دواوین، بەڵام کاتێک دەڵێن توانج و تەوس و پلار ئەوە دەچێتە خانەی مەبەست و ناوەڕۆکی کارەکەوە، کە بە پەندەشیعرییەکان گوزارشتیان لێکراوە و لە ڕاستیدا یەکێکن لە ئامانجە سەرەکییەکانی پەندی پێشینان، کە ڕێگری لە هەڵە و ڕاستکردنەوە و ئاڕاستەکردنە، دەشێت بۆ ئەمە پەنا ببرێتە بەر توانج و پلار.

لە ڕووی ئەو کارانەی، کە بەشێوەیەکی گشتی بۆ پەندەکان کراون، بەگشتی بەسەر ئەم چەند جۆردا دابەشدەکرێن: "پۆلێنکردنی پەندەکان، شیکردنەوەی پەندەکان، دۆزینەوەی بەسەرهات و سەرچاوەی پەندەکان، دۆزینەوەی هاو واتای پەندەکان، شیتەڵکردن و شیکاری باری زمانەوانی پەندەکان و هەروەها وەرگێڕان و کۆکردنەوەی پەندەکان وەک فەرهەنگێکی سەربەخۆ" (زراعی: ٢٠٢١، ١٧).

ئەم کارەی پیرەمێرد دەچێتە خانەی کۆکردنەوەی پەندەکان و گونجاندنیان لەگەڵ بارودۆخی ئەوکاتەی، کە پەندەکانی تێداکۆکراوەتەوە، چونکە بۆ هەرپەندێک، پەیوەستی کردۆتەوە بەڕوودا و بارودۆخێکی ئەوکاتەوە، کە پەندەی تێدا بڵاوکراوەتەوە. لە ڕووی ئەو جیاکارییانەی، کە پێشووتر کردمان. بە ناو و

ناونیشانەکەیدا دیارە، کە پەندەکانی پیرەمێرد پەندی شیعریین و جیاوازن لە پەندی ئاسایی و پەندە میللییەکان، کە پێشتر جیاوازی نێوانیانمان خستۆتەڕوو. ئەگەرچی پەندەکان خۆیان بەشێکی زۆریان شێوەی شیعرییان هەیە و هەرلە بنەڕەتەوە بەو شێوەیە داڕێژراون و هیچ دەستکاری نەکراون، وەک ئەوەی یوری سۆکۆلۆڤ دەڵێت: "قسەی پێشینان لە ڕستەی کورت و سووک و ئاسان پێکهاتوون، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکدا بەسەر زماندا دێن و برگەو وشەکانی، جۆرە رێکی و چەشنە مۆسیقایەکی تایبەتیان هەیە" (شارەزا: ١٩٨٣، ٧). ئەگەر سەرنجی ئەم ناساندنە بدەین ئاماژە بە پێکهاتن و زمان و ڕەوانی و ئاوازی پەندەکان دەکات لە بنەڕەتەوە. ئەمەش فۆرمێکی شیعرئامێزە، لێرەوە دەتوانین جەخت لەوە بکەینەوە، کە بە شێوەیەکی گشتی کارە کۆکراوەکەی پیرەمێرد لە سێ شێوەدا خۆی دەبینێتەوە. یەکەم وەرگرتن و کۆکردنەوەی پەندەشیعرییەکان وەک خۆی بەبێ دەستکاریکردن، دووەم وەرگرتنی پەندەکان و داڕشتنەوەیان لە فۆڕی شیعرییدا واتە بەشعیرکردنی پەندەکان بەڕەچاوکردن و پاراستنی ناوەڕۆکی پەندەکان وەک خۆی، سێیەم داڕشتن و دەربڕینی پەند بە بیر و تێڕوانینی خۆی و بەپێی ئەزموونی چەند ساڵە و جۆراوجۆری ژیانی.

سەبارەت بەخاڵی یەکەم، کە کۆکردنەوە و وەرگرتنی پەندەکانە وەک خۆی هیچ گرفتێکی نییە، هۆکارێکی گرنگە بۆ مانەوە و پاراستن و هەروەها گواستنەوە و بڵاوبوونەوەی زیاتریان، ئەو کات بەهۆی ڕۆژنامە و ئێستاش بە هۆی چاپکردنی لە دووتوێی کتێبێکدا.

هەرچی پەیوەستە بە خاڵی دووەم، گۆڕینی پەندەکان بۆ فۆڕمی شیعریی و داڕشتنەوە و دانانیان لەناو شیعر و شێوەی شیعردا. لەم حاڵەتدا زۆر جار ناتوانرێت دەقاودەق گوزارشت لە پەندە بنەڕەتییەکە بکرێت. ئەگەرچی زۆر هەوڵدەدرێت پارێزگاری لە ناوەڕۆک بکرێت بەڵام پابەند بوون بە کێش و سەروا و ژمارەی برگەکانەوە، زۆر جار ئەوە دەخوازێت گۆڕانکاری لە هەندێ وشە و دەستەواژە بکرێت، چونکە "هەر چەشنە جوانکارییەکی ئەدەبی بۆ دەربڕینی واتا بێ شک پێویستی بەبیرکردنەوەیەکی ورد و بەرابەرکردنێکی هەریەک لە وشەکانە" (ریپکا: ١٣٥٦هـ ١٦٩). ئەمەش بەسەر پرۆسەی بەشیعرکردنی پەندەکاندا جێبەجێ دەبێت.

خاڵی سێیەم پیرەمێرد خۆی پشت بەستوو بە ئەزموونی کەڵەکەبووی چەند ساڵەی هەوڵی داڕشتن و گوزرشتکردنی پەندە شیعرییەکانی لەو بیر و تێڕوانینانەیداوە، کە لە بیرکردنەوەی خۆیدا هەبوون بەرانبەر بە دیاردە و ڕوداوخە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی، چەندین پەندی شیعریی داڕشتووە و دەربڕیوە، ئەمەیان بەپێی ئەو مەرجانەی، کە پێشتر بۆ بوونە پەندی پێشینان خستمانەڕوو ناچنە چوارچێوەی پەندی شیعریی پێشینانەوە، چونکە یەکێک لەمەرجە بنەڕەتییەکانی بوونە پەندی پێشینان خوول خواردن و دەورانی تەواوە بۆ ئەوەی مۆرکی پەندی پێشینان وەرگرن، واتە بەناو خەڵکیدا خوول

بخۆن و بگەڕێن و دەبێت هەمووان بەشداربن لە داڕشتن و بنیادنانی پەندەکان. لەڕووی بیر و شێوەوە. لەم کارەدا ئەوەی پیرەمێرد داڕشتن و بیرکەی هی خۆیەتی و کەسیتر بەشداری نەکردووە لە داڕشتن و بیرەکەی، ئەگەرچی چیرۆکێکی ڕاستەقینەشیان هەبووبێت، لانی کەم لە کاتی بڵابوونەوەیان لە ڕۆژنامەکەدا، کە وەک وێستگەی بڵابوونەوە و خوولخواردنەکە دابنرێت، کارەکە نابێتە پەند، بەڵکو دوای تەواوبوونی ماوەکەی و بڵاوبوونەوەی دەبنە پەند، یان بەپێی هەندێ پێوەر دەچنە خانەی قسەی نەستەقەوە، لەبەر ئەوەی، کە خاوەنیان دیارە، کە خودی پیرەمێردە.

بەڵام دەکرێت ئەوە بەهەند وەربگرین پیرەمێرد وەک پەندبێژێکی ئەدەبی ئەزموون و دونیابینییەکەی خۆی لە لایەک و سەلیقەو کارامەییە هونەرییەکەی لە لایەکی دیکەوە، هەوڵی داڕشتنی پەندی پێشینانی داوە و لە جیاتی گواستنەوە و بڵاوبوونەوە بە شێوەی زارەکی. ڕۆژنامەکەی کردۆتە وێستگەی بڵاوبوونەوەی پەندەکان، هەروەها بەشدار نەبوونی کۆمەڵانی خەڵکی لە داڕشتنی پەندەکان لە ڕووی شێوە و بیرەوە وەکو خەوشێکی سەر پەندەکان وایە، بۆیە بەشێک لە پەندەکانی پیرەمێرد، کە بەتەواوی بەرهەمی بیری خۆیەتی و لە شوێنی تر بەرچاو ناکەون. واتە کۆکراوە و داڕێژراوەنین، بەهۆی دیاربوونی خاوەن، بەشدارنەبوونی هەرەوەزی لە شێوە و بیریاندا نابنە پەندی تەواو، ئەگەر لەژێر خانەی قسەی نەستەقیشدا لایان بدەین.

دواجار ئێمە پیرەمێرد وەک پەندبێژێکی ئەدەبی ناودەبەین و کۆی کارەکەی لەبەرئەوەی تێکەڵە لە نێوان پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، بەڵام بەشی زۆرینەی پەندی پێشینانە و پەندە داڕێژراوەکانی خۆیشی ماوەی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە و بەناو خەڵکیدا بڵاوبوونەوە، کەواتە کارەکە وەک پەندی پێشینان و لە ناویاندا وەک پەندی شیعریی پێشینان ناودەبەین و پەسەند دەکەین.

سەرەنجام لە ڕووی شێوەوە، کە سەرجەمیان شێوەی شیعریین، دەبێت ئەوە بزانین، کە پەیوەندی زۆر هەیە لە نێوان شیعر و پەندا، بەتایبەتی لە ڕووی بنیادنانەوە، بەڵام هەردووکیان دووچەشنی ئەدەبی جیاوازن. هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، پەندەکان دیارترین و بڵاوترین چەشنی ئەدەبین و لەو ڕووەوە بە پلەی یەکەم دێن. جیاوازی گەورە هەیە، لە گوازرشتکردن و ناوەڕۆکدا. لەنێوان پەندەکان و شیعردا، شیعر درێژدادڕی و زیادەڕۆیی دەکات و تەژییە لە خەیاڵ، پەند وێنەی واقیع دەکێشێت و دوورە لە زیادەڕۆیی و پیاهەڵدان، ڕاستگۆیانە دەدوێت و خاڵییە لە خەیاڵ، لە ڕووی لێکۆڵینەوەوە پەندەکان گرنگی و بایەخی مێژوویی زۆریان هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر سەرنج بدەین پەندبێژی ئەدەبی (شیعریی) لێهاتوویی خۆی سەلماندووە لە داڕشتنی پەندەکاندا، توانیویەتی کارامەیی و سەلیقەی میللی خەڵکی لە ڕێگای تایبەتمەندی پەندەکانەوە، بە نەوەکانی دواتر بگەیەنێت، وەک وردی لە گوزارشتکردن، کورتی لە دەربڕین، ڕازاوەیی لە

دەستەواژەکان، کە هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی کلێشەیەکی زمانەوانیدا دەربڕدراون. نەشبوونە بەربەست لەبەردەم پەندبێژی ئەدەبیدا، کە توانیویەتی بە دەستەواژەی کورت و پوخت واتای زۆر و بەرز لە خۆبگرێت و ئامانجی خۆی بپێکێت. پەندەکان هۆکارێکن بۆ دەرخستنی ئاستی رۆشنبیری میللی و گوزارشت لە بیروبۆچوونی گەل دەکەن. وێنەیەکە لە گەشەکردنی لایەنی بیریی و هونەریی، گەل و پەند بێژی ئەدەبی.

لایەنی هونەری پەندی شیعرییەکان لە ڕووە ئەرێنییەکەیەوە ئەوەیە، کە هۆکارێکی گرنگ و گەورەی مانەوە و پارێزگاری پەندەکانە لە مەترسی لەناو چوون. هۆکاری گواستنەوە و ئاڵوگۆڕ و کارلێکی پەندەکانە لەگەڵ چینە جیاوازەکان. ئاواز و مۆسیقای وشە و دەربڕینەکان هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ کارامەیی و لێهاتوویی پەندبێژی ئەدەبی و هۆکاری بەردەوامی و گەشەکردنی ئەم چەشنە ئەدەبییەن.

سەرەڕای هەموو ئەم باشییانەی پەندە شیعرییەکان دەبێت ڕەچاوی ئەوەش بکەین چەند لایەنێکی نەرێنی هەیە، کاتێک پەندەکان کۆدەکرێنەوە و لەشێوەی شیعردا دادەڕێژرێنەوە، لەوانە: خەڵکی ناچار و پابەندی لەبەرکردن دەکات، یان زۆر جار چەند پەندێک، کە ڕەنگە لە ڕووی مەبەست و ناوەڕۆکەوە لێک جیابن لە دەقێکی شیعرییدا یەک بخرێن، یان دەستکاری شێوە و بەشێک لە وشە پێکهێنەرەکانی بکرێت و وشەی هاوواتای دابنرێت. لەبەر گونجاندنی لە کێش و سەروا و جێکردنەوەیان لە دێڕێکی شیعرییدا. بەمەش لە ڕووی داڕشتنە زمانییەکەوە دەبیاتە ئاستێکی باڵاتر بەوپێیەی " کێش و سەروا و بوونی لادان لە بونیادەکەیدا هۆکاری ئەوەیە، کە زمانی ئەدەبی باڵاتربێت لە زمانی ئاسایی" (مقدادی: ١٣٩٣هـ ٢٥٣)، هەروەها جۆرێک لە مۆرکی کەسی و خاوەندارێتییان بۆ دروست دەبێت، کە یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی پەندی پێشینان دیارنەبوونی خاوەنییەتی.

پیرەمێرد وەک پەندبێژێک زۆر زیاتر لە هەر پەندبێژێکی تر لەکارەکەیدا سەرکەوتووبووە، بەهۆی ئەو ئەزموونە زۆرەی، کە هەیبووە لە ڕووی زمانزانی و کاری هەمەچەشنی، کە پێشتر لە دەروازەی ئەم کارەدا لە ئەزموونەکانیدا باسمان لێوەکردووە. واتە بەهۆی ئەزموونی لەسەریەک هەڵچنراوی لە ڕووی داڕشتنی بیرەوە قاڵبووی چەندین ڕووداو و شوێن و چیرۆکی هەمەچەشنە، هەروەها لە ڕووی زمانزانی و هۆنینەوەی شیعر و وەرگێڕانی چەند زمانە بۆ کوردی و بەپێچەوانەوە. داڕشتنەوەیان لە فۆڕمی شیعریدا بۆ هەر زمانێک، هەموو ئەمانە یارمەتی داوە لە داڕشتنەوە و داڕشتنی پەندەشیعرییەکان و دواتر کۆکردنەوە و تۆمارکردنیان. دواجار لە ڕێگای ئەم کارەوە ئێمەش ئاشناببین بە بنەما بیریی و هونەرییەکانی پەندە شیعرییەکانی.

دەبێت ئەوە ڕوونبێت لەبەر چاومان، کە "هیچ ئایدیایەک بەبێ بونیاد ناخرێتە ڕوو خاوەن ئایدیاکان بەدوای بونیادی گونجاودا دەگەڕێن بۆ خستنە ڕووی ئایدیاکانیان... بونیاد لەشیعردا واتە زمان، زمانیش بریتییە لەدەنگ، وشە، ڕستە و ڕیتم ئەوانە دەبنە دەفری دەقنووس" (لەتیف: ٢٠٢١، ٨٩).

پەندەکانیش، کە بونیادێکی شیعرییان لەڕووی شێوەوە هەیە و لەهەمانکاتدا پەیامێکیان هەیە و دەیانەوێت بیرێک بگەیەنن، بۆیە لەم ڕووەوە لەسەر هەردوو شاڕێی بنەمای بیریی و هونەریی بەشێوەیەکی گشتی دەوەستین.

**یەکەم: بنەمای بیریی لە پەندە شیعرییەکاندا:**

بیر لە ئەدەبدا پانتاییەکی فراوانی هەیە، کە ناتوانرێت سنورداربکرێت، چونکە ڕەنگدانەوەی هۆشیاری مرۆڤایەتییە بەرانبەر بە ژیان بە گشتی بە تەواوی وردەکارییەکانییەوە. ئەم هۆشیارییە بەردەوام دەبێت بۆ هەرشتێک لە دونیادا دەگوزەرێت، بە دونیا بینییەکانەوە، کە ڕەنگدانەوەی ئەزموونەکانی مرۆڤە، لەوانەش: خەم و خۆشی، شکست و دەسکەوتەکانی، خەون و خولیاکانی،...هتد. بیر "ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر داهێنانی ئەدەبی پەیوەندی نێوان دەقی ئەدەبی و بیر پەیوەندییەکی تەواوکارییە، کاتێک بیر و داهێنان کارلێک دەکەن دەبێتە هۆی داهێنانی ئەدەب هەر دەقێکی ئەدەبی بیرۆکەیەکی تێدانەبوو ڕەگەزێکی گرنگی لەدەستداوە" (یوسف، ٢٠١٣، ٣)

بیر "بریتییە لە مێشکدا مانەوەی وێنە و چۆنیەتی شت و ڕووداوەکان، توانای لێکدانەوە و سەرنجامگیریی، لەلایەن مرۆڤەوە لە ڕێگای بەکارهێنانی مێشکەوە" (هەرشەمیی: ٢٠٢٢، ٤٨٣)، بیرکردنەوەش "جوڵەیەکی زمانییە، چالاکییەکی بیرییە لە زماندا، جوڵەی بیر بەبێ زمان نابێتە هۆی لە دایکبوونی مەعریفە و بەرهەمهێنانی واتا، تێگەیشتن بە هۆی زمان و وشە و گوزارە و ڕستەکانییەوەیەتی" (أدهم: ١٩٩٣، ١٢٧).

بە شێوەیەکی گشتی بیر "کۆدەبێتەوە لە ژیریی مرۆڤدا، لەدایک نابن تەنها لە ڕێگای زمانەوە نەبێت ڕاستی بیر لە گوزارشتکردندا دەردەکەوێت، هەموو پرۆسەیەکی ئەقڵی پێویستە بکرێتە گوفتار و ڕەفتار، چونکە پرۆسەی ئەقڵی ئەوەیە، کە لە وتن و کردەوەکاندا ڕەنگ دەداتەوە" (الشولي: ٢٠١٦، ٤١).

بیرکردنەوەش "چالاکییەکی ئەقڵییە و ڕەنگدانەوەی واقعە و پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئاخاوتندا هەیە، مرۆڤ بەردەوام بیر لە دەوروبەری دەکاتەوە و لە ژیانی و کاروباری ڕۆژانە و ڕووداوەکان، لە ڕێی بیرکردنەوەوە دەگات بە داهێنانی نوێ و ژیانی خۆی بەرەو پێشەوە دەبات و ڕۆژ بە ڕۆژ شتی تازە و نوێ دادەهێنێت، کە بۆ ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی پێویستن" (عەلی، ٢٠١١، ٦). بیرکردنەوەش بەو پێیەی زنجیرەیەک چالاکی ئەقڵییە، بۆ چەند جۆرێک پۆلێندەکرێت، لەوانە: "بیرکردنەوەی دەرەکی، بیرکردنەوەی ناوەکی، بیرکردنەوەی تێڕامانانە، بیرکردنەوەی خۆیی، بیرکردنەوەی ڕێکخراو، بیرکردنەوەی داهێنەرانە، بیرکردنەوەی هەڵێنجانانە" (عەلی، ٢٠١١، ٧)، هەروەها جیا لەمانە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و زانستی و لۆژیکی و ...هتد.

بەشێوەیەکی گشتی ئامانج لە بیرکردنەوە تێگەیشتن و قبوولکردن، گەیشتن بە بڕیاری دروستە، دانانی پلان و چارەسەرە بۆ کێشەکان، بڕیاردان لەسەر بارودۆخەکان، هەستکردن بەخۆشی و چێژبینین و ئەندێشەی داهێنەرانەیە.

بیر لە ئەدەبی فۆلکلۆریدا بەجۆرێک بووە، کە "لەدێر زەمانەوە وەک دەربڕینی واقیعی ئەو شتانە ناسراوە، کە لەتەک مرۆڤدا، لەو سەردەمانەدا ڕوویانداوە، وەک دیاردەی دەروونیی و ڕەفتاریی و ئاوەزیی، چاودێریکردنی ڕێگا جیاوازەکانی ژیان، ئەم ڕێبازە بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە هونەرە ئەدەبییەکانی دەوڵەمەند بە بیر و هێما" (غراب: ٢٠١٤، ١١).

لەم ڕووەوە پیرەمێرد لە پەندە شیعرییەکانیدا هەوڵیداوە بیر بگەیەنێت، جا ئەو بیرە، بیری پەندبێژان و ژیربێژانی پێش خۆی، یان تەواوی خەڵکانی پێشتر بێت. لە ڕێگای کۆکردنەوە و تۆمارکردنی پەندەکان و بەشیعرکردنیانەوە. یان لە لایەکی ترەوە بیری تایبەتی خۆی بگەیەنێت لەو بەشەیدا، کە پەندەکان دارشتن و بیری تایبەتی خۆیەتی لە ئەنجامی کەڵەکەبوون، هەڵچنین و چوونە سەریەکی ئەزموون و دونیابینی خۆی، کە هەیبووە بۆ دیاردەکانی ژیان. بڕوای پتەوی بەوە هەبووە، کە هۆشیاری گەل بەرزبکاتەوە. لە هەڵە و پەڵە و کەم و کورتی ئاگاداریان بکاتەوە، ڕێگرییان لێبکات، ئاڕاستەیان بکات و بیانگەیەنێت بە ئامانجێک. بەهۆی ئەمەشەوە "کە ئەم هەوڵانەی لەگەڵ ئاڕاستە جیاجیاکانی هەندێک کەس و لایەنی سیاسی تووشی کێشە و ململانێی کردووە، بەڵام باوەڕی نەگۆڕی بە خزمەتکردنی نەتەوەکەی بووە" (سدیق: ٢٠١٧، ٧٢)، ڕێگای بەردەوامی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵبژاردووە.

هەروەها لە کۆکردنەوەی پەندەکاندا یان نووسینەوە و دارشتنەوەیان و بڵاوکردنەوەیاندا "هەمیشە ئەوەی ڕەچاوکردووە، کە پەندەکان لە تەک بارودۆخدا بگونجێن، بۆیە هەر پەندێ وێنەیەکی کاریکاتۆری سەربەخۆیە" (کریم: ٢٠١٥، ٤٢٨)، ئاوێتەیە لەگەڵ دۆخی ئەوکاتی پەندەکەی تێدا بڵاوکراوەتەوە لە ڕۆژنامەکەدا.

بە شێوەیەکی گشتی پەندی پێشینان لە ڕووی بیرەوە هەڵگری ناوەڕۆکێکی "ڕەوشتی، ئامۆژگاری و پەروەردەیی، ئاڕاستەکردن، پەند، خۆشەویستی و کینە، ترس و دڵنیایی، بەختەوەری و دڵتەنگی، ئاشتی و ئاشوب، مردن و ژیان، ئەوەی پەیوەندی بە ژیانەوە هەیە دەیگرێتەوە، پەندەکان بوارێکی فراوان لە خۆیان دەگرن" (مرتاض: ١٩٨١، ١١٢). هەر بۆیە پەندەکان وەک ئامرازی دیاریکردنی کیشەکان و دیاریکردنی سنوری کێشەکان و چارەسەریان دادەنرێن و پەند بە سوڵتانی بیرەکان دادەنرێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان.

هەروەها پەندەکان دەتوانن "گرنگی گەورەیان لە ژیانی گەلان هەبێت، هۆکارێکن بۆ دەرخستنی گەنجینەی بیر، کە دەتوانن جێگای سەرنج بن و مەبەستەکان ڕوونبکەنەوە. خەیاڵ دەوروژێنن و یارمەتی تێگەیشتن دەدەن. مایەی چێژوەرگرتنن بۆ دەروون و بیر و هەستەکان، ڕەنگدانەوەی داب و نەریتی

خاوەنەکانیان و ڕەفتار و ڕۆتینیانن، بە کورتی لە دەربڕینیان و فراوانی واتا، کە گوزراشتە لە قوڵایی بیرکردنەوەی گەلان" (العوبی: ١٩٨٩، ٨٤).

سەبارەت بە دابونەریتەکان، کە لەناواخنی پەندەکاندان. دەتوانین ڕەگ و ڕیشەیان بدۆزینەوە پێویستە ئەوە بزانین، کە داب (customs) "شێوازی ڕەفتاریین لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە ماوەیەکی کاتی بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی جێگیربێت و دەگاتە پلەیەک نەوەکانی داهاتوو باوەڕی پێدەکەن. هەندێکجار دەبینین دابەکان جێگای یاسا دەگرنەوە لە کۆمەڵگەدا...داب پەیوەستە بە ڕەفتاری تایبەتەوە، بەڵام نەریتەکان پەیوەستن بەڕەفتاری گشت کۆمەڵ" (ناصر: ٢٠٢٠، ٢٤٦). نەریتەکان (traditional) وا پێناسە دەکرێن، کە "بریتییە لەشێوازێک لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی بە کۆمەڵ پێگەیەکی پیرۆزیان لەلای تاکەکانی کۆمەڵ هەیە، چونکە وای بۆ دەڕوانن ئەم ڕەفتارانە شکۆیان دەپارێزێت، بەڕێزیان دەکات، وەک هێزێک لە کۆمەڵدا، دان بە بوونیاندا دەنێت" (ناصر: ٢٠٢٠، ٢٥٥)، بۆیە پێویستە ئەوە بزانین، کە داب ڕەفتاری تاکە کەسییە و نەریت گشتییە. لە ئەگەری جێبەجێنەکردنی نەریتەکان تاک ڕووبەڕووی سزادەبێتەوە، داب دەگۆڕێت بۆ دابی کۆمەڵایەتی و گشتی، دواتر بۆ نەریت، بنەچە و بیری ئەمانە هەموو لە ناواخنی پەندەکانەوە دەستگیر دەبن و دەشێت ببنە کەرەستەی لێتوێژنەوە، بەڵام بیرکردنەوەی لەنێوان گەلاندا جیاوازە، بۆیە دەبێت ڕەچاوی ئەوەبکەین، کە بیر "لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر، دەستاو دەستی کردووە، هەریەکە ویستوویەتی بە گویرەی هەل و مەرج و بارودۆخی خۆی، گۆڕانی پێویست و گونجاو بەسەر ئەو بیرەدا بهێنێت و تایبەتمەندی پێبدات" (جەعفەر، ٢٠٠٩، ٨). دواجار دەتوانین بڵێین وێڕای هاوبەشی بیر لەنێوان پەندی پێشینانی گەلانی دونیا، ئەوا پەندی پێشینانی کوردی مۆرکی تایبەتی نەتەوەیی و ناوچەیی و کلتوریی و نەریتی تایبەت بە خۆی پێوەیە، کە دەتوانرێت وەک سیمایەکی جیاکەرەوەی ببینرێت لەناو پەندی گەلاندا. هەڵبەت ئەمەش بە شێوەیەکی ڕەها بۆ گشت پەندەکان نا، بەڵکو بۆ زۆرێک لە پەندەکان ئەم سیما تایبەتییە ڕاستە و دەکرێت بکرێتە سیمایەکی ناسینەوە بۆیان.

پەندەکان سەرەڕای ئەوەی، کە هەڵگری بنەمای بیریی تایبەت بۆخۆیانن و مەبەست و ناوەڕۆکی هەمەچشنەیان لە ناواخنی خۆیاندا هەڵگرتووە، لە هەمانکاتدا هۆکارێکن بۆ گواستنەوەی بیر لەنێو گەلان و نەتەوە و سنورە جیاوازەکان و بەهۆیانەوە ئاشنا و شارەزای قوڵایی بیری گەلانی تر دەبین و سوود لە ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی یەکتر وەردەگرن، دواجار ئامانجەکانی پێ دەهێنرێتە دی، کە ئەرکی پەندەکانن بۆ هێنانەدییان.

هەموو ئەم بیرانەش لە ناو پەندەکانەوە لە ڕێی زمانەوە گوزارشتیان لێدەکرێت، چونکە وەک (کریستیڤا) دەڵێت: "زمان جەستەی بیرە و بیریش گیانی زمانە، هیچیان بە بێ ئەوی تریان ناژین" (شەمس: ٢٠١٣، ٣٨)، وشە و واتا وەک جەستە و گیان وان، کە "وشە جەستەیە و واتا گیان،... لاوازی یەکێکیان دەبێتە

هۆی لاوازی ئەویتریان و بەهێزیی یەکێکیان دەبێتە هۆی بەهێزیی ئەویتریان" (زرينكوب: ١٣٨٦، ١٦٥). هەر لەبەر ئەوەشە، کە (هێردەر) پێیوایە "ناتوانین چۆنیەتی بیرکردنەوەی گەلێک بزانین تا زمانەکەی نەزانین، چونکە خەڵک هاوشێوەی ئاخاوتنیان بیردەکەنەوە و هاوشێوەی بیرکردنەوەشیان قسەدەکەن" (شەمس: ٢٠١٣، ٣٩).

لە ڕوانگەی ئەوەی بیر زمانە و زمان بیرە، جیاوازی نییە لە نێوانیان، بەڵام واتا بریتییە لە بیر و زمان لەیەککاتدا: کاتێک مرۆڤ دەیەوێت بیرێک دەرببڕێت، بێگومان بەهۆی واتای وشەکانەوەیە، ئێمە لەبەردەم بیر و دەربڕیندا "لەبەرانبەر یەک کردەوەداین، کە بە ناواخنی بیر دەستپێدەکات، کۆتایی دێت بە دەربڕین، لە بەرانبەر پێداویستییەکی مرۆڤدا، لە دەربڕینی بیرکردنەوەکانی و بیرکردنەوە لە وشەکانی. ئەوەش پێویستی دەروونی مرۆڤە بۆ پێداگری لە دووشت. بیر و دابەش بوونی لە ڕستەکاندا، تا خۆی تەواوبکات و بگەیەنێت، لە پێناو مرۆڤدا، کە پێویستی بە وەیە گوزارشت لە خۆی بکات، خۆی بنووسێتەوە گوێ لە خۆی بگرێت و خۆی بخوێنێتەوە" (الشولي: ٢٠١٦، ٤٣).

دەتوانین ئەوە بڵێین، کە پەند نوێنەرایەتی دانایی و ژیریی گەل و مێژووەکەی دەکات. وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژیان و دۆخی گەلانە، چونکە پوختەی ئەزموونە قووڵەکانی ژیانە، کە پیادەی کردووە، کەڵەکەبووە و هەڵچنراوی شارەزایی و بیری ڕابردوویەتی لە مێژووی شارستانییەتی دوور و نزیکدا پوختە و کورتکراوەی کۆژانەکان، بەختەوەری، تووڕەیی، ڕەزامەندییەکانیەتی. لەناو پەندەکاندا گوزارشت و بیرکردنەوەی هەمەجۆر دەبینین بۆ باسکردنی ژیانی تاک، یان کۆمەڵ بە ئامرازی هەمەچەشن و ڕێگای فرەجۆر.

لە ڕوانگەی گرنگی و بایەخی بیر و ڕۆڵی پەندەکان لە هەڵگرتنی ئەم بیرانە لە هەناوی خۆیاندا و بە تایبەت پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرد بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەمان تەرخانکردووە بۆ بنەما بیرییەکان لە پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرددا. لەو ڕووە لەچەند ڕەهەند و مەبەستێکی پەندەکان دەدوێن لەسەر بنەمایەکی بیریی چەسپاو کە بریتییە لە : (ئاگادارکردنەوە، ڕێگریکردن، ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن، ئامانج) لە پەندەکاندا.

هەروەها دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین، کە پەندبێژی ئەدەبی "سەرەڕای سادەیی توانیویەتی بیر لە فۆڕمێکدا دابنێت، بە شێوەی جۆراو جۆر و ئامرازی فرەچەشنی بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە، تا بیرەکە و مەبەستەکەی بگەیەنێت. قاڵب ڕێگر نەبووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ لێهاتوویی و کارامەیی پەندبێژ" (فالق: ٢٠١٦، ١٣٦)، بۆیە لێرەوە دەچینە سەر بنەما هونەرییەکانی پەندەکان و لەسەریان دەوەستین.

**دووەم: بنەمای هونەریی لە پەندە شیعرییەکاندا:**

پەندە شیعرییەکان لە فۆڕمدا وەک شیعر وان "شیعر بەشێکە لە ئەدەب و ئەدەبیش بەشێکە لە هونەر، هونەریش بەشێکە لە ژیان" (بیدار: ٢٠١٣، ١٢). پەندەکان، کە دەچنە ژێر چەتری هونەرەوە خاوەن چەند بنەمایەکی هونەریین، کە پەندبێژی ئەدەبی لە بنیادەکەیاندا بەکاریهێناون. بۆیە "بنیادی هونەری لایەنێکی گرنگی پەندەکانە، لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییە هونەرییەکانی پەندەکان ئەوەیە، کە تیشک دەخاتە سەر لایەنێکی تایبەت، کە ئەویش بنیادەکەیەتی. هەر لەم ڕووەوە دەبینین سەرجەم پێناسەکان لەسەر دووبنەما وەستاون بنەمای بابەتی و بیریی، بنەمای هونەریی" (فالق: ٢٠١٦، ١١٧). پەندەکان، کە کورتکراوەی ئەزموونێکی ڕابردوون، بە شێوەیەکی هونەری داڕێژراون لەگەڵ هەمان پێناسەی چەمکی شیعردا یەکدەگرێتەوە، کە دەڵێت: "داڕشتنێکی هونەریی تاقیکردنەوەی کەسییە" (علی: ١٩٩٨، ١٢). یان لە پێناسەی تری شیعردا دەوترێت "هۆنراوە دەربڕینێکی هونەری تاقیکردنەوەکانی شاعیرە و لەگەڵ چەند بنەمایەکی ئاوازەیی و وێنەییدا بنیاد دەنرێت" (علی: ١٩٩٨، ١٨)، هەمان شت بۆ پەندە شیعرییەکان دروستە لەو ڕووەوە، کە ئەزموونێک هەیە، لە فۆڕمێکی شیعریدا دەربڕدراوە لە لایەن پەندبێژی ئەدەبییەوە تەنها جیاوازییەکەی لەوەدایە، ئەگەر لە شیعردا بە شێوەیەکی ڕێژەیی تاقیکردنەوەکە بەسەر خودی شاعیردا هاتبێت، ئەوا لە پەنددا مەرج نییە تاقیکردنەوەکە بەسەر خودی پەند بێژی ئەدەبیدا هاتبێت. دەشێت پەندی شیعریی زۆر جار ئەزموونی مەرگ بگێڕێتەوە، کە بەسەر کەسێک هاتووە، یان ڕووداوێک باس بکات، کە شارێک وێران بووە. دەشێت پەند بێژی ئەدەبی ڕاستەوخۆ پەندە شیعرییەکەی داڕشتبێت، یان دوای ئەوەی چیرۆکەکەی بیستووە و پەندی پێشینانەکە هاتۆتەبوون دواتر سەرلەنوێ لە فۆڕمی شیعرییدا داڕێژرابێتەوە.

لێرەوە پەندی شیعریی لەگەڵ پێناسەکەی قودامەی کوڕی جەعفەر یەک دەگرێتەوە، کە دەڵێت: "(شیعر ئاخاوتنێکی کێشدار و سەرواداار و واتادارە)، کە لە دڵ و دەروونی هەندێ خاوەن بیری هەڵکەوتووەوە هەڵدەقوڵێ بۆ سەرزمانی، لە پەردە و کالایەکی مۆسیقیدا" (بیدار: ٢٠١٣، ١٩). ئەگەر سەرنجی ئەم پێناسەیە بدەین جەخت لەسەر (کێش، سەروا، واتا)دەکات. لە پەندەشیعرییەکانیشدا هەمان ڕەگەزی هونەری بوونیان هەن. ئەمەش دەبێتە ئاماژەیەک بۆ بوونی زمانی ئەدەبی. هەر لەم ڕووەوە (ڕیڤاتێر) پێیوایە بنیادی دەقی شیعریی لە چەند ڕەگەزێک پێک دێت، وەک: "وێنەی شیعریی و زمانی شیعریی و ڕیتمی شیعر...هتد، هەموویان بنیادی دەقە شیعرییەکە پێک دەهێنن" (شێخ-بزێنی: ٢٠١١، ٧). بۆیە جەخت دەکرێتەوە لەسەر ئەوەی، کە "بنیادی هونەریی شیعر لێکۆڵینەوەیە لەسەر بنیادی دەستەواژەکان و وێنە و ڕیتم و بیرەکان، پێکهاتەی زمانەوانی دەگرێتە خۆی" (سەعدون: ٢٠٠٦، ١٣).

لیکۆڵینەوە لە بنیادی هونەری شیعر، یان پەندی شیعریی ناتوانرێت بەرجەستە بکرێت "ئەگەر لە پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکانی پێکهاتەی شیعر نەگەین. ئەم ڕەگەزانەش ئەگەر ڕەگەزی ڕووخساری شیعر بوون وەکو زمان و ڕیتم و وێنە یاخود ڕەگەزەکان بابەتیانە بوون، کە پەیوەندییان بە ناوەڕۆکەوە هەیە، وەکو بیر و بابەت" (سەعدون: ٢٠٠٦، ١٣).
لەبارەی شێوەی هونەری بنیادی پەندەکان و بەشداری نەوە لە دوای نەوە، ئیبراهیم دەسوقی دەڵێت: لەناو پەندەکاندا "دەستەواژەکان داڕێژراون لەسەر شێوازێکی تایبەت، کە ئاسانی دەربڕینیان تێدایە، ئاوازی دڵنشینیان تێدایە، نوێنەرایەتی و ڕەنگدانەوەی شارەزایی گەلن، ڕۆشنبیرین، نەوە لە دوای نەوە بەشداربوون لە داڕشتنەوەیان بە هاوبەشی، هەموو نەوەیەک ئەوەی لێ لابردووە، کە ویستوویەتی، ئەوەی بۆ زیادکردووە، کە ویستوویەتی، تا گەیشتۆتە شێوەی کۆتایی لە گونجان و هاوسەنگی و گوزراشت لێکردن" (الدسوقی: ٢٠١٥، ١٦٩)

پەندە شیعرییەکان لەسەر چوار بنەمای هونەریی بنەڕەتین، کە خۆیان لە "زمان، فەرهەنگ، وێنە و ئاوازدا دەبیننەوە" (فالق: ٢٠١٦، ١١٨)، کە بایەخ بە شێوەی ڕێزکردنی کەرەستەکانی زمان و جۆرەکانی کردار و شێوەی دەربڕینی ڕستەکان و ...هتد دەدات، هەروەها وێنە بەشێکی گرنگی پەندە شیعرییەکانە، بە هەموو جۆرەکانییەوە، بە تایبەتی وێنەی کاریکاتێریی، کە ڕووبەرێکی فراوانی لەناو جۆرەکانی وێنە لە پەندەشیعرییەکاندا داگیرکردووە. ئاوازی شیعریی پەندەکانیش خۆی بەو کێش و سەروایانەدا دەبینێتەوە، کە لە بنیادی پەندەکاندا بەکارهاتوون، وێڕای بەکارهێنانی ئاوازی ناوەوەی پەندەشیعرییەکان، کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بونیادی ئاوازەیی پەندەکاندا هەیە.
کەوابوو وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا پەندەکان لەسەر دوو کۆڵەکەی سەرەکی وەستاون، کە هەموویان ناواخن و شێوەیان هەیە. ناوەڕۆکیان نامەیەک لە خۆی دەگرێت، کە پەروەردەیی، ڕەوشتی، ڕێنمایی، ئاڕاستەکردن، یان هەرشتێکی تر بێت و ئەمەش لایەنی بیر دەگرێتەوە لە پەندەکاندا، کە پێشتر لەبارەیانەوە دواین، بەڵام شێوەکەی بریتییە لە فۆڕمی هونەریی پەندەکان، کە پێکهاتەکەی دەگرێتەوە لەڕووی زمان و شێواز و وێنەی هونەریی و ئاواز و مۆسیقاوە.

لێرەوە دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین، کە زەحمەتی بەکارهێنانی بیر لە دەربڕینێکی شێوە شیعریدا دەردەکەوێت، کاتێک پەندبێژی ئەدەبی ناچارە لە ڕێگەی وێنەی شیعرییەوە بیرەکە دەربڕێت، بە شێوەی هونەریی بەرز و کورتبڕی، لە چوارچێوەی کێش و سەروادا. بە لەبەرچاوگرتنی هاڕمۆنییەتی گشتی دەق. ئەمەش لە چوارچێوەی بنیادی گشتی دەقەکەدا. ئەمانەش هەمووی لەمپەرن لەبەردەم داڕشتنی دەقەکەدا، بە گەورەترین تاقیکردنەوەی ئەدەبی و شیعریی دادەنرێت. هەر ئەمەش هۆکاری جیاوازی نێوان پەندی ئاسایی میللی و پەندی شیعرییە، کە یەکەمیان لە بیرێکی سادە و نەبوونی سەلیقەی شیعرییەوە داڕێژراون، بەڵام جۆری دووەم خاوەن هۆشیاری زیاتر و کارامەیی و سەلیقەی داڕشتنی

شیعرییان بەرزتر و ئاگاییان زیاترە. لەم ڕووە پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرد لەو بەشەی، کە پەندی ئاسایین و کراون بە شیعر و ئەوانەش، کە بەرهەمی خودی خۆیین، واتە هزر و بیر و داڕشتنی پیرەمێردن. بە ئاشکرا کارامەیی و سەلیقەی شیعریی پیرەمێردیان تێدا بەرجەستە دەبێت. تەنانەت لە بەشی یەکەمی پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرد، ئەوانەوی وەک خۆی وەریگرتوون، زەوق و سەلیقە و چێژی جوانیناسانەی ئەومان بۆ دەردەکەوێت لە هەڵبژاردنی پەندەکان و هەروەها دواتر لە بە شیعرکردن و داڕشتنی پەندەکانی تردا ئەم کارامییە ڕەنگدەداتەوە.

ئەم کارەی لە ڕووی هونەرییەوە دەبێتە مایەی بەخشینی چێژ بە خوێنەران و بیسەرانی پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرد. بەو پێیەی چێژی ئەدەبی "هەستکردنە بەهەر شتێک، کە جوانی یان هەر هێمایەکی عاتیفی، کە هونەرمەندی خستۆتە ناو بەرهەمەکەی لە ئەنجامی بەسەربردنی ئەزموونێکی دیاریکراو، ئەم هەستانە دەگوازێتەوە بۆ بینین، یان بیستن و لە میانەی کارە هونەرییەکەی لێی تێدەگەن" (نصار و کوفجي: ٢٠٠٧، ٨٢)، واتە چێژ "ئەو توانایەیە، کە لەسەر هەڵبژاردن و ئاگاداربوون بۆ ڕەگەزەکانی جوانی و تایبەتمەندی کاری هونەری ئاشکرادەبێت" (طیب: ٢٠١٢، ٩).

لەبەر ئەم بایەخەی بنەمای هونەریی لە پەندی پێشینان و بەدیاریکراوی لە پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرددا بەشی سێیەمی ئەم تێزەمان تەرخانکردووە بۆ ئەو مەبەستە و لەچەند ڕوویەکەوە لێیان دەکۆڵینەوە.

# بەشی دووەم:

## بنەمای بیریی لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا

### پاری یەکەم: بیری پەروەردەیی و خوێندن لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا

### پاری دووەم: بەها ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییەکان لە پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرددا

### پاری سێیەم: بیری کۆمەڵایەتی لە پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرددا

### پاری چوارەم: بیری سیاسی و نیشتیمانی لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا

### پاری پێنجەم: بیری ئایینی لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا

### پاری شەشەم: بیری فەلسەفی لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا

### پاری حەوتەم: مرۆڤ لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا

## بەشی دووەم:

## بنەمای بیریی لە پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرددا

**پاری یەکەم: بیری پەروەردەیی و خوێندن لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا:**

پەروەردە و بنەمای بیری پەروەردەیی بایەخێکی تری پەندەکانن، چونکە "پەندەکان گرنگییەکی پەروەردەیی گەورەیان هەیە، لەبەرئەوەی هەڵگری ناوەڕۆکێکی سوودبەخش و ئەزموونێکی بەهادارن، بایەخی زۆریان هەیە، کە پێویستە بۆ پەروەردەی مرۆڤ و ڕێککردنەوەی" (التوم: ٢٠١٩، ٩). لەم ڕووەوە گرنگترین سوودەکانی پەندی پێشینان لایەنی پەروەردەییە، چونکە خودی پەندەکان ئامانجیان دووبارەنەکردنەوەی هەڵەکان، ڕاستەڕێکردنی ژیانی مرۆڤ و سوود وەرگرتنە لە ئەزموونە شکستخواردووەکانی ڕابردوو، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان پێیدا تێپەڕیون و لە چوارچێوەی پەندێکدا داڕێژراون، تا بمێنێتەوە بۆ پەند لێوەرگرتن.

پەروەردە مێژوویەکی دێرینی هەیە، لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتییەوە یەکێک لەو کایانەی، کە بەردەوامی هەبووە و هەمیشە بەپێی دۆخ و ژینگە جیاوازەکان خۆی نوێکردۆتەوە پەروەردەبووە، لە شارستانییەتی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار (سۆمەری، بابلی، ئەکەدی، ئاشوری و مادی)، شارستانییەتی دۆڵی نیل، شارستانییەتی ڕۆژهەڵاتی کۆن (هیندی، چینی، ئێرانی، ژاپۆنی)، یۆنان و ئیسلامی و سەدەکانی ناوەڕاست و تا دەگاتە سەردەمی نوێ، پەروەردە پێداویستییەکی گرنگی مرۆڤایەتی بووە. سەرجەم ئاینە ئاسمانییەکان، ئاین و یاسا و ڕێسا زەمینییەکان بایەخیان بەم بابەتەداوە. لەسەدەی نوزدەهەم بەدواوە چەندین زانا لەم بوارەدا بایەخ و تێڕوانین و پێناسەی خۆیان خستەڕوو بەراورد بەڕابردوو، چەندین تیۆری و قوتابخانەی پەروەردەیی هاتنە ئاراوە.

هەموو ئەم بایەخە جۆراوجۆرانەش بۆ پەروەردە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، "کە پێویستی ژیان و ناچاری مرۆڤ هێناویەتییەکایەوە، چونکە مرۆڤ ناتوانێت بەخواستی داواکارییەکانی ژینگەکەی بجوڵێتەوە، ناشتوانێت فەرامۆشی بکات. کەواتە باشترین ڕێگا ئەوەیە لەگەڵیدا ڕێکبکەوێت و خۆی بگونجێنێت. بەم شێوەیە دەتوانێت قەوارەی خۆی و بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت، تاکە ڕێگاش بۆ خۆگونجاندنی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە و دەوروبەرەکەیدا بریتییە لە پەروەردە" (ئالانی، ٢٠١٥، ٢٩). لە ڕێگای پەروەردەوە مرۆڤ ڕادەهێنرێت و ئامادە دەکرێت بۆ ژیان و هەڵکردنی لەگەڵ ژینگە و بارودۆخە جیاوازەکان. (هربرت سپێنسر ١٨٢٠- ١٩٠٣) دەڵێت: " پرۆسەی پەروەردە ئامادەکردنی مرۆڤە بۆ ئەوەی ژیانێکی تەواو بژیت، هەروەها جۆن دیوی (١٨٥٩- ١٩٥٢) دەڵێت: پەروەردە ئامادەکردن بۆ ژیان نییە، بەڵکو پەروەردە ژیانە. بێگومان پەروەردە فێرکردنە، بەڵام پێویستە بژین لەگەڵ ژیاندا فێرببین" (قادر: ٢٠٢٠، ١٩). زۆرێک لە پەروەردەکاران بڕوایان وایە، کە "ئەرکی پەروەردەی هاوچەرخ ئامادەکردنی

مرۆڤە بۆ ژیان بە پێی کۆمەڵەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان و پێویستە چالاک بێت تیایاندا، بە شێوەیەکی کارا، لە ڕێگای ئەو ڕۆڵانەی دەیانبینێت لەئایندەدا" (الیاس، مرتضی و علي: ٢٠١٤، ٢٧٠)

لەم نێوەندەدا یەکێک لەمەبەستە پەروەردەییەکان ئەوەیە، کە "پەروەردە کار لەسەر چاکسازی و ئاڕاستەی ڕەوشتی تاکەکانی کۆمەڵ بکات، چونکە لەبنەڕەتدا هەموو مرۆڤێک ڕەوشت بەرز و ڕەفتار نایابە و خەڵک و ژینگە جۆراوجۆرەکان شیرازەی تێکدەدەن" (ئالانی، ٢٠١٥، ٤٧). بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستانە پێویستمان بەئاڕاستەکردنی پەروەردەیی هەیە، کە بریتییە لە "هاوکاریکردنی تاک لە نەخشەکێشانی پەروەردەیی ئەوتۆدا، کە شیاوبێت لەگەڵ توانا و خواست و ئارەزوو و ئامانجەکانیدا و سەرپشک و ئازادی بکات لە هەڵبژاردنی ئەو پسپۆڕییانەی، کە دەبنە مایەی دۆزینەوە و بەگەڕخستنی توانا شاراوەکانی، لێهاتووییە پەروەردەییەکانی لە ئێستایدا و خۆسازدانی بۆ ئاستێکی زانستی ئایندە، یارمەتیدانی لە سەرکەوتن بۆ زاڵبوون بەسەر گرفت و کێشەکانی" (ئالانی، ٢٠١٥، ١٦). ئەم کارەش لەناو پرۆسەی پەروەردەدا لە ئەستۆی پەروەردەکاراندایە، (ئیمیل دۆرکهایم ١٨٥٨- ١٩١٧) لەم ڕووەوە دەڵێت: "پرۆسەیەکە نەوە پێگەیشتووەکان بەسەر نەوە بچووکەکانی دوای خۆیاندا پەیڕەوی دەکەن، کە هێشتا بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی پێنەگەیشتوون، پرسی سەرەکی لە پەیڕەوکردنی وروژاندن و گەشەپێدانی چەندین، ئامادەیی جەستەیی و هزری و ئەخلاقی منداڵانە، کە کۆمەڵگای سیاسی و ئەو ناوەندە تایبەتییەی تیایدا دەژین پێویستی پییەتی" (قادر: ٢٠٢٠، ١٨). ئەم کارەش لەناو پەروەردەدا پێوستی بە فێربوونە، کە بەبڕوای (مەن) فێربوون "بریتییە لە پرۆسەی ڕاستکردنەوەی ئاکار یان شارەزایی، هەروەها (یونسکۆ) بەو جۆرە پێناسەی دەکات: فێربوون پرۆسەیەکە، بەدرێژایی ژیان هەر بەردەوامە، چ لەڕووی زەمەنییەوە بێت، یاخود لەڕووی جۆرییەوە" (جگەرسۆز: ٢٠١٥، ١٧).

گرنگترین ڕێگای فێربوونیش ڕووکردنە خوێندن و خوێندەوارییە و لەوێوە دەستت دەگات بەسەرچاوە و ئامرازەکانی فێربوون و دەتوانیت لە نەزانی و دواکەوتوویی دەربازببیت، "پرۆگرامی خوێندن هۆی فێربوونە، ئامرازێکە بۆ هێنانەدی ئامانجی دیاریکراو، ئامانجی پرۆگرام ئەو ئەنجامەیە، کەسیستەمی پەروەردەیی مەبەستیەتی لەنێو پرۆگرامی خوێندندا بەدەستی بهێنێت" (ئەمین: ٢٠٢٢، ١٩٩)

پەروەردەکاران لەکاتی پەروەردەکردن وەک بەڵگە هێنانەوە، یان تاک خۆکارانە وەک خودپەروەردەکردن، پەنا بۆ پەندەکان دەبەن و وەک سوود وەرگرتن لە ئەزموونی شکستخواردووی ڕابردوو و خۆ دوور گرتن لێی و ڕێگرتن لە دووبارە بوونەوەی.

لەم نێوەدا پەندەکان ئامراز و هۆکارێکی گرنگی پەروەردەیین، هەربۆیەش "ڕێگای هێنانەوە و پشت بەستن بەپەندەکان ڕێگایەکی پەروەردەییە، کاریگەرییەکی قووڵی هەیە لە ئاڕاستەکردنی هەست و سۆز و هەڵچوونەکان، گرنگییان هەیە لە کاریگەری و بنیادنانی ڕەفتاری مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا. یەکێکن

لەگرنگترین ئامرازەکان لە پرۆسەی پەروەردەدا، چونکە چاکسازی لەخودی مرۆڤدا ئەنجام دەدات، بەشێوەی پێشنیاز و بەڵگەهێنانەوەی دروست، تاک ئامادە دەکات بۆ چاکە و کاری خێر لە کاتی گونجاودا، هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ ڕووندەکاتەوە و ئاراستەی دەکات بەرەو ڕێگای دروست" (القرشي: ١٩٩٦، ٤٢). پەندەکان بەشێوەیەکی گشتی وەک میتۆدێک لە سەر بنەمای (ئاگادار کردنەوە، ڕێگری، ئاراستەکردن و ڕێنمایی و ئامانج) کاردەکەن. لەم ڕووەوە "پەندە پەروەردەییەکان بە ئەرکی خۆیان لە ڕێگای ڕێگری لە ڕەوشتی نەرێنی و پێچەوانەکردنەوەیان بۆ ڕەفتاری ئەرێنی کاری خۆیان جێبەجێ دەکەن" (الغامدي: ٢٠١٦، ٣٩٧). بۆیە لەسەر بنەمای ئاماژە پێدرا و ڕۆڵی گرنگیان لە پەروەردەدا، دەبینین "پەندەکان بەشدارییەکی کارایان لە سڕینەوەی بڕیارە هەڵەکان و ڕاستکردنەوەیاندا هەیە" (شیحان: ٢٠١٧، ٤٤٢٧). ئەمەش هاوتەرییە لەگەڵ یەکێک لەبنەماکانی پەروەردەی نوێ، کە دەڵێت پەروەردەی نوێ بریتییە لە "وشیاری دەروونی، ڕێنمایی و ئاراستەکردن، بەستنەوەی پەروەردە بە کۆمەڵگاوە" (الحاج: ٢٠١٣، ٤٢). خودی پەروەردەش لە ڕێگای فێربوونەوە کار لەسەر ئەوەدەکات، کە گۆڕانکاری لەڕەفتاری تاک و کۆمەڵدا بکات و بەرەو ئاراستەیەکی دروست هەنگاویان پێ بنێت.

ئەوەی پەیوەستە بە پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرد و خودی پیرەمێرد خۆیەوە، ئەوەیە پیرەمێرد لەسەرەتاوە لەکاتی کارکردنی لەیەکەم ڕێکخراوی کوردی (جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی ١٩٠٨)، کە یەکێک لە دامەزرێنەران و بەڕێوەبەر و خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی زمانحاڵی ئەم ڕێکخراوە بووە، لە ئامانجەکانی ئەم ڕێکخراوە بەڕوونی بایەخدراوە بە پەروەردە و تیایدا هاتووە، کە ڕێکخراوەکە تێدەکۆشێت بۆ "دابینکردنی شادی و بەختیاری گەلی ڕەسەن و ڕەگەز پاکی کورد و پێشخستنی ئەم گەلە لەڕووی پەروەردە و کلتورەوە بەپێی پێداویستییەکانی ئەم سەدەیە" (مالمیسانژ: ٢٠٠٧، ٢٨)، هەروەها لە وەسییەتنامەکەیدا جەخت لە گرنگی و بایەخی خوێندن دەکاتەوە و دەڵێت:

لای من بە خـوێندەوارییە، ئـاهـ خـوێندەوارییە
هەر میللەتی کە فەنی نـەبێ دەردی کارییە
ئاخ خۆزگە خوێندنیش وەک من ئارەزوو ئەکەم
ببینم و نەبێتە گرێی قورسی کفنەکەم (ئاشنا: ٢٠٠٩، ٤٨)

پیرەمێرد وەک تاکێکی هۆشیار و بەئاگای ناوکۆمەڵ، لە سۆنگەی هەستکردن بەبەرپرسیارێتی بۆ نەوەی داهاتوو و پەروەردەکردنیان، تا ببن بەنەوەیەکی ڕەفتار دروست و کردەوە پەسەند، درکی بەوەکردووە، کە تەنها لەڕێگای خوێندن و خوێندەوارییەوە دەگەین بەپەروەردەیەکی باش. ئەم بەرپرسیاریتییە و ئەم بایەخەی بۆ خوێندن لەهەموو کایەکانی ژیانیدا ڕەنگیداوەتەوە، بۆیە "یەکەم بواری چاکسازی کۆمەڵایەتی، کە ڕووی تێکرد بواری خوێندەواری بوو پێش ئەوەی، کە ماڵئاوایی لەنەتەوەکەی بکات ئەوەی دەهێنایەوە یاد، کە خوێندەواری ئەو چرایەیە، کە ڕێگای ژیانیان بەردەوام بۆ ڕۆشندەکاتەوە" (مستەفا: ٢٠٠٧، ١٣٢).

بایەخی ئەم بابەتە لەناو پەندەکانیدا بەڕوونی ڕەنگیداوەتەوە، چ لەو پەندە شیعرییانەی، کە کۆیکردوونەوە، یان ئەو پەندانەی بەشێوەی شیعر دایڕشتوونەوە، یاخود ئەوانەی خۆی وەک پەندبێژێک نووسیونی و تۆماریکردوون. ئێمەش لەسەر بنەمای سەرەکی کارکردنی پەندەکان کە بریتییە لە ئاگادارکردنەوە، ڕێگری، ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن و ئامانج، نموونەی پەندە شیعرییەکان دەخەینەڕوو، شییاندەکەینەوە، وەک بنەمای کارکردنی خۆمان.

**یەکەم: ئاگادارکردنەوە لە لێکەوتە خراپەکانی نەخوێندەواری و نەبوونی پەروەردە:**

پەندەشیعرییەکان سەرەتا لەڕێگای ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵ، لە مەترسی و لێکەوتەکانی نەخوێندەواری نەبوونی پەروەردە، هەمووان بە ئاگادێنێتەوە و سەرنجی گشت لایەک ڕادەکێشێت بۆ جۆرە پەروەردەیەک، کە بەرگەی سەختی و دژوارییەکانی ژیان بگرێت و دەڵێت:

ئەولادتـان بەنــاز پــەروەردە مەکەن

چاک نابن خۆتان ڕەنج بردە مەکەن (پیرمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٣٧)

بۆیە ئەم ئاگادارکردنەوەیە ئەوە دەگرێتەوە، کە نابێت منداڵ بەناز پەروەردە بکرێت و بەرگەی نەهامەتییەکان نەگرێت، چونکە ئەم جۆرە پەروەردەیە ڕەنجی ژیانت لەپەروەردەی منداڵەکان بەبا دەدات، هەروەها جەخت دەکرێتەوە لەوەی، کە نابێت پشت ببەسترێت بەناوبانگ و موڵک و ماڵێک، کە لەباوانەوە بۆ منداڵ بەجێدەمێنێت، یان شانازی پێوەبکات، ئەوەی تەنها مایەی دروستبوون و پێگەیشتنی نەوەکانە میراتی زانست و زانیارییە، کە لە ڕێگای فێربوون و وەرگرتنەوە پێی دەگەن و هەوڵی تایبەتی هەرکەسێکە، کە بەهۆیەوە پێی دێتە ناو کایەی ژیان، وەک لەم پەندەدا دەڵێت:

بەمیراتی عیلم، کوڕ ئەبێ بە پیاو

ئەولاد بەڕەنجی شانی دێتە ناو (پیرمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٣٧)

لەپای هەستکردن بە گرنگی خوێندەواری لەناو پرۆسەی پەروەردەکردن و هۆشیارکردنەوەی ناوکۆمەڵ و دەرخستنی جیاوازی نێوان کۆمەڵی کوردەواری و گەلانی تری دونیا لەڕووی تێگەیشتن و پێگەیشتنەوە، کە تەنیا هۆیەکەی بۆ خوێندەواری دەگێڕێتەوە و لەجیاوازی نێوان ئەم دوو کۆمەڵگایە ئاگادارمان دەکاتەوە، بەم جۆرە.

ئاخ خوێندەواری فریامان کەوە

بۆ عالەم ڕۆژە بۆ ئێمە شەوە (پیرمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٠٠)

هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، کە لەبواری پەروەردەدا شار و خەڵکەکەی فەرامۆشکراوە و بایەخی پێنەدراوە، تا خوێندەواری و پەروەردەی نەوەکان لە چوارچێوەیەکی فەرمیدا ڕێکبخرێت. ئاگادارکردنەوەی خەڵکە لە نەبوونی دادپەروەری دەسەڵات و حوکمڕانی ئەو کاتە، بۆیە لەم پەندەشیعرییەدا دەڵێت:

لە مەعاریفدا هەر شار بەدەرین

بۆیە وەک خاکین هەر خاک بەسەرین (پیرمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١١٠)

دوای ئەمە بایەخی زانست و پەروەردە، ڕەفتار و ڕەوشتێک، کە لەڕێی پەروەردەی دروستەوە بەدەست هاتبێت دەردەخات و بەنووری ئیلاهی ناوی دەبات. هەموو خەڵکی بەئاگادێنێتەوە، کە چ ڕۆڵ و بایەخێکی هەیە و وەک ناسنامەیەکی باڵا وایە، لە سنوری زەوی و خەڵکی ئاسایی دەردەچیت، بەهۆی زانین و ئەدەبەوە دەرگای ئاسمان بەڕووتدا واڵا دەکرێت، لەم پەندانەدا دەڵێت:

هەر چشتێ زۆر بێ هەرزان بیکڕە          عیلم تا زۆر بێ بەهــای زۆرترە

ئەدەب تــاجێکە لــە نووری یەزدان          بیکەرە سەر و بچۆرە ئاســمان (پیرمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٢٣)

هەروەها ئاگادارییەکی گرنگ و پەیامێکی ڕوون ئاڕاستەی خەڵکی دەکات، سەبارەت بە دۆخی پەروەردە و خوێندنی ئەو کات، لەنێوان هیوای هەڵچنراوی خەڵک لەسەر دەستەی خوێندەواران و ڕووی ڕاستەقینەی خوێندن، کە تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو هیوایەدا، بەمشێوەیە ئاگاردارکردنەوەکەی خۆی دەخاتەڕوو و دەڵێت:

هیوامان وایە دەستەی خوێندەوار          بۆمان پێبگەن بکەونە ڕووی کار

با وجود ئەگەر مەکتەبمان وابێ          خەرمانی هیوا ئەبێ هەر کابێ (پیرمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٨٣)

دواتر لەم پەندەدا جەخت دەکرێتەوە لە ئاوێتە بوونی زانست و ڕەوشت وەک تەواوکەری یەکتر دادەنرێن و هەمووان ئاگادار دەکرێنەوە لە گرنگی و پێکەوە بوونیان و دەڵێت:

زرێی زانینت کە کردە بەرت

تاجی ئەدەبیش بنێرە سەرت (پیرمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٠٠)

لەسەر بابەتی گرنگی خوێندن و پێکەوە ئاوێتەبوونی لەگەڵ ڕەفتاری باش، پەندەشیعرییەکان بەردەوامن تەواو لە مەترسی خوێندنی بێ کردەوەی باش، یان فێربوونێک، کە گۆڕانکاری لە ڕەفتاردا دروست نەکات، ئاگادارمان دەکاتەوە، کە دەبێت خوێندن و زانین و پەروەردە لە پێناو هێنانەدی خاکەڕایی و خاکیبوون بێت، خۆ ئەگەر بە پێچەوانەوە بێت ئەوە زیانی هەیە و دووچاری چەرمەسەری و شکستی ناو خەڵک دەبێتەوە و دەڵێت:

خوێندەوار بـــۆیە نـاخەنە قەڵەم          خۆی بە خوێندەوار دەداتە قەڵەم

نـــازانێ ئـــەوەی بە عیلم ئەنازێ          هەڵکردی دێتە سەر نان و پیازێ (پیرەمێرد: ٢٠١٩، ٤٧)

پەندبێژ ئاسایش و هێمنایەتی وڵات پەیوەست دەکات بەپەروەردەی دروست و خوێندنەوە هەمووان لەوە ئاگادار دەکاتەوە هۆی ناتەبایی و مەترسی بۆ سەر پێکەوە ژیان، تەنیا نەزانی و جەهالەتە، چونکە خەڵکی خوێندەوار دوورە لە ئاشوب و ئاژاوە و لەم پەندانەدا بەمجۆرە ئەوە دەخاتەڕوو:

جاران کە نەیان ئەهێشت بخوێنین          ئازابین ڕەگی یەکتر دەر بێنین

چونکو خوێندەوار لێک ئەداتەوە ئـــاشووب ناخاتە ناو وڵاتەوە (پیرەمیرد: ٢٠١٩، ٢٥٧)

دواجار ئاگاداری گرنگ سەبارەت بەپەروەردەی منداڵان و نەوەکانی دوارۆژ بەپلەی یەکەم بۆ خێزانە و ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆدایە، دایک و باوک و خێزان لە پەروەردەکردنی منداڵ  بە بەرپرسی یەکەم دەزانرێت. بۆیە پەندەکان ڕووی پەیامیان ئاڕاستەی خێزانە و لەبایەخی پەروەردەکردن ئاگاداریان دەکاتەوە، لە ئەگەری بەباچوونی ڕەنجی چەندساڵەیان بەئاگایان دەهێنێت، کاتێک پەروەردە بەڕۆڵی خۆی بەجێنەهێنا. دایک و باوک لەم ڕووەوە کەمتەرخەمیان نواند، دەڵێت:

کـــە بـــــەمنداڵی تەربییە نەدرێ بەگەورەیی خووی خراپان ئەگرێ...

ئەوەی تەربییەی ئـــەولادی نادا هەموو ڕەنجی خۆی ئەدا بەبادا (پیرەمیرد: ٢٠١٩، ٢٣١)

بۆیە هۆکاری ڕووکردنە هەر ڕێیەکی هەڵە و بەدکردەوەییەک بۆ نەبوونی پەروەردە و کەمتەرخەمی خێزان دەگێڕێتەوە. ئەمجارە ئاگادارکردنەوەکە توندترە و بۆ سەرنج ڕاکێشانە، لەوەی سزای دەوڵەت و سزایی کۆمەڵایەتی بۆ کەمتەرخەمی باوکی وەک سەرۆکی خێزان هەیە و لەم پەندانەدا ئەم پەیامە بەڕاشکاویی دەخرێتەڕوو:

کـــە بـــەمـــنداڵـی تـــەربیـــیـــەت نـــەدا ئەو ئەڕوا بـــە شوێن کـــردەوەی بـــەدا

ئـــەوســـا قـــانـــوونی جـــەزای حکومەت مەحکوومی ئـــەکـــا، بـــەپێی عـــقووبەت

ئەبێ گونـــاهی بـــاوکـــی لێ بگری خۆی خووی والێکرد با هەر بۆی بگری (پیرەمیرد: ٢٠١٩، ٢٩١)

دوای ئەم ئاگادارکردنەوانە پەندەکان دەستبەرداری پەیامی ڕاستەقینەی خۆیان نابن و لەگەڵ بەردەوامی خەڵکی لەسەر هەڵەکان، پەندەکان ناوەڕۆکی پەیامی خۆیان لە ئاگادارکردنەوەوە دەگۆڕن بۆ هەنگاوێکی تر، کە ئەویش ڕێگرییە لەهەمان دیاردەکانی پێشوو، کە بەردەوامییان هەبووە.

**دووەم: ڕێگری لە بەردەوامبوون لە خراپەکاری، نەخوێندەواری و نەبوونی پەروەردەی باش:**

لەم ڕووەوە پەندەکان دوای پەیامی ئاگادارکردنەوە، بە ئەرکی توندتریان هەڵدەستن و ڕێگری دەکەن. واتە دەیانەوێت نەهێڵن کار و کردەوەیەک، کە پێشتر خەڵکیان لێ ئاگادرکردۆتەوە و مەترسییان خستۆتەڕوو، مرۆڤ لەسەری بەردەوام بێت. لێرەدا ڕێگری لە جۆرە زانست و خوێندنێکی مرۆڤەکان دەکرێت، کە بۆ زیانگەیاندن بێت بەیەکتری لە جیاتی خزمەت، زانستێک لە پێناو دروستکردنی بۆمب و کەرەستەیەک بێت بۆ کۆمەڵکوژی. ئەمە بەکردەوەیەکی بەدتر لەکردەوەی شەیتان ناو دەبات، کە بەدوژمنی مرۆڤایەتی ناسراوە و دەڵێت:

بە ئاگر سەهۆڵ دروست ئەکرێ کـــەچی هیچ بەرگەی ئاگر ناگرێ

لە عیلم و فەندا شەقیین پیاو و ژن هـــەر بـــۆ ئـــەوەیـــە یـــەکتر بکوژن

ئەهلی فەن یەک یەک ڕەهەندەترە ئـــاخۆ کـــام بۆمبـــا کوشندەترە؟

شەیتـــان لـــە ڕاســـتی ئێمە نەزانە ئیتر بۆچ بڵێین: تەفرەی شەیتانە؟ (پیرەمێرد: ٢٠١٩، ٢٧١)

دواتر پەندەشیعرییەکان سەرەڕای ئاگادارکردنەوەیان لە مەترسی نەخوێندەواری و نەبوونی پەروەردەی پیشکەوتوو، بە جۆرێک دژی نەزانی و تێنەگەیشتنن، نزا دەکەن، کە تەنها ئەم دەردە بەر دوژمن بکەوێت و بۆ ڕێگری لە نەزانی و دوورکەوتنەوە لێی و ڕووکردنە زانست و فێربوون. ئاستی مرۆڤی تێنەگیشتوو دادەبەزێنێت بۆ ئاستی گیانلەبەران. لێرەوە مرۆڤ هاندەدرێت بۆ پێچەوانەکەی، کە زانین و فێربوونە لەپێناو تێگەیشتن، وەک لەم پەندە شیعرییەدا دەڵێت:

که هاتی دوعای بەد لە دوژمن کەی        پێی بڵێ: یـاخوا هەرگیز تێ نەگەی

تـێـنـەگـەیـشـتن هێنـدە ستەمـە        بڵێی: حەیوانە هێشـتاکو کەمە (پیرەمێرد: ٢٠١٩، ٢٨٤)

لە بەرانبەر نەزانیدا، زانین وەک تاجی سەر وایە، پەندەکان بەرز دەینرخێنن و ڕێگری دەکەن لە لابردن و لێکردنەوەی ئەم تاجە لەسەر سەر و لەم ڕووەوە دەڵێت:

زانین تـاجێکە وا بەسەرەوە

بەسەر فرۆیی لێی مەکەرەوە (پیرەمێرد: ٢٠١٩، ١٦)

پەندەکان ڕێگری دەکەن، کە منداڵان لە دەرەوەی خێزان پەروەردە بکرێن و ئەو ڕەفتارە باوەی پێشینان ڕەتدەکەنەوە، کە زۆر جار باو بووە منداڵان بنێردرێن بۆ لای دایەن، کە ئەمە جۆرێک بووە لە پەروەردەی منداڵان لە سەردەمانی زوودا، بەڵام پەندەکان ڕێگرن لەم کارە و بڕوایان وایە ئەمجۆرە پەروەردەیە بەراورد بە پەروەردەی خێزان لاوازە، لەمبارەیەوە پەندبێژ دەڵێت:

ئـەوەی منـداڵی ئەدا بە دایەن        تەربییەی نابێ ئەبێ بە خایەن

چونکو تەبیعەت لە خۆیدا کزە        دایـەن لـە ڕاستی تەربییە کزە (پیرەمێرد: ٢٠١٩، ٢٧٥)

هەروەها پەندەکان ڕێگری دەکەن لە سووربوون لەسەر کارێک، کە ئەنجامی نەبێت و جەخت لەسەر خۆناسین و دواتر هەنگاو نان دەکەنەوە، چونکە پێیانوایە ئەگەر خۆت نەناسی ناتوانیت هەنگاوی سەرکەوتن بنێیت و دەرفەتەکان لەدەست دەدەیت. بۆیە بەگرنگی دەزانن، بەتایبەتی ئەوانەی نەزانن و ئاستی زانستییان لاوازە، خۆیان بناسن، تا بتوانن هەوڵبدەن و ئەو ئاستە تێپەڕێنن و بەرەوە سەرکەوتن و سوود وەرگرتن لە دەرفەتەکان هەنگاو بنێن و لەم ڕووەوە دەڵێت:

هەرچی ئەزانی بۆت ناچێتە سەر        مەیکە بە خولیا و بەکەڵکەڵەی سەر

نـەزان، نـەزانێ کـە هیچ نـەزانە        بـەختیش ڕووی تێکا خانە وێرانە (پیرمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٤٣)

پەندەکان لە پەیامە پەروەردەییەکانی خۆیان بەردەوامن زۆر جار ڕەمز بەکاردەهێنن بۆ تێگەیاندنی بەرانبەر و لە ژینگە سروشتییەکەوە کەرەستەکان وەردەگرن. هەڵبەت ڕەمزەکان زۆرجار بۆ ئەوە بەکاردێن، کە بەرانبەر نەشکێتەوە. بەمەش جۆرێک لە قورسبوون لە تێگەیشتن دەهێنێتە ئاراوە. لێرەوە پەندەکان ڕێگری دەکەن لە هەنگاوی هەڵە و مرۆڤ وا لێدەکەن ئازاری نەیارانی نەداو ژیرانە مامەڵە بکات، وەک لەم پەندەدا هاتووە:

پێ لە مار مەنێ هەرچەند سڕیش بێ

مەچۆ ڕێی بەراز لە ڕەوبڕیش بێ (پیرمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٠٣)

پەندەکان ئەگەرچی لە سەردەمانێکی زۆر پێشووتردا گوتراون، بەڵام لەگەڵ چەمکی فێربوون و پەروەردەی نوێ لەوەدا یەکدەگرنەوە، کە پێیانوایە دەبێت هەموو زانین و فێربوونێک گۆڕانکاری لە ڕەفتاردا دروست بکات و لە پێناو باشتربوونی شێوەی ژیانی مرۆڤدا بێت، بۆیە لێرەوە ڕێگری لە زانستی بێ کردەوە دەگرن. ڕەخنە لەو جۆرە فێربوون و خوێندنە دەگرن، کە لەو کاتەدا باوبووە، وەک لەم پەندانەدا دەردەکەوێت:

عامیلی بێ عیلم، دیدەی بێ نوورە — عیلمی بۆ عەمـەل زیندە بـە گۆڕە

بـا وجود عیلی ئێسـتا چـەنـەیـە — بـرەو بـرەوی خـۆش داکەنەیە...

هێجگار منداڵێک کەوا دەخوێنێ — خـوێنی توانایی بـاوک دەردێنێ

کەسیش نازانێ بۆچی دەخوێنێ — لـەم خـوێندنە چی تیـا ئـەبینێ (پیرەمێرد: ٢٠١٩، ١١٥)

هەروەها لە پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرددا باس لە بەرزی زانستی یاسا دەکرێت و پیرەمێرد وەک پەندبێژێک ڕێگری دەکات لە فەرامۆشکردنی، بەڵام بێ هیوایە و دەڵێت:

عیلمی حقووقمان کە سەر دەفتەرە — بۆ وەظیفەی بەرز یەکە ڕەهبەرە...

ئێستا ئەو دەرسە بـاوی نـەماوە — کە زۆر کەوتە ناو ئەو کەوتە لاوە (پیرەمیرد: ٢٠١٩، ١١٧)

دواتر باسی زانستی شەرعی دەکات و ئەویش لەو سەردەمەدا بەهەمان دەرد چووە و لەجیاتی کارپێکردن بەزانستی شەرعی و پابەندبوون پێیەوە، حەرامخۆری جێگای حەڵاڵخۆری گرتۆتەوە، لە کاتێکدا پەیامی ڕاستەقینەی پەندەکان ڕێگرییە لە حەرامخۆری و دوورکەوتنەوە لە یاسا شکێنییە، بۆیە دەڵێت:

عیلمی فیقهیشمان وای لێ بەسەرهات — مـۆدەیـێـکـی وا لـەنـاوا داهـات

حـەرام حـەڵاڵـی وەهـا ڕاونـاوە — حەڵاڵ سەربڕا نوتقی نەماوە (پیرەمێرد: ٢٠١٩، ١١٧)

سەرەڕای هەموو ئەم پەیامانەی، کە پیرەمێرد بەمەبەستی ڕێگریکردن لە هەنگاوە هەڵەکان و دووبارەکردنەوە و بەردەوامبوون لەسەریان ناویەتی. وەک پەند بێژێک و ڕووناکبیرێک لەوکاتەدا ویستوویەتی کۆمەڵ لە پەروەردەی نادروست ئاگاداربکاتەوە، ڕێگریی بکات لە نەزانی و کردەوەی ناپەروەردەیی، بەڵام دواجار نائومێدی خۆی دەردەبڕێت و باسی کاردانەوەی خەڵکمان بۆ دەکات.

ئـەمـانە ئێـمە زوو تێـگـەیشتین

نووسیمان جرتیان بۆ ڕادەهێشتێن (پیرەمیرد: ٢٠١٩، ١١٨)

پەندبێژ زۆر بەڕوونی لەڕێگای پەندە شیعرییەکانەوە وەک ڕێگریی و یاسای توندی ڕێککاری بەگژ نەخوێندەواری و پەروەردەی خراپدا دەچێتەوە. توندتر هەنگاودەنێت لەدوای ئەوەی پەیامی ئاگادارکردنەوەی خۆی پێشتر بەڕوونی بەهەمووان گەیاندووە.

**سێیەم: ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن بۆ هێنانەدی پەروەردە و خوێندەواری و فێربوون**

پەندەکان دوای ئەوەی ئەرکێک بەجێدەهێنن، کە ئەویش ئاگادارکردنەوە و ڕێگرییە. دواتر بەوە کۆتایی بە ڕۆڵە چاکسازییەکەیان ناهێنن، بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگتر دێتە کایەوە، کە ئەویش ئاڕاستەکردن و ڕێنماییکردنە لە پێناو گەیشتن بەئامانجێک. ئەم ڕۆڵی ڕێنماییکردنە پانتاییەکی فروانی لەپەندەکاندا داگیرکردووە، بەمەبەستی دەرفەت ڕەخساندن و گەیشتن بەوەی پەروەردەیەکی دروست بهێننە دی، بایەخیان بەزانست و زانیاری و ڕەوشتی بەرز داوە، بۆیە لە پەندە شیعرییەکاندا ڕوودەکرێتە خێزان و ڕێنمایی دەکرێن، ئاڕاستەی پەروەردەکردنی منداڵانیان پێدەسپێردرێت:

تەربییە لەسەر دایـک و بـاوک فەرزە　　　کــە تــەربــیــیــە بـوو کردەوە بەرزە

خووی چاک لە خوێندن گەلێ پیشترە　　　بــەدخــوویی عــالــەم زۆر بە ئێشترە

ئەو خراپەیەی خــوێنــدەوار ئــەیـکا　　　ئوممی نـایزانێ دەرکی پێ نـاکا (پیرەمێرد: ٢٠١٩، ١٤٩)

پەندەشیعرییەکان خێزان بە بەرپرسی یەکەم دەزانن لەم ڕووەوە، چونکە خوێندنێک، کە لەڕەفتاردا ڕەنگی نەدابێتەوە بە بێ بایەخ سەیردەکرێت و نموونەی زۆر خوێندەواری ڕەفتار خراپ دەهێنرێتەوە، کە مایەی نیگەرانییە، بگرە زۆر جار خوێندەواری و زانین و ئاگایی هەندێک، بۆ فریودانی خەڵکانی سادە و ساویلکە بەکار دەهێنرێت. ئاڕاستەکردنەکەش بۆ هێنانەدی پەروەردەیەکی دروستە و خوێندنێکی بەرهەمدارە، کە لەمانە دووربێت.

دواتر پیرەمێرد وەک پەندبێژێک ئەوە بە بەڵگە دەهێنێتەوە لەپەندەکاندا هەرکەسێک باوک و خێزان پەروەردەی کردبێت لە چاکەی گشتی لانادات و وەک چرایەک ڕووناکی و سوودەکەی بۆ هەمووانە و هەمووان لێی بەهرەمەند دەبن و دەڵێت:

ئەوەیش باوکی چاک تەربییەی دابێ　　　هیچ بــاوەڕ مەکە سەر دەر هەوابێ

نــازی ڕۆڵەی چــاک لــەسـەر باوکە　　　تیشـکی تەربیـیـە وەک چـراوکە (پیرەمێرد: ٢٠١٩، ١٤٩)

لەهەندێک شوێندا پەندەکان دووجۆر کەسمان بۆ دیاری دەکەن جۆرێکیان کەسانێکی خۆپەرست و بەرژەوەندیخوازن، کە تەنها چاویان لە خۆیان و بەرژەوەندی کەسییانە و بۆ خودی خۆیان نەبێت بۆ هیچ کەسی تر باکیان نییە، لەم ڕووەوە لەم پەندەدا پیرەمێرد ئاماژەی پێکردوون، کە دەڵێت:

ئـەڵێ وێــران بێ منــیشی تــیـابـم

کە خۆم لێی نەخۆم بۆ چ بە هیوابم (پیرەمێرد: ٢٠١٩، ١٦٥)

هەروەها دواتر جۆرێکی تر خەڵکمان بۆ دەستنیشان دەکات، کە خەمخۆر و تێکۆشەری مافە گشتییەکانی گەلە و ئامادەی قوربانیدانە. ئەم جۆرە کەسانە، کە مرۆڤی بەخشندە و باشن لە پێناو هێنانەدی سوود و چاکەی گشتی ئامادەییان تێدایە خۆیان برسی بن. هەوڵی پەیداکردنی نانی هەژاران و نەداران بدەن،

خەمی شوێن و حەوانەوەیان بخۆن، بەڵام لەجیاتی دەستخۆشی و پێزانین خەڵکی بەد خراپەیان دەڵێن و ڕەخنەیان لێ دەگرن، ئەوانەشی لەم پەندەدا ئاماژە پێکردووە و دەڵێت:

هی واشمان هەیە خۆی برسییەتی          هەڵدەکـا و تەنها هەوڵی گەلییەتی
هەڵدەستێ ڕێی چـاک بدۆزێتەوە          ئێل لــەبــەر بــاران بـگوێزێتەوە (پیرەمێرد: ٢٠١٩، ١٦٦)

هۆکاری لێکنەکردنەوەی ئەم دوو جۆرە کەسانەش بۆ نەخویندەواری دەگێڕێتەوە، بۆیە بۆ دەربازبوون لەم دۆخەی، کە ئاماژەمان پێدا، بۆ ئەوەی خەڵکی چاکەکار پێگەی لە ناو کۆمەڵدا بەرز و پارێزراو بێت و لە بەدکردەوە و خراپەکار جیابکرێتەوە، ڕێنمایی و ئاڕاستەی هەمووان دەکات بۆ خوێندن، بەتەنیا ڕێگاچارەی دادەنێت و لەپەندێکدا دەڵێت:

چارەی ئەم دەردە خوێندەوارییە
ئــەگینــا نــەزان دەردی کــارییە (پیرەمێرد: ٢٠١٩، ١٦٦)

لە ڕوانگەی بایەخدان بەخوێندن و خوێندەوارییەوە، ئاڕاستەی تەواوی نەتەوە دەکات بۆ پەروەردەی دروست و ئەویش پەروەردەی خێزانە، چونکە تاکە هۆی ڕزگارییە لە تاریکی و نەزانی. هاوکات جەختکردنەوەیە لە پارێزگاری پێکهاتەی خێزان و مانەوەی بە تۆکمەیی، پەروەردەی دروست و بناغەی پتەوی پەرورەدەکردن لە منداڵی دەبێتە مایەی پارێزراویی لە دژواری و سەختی ژیان و دوورکەوتنەوە لە بەدخوویی، کە ڕەفتاری نەشیاوی مرۆڤە، بۆیە لەم پەندانەدا دەڵێت:

بۆ نەتەوەی چاک دوو چشتە ڕەهبەر          کــەوا حــەیــاتی پێ دەبــاتــە سەر
ئــەووەڵ تــەربیەی دایــک و باوکە          کــە بــۆ ڕێی تــاریک وەک چراوکە
کە ڕابەری بوو ڕێی لێ گووم نابێ          هەرچەند ڕێی ژیان پێچ و پەنــا بێ
کــە بــە منــداڵی تــەربییە نــەدرێ          بە گەورەیی خووی خراپان ئەگرێ (پیرەمێرد: ٢٠١٩، ٢٣١)

هەموو ئەزموونە شکستخواردووەکانی ڕابردوو، کەبەسەر گەل هاتووە، هەر شکستێک لە بەرانبەر نەیاران، پەندبێژ هۆکارەکەی دەگێڕیتەوە بۆ نەزانین و نەبوونی هۆشیاری، بۆیە تکای ئەوەی هەیە، کە ئیدی کاتی وەلانانی نەزانین و ڕووکردنە هۆشیارییە. تەنها ڕێگاش بۆ ڕزگاربوون لەدەردی نەزانی و بەدەستهێنانی هۆشیاری و ڕزگار بوون لە داو و فێڵی دوژمن خوێندنە، وەک دەبینین ئەم نیاز و مەبەستە، لەم پەندانەدا ئاماژەی پێکراوە، کە دەڵێت:

ئێمەش وا چەند جار تەجروبەمــان دی          ئــەوەی ئــەتــرســاین لێــمــان هاتەدی
با ئیتر نۆرەی هــۆشــیــاریــمــان بــێ          بەس هەرزەکــاری و بێعــاریمــان بــێ
نۆرەی خوێندن بێ، کە هەر بەخوێندن          ڕزگاریمان دێ لە فێڵی دوژمن (پیرەمیرد: ٢٠١٩، ٢٩٩)

هەروەها پەندەکان جۆرە پەروەردەیەکی دیکە، لە نێوان خێزان و قوتابخانە بەپەسند دەزانن و خەڵکی بۆ ئاڕاستەدەکەن، کە ئەویش پەروەردەی ناو کۆمەڵ خەڵکانی دنیادیدەیە. پەندبێژ ئەوەندە بەبایەخەوە لێی

دەڕوانێت، کە واپێشاندەدات ئەزموونی ناو کۆڕ و دانیشتنەکانی خەڵکانی دنیا دیدە لە پەروەردەی قوتابخانە باشترە و زۆر جار لە قوتابخانە ڕێی پێنابەن، وەک لێرەدا ئاماژە بەم جۆرە پەروەردەیە دەکات:

کـوڕیـان دائەنـا لەنـاو مـەجلیسا تێر تێر گوێی ئەگرت ئینجا هەڵدەسا

ئـەو تـەربیەیەی لـەوێ وەریەگرت مامۆستای مەکتەب ڕێی پێ نەدەبرد (پیرەمیرد: ٢٠١٩، ٤١١)

بێگومان ئەم جۆرە کۆڕ و دانیشتنانە مەبەستی لە دیوەخان و کۆبوونەوەی شەوانی پیاوانی ئایینی و بەتەمەن و دنیادیدە و بەئەزموونەکانی ژیانە، وەک ڕێبەر و پێشەنگێگ ئەزموونەکانی ژیانیان دەبێتە وانەیەک، کە لاوان و تازە پێگەیشتووان سوودی لێوەردەگرن و ئایندەی خۆیان لەسەر ڕێنماییەکانیان بنیاد دەنێن.

دواجار بەجۆرێک ڕێنمایی بۆ پەروەردەکردن هەیە، کەلەگەڵ خۆراکدا هاوتایان دەکات. واتە مرۆڤ چەندێک پێویستی بەخورادنە، ئەوەندەش بە پەروەردە و خوێندن. ئەوکات بەخشینی نانێک، کە لە دەمی خۆتی بگریتەوە و لە پێناوی خوادا بیبەخشیت چەندێک گرنگە، فێرکردنی خوێندن و پەروەردەکردنی کەسێک ئەگەر منداڵی خۆشت بێت ئەوەندە گرنگە، وەک لەم پەندەدا جەختی لێدەکرێتەوە:

خۆت خوێندەواری کوڕیشت فێرکە

نانێک کەم بخۆ و برسییەک تێرکە (پیرەمیرد: ٢٠١٩، ٢٤٣)

**چوارەم: ئامانج لە پەروەردە و خوێندن:**

لەپەندە شیعرییەکاندا کۆمەڵێک ئامانج بەرچاو دەکەوێت، کە دەیانەوێت لە ڕێگای بیرکردنەوە لە پەروەردەی دروست و خوێندن و خوێندەوارییەوە بەدەست بێن. پەندبێژ لەم پەندانەدا دۆخی کۆمەڵگا و ستەمی کاربەدەست و ڕابەران دەخاتە بەرچاو و تەنها ئومێدی لەسەر خوێندەوارن هەڵچنیوە و هیوای پێیانە، کە ڕیشەی گەندەڵی دەربهێنن و چاکسازی ئەنجامبدەن. ئەم ئامانجەشی تەنها لە نەوەی خوێندەواراندا لەلا بەرجەستە دەبێت، دەڵێت:

هیچ کـەس ڕابـەری کـەس پـەسـەند نـاکـا چـونکـو نـایـانبـەن بـە ڕێـی ڕوونـاکـا

هــەرچــی ڕۆژێـکی بــەرکـەوت بۆ خۆی بوو خۆی خواردی و هەژار هەر باوکە ڕۆی بوو

مــەگــەر ڕاوەسـتـیـن نــەوەی خـوێندەوار پـێ بـگـەن ئـەوان بـکەونـە سـەر کار

گـەسـکـی لێـبـدەن لـەم تێـر نەخۆرانە ئـەگـیـنـە ئـێـسـتـا هـەر بـخـۆرانـە (پیرەمێرد: ٢٠١٩، ٣٠٨)

هەر پەیوەست بەوەوە لەپەندەکانیدا ئامانجێکی تر دەهێنێتەدی، کە بەهۆی خوێندن و پەروەردەوە سوودی بۆ گەل هەبووە و هەموو بەم ئاستە لە هۆشیاری و ڕزگاربوون لە نەزانی و دواکەوتوویی دڵخۆش و شادمانن، بۆیە لەم پەندانەدا ئەم دۆخانە وێنا دەکرێن:

جـاران ئـەیانگوت کە نــەخوێندەوار لـێـک نـاداتــەوە و ئـازایە و بەکار

ئێستا خوێندەوار ئـازا و جەسوورە بەهۆی ئەوەوە میللەت ڕوو سوورە

لــە قــوببەی بــەرزی سەر وڵاتەوە کــردەی مــەردییە دەنــگ دەداتەوە (پیرەمێرد: ٢٠١٩، ٦٤)

پەندە شیعرییەکان جیاوازی لە نێوان دووجۆر کەسدا دەکەن، کە ئەوانیش خەڵکی نەخوێندەوار و پەروەردە نەکراوە، لەگەڵ خەڵکێکی خوێندەوار و باش پەروەردەکراو. یەکەمیان بەرگەی زەبری و ناڕەحەتی ڕۆژگار ناگرێت، بەڵام دووەمیان ئەزموونە تاڵەکانی ژیان دەبنە وانەیەک بۆی، ئامادەی دەکەن بۆ کاری گەورەتر و بەرپرسیارێتی زیاتر لە ژیاندا. ئەم بابەتە بەڕوونی لەم چەند پەندەدا ڕەنگی داوەتەوە:

پێشینان دەڵێن: گوڕەی بۆرە پیاو هــەڵــدەبلۆقێ وەک بلْقی سەر ئاو

لــەگــەڵ بــایــەکی لێ بکەوێتە کار لە چاو گوم دەبێ بەبێ شوێنەوار

بــەڵام یــەکێکی دانای خوێندەوار بیشکەوێتە بــەر زلــلــەی ڕۆژگــار

عەقڵ و تەجرەبەی پێ زیاتر دەبێ بۆ کاری گەورە بەرکارتر دەبێ (پیرەمیرد: ٢٠١٩، ٢٧١)

هەر لەسەر ئەم جیاوازی زانین و نەزانینە، بوونی پەروەردەی باش و خوێندنی شایستە و نەبوونی، لەچەند پەندێکی شیعرییدا نموونەی سوود وەرگرتن لە وزە و سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی دەهێنێتەوە، کە چۆن بۆ کەسانی زانا و ژیر مایەی سوود و داهێنانێکە، کە تەواوی مرۆڤایەتی لێی سوودمەند دەبن، بۆ کەسانێکیش، کە نەزان و نەخوێندەوارن بەهۆی پاشەڕۆک و تینی گەرمییەکەیەوە زیانیان بەردەکەوێت. ئەم دۆخە لە چەند پەندێکدا، بەمشێوەیە خراوەتەڕوو:

زۆر کــەس لــە ئــاگــر قازانج ئەبینێ کــەچی بۆ نــەزان دەست ئەسووتێنێ

ئــەوەی بــیــزانــێ و بیــهــنــێــتــە کــار لــە ئــاگر ئــاڵــتـوون ئــەبا بەخەروار

ئــەوەش نــەزانــێ کــەچــی پێدەکرێ دووکەڵ و خۆڵ و گەرمای پێ دەبڕێ (پیرەمیرد: ٢٠١٩، ١٨٥).

پەندەکان، کە بەرهەمی بیر و ئەزموونی کەسانی دنیادیدەن. لەم ڕووەوە وەک ئەنجامێک گەیشتوون بەوەی، کە پەروەردەکردن، پێویستە بە پێی پێوەر و کات و دەرفەتی گونجاوبێت. ناکرێت لە دەرەوەی سیستەم و پرۆگرام بێت، کە ئەمەش گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، کە دواتر قوتابخانە و بیرمەندەکانی بواری پەروەردە پێیگەیشتوون، پیرەمێرد، وەک پەندبێژێک لە پەندێکدا، بەمشێوەیە سنووری کاری پەروەردەکردن دەستنیشاندەکات و دەڵێت:

کاری تەربییە ئەندازەی دەوێ

لــەحــەد تــرازا پەکی ئەکەوێ (پیرەمیرد: ٢٠١٩، ٢٤٢)

لەگەڵ هەموو ئەمانەشەدا لەو دۆخەی ڕابردوو، کە پیرەمێرد ئەم پەندانەی تێدا تۆمارکردوون و نووسیونەوە، هەمان وێنەی ئەم سەردەمەمان دێنێتە پێشچاو، کە ئەویش خوێندن و چوونە قوتابخانە بووە لەپێناو بەدەستهێنانی بژێوی ژیان. لەهەمان کاتیشدا، خوێندن و قوتابخانە وەک ڕەخساندنی دەرفەتی کار سەیرکراوە، بەڵام بۆ خوێندەوار هەلی دامەزراندن نییە و ناچار خەڵکی لەخوێندن و

پەروەردەی فەرمی دوور دەکەوێتەوە و وازدەهێنێت. ئەمەش لە هەرکات و دۆخێکدا ڕوودەدات ئاڵۆزی و تێکچوونی شیرازە و تەونی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە و ڕێژەی تاوان زیاد دەکات، هەر وەک لەم پەندەدا باسی دەکات و کەسیش خەمی ئەم دۆخەی نییە، وەک دەڵێت:

خەڵک لە مەعاریف بۆیە ڕائەکا          خوێندەوار بێ کار بەرد بەبا ئەکا

ئەنجامی خــوێندن مەئموورییەتە          جێگا نەمــاوە تــەعین زەحمەتە

خۆ کەسیش ئەمە لـێک ناداتەوە          تـۆ لــە چیت، بـڕۆ بە ڕێگاتەوە (پیرەمێرد: ٢٠١٩، ٢٦٦)

سەرەنجام پەندبێژ دەگات بەو ئەو بڕوایەی، ئەگەرچی پەیامی ئاگادارکردنەوەی خۆی گەیاندووە و هەوڵی تەواوی داوە، ڕێگری کردووە لە ئەنجامدانی کردەوەی بەد و نەهێشتنی نەخوێندەواری، ڕێنمایی و ئاڕاستەکردنی خۆی لە پێناو هێنانەدی پەروەردە و خوێندن خستۆتە ڕوو، ئامانجە بەدیهاتوو و بەدی نەهاتووەکانی ئاماژە پێداوە، بەڵام نائومێد نییە، دەڵێت: نابێت لە نووسین ماندووبین و پەندبێژ خوێندن و نووسین وەک سووژنی پۆڵا بۆ بەئاگاهێنانەوەی خەڵکی ناو دەبات و دەڵێت:

ئێمەش لە نووسین نــابێ مــاندوو بێن

دەستی وەیسکەیە و سووژنی پۆڵابین (پیرەمێرد: ٢٠١٩، ٣٠٩)

دەبینین پەندبێژی کورد و بەدیاریکراوی پیرەمێرد لە سەردەم و دۆخێکی زۆر لە مێژینەترەوە، کە هێشتا زۆر کەس و پەروەردەکاری تر پێینەگەیشتوون، ئامانج و ڕێگای ڕوونی گەیشتن بە پەروەردەیەکی شیاوی دەستنیشانکردووە. پەندی پێشینانی ئێمە، هاوتا لەگەڵ پەندەکانی گەلانی دونیا ڕۆڵی چاکسازی، ڕاستکردنەوە و ئاڕاستەکردنی دروست لەبواری پەروەردە، هاندانی زانین و خوێندن دەبینن.

ئەنجام پیرەمێرد وەک پەندبێژێک، لەسەر بنەمایەکی زانستی کاریکردووە، بۆ نەهێشتنی دیاردە نا پەروەردەییەکان و هێنانەدی پەروەردە و خوێندنێکی دروست. لەناوەڕۆکی پەندەشیعرییەکاندا هەست بەوە دەکەین، کە زۆر لەمێژە پەندبێژی کورد هەستی بەمەترسییەکانی نەزانی، نەخوێندەواری، نەبوونی پەروەردەی باش کردووە. مەترسی و ڕێگاچارەکان و دەربازبوون لە ئاریشەکانی بەوردی دەستنیشانکردووە. بەشێکی زۆر لەبنەماکانی ناو پەندە شیعرییەکان هاوتان لەگەڵ بنەماکانی پەروەردەی نوێ و مەبەستەکانی، هاوتەریب لەگەڵ چەمکی فێربووندا یەکدەگرنەوە، کە هەردووکیان جەخت لەوەدەکەنەوە هەموو فێربوونێک مەرجە لە پێناو گۆڕینی ئەرێنییانەی ڕەفتاردابێت. ئەمەش زیرەکی، لێهاتوویی و دونیابینی پەندبێژی کوردمان بۆ دەردەخات.

**پاری دووەم: بەها ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییەکان لە پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرددا:**

بەها گوزارشت لە شتێک دەکات، کە نرخی هەبێت، بەهاکان "کۆمەڵێک بنەما و پێوەری باڵان، تاک لەڕێگای پەروەردەوە وەریاندەگرێت، ئاڕاستە و ڕێپیشاندەری هەموو کارەکانی مرۆڤە، بەهۆیەوە تاک پێوانەیەک وەردەگرێت بۆ بڕیاردان لەسەر ڕەفتاری تاکەکانی تر" (الخزرجي: ٢٠١٣، ١١٧)، هەروەها خۆشی لەژێر هەمان پێوانە و پێوەردا ڕەفتاردەکات، لەلای شارەزایانی پێشین بەها ڕەوشتییەکان وا پێناسە کراوە، کە "زانستێکە بارودۆخی دەروون دەناسێنێت لەڕووی ناواخن و نرخ و بەها و سروشتییەوە، هۆی هەبوون و سوودەکانی، چ ئەرکێکی هەیە جێبەجێی دەکات؟ هەبوونی چ سوودێکی هەیە؟ سروشت و ئارەزووی چییە؟ ئەوەی بەهۆی فێرکردنەوە لە بارودۆخە خۆڕسک (زگماک)ییەکەی دەگۆڕێت. باسی ئەوەکراوە ئەم زانستە یەکەم زانست بووە لەگەڵ دروستبوونی دنیاوە پەیدابووە" (بوشنعة: ٢٠١٦، ٩). پێوەر و بیروباوەڕەکان، ڕەفتارەکانی مرۆڤ بەڕێوەدەبەن، "ڕەفتارەکانی مرۆڤ لە ژیانیدا بەپێی پێدراوەکانی ئاڕاستە وەردەگرن، کە یارمەتیدەرە بۆ پێکهێنانی کەسایەتییەکەی و پێناسەکردنی ناسناوەکەی، جیایدەکاتەوە لە کەسانی تر. ئەمەش سەرچاوەی خۆی لە بیروباوەڕەکانەوە وەرگرتووە و ئەو قەناعەتانەی، کە تاکەکانی کۆمەڵگا باوەڕیان پێیەتی و لەسەری کۆکن، بۆ ئەوەی پێوەرێکیان بۆ پێکبهێنن، تا بەهۆیەوە بڕیار لەسەر شتەکانی دەوروبەریان بدەن" (التوم: ٢٠١٩، ٨).

بەهاکان متمانە لەناو کۆمەڵەوە وەردەگرن دەبێت مۆری پەسەندی کۆمەڵیان پێوەبێت، چونکە لە بنەڕەتدا بەها کۆمەڵایەتییەکان "شێوازێکە لە بوون و ڕەفتار، کە لەلایەن تاک و کۆمەڵەوە دانپێدانراوە، واتە نموونەیەکە دەبێت پەیڕەوی لێبکرێت. ئەو کەسانەی، کە پەیڕەوی ئەم جۆرە ڕەفتارانە دەکەن ڕێزلێگیراو و خاوەن جێگە و پێگەن، کە ئەمانەش پێوەری ڕێکارییین لەڕێگای ئەزموونەوە وەرگیراون و بەپێی بیری مرۆڤایەتی و کۆمەڵگاکان ڕەفتاری تاک بەڕێوەدەبەن. یارمەتیدەرن بۆ هۆشیاری کۆمەڵ" (شیحان: ٢٠١٧، ٤٤٣٠).

پەروەردەکاران بەهاکان بەوە پێناسە دەکەن، کە "بریتین لە کۆمەڵێ پێوەر و بنەما یان ڕێکخستن و ڕێکاری ڕەفتاری، کە مرۆڤ دەیانگرێتە بەر بەپێی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕی مرۆڤایەتی هاتوونەتەدی، لە ڕێگای پرۆسەی پەروەردە و خێزان و دەزگاکانی تری هاوشێوەیان دەگوێزرێنەوە بۆ نەوەکانی تر و هەوڵی چەسپاندن و هێنانەدییان دەدرێت" (سعید و ئەورەحمان: ٢٠٢١، ١٨). سەرەڕای ئەمانە جۆری بەهاکان و پەیڕەوی لێکردنیان بەپێی جۆری کۆمەڵگاکان و جیاوازی بیروباوەڕی ئایینی، کلتور، داب و نەریتییان دەگۆڕێت، تەنانەت ژینگە و سروشت و شوێنی نیشتەجێبوونیش ڕۆڵی خۆی هەیە لە سەریان.

لەبەر بایەخی بەها پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانە، کە "بەپایەیەکی کارەکی پەروەردە دادەنرێت، لەبەرئەوەی گرنگترین ئامانجی پەروەردە و فێرکردن، فیرکاری و فێربوونی بەهایە، ئاشکرایە، کە چنراوی

بەهایی لە بنەما بنەڕەتییەکانی کاری پەروەردەیین و لەمیشەوە سیستەم پەروەردەیی هەر کۆمەڵێک ڕۆڵێکی کارا لەبنیادنانی بەهای ئەرێنی و لابردنی بەهای نەرێنییەکان لەژیریی و ڕەفتاری تاکدا دەگێڕێت" (حسێن: ٢٠١٩، ٤٧).

گرنگی بەهاکان و کاریگەرییان لەوەدایە، کە کاردەکات بۆ "ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ و بەدەستهێنانی بەختەوەری و ئاشتی و خۆشگوزەرانی، بەها مرۆییەکان کاردەکەن بۆ یەکخستنی گەلان و کردنیان بەیەک نەتەوە، بە دامەزراندنی ڕێز و تێگەیشتن و قبوڵکردنی یەکتر، دەستبەرداربوون لەو ململانێ و جیاکارییانەی لەسەر بنەمای ڕەنگ و ڕەگەز... دامەزراوە، کۆکردنەوەی جیاوازییەکان و هاندان بۆ بینینی لێکچووەکان، بۆ نزیککردنەوەی پەیوەندی نێوان گەلان" (ئیسماعیل و بابان: ٢٠٢٢، ٩). لەبەرئەوە فەلسەفەی پەروەردەی هەر گەل و نەتەوەیەک یەکێک لە خاڵەجیاکەرەوەکانی " ئاڕاستە و بەهاکان بەئاشکرا دەخاتەڕوو" (ئالانی: ٢٠١٥، ١٨٩). ئەوەش بە ڕەچاوکردنی دابونەریت و بیروباوەڕ و ئاین...هتد. بۆیە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و لێکۆڵینەوە لەڕووی مێژووییەوە یارمەتییەکی باشماندەدات، بۆ شارەزابوون لە بەهاکان و چۆنییەتی مامەڵە و چەسپاندنی ئەم بەهایانە لەناوکۆمەڵدا، کە پەندی پێشینان سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ ئەم مەبەستە. ئامانجیش لەم کارە و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بۆ ئەوەیە " هەڵوێستە کردن لەسەر ئەزموونی ڕابردووی مرۆڤایەتی، خستنەڕووی نموونە باڵاکانیان، شێوەی ڕاهێنان و پەروەردەکردنیان، باوەڕبوون بەوەی مرۆڤ لە هەموو سەردەمێکدا توانای دروستکردنی مێژوو و بەردەوامی و گەشەپێدانی هەیە" (الیاس، مرتضی و علي: ٢٠١٤، ١٥)، بەسەرنجدانمان لەپەروەردەی سەرەتایی لە چاخی بەردیندا ئەوە بەدیدەکەین، کە لەو قۆناغەدا پەروەردە بریتی بووە لە "ئامادەکردنی تاک بۆ ژیانی ناو کۆمەڵ، ڕاهێنانی تاک لەسەر بەها پەسەندکراوەکان لەناو کۆمەڵدا، لە ژێر سایەی گەورەساڵان، سروشت و ئاین...هتد) (الیاس، مرتضی و علي: ٢٠١٤، ١٩). ئەم ئاڕاستەیە تا ئێستاش وەک بنەمایەکی چەسپاو ماوەتەوە، کە پەروەردە بریتییە لە ئامادەکردنی مرۆڤ بۆ ژیان، بەهاکان لەژێر سایەی ئاین و بیروباوەڕ و دابونەریتی کۆمەڵایەتی لەتاکەکانی کۆمەڵدا دەچێنرێن و مرۆڤ ڕادەهێنرێت تا لەگەڵ بارودۆخە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا خۆی بگونجێنێت.

پەیوەندی نێوان بەهاکان و پەندی پێشینان لەوێوە دەستپێدەکات، کە پەندەکان ناوەڕۆکی دەوڵەمەندیان هەیە، زۆربەیان ناوەڕۆکەکەیان فێرکارییە، کە هەریەکەیان بۆ داناییەکی ژیان دەگەڕێتەوە. ئەزموونی ڕابردوون، سوودیان بۆ داهاتوو هەیە و هەندێکیان سیمای ژینگەیەکی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی پێوەدیارە، بەڵام زۆربەیان ئەزموونێکی زانستی و ڕاستی چەسپاوی تێدایە، کە بەسەر هەموو بارودۆخێکدا جێبەجێدەکرێت و دەگونجێت بۆی. هەر بۆیە بۆ چەسپاندنی بەهاکان لەتاکدا، پەنا دەبرێت بۆ هێنانەوەی پەندەکان وەک بەڵگە و پیشاندانی ئەزموونەکانی ڕابردوو، ڕێگای هێنانەوەی پەندەکانیش ڕێگایەکی پەروەردەییە، چونکە "کاریگەری قووڵیان لە ئاڕاستەکردنی سۆز و هەڵچوونەکان هەیە.

بەشدارییەکی گرنگیان لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا هەیە، کە ئەمەش ئامرازێکی گرنگە لە پرۆسەی پەروەردەدا، چونکە چاکسازی لە خودی مرۆڤدا دەکات لە ڕێگای پێشنیاز و بەڵگە هێنانەوە بەشێوەیەکی دروست، تاک ئامادە دەکات بۆ کارکردن لە پێناو چاکەکاری لە کاتی گونجاودا، هەروەها سەقامگیری پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان و ئاڕاستەکردنیان بە شێوەی تەندروست" (القرشي: ١٩٩٦، ٤٢)
لەڕووی ناوەڕۆکەوە و بوونی بەها ڕەوشتییەکان لەناو پەندەکاندا بەجۆرێکە، کە پەندی پێشینان "سیخناخن لە وشە و دەستەواژەیەک، کە گوزارشت لە بەها ڕەوشتییەکان دەکەن، کە بەهای مرۆڤایەتی باڵان، مرۆڤ و خەڵکانی سەردەمانی زووی پێ دەناسرێتەوە و خاکەڕاییان دەردەخات، تایبەتمەندی هەموو ژینگەیەک دەردەخات، بەشێوەیەکی گشتی ڕێککەوتنی مرۆڤەکانە لەسەر چەند بنەمایەکی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی گرنگ وەک خاڵی هاوبەشی لە نێوانیان" (شيحان: ٢٠١٧، ٤٤٣٣) لەوانە: خەون، دڵسۆزی، دادپەروەری، ئازایەتی، تایبەتمەندی تری پەسەند، هەروەها دەرخستنی درۆ و دوو ڕوویی، نادادی، تایبەتمەندی تری بێزراو و سەرزەنشت کراو، زۆر بەهای تریش لەناواخنی پەندەکاندا بەدیدەکەین.
لەم ڕووەوە پەندەکان لەگەڵ بنەمای کارکردنی بەهاکان دەبنەوە بەیەک و هاوتەریب پێکەوە یەک کار ئەنجام دەدەن. ئەمەش لەبەرئەوەی پەندەکان چوارچێوەیەکن سنورێک دادەنێن بۆ بوارەکانی ژیانی مرۆڤ و بەها ڕەوشتییەکانی، "سنور بۆ ئەوە دادەنێن، کە مرۆڤ چی پێویستە و چی لەسەرە ئەنجامی بدات، تا گومڕانەبێت لە شتی پووچدا دووچاری لادان نەبێت، ئامرازێکی کاریگەری ناوکۆمەڵە، لە ئاڕاستەکردنی تاک و ئاشناکردنیان بە بنەما ڕەفتارییەکان، کە پەسەندن و دەبێت پەیڕەوبکرێن، دەرخستنی لایەنە نەرێنی و سەرزەنشت کراوەکان، کە دەبێت بەدووربن لێی بۆیە پەندەکان نوێنەرایەتی وێژدانی هەموو نەتەوەیەک دەکەن بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان، ڕاستی و درۆ، چاکە و خراپە، هەڵە و چەوتی" (بلبالي و ذيبة: ٢٠١٦، ٢٨)
پەندەکان لەڕێی خستنەڕووی بەهاکان و هەوڵدان بۆ پاراستنیان و چەسپاندنیان لەتاکەکاندا ڕۆڵێکی ڕێککاری و پەروەردەکاری دەبینن لە سەرەتای قۆناغی ژیانی منداڵییەوە تا تەمەنی گەورەیی. لەبەرئەوە دەبینین "پەندەکان وەک ڕێکخەرێکی کۆمەڵایەتی وان، کە ڕەفتاری تاک ئاڕاستەدەکەن، بەرەچاوکردنی بەها ڕەوشتییەکانی کۆمەڵ، لەگەڵ خودی خۆی و تاکەکانی تری کۆمەڵ، پەندەکان لەم ڕووەوە باشترین ئامرازن بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و پەروەردەکردن، تا مرۆڤ لەمنداڵییەوە تا گەورەبوون بەپەروەردەیەکی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی تەندروست ئاڕاستە بکەن" (حسن: ١٩٨٠، ٢٦)
پەندەکان مرۆڤ دەخەنە بەردەم دیاردە ڕەفتارییەکان، کە لەژیانی مرۆڤەکاندا دووبارە دەبنەوە. مەبەستیش لەم هەنگاوە فێرکردنی ئەوانی ترە، "بۆیە زۆر ڕەفتاری باش و ڕەوشتی باڵامان بەرچاو دەکەوێت، کە پەندەکان ئاڕاستەمان دەکەن و بانگەوازیان بۆ دەکەن. تاک هاندەدات، کە تایبەتمەندی خۆی بناسێت، چونکە بەرەو ڕێگای ڕاستی دەبات و دەیکاتە مرۆڤێک، کە شیاو و گونجاو بێت بۆ ئەو ژینگەیەی،

کە تێیدا دەژی" (عابی: ٢٠١٦، ٨٣). لەبەرئەوەشە، کە "پەندەکان وەک سەرچاوەیەک وەرگیراون بۆ یاسادانان و بۆ دابونەریتە باوەکان و داڕشتنیان بەپێی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان" (شعلان: ٢٠٠٤، ٦٧). لەم ڕووەوە کۆمەڵ ڕێگا بە گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی پەندەکان نادات، ئەگەر لە دۆخێکدا نەبێت، کە بیری ناو پەندەکان هاوتا و گونجاونەبێت لەگەڵ دابونەریت، باوەڕ و ئاین، ژینگە و سروشتدا. بۆیە پەندەکانیش دەستەواژە و گوزارشتێکن، ئەوپەڕی نەرمییان لە ئاڕاستەکردنی تاکدا تێدایە. بەشێوەی ئارەزوومەندانەیە نەک زۆرەملێ و سەپاندن، وەک ئامرازێکیش وان بۆ پەیوەندی کردن.

لێرەشەوە دەگەینە ئەو ڕاستییە نەگۆڕەی، کە "پەندەکان لە بنەڕەتدا بۆ چێژوەرگرتن و کات بەسەر بردن نین، بەڵکو بەهای ڕەوشتییان تێدایە، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان تێدا دەدرەوشێتەوە، پەندەکان هەژموونیان بەسەر تاک و کۆمەڵدا هەیە، ویژدانێکی شاراوەن، کە هاندەری چاکە و چاکسازی و شکۆی مرۆڤن" (مراد: ٢٠١٤، ٨).

لێرەوە پەندەکان و پەروەردە دەبنەوە بەیەک و یەک ڕێگا و یەک ئامانجیان دەبێت، کە ئەویش ئەرکی پەروەردەیی و فێرکارییە، چونکە "پەندەکان هەوڵدەدەن بۆ پاککردنەوەی خود لە خراپە و ڕێککردنەوەی ڕەفتار، فێرکردنی تاک و دیاریکردنی ڕێگای ژیان لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئەزموونەی، کە لەپەندەکاندا هاتووە" (شعلان: ٢٠٠٤، ٦٧). بەمەش دەگەینە ئەو بڕوایەی، کە پەندەکان خۆیان لە خۆیاندا قوتابخانەیەکن تاک لە ڕێگایەوە فێری ڕەفتاری دروست و ئاڕاستەیەکی تەندروست دەبێت، کە لە ژیانیدا دەیگرێتەبەر، تا پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتی سەلامەت و ڕاست بەدەست بهێنێت.

ناوەڕۆکی پەندەکان و بایەخیان بەبەها ڕەوشتییەکان لەگەڵ ئەو پێناسەیەدا یەکدەگرێتەوە، کە بۆ پەروەردە دەکرێت، کە دەڵێت: پەروەردە "بریتییە لە گواستنەوەی داب و نەریت و کلتوری کۆمەڵگەیەک بەنەوەی نوێ، یان گواستنەوەی میراتی کۆمەڵایەتی" (جگەرسۆز: ٢٠١٥، ١٢). لە پرەنسیپە گشتییەکانی پرۆسەی پەروەردەی نوێ ئەوەیە، کە "گرنگی بەسەرجەم کۆمەڵگە و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان دەدات، سەبارەت بەتاک هەوڵدەدات لەڕێگای گەشەپێدانی توانا و ئەخلاقی باڵا، تاک بگەیەنێتە کامڵبوونی تەواوەتی، هاوکات سەبارەت بەکۆمەڵگە لەڕێگای پەروەردەکردنی تاک و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و کارلێکردنی و گەشەپێدانی لایەنی کۆمەڵایەتی تاک، پرۆسەی بەسیستەمکردنی کۆمەڵگا بهێنێتەدی" (قادر: ٢٠٢٠، ٧٧)

لێکۆڵینەوە لەڕووی مێژووییەوە بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو، کە ڕوویانداوە تەنها کورتکردنەوەی واتاکەیان نییە لە دێڕێکدا یان زیاتر، بەڵکو مەبەست لێی خستنەڕوو و ڕۆچوونە لە وردەکارییەکانی، هەروەها لێکۆڵینەوەیە لەڕووداوەکان بۆ هەڵهێنجانی بڕیار و یاسا و ڕێسایەک، کە پیشتر کۆمەڵی مرۆڤایەتی کاری پێکردووە و سەرنج و تێڕوانینیان چیبووە بۆ داهاتوو.

ئامانج لە لێکۆڵینەوە لە پەندەکان ئەوەیە، کە بۆمان دەسەلمێنێت لەڕابردوودا کۆمەڵی کوردەواری لە ژینگەیەکی زیندوودابوون. هەروەها ئێمەش بەتێگەیشتن و شیکردنەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو بەشداردەبین لە بنیادنانی ئیستا و ئایندەدا. لە ناوەڕۆکی پەندەکاندا ئەو بیرانە بەدیدەکەین، کە بەهاکان ڕەچاوی ژینگە و سروشت و جوگرافیا، ڕەگەز و نەتەوە، باری ئابوری، بیری مرۆڤایەتی، باوەڕ و ئاینی هەرکەس دەکات. ئێمەش لەسەر بنەمای ئاگادارکردنەوە، ڕێگری، ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن ، ئامانجی پەندەکان و ڕەنگدانەوەی بەهاکان، شییاندەکەینەوە.

**یەکەم: ئاگادارکردنەوە لە خووە بەد و ناپەسەندەکانی تاک و لە ناو کۆمەڵدا:**

خووەکانی مرۆڤ، کە بەردەوام دووبارەیان دەکاتەوە و بارێکی نەرێنییان هەیە، زۆرجار پێچەوانەی بەها باڵاکان دەوەستنەوە، دژی ئەوپەندانەن، کە کار لەسەر هێنانەدی بەها ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. لێرەدا، کە دەڵێین خوو مەبەستمان ئەو بەکارهێنانەیەتی، کە زۆر جار خوو بەباری نەرێنی بەکاردێت وەک: (بەد خوو، خووخراپ، خووی یەکتر گرتن، ....). پەندەکان لەسەر بنەمای ئاگادارکردنەوە، لە هەنگاوی یەکەمدا لە بارەی خووە ناپەسەند و خراپەکان، پەیامی ئاگادارکردنەوەی خۆیان لەسەر دۆخ و کەسەکان ڕادەگەیەنن، لەوانە:

**درۆکردن**: وەک گەورەترین خووی بەد لەپەندەشیعرییەکاندا هاتووە، هەمیشە ئاگاداری هەمووان دەکرێتەوە لەخراپی و لێکەوتەکانی، جەخت دەکرێتەوە لەوەی، کە هۆکاری زۆر خووی خراپتر و ڕێگای زۆر هەنگاوی بەدترە، بۆیە پەندەکان لەهەنگاوی یەکەمدا لە خووگرتن بەدرۆوە پەیامی خۆیان دەگەیەنن و دەڵێن:

چونکە دەور دەوری درۆ و بوختانە
ڕاســتی گــرانە، درۆ هـــەرزانـــە! (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٩٨)

لەم پەندە شیعرییەدا دۆخەکە بەجۆرێک وێنا دەکات، درۆ لە تەشەنە سەندندابێت، ئەوەی نامۆبێت ڕاستی و ڕاستی وتن بێت، درۆکردن بووبێت بەدیاردەیەک، کە کەس سڵ لە وتن و کردنی نەکاتەوە، هەروەها پەندە شیعرییەکان جەخت لە کردەوە و نواندێک دەکەنەوە، کە لەڕەفتاری مرۆڤدا هەیە، بەڵام لەڕاستیدا ئەم کردەوانە درۆن و بۆ فریودانن، وەک دەڵێت:

چوار چشتیش باوە وەک درۆی نیسان        دوایـی هـــەر چواریان ئەکەونە مەیدان
زوهدی ڕیـــایی و خەڵـــــکی تەفرەدان    درۆی نا بەجا و زۆر خۆ هەڵکێشان (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٦)

وەک دەبینین ڕەفتارەکانی بەشێک لە کەسانی دیندار و خواپەرستی ڕیاکار، خەڵکی فریودان بەناوی جۆراوجۆری ئایینی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و خۆهەڵکێشان بەناوی خێڵ و بنەماڵە و خۆ گەورەکردن، بەکردەوەی درۆینە ناودەبات و خەڵک و خاوەن ڕەفتارەکانی لێ ئاگاداردەکاتەوە. دواتر لەبارەی بەردەوامی خووگرتن بەدرۆوە لەم پەندە شیعرییەدا دەڵێت:

درۆزن زانی درۆی سەر ئەگرێ پێـــی ڕادێ ئیتر شەرم نـــایگرێ
ئـــەو شیرینییەی لە درۆدایە لەڕاستی تاڵدا هیچ کەس بۆی نایە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ١٧٩)

هۆشداریدان لەسەر خووگرتن بە درۆکردنەوە، لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە مەترسی بەردەوام بوونی لێدەکات لەژیانی ڕۆژانەی تاک و تەنینەوەی ئەم خووەبەدە بەتەواوی کۆمەڵدا. جگە لە ئاین و پەروەردە هیچ ڕێگا چارەیەکی تر نییە بۆ بەئاگاهێنانەوەی خەڵکی لەم خووە، پەندبێژ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چیرۆکە ئاینییانەی، کە باسی گەلانی پێشوو لە بارەی درۆکردنەوە دەکەن و دەڵێت:

زەمـــانی عیـســـا و پێغـــەمبەری جـــوو درۆیان ئەکـرد ڕوویـــان ڕەش ئـــەبـــوو
ئەم زەمانە ڕاست ڕووی پیاو ڕەش ئەکا پیـــاوەتی پیـــاوی پیـــاو بێ بـــەش ئەکا
بـــەدکـــردەوەیـــی ئـــەوەنـــدە بـــاوە خـــۆمیشـــی تـیـــابـــم ڕاســتگـــۆ نـــەماوە (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٦٩).

دواجار لە بارەی ئەم خووەوە، بەجۆرێک ئاگادارکرنەوەکەی دەگەیەنێت، کە درۆکردن هەموو کۆمەڵی تەنیوە. ئەوەی نامۆیە ڕاستییە، بەدڕەفتاری بەجۆرێک تەشەنەی سەندووە پەندبێژ خۆشی دەخاتە ڕیزی ئەوانەوە، کە خوویان بەکردەوەی بەدی درۆوە گرتووە و ناتوانن ڕاستی بڵێن و ڕاستگۆبن.

**ئارەزوو و هەواو و هەوەس:** یەکێکی ترە لەو خووە بەد و خراپانەی، کە پەندەکان پەیامی ئاگادارکردنەوەی خۆیان لەبارەوە داوە، بیری هەمووان دێننەوە، کە لێکەوتەی خراپی هەیە بۆ ژیان و کەسایەتی تاکەکان، دوورە لە کردەوەی پەسەندی مرۆڤی سەنگین و هۆشیار، لە پەندەشیعرییەکاندا بەڕوونی پەنجەی بۆ ڕاکێشراوە و دەڵێت:

دوو ڕەشمان هەیە سەری پیاو دەخوا یـــەکێـکیـــان هـــەوەس یـــەکێکیان هەوا
کـــە سەردەربێـــنن لـــە هـــەردوو لاوە ســـەرکوتیـــان نەکەی کـــارت تـــەواوە
(پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٣١٩)

لەیەکەم هەنگاودا وێڕای ئاگادارکردنەوە، هاندانی تێدایە بۆ سنوردارکردنی ئارەزووەکانی مرۆڤ و دان بەخۆداگرتن و خۆپارێزی لەخووی بەد، کە دەبێتە مایەی لەکەدارکردن و دوورکەوتنەوەی لە پەرستش و ئایینداری، بۆیە لە پەندێکی تری شیعرییدا هاتووە:

پیـــری زاتـــێـــکی خســـــتە مـــەینەتی هـــاواری کێری (شەرح موغنی) یەتی
کورد لەبەر کێری خوای بیرچووەوە (لیـــلة القـــدر)ی پیـــا خـــرچ بـــووەوە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ١٤١) لەم پەندەشیعرییەدا ڕوونتر دەست دەخاتە سەر مەبەستەکەی، بەناوهێنانی ئەندامی نێرینەی پیاو، پەیامی ئاگادارکردنەوەی خۆی دەگەیەنێت و هەمووان هۆشیار دەکاتەوە لەوەی دواکەوتنی هەوا و ئارەزوو، خوویەکی ناپەسەندە و مایەی شەرمەزارییە بۆ هەموو تەمەنێک و دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە دینداری خواپەرستی ڕاستەقینە.

**قومارکردن**: خوویەکی بەدی مرۆڤ، کە دووچاری دەبێت کەوتنە داوی یاریکردن و مانەوەی شەوانەی ناو قومارخانەیە، لەکاتێکدا ڕەنجی ماندووبوونی ڕۆژانەی، کە پەیدای کردووە لە بری ئەوەی بۆ ماڵ و خێزانی بەکاری بهێنێت، شەوان و لەسەر مێزی یاریکردن دەیدۆڕێنێت. منداڵ چاو لە ڕێگا و دەست بەتاڵ دەمێننەوە، لە پەندێکی شیعریدا هاتووە:

دوو ملۆزمی تیایە ئەم شارە          یەکێ قومارە، دووەم خەمارە
قـــومارەکەیان سەری بڕاوە          خماریش نوقتەی بۆ دانەنراوە
بە چاولێکەری چاومان نەماوە          مـــایە پـــووچیمان بەبەر بڕاوە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٣٦٦)

لەم خووە خراپەی ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ خاوەنەکانیان تەنها مایەپووچییە، بەهۆی مایەپووچبوونی ئەوانیش خێزان و دواتر کۆمەڵ دەکەونە نەهامەتی و هۆی ئەمەش بۆ چاولێکەری دەگێڕێتەوە و بەدووری دەزانێت لەداب و نەریتی کوردەواری.

ئـــەوەی لــە ژن و مـــاڵـی مەمنوونە          چی لە قومارە و ئەم توونە و توونە
ئـــەوی بـــۆ قـومار ئەچێتە جێیان          شەو ئەباتە سەر تا بەری بەیان
دیار دەربەستی ماڵ و حاڵ نییە          شەیتانیش لەدوای هی وا شەقییە (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٢٤٠)

لەم هەنگاوەدا پەندەشیعرییەکان پەیامی ئاگادارکردنەوەی خۆیان بەخێزانەکان دەگەیەنن. خێزانەکان هان دەدەن بۆ تۆکمەیی و تەبایی بۆ ئەم مەبەستە، بە پەیوەندییەکی تەواوکاری سەیریان دەکەن، لەلایەک پەندبێژ بڕوای وایە، ئەگەر خێزان تۆکمەبوو، پیاو ناچێتە دەرەوە و دووچاری خووی خراپی قومار نابێت، لەلایەکی تریش هەمان تۆمەت دەداتە پاڵ پیاوی کەمتەرخەم و پێیوایە ئەوەی خووی بەکردەوەی بەدی قومارەوە گرت، دەربەستی ماڵ و خێزان نییە و بەشێکە لە کردەوەی شەیتانی و گشت لایەک بەئاگا دێنێتەوە، تا لێی دووربکەونەوە.

**زمانی خراپ**: زمان وێڕای ئەوەی هۆکاری دروستکردنی هەموو پەیوەندییەکی جوانی نێوان مرۆڤەکانە، مایەی هێنانەدی خۆشەویستی و پێکەوەژیانە. هاوکات هۆکاری دوورکەوتنەوە و ئازاردانی یەکتریشە، بۆیە لەپەندەکاندا جەختدەکرێتەوە لەوەی، کە بەدووربین لەبەکارهێنانی دیوی خراپەی زمان و لە بایەخ و مەترسیی خراپ بەکارهێنانی زمان هەمووان ئاگادار دەکاتەوە و دەڵێت:

که ئێشی دەرزی خۆت لا ناخۆش بێ
زامی ســـوژنی خـــەڵکت لــە هۆش بێ (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٣٢٨)

لەم پەندەشیعرییەدا ئەوە بیردێنێتەوە، کاتێک هەست بەئازارێکی کەم دەکەیت لەلایەن بەرانبەرەکەتەوە و پێی نیگەرانیت، ئەوە بزانە ڕەنگە زمان و توانج و قسەیەکی تۆ ببێتە مایەی ئازاردانی زۆر زیاتری بەرانبەر و ئێش و شوێنەواری زمانی تۆ زۆر گەورەتر و زیاتربێت. دواجار زمان دەبێتە هۆکاری کێشە و گرفت و لەدرێژەی ئەم بەئاگا هێنانەوەیەدا دەڵێت:

زوبان چاک زۆر کەم قۆرتی دێتە بەر          زوبـــانـــە کـە (ســەر) ئەخاتە خەتەر
کــەڵــەشــێر تــا کــوڵ بـدا بەگیرە          فیتنە هەوێنی نۆ قازان شیرە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٣٤)

لێرەوە جەخت لەوەدەکاتەوە کاریگەری زمان و ئەنجامەکەی زۆر گەورەترە لەزۆر هەنگاوی کردەیی. وێڕای ئەوەی زمان دەبێتە مایەی تیاچوونی سەری خاوەنەکەی بەهۆی بەکارهێنانی خراپییەوە، لەهەمان کاتدا هەر بەهۆی خراپ بەکارهێنانی زمانەوە ئاشوب و ئاژەوە دەکەوێتە ناو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵەوە و دەبێتە هۆی تێکدانی شیرازە و تەونی کۆمەڵایەتی.

**بێ شەرمی:** یەکێکە ترە لەو خووە بەدانەی، کە پەندەشیعرییەکان لەسەریان وەستاون و بەهۆکارێکی دەزانن، کە تاک پێیان دەردەچێت لەچوارچیوەی بەرز ڕاگرتنی بەها باڵاکان. زۆر جار تەنها بەزیان گەیاندن بەخودی کەسەکەوە ناوەستێت، بەڵکو دەبێتە مایەی لەکەدارکردنی خێزان و بنەماڵە و پێکهاتەی هۆزێک، وەک هاتووە دەڵێت:

پارووی بێ شەرمی زەحمەت قووت ئەچێ
ئـــــابـــڕووی عـــەشــرەتێک بەوانە ئەچێ (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٩)

وەک دەبینین لەم پەندەدا بە ڕوونی ئاماژە بەوەدەکات، کە بەهۆی هەڵوێستی کەسێک لەبارودۆخێکدا دەبێتە مایەی نەنگی و ئابڕووچوون بۆ تەواوی ئەندامانی بنەماڵە و هۆزەکەی و لەکەداریان دەکات، بۆیە ئاگاداری خۆی لەم بارەوە دەگەیەنێت، لەپابەند بوون بەنەریت و سنوورزانین لەهەنگاوەکانی ژیانیدا. دواتر لەپەندێکی تردا دێتە وردەکاری و باسی دۆخی کچانی ئەو کات دەکات و دەڵێت:

تـــازە کچـــانمان وەک نێـــرە کوڕەکە          لــە ئــەوروپـــادا کـــەوتـــوونە فـــڕکە
دیـــارە کــە شـــەرمـــیان لــەلا نەماوە          بــاوکـــانیـــان لـــەلای خـــەڕەک داناوە
هـــەر واتـــان زانی کـــارێکیان قەوماند          وەک (دوختی ئێران) گەوهەریان دۆڕاند
(پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٣٩٧).

لێرەدا ئاگادارکردنەوەکە لە ئاستێکدایە پێشبینی ڕووداوێکی نەخوازراوی کۆمەڵایەتی دەکات، واتە ئەو جگە لەوەی بێ شەرمی لەلای کچان بەهۆکارێک دەزانێت بۆ لەکەداربوونی خودی خۆیان و خێزانەکانیان، هاوکات لە ئەگەری بەردەوام بوونیدا بەراوردیان دەکات بە کچانی وڵاتێکی دراوسێی وەک ئێران لەو کاتەدا و دەڵێت هەربزانە گەوهەریان دۆڕاند، کە مەبەستی لە گەوهەری شەرم و شکۆ و ئابڕووە، وەک تاجێک لەسەری کچانی وڵاتەکەیدا.

**ڕق و کینە**: خوویەکی بەدی تر، ڕق و کینەیە، کە وەک خۆرەی هەناوی مرۆڤ وایە، هەمیشە هانی دەدات بۆ گیانی شەڕەنگێزی و تۆڵەکردنەوە لەکەسانی بەرانبەر. دواجار دەبێتە هۆی لەناوبردنی گیانی لێبوردەیی لەناو تاکەکانی کۆمەڵ و ئاشتی کۆمەڵایەتی تێکدەدات، بۆیە پەندبێژ دەڵێت:

خـــوویێکی بـــەدە بـــۆ فـــەڕ و مـــایە          شـــەڕ بـــە کـــۆنە قین دێننەوە کـــایە

بیســتوومــە دەڵــێن قین ژەنگی دڵە　　　دڵ کە ژەنگی گرت بۆ شەڕ بە کوڵە
لام وایــە ئــەوەی کــە ڕق هەڵگرە　　　لــە دوژمــنەکــەی نــاڕەحــەت ترە
ئــەیچێنێتە دڵ کــە بــۆی هەڵکەوێ　　　دوژمن بداتە بەر خەنــجەر شەوێ
موسوڵمانی چاک ئەوەی زۆر چاکە　　　کە لێبورد ئیتر دەروونی پاکە (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٣٤٥)

لێرەدا قین وەک خووی بەد و ژەنگی دڵ، هۆکارێک بۆ نانەوەی ئاژاوە و شەڕ دەزانێت. وێڕای ئەوە لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆی تێکدانی باری دەروونی کەسی ڕق هەڵگر، هەمیشە لە دۆخێکی نائارامدا دەیهێڵێتەوە، گیانی تۆڵەسەندنەوەی لەلا دەچێنێت، بەڵام ئەوەی دەبێتە هۆی چاندنی گیانی لێبوردەیی تەنها ئاین و ئاینداریيە. بۆیە پەندبێژ موسوڵمانی پابەند بە ئایینەوە بە کەسی دەروون پاک و چاک ناو دەبات. بەو پێیەی ڕق لە دەروون و بیرکردنەوەیدا نییە، یان لەبەر خاتری خوای گەورە نایهێڵێت لەناخی خۆیدا، بۆیە ئاگاداری کۆتایی پەندبێژ لەبارەی خووی خراپەوە ئەوەیە کە دەڵێت:

ئەو کەسەی کە خووی خۆی لەلاخۆشە　　　بــا خــراپیـش بــێ، نــایـگـۆڕێ بۆشە
زۆرتر خــووی خراپ کە بــاو ئــەسێنێ　　　وا لــە پیــاو ئــەکــا چــاری نــامـێـنێ
هی ئەو تۆ هەیە بە چاولێکەری　　　هەرچی هاتە پێش ئەیداتە بەری (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٣٢١)

دواجار ئاگاداری خەڵکی دەکات لە بەردەوام بوون لە خووی خراپ و دوورکەوتنەوە لێیان، چونکە کەسی ژیر بەردەوام نابێت لە هەڵەکانی تەنها ئەوانە نەبێت، کە لە ڕووی ژیرییەوە بۆشن. ئەمەش کۆمەڵ دەگەیەنێتە دۆخێک، کە هیچ ڕێگا چارەیەکی نەمێنێت، بۆیە چاولێکەری بەهەڵە دەزانێت و ئاگایی ئەوە دەدات، کەنابێت شوێن خەڵکی تر بکەوین.

**دووەم: ڕێگریکردن لە خووەخراپ و ڕەفتارە بەدەکان:**

پەندەشیعرییەکان وەک بنەما چەسپاوەکانی کارکردنیان دوای ئەوەی لە چەند خوویەکی خراپ و نەشیاوی ناو کۆمەڵ پەیامی ئاگاداری خۆیان ڕاگەیاند، لەهەنگاوی دواتردا هەڵدەستن بەڕێگریکردن لەو خووانە، بە مەستی ئەنجامنەدانیان، دوورکەوتنەوە لەخووی بەد و ڕەفتاری تاوانکاری، کە دەبێتە هۆی تێکدانی باری کۆمەڵایەتی و بە لاڕێدابردنی پەروەردەی شیاو، کە لە پێناو هێنانەدی و چەسپاندنی بەها باڵاکاندا تێدەکۆشێت، بۆیە لەم پەندانەدا ئەم ڕێگرییانە دەبینین:

**جوێندان**: جوێن وەک ئامرازێکی هێرشکردنە سەر بەرانبەر، بۆ بریندارکردنی یەکتر لە ڕووی دەروونییەوە بەکار دێت. هاوکات هۆکاریکە بۆ خۆشکردنی ئاگری شەڕ و ئاژاوە و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و دوورکەوتنەوەیە لەبەهای بەرزی ڕێزگرتن و یەکتری قبوڵکردن.

پەندبێژ لە پەندە شیعرییەکانیدا بەمجۆرە ڕێگری لە جوێن دەکات و دەڵێت:

ئەگەر تۆ بــاوکی خۆتت خۆش ئەوێ　　　جوێن مەدە نەوەک جوێنی بەرکەوێ
زرێــــی زانیـــنت کــە کــردەبــەرت　　　تــاجی ئەدەبـش بنێرە سەرت (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٠٠)

ڕێگرییەکە لە چوارچێوە ئامۆژگاریدایە، پێگەی باوک وەک قەڵغانێک بەکارهاتووە، تا ڕەچاوی خۆشەویستی باوک بکرێت لەلای تاک و لە پێناویدا دەستبەرداری خووی بەدی جوێندان و بریندارکردنی هەستی بەرانبەرببێت. هاوکات ئەوە بیری هەمووان دێنێتەوە، کە پێویستە زانین و فێربوون ڕەنگدانەوەی دروستی لەسەر ڕەفتاری تاک هەبێت و بە دووربێت لە خووەخراپەکان.

ئەگەر (پەنجەرە)ی تۆ شووشە بەندە        بەرد بهاویە خەڵک، کـاری تۆ گەندە
کـە شـەڕە جنێو بـکـەی لــە کــۆڵان        دایک و باوکی خۆت ئەکەی بە قەڵغان
ئــەگــەر تــۆ ئێـشی دەرزی بـچێژی        بە سووژن خوێنی خــەڵـکی نـاڕێژی
(پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٥٠)

لێرەدا پەندەشیعرییەکان دەست دەکەن بە بەڵگە هێنانەوە بە مەبەستی قەناعەتپێکردنی تاک بۆ ڕێگریکردن لێیان لە خووگرتن بەجوێندانەوە. ئەمەش بەوەی هەرکەس خۆی نیگەرانبێت بە ڕەفتاری نەشیاوی کەسێک، هەمان ڕەفتار ناکاتەوە، تا پارێزگاری لە خودی خۆی بکات، چونکە هەمووکەس وەک ئەوە وایە ماڵی لە شووشە بێت، بۆیە نەنگییە لەو کاتەدا بەرد بگریتە ماڵی خەڵکی. هاوکات جارێکیتر پێگەی بەرز و خۆشەویستی دایک و باوک دێنێتەوە، وەک نموونە و ڕێگریی دەکات لەوەی، کە بیانکەیتە نیشانەی جوێنی کەسانی بەرانبەر، چونکە کەسێک ئازاری نووکی دەرزییەکی لەلا ناخۆش بێت، کە مەبەستی جوێنی کەسی بەرانبەرە، ئەوا خۆی جوێنی ناشیرینتر بە بەرانبەر ناداتەوە، کە ڕەنگە ئەمەیان ئازارەکەی زیاتر بێت.

**خۆبەزلزانین**: خوویەکی خراپ و نەخۆشییەکی دەروونییە، کە زۆرجار مرۆڤ دووچاری دەبێت پێیوایە ئەو کەسێکی جیاوازە لەناو هاوچەشنەکانیدا. لە کاتێکدا هەموومان وەک یەکین و خودای گەورە مرۆڤەکانی بەیەکسانی و وەک یەک هێنانەوتە دنیاوە. پەندە شیعرییەکان بۆ ڕێگریی لەو خووە ناپەسەندە دەست دەکەن بە بەڵگە هێنانەوە، لە پێناو هێنانەدی بەهای بەرزی خاکیبوون و خاکەڕایی لە مرۆڤدا، وەک:

ئەڵێن سروشتمان لــە چوار گەوهەرە        دوانیــان بــاوکـمـانە دوانیـان مادەرە
بــا و ئــاگر بەرزن طەبعیــان بـڵـنـدە        خاک خۆی خاکییە و ئاومان مەندە
بەرزی و مل شکان ئاگر و سووتان        خاک فەرشی ڕێیە و ئاو مایەی ژیان
کــەواتــە هــەوای بەرزی مەنوێنە        ملی خۆت بە پای خۆت مەشکێنە...
ئــەگیـنـە کــەسێ کـەوا عاقڵ بێ        نابێ لەسزای بەدی غافڵ بێ (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٧٦)

لێرەدا پەندەشیعرییەکە جەخت لەسەر ئەو بنەمایە دەکاتەوە، کە دەڵێت ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ژیان بریتین لە (هەوا، ئاگر، خاک، ئاو)، لێرەوە وەک بەڵگە هێنانەوە و گەڕانەوە بۆ ئەم ڕەگەزانە ڕێگریی دەکات لە خووی بەدی خۆبەزل زانین. با و ئاگر بەهۆی سروشتی خۆیان ڕوو لە بەرزین، خاک و ئاو لە نزمین و

خاکی بوون و پاک بوون تایبەتمەندییانە، بەڵام با، کە هۆکاری بەرزییە هەمیشە مل شکانی لە دوایە، ئاگریش سووتان، کەچی خاک وەک فەرشی بەرپێی مرۆڤ وایە و ئاویش مایەی ژیانییەتی. بۆیە پەندەکان ڕێگریی لە لووتبەرزی دەکەن، کە چارەنووسی مل شکانە، بەرزی خوویەکی بەدە و نابێت مرۆڤ بەهۆی ئەم کردەوە بەدەوە خۆی دووچاری سزا بکات، چونکە سزا و مل شکاندن چاوەڕێی دەکات.

**زمان خراپ و بەدگۆ:** وەک لە پەیامی ئاگادارکردنەوەی پەندەکاندا ئەوەمان ڕوونکردەوە، کە پەندەکان لە بارەی مەترسی و لێکەوتەکانی خراپ بەکارهێنانی زمان خستیانە ڕوو، لە قۆناغی دواتردا پەندەکان بە ڕوونی ڕێگریی لە کاری بەدگۆیی دەکەن و پەندبێژ دەڵێت:

ئــەوانەی فێــری درۆ و غــەیبەتن ڕوویان مەدەرێ شووم و نەگبەتن

پیاوی وام دیوە بۆ نان و کەبــاب کەوتۆتە زەمی مام و خاڵ و بـاب

ئــەمــە شــورەیــی و حــەیا بردنە چــاری ئــەمــانــە هــەر دەرکردنە

پشــیــلەی بــێ عــار بەشی فسەیە کوتەکیش خەرجی هەندێ قسەیە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٩٥)

لەم پەندە شیعرییەدا لە ڕوانگەی ئاینییەوە سەیری خراپ بەکارهێنانی زمان دەکات و دەستەواژەی (غەیبەت) بەکاردەهێنێت، کە باسکردنی تایبەتمەندی کەسانی ترە. بۆیە ڕێگری دەکات لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمجۆرە کەسانە، چونکە هەیانە لە پێناو بەرژەوەندی کەسی خۆیان زمان لە کەسە نزیکەکانی خۆیان ناپارێزن. ئەمەش مایەی شورەییە. لە پێناو ڕێگریکردنیان دەبێت شاربەدەر بکرێن و لە کۆمەڵ دووربخرێنەوە، تەنانەت ڕێگرییەکەی ئەوەندە توندە بە ئەوەشەوە ناوەستێت و هێز بەکار دەهێنێت بۆ ڕاگرتن و دەمکوتکردنیان، دواتر پەندبێژ ئاماژە بەسەردەمی میرنشینی بابان دەکات و دەڵێت:

(وإن یــکــادوا) کــە خــوا فــەرمووییە بــۆ ئــەوانــەیــە کــە چــاو لــە دوویە

حاکمی بابان چــاویــان هــەڵــئــەکەند بــەوە تــۆڵــەیان لە چاوپیس ئەسەند

چــەنــدێ زوبــانی بــەدگۆیــان بڕی هەندێ (ژۆرناڵی) جاسووســیان دڕی

ئــاخ خــۆزگــە ئەمە ئەکرا بە قانوون چاوپیس و بــەدگۆ لەناو دەردەچوون (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٠٥)

لە پێناوی ڕێگریدا چیرۆکی سزادانی ئەوکەسانە دەگێڕێتەوە، کە چاویان لەدووی ژیان و کاری خەڵکی بووە. لەلایەن حاکمانی بابانەوە چاویان دەرهێنراوە وەک سزایەک بۆ کردەوەی بەدیان، یاخود ئەوانەی بەدگۆ و زمان خراپ و ڕاپۆرت (ژۆرناڵ)نووس بوون لەسەر خەڵکی ڕاپۆرتە خراپەکارییەکانیان دڕێنراوە، بۆیە پەندبێژ خۆزگەی ئەوە دەخوازێ ئەم ڕێگرییە بکرێت بە یاسا و کەسانی بەدخوو و خراپەکار لە ناو کۆمەڵ دووربخرێنەوە لە پێناو سەقامگیری کۆمەڵایەتی و پارێزگاری لە بەهابالاکان.

**دووبەرەکی و ناتەبایی**: هەندێک وەک خوویەکی بەد دەبنە هەوێنی دووبەرەکی، چاندنی تۆوی ئاشوب و ئاژاوە لە نێوان کەس و بنەماڵەکاندا، بۆیە بەتوندی پەندبێژ دژی ئەم کارە دەوەستێتەوە و دەڵێت:

هــەر خــزمــێ لەگەڵ تۆدا نەسازێ

ڕاستی کەرەوە بە چەکوش و گازێ (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٣٧)

لێرەدا ڕوون و ڕاشکاو، بێ ڕتووش پەندبێژ هانی خەڵکانی ژێر دەدات لە پێناو ڕێگری لە ئاشوب و تۆوی ئاژاوەگێڕی، هەموو هێزێک بەکاربهێنن بۆ ڕێگری لە خەڵکانی ناتەبا و نەکوڵەکی ناو کۆمەڵگا.

**دزیکردن**: خووی خراپ و تاوانێکی گەورە، دەستبردنە بۆ ماف و ڕەنجی شانی کەسانی ماندوو، پەندبێژ بەتەواوی دژی ئەم خووەبەد و تاوانە قێزەونەیە، بۆیە دەڵێت:

ئێســتا دزێتی بووە بە هونەر نازانم ئەمە چۆن ئەچێتە سەر

دەستبڕ کە دەستی لێ هەڵئەبڕن ڕۆژێکیش ئـەبــێ دەستی ئەبڕن

کێشانە بەڕاست ئەمری قورئانە ئێستا بە (قەپــان) قەپان، قەپانە

یاخوا ئەوانەی کە سەنگیان سووکە گورزیان گران بێ بە(مەڕنەمووکە) (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٦١)

لەپێناو ڕێگری لەتاوانی دزیکردن، کە پێچەوانەی بەهای باڵای دەست پاکی و ئامانەت پارێزییە. پەندبێژ پەنا دەباتە بەر پێوەر و سزاکانی، کە لەهەناوی شەریعەتی ئیسلامییەوە دیاریکراون. پەندبێژ بۆ ڕێگری وێڕای سزای دنیایی، کە لە تۆڵەی دزیکردن دەستبڕینە، جا دزی ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای فێڵکردن و تەرازوبازییەوە بێت. ئەو نزای سزای قورسی ناو گۆڕیشیان بۆ دەکات، تا ئەوەندەی تر تاوانکاران هەست بەگەورەیی و مەترسی کارەکەیان بکەن، بگەڕێنەوە سەر ڕێگای ڕاستی دەستپاکی و لەسەر دزیکردن بەردەوام نەبن.

**داوێن پیسی**: خوویەکی بەد و تاوانێکی کۆمەڵایەتی، بەپێی نەریت و ئاین تاوانە و ڕێگری لێکراوە، پێچەوانەی داوێن پاکی و بەهای باڵای ڕەوشت بەرزییە، پەندەکان هەوڵی ڕێگری کردن لەم تاوانە دەدەن. چیرۆکی سزای مەرگی کەسانی داوێن پیس لە پەندەشیعرییەکاندا، بەمجۆرە دەهێننەوە لە پێناو بەتاوان ناساندن و ڕێگری و بنبڕکردنی، پەندبێژ دەڵێت:

خــۆم لــە بیــرمە پیــاوی داوێــن پیس ئەکەوتە بەر (حەد) ئەیانکوشت بە لیس

ژنیــش خــۆڵ و دۆی ئــەکـرا بەسەرا شــاربــەدەر ئــەکـرا بە چەپڵە و هەرا

(پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٣٢٢)

پەندبێژ پەنا بۆ سزادانە کۆمەڵایەتی و توندەکان دەبات، تەنانەت دەگاتە ڕادەی کوشتن لە پێناو ڕێگری لە خووی بەدی داوێن پیسی و تاوانی بەدڕەوشتی، سووکایەتیکردن بە کەسی بەدخوو. ئەگەرچی ئەمە زیادەڕەوی زۆری تێدایە، بەڵام پەندەکە توندترین ڕێگای هەڵبژاردووە لە پێناو ڕێگری لەم خووەبەدە. بەشێوەیەکی گشتی لە پێناو ڕێگریکردن لە خووە بەد و ڕەفتارە نەشیاوەکانی تاک، سزای توند بەدی دەکەین لە پەندەکاندا، پەندبێژ هەوڵی دابڕانی ئەمجۆرە کەسانە دەدات، کە خاوەنی خووی بەدن لەکۆمەڵدا، بۆیە دەڵێت:

دز و درۆزن بــەدن ئــەم دووانــە سەگ لەسەگ بەردە و لە دوور بڕوانە

ئەوی بەڕاست و درۆ سوێند ئـەخـوا پێـی بـاوەڕ مـەکـە بـا بشڵێ بەخـوا

(پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ١٣)

پەندبێژ هەردوو خووی دزی و درۆزنی هاوتا دەکات لەگەڵ سەگ و بە جۆرێک ناشایستە و قێزەون پیشانیان دەدات، کە بەهیچ جۆرێک جێگای متمانەی کۆمەڵ نین وەک کەسی نابوت و نەشیاوی کۆمەڵ دەیان ناسێنێت، بۆیە دواجار ئەم جۆرە کەسانە ئەگەر نەوەستن لە خووی بەدیان پەندبێژ بڕیاری مەرگیان بۆ دەدات و دەڵێت:

پیاوی واش هەیە هێندە لاسارە

ناسرەوێ مەگەر لەپای سێدارە (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٢٢٩)

بڕیارەکانی پەندبێژ بۆ ڕێگرتن لە خووە بەد و ڕەفتارە نەشیاوەکان، کە پێچەوانەی بەها باڵاکانن، زۆر توند و بنبڕن و زۆرجار لەسنوری پێوەرە مرۆڤایەتییەکان دەردەچن. ئەمەش مکوڕبوونی پەندبێژمان بۆ دەردەخات لەسەر ڕێگری لە هەر خوویەکی بەدی ناو کۆمەڵگا، کە پێچەوانەی بەهای کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی بێت.

**سێیەم: ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن لە پێناو چەسپاندنی بەهاکان:**

وەک بنەما جێگیر و چەسپاوەکەی پەندەکان، دوای ئاگادارکردنەوە و ڕێگری لە خووەبەد و ڕەفتارە نەشیاوەکان، پەندەکان هەوڵێ ڕێنمایی و ئاڕاستەکردنی خۆیان دەدەن بۆ هێنانەدی بەها باڵاکان، بەپێی پێوەری پەروەردەیی، ڕەوشتی، ئایینی و کۆمەڵایەتی، کە ئێمە لێرەدا تیشک دەخەینە سەر چەند بەهایەک، کە ڕەنگدانەوەییان لە پەندە شیعرییەکاندا هەبووە.

**چاکەکردن و بەخشین:** پەندەکان ڕێنمایی و ئاڕاستەی تاکەکان دەکەن لەپێناو هێنانەدی و چاندنی گیانی چاکەکاری و بەهای باڵای چاکە و بەخشین لە پێناو هێنانەدی تەبایی کۆمەڵایەتی و گیانی هاوکاریکردنی یەکتر، بۆ ڕزگارکردنی یەکتری لە دەستکورتی و نەبوونی. چاکەکردن بە گوتەی خێر و بەرپاکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی، چاکەکردن لەپێناو پاراستنی ژینگە و سروشتی وڵات، پەندبێژ زۆر بەگرنگییەوە چاکە لەفۆرمێکی گشتیدا بەرجەستەدەکات و جێگای بایەخییەتی، وەک لەم پەندە شیعرییانە دەیانخەینە ڕوو:

هەرچی چاکەی کرد چاکەی دێتە ڕێ

درەخــت بنێــژی دیــارە بەر دەگرێ (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٩٩)

چاکە بەگشتی وەک درەختێکی بەردار سەیردەکات و بە زمانی سروشت دەدوێت، تا هەمووان لێی تێبگەن و پەیامەکەی بگات. ئاڕاستەکردنی بۆ چاکە بەجۆرێکە، کردەوەی چاک وەک درەختی بەردار دەبینێت و سوودی چەند بۆ خەڵکییە، ئەوەندەش بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە. لەپەندێکی تردا دەڵێت:

چەند خۆشە ئینسان شێوەی شەمعی بێ

خـۆی بســووتێنێ و نـەفعی جەمعی بێ (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٥١)

لێرەدا جارێکی تر چاکە لە فۆڕمێکی گشتیدا دەخاتە ڕوو وەک ئەو پەندە باوەی دەڵێت: چاکە بکە و بیدە بەدەم ئاودا. بەهەمان ناوەڕۆک خەڵکی ئاڕاستە دەکات لەپێناو هێنانەدی بەهای باڵای چاکەکردن و هانی مرۆڤ دەدات وەک مۆم ئاسا بسووتێن لەپێناو ڕووناکی بەخشین بەوانیتر، کە ئەویش لە پەیام و ڕەفتاری چاکەکردن لەگەڵ دەوروبەردا ڕەنگدەداتەوە. هەروەها پەندبێژ لەتەک هاندانی بۆ ڕێنماییکردن و ئاڕاستەکردن لە پێناو هێنانەدی بەهای چاکەکاری هانی خەڵکی دەدات، بۆ بەخشین و بەمشێوەیە:

لەگــەڵ خــراپــا نــاڵـێم تۆ چاک بە بەڵام بەکردەی چاک خۆت بێباک بە

لەبەخش و بەخشین پەشیمان مەبە بەشەرتێک دۆستی (لە ئیمان) مەبە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٢٤)

پەندبێژ ئاڕاستەی کەسی چاکەکاردەکات لە پێناو بەهای باڵای بەخشیندا، بەڵام ڕێنمایی ئەوەی دەکات، کە بەخشین لە گەڵ خراپەکار نا، تا کەسی خراپەکار و بەدکردەوە بەردەوام نەبێت لە خووی بەدی خراپەکاری، بۆیە چاکەکار هاندەدات بە بەخشین، تەنها مەرجی ئەوەیە، کە دۆستایەتی کەسانی (لەئیم) بەدکردەوە و خراپەکار نەکات، دواتر لەسەر ئاڕاستەکردن لە پێناو بەخشین بەردەوام دەبێت.

پـارە بـۆ پیـاوی خوا پێداو چاکە کە لێی ئەبەخشێ بە خێر و چاکە

دەوڵەت ئەوەیە کەوا لەدوای خۆی ناوێکی چاکە جێ دێڵێ بۆی

(پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٧٥)

لەم پەندەدا وێڕای جەختکردنەوە لە بەهای بەخشین لە پێناو خوای گەورەدا، هانی کەسانی چاکەکار دەدات، بەوەی ناوی تاسەر دەمێنێت، بەنەمری و لەیاد و دڵی هەمووواندا زیندوو دەمێنێتەوە.

**هاوڕێیەتی و دۆستایەتی**: وەک بەهایەکی باڵای کۆمەڵایەتی هانی گشت لایەک دەدات لە پێناو ڕێزگرتن و ئەمەکداربوون بۆ هاوڕێیەتی ڕاستەقینە و دۆستایەتی بەکردەوە، کە پشتی یەکبگرن و لە تەنگانە و خۆشیدا بەڕاستی لەگەڵ یەکبن، پەندبێژ دەڵێت:

ئەگەر ڕەفیقت کەوت دەستی بگرە

هەرچی بێ ئەویش ئەوەی لە فکرە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٠٣)

لێرەدا هانی هاوڕێیەتی دەدات لە پێناو کۆمەککردنی یەکتر لەکاتی شکستدا. ئەمەش بەهایەکی باڵای کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییە، تاک فێردەکات لە پێناو هێنانەدی گیانی هاوکاریدا تێبکۆشێت، دواتر دەڵێت:

کە بەدۆستی دەستێکت گوشی

ئەبێ بۆ ئیشی بــەدڵ تێکۆشی (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٣٦)

لێرەدا پەندبێژ جەخت لە بەردی بناغەی دۆستایەتی دەکاتەوە، کە دەستپێکی هەنگاوی ڕاستگۆیانە بێت. کاتێک دەست دەخەیتە ناو دەستی کەسێکەوە، کە ئاماژەیە بۆ بنەمای دۆستایەتی، لە دیرۆکی کوردەواریدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی دەستت بەتاڵە هیچ ئامرازێکی بریندارکردن و کوشتنی تێدانییە. دەبێت ئەو دەستە دەستی ڕاستەقینەی دۆستایەتی بێت و لەپێناو هێنانەدی هەرکار و پێویستییەکی تێبکۆشێت، دواتر لەسەر ئەم جەختکردنەوەیە، بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

دەستی دۆست ماچ کە و لە زێڕی بگرە

دەستی دوژمنیش ماری پێ بگرە (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ١٣)

لێرەدا پەندبێژ هانی ئەمەکداری دەدات و لە پێناو دۆستایەتیدا تاک ئاڕاستە دەکات. تا لووتکەی ڕێزگرتن لەدۆستەکەی، بەجۆرێک وەک ڕێز ماچی بکات و وەک نرخاندن لە ئاڵتوونی بگرێت، هەروەها ڕێنمایی دەکات، کە دەستی دوژمن بەکاربهێنێت بۆ گرتنی دوژمنێکی تر، کە بەمار گوزارشتی لێکردووە. ئەمە ئەگەر لە ڕواڵەتدا باسکردن بێت لە هاوڕێیەتی، بەڵام خوێندنەوەی قوڵتر هەڵدەگرێت، کە هانی بەهای باڵای دۆستایەتی و ئەمەکداری دەدات و هەروەها ڕێنمایی دووركەوتنەوە لە خیانەت و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دوژمن و ناحەز دەکات.

**بیرکردنەوە و زانین:** بەهایەکی گرنگ و پێویست بۆ تاک هاندانییەتی لە پێناو بیرکردنەوە، زانین و فێربوون، لە پێناو شیکردنەوەی ڕووداو و پێشهاتەکان و لێکدانەوەی بۆ شتەکان و پلانسازی بۆ ئاینده بۆیە پەندبێژ دەڵێت:

هەمیشە عەقڵ و عیلم لە پێشە

لە هەموو شارێ نەزان بارکێشە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٢)

زانست و فێربوون وەک بەهایەکی بنچینەیی دادەنێت بۆ گەشەکردنی ژیریی، نەزانی بەهۆکاری چەوسانەوە باری گرانی ژیان دەزانێت، دواتر لە پەندێکی تری شیعرییدا دەڵێت:

هۆش و کردەوە وەک گیان و لەشن بۆ ڕێ گوزەران دوو چرای گەشن

هۆش درەختێکە کردەوە بەرییە لە بڕانەوە، بەری، بەرییە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٥)

لێرەدا دووانەی بیرکردنەوە و ڕەفتار پێکەوە گرێدەدات، پەندبێژ وەک درەخت و بەری درەخت دەیان چوێنێت، واتە ئەگەر مرۆڤ خاوەنی بیری باش بوو، ئەوا کردەوەی باشی دەبێت، واتە ڕەفتاری باش پەیوەست دەکات بەبیری باشەوە، بۆیە پەندبێژ تاک هاندەدات لە پێناو بەهای باڵای زانین و بیرکردنەوە، تا کردەوە و هەنگاوی باش و ئەرێنی بنێن لە ژیانی داهاتوویاندا.

دواتر بەشێوەیەکی گشتی پەندبێژ پەیامی خۆی لە ئاڕاستەکردن و ڕێنماییکردن لە پێناو هێنانەدی و چاندنی بەهاکان وەک ڕەچەتەیەکی ئامادەکراو دەخاتە بەردەم تاک و هانیاندەدات بۆ هێنانەدی و هەوڵی چاندنیان دەدات، بەمجۆرە:

ده پەندە و یەکی دە دینار دێنێ — دیاری (ژیان)ە خەڵکی بیخوێنێ
لەگـەڵ خودادا سەر ڕاست بی چاکە — هیـچ لـەو گـوم نابێ خراپە و چاکە
لەگـەڵ خـەڵـکیدا ئینصـاف بـنـوێنە — هەتـا دەتـوانی نـەفسـت بشـکـێـنە
بۆ هەژار دڵسۆز بۆ گەورە حورمەت — بۆ لەخۆت خوارتر لوتف و شەفەقەت
بۆ دۆست ڕابەربە بۆ دوژمن بە حیلم — بە تەوازوع بە لەگـەڵ ئـەهـلـی عیلم
لەگـەڵ جـاهیلدا بێ دەنگ و خامۆش — ئەم دە پـەنـدەی من نەکەی فەرامۆش (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٠٢)

لەم دە پەندەدا جەخت لە هێنانەدی بەها باڵاکانی (خوداپەرستی ڕاستەقینە، ویژدان لەگەڵ خەڵکیدا، دوورکەوتنەوە لە خۆبەزل زانین و خاکیبوون، دڵسۆزی بەرانبەر هەژاران، ڕێزگرتن لەگەڵ گەورەکان، نەرم و نیانی لەگەڵ لە خۆت بچوکتر، ڕێنیشاندەری و ڕابەری بۆ دۆست، دانایی لەگەڵ دوژمن و نەیار، خاکەڕایی لەگەڵ خەڵکانی زانست پەروەر و بێدەنگی لەگەڵ نەزاندا)، هەروەها لە چەند پەندێکی تری شیعرییدا جەخت لە هێنانەد و هەوڵێ چاندنی چەند بەهایەکی تر دەدات لەوانە:

پێنـج شـت بێنەجـێ ئـەگەر بەکەڵکی — دۆست خۆشویستن وناندان بەخەڵکی
دڵێـکـی پـاک و زمـانـێـکـی چـاک — ڕاست و ڕەوانی پێی دەژیت بێ باک (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٦)

لێرەشدا پەندبێژ دەیەوێت بەهاکانی (خۆشەویستی، دۆستایەتی، نانبدەیی، تێرکردنی هەژاران، پاک دەروونی، دوورکەوتنەوە لەڕق و کینە، زمان چاکی، دوورکەوتنەوە لە بەدگۆیی، ڕاستی و ڕاشکاوی) بچێنێت لە ناخ و بیری مرۆڤدا دواجار ببێتە کردار. ئەمانە، کە لە مرۆڤدا چێنران و هاتنە دی دەبێتە مایەی ژیان بە ئاسوودەیی و ئارامی و بێباکی و دوورکەوتنەوە لە ململانێ و شانکێ لەگەڵ ئەوانی تردا. ئەمەش ئەو هەوڵانەیە، کە پەندەکان بۆ هێنانەدی ئەم بەهایانە بە شێوەی جۆراوجۆر چەند بەهایەکی باڵا بە کۆکراوەیی دەخەنە بەردەست، تا هەمووان هەوڵی پەیڕەوکردنی بدەن.

**چوارەم: ئامانج لە هێنانەدی بەهای باڵای ڕەوشتی و کۆمەڵایەتیدا:**

پەندی پێشینان ئامانجی گەورەی هەیە لە چاندن و هێنانەدی بەها باڵاکان لە تاکەکانی کۆمەڵدا، کە ئەویش خۆی لە سەقامگیری کۆمەڵایەتی، چنینی تەونی پێکەوەژیان، پڕاکتیزەکردنی گیانی هاوکاریکردن، چاکەکاری، ڕێز و متمانە بە خۆبووندا دەبینێتەوە. لەم ڕووەوە سەرەتا کار لەسەر تاک دەکات لەڕووی تەندروستی و دەروون دروستییەوە و سەرەتا ئەو پەندانە دەخەینە بەرچاو، کە بایەخیان بۆ ئەم بابەتەیە، وەک لەپەندە شیعرییەکاندا هاتووە:

کیسـەی تـەمـاع و مـەعیـدە هـەردوو — کە هەرچیت دەستکەوت، تێت ئاخنی زوو
ئـەویـان ئـەدڕێ و ئـەمیـان ئـەشێوێ — جێـگا نـامێـنـێ شـەوێ بـۆ شـێـوێ

چـــاره ئـــەوەتـــە کـــە بـــەرە بـــەرە                تـــەمـــاع لابـــەرە و خـــواردن دەربـــەرە
ئـــەوســـا دڵ و لـــەش بـــەچـــاکی وپاکی                ئـــەمێـــنـــێـــتـــەوە لـــەخـــەم بـــێـــبـــاکی
(پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٣٤٢)

پەندبێژ لێرەدا هەردوو بیرکردنەوەی مرۆڤ بۆ قۆرغکاری ماددی و پارە و ئارەزووی زیادەخۆری هاوتای یەک دادەنێت، وەک نەخۆشییەک دەیان بینێت و ئەنجامەکەی دڕان و شێوانە. مەبەستییەتی مرۆڤ لەم نەخۆشییە بەدووربێت، ئامانجی ئەوەیە لە هەردووکیان دوورکەوێتەوە لە پێناو جەستەیەکی دروست و دەروونێکی دروست، تا لەهەردوو ئازاری جەستەیی و خەمی دەروونی بەدوور و پارێزراوبێت، بۆیە دواتر لە پەندێکی تری شیعرییدا هاتووە:

ئـــەو کـــەســـەی دڵ و دەروونی پاکە
خەڵک خۆشی ئەویَ بۆ خۆشی چاکە (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٣٢٦)

ئەمەش وەک ئەنجامێک لە پەندەکەدا خراوەتەڕوو، کە بەرهەمی دەروون پاکی و دەروون دروستی ئەوەیان سەرەتا لە هەنگاوی یەکەمدا ئاسودەیی دەروونی و بەختەوەری خودی بەدەست دێت، لە هەنگاوی دواتردا ناوبانگی چاکە و خۆشەویستی خەڵکی بەدەست دەهێنێت. ئەمەش دەستکەوتێکی گەورەی بەهای پاککردنەوەی دڵ و دەروونی خودە لە بیرکردنەوەی خراپەکاری.

هیوا و ئومێدی گەشبینانە بەداهاتوو، وەک بەهایەکی باڵا و وەک ئەنجامگیری کارکردنی پەندەکان دەبینرێت و بۆیە پەندەکان لەسەر بنەمای ڕێنمایی و ئاراستەکردنەکانی پێشوویان لە چاندنی بەها ئەمە وەک دەستکەوتێکی مرۆڤی کامڵ ئەژماردەکەن، لە ناوەڕۆکەکەیاندا ڕەنگدەداتەوە، پەندبێژ دەڵێت:

پیاو هیوادار بێت نەوەک نا هومێد                چۆن ئەژی ئەگەر هیوا ببڕیَ لێت
هیـــوایە بـــەرگـــەی تەنگانە دەگریَ                کـــە بیَ هیـــوابی بڕســـتت دەبـــڕیَ
(پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٩٨).

هیواداربوون بە ئایندە، مایەی ڕزگارییە لە تەنگانە و ئومێدی چارەسەری گرفتەکانی ژیان، کە پەندبێژ وەک ئەنجامێک دەیخاتەڕوو، ئەوەی خۆرەی دەروونی مرۆڤ و مایەی شکستییەتی ڕووخان و ڕەشبینییە. بۆیە پەندەکان جەخت لە هیواداربوون دەکەنەوە، لە پێناو دوورکەوتنەوە لە نائومێدی و شکستی دەروونی، پەندەکان جەخت لە لێبوردەیی دەکەنەوە لە بەرانبەر بەخشینەوەی ڕق و کینە ئەویش لە پێناو خوای گەورەدا و هیوابوون بە دادپەرەوەری و پاداشتی ڕۆژی دوایی، لە پەندێکی تری شیعرییدا هاتووە:

لە کەسیَ بوردی پەشیمان مەبە                لە خوا لامـــەدە، بـــیَ ئیـــمان مەبە
بە هیوا بژیت دڵت خۆش ئەبیَ                بە نـــائومێدی ڕەنجت بۆش ئەبیَ (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٧٢)

لێرەدا پەندبێژ وێڕای هاندان بۆ لێبوردەیی لە پێناو خوای گەورەدا، هیوابوون بە پاداشتی ڕۆژی دوایی، هاوکات ئەوەش وەک دەستکەوتێک و ئامانجێک دەبینێت، کە هیوا و ئومێد و گەشبینی مایەی دڵخۆشی و ئاسودەیی دنیاییە و نائومێدی مایەی زەحمەت و ناڕەحەتییە.

هەوڵدان و هێنانە دەرەوەی مرۆڤ لەژێر سایەی تەمەڵی و چاو لە دەستی کەسانی تر وەک ئامانجێکی تری چاندنی بەهابالاکان لە پەندەکاندا ڕەنگیداوەتەوە بەو پێیەی بەهای هاندان و متمانە بە خۆبوون، ئەنجام کارکردن و هەوڵدانی لێدەکەوێتەوە لە هەنگاوی یەکەمدا بۆ خۆ ژیاندن و خۆ بەڕێوەبردن، وەک لەم پەندە شیعرییەدا هاتووە:

ڕەنــج پەیژەیەکە پیا سەر ئەکەوی         کە دەستت بەردا بێ سەر ئەکەوی

بەکردە و کۆشە تێکۆشە وەک شێر         دەستی ماندووە لەسەر سکی تێر (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٤٦)

لەم پەندەدا وێڕای ئەوەی، کە ڕەنج وەک پلەکانی پەیژەیەک پیشاندەدات، هاوکات ئەوەش دەخاتەڕوو لە هەر کوێ کۆڵبدەیت لە هەوڵدان ئەنجامەکەی کەوتن و بەربوونەوەیە، تا بەرزتربیت مل شکانی زیاتری لە دوایە. دواتر لەناو پەندە شیعرییەکەدا پەندێکی تر دێنێتەوە، کە دەڵێت دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە. ئەمەش وەک ئەنجامی کۆشش و هەوڵی هەرکەس بۆ خۆژیاندن و خۆبەڕێوەبردن، بۆیە دواتر لە پەندێکی تردا جەخت لەسەر هەمان هەوڵ و کۆششی مرۆڤ دەکاتەوە، وەک ئەنجامی چاندنی بەهای متمانە بەخۆبوون، دەڵێت:

زگ تێریم تۆوی دەستی ماندوومە         تــۆوی عیززەتی نەفسە چاندوومە

ئەو چـــاوە ببڕە کە ئەیبڕیە دەست         تەماع مارێکە پێی ناموسی گەست (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٣٢٥)

لەم پەندەدا وێڕای جەختکردنەوە لەوەی، هەوڵدان ئەنجامەکەی زگ تێرییە، هاوکات تاکی خاوەن عیززەت و پێگە و جێگەش دروست دەکات. جیا لەوەی مەترسی و ئەنجامی چاوبڕینە ماڵی خەڵک و قۆرغکاری دەخاتەڕوو بە دووری نازانێت مرۆڤ ئابڕووی خۆی دابنێت لەو دۆخەدا.

پەندەکان هەنگاو بەهەنگاو ئەنجامەکانی چاندنی بەهای هەوڵدان و متمانە بە خۆبوون دەخەنەڕوو، لە هێنانەدی ئامانجی یەکەم: هەوڵدانە لەپێناو خودی مرۆڤ خۆیدا بۆ خۆژیان و خۆ بەڕێوەبردن دواتر ئامانجی گەورەتر: تێکۆشانە بۆ نیشتمان، وەک لەم پەندە شیعرییەدا هاتووە:

هەرچی بۆ بەرزی وەتەن تێکۆشێ         لیباسی فەخـری تەئـریخ ئەپـۆشێ

مــاڵ و ســەروەت و شــاهی فانییە         هــەرناوی چاکە، جاویـدانییە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٧٤)

خۆسازدان بۆ نیشتیمان و تێکۆشان لە پێناویدا لووتکەی بەهای باڵای مرۆڤە، چونکە لەو کاتەدا جگە لە نیشتیمانەکەی هیچ شتێکی تر ئەو بایەخەی نییە. ئەمەش پەندەکان وەک بەشێک لەهێنانەدی ئامانجەکانی خۆیان لەچاندنی بەهاکان ئاماژەیان پێکردووە. ئەوکەسەش، کە ئەم کارەبکات، ناوی بەنەمری تۆماردەکرێت و بۆ هەتایە دەمێنێتەوە.

پەندەکان هەوڵی گەورەیان چەسپاندنی بەهای چاکەکارییە بە پێوەرە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان ئەویش لە پێناو هێنانەدی یەکسانی و ڕەخساندنی تەبایی و بەرقەراربونی ئاشتی کۆمەڵایەتی، بۆیە جەخت لە ئەنجامدانی کاری چاکەکاری دەکەنەوە. چاکەکردن بە گوفتار بێت یاخود ڕەفتار لە تای یەک تەرازوودان، بۆیە لە پەندێکدا، بەمجۆرە وەک ئامانجێکی بەدەستهاتووی بەهاکان دیارکراوە و دەڵێت:

چاکە ڕۆژێ دێ کە دێتەوە ڕێت　　　بەخشندە نەبی کی ئەزانێ کێیت

زمانی چاکیش جێی پارە ئەگرێ　　　زۆر جار هەژاری پێ دائەمەزرێ (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ١١)،

دوای جەختەکردنەوە لە چاکەکاری، کە وەک زەخیرەیەکی هەڵگیراو لێی دەڕوانرێ، بۆ کەسی چاکە کار، کە لە ئایندەدا خۆی لە بەرهەمەکەی دەخوات، دەشێ کەسی چاکەکار بە زمانی چاکە بکات و گوفتاری جوانبێت، واتە مەرج نییە تەنها زەنگین و پارەدار چاکە بکات و ببەخشێت، ئەوکات هەژارێکیش بەهۆی گوفتاری شیرینی پاداشتی چاکەی بەوە وەردەگرێتەوە، کە بخرێتە سەرکارێک و ببێتە مایەی پەیداکردنی بژێوی ژیانی، بۆیە پەلەکردن لە هیچ کارێکدا پەسەند نییە، بەڵام پەندەکان لە کاری چاکەدا پەلەکردن بەپەسەند دەزانن و لەو ڕووە لەپەندێکدا هاتووە:

تەنها بۆ چاکە بەدەست و بردبە

دەربەستی دڵی درشت و وردبە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٩٦)

مەبەستەکە ڕوونە، سەرەڕای خستنەڕووی ئامانج لە چاکەکردن لەگەڵ گشت، بەبێ جیاوازی تەمەن و ڕەگەز لە هەمانکاتدا چاکەکاری بەرتەسک نەکراوەتەوە لەبەخشینی ماددی، بەڵکو لایەنی دەروونی ڕاگرتنی هەستی بەرانبەر، بەشێکە لە ئامانجی پەندەکان بۆ چاکەکاری وەک بەهایەکی باڵای پەسەندکراو، هەربۆیەش پەندەکان کەسی چاکەکار لەناو دونیای پڕ کیشمەکێشدا بە بێباک ناودەبەن.

بەڵام ئەو کەسەی سروشتی چاکە

لەنـاو گێـژاوی چـەرخـا بێ باکە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٥٨)

ئەم بێباکییەی کەسی چاکەکار ئامانجی پەندەکانە، کە لەئەنجامی پەرەپێدانی بەهای باڵای بەرزی چاکەکاری و خۆنەویستی بەدەستهاتووە. هەر لێرەشەوە مژدەی پاداشت و پشتگیری خوایی بۆ ئەو جۆرەکەسانە ڕادەگەیەنێت و دەڵێت:

خوایش دیارە پشتی چاکان بەرنادا　　　بەدکار دەخنکێ زوو دێ بە لادا

کە بەدکار کەوت و چاک سەرکەوت　　　یاریدەدەری پاداشتی بەرکەوت (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٥٩)

لەم پەندەدا وێڕای مژدەی خودایی بۆ کەسی چاکەکار، هەروەها مژدەی ئەوەش دەدات بە کەسانێک، کە هۆکار و یاریدەدەری هێنانەدی گیانی چاکەکاریین، ئەوانیش پاداشتی ئەم کارەیان هەم لە دونیا لە لایەن کەسانی چاکەکار و لە دواڕۆژ لە لایەن خوای گەورەوە پێدەدرێت. ئەمەش ئامانجێکە هەر لە سەرەتاوە

پەندەکان لە پێناویدا تێکۆشاون. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا پەندەکان، چونکە ئامانجیان چاکسازییە لە ڕەفتارە نەشیاوەکانی مرۆڤ، بۆیە سنورێک بۆ چاکەکاری دادەنێت و دەڵێت:

چــاکە و خراپەش ئەندازەی هەیە کەم کەس ئەزانێ حەددی تا کەیە

ئەندازەی چاکەیش کە هات تێپەڕی نابەکار تا بێ ئەیداتە بەری (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٢٤١)،

پەندەکە هەڵویستە و سنوردانانە بۆ کاری چاکەکاری، تا لەگەڵ ئامانجە چاکسازییەکەدا دووچاری بەریەککەوتن نەبێت. بۆیە ئامانجی ئەوەیە، کە لەگەڵ کەسانی بەدخوو و ڕەفتار نەشیاو، چاکە تا سنورێک بەردەوام بێت. دواتر، ئەگەر گۆڕانکاری لە ڕەفتاریدا ڕوویندا، وازی لێبهێنرێت، چونکە لە ئەگەری بەردەوامبووندا، کەسی بەدخوو وادەزانێت کارەکەی شیاوە. بەردەوام دەبێت لە خووی بەد و خراپەکاری. سەبارەت بە پیاوی بەدخوو و بەدڕەفتار وەک لە هەنگاوەکانی پێشوودا ئەوەمان خستە ڕوو، کە پەندەکان هەولی زۆریاندا لە ئاگادارکردنەوە و ڕێگری لەم خووانە و ڕێنمایی و ئاراستەکردن بۆ پێچەوانەکردنەوەی دۆخەکە بۆ بەهای باڵای کۆمەڵایەتی و ڕەوشتیی و ئایینی، بەڵام دواجار کەسانێک هەن مۆری بەدخوویی لەسەر دڵ و دەروون و ڕەفتاریان هەڵکەنراوە و دەست بەردارنابن و شەرم نایانگرێت، پەندە شیعرییەکان ئەنجامی ڕەفتاری ئەمجۆرە کەسانە بەمجۆرە دەخاتە بەرچاو:

پیــاوی بەد زوبــان، زوبــانیان بڕی بە پەڕەی قورئان خوێنەکەی سڕی

تفیان ئەکردە سـیمای بێ عاری ئەیگوت: ڕەحمەتە باران ئەباری (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ١١٢)

پەندەکە جەختدەکاتەوە لە مەترسی خراپ بەکارهێنانی زمان و ئامانجی پەندەکە لێرەدا ئەوەیە بێ شەرمی و بێ چاوڕوویی کەسی بەدخوو بخاتە بەرچاو، بەجۆرێک، کە هیچ شتێک ڕایان ناگرێت، تەنانەت لەکاتی تف لێکردن و سووکایەتی پێکردنی، ئەو گوێی پێنادات و دەڵێت: ئەوە بارانی ڕەحمەتە و بەردەوام دەبێت لە بەدخوویی.

دوای بێ ئومێد بوون، پەندەکان ئامانجیانە خەڵکی پاک ئاگاداربکەنەوە لەم جۆرە کەسانە، کەسانی بەدخوو دوای نائومێد بوون لێیان داببڕێن لە کۆمەڵگا و پەراوێزبخرێن، بۆیە پەندبێژ دەڵێت:

ئـــاو لـــە ئـــەزەلـدا کە ڕوونە و پاکە لــە کــەڵــکی ئــەخــا (گـا) بە شـیاکە

زۆر پیاوی پاکی تەمیز وەک گەوهەر هاونشینی بەد لەکەی خستە سەر (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٨٨)

پەندبێژ وێنەی یەکەم لە سروشت و ژینگەی تاکەوە وەردەگرێت و دەیەوێت لەو وێنەیەوە، کە فۆڕمێکی کاریکاتێری هەیە، بیخاتە بەرچاوی چۆن ئاوی چاک و پاک بەهۆی پاشەڕۆی (گا) ئاژەڵەکانەوە ڕەنگی دەگۆڕێت، بەهەمان شێوە کەسی بەد وەک پاشەڕۆی ئاژەڵ دەچوێنێت، کەسی خاوەن بەها و ڕەوشت وەک ئاوی ڕوون و پاک، دووچاری لەکەداربوون دەبێت. کەوابوو لێرەدا پەندەکان ئامانجیانە کەسانی پاک و بەڕەوشت بەهەمووجۆرێک خۆیان بەدووربگرن لەتەک نشینی و هاوڕێیەتی کەسانی بەدخوو،

دواجار سەرەنجامی هەموو چەوتی و بەدخوورییەک کەوتن و شکستە و ئابڕووی دەچێت لەناو کۆمەڵدا، وەک پەندبێژ دەڵێت:

ئەو کەسەی کەوا کەوتە سەر ڕێی چەوت

کـاتێکت زانـی هـەڵئەنگـووت و کەوت (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٢٥٨)

مادام ئەنجامی هەر چەوتییەک شکست و کەوتن بێت، بێگومان هاوڕێیەتی و نزیکی چەوتی، نزیکت دەکاتەوە لەشکست، بۆیە پەندەکان ئامانجیانە، کەسانی پاک خۆیان بەدووربگرن لەنزیکی لێیان و لەم ڕووە وە زۆرمکوڕن لەسەری.

دواجار دەکرێت بڵێین پەندەشیعرییەکان، لەسەر بنەمایەکی چەسپاو لە هەنگاوی یەکەمدا هەمووان ئاگاداردەکەنەوە لە خووەبەددەکان و کەسانی بەدخوو. دواتر ڕاددەی ئەم ئاگادرکردنەوەیە بەرزتر دەکەنەوە بۆ ڕیگری، تا بڕیاردان لەسەر مەرگی تاک لە پێناو دوورکەوتنەوە لە خووەبەد و ڕەفتارە نەشیاوەکان. دواتر چ بەشیوەی تاک بێت، یان کۆ چەند بەهایەکی باڵای پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی و ئایینی دەخەنەڕوو لە چوارچێوەی ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن بۆ هێنانەدی و چەسپاندنیان. جا ئەو بەهایانە، کە پەندەکان زۆر بەلایانەوە جێگای بایەخن وەک: دۆستایەتی، چاکەکاری، متمانە بەخۆبوون، پلانسازی و تەبایی، هەروەها لەشێوەی پاکیجی ئامادەکراو، وەک ڕەچەتەیەکی بەردەست بۆ پەروەردەکاران چەند بەهایەکی باڵای نزیک لەیەک و پێویستی بۆ ژیانی مرۆڤ ئامادەکردووە، کە دەکرێت تاک لە ژێر ڕۆشناییاندا پەروەردەبکرێت. دواتر ئامانجی پەندەکان لە هێنانەدی و چەسپاندنی بەهاکان لە ناوەڕۆکیاندا ڕەنگی داوەتەوە، هاوتای ئەوانە خۆ بە دوورگرتن لە کەسی بەدخوو لە پێشینەی ئامانجی پەندە شیعرییەکانە.

### پاری سێیەم: بیری کۆمەڵایەتی لە پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرددا:

هەمووکۆمەڵێک، خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، سیما تایبەتییەکانی جیایدەکاتەوە. هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان کۆمەڵێک و کۆمەڵێکی تردا دەکێشێت. ئەو تایبەتمەندییانەش دەبنە بەشێک لە بنەما جێگیرەکانی سیستەم کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵ و گەلێک. لەم ڕووەوە پەندەکان وەک چەتر و پارێزەرێکی سیستمە کۆمەڵایەتییەکان و سەرلەنوێ داڕشتنەوە و ڕێکخستنەوە و تۆکمە کردنی سیستمەکە کاردەکەن. پەیامەکانیان لە خزمەتی سیستمەکەدایە، مەبەستیشمان لە سیستەم کۆمەڵایەتی ئەوەیە، کە "لەئەنجامی گردبوونەوەی تاکەکان و ئاڵوگۆڕی بیروڕای نێوانیان و یەکانگیری بەرژەوەندییەکانیان بە شێوەیەکی پلان بۆ دانەڕێژراو، پلانگەلێکی تایبەتی بۆ جێگیرکردنی کەسایەتی و پێداویستییەکانیان و ئامانجە هاوبەشەکانیان دێتە ئارا. هێندەی پێناچێت ئەم بنەمایانە لە بنیادی کۆمەڵگە و پێکهاتەکانیدا دەچەسپێن و خەسڵەتی نەگۆڕ و جێگرییەکی ڕێژەیی وەردەگرن و سۆز و سەرنجی تاکەکان ڕادەکێشن" (شەریف: ٢٠٠٨، ١٢١). ئەم بنەما چەسپاوانە وردە وردە جۆرێک لە پیرۆزی و جێگیریی لە ناو کۆمەڵدا وەردەگرن

و تاكەكان ناچاری پابەندبوونی دەكرێن، كەواتە "سیستەمی كۆمەڵایەتی وەک دەستوری كۆمەڵگە وایە و كۆی ئەو بەهاو پێوەرانە ڕێک دەخات، كە عەقڵی حەقیقی قبووڵی كردوون و ژیانی تاكەكانی ڕێكدەخات. بەڵگە نەویستە بوونی ئەم سیستەمانە، پێش بوونی تاكەكان دەكەوێت، چونكە كاتێک تاكەكان دێنە ژیانەوە، سیستەمەكانی كۆمەڵگە هەن و دەبێ تاكەكان بۆ ئەوەی ببنە ئەندامێكی ئەو كۆمەڵگەیە و كۆمەڵگە قبووڵیان بكات، پەیڕەوی سیستەمەكە بكەن" (شەریف: ٢٠٠٨، ١٢١). بەهێزترینی پایەكانی ڕاگرتنی ئەو سیستەمە كۆمەڵایەتییە چنینی تانوپۆی تەبایی و پتەوكردنی ڕایەڵەكانی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانە لەسەر بنەمای خۆشویستن و متمانە بەخشین بە یەكتری لەناو تاكەكانی كۆمەڵگادا، چونكە "خۆشویستنی كەسانی دیكە بنەمای سەرەكی ژیانی كۆمەڵایەتییە، مرۆڤەكان ناتوانن بەبێ باوەڕكردن بەیەكتری و لە ئەنجامدا خۆبەختكەری بەرانبەر یەكتری و بەبێ دروستكردنی پەیوەندی بەهێز لە نێوانیان ژیان بكەن" (دوركهایم: ٢٠٠٥، ٢٢٣). بۆ دروستكردنی كۆمەڵگاش جگە لە سەرچاوە مرۆییەكان و شوێن " لانی كەم هەبوونی كولتور و داب و نەریتی هاوبەش، ئابورییەكی سەقامگیر، سیستەمی بەڕێوەبردنی كارای سیاسی، دادوەری و لانیكەمی ئاسایش و بەشێكی زۆری متمانەی پێویست" (سیوەیلی: ٢٠١١، ٧). هەموو ئەمانە كۆمەڵگاكان و سیستمەكانیان پێویستیان بە هزری كۆمەڵایەتی هەیە، بۆ پارێزگاری و نوێكردنەوە و گۆڕانكاری لە ناواخنیاندا، هزری كۆمەڵایەتی، كە "هەوڵدانی ئەو تاكە مرۆڤ و دەستە ڕۆشنبیرییانەیە، كە ویستوویانە هزری خۆیان بخەنە خزمەت سەرلەنوێ ڕێكخستنەوە، دروستكردنەوە و پێكهێنانەوەی كۆمەڵگانیان، بەو مەرجەی، كە بتوانرێت زۆرترین وزە كۆمەڵایەتییەكان بەكاربهێنرێنەوە بۆ سوودی كۆمەڵگا خۆی" (سیوەیلی: ٢٠١١، ١٠). پارێزگاری لەم بنەما گرنگانەی كۆمەڵگاش پێویستی بە هۆشیاری كۆمەڵایەتی هەیە، كە ئەم ڕۆڵەش پەندبێژ و پەندەكان لە ڕابردوودا بینویانە و ڕۆڵی سەرەكییان هەبووە. لە ئێستاشدا یەكێكن لە پایە گرنگەكانی پارێزگاری لە سیستەمی كۆمەڵایەتی لە ڕێگای بڵاوكردنەوەی هۆشیاری كۆمەڵایەتییەوە. هۆشیاری كۆمەڵایەتیش "بریتییە لە ئاستێكی دیاریكراوی باری فیكریی و هۆشمەندی كۆمەڵ، كە بەگوێرەیەوە ڕەفتار دەكات، هەڵوێست و چالاكی دەنوێنێت، ئەو ئاستە دیاریكراوەش لەسەر ڕادەی پێگەیشتوویی توخمەكانی هۆشیاری كۆمەڵایەتی و ڕۆڵ و كاریگەرییان دەوەستێت وەكو: زانست، فەلسەفە، هونەر، ئەدەب، ئایین، داب و نەریت..." (میران: ٢٠١٠، ٣٨). لەناوەڕۆكی پەندی پێشینیاندا، دەكرێت هەموو ئەم توخمانە بەرجەستەببن، كە دەبنە مایەی هۆشیاری كۆمەڵایەتی، بۆیە دەكرێت پەندەكان وەک ئامرازێک بەكاربهێنرێن بۆ (بەڕێوەبردنی كۆمەڵایەتی)، كە "بریتییە لەو جۆرە فشارەی كۆمەڵگا دەیخاتە سەر تاكەكان لە پێناو پاراستنی ڕێسا و پابەندبوون بە بنەما و پرەنسیپە باو و بابەتییەكانی كۆمەڵگاوە" (شەریف: ٢٠٠٨، ١٢٣).

پەندی پێشینان هەمیشە گێڕانەوەی ئەزموونێكی ئامادەكراو بۆ دۆخێكی دیاریكراو پێشكەش دەكات. پوختەی ئەزموونە مرۆڤایەتییەكان سەرلەنوێ بۆ چارەسەری دۆخە هاوشێوەكان بەكاردەهێنێتەوە

لەکاتی سەرلەنوێ ڕوودانیان، یان ڕێگری دەکەن لە دووبارە بوونەوەیان بەر لەهەرشتێک، "گرنگی پەندەکانیش لەوەدا بەرجەستە دەبێت ڕۆڵ و ئەرکیان سنوورداردەکرێت لەناو کۆمەڵگادا، مادام پوختەی ئەزموونی ڕۆژانەی تاکەکانن بەشێکی جیانەکراوەن لەڕەفتاری ڕۆژانەیان، ئەرکەکانیان کورت دەکرێنەوە لەئەرکی (فێرکاری، پەروەردەیی، ڕەوشتی، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی" (بلبالي و ذيبة: ٢٠١٦، ٥٣). هەڵبەت بەپێی جیاوازی کۆمەڵگاکان تێڕوانین و دیدگایان بۆ ژیان، ناوەڕۆک و جۆر و ئەرکی پەندەکانیش دەگۆڕێن، ڕاستە پەندەکان یادگەی گەلانن و زیندوو و گوازراوە و چالاکن، بەڵام دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەین، هەموو گەلێک پەندی تایبەت بە خۆی هەیە.

لەم بوارەدا پیرەمێرد وەک پەندبێژێک ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە، وەک پارێزەرێکی گرنگی پایەکانی کۆمەڵگا و داب و نەریتە جوانەکانی کۆمەڵگا کاریکردووە و هەوڵی وەلانانی خەوش و نەنگییەکانی داوە. بۆیە محمەدی مەلاکەریم بەڕاشکاوی دەڵێت: "کەس ئەوەندەی پیرەمێرد واقع بینانە ڕێگای گەشەکردنی کۆمەڵی کورد و گەیشتنەوەی بە کاروانی مرۆڤایەتی پێشکەوتوودا دەستنیشان نەکردووە، بێ ئەوەش لەگەڵ گرۆ و کەسانی سەر بەقوتابخانەی جیاجیای خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بکەوێتە مشتومڕ و دەستەویەخەبێتەوە، پیرەمێرد لەگەڵ قەناعەتی چەسپاوی ناو دڵ و دەروونی خۆیشیا، کە ڕێگای ڕاست کامەیە، بەمتمانەی تەواوەوە لەو باوەڕەدابووە ئەبێ لێبگەڕێین هەرلایێ چۆنی بەباش ئەزانێ وا بۆخۆی بیربکاتەوە و تێبکۆشێ" (مەلاکەریم: ١٩٩٢، ٥). هەروەها لەسەر ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی دەڵێت: "وەک ڕۆشنبیریکی ئەوتۆی گەلەکەمان دێتە پێشچاو بەشێکی زۆری_ ئەگەر نەشڵێم هەمووی_ سەرخانی بینای کۆمەڵایەتی کوردەواری بەبیروبۆچوونە واقیع بینانەکانی خۆی گرتۆتەوە" (مەلاکەریم: ١٩٩٢، ٨)، بۆیە پیرەمێرد بەڕوونی درکی بەوە کردبوو، کە "خوێندەواری هەرخوێندن و نووسین نییە، بەڵکو هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و شارستانێتیشە" (ڕەسوڵ: ١٩٨٩، ٧١). لەم ڕووەوە هەنگاوی کردەیی پیرەمێرد لە بواری کۆمەڵایەتیدا ئەوەبوو "کاتێک لە وڵاتێکی بزاو بەتیشکی شارستانییەت ڕووی کردەوە کوردستانێکی دواکەوتوو و سڕبووی نەریتی ژەنگگرتووی کۆمەڵایەتی، دەیزانی دەبێت یەکەم ئەرکی هەڵتەکاندنی بنەمای دواکەوتوویی کۆمەڵگاکەی و ڕامالینی دیاردە دواکەوتووەکانی بێت، تا بتوانێت بە شارستانییەتی نوێ و ژیانی نوێ و خۆشگوزەرانی ئاشنایان بکات" (مستەفا: ٢٠٠٧، ٢٩).

لە پەندەشیعرییەکانیدا لەوانەی کۆیکردوونەتەوە و ئەوانەی دایڕشتوونەوە لە چوارچێوەی پەندی شیعرییدا یان ئەوانەی خۆی وەک پەندی شیعریی نووسیوونی، بەشێکی گرنگی بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکردووە. ئێمەش لەسەر بنەمای ئاگادارکردنەوە، ڕێگری، ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن و ئامانجی پەندە شیعرییەکان هەوڵی خستنەڕوو و ڕاڤەکردنی چەند پەندێکی شیعریی دەدەین.

**یەکەم: ئاگادارکردنەوە لە مەترسییەکانی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی:**

بەشێوەیەکی گشتی پەندەکان و پەندبێژ وەک خەمخۆرێک، لە خەمی پاراستن و پتەوکردنی ڕایەڵەکانی تانوپۆی تەبایی کۆمەڵایەتییە لە نێوان تاکەکاندا بە مەبەستی پاراستنی ڕووە ئەرێنییەکەی، بۆیە خەڵکی لەچەند بابەتێک ئاگاداردەکاتەوە، کە گرنگترینیان دۆستایەتی و پێکەوەبوونە لە پێناو دروستکردنی گیانی هاوکاری، وەک لەم نموونانەدا دەیانخەینەڕوو:

تا خۆت دۆست نەبی، کەس نابێ بەکەس

چـەپـڵــە لـێ نادرێ، بەتەنها یەک دەس (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٣٣)

لەم پەندە شیعرییەدا ڕوون و ڕاشکاو دەستپێکی خاڵی تەبایی و دۆستایەتی دەگێڕێتەوە بۆ خودی کەسەکان خۆیان. ئەوە دەخاتە بەرچاو دەبێت هەرکەس هەنگاوی یەکەم لەلای خۆیەوە بنێت بۆ دۆستایەتی و ئینجا داوا لەبەرانبەر بکات بۆ هەمان مەبەست. خودی پەندە شیعرییەکەی دارشتنەوەی پەندێکی ترە، کە دەڵێت: چەپڵە بەدەستێک لێنادرێت، کە هەمان مەبەستی کارکردن هەروەزی و پێکەوەیی هەیە لەپێناو هێنانەدی ئامانجێکی هاوبەش. دواتر پەندبێژ مەترسی لێکدابڕان بەبەرگوێی هەمووان دەدات. لەپەندێکی شیعریی تردا ئەوە بەڕوونی دەخاتە بەرچاو، کە گوزارشت لە دۆخی ئەو کاتی شاری سلێمانی دەکات و دەڵێت:

شەیتان هەنگوینی لە دەممان هــەڵســوو  بــۆیــە ئـەو خـەڵـکە بـەگـژ یەکا چوو
ئـــاردی نـــاو دڕک چـۆنــە وان ئێــرە  فەرموو دوو دەستەی دۆست هەڵبژێرە
پێـکــەوە نـــاڕۆیــن لـــە ڕێی ڕاستەوە  خــوا ئـــەوە بــگرێ شاری گواســتەوە

(پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٦١)

هۆکاری ناتەبایی و ئەگەری لێک دابڕان، بۆ دوورکەوتنەوە لە دین و پیلانی شەیتان دەگێڕێتەوە. بۆیە دۆخی ئەوکاتە بەوشێوەیە دەخاتەڕوو، کە هەرکەس بەلایەکدا وەک ئاردی ناو دڕک بڵاوبوونەوە، کە ئەمەش ئیدیۆمێکی بڵاوی ناوخەڵکە بۆ شتی پەرش و بڵاو دەگوترێت، وەک ئاردی ناو دڕک بڵاوبۆتەوە. لێرەدا لە چوارچێوەی پەندە شیعرییەکەدا داڕێژراوەتەوە، بە مەبەستی ئەوەی تەبایی لە مەترسیدایە و هیچ گروپ دەستەیەکی دۆستی یەک بەدی ناکرێت. هەمووی هۆکاری ئەوەیە، کە خەڵکی ڕێگای ڕاستی ونکردووە. لە ژیانی نوێ و شاری نوێ، کە مەبەستی شاری سلێمانییە، مەترسی لەسەر پێکەوەژیان هەیە. کۆی بابەتەکە ئاگادارکردنەوەیە، تا خەڵکی سەرلەنوێ بگەڕێنەوە بۆ ڕاستی لە پێناو هێنانەدی تەبایی زیاتر و پێکەوەژیانی ئاشتییانە، کە بناغەی پارێزگاری لە سیستەمی کۆمەڵایەتییە، هەروەها خەڵکی دەروون ساف و دڵپاک لە مەترسییەکانی کەسانی بەدکردەوە ئاگاداردەکاتەوە و لەم ڕووەوە دەڵێت:

ساف دەروون داری دەستی بەدکارە  بـۆیــە شــەڕەدار زۆرە لــەم شــارە
ئەو پیاوە گەورەی کە خۆش بـاوەڕە  بەدەست خەڵکەوە مێکوتی ســاوەرە

هیــوامــان هەیە دێتە لات خۆشێ          بە خۆت نازانی، تا دەتفرۆشێ (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٢١).

لێرەدا زۆر بەبایەخەوە ئاگاداری خۆی سەبارەت بە دۆخی دڵسافی و ساویلکەیی خەڵکی ڕادەگەیەنێت و پێیاندەڵێت، ئاگاداری کەسانی خراپ دەروون و بەدکاربن، کە دەبنە مایەی تێکدانی تەونی کۆمەڵایەتی. لە جیاتی تەبایی، کێشە و ئاژاوە دەخەنە ناوەوە، پێکدادان و پێکهەڵپژان ڕوودەدات. جیا لەوەی کەسی خۆشباوەڕ وەک مێکوتی ساوەر هەر ڕۆژە بە دەست کەسێکەوەیە، بە ئارەزووی خۆی لە پێناو بەرژوەندی خەڵکی بەدکار بەکاردەهێنرێت. بۆ تێکدانی سیستەمی کۆمەڵایەتی. تەنانەت دەگاتە ڕاددەی خیانەتی نیشتیمانی و فرۆشتنی خەڵک و خاک. ئەم ئاگادارییە مایەی هەستیاری پەندبێژە، بەرانبەر بە مەترسییەکانی ناو کۆمەڵگاکەی خۆی.

هەروەها لەسەر پرسێکی تریش دەوەستێت، کە ئەویش جیاوازی چینایەتییە و چەوسێنەران و ستەمکاران لە مەترسی کاروکردەوەیان ئاگادار دەکاتەوە. ئەنجامی کارەکەیان بۆ ڕووندەکاتەوە، بۆیە پەندبێژ بە ڕوونی ئەمە دەخاتە بەرچاو و دەڵێت:

لێرە ئەو کەسەی کاریان پێ سپارد          ملـۆزمێـکە بـۆ هەنـاسـە سـارد

هەر خۆی ئاغا بێ و ژنی ئاغا ژن          لـەگـەڵ بـرایا بیـکە بـەدوژمـن

لە ئاغـایەتیش کـە هاتوو لێکەوت          خۆی ئەکوتێتە میحرابی مزگەوت (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٦٨)

بابەتی جیاوازی چینایەتی بابەتێکی گرنگ و جێی بایەخی پەندەکانە بە شێوەیەکی گشتی، لە زۆربەی پەند و ئەدەبیاتی فۆلکلۆریدا ئامادەیی تەواوی هەیە. بەو پێیەی پرسێکی ئامادە و بوونی ستەمێکی ئاشکرابووە لەسەر دەستی کەسانی دەستڕۆیشتوو، بە ناوی جۆراوجۆرەوە، بەرانبەر خەڵکی هەژار و دەست کورت. لێرەدا پەندبێژ لەم پەندە شیعرییەدا بە ڕوونی ئەوە دەخاتە ڕوو هەر کەس کاریان پێ سپارد، کە دروست وایە بۆ خزمەتی خەڵکی بێت، بەڵام پێچەوانەکەیەتی و دەبێتە ملۆزم بۆ گیانی هەژاران. تەنانە لە پێناو، ناو و دەستکەوتی کەسی و خێزانی خۆی لەگەڵ برای دایک و باوکی خۆی خراپە دەکات و نایناسێت. تا کاتێک دەسەڵاتی هەیە و دواتریش لە ناچاری و لەکاتی بێدەسەڵاتی ڕوو دەکاتە مزگەوت. وەک پیاو باشێک نمایش دەکات و جارێکی تریش بەخەڵەتاندنی خەڵکی ستەم دەکات بەوەی، کە لەبنەڕەتدا کەسێکی خراپەکارە و خۆی بەکەسی باش پیشاندەدات. پەندبێژ دوو جۆر خەڵک لەناو کۆمەڵدا دەناسێنێت وەک ئاگادارکردنەوەیەکی گشتی بۆ هەمووان.

زۆری وا هــەیــە گێـرە شێوێنە          لەناو نۆ مەنجەڵ شیردا هەوێنە

هی واشمان هەیە کە ئەیخافڵێنن          پــارووی لــەدەمــدا لێ ئەفڕێنن (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٣٣٣)

پەیامی ئاگادارکردنەوەی پەندبێژ، بۆ گشت کەسە بە دوو ئاڕاستە، ئاڕاستەی یەکەم ئاگادار کردنەوەی خەڵکە بۆ ناسین و خۆ دوورگرتن لەو جۆرە کەسانەی، کە ئاژەوەگێڕ و مایەی ئاشوبی نێوان چینەکانی خەڵکن و دەبنە مایەی دووبەرەکی نانەوە، ئاڕاستەی دووەم بۆ ناسینی جۆرە کەسانێکی دەست و پێ

سپییە، کە پێویستییان بە هاوکارییە، بەو پێیەی خۆیان ساویلکە و دڵپاک و خۆش باوەڕن. پارووی دەمیان لێ دەفڕێنن، بۆیە پێویستە بناسرێن و دەست گیرۆیی بکرێن. ئەمەش وەک بەشێکە لە پاراستنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و هێنانەدی مافی تاک لە کۆمەڵدا لەسایەی بنەمایەک، کە خودی پەندەکان خۆیان پێشتر دایانناوە و پاراستوویانە. جیا لەمانە پەندبێژ لەسەر زۆر بابەتی تری مافی منداڵ و ژنان و ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک: هاوسەرگیری، پرسە، ئاهەنگگێڕان، شێوازی سەردان و سنوری دۆستایەتی، ...هتد وەستاوە، کە لە سەرجەمیاندا وەک ئامرازێکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی پەندە شیعرییەکانی خستۆتە ڕوو.

**دووەم: ڕێگری لە مەترسییەکانی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی:**

پەندەکان دوای ئاگادارکردنەوەیان لەو مەترسییانەی، کە دەبنە هۆی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی، یان هەر هۆکار و هەنگاوێک، کە زیان بە تەونی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت. وەک بنەمای کارکردنی هەمیشەیی خۆیان پەیامی خۆیان توندتر دەکەنەوە. ڕێگری دەکەن لەهەنگاوەکانی زیانگەیاندن بەسیستەمی کۆمەڵایەتی و مەترسییەکانی سەر ئاشتی کۆمەڵایەتی. دەیانەوێت بەم هەنگاوەیان ڕێگری بکەن و کەسێک، کە هەر نیاز و مەبەستێکی هەبێت بۆ خراپەکاری، لەم ڕووەوە دەستی بگرن و نەهێڵن هیچ هەنگاوێک بنێت، وەک لەم نموونانە دەیانخەینەڕوو:

شـوهـرەت ئـافـەتـە لێت نابێتەوە

جــام بشــکێ، بەڵام نەزرنگێتەوە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٠٩)

لە یەکەم هەنگاودا ڕێگری دەکات لە هەر کارێک، کە دەبێتە مایەی لەکەدارکردنی ئەنجامدەرەکەی، بەوەی دەبێتە پاش ناوێک بۆی، وەک سیمای ناسینەوەی لێدێت. بەمەش تامردن شوێنەواری ئەو کارەی بەناوەکەیەوە دەلکێت. بۆ ئەمەش ئەو پەندەی لەشێوی شیعردا داڕشتۆتەوە، کە دەڵێت: جام بشکێت نەک بزرنگێت. مەبەستەکەش ڕوونە مرۆڤ لە پای تاوانێکدا سزاکەی مەرگ بێت و بمرێت نەک ئەو تاوانە وەک لەکەیەک تا دواڕۆژ بەناوییەوەبێت و ببێتە مایەی سەرشۆڕی بۆ خۆی و نەوەکانی. ئەمەش بنەمای گێڕانەوەیە لە هەر کارێکی خراپە، کە دەبێتە مایەی تێکدانی کۆمەڵ.

ڕامەکە لـە دوای کــاری پــڕو پووچ هەڵ ئەخلیسکێی لە پڕ لنگە و قووچ

بیــانــووت پێـبـگرن خــۆت لادە لــەوێ لەسەر خۆش گەڕێ ئەو خۆی دەکەوێ

کە نەنگەویستیت بوو لەگەڵ بەدکار دوعــای بــۆ بــکە، زوو بچـێتە کار (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٥٤)

لە پێناو سەلامەتی تاک، پەندبێژ لە هەندێک هەنگاو ڕێگریی لێدەکات. بە شێوەیەکی کاریکاتێری پێی دەڵێت ڕامەکە لە دوای کارێک، کە بێ بەهایە، چونکە دواجار سەرەنگرێ دەبیت و خۆت دەکەویت، هەروەها ئەو پەڕی ڕێگای سەلامەتی بۆ هەڵدەبژێرێت، بەوەی ئەگەر هاتوو کەسێک ڕێگای پێ گرتی

خۆتی لێ لادە، چونکە کەسی بەد و مەست خۆی دەکەوێت و خۆت لە شەڕی لادە، هەروەها کاتێک لەگەڵ کەسی خراپەکار دووچاری کێشە بووی لە جیاتی ڕوو بەڕووبوونەوە نزای دەستگیرۆبوونی کاریکی بۆبکە. لە لایەک سەرقاڵی کاردەبێت و هۆکاری کێشە و شەڕفرۆشییەکەشی بۆ هۆکاری بێکاری دەگێڕێتەوە، واتە تەواوی توانای پەندبێژ بۆ ڕێگرییە لە شەڕ و لە بەرانبەردا هەوڵی هێنانەدی ئاشتی و ڕێگای ژیانی بێ کێشە پیشانی تاک دەدات.

هەروەها پەندبێژ ڕێگریی لەخەڵکی دەکات، کە خۆیان بگێڕنەوە سەر ناو و ناوبانگی باپیران و شانازی پێوەبکەن، چونکە ئەمە جیاوازی چینایەتی دروست دەکات، بۆیە لە پەندێکی شیعرییدا دەڵێت:

فەقێ ئەحمەدێ بوو لە دارەشمانە

هەرچی هەڵـدەسـتێ ئێستا بابانە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٣٧٢)

ئەگەر چی پەندەکە بۆ دۆخی ئەوکاتی سلێمانی گوتراوە، بەڵام لە ناواخندا واتایەکی گشتی هەیە. چۆن تەنها یەک کەس، کە (فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە)یە، بە باپیرەی بابان دادەنرێت. دوای ئەو سەدان و هەزاران کەس ناو و بنەچەی خۆیان دەگێڕنەوە سەری، ئەمە بۆ زۆر کەس و بنەماڵەی تریش ڕاستە و هەمووان خۆیان دەگێڕنەوە بۆ سەر کەسە ناودارەکان، بەڵام پەندەکە ڕێگری دەکات لەوە، دەیەوێت بڵێت کەس بەناو و ناوبانگی باب و باپیرانی نەبووە بەهیچ، بەڵکو ئەوەی دەتگەیەنێت بە ئامانج تەنها هەوڵ و تێکۆشانی خۆتە. جیا لەوە مەترسی گەورەی ئەم هەنگاوە، ئەوەیە جیاوازی چینایەتی لێدەکەوێتەوە. کۆمەڵ دابەش و پۆلێن دەکات بۆ چینی جیا جیا و مەترسی بەریەککەوتنی لێدەکەوێتەوە، کە دەبێتە هۆی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی، بۆیە لە درێژەی ڕێگری لە هەستی جیاکاری و خۆبەزلزانین لەناو تاکەکانی کۆمەڵ و نەهێشتنی ئەمجۆرە ڕەفتارە، پەندبێژ دەڵێت:

ئـەمــە دەرسێکە بـۆ نـەوعی بەشەر پیاو کە بەرز فڕی بۆی ئەبێ بەشەڕ

سەرەتات خاکە و دواڕۆژیشت خاک کەواتە خاک بە، بەدڵێکی پاک(پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٢٢)

لە هەنگاوی یەکەمدا بیری گوێگر دەهێنێتەوە، کە لووت بەرزی و هەستی خۆبەزل زانین، گرفت و کێشەی لەدوایە، بۆیە دواتر دوای ڕێگری ڕێگای خاکیبوون و خاکەڕایی پیشاندەدات و داوای دڵسافی دەکات لە بەرانبەر هەستی جیاکاری و خۆدانان لە سەرەوەی چینەکانی کۆمەڵ. وەک چۆن لە هەنگاوی پێشوودا ئاگاداری خۆی لەبارەی جیاوازی چینایەتی و بوونی ئاغا و خزمەتکار ڕاگەیاند، لێرەدا زیاتر دەچێتە وردەکارییەوە و دەڵێت:

سەرمایە و سەروەت ڕم و ئەسپێ بوون لە چڵـکا لەشـیان پـڕ لــە ئەسپێ بوون

خــزمــەتـکـاریـیـان بــەفــەخـر ئەزانی تـاڵانـیـان بـۆ لای ئـاغـا ئـەهـانـــی

هـەرچی کە پشـتی زۆردار ئەگرێ خوا زۆری ئەوی بەسەردا ئەبڕێ (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٧٢).

لەم پەندەشیعرییەدا سەرەتا پەندبێژ دۆخی کەسانی خزمەتکار دەخاتەڕوو، کە دەستکورت و سیما شێواو،

بەڵام سەرەڕای ئەوە خزمەتکاری دەکەن بۆ ئاغای زۆردار. خەمی دۆخی خۆیان نییە، بوونە داری دەستی ستەمکار و بەکاریان دەهێنێت بۆ چەوسانەوەی هاوزمان و هاونیشتیمانی خۆیان، بەڵام بەهۆی پشتگیری ستەمکارەوە، خوای گەورە هەر بەدەستی گەورەکانیان سزایان دەدات. پەندبێژ دەیەوێت ڕێگری ئەوەبکات و بە سزای خوایی بیانترسێنێت، تا دەستبەرداری هاوکاریکردنی ستەمکاران و چەوساندنەوەی چینایەتی ببن. جیا لەوانە بابەتەکانی: دووبەرەکی، ململانێی نێوان شار و دێ، هۆزگەرایی، تالانی، ستەمکردن لە ئافرەت،...هتد، مایەی سەرنجی پەندبێژ بوون و چ لە پەندەشیعرییەکان و چ لە پەندەکانی تر بەشێوەیەکی گشتی ڕێگریی لەم جۆرە کارانە دەکرێت، کە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی هەیە.

**سێیەم: ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن بۆ هێنانەدی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی:**

پەندەکان وەک ڕێنشاندەرێک ڕۆڵی ڕینمایی و ئاڕاستەکردن لەناو کۆمەڵدا دەبینن، بە ئومێدی هێنانەدی پێکەوەیی زیاتر، برەودان بە تەبایی و ئاشتی کۆمەڵایەتی، بۆیە لەم ڕووەوە هەموو ئەو ڕێگایانە پیشانی تاک دەدەن، کە دەیانگەیەنێت بە هێنانەدی ئاشتی کۆمەڵایەتی لە پێناو پارێزگاریکردن لە سیستەمی کۆمەڵایەتی لە لایەک و بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی لە لایەکی ترەوە. ئەمەش پەندەکان کاتێک پێی هەڵدەستن، کە پێشتر پەیامی خۆیان لە ئاگادارکردنەوە و ڕێگری لەو هەنگاوانە خستبێتەڕوو، کە پێچەوانەی خواستی پەندەکان و پەندبێژن، بۆیە لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو، کە پەندبێژ لە پەندە شیعرییەکانیدا، بە مەبەستی ئاڕاستەکردنی تاک دایڕشتوون، وەک:

کەسێ دڵسۆز بێ بۆ هەموو کەسێ

دەرگـایشـــی نـــەبێ لـە دز نەترسێ (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٤٣)

لەم پەندەدا جەخت لەسەر دروستکردنی متمانە و دڵنیایی دەکاتەوە، ئەویش هەنگاوی یەکەم لە ڕێگای چاندنی دڵسۆزی لە لای تاکەکان لەگەڵ یەکتریدا. دواتر ئەم دڵسۆزییە دەبێتە هەوێنی دڵنیایی و متمانە لەناو کۆمەڵ و کەسی دڵسۆز و خەمخۆر بە جۆرێک دڵنیایی لەناو کۆمەڵەوە وەردەگرێت بەبێ دەرگا و بەبێ هیچ مەترسییەک لەماڵی خۆیدا بەئارامی دادەنیشێت.

یەکێتی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ خەمی گەورە و هەوڵی بەردەوامی پەندبێژ بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستە، بۆیە لەزۆر پەندی شیعرییدا ڕێنمایی خۆی لەم بارەوە بەهەمووان دەگەیەنێت و دەڵێت:

دوو کەس یەککەوێ سێ کەس غەمناکە          هــەمــوویش ئــەیــزانیــن یــەکێتی چاکە

هەر ڕۆژە خوانی لایەک حازرە          کـــە هـــەموو ئـاشـت بن بۆ تۆ چاکترە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٨٢). بەجۆرێک ڕێنمایی تەبایی دەکات مەبەستییەتی سەرەتا ڕەگی ئاشوب و فیتنەیی ڕیشەکەن بکات. بەوەی کەس بیر لەتێکدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نەکاتەوە. لەم ڕووەوە بەوە هانیاندەدات، کاتێک ئاشتی کۆمەڵایەتی بەرقەرار بوو، هەموولایەک سوودمەند دەبن و هەر ڕۆژە خوانی لایەک ئامادەیە و هەمووان لە بەرهەمی ئەم تەبایی و پێکەوە ژیانە دەخۆن، بەڵام ئەگەر دۆخەکە پێچەوانەبێتەوە، نەک

خوانێک نییە، بەڵکو پریشکی ئاگری ناکۆکی بەرهەمووان دەکەوێت، بۆیە پەندبێژ دواتر نزا بۆ هاتنە دی ئەم یەکێتییە دەکات و دەڵێت:

خوا هەموو لایەک یەکخا و یەک دڵ بین

لـە سـایـەی یـەکدا وەکـوو یەک بژین (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٨٢)

کەواتە پەندبێژ داوای ژیانێکی یەکسان و لێوانلێو لە دادپەروەری دەکات لە سایەی سەقامگیری و بەرقەرابوونی ئاشتی کۆمەڵایەتی. بەمەش وێڕای ئەوەی خۆی هانیان دەدات، نزای خێر بۆ ئەم مەبەستە دەکات. دواتر جەخت لە دۆستایەتی و لێبوردەیی و دەرهێنانی ڕق و کینە لە دڵ و دەروونی هەر تاکێک دەکات و دەڵێت:

بەسەر دۆستا بێی بە دیارییەوە          لـەوە چـاکترە کـین بشارییەوە

ئەگەر لێبوردی بێ پـەشیـمانی          ئەنجا لـەزەتی عـەفوو دەزانی

ئەگەر بێی بەقین تۆڵە بستێنی          خەوی ڕەحمەتی لای خۆت نابینی (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٢٥)

پەندبێژ کار لەسەر دەرهێنانی ڕق و کینە لە دڵ و دەروون و چاندنی لێبوردەیی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا دەکات. ئەو دەیەوێت چێژی لێبوردەیی لای هەمووان پیشانبدات. لە بەرانبەردا ناشرینی و دزێوی ڕق و کینە بخاتە ڕوو، کە لە لایەک دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێی تۆڵەسەندنەوە و باری دەروونی ناجێگیری بۆ دروستدەبێت و دەبێتە مایەی خەوزڕان و دڵەڕاوکێی بەردەوام.

هەروەها پەندبێژ لەپێناو چەسپاندنی پەیامەکانی بۆ بنبڕکردنی تۆوی خراپەکاری و دووبەرەکی و بەردەوامی سەقامگیری ئاشتی کۆمەڵایەتی ڕێگای بەکارهێنانی کوتەک پیشاندەدات و دەڵێت:

گورگ هەتا کەڵبەی نەشکێ مەڕ ئەخوا          پیـاوی بێـکـارە ئـەڵـێ بـەد بـەخـوا

خوا خزمـەتکاری قاپی تۆ نییە          کوتەکی دایتێ دوعات بۆ چییە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٤٩)

لێرەدا پەندبێژ سوودی لەپەندێک بینیوە، کە دەڵێت تۆبەی گورگ مەرگە. لەم پەندە شیعرییەدا، کە دایڕشتۆتەوە و بەراوردی نێوان گورگ و پیاوی بەد دەکات و دەیانخاتە یەک ئاستەوە. دواتر ڕێی ئەوە پیشانی مرۆڤ دەدات، کە بۆ هەندێک کار نابێت دانیشێت و دەستی نزا بەرزکەیتەوە، مادام خوای گەورە کوتەک و هێزی داویتێ لەگەڵ ژیریی باشتروایە هێز بەکاربهێنرێت بۆ لەناوبردنی کەسانی خراپەکار، کە مەترسین بۆ سەرتێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی. لەکۆتاییدا پەندبێژ ماڵی بێ دۆست وەک هۆکارێکی خەم و ڕەنج و مەینەتی دەبینێت و دەڵێت:

کـاری بـۆ ناکرێ دەستی بێ پەنجە

ماڵداری بێ دۆست بەخەم و ڕەنجە (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٣٣٧)

کەسێک، کە دۆستی نەبێت وەک دەستێکی بێ پەنجە وایە، کە ناتوانێت پێویستییەکانی خۆی بەجێبهێنێت. هاوکات جەختیش لەوە دەکاتەوە، کە هەموو موڵک و داهاتێکیش، کە بوونی هەبێت بەبێ بوونی دۆستێکی

باش، وەک بوونی خەمێک وایە، مایەی ڕەنج و زەحمەتە. لێرەوە دەیەوێت پەیامی هاندان بۆ تێکەڵبوونی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵ بڵاوبکاتەوە و ئەو بیرە پەرەپێبدات، دواتر ئەمە وەک ڕێگای سەرکەوتن دەناسێنێت و دەڵێت:

لەنــاو خـۆتــانــدا ئـەگـەر برابن          دڵسۆزی یەک بن، بەبێ هـەرا بن
هیچ کەس پشتتان نــادا لەئەرزی          ئینجا ئەکەونە ڕێگەی سەربەرزی (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٣٠٤)

واتە تەنیا ڕێگای گەیشتن بە سەرکەوتن، برایەتییە، دڵسۆزییە لەگەڵ یەکتریدا. ئەمەش دەبێتە مایەی هێنانەدی برایەتییەکی پتەو و چەسپاندنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و هۆکارێکە بۆ پارێزگاری و چاکسازی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی. ئەنجام دەبێتە هێنانەدی کۆمەڵێکی تۆکمە و یەکگرتوو و یەکدەست لەپێناو سەرخستنی ئامانجە دیاریکراوەکان، وێڕای ئەوەی پەندەکان جەخت لەزۆر بابەتی تری وەک: ڕێزگرتنی یەکتری، ڕاستگۆیی، دەستپاکی، ئەمانەت پارێزی، گیانی هاوکاری،...هتد دەکەنەوە، کە لە بابەتی بەهاکاندا ئاماژەمان پێکرد، بەڵام خاڵی گرنگ و جێی بایەخی پەندبێژ پاتکردنەوەیەتی لە دۆستایەتی و تەبایی و برایەتی و لێبوردەیی لە پێناو پتەوکردنیاندا.

**چوارەم: ئامانج لە هێنانەدی ئاشتی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری:**

ئامانجی پەندبێژ لەوەدا خۆی بەرجەستەدەکات، کە هەموو هەوڵەکانی پێشووی لە ئاگادارکردنەوە و ڕێگریی، دواتر ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن لەپێناو هێنانەدی یەکێتی، یەکبوون و بەرقەرارکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی، کە مەبەستی هێنانەدی و گەیشتن بە خاڵێکە ئەویش دروستکردنی سەرکردە و ڕێبەرێکە بۆ کۆمەڵ وەک چەترێک بۆ هەمووان ببێتە بە سایە و سێبەر و کاروباری خەڵکی ڕێکبخات، وەک لەم نموونانەدا بە ڕوونی ئاماژەیان پێدەکات.

پیاو چاک پەل و پۆی ئەکا بە سێبەر
لــەو سێبەرەدا کــار ئــەچـێتە سەر (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ١٢٤)

بە ڕوونی ئەوەدەخاتە ڕوو، کە پیاوچاک کێیە و دەبێت چی بکات؟ بەخشندەیی و لێبوردەیی پیاو چاک دەبێتە مایەی دڵنیایی خەڵک و لەسایەی ئەودا کاری ئەوانیتر ڕایی دەبێت و گرفتەکان لەسەر ڕێگای ژیانیان نامێنێت. بەهۆی ئەمەشەوە، کە ئەم بەخشندەییە هەبوو لەکەسی چاکدا، هەمووان ڕووی تێدەکەن و متمانەی پێدەبەخشن، پەندبێژ دەڵێت:

زۆر پیاو لەدەوری پیاوێکی پیاوە
گــوڵــەبــەڕۆژە ڕوو لــە هەتاوە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٤٩)

پیاوچاک وەک خۆر وێنادەکات، چۆن خۆر سەرچاوەی ڕووناکی و وزەیە، ئاوا پیاوی چاک و سەرکردەی خاکی و خەڵک دۆست هەمان تایبەتمەندییان هەیە و کەسانی تریش گوڵە بەڕۆژە ئاسا ڕووی تێدەکەن.

دەیکەنە سەرچاوەی وزەی خۆیان و هێز و دڵنیایی لێوەردەگرن، دواتر پەندبێژ مەرجەکانی گەورەیی ناو کۆمەڵ و سەرکردەی کۆمەڵ، بەمشێوەیە دەخاتەڕوو وەک بنەمایەک:

زەعیم ئەوەتە شێوەی شەمعی بێ          خۆی بسووتێنێ، نەفعی جەمعی بێ
گەورە ئەوەتە خۆی بەخاک بگرێ          وەک خاک مردووی خۆی لە باوەش بگرێ
گەورە وادەبێ کە بەرەنجی شان          کۆی بکاتەوە و بیدا بەمیوان
با هیچ میوانیش مەمنوونی نەبێ          بیدا و دەربەستی مەمنوونی نەبێ

(پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٣١٤)

بنەماکانی گەورەیی لەوەدا دەبینێتەوە، کە دەبێت مۆم ئاسا خۆی بسووتێت لەپێناو بەخشینی ڕووناکی بەوانی تر، نەک خەڵکی بۆ خزمەتی خۆی بەکاربهێنێت. خاکیبوون، خاکەڕایی و خۆشویستنی خەڵکی تایبەتمەندییەکی تری گەورەییە. بەخشندەیی، میوان دۆستی و خزمەتکاری، نەک پێچەوانەکەی لەهەموو ئەوانەش، کە دەیکات چاوەڕێی سوپاسی کەس نەبێت لە پێناو خواو خەڵک و خاکەکەی بێت. مەبەستی سەرخستنی کۆمەڵ و پتەوکردنی پایەکانی یەکێتی و تەبایی ناو کۆمەڵ بێت. کاتێک ئەم تایبەتمەندییانەش لەسەرکردە و کەسی گەورە و خزمەتکاری کۆمەڵ هاتنەدی، هیچ هەوڵێک ناتوانێت لەگەورەیی و دانایی و لێزانی کەمکاتەوە، بۆیە پەندبێژ دەڵێت:

نادان ئەگەر بێ و ژوور دانا کەوێ          دانایی دانا، هیچ داناکەوێ
دووکەڵ لە ئاگر هەرچەند لە ژوورە          ئەو چاو دێشێنێ و ئەم بۆ چاو نوورە

(پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٦٢)

گەورەیی دانا، بەهیچ نادانێک نایەتەخوارەوە، دانا متمانەی خۆی لە گەل وەرگرتووە، لەسەر بنەماکانی پێشووی پەندبێژ، کە پێشتر دیاریکردبوون، بۆیە ئەم دووانە دەچوێنێت، بەئاگر و دووکەڵ. ڕاستە دووکەڵ بەرزترە لە ئاگر، بەڵام مایەی نارەحەتی و ئازاری چاوە، بەپێچەوانەوە، ئاگر لەخوار دووکەڵەوەیە و مایەی ڕووناکییە بۆ چاو و ڕۆشنکەرەوەی ڕێگایە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر سەرنج بدەین، پەندبێژ لەسەرەتاوە، تا کۆتایی لە بوارە کۆمەڵایەتییەکە، بەیەک ئاڕاستە دەڕوات و لە پێناو یەک ئامانجدا تێدەکۆشێت. ئەویش خستنەڕووی هەموو ئەو لەمپەر و مەترسییانەی، کە دەبنە هۆی تێکدانی سیستەم کۆمەڵایەتی و تەونی چنراوی پێکەوەژیان. ئاڕاستەکردن لە پێناو هێنانەدی دۆستایەتی و یەکێتی و لێبوردەیی، دواجار هەموو ئەمانە دەخاتە خزمەتی دروستکردنی سەرکردە و ڕێبەرێکی بەخشندە و ڕاستگۆ و دڵسۆز بۆ خەڵکی ئەمەش لەسۆنگەی هەستکردنی پەندبێژە بەپێداویستیی گەورەی گەل بۆ سەرکردەیەکی پاک و چاک، کە پێی وابووە ئەمە گرفتێکی گەورەی بەردەم سەرکەوتنی گەلەکەیەتی و تەنها بوونی سەرکردەیەکی کاریزمایە، کە دەتوانێت هەمووان یەکبخا لە پێناو یەک ئامانجدا.

## پاری چوارەم: بیری سیاسی و نیشتیمانی لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا:

بابەتەکانی پەیوەست بە نیشتیمان و نەتەوە و سیاسەت، زۆرجار ئاوێتەی یەک دەبن. بەو پێیەی لە زۆر قۆناغ و شوێندا تەواوکەری یەکترن، بۆیە گۆڕانکاری لەدۆخی هەریەکەیان کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئەوەی تریان. ئەدەبیاتیش لە زارەکییەوە، تا دەگاتە ئەدەبی نووسراو، وەک مینبەرێک وابووە بۆ گوزارشتکردن لە هەست و سۆزی هاونیشتیمانی بەرانبەر بەنیشتیمانەکەی. لەهەمانکاتدا گوزارشت بووە لە هەستی نەتەوەیی لەپێناو ڕزگاریی نیشتیمان و ئازادیی نەتەوە. وێستگەیەک بووە بۆ دەربڕینی بیروڕای سیاسی بۆ سەرخستنی نەتەوە و پارێزگاری لەنیشتیمان، یان چاکسازی لە دەسەڵاتی سیاسی، تا دەگاتە گۆڕانکاری بنەڕەتی و یەکجاری.

ئەگەر بابەتی نیشتیمانی مەبەست لێی دەربڕین و گوزارشتکردن بێت لەهەست و سۆزی هاونیشتیمانی بەرانبەر بەسروشت و دیمەن و تەواوی خاکەکەی، تا دەگاتە ڕادەی قوربانیدان و گیانبەختکردن لەپێناویدا، ئەوا سیاسەتیش وەک زاراوە "ئەو بیر و چالاکییانە دەگرێتەوە، کە پەیوەستن بەکاروباری دەوڵەتداری و هەڵسوڕانی حوکم و جۆری دەسەڵات و سیستەمی ڕێکخستن و کۆمەڵی مرۆڤەوە، بۆیە سیاسەتیش لەڕووی مێژووییەوە یەکێکە لەکۆڵەکە و پێداویستییەکانی شارستانییەت" (صعب: ١٩٨٨، ٥٢). لەم ڕووەوە سیاسەت ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەیە، پێداویستییەکی گرنگی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانە و ژیانی خەڵکییە، بۆیە تاک پێویستی بەپێگەیاندنی سیاسی هەیە، کەمەبەست لێی "ئەو ڕێگایەیە، کە وا لەمیانەیدا کۆمەڵگا کلتوری سیاسی خۆی لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازێتەوە، ئەو پرۆسەیەیە، کەوا تاک فێری هەڵوێست و ئاراستەکان و شێوازەکانی ڕەفتاری بەژیانی سیاسییەوە دەکات" (محمد: ٢٠٢١، ٢٧). یەکێک لەپایە گرنگەکانی چەسپاندنی دیموکراسی و بەشداریی سیاسییە، کە مەبەست لەبەشداری سیاسیش "بەشداریکردنی جەماوەرە لەپرۆسەی سیاسی و دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا، لەڕەگەزە سەرەکییەکانی دیموکراسی و ئاسایش و سەقامگیری سیاسییە، هەمووکات ئەو وڵاتانەی دەرگا واڵا دەکەن لەبەردەم هاوڵاتیاندا بۆ بەشداری سیاسی و دەربڕینی ڕای خۆیان، لەبەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیری سیاسیدا سەرکەوتوودەبن" (شەریف: ٢٠٠٨، ٢٤).

لەڕووی مێژووییەوە ئەگەر بمانەوێت لە مێژووی سیاسی، یان هەر بابەتێکی تر بکۆڵینەوە، زانیاریمان سەبارەت بەسەرهەڵدان و گەشەکردن و ئەنجامەکانی دەستبکەوێت، ئەوا "پێویستمان بەوەدەبێت بەکەرەستەکانی مێژوودا شۆڕببینەوە، بەدڵنیایشەوە تێکستە ئەدەبییەکان دەبنە کەرەستەیەک لەکەرەستەکانی لێکۆڵینەوەکانمان" (ئەبوبەکر: ٢٠٢٢، ١١١). لەم ڕووەشەوە سەبارەت بەگەڕان بۆ دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی هەربابەتێک، "مێژووی تۆمارکراوی کورد وەک نەتەوە، تەریب و تەبایە بەمێژووی ئەدەبی کوردیی، یان ڕاستتر بڵێین تۆمارەکانی ناو ئەدەبی کوردیی، کەرەستەی سەرەکی مێژووی نەتەوەیی و نیشتیمانی بوون" (ئەبوبەکر: ٢٠٢٢، ١١٢).

هەرچی پەیوەستە بەهۆشیاری نەتەوەیی، دەتوانین لەناو چەشنە ئەدەبییەکاندا ئەو هاندان و بنەمایانە بەدی بکەین، چونکە هۆشیاریی نەتەوەیی "بریتییە لە مەعریفەی تاکەکان دەربارەی زمان، مێژوو، کولتوور و تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی خۆیان" (میران: ٢٠١٠، ٣٩)، بۆیە هەموو ئەوانەی، کە وەک بنەمای سەرەکی هۆشیاری نەتەوەیی دیاریکراون، لەناو دەقی ئەدەبیدا لە هەموو چەشنەکانیدا بەڕوونی بەرجەستەبووە و هێڵەگشتییەکانی ئاڕاستەی بیرکردنەوەی گەل دیاریکراوە.

سەبارەت بەبیری سیاسی لەپەندەکاندا ئەوە لەدێر زەمانەوە، ئەو دیاردەیە لەزێدگەی پەندەکاندا بەڕوونی دەبینرێت، چونکە هۆز و تیرەکان پێکهاتەیەکی خۆبەڕێوەبەرییان هەبووە و لەچینی فەرمانڕەوا و خەڵکی گشتی پێکهاتوون.

سەرۆک هۆز میکانیزم و ڕێگای جۆراوجۆری گرتۆتەبەر، بۆ بەڕێوەبردنی خەڵکەکەی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان و ئاڕاستەکردنیان بۆ ئەو مەبەستەی، کە خۆی بەپەسەندی زانیوە. بۆیە لەوێوە "سەرۆک هۆز ماف و ئەرکی هەبووە، وەک هەر سەرۆکێک لەسەردەمی نوێدا، مافی خۆی بووە ڕێزی لێبگیرێت، گوێڕایەڵی بکرێت، خەڵکی پابەندبن بەدەستور و فەرمانەکانی بن. ئەرکییەتی پارێزگاری لەگەلەکەی بکات کاروبارەکانیان ڕایی بکات، وەڵامی خواست و پێداویستییەکانیان بداتەوە، هەروەها ئەرکی بەرگریکردنە لەستەملێکراوان و بایەخدانی بەهەژاران، بەڵام زۆرجار چینی فەرمانڕەوا چینێکی ستەمکاربووە لەجێبەجێکردنی سیاسەتەکەیدا توندترین ڕێگای بەکارهێناوە، کە لەئەنجامدا، ڕەتکراوەتەوە و دژایەتیکراوە لەلایەنی چینی گشتییەوە" (بوشنعة: ٢٠١٦، ١٠١). لێرەوە لەناوەڕۆکی پەندەکانەوە تێڕوانینی سیاسی بەدیدەکرێت بەو پێیەی "پەندەکان بەڵگەی یەکلاکەرەوەن بۆ ڕەتکردنەوەی هەرشتێک، تاکە پەناگەن بۆ گوزارشتکردن لە نیگەرانی و خواستەکان، بۆ وەڵامدانەوەی ستەمکار و قۆرخکاران، بەجۆرێک دەیانکەن بەنموونەیەک لەهەموو دۆخێکی هاوشێوەدا دەیانهێننەوە بەنموونەی نادادی و ستەمکاری" (بوشنعة: ٢٠١٦، ١٠١).

ئەوەی پەیوەستە بە پەندی پێشینانی کوردی و بەتایبەتتر بە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرد، بەدەرنییە لەم جۆرە بیرانە، لەگوزارشتکردن لەبیری سیاسی و نیشتیمانی و نەتەوەیی بەشێوەیەکی گشتی. پەندبێژ (پیرەمێرد) بەڕابەری ئەم جۆرە بیرانە دادەنرێت لەقۆناغ و سەردەمی خۆیدا، بۆیە (محمدی مەلاکەریم) لەم ڕووەوە بڕوای وابووە "ئەگەر زۆرتری ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد، هەر لەسەرەتاوە یا هیچ نەبێ لەهەندێ هەڵکەوتی گەورەی مێژووییەوە، لەم یا لەو پارچە لە پارچەکانی کوردستان، شوێن پێی قوتابخانەی بیری ئەویان هەڵگرتایە و بەو پێیە بجوڵانایەتەوە، تا ئێستا و لە ڕێگایەکی کەم مەینەتتر و واقیعی ناوخۆ و دەوروبەری نزیک و دوور بەدیکردوانەترەوە، گەلێ لە ئێستا زیاتر و زووتر بۆ پێشەوە ڕۆیشتبوون، زۆر لە پێویستییەکانی ئەم قۆناغەی ژیانی کوردەواریمان دەستەبەرکردبوو" (مەلاکەریم: ١٩٩٢، ٨). هەر لەمبارەوە (محەمەد فازیڵ) ڕایوایە، کە "تێڕوانینی سیاسی پیرەمێرد لێرەدا

ئەوەیە، کە بەدەستهێنانی ئازادی خۆئامادەکردنی دەوێ، زەمینەیەکی هۆشیاری و یەکێتی و تەبایی پێویستە، پاشان دەکرێ ئازایانە، ئازادی بەدەست بهێنرێت" (مستەفا: ٢٠٠٧، ٢٧). ڕەنگە ڕوونترین بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە ئەو نووسینەی پیرەمێرد خۆی بێت، کە دەڵێت: "ئەبێ میللەت فێرکەین...، کە شعور و موحیبەتی قەومی چییە؟ بیزانین، کە کچەکانمان کوڕەکانمان بەمە گۆش بکەین، کە ڕوحی نیشتیمانی بچێتە مێشک و دڵیانەوە بەم جۆرە وریا ئەبنەوە و پێش ئەکەوین" (سجادی: ١٩٥١، ٥٥) سەبارەت بەگیانی نەتەوەیی پەندبێژ، (عەبدوڵا پەشێو) ڕایوایە، کە "پیرەمێرد قەت شاعیری دەسەڵات نەبووە، بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکەی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی ترەوە داناوە" (پەشێو: ٢٠٠١، ٤٣)، هەروەها (مامۆستا سەجادی) لە بارەی بابەتی نیشتیمانییەوە پیرەمێرد دەباتە لووتکە و وەک ڕابەرێکی بێ وێنە دایدەنێت و دەڵێت: "پیرەمێرد لە باسی شیعری نیشتیمانی و لاواندنەوەی نیشتیمانییەوە پێغەمبەری ئەو مەیدانەی سەدەی بیستەمی کوردە" (سجادی ١٣٩١هـ ٤٧٢)، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی تێکۆشان و خەباتی پیرەمێرد لە بری پەنا بردن بۆ توند و تیژی و شۆڕش، پەلاماردان و کوشتن، کاری لەسەر تەبایی و پێکەوەژیان و بیری ئاشتییانە کردۆتەوە و لەوێوە ویستوویەتی دەستکەوتە نیشتیمانی و سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلەکەی بەرجەستە بکات. وەک (مارف خەزنەدار) دەڵێت: "سروشتی خەباتی پیرەمێرد، ئاشتیانە بووە" (خەزنەدار: ٢٠١٠، ١٠). لێرەوە هەموو ئەم بیرو بۆچوونانەی پەندبێژ لەکۆکردنەوە و بەشیعرکردن و نووسینی پەندە شیعرییەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، چ وەک پەندبێژێکی سیاسی، یان نیشتیمانی و نەتەوەیی، کە ئێمە هەوڵدەدەین لەسەر بنەمای چەسپاوی کارکردنی پەندەکان نموونەی ئەو بیرانە بخەینەڕوو و شییان بکەینەوە.

**یەکەم: ئاگادارکردنەوە لە فریوی سیاسەت و چەوتییەکانی:**

ئەگەرچی پەندبێژ خۆی خاوەن بیروبۆچوونی تایبەت بەخۆی بووە لە ڕووی سیاسییەوە، بەو واتایەی لەسەر پرسە جۆراوجۆرەکان تێڕوانینی خۆی دەربڕیوە، بەڕاشکاوانە قسەی لەسەر زۆر پرس و بابەتی ڕۆژ کردووە، جا ناوخۆیی بووبێت، یان نێونەتەوەیی و پرسی نێوان وڵاتان. ئەمەش دەچێتە ژێر چەتری بیری سیاسی پەندبێژەوە، بەڵام وەک ئاگادارکردنەوەیەک بۆ هەمووان دەڵێت:

لە دووی سیاسەت خۆت مەخەرە بەند

ڕێـوی قـەواڵەی پێبوو پێستیان کـەند (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٦)

لەم پەندەدا لەڕێگای ئاوێتەکردنی پەندێکی تری پێشینانەوە، کە دەڵێت ڕێوی قەواڵەی پێبوو پێستیان کەند، هاوتای دەکات لەگەڵ کەسێک، کە بەکاری سیاسییەوە سەرقاڵە و هۆشداری دوورکەوتنەوە دەدات لەسیاسەت و ئەنجامی کارەکە بەبەندی و زیندان دەزانێت و لەگەڵ ئەوەدایە خەڵکی لەسیاسەت و کاروبارەکانی پەیوەست بەکاری سیاسی دوورکەونەوە.

سیاسەت بــازی دەردێــکی وایە

بۆ دەوڵەمەندیش هەر بێ دەوایە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٥١)

لێرەدا نەک هەر سیاسەت بەهۆکاری بەندی دەزانێت، تەنانەت بە جۆرێک پیشانی دەدات، وەک دەردی بێ دەوا دەیخاتە ڕوو. ئەگەر لە هەنگاوی پێشوودا تەنها مەبەستی خەڵکی هەژاربووبێت خۆیان بەدووربگرن لەسیاسەت، ئەمجارە ئاگاداری دارا و دەوڵەمەندەکان دەکاتەوە لەخۆ بەدوورگرتن لەسیاسەت و پێیان دەڵێت بۆ ئەوانیش ئەگەرچی پارەدارن، بەڵام دەردێکە دەرمانی نییە و پارە ڕزگاریان ناکات لە داو و گرفتی سیاسەت، پرسێکی تری گرنگی سیاسی پرسی هەڵبژاردن و بەشداریکردنی خەڵکییە لەم پرۆسەیەدا، پەندبێژ لەم بارەیەوە دەڵێت:

ئەمســاڵ ئینتیخــاب کەوتە بــاحورا — زۆر کەس دەروونی ئاگری تیا گڕا

ئــاویشمان کــەمە بــۆ ئــاگر بڕی — ئــەویش هــاتــۆتە ســەر نۆرە بڕی

ئــاخ بــۆ میراوی خاوەند مرووەت — ئــاو و نــوابــی بــکا بــە نــۆبــەت

چــونــکو بــۆ هــەندێ هێندە تەلاشە — لەخزمەت زیاتر هەوڵی مەعاشە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٩٦)

پەندبێژ ئەم پرسە وەک پرسێکی بەرژەوەندی کەسیی دەبینێت، بڕوای وایە، کە هەڵبژاردن و نوێنەرایەتی تەنها لەپێناو گیرفان و بەرژەوەندی کەسییدایە نەک میللەت، بۆیە دەڵێت: هەندێک لە تاوی خۆکاندیدکردن دەروونیان ئاگری تێبەربووە، خوازیاری ئەوەیە، کە وەک نۆرە ئاوی جوتیارەکان ئەمیش بەدادپەروەری بکرێتە نۆبە، تا هەمووی پارە و مووچەی بەرکەوێت، بەوپێیەی بابەتەکە لەسەر بنەمای لێهاتوویی و خزمەتکردنی خەڵکی نییە، تەنیا بۆ مووچەیە، مادام وایە، با بۆ هەمووان بێت. هەڵبەت ئەمە وەک توانجێک دەڵێت، ئەگەرنا مەبەستی ئاگادارکردنەوەی خەڵکییە لە ڕووی ڕاستەقینەی هەڵبژاردن، پێیاندەڵێت: بە درۆی کەس فریو مەخۆن، دواتر پەندبێژ لە درێژەی ناساندنیان دەڵێت:

ئــەوانــەی دوێنــێ کە لەڕوو دۆست بوون — وا ئەمڕۆ دەرکەوت بەتەمای پۆست بوون

هــەنــدێ وەفــایــان بــۆ دوایــان نــیــیــە — ئێوە هیواتان بەوانە چییە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٦٧)

هەروەها پەندبێژ دەیەوێت ئەوە بۆ خەڵکی بسەلمێنێت، ئەوانەی بەناوی دۆستایەتییەوە لەڕۆژانی پێشوودا لەخەڵکی چوونە پێشەوە دەرکەوت، کە تەنها بۆ مەبەستێک بووە، کە نیازی پۆست و پلەیان هەبووە. ئەگەرنا لەڕاستیدا وانین، چونکە دوای دەرچوونیان کەسیان لەبیرنییە و وەفایان بۆ دوای خۆیان نییە. کەسێک وەفای بۆ هاوکارەکانی نەبێت، چۆن چاوەڕێی چاکەی گشتی و خزمەتی کەسانێکی لێدەکرێت، کە نایان ناسێت، بۆیە هەموو هەوڵی پەندبێژ بۆ ئەوەیە خەڵکی ئاگاداربکاتەوە لەڕووی ڕاستی بەربژێر و تەواوی پرۆسەی هەڵبژاردن و بێ بایەخ پیشانی دەدات.

پەندبێژ لە بارەی بوونی پارتی سیاسییەوە پەیامی ئاگادارکردنەوەی خۆی بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز بەخەڵکی ڕاگەیەنێت و هۆشداری ئەوە دەدات، کە لێیان دووربکەونەوە، دەڵێت:

ئێستا حیزبەکان هاتوونە مەیدان		بە گوێچکە پچوڕکێ کەوتوونە تەکان
گوریس کێشەکێ هاتوونە پێشێ		هەرکەس بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ
هەندێ ئەحرارن هەندێ وەتەنی		دیموقراتیەکان پێیان پێکەنی (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ١٢٦)

لێرەدا بە جۆرێک وێنەی پارتی سیاسی دەخاتەڕوو، وەک یاری منداڵان، کە چۆن لە پێناو دەستکەوتێکدا دەکرا بە یاری گوێچکە پچوڕکێ و یەکتریان ئازاردەدا، هەمان وێنە دێنێتەوە و حیزب وەک ئامرازێکی دەستکەوتنی بەرژەوەندی کەسی دەبینێت. دواتر بوونی فرەیی پارتی سیاسی بە هۆکاری لێکترازان دادەنێت و ئەمیش وەک یاری گوریس ڕاکێشان دەبینێت، کە ئەنجام لایەکیان لنگەوقووچ دەبن و دەکەون، ڕاستە ناوی جیاجیایان هەیە، هەریەکە و بەوەی تریان پێدەکەنێت، بۆیە پەندبێژ بڕوای وایە، هەتا لەپارتی سیاسی دووربیت سەلامەتتری. ئەمە بۆچوونێکە، لە ساڵانی چلەکانی سەددەی ڕابردوو وتراوە و ئێستاش بەشێکە لە قەناعەتی خەڵکی لەم سەردەمەدا.

سەبارەت بە پرسی نیشتیمان بەهەمان شێوە ئاگاداری خۆی لە بارەی کەسانێکەوە دەخاتەڕوو، کە لە ڕواڵەتدا نیشتیمان پەروەرن و دەڵێت:

هەرچی هەڵدەستێ نیشتیمان پەروەرە
کە دەرفەتی دی، بەشی خۆ بەرە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٢٦)

لێرەدا پەندبێژ هۆشداری داوە سەبارەت بە دروشمبازی هەندێ کەس، کە بەناوی نیشتیمانپەروەریی خەڵکیان خەڵەتاندووە، بەڵام دەرکەوتووە، هەرکەسێک دەرفەتی بۆ خولقاوە، بەشی خۆی بردووە و هەوڵی دەستکەوتی کەسی بووە، نەک بەرژەوەندی گشتی و چاکەی هەمووان. بۆیە ئاگاداریکردوون لەناسینی ئەم جۆرەکەسانە و خۆ بەدوورگرتن لێیان، هەروەها دەڵێت:

خزمەتی وەتەن گوزشتەی پارە		هەموو بۆ پارە ئەبین بە پارە
هاوار لیرەی زەرد زرینگەی خۆشە		کە هاتە بەرگوێ خودگیری بۆشە
دەوران دەورانە وەک بابی بابیی		مەبعوسی بووە بە نوقڵی بابی (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٨٤)

پەندبێژ بیری نیشتیمان پەروەری و خزمەتی نیشتیمان لە لای نوێنەرانی متمانەپێدراو بەجۆرێک دێنێتە بەرچاو. کە بەڵێنی بەسەرچووی ساڵی پارە. ئەو دەڵێت هەرکەس پارەی دیت، لە تاوا پارچە پارچە دەبێت، بۆیە کاتێک، کە دەنگی لیرەی زەرد دێت کەس لە ئاستیدا خۆی پێناگیرێت، نوێنەرایەتی وەک نوقڵی لێهاتووە، لە ئەرک و بەرپرسیارێتی دەرچووە، وەک دەستکەوت و غەنیمەت وایە دابەشدەکرێت.

بە شێوەیەکی گشتی پەندبێژ دەیەوێت جەخت لەوە بکاتەوە و گشت کەس لەوە ئاگاداربکاتەوە، کە بەشداری نەکەن لە لایەنگیری و ئەندامبوون لەپارتی سیاسیدا، هەروەها پرۆسەی هەڵبژاردن و خودی نوێنەران بە کەسانی بەرژەوەندیخواز و گیرفان پەرست دەخاتە پێشچاو و جارێکی تر خەڵکی لەوە ئاگاداردەکاتەوە، کە پرۆسەی هەڵبژاردن پرۆسەیەکی ڕووکەشە و بۆ دەوڵەمەندکردنی چەند کەسێکە،

هەروەها بوونی پارتی سیاسی، کە "پێداویستییەکی هەرە سەرەکی سیستەمی دیموکراسییە، نابێت بەبێ بوونی پارتە سیاسییەکان و ئازادی کارکردنیان باس لە دیموکراسی بکرێت" (شەریف: ٢٠٠٨، ١٥٣)، بەڵام پەندبێژ تەواو پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیە و بیر و باوەڕی کەسی وایە، تەنها هەوڵی دابەشکاری دەستکەوت و ڕاکێشانی دۆخەکەیە بەلای بەرژەوەندییە کەسییەکان، نوێنەرایەتی لەبری ئەوەی ئەرک بێت، پێچەوانەیە، هۆکارێکە بۆ خۆشگوزەرانی و گیرفان پڕبوون.

**دووەم: ڕێگری بەشداریکردن لە کاری سیاسیدا:**

پەندبێژ دوای ئاگادارکردنەوەی خۆی لە نەنگییەکانی سیاسەت و هۆشداریدان بەخەڵکی لەم ڕووەوە مکوڕترە لەسەر هەڵوێستی خۆی و توندتر بیر و بۆچوونەکانی لەپەندەشیعرییەکاندا دەخاتەڕوو، بەمەبەستی ڕێگریکردن لە بەشداریی سیاسی بەوجۆرەی، کە هەیە، بۆیە دەڵێت:

توججار هەموو چوون شێخان لەتەکدا ئـەڵێن: (هــەم چــونین بــڕۆ تــا بـەغدا)

ناوی وەفدمان هێندە لا خۆشە هەر بڵێن: وەفدە، زۆر کەس بەجۆشە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٤٧).

پەندبێژ لێرەدا هەوڵدەدا لەڕێگای بەکەم سەیرکردن و توانج لێدانەوە ڕێگری بکات لە چوونی وەفد لە کوردستانەوە، بەتایبەت لە سلێمانییەوە بۆ بەغداد. ئەوەشدەخاتە ڕوو، کە بۆ ئەم مەبەستە بازرگان و شێخ و هەرکەسێکی تر هیچ جیاوازییان نییە و گوێ بەپێگە و جێگەی خۆیان نادەن، تەنها بڵێن وەفدە و بۆ بەغداد خۆیان دەکەنە ناوییەوە، دواتر دەڵێت:

ئـەگـەر نــەمـردین هــەتا بەهار دێ بۆ دەستەی ئێمە کورتان لەشار دێ

بــەو کــورتـانــەوە ئــەچـنــە بەغداد هەروا دێنەوە هەوسار بەرەڵدا (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٩٤).

نەشتەری پەندبێژ تەنزە، ئاوێتەکردن و سوود وەرگرتنە لە پەندی (کەرە مەمرە بەهارە کورتانت بۆدێ لە شارە) ئەویش هیواو و ئومێدی خەڵک بۆ هێنانەدی ئاواتەکانیان وەک هیوای ئەو کەرە دەبینێت، کە زستان سەرمایەتی بەنیازە لەبەهاردا کورتانی بۆ بێت، تا گەرم بێتەوە. جارێکی تر سوود لە (کەر) دەبینێتەوە بۆ وەفدێک، کە هاتووچۆی بەغداد دەکەن و لەو سەرەوە وەک کەری بەرەڵا دێنەوە بۆ شار. ئەمەش لەپەنای تەنزەوە گەیاندنی پەیامی خۆیەتی بۆ ڕێگریکردن لەچوونی وەفد بۆ بەغداد، پەندەشیعرییەکانی کردووە بەئامرازی دەربڕینی بیروبۆچوونی سیاسی خۆی. دواتر بۆ سووککردنی کاری سیاسی زیاتر ڕۆدەچێت و دەڵێت:

سیاسەت پیشەی ئاغای بێ ڕیشە

بـۆیە گەلێ پیاو بێ ڕیش و ئیشە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٤٥)

لێرەدا سیاسەتکردن بۆ بێکاری، نەبوونی پیشەیەکی تر دەگێڕێتەوە. ئەم کارە زۆر بێ ئەرزش دەکات لە بەرچاوی خەڵکی، تا ڕێگری بکات لە هەموو کەس و نەهێڵێت بەلای سیاسەتدا بڕۆن. پەندبێژ لەسەر وێستگەیەکی تری کاری سیاسی دەوەستێت و دەیەوێت ڕێگری بکات لە بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە دەنگدان و دەڵێت:

کورسی مەبعووسی تەلی تێ خراوە            لە پێچکەی کورسی وەزیر بەستراوە

فس فس پـاڵـەوان وەک ڕەئی منە            کە ئەڵێ: هونەر هونەری منە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ١٢).

لێرەدا دەیەوێت هەردوو کورسی نوێنەرایەتی و وەزیری وەک یەک بخاتە بەر نەشتەری ڕەخنەی خۆی، هەروەها دەیەوێت دەنگی هاوڵاتی بێ ئەرزش بکات و بڵێت هیچ بەهایەکی نییە و دیموکراسی و دەنگدان کارێکی ڕووکەشانەیە. دواجار، کە هاوڵاتی زانی دەنگی بەهای نییە، بەشدارنابێت لە پڕۆسەکە و بەمەش پەندبێژ مەبەستەکەی دێنێتە دی، کە ڕێگریکردنە، دواتر دەڵێت:

مەڵێن مەبعووسی بە ڕا و تەدبیرە

قـڕەقـڕی قەل هەر بۆ هەنجیرە (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٨٥)

مکوڕتر لەسەر بۆچوونی پێشووی دوو مەبەست پێکەوە ئاوێتە دەکات، یەکەم هیچ پرس و ڕاو ڕاوێژێک ڕۆڵی نییە بۆ دیاریکردنی نوێنەر، دووەم خودی نوێنەرایەتی تەنها لەپێناو بەرژەوەندی خۆیەتی و خەڵکی لەلا مەبەست نییە، وەک قیرەی قەل، کەتەنها مەبەستی هەنجیر خواردنە نەک شتی تر، دەنگەدەنگەکەی بۆ ئەو مەبەستەیە، کە خۆی تێربکات.

سەبارەت بە کۆی کاری حیزبایەتی پەندبێژ دادەبەزێتە ئاستێکی زۆر نزم و بەناشیرینترین دەستەواژە، بیر و بۆچوونی خۆی سەبارەت بەبەشداری کاری سیاسی دەردەبڕێت و دەڵێت:

هەرچی هەڵئەستێ ئەڵێ: من حیزبم

بـرا لـێم لادە، نـامــەوێ حـیـز بم (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٢٨٦)

پەندبێژ ئەوپەڕی توندوتیژی بۆ کۆمەڵگای ئەوکاتە بەکاردەهێنێت، کە کاری حیزبایەتی و ناوەکەی لەگەڵ سووکترین وشەی نەشیاوی (حیز) هاوتا دەکات. بەمەش وێڕای ئەوەی سووکایەتی بەحیزب و حیزبایەتی دەکات، هاوکات ڕێگری دەکات لەخەڵکی بەشداری ئەم کایەیە بکەن، بەڵام هاوکات لەڕووی هەستی نەتەوایەتییەوە پەندبێژ زۆر توند و مکوڕە لەسەر پارێزگاری لەنەتەوەکەی. ڕێگرە لەهەر دەست و نیاز و مەبەستێک، کە بیەوێت لەو ڕووەوە هەنگاوێکی خراپە بنێت و دەڵێت:

ئەو کەسەی ژینی کوردیم نەناسێ

قـوڕگی ئـەگـوشـم هـەتـا ئەتاسێ (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٣٥)

پەندبێژ زۆر ڕوون و ڕاشکاو هەستی کوردانە و نەتەوە پەروەریی خۆی دەخاتەڕوو، ڕێگرە لە هەوڵی ناحەزان و خەڵکی بۆ ئەم مەبەستە هاندەدات، واتە لەلایەک ڕێگری دەکات لەبەشداری چوونە ناو پارتی سیاسی و پرۆسە دیموکراسییەکانی ئەو سەردەمە و بە پرۆسەیەکی ڕووکەش و بێ نرخیان دادەنێت. هاوکات ڕێگری لە هێرش و نیازی دژ بەنەتەوەکەی دەکات. ڕێگای ڕزگای گەلەگەی بەجۆرێکی تر دەبینێت.

**سێیەم: ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن بۆ دروستکردنی سەرکردەی سیاسی و یەکێتی نەتەوەیی:**

لەگەڵ هەموو ئەو پەیامانەی پێشووی، کە مەبەستی ئاگادارکردنەوە و ڕێگریی بوو، لە کاری نوێنەرایەتی، هەروەها ڕێگریکردنی خەڵکی لە بەشداریکردن لە هەر پرۆسەیەکی پەیوەست بەو پرسەوە. دواجار پەندبێژ تێدەگات لەوەی، کە ناتوانێت بە تەنها ڕێگری بکات لە پرۆسەیەک، کە بەشێکە لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی چەسپاندنی دیموکراسی، یان هێنانەدی خەونی گەیشتن بە دیموکراسی. دەنگدان سەرەتاییترین مافی هاوڵاتییانە بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەکە، بۆیە لەم ڕووەوە پەندبێژ ڕێنمایی و ئاڕاستەکردنی خۆی دەخاتەڕوو، بە چەند هەنگاوێک دیدی خۆی ئاشکرا دەکات و دەڵێت:

ئەو سەرکردەیەی بە ڕاست ئینسانە بەند و زنجیر لای ڕوتبە و نیشانە

بەڵام نەک قەومی تووشکا و خۆی ڕاکا وابێ ئیتر کەس بڕوای پێ ناکا !!

ئاخ ئەمە ڕەنجی داوین بە بادا لەشکری نادان پشتمان بەرنادا (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٨٢).

لێرەدا ڕێی ڕاست پیشانی سەرکردە و نوێنەری ڕاستەقینە دەدات، کە تێبکۆشێت لە پیناو خەڵکەکەی لە جیاتی نوێنەرایەتی و مەبعووسی بەند و زنجیر وەک پلە و ناونیشان ببینێت، نەک پێچەوانەکەی خەڵکی هانبدات بۆ مەبەست و کارێک و خۆی لە لاوە دەرچێت و جێیان بهێڵێت، دواتریش کەس بڕوای پێناکات و پردی متمانەی نێوان خەڵک و سەرکردە نامێنێت. ئەمەش ترسانکترینە، پەندبێژ ئەم دۆخە وەک مۆتەکەیەک دەبینێت و دەڵێت لە کۆڵمان نابێتەوە، دواتر دەڵێت:

خەڵک بۆیە ڕانی بە شوان ئەسپێرێ کە لە گورگ و دز، پاسی بدێرێ

ئەگەر گورگ هات و مەڕێکی فڕاند ئەو گورگە قەدری شوانەکەی شکاند

شوان ئەبێ سەگی گورگ خنکێن بێ خۆیشی گاڵۆکی سەر شکێنی بێ (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٣٨).

نموونەی پەیوەندی نێوان شوان و مەڕ بۆ پەیوەندی نێوان سەرکردە و خەڵک، یان نوێنەر و دەنگدەر دەهێنێتەوە، چۆن پەلاماردانی گورگ بۆ ڕانەمەڕ کەسایەتی شوان لەکەداردەکات و واتای ئەوەیە بێ ئاگایە لەڕانەکەی، کەمتەرخەمە لە ئەرکی سەرشانی. بە هەمانشێوە بۆ سەرکردەش وایە، کاتێک بێ ئاگابێت لە گەلەکەی و خەڵکەکەی لەژێر سایە و سەرکردایەتی ئەودا زیانی پێبگات، بەڵکو سەرکردە دەبێت خۆی بەهێزبێت و مەترسییەکان لەسەر گەلەکەی بڕەوێنێتەوە و خاوەن زەبر و چەک و پلانی بەرگری بێت.

هاوار پیاوەتی بارێکی قورسە

کەوتە سەرشانت لە خۆت بترسە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٨١)

پەندبێژ ڕێنمایی هەر کەس دەکات، کە متمانەی پێکرا و خەڵکی بە پەسەندیان زانی و بە شایانی ئەوەیان زانی، کە نوێنەرایەتیان بکات. دەبێت لە ئاستی ئەو متمانە و ئەرکە قورسەدابن و لە دەستی نەدەن. دواتر جارێکی تر نا ئومێدی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت:

ئەگەر (مەبعووسی) بێ مەعاش دەبوو

(ڕئیسی تەجنید) ئەرکی تووش دەبوو (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٢٩)

جەخت لەوە دەکاتەوە هەموو ئەوانەی نوێنەرایەتی خەڵک دەکەن بە ڕووکەش، تەنیا لە پێناو مووچەدایە، ئەگەر مووچە نەبێت کەس نایکات و ناچار سەرۆکی فەرمانگەیەک بە زۆر دەنێرن بۆ نوێنەرایەتی کردنی خەڵک. واتە دوای ئەم هەموو ڕێنماییە، جارێکی تر دوودڵە و دەچێتەوە سەرهەمان بۆچوونی پێشووی، نا ئومێدە لێیان. لەهەمانکاتدا پەندبێژ خۆی هانی کەسێکی وەک ئەمین زەکی دەدات بۆ بوونە نوێنەر و بانگەشەی بۆ دەکات و دەڵێت: "ماوتە بەڵام مەترسە هێشتا باوتە هەستی نیشتیمان پەرستیت پێناسیوین ئاخ چ سوود و بودێکە، کە بیزانین بەستە زبانین" (کریم: ٢٠١٥، ٢٧٤)

لێرەدا بە ڕوونی ڕاڕایی و پارادۆکس لە لای پەندبێژ دەبینین، ڕەنگە بەشێکی هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە زۆرینەی ئەوانەی بوونە نوێنەر، یان خواستی بوونە نوێنەریان هەیە کەسی شیاونین بۆ شوێنی شیاو و لێهاتوویی ئەوەیان نییە، یاخود لە ئاستی خواستی خەڵک و پەندبێژدا نەبوون. دواتر پەندبێژ ڕێگای یەکبوون و یەکێتی نەتەوەیی پێشانی گەلی کورد دەدات و بەو ئاڕاستەیە خۆزگە و خواستی خۆی دەخاتە ڕوو و دەڵێت:

دەستی سیاسەت تێکمان بەر ئەدا وەک پەڵ ئەماندا بەکەللەی یەکدا

خوایە کۆنەکان ئەگەر بکوژی ئەوسا ئەتوانم بڵێم کورد ئەژی (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٥٦)

لێرەدا پەندبێژ هۆشداری ئەوە دەدات، کە سیاسەت نەبێتە هۆکاری تێک بەردان و دووبەرەکی نانەوە لەنێوان تاکەکانی میللەتی کورددا، بۆیە تووکی مەرگ بۆ جیلی پێشووی سیاسییەکان دەکات لە پێناو ئەوەی کورد وەک نەتەوە لە سایەی نەوەی دواتر بتوانێت بژی. دواتر لەسەر ئەم بیرە نەتەوەییەی پلانی داهاتووتر دادەنێت لەو قۆناغەدا و دەڵێت:

ئەمەوێ بڵێم نابێ کورد کورت بێ ئەبێ بۆ خزمەت پێشکەوتوو و گورد بێ

ئەبێ پێک ببڕێن نەوەک لێک ببڕێن چونکو بۆ غایەی ژین لەسەر یەک ڕێن (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٥٧)

ڕێگای ژیان بۆ نەتەوەکەی دەستنیشان دەکات، ئەویش لەپشوو درێژی و خزمەتکردنی یەکتری، هەروەها بۆ بەهاناوەچوونی یەکتر هانیاندەدات، لەبەر ئەوەی ئامانجی هەمووان یەکە، کەواتە یەکبوونە هەمووان بەئارامی بەئامانجی دیاریکراو دەگەیەنێت، بۆیە نەخشەڕێی سەرکەوتنی نەتەوە و ڕزگاریی نیشتیمان بەم شێوەیە دادەڕێژێت و دەڵێت:

بەڵام بەهیوام خاکی کوردستان وەک هەڵدەگرێ بێ بەگوڵستان

دەستەی لاوانی خوێندەوارەکان ئەگەر تێکۆشان بەدڵ و بەگیان

کە دەست لەدەست بێ، قووەت لەخوایە هیچ شوبهەت نەبێ کە ئەمە وایە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٩).

پەندبێژ خەونی ئاوەدانی بە خاکی کوردستانەوە دەبینێت. ئەم ئەرکەش بە لاوانی خوێندەوار دەسپێرێت نەک سیاسییەکان. ئەویش بە مەرجی تێکۆشان و خەباتی ڕاستەقینەی ئەوان لە پێناو خاک و خەڵکەکەی، هەروەها تەبایی و یەکێتی نەتەوە، هەرکات گەیشتنە ئەو قۆناغە، سوودی لەو پەندە باوە دیوە، کە دەڵێت: دەست لەدەست و قووەت لە خوا، هەمان پەندی لەناو پەندە شیعرییەکەدا داڕشتۆتەوە و کردوویەتییە مژدەی سەرکەوتنی گەلەکەی، لەسەر ئەم پایە گرنگەی یەکێتی نەتەوەیی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

چەند خۆشە قەومێ هەموو یەک دڵ بن لەڕووی جیهاندا وەک دەسکە گوڵ بن

ئـەوانـەی کـەوا یـەک دڵ و دیـنـن پێـکەوە خـۆشـی جیـهان ئـەبیـنـن

ئـەوانـەی لـەگـەڵ یـاران لە دەشتان لەم دنیایەدا لەناو بەهەشتان (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٣٩٣).

پەندبێژ زۆر بەڕاشکاوی بڕوای تەواوی بە ئەنجامی یەکبوون هەیە، ئەو یەکێتی چین و توێژەکانی کۆمەڵ وەک دەسکی ڕازاوەی گوڵ دەبینی لە ڕووی جیهاندا. هۆکاری خۆشبینی لە بەخششەکانی دونیاش بۆ یەکێتی نەتەوەیی دەگێڕێتەوە، هەروەها بڕوای تەواوی بەوە هەیە، کە مرۆڤ دەتوانێت لە دونیادا بەهەشتێک بۆ خۆی بخوڵقێنێت، ئەویش بە چێژبینین لە دەستکەوتەکانی یەکڕێزیی لەناو نەتەوەکەیدا، هەرچی لەم پێناوەشدا بکرێت بە سەربەرزی دەزانێت، بۆیە دەڵێت:

لەڕێی میللەتدا مردن مەردییە

مردن مردنە لینگە فڕێ چییە؟! (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٤٢)

زۆر بە ڕوونی پەندبێژ هانی قوربانیدان دەدات لە پێناو گەلەکەیدا و بەسەربەرزی دەزانێت. مردن شکۆ و شانازییە و دوودڵی لەم پێناوەدا ڕەتدەکاتەوە، واتە بەشێوەیەکی گشتی بیرە سیاسییەکەی پەندبێژ بە دوو ئاڕاستەدا دەڕوات، لە لایەک دژی کاری سیاسی و بەشداری لە پارتە سیاسییەکانە، لەلایەکی ترەوە جەخت لەپەروەردەیەکی نەتەوەیی چاندنی گیانی نیشتیمانپەروەری دەکاتەوە. بڕوای وایە، کە ڕێگای دروستی خەبات، پەروەردەی شارستانییە مەبەست لە پەروەردەی شارستانی "پەروەردەیەکە بۆ هاونیشتیمانی بوون، ئەو پەروەردەیەیە، کەوا مەعریفەی هاوڵاتی زیاد دەکات دەربارەی بنەما دامەزراوەییەکان و ماف و ئەرکەکەی، لەم چوارچێوەیەدا ئەو پەروەردەیەیە گەشە بە توانا بنەڕەتییەکان دەدات بۆ بەشداری کاری کۆمەڵایەتی و سیاسی" (محمد: ٢٠٢١، ٢٧). لەم ڕوانگەیەشەوە پەندبێژ ئەوەندەی کاری لەسەر پەروەردەیەکی شارستانیانە کردووەتەوە، بۆ بەشداری کاری سیاسی و نەتەوەیی و خۆشەویستی خاکی نیشتیمان، کەمتر لای لە هاندان و ختووکەدانی هەست و سۆزی خەڵکی کردۆتەوە و بەپێچەوانەوە هۆشیاریکردوونەوە لەو ڕووەوە.

**چوارەم: ئامانج لە بیری سیاسی و نیشتیمانی بۆ دروستکردنی سەرکردەی سیاسی و نەتەوەیی:**

ئامانجی پەندەشیعرییەکان ڕوونە، کە لەپێناو هێنانەدی مەبەستێکدا هەنگاو بە هەنگاو، هەوڵیداوە بە هێمنی، لەسەر بنەمای پەروەردەیەکی سیاسی، نیشتیمانی و نەتەوەیی لەگەڵ خەڵکیدا بدوێت و مامەڵە

بکات. ئەویش بەپێی ئەو تێگەیشتنەی پەندبێژ بۆ دۆخی ئەوکاتی وڵات هەیبووە، یان ڕوونتر بڵێین بەپێی تێگەیشتن و کاردانەوەی خەڵکی هۆشیار لەو کاتەدا، کە پەندبێژ وەک بیرکردنەوە نوێنەرایەتی ئەو دەستەیەی کردووە، کە ئێمە لێرەدا هێڵەگشتییەکانی ئامانجی پەندەکان دەخەینەڕوو:

قەت ڕێک ناکەون گەورەی ئەم شارە

تـاریـکـایی شـەو ئـێـوارە دیـارە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٩)

ئامانجی پەندەکە لێرەدا ڕوونە، کە مەبەستی هێنانەدی یەکێتی و یەکڕیزی نێوان گەورەکانی شارە. هۆکاری ترسەکەشی لەبابەتی نزیکبوونەوە لەسیاسەت و نوێنەرایەتی، ترس بووە لەپەرتبوونی زیاتر و دووبەرەکی و شانکێی چینایەتی نێوان گرووپ و دەستە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگای ئەوکاتی سلێمانی، دواتر لەسەر ئەم پرسە بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

گەورە کە یەک بن میللەت سەردەخەن

دەڵێن: دوو ڕێوی شێرێ کەوڵ دەکەن (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٧)

نموونەی گیانداران بۆ پەند لێوەرگرتن دەهێنێتەوە. شێر، کە پادشای دارستانە و خاوەن هێزی زۆرە، بەڵام کاتێک دوو ڕێوی بیاونەوێت زیانی پێبگەیەنن، دەبێت یەکبگرن. ئەم نموونەیە بۆ سەرکردەکانی ئەوکات دێنێتەوە تا یەکبگرن لە پێناو سەرخستنی میللەت، واتە ئامانجی یەکەمی پەندەکان یەکگرتنی سەرکردەسیاسییەکانە، هەروەها ئەوەش ڕووندەکاتەوە، کە کاردانەوەی خەڵکی بۆ سەرکردە چۆنە و دەڵێت:

گـەورەیی ئێستا دەردی سـەرییە ئـەچـەوسـێتەوە لـە خـەو بەرییە

نـایشـڵێن بۆ ئێمە جستوجۆیەتی ئەڵێن کردوکۆی هەر بۆ خۆیەتی (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٥٣)

سەرکردە بوون وەک لەم نەخشە ڕێیەدا خراوەتەڕوو، بریتییە لە قوربانیدان، گرتنەخۆی خەم و گرفتەکانی خەڵکی و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان. شەو و شەونخوونی لەو پێناوەدا، لە بەرانبەریشدا کاردانەوەی خەڵکی ئەوەیە، دەڵێن هەوڵی بۆ خۆیەتی، لەپێناو گەلدانییە، بۆیە نابێت سەرکردە بەم دەنگانە لە دڵسۆزی و خەخۆری خۆی بۆ گەلەکەی ساردبێتەوە، چونکە ڕێگای خزمەتکردن پڕ لەمپەر و دڕک و داڵە.

پەندبێژ بەپێی تێڕوانینی خۆی بۆ هەرکەسێک، کە تا ئەو کاتە بووە بەنوێنەر و وەزیر و کاربەدەست، بەپشتبەستن بەئەزموونی چەند ساڵەیان ئەوەبووە، کە تەنها درۆکردن بووە بەهۆکاری مانەوە و بەردەوامییان لە پۆستەکانیان نەک خزمەتکردن، بۆیە دەڵێت:

وتـوویـە تـاکـۆ پیشـەی درۆ بوو موتەصەڕیف بوو هەم سەربەخۆ بوو

بـووبـوو بە عوزوی مەجلیسی عالی زۆری نـەمـابـوو بـبـێ بـەوالـی

ئێسـتا کە تـەرکی درۆی کردووە چاوەڕێی کەوش و پاڵتۆی مردووە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٢٠)

پەندبێژ لەم پەندە شیعرییەدا درۆ وەک تاکە هۆکاری گەیشتن بە پۆست و پلە و پایە و بەرزبوونەوەی قۆناغ بەقۆناغی کەسەکان دەبینێت، نەک کاروخزمەت. هەموو ئەوانەی لە پێشووشدا کە دەیوت، مەبەستی ئەوەبووە، کەس بە فریو و داوی سیاسییەکان نەخەڵەتێت. بەهۆی ئەوانەوە ڕق و کینەی لە هاوشار و هاوزمانەکەی نەبێت، چونکە ئەوانە تەنها لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە کەسییەکانیان درۆدەکەن و خەڵکی چەواشە دەکەن. دواجار لە کوێدا وازیان لە درۆکردن هێناو ڕاستییان گوت، دەبێت چاوەڕێی دەستی خەڵک بکەن خیریان بداتێ و کۆمەکیان بکات، چونکە بەهۆی ڕاستی گوتنەوە دادەماڵرێن لە هەموو پۆست و پلەو پایەیەک، خۆشیان تەمەڵ و بێکارن. هەروەها پەندبێژ دەیەوێت ئەنجامی چوونەسەرکار بۆ ئەرک و پرسیارییەتی، تەنها لە ئەوەدا کۆبکاتەوە، کە دەڵێت:

دەستەی کار بەدەست لێیان بوو بە(خوو) وەک دووبەرەکـی لێک کـەوتوونە ڕوو

هــەرکــەسێ لە پێــش خــۆی دانــرابــێ ئــەبــێ ئــەو لایــبا، ئــەگــەر بــرابــێ

پیاوی خۆی دێنێ بۆ سەر ئەو کارە ڕاستە کە بزن شیری بۆ کارە (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ١٩٥)

ئامانجی پەندەشیعرییەکە ڕوونە، بە سوود وەرگرتن لە پەندێکی تری پێشینان، کە دەڵێت: شیری بزن هەر بۆ کارە، جارێکی تر لە فۆرمێکی تری شیعرییدا داڕێژراوەتەوە و ئەم سیفەتە ئاژەڵییە دراوەتە پاڵ کاربەدەستان و دەیەوێت بڵێت، بزن ئاسا چۆن شیری بۆ کارەکەیەتی، ئەمانیش تەنها دەستە و خزمەتکاری دەوری خۆیان خزمەت دەکەن و تەنانەت ئەوانەی پێشووش لەسەر کاربوون لایان دەبەن، نەک ئەوەی خەڵکی تر لەچینە جیاوازەکان چاوەڕێی هەلی کاریان لێبکەن.

دواتر لە بارەی فریوی سەرکردە، سیاسی، بەناو پێشەوای کۆمەلایەتی و خەڵکانی هاندەر بۆ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی، ئەزموونی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی شەشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠ز، لەم پەندەشیعرییەدا دادەڕێژێت و دەڵێت:

من لاوی وام دی کە (شەشی ئەیلوول) بەردەرکی سەرای کرد بە گەردەلوول

مــەتــەرالــیــۆزی بــەخەنــجەر شکاند ئــازایــیــەکــی شــێــرانــەی نــوانــد

ئەو کەسەی خۆیان بۆدا بەمردن ئەو بەدەستی خۆی کەلەپچەی کردن (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٢٠٠)

لێرەدا پەندبێژ جگە لەوەی ناوەڕۆک و مێژووی ئەزموونێکی لە پەندێکدا کورتکردۆتەوە، هاوکات دەیەوێت ئەوە بخاتە بیری لاو و خوێنی نەوەی داهاتوو، کە ئاگاداری دروشم و بانگەشەی ساختەی هەرسیاسییەک بن، کە لە پێناو مەبەستێکی کەسیدا، خەڵکی بڕژێنێتە سەرشەقام، ئاگاداری خیانەتی سەرکردەی نا بەرپرس بن، چونکە دوایی هەر خۆی بە ئاراستەی شەپۆل مەلەدەکات و پشت لەوانە دەکات، کە لە پێناو دروشمەکانی ئەودا قوربانیاندا و ئازایەتی و بوێری گەورەیان نواند. واتە وردە وردە ئامانجەکانی لە بواری کایە سیاسیەکەدا، کە لە سەرەتاوە کاری بۆ دەکرد ڕاستگۆیانە نەبووە. لێرەدا هەم هۆکار و هەم خواستی سیاسییەکان دەخاتەڕوو بەوەی، کە دوورە لە خواستی خەڵکییەوە.

دواتر پەندبێژ تەواوی فرەیی سیاسی بەپێی تێگەیشتنی خۆی و ئەو ئەنجامانەی لەلای خۆی بەرجەستەبوون، بەمشێوەیە لیکدەداتەوە، دەڵێت:

هــەر داری لــقی زۆر لــێبێتــەوە ئیــتر ئــەوەنــدە بــەرز نــابێتــەوە

ڕووباڕیش جۆگەی زۆر لێ بووەوە گــوڕەی نــامێنێ لــە پــڕ چــووەوە

وڵاتێــک حیــزب و میــزبی تێکەوێ هەرچی دەستی بوو، بەشی خۆی ئەوێ (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٣٥٩).

پەندبێژ پشتی بە دوو پەندی تری پێشینان بەستووە لە دێڕی یەکەم و دووەمی پەندەشیعرییەکە دایڕشتوونەوە، لە پێناو هێنانەدی مەبەستەکەی، وەک چۆن پەلی زۆر هۆکاری وەستانی گەشەی درەختە، جۆگەی زۆریش هۆکاری نەمانی هێز و گوڕەی ئاوی ڕووبارە، بە هەمانشێوە فرەحیزبی و بوونی فرەیی سیاسی بۆ هۆکاری دواکەوتنی وڵات و بردنی خێروبێری وڵات دادەنێت. تا ئێستاش ئەم بۆچوونە بۆ چوونی زاڵی ناو بیرکردنەوەی کۆی خەڵکییە، بۆیە دەکرا لە ڕابردوودا، یان دەکرێت لە داهاتوودا سوود لە بیرۆکەی سنوورداركردنی فرەیی سیاسی و بوونی پارتی سیاسی زۆر بگیرێت. وەک زۆر وڵاتی تری دونیا لە دەستوردا، یان بەپێی یاسا ڕێکبخرێت و خەڵکی پیادەی ئازادییەکانی خۆیان لەناو چەند پارتێکی سیاسی دیارکراودا بکەن.

سەرەڕای هەموو ئەوانەی لە ڕووی سیاسییەوە تێڕوانینەکانی خۆی وەک ئەوەی لە بیری پەندبێژدا چەکەرە بووە، خستەڕوو بەڵام هاوکات سەبارەت بە بیری نیشیتمان پەروەری خۆی دەڵێت:

وەتەن پەروەرم بە خودای بێ باک

کوێرە چیت ئەوێ؟ چاوێکی ڕووناک (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٧٩)

پەندبێژ وەک هەست بەوەبکات، کە گومان لە نیشتیمان پەروەری دەکرێت لە پای ئەم هەموو دژایەتییەی، کە لە بەرانبەر سیاسەت و سیاسییەکان هەیەتی، پاکانە بۆ خۆی دەکات، سوێند دەخوات، کە نیشتیمان پەروەرە ئەوەشی، کە دەیڵێت هەر لەو سۆنگەیەوەیە. بۆیە دواتر پەندێکی پێشینانی هێناوەتەوە، چۆن کەسێکی نابینا خەونی گەڕانەوەی بینایی و چاوێکی ڕووناکە، پەندبێژیش ئاوا خەونی نیشتیمانێکی ئازاد و گەلێکی سەرفرازە. جیا لەوەش بۆ ئەوەی هەست بە خۆپەرستی نەکرێت پەندبێژ باسی کەسانێکی تریش دەکات، کە نیشتیمان پەروەرن و دەڵێت:

هەندێکیش هێندە دەماخیان بەرزە بۆ وەتەن فیدای ڕوحیان لافەرزە

لە مەرگ ناترسن کە هاتنە سەرقین نــامــرن لــە دڵــی میـللەتـدا دەژین

میـللەتێک ڕۆڵـەی وا بەکـاری بێ هیچ کەس ناتوانێ بەرەنگاری بێ (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٢٠٤)

لێرەدا پەندبێژ دەیەوێت لەپاڵ دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی سیاسی و دروشمی درۆینەیان، ئەوە بخاتە بەرچاو ئێستاش کەسانێک هەن، کە بیری نیشتیمانپەروەرییان ئەوەندە پتەوە، ئامادەن گیانی خۆیان لەو

پێناوەدا ببەخشن. ئەوان مەرگ بە خەڵاتی ژیان دەزانن و لە پێناو نەتەوەکەیاندا قوربانی دەدەن، بۆیە هۆکاری مانەوە و نەمرین بۆ میللەت و پارێزگاری لە خاکی نیشتیمان.

پەندبێژ، کە دێتە سەر نەتەوەکەی بەراوردی لەگەڵ گەلانی دونیا دەکات، بەوە ئامانجەکەی خۆی دیاریدەکات، کە بۆچی هەموو هەوڵی لەپێناو پێگەیاندن و پەروەردەکردنێکی شارستانیانە بووە؟ جیا لەدرۆ و فریوی سیاسیەکان، بۆیە لەم بەراوردەدا دەڵێت:

چاومان ژوور سەری خۆمان نابینێ		عالەم سەرکەوت و (کورد) وا دەمێنێ

ئەوروپا ئۆردووی کۆلارەی هەیە		کوردیش کەلارەی تەپاڵەی هەیە

ئەو گیایەی ئێمە ئەیخەینە بەر کەر		ئەوان (ئاوریشمی) لێ دێننە بەر (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ١٥١)

لێرەدا خەمی دواکەوتوویی نەتەوەکەیەتی، ئامانجی پەندە شیعرییەکە دەرخستنی ئەو ئاستەیە لەڕووی بەرهەمهێنان و پیشەسازییەوە بەراوردێکی بکات، تا خەڵکی زیاتر تێبگەن و ڕوونتر پەیامەکەی بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی بگات. بۆیە بەراورد دەکات، ئەگەر وڵاتانی دونیا فڕۆکەخانە و سەربازگە و فڕۆکەیان هەبێت، کە پەندبێژ بە ئۆردوی کۆلارە گوزارشتی لێکردووە، ئەوا کورد کەلارەی تەپاڵەی هەیە، کە مەبەستی دەفرێکی لە تەپاڵە(پاشەڕۆی ئاژەڵ) دروستکراوە، کە وردە پشقل و پاشماوەی تری تێدەکرێت و بۆ سەرەنوێلک بەکاردێت، هەروەها ئەو ڕووەک و گژوگیایەی خەڵکەکەی بۆ ئالێکی کەر بەکاری دەهێنن، هەمان ڕووەکە گەلانی دونیا بەهۆی پێشکەوتنەوە ئاوریشمی لێ بەرهەم دەهێنن، کە بەنرخترین پۆشاکی لێ دروستدەکرێت. هۆکاری ئەم دواکەوتنییەش تەنها بۆیەک شت دەگێڕێتەوە، کە ئامانجی پەندەکەیە. ئێمەش وەک ئەنجامی ئەوەی، کە پێی گەیشتووین لەبیری سیاسی و نیشتیمانی و نەتەوەییەکەی پەندبێژ دەیخەینەڕوو.

ئــەم قــەومــی کــوردە بــەوە دەمــرێ		هیچ کەس، هیچ کەس لەژوور خۆی ناگرێ

ئــەو دڵــێ خــاوەن پێــوانــە و گــەزم		ئــەم دڵــێ ئــەزم وا هــەڵــدەبــەزم

ڕۆژێکیان لێ دێ کەوا سەرسەختی		ئەبێتە مایەی کزی و بەدبەختی (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٢١).

تەنیا هۆکاری دواکەوتوویی نەتەوەکەی بۆ داننەنان بەیەکتریدا دەگێڕێتەوە. دەردی خۆخۆری و کۆنەبوونەوە لەدەوری یەک سەرکردە، دەردی بێ دەرمانی نەتەوەی کورد لەڕابردوو و ئێستا و داهاتووشدا پێوەی ناڵاندووە و دەناڵێنێت. ئەمەش سەرسەختی و ئینکارییە، کە هۆکاری بەدبەختی و دواکەوتوویی و شکستی بەردەوامە، وەک بەرهەمێکی هەمیشەیی بۆ هەژاری لەبیرکردنەوە و تێڕوانینە ساویلکانەکان، دەردەکانی دەچنینەوە، ئەو تێڕوانیانەی لە ڕابردوودا هەبوون تائێستاش بەهەمان شێوە و فۆڕمێکی جیاوازتر لەکاری سیاسیدا بوونی هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی پەندبێژ تێڕوانین و بیرەکانی خۆی لە پەندە شیعریەکاندا بە جۆرێک بەرجەستەکردووە، کە لەگەڵ چارەسەری کاتی و بەخشینەوەی هیوای بێ بنەما نەبووە، ویستوویەتی

ڕاستگۆیانە لەگەڵ پرسە سیاسی و نیشتیمانی و نەتەوەییەکان، مامەڵەبکات، پەروەردەیەکی سیاسی و مەدەنیانەی بۆ گەلەکەی بەئاوات خواستووە. لەم ڕووەشەوە هەنگاوی کردەیی ناوە لە ڕێگای پەندەکانەوە، جیا لەوەی، بۆ ئەم مەبەستە سوودی لەچەندین پەندی تری پێشینان وەرگرتووە و لە شێوەی شیعردا دایڕشتوونەوە یان هەرخۆیان فۆڕمە شیعرییەکەیان ئامادەبووە و پەندبێژ لەگەڵ مەبەستەکەی خۆیدا ئاوێتەی کردوون. ئەمەش بەڵگەی شارستانیانە مامەڵەکردنی پەندبێژان و خەڵکی بووە لە ڕابردوودا، کە زۆر نەرمتر و دڵ فروانتر یەکتریان قبووڵکردووە و ئامادەیی سازش و پێکەوەژیانی ئاشاتیانەیان زیاتر تێدابووە بەرانبەر بە قۆناغی ژیانی پەندبێژی ئەدەبی (پیرەمێرد)، هەروەها دواتریش، تا دەگات بە ئێستا.

## پاری پێنجەم: بیری ئایینی لە پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرددا

پەیوەندی نێوان پەندەکان و ئاین و بیروباوەڕی ئایینی پەیوەندییەکی تەواوکاری و ئاوێتەیە. لە گەیاندنی بیر، بنەماکانی ئاین و بنچینەکانی باوەڕ. جیا لەوەش زۆرجار پەندەکان دەبنە پردی پەیوەندی و ڕایەڵی گەیاندنی بیرەئایینییەکان بە تاکەکانی کۆمەڵ، ئەویش بەهۆی سادەیی و ڕوونی و ڕاشکاوی پەندەکان، کە زۆرجار تێگەیشتن لێیان ئاسانترە، وەک لە خوێندنەوە و تێگەیشتن لە تێکستێکی ئایینی، یاخود زۆر جار پەندەکان ڕۆڵی شیکردنەوە و سەرلەنوێ واتاکردنەوەی تێکستە ئاینییەکان دەبینن و دەیانەوێت وەک ئەوەی، کە هەیە بیر و باوەڕی ئایینی بگەینن بەکۆمەڵ.
بەدەر لەوانە خودی کتێبە ئاسمانییەکان و فەرموودەکانی پێغەمبەر[د.خ]، پەندی زۆریان تێدایە و تەنانەت قورئانی پیرۆز بەشێکی زۆر پەندی تێدایە، کە لە پێشتریشدا ئاماژەمان پێکردووە، کە لەسەر پێنج بنەما دابەزیوە و لە ناوەڕۆکیدا پێنج تەوەر لە خۆی دەگرێت، کە یەکێکیان پەندەکانە، بە پەندە قورئانییەکان ناودێردەکرێت.
پەندە قورئانییەکان "جیاوازییەکی ڕیشەییان هەیە لەگەڵ ئەو پەندانەی، کە مرۆڤەکان دایانڕشتوون و دەیان هێننەوە. ڕاستی و دروستییان لەناواخنی خۆیاندا هەڵگرتووە، درۆ و پووچی نە لەپێشیان، نە لە دوایانەوە نایات، هیچ نەنگییەک لە ناویاندا نییە لە هەر ڕوویەک لە ڕووەکانەوە. پەندەکان هەمەلایەنن و ئامانجەکانیان دەپێکن، کاریگەری ڕەوانبێژی و ڕێوشوێن دانان و پەروەردەییان هەیە، نموونەیەکی باڵا و هاوسەنگ و وردن، بۆ هەموو دۆخێک دەبن و دەهێنرێنەوە" (بوشنعة: ٢٠١٦، ٥٢). بۆیە ئەم پەندانە پیرۆز و پڕشکۆ، پاک و واقیعی، موعجیزەیین، بەهێزترین ئامرازی زارەکی و بەڵگە هێنانەوەن لەبوارە ئایینییەکەدا بۆ گفتوگۆ بڕواپێهینانی بەکاردێن، کاریگەرترین و سوودبەخشترین ئامرازن بۆ کاریگەری و شوێندانان لەسەر مرۆڤ.

لە ڕووی ناوەڕۆک و ژمارەوە "قورئانی پیرۆز پڕە لە پەندی جۆراوجۆر و بێ شومار، کە ئاماژە بە تاک و تەنهایی خودا، پێوستی بەدەستهێنانی پەرستش و بەندایەتی، بیرخستنەوەی دواڕۆژ و زیندووبوونەوە، دەستگرتن بە فەرمانەکانی خوای گەورەوە، پەندوەرگرتن لە گەلانی پێشوو، هاندانی خەڵک بە پاداشتکردنیان بۆ چوونە بەهەشت و ترساندنیان بە ئاگری دۆزەخ دەکات" (عابی: ٢٠١٦، ١٢). لەڕووی شێوەوە پەندەکانی ناو قورئانی پیرۆز دەکرێن بە چەند جۆرێکەوە لەوانە: پەندی ڕوون و فراوان، کورت و پوخت، شاراوە.

پەندەکانی جۆری یەکەم چیرۆکی دوور و درێژ و لەسەر بنەمای هاوشێوەیی و لێکچواندن دەهێنرێنەوە و سوودیان لێوەردەگیرێت. پەندە کورت و پوختەکان بە دەربڕینی کورت پەیامەکەی خۆیان دەگەیەنن. هەرچی پەندە شاراوەکانە زیاتر زانایان و بیرمەندان لێی تێدەگەن و توانای ئاشکراکردنی ناوەڕۆک و واتاکەیان هەیە و پەندی لێوەردەگرن. سوودی پەندە قورئانییەکان لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە زیاتر ڕۆڵیان هەیە بۆ " بیرخستنەوە و ئامۆژگاری، ستایش و سەرزەنشت، نزیککردنەوەی مەبەستە لە عەقڵی مرۆڤ، وێنەکردنی بابەتەکان بەوێنەیەکی هەستپێکراو" (التوم: ٢٠١٩، ٢٤).

هەرچی پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان پەند و فەرموودە، بە هەمان شێوەی پەندە قورئانییەکان، فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)، پەندی زۆری تێدایە لەم ڕووەوە گوتەیەکی عمری کوڕی عاص هەیە، کە دەڵێت: "لە پێغەمبەری خوداوە(د.خ)، هەزار پەندم لەبەرکردووە" (بوشنعة: ٢٠١٦، ٥٩).

ئەو پەندانەی لە فەرموودەکاندا هاتوون "پەند گەلێکن جێگە و پێگەی خۆیان هەیە، ئەگەر لەو پەندانە تێپەڕین دەگەین بە پەندێکی تر، کە پەیوەستە بە پەندەکەی پێشووەوە، هیچ هەڵوێست و دۆخێک نییە، کە پەندێکی بۆ نەهێنرابێتەوە، کە پەندە هێنراوەکە چارەسەری خۆی دەخاتەڕوو بۆ گشت دۆخەکان، وەک: ڕۆیشتن و وەستان و دانیشتن، ئاگایی و خەوتن، خەم و شادی، هەر دۆخێکی تر، کە مرۆڤەکان تێی دەکەون و پێیدا تێدەپەڕن" (بوشنعة: ٢٠١٦، ٥٩).

لە بەراوردی نێوان پەندە قورئانییەکان و پەندەکانی ناو فەرموودەکان ئەوە بەدی دەکرێت، کە پەندە قورئانییەکان تەنها لە قورئاندا هاتوون و سەرچاوەی پێشتریان نییە، واتە قورئان ئەم ئەزموونانەی کردووە بە پەند، بەڵام دەشێ پەندەکانی ناو فەرموودەکان پێشتریش بوونیان هەبووبێت و سەرلەنوێ دوای بە پەسەند زانینیان، یان دارشتنەوە و ڕاستکردنەوەیان لە لایەن پێغەمبەرەوە(د.خ)، جارێکی تر وەک پەندێکی گرنگ و فەرموودەیەک بۆ ڕێنماییکردنی خەڵکی دووبارە بڵاوبووبنەوە.

کەوابوو بە شێوەیەکی گشتی پەندەکان لە ڕۆڵە تەواوکاری و نێوەندگیرییەکەی خۆیان بەردەوامن و لە بنەڕەتەوە مەبەستیان بووە کاریگەری لەسەر باوەڕداران بە جێبهێڵن وەک هۆکارێکی گەیاندن و ڕوونکردنەوە کاریانکردووە.

مەبەستی ئێمە لێرەدا لە بابەتی بیری ئایینی لە پەندەشیعرییەکاندا، خستنەڕووی ئەو پەندانەیە، کە لە ناوەڕۆکەکەیاندا باس لە بنچینەکانی باوەڕ (الأیمان): باوەڕ بە(خوای گەورە، فریشتەکان، کتێبە ئاسمانییەکان، پێغەمبەران، ڕۆژیی دوایی، خیر و شەڕ "قەزا و قەدەر") دەکەن.

هەروەها بنەماکانی ئیسلام (شایەتمان، نوێژکردن، زەکات، ڕۆژوو، حەج) بابەتەکانی تر، کە پەیوەستن بەبەها ڕەفتاری و ڕەوشتییەکان، لایەنی پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت بیری نیشتیمانی پێشتر لە بارەیانەوە دواوین و لێرەدا باسیان ناکەینەوە. جگە لەم بنەما گرنگانەی ئاین، کە باسمانکردن، هەروەها دەبێت ئەو ڕاستییە لە بەرچاو بگرین، کە پەندی پێشینان بە زۆری ناوەڕۆکی "ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، متمانە و پشت بەستن بەخوای گەورە، داننان بەدەسەڵاتی دادوەری و چارەنووس، ئامۆژگاری... یان هەیە" (الغراب: ٢٠١٤، ١٥). ئەمەش ئەوەندەی تر گرنگی بیری ئایینییمان لەناو پەندەکاندا بۆ دەردەخات و هانمان دەدات بە دوایاند بگەڕێن.

پیرەمێرد وەک پەندبێژێک ئەوەی پەیوەستە بە باوەڕی کەسی خۆی بەرانبەر بە ئایین و ئاییندارى، خاوەنی باوەڕێکی قووڵە بەرانبەر بە خوای گەورە و قورئان و بنچینەکانی باوەڕ بە تەواوی، دەڵێت: "مەلا نیم تا بتوانم فەزیلەی قورئان بەیان کەم، بەڵام هەندێ ئیعجازی قورئانم لە نەفسی خۆما دیوە و تاقیکردۆتەوە، زەوقێکی تیایە لە هەموو مەعنەویات و مادییاتی دونیادا نییە، کاتێک لە ئاخیری عومرمدا کوێرانە خوام ناسی و خووم دایە خوێندنی قورئانەکەی، کە دەیخوێنم، ڕاست و ڕەوان صەفوەتێکی ڕۆح، قووەتێکی ئیمانم بۆ پەیدا دەبێت، دادەنیشم لە خزمەت خوادا قسەئەکەم، من هەمیشە فەخرم بەوە بووە، کە لەخدمەت پادشاهێکی ئیسلاما نائیلی حزور بووم و هەزارانیش لە دووی ئەوە ئەگەڕێن، کە گەورەیەکی وەک ڕەئیس وزەرا، یان وەزیرێک قبووڵیان بکات، کە ئەمانە کەمترینی بەندەیێکی تری خوان و تا ئێستاش، کە لە هەموو کائینات موستەغنیم و هەرچیم ویستووە و خوا داویمێ هەموو لە فەیزی قورئانەوەیە" (ڕەحیم: ٢٠١٨، ٧٠).

ئەم بابەتەی، کە خستمانەڕوو لەژمارە (٤٥١) ژیان لە ئۆغستۆسی ١٩٣٤ز، لا (٤) بڵاوبۆتەوە، بەڵگەی ئەوەیە، کە پەندبێژ لە خاکەڕایی خۆی دان بەوەدا دەنێت توانا و تێگەیشتنی وەک مەلایەکی مزگەوت و زانایەکی ئایینی نییە. ئەگەر چی لە ڕاستیدا زمانزان و بیرمەند و توانای تێگەیشتنی لە زۆر مامۆستای ئایینی زیاتر و بەرزتربووە، هەروەها بەڵگەی قووڵبوونەوەی تەواو و چێژبینییەتی لە قورئان خوێندن. وەستان لەسەر ئیعجازەکانی قورئان، ئاوێتەبوونی تەواو لەگەڵیدا. جیا لەوە ڕادەی قووڵی ئیمان و باوەڕی تەواویەتی بەرانبەر بە خوای گەورە و بە تەواوی واتا لە ڕووی ڕوحییەوە وەک عارفێکی ڕاستەقینە هەست بەنزیکبوونەوەی دەکەیت لەگەڵ خوای گەورەدا، وەک خۆی دەڵێت: لەگەڵ خوای گەورەدا دەکەوێتە قسە و گفتوگۆ، ڕاز و نیاز، هەموو دەستکەوتەکانی وەک بەخششێکی ئیلاهی دەبینێت و بەبەرەکەتی قورئانی دەزانێت، وێڕای ئەوەی بەراورد و باڵابوونی ڕوحی پەندبێژ هەست پێدەکەیت، کاتێک

پەندبێژ لەگەڵ خوای گەورە و پادشای ڕاستەقینەی گەردوون دەدوێ و دیداری ڕوحی هەیە، بەڵام خەڵکانێک چێژ لە دیداری خاوەن پلە و پۆستێکی دنیایی دەبینن، لە کاتێکدا ئەمانە خۆیان بەندەیەکی بچووکی خودای گەورەن.

ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە "پیرەمێرد خوێندەوارێکی ئاسایی نەبووە، موسوڵمانێکی نەریتی نەبووە، تا وەک ئەو خەڵکە زۆر نەریتییانە و بەشێوەی لاساییکردنەوە و بەبێ قووڵبوونەوە لە مەرام و مەبەستەکانی کاکڵی دینداری، خۆی دابێتە ئەم تەوژم و ڕەوتە دینداریيە تەقلیدییەی، کە هەبووە،... بۆیە وەک ڕەخنەی گرتووە هەوڵی ڕاستکردنەوەی و هۆشیارکردنەوەی خەڵکەکەشی داوە، لێرەوە نەریتپارێز و ئەوانەی لە ڕێگەی لاساییکردنەوەوە مومارەسەی دینداریيان کردووە تۆمەتباریان کردووە بەلادەر" (ڕەحیم: ٢٠١٨، ٦٣) لەم ڕوانگەیەوە، پەندەشیعرییەکان وەک نموونە شیدەکەینەوە، کە دەچنە چوارچێوەی بنچینەکانی باوەڕ و بنەماکان ئیسلام، ئەوانەی کۆیکردنەوە، یان کردووونی بە شیعر، یاخود پەندی شیعری داڕێژراوی دەست و بیری خۆی بوون بە هەمان بنەمای کارکردنی پەندەکان، کە پێشتر کارمان لەسەرکردووە.

**یەکەم: ئاگادارکردنەوە لە مەترسی هاوبەشیی پەیداکردن بۆ خودا و پابەندبوون بە یەکتاپەرستی:**

باوەڕی تەواوی موسوڵمان دەبێت ڕەنگدانەوەی تەواوی هەبێت لەسەر ژیان، بیرکردنەوە، گوفتار و ڕەفتاری. لەم ڕووە پەندبێژ ئاگاداری هەمووان دەکاتەوە لەوەی بەمتمانەی تەواوەوە پشت بەخوای گەورەببەستن و دوورکەونەوە لە پەنابردن بۆ شتێک جگە لەخوای گەورە و دەڵێت:

که خوا پیاو سەرخا بەکەس نانەوێ ئـەم ئـاســمانە ئەسـتـوونی دەوێ؟

ئەو کەسەی کە خوا قەدری داوە پێی کەس لێی پرسیوە کە تۆ کوڕی کێی (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٤٢)

لێرەدا پەندبێژ زۆر هەستیارانە ئاگاداری خەڵک دەکاتەوە، کە تەنها پشت بە خوای گەورە ببەسترێت لە هەموو کار و کردەوەیەکدا و دوور بکەونەوە لە پەنابردن بۆ غەیری خوا، چونکە ئەمە مەترسی گەورەیە بۆ سەر ئیمانی موسوڵمان، دووچاری تاوانی هاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە دەبێت. بەمەش لە بازنەی ئیسلام دەردەچێت، هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە ڕێزی مرۆڤ خواکردە. بەوە نییە بە زۆر خەڵکی ناچاربکەیت ڕێزتبگرن، هەردوو پەندە شیعرییەکە لە پەندی (ئاسمان کۆڵەکەی ناوێ و کە خوا ناردی نالێ کوڕی کێی) وەرگیراوە و سەرلەنوێ بە شیعر داڕێژراونەتەوە.

چەسپاندنی ئەم بڕوایەش بە خۆشەویستی خوای گەورە دەهێنێتە دی و دەڵێت:

خۆشەویستی خوا خەم ئەڕەوێنێ

که خوات بوو کارت بەکەس نامێنێ (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٤٩)

جەختکردنەوەیەتی لە مەترسی هاوبەشی پەیداکردن بۆ خوای گەورە، بۆیە پەندبێژ ئاگادارییەکەی بۆ دوورکەوتنەوە لە خۆشەویستی غەیری خوا، تەنیا یەکتاپەرستی بە تاکە ڕێگا دەزانێت و کلیلی سەرکەوتن لەوێوە بەدەست دێت، دواتر زۆر بەوردی لەسەر ئەم پرسە ئیمانییە دەوەستێت و دەڵێت:

چونکو موحتاجین بەنانی شەوێ

بووینە عیسایی سێ خوامان ئەوێ (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٨٧)

لێرەدا پەیامی ئاگادارکردنەوەی توندترە، لە هەنگاوەکانی پێشوو، بە ئاشکرا ئەوە بە گوێی موسوڵماناندا دەدا، کە لە بازنەی موسوڵمانێتی دەرچووین، بە هۆی ناچاری بۆ نان پەیدا کردن و دواکەوتنی کەسانی تر لە پێناو ناندا خەریکە دین و باوەڕ لە دەست دەدرێت، ئەوەی یەکەم کاتییە و تێدەپەڕێت، بەڵام باوەڕ داینەمۆی ژیانی مرۆڤە و دەبێت دەستی پێوەبگرێت، دواتر دەڵێت:

هەرچی کە پشتی بە بەندەی خوا بەست

خوا بەو بەندەیە ئەیخا و ئەیکا پەست (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٣١٠)

پەیامی ئاگادارکردنەوەکەی توندترە، ئەوە دەخاتەڕوو، جگە لە خوای گەورە پشت بەهەرکەس ببەسترێت خوای گەورە بە هەمان کەس سزای دەدات و دەیخاتە سەر زەوی، تورە و نیگەرانی دەکات، بەردەوام دەبێت و بەراورد دەکات و دەڵێت:

(شکر) و (شرک) هەردوو لە قاڵبێکن کەچی بەمەعنا چەند دوور لەیەکن

کە مردین هیچت لەگەڵا نایە گوناهـ هاو دەمتە ئەو بەوەفایە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٦٣)

زۆر بەڕوونی مەسەلەی (شرک) هاوەڵ دانان بۆ خوای گەورە وەک گەورەترین تاوان دەناسێنێت و مرۆڤی لێ ئاگادار دەکاتەوە. کە ئەمەش لەگەڵ کرۆکی ئایندا وەک یەک دێتەوە، هاوکات پەیوەستی دەکات بەبنچینەیەکی تری باوەڕەوە، کە ئەویش مردن و ڕۆژی دواییە. مەسەلەی دادەوەری و لێپرسینەوەیە، دنیا شتێکی کاتییە و دەبڕێتەوە بەڵام ئەوەی لە کردەوەی خراپە ئەنجام دەدرێ دەمێنێتەوە و لێتنابێتەوە، بۆیە ئەم پەیامی ئاگادارکردنەوەیە گرنگ و جێی بایەخە لێرەدا، کە خزمەت بە عەقیدە و بیر و باوەڕی مرۆڤ دەکات. گەیاندنی لەسەر زمانی پەندبێژەوە تەواوکەری گەیاندنی پەیامی مینبەر و دەنگی مامۆستایانی ئایینی و خودی تێکستە ئاینییەکانە، بەڵام بۆ هەندێک ئەم زمان و شێوەی دەربڕینە، کاریگەرتر و خێراترە لە پێکانی مەبەستەکەیدا بەراورد بە هەر ڕێگایەکی تر.

ئەم پرسە بەم پەندە شیعرییە بەکۆتا دەهێنێت و دەڵێت:

کە تۆ خۆت ناسی خوایشت ئەناسی ئەوسا کەس ناڵی کاسی و کەساسی

خواناس لە بەندەی بەندەگی دوورە لەبەندە دوورە وا ڕەنگی سورە (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ١٤٧)

پەندەشیعرییەکە هانی خۆناسین دەدات بەر لە خواناسین، بەوەی مرۆڤ بزانێت کێیە، بۆ لەدایکبووە، مافی چییە، ئەرکی چییە لەم ژیانە، بۆ دەبێت بەندایەتی بکات، بەندایەتی بۆ کێ بکات، کێ شیاوی پەرستن و کڕونووش بردنە، ئەمانە هۆکارێکن بۆ ئەوەی وڕ و کاس و دابڕاو نەبێت لە ژیانی شایستە. کەساس و داماوی دنیا و دواڕۆژنەبێت، دوور دەکەوێتەوە لە بەندایەتی بەندەیەکی هاوشێوەی خۆی، کە شیاوی پەرستن نییە، ئەو کات ڕووسوور و ڕووسپی دونیا و دواڕۆژ دەبێت و سەربەرزانە بە پاکی دەمێنێتەوە.

ئەوەی لەم تەوەرەدا جەختمان لێکردەوە تەنها یەکێک بوو لە گرنگترین بنچینەکانی باوەڕ، کە باوەڕهێنانە بە خوای گەورە و دوورکەوتنەوە لە بڕیاردان بۆ هاوبەشی پەیداکردن، کە هۆکاری دەرچوونە لە بازنەی مۆسوڵمانێتی و تاوانێکە لێخۆشبوونی نییە.

**دووەم: ڕێگری لە زەوتکردنی مافی خەڵک و مەترسی لە سەر ژیانیان لە ڕوانگەی ئایینەوە:**

ئەگەرچی پەندبێژ لە پەیامی ئاگادارکردنەوەکەیدا هۆشداری دوورکەوتنەوە لە هەر ڕێگایەک دەدات، کە ببێتە هۆی تاوان و لەکەیەک بەسەر باوەڕ و دینداری کەسانی باوەڕدارەوە، بەڵام لە هەنگاوی ڕێگریدا بوێری زۆری تێدایە، کە دەیەوێت فتوای ڕاگرتنی یەکێک لە بنەماکانی ئیسلام بدات، بە شێوەیەکی کاتی و بۆماوەی ساڵێک یان زیاتر، کە حەجی ماڵی خودایە و ڕێگری لەوە دەکات لە پێناو ژیانی منداڵانی هەژاری شارەکە و تێرکردنیان، هانیاندەدات بۆ مەولوود و ناندان بەهەژاران و دەڵێت:

ئەمساڵ حەج بوو بوو بە بابی بابی پـارەی ئێرەبوو، چوو بۆ (وەهابی)

من کـە منـداڵی شـارم برسـی بێ ئەیدەم بەو ئەگەر لەخوا ترسی بێ

هەر مەولود چاکە کە تام لەخۆیە بەڵام لەوەیشدا (کەوا بخۆیە) (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٥٤)

لێرەدا هەست بە تێگەشتنێکی جیاوازی پەندبێژ دەکرێت، ناوهێنانی وەهابییەت وەک ڕەوتێکی ئایینی، کە لە ئێستادا لە کۆمەڵی ئێمەدا سەلەفییەت نوێنەرایەتی دەکات و وەستانەوە دژیان، هەروەها ئاماژەدان بەوەی کرۆکی دینداری بریتییە لە دابینکردنی خوشگوزەرانی بۆ خەڵکی، هاندانیان بۆ خێر و چاکەیەک، کە لەسەر بنەمای سوود گەیاندن بێت بە هەمووان. بۆ ئەمەش مەولوود و ناندان بە هەژاران بە جێگرەوەی حەج دادەنێت، لە کاتیکدا خەڵکی برسین ئەویش لە پەندەشیعرییەکەدا سوودی لە ئیدۆمی (کەوابخۆ)وەرگرتووە، بە مەبەستی ڕێگری لە نەریتی خێرکردن بە کەسانێک، کە شیاو نین و یان پێگەیەکیان هەیە و پێویستیان بە خێر نییە، واتە دوورکەوتنەوە و ڕێگری لە خێری ڕووکەش. دواتر ڕێگری دەکات لە هەر هۆکارێک، کە دەبێتە مایەی دوورخستنەوە لە دینداری و بنەما ئاینییەکان و دەڵێت:

هەموو ئایەتێک لە سوورەی قورئان فەرموویە خۆتان لادەن لە شەیتان

بـەڵام ئـەو هێندە فریوی زۆرە زۆر کەس لە خشتە ئەبا بەنۆرە (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ١٤٨)

پەندبێژ پاڵپشت بە ئایەتی قورئانی پیرۆز ڕێگری دەکات لە کردەوەی خراپ و هەر هەنگاو هۆکارێک، کە مرۆڤ دووردەخاتەوە لەکرۆکی دینداری و بیری نەگونجاو، لەوێوە ئاگاداری هەمووان دەکات، کە لەداو و فێڵی شەیتان و خراپەکاران خۆیان بپارێزن و دووربن لێیان. ڕێگرە لەنزیکی و تێکەڵی لەهەر هۆ و هۆکارێک، کە نزیکی بکاتەوە لە خراپە و خراپەکاری، هەروەها لەسەر چەمکی دادپەروەری و یەکسانی دەوەستێت و لە ڕووی دینەوە دەیخاتەڕوو:

ئایینی ئیسلام تەساوی دانا بەڵام فەزڵێشی بۆ دانا دانا

من بەڕەنجی شان پارەم دەستکەوێ تەمەڵ لەولاوە چی لەمن ئەوێ؟

بەڵێ حەقی کەس بەکەس نابڕێ ناحەقی ناوی بەخراپ ئەبڕێ (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٢٨٩)

لێرەدا پەندبێژ جیاوازی لە نێوان هەردوو بابەتی دادپەروەری و یەکسانی دەکات. واتە بە ناوی یەکسانییەوە ڕێگا نادات کەسانی کارنەکەر و تەمەڵ مافی کەسانی ماندوو بخۆن، یان کەسانی نەزان و بیرنەکەرەوە مافی کەسانی زانا و دانا بخۆن، چونکە مافی کەس بەکەس نابڕێت، بۆیە ئەگەرچی ئاماژەی پێنەکردووە، بەڵام جێگرەوەی یەکسانی، تەنیا دادپەروەرییە و مەبەستەکەی ئەوە دەگەیەنێت، جیا لەوەی ئەوەی مافی خەڵکی دەخوات لە ڕووی ئاینییەوە دروست نییە. لە دنیادا ناوی وەک خراپەکار دەڕوات، هەروەها لەسەر ئەم ماف خواردنە بەردەوام دەبێت و دەڵێت.

هەرچی ئەیبینی فڕان فڕانە بۆ خۆیشیان نییە، بۆ گەورەکانە

لەمەڕ ئەفڕێنن، ئەیدەن بە گورگان حیزی مایە پووچ، بە فڕکان فڕکان

ئەمانە هەمووی بێ ئیمانییە لە ئاین لادان ڕێی شەیتانییە

ئەم بێ دینییە و خوا نەناسی کاری کردۆتە ڕوکنی ئەساسی (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٣٦٢)

پەندبێژ ڕێگری لە تاوانی دزی و جەردەیی دەکات، تاوانێک، کە خودی تاوانبار بۆ خۆی لێی سوودمەند نەبێت و بۆ سەردەستە و فریودەرەکان بێت، کە ڕۆڵێکی شەیتانی دەبینن لەهەڵخەڵەتاندنی خەڵک، بۆیە پەندبێژ بێزراوترین وشەی ناو کۆمەڵیان بۆ بەکاردەهێنێت و وەک نیشانە و سیمایەکی لادان لەئاین و بیر و باوەڕ دەیبینێت. ئەمەش کاریگەری لەسەر بنچینەکانی ئیمان هەیە، کە خودی پەندبێژ هەوڵی چەسپاندن و هاوکات ڕێگری لە هەر هەنگاوێک دەکات، کە مایەی دوورکەوتنەوە و لادانە لەمەبەستی سەرەکی بەجێهێنانی ئەم بنچینە ئیمانیانە.

**سێیەم: ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن بۆ چەسپاندنی بنچینەکانی باوەڕ و بنەماکانی ئیسلام:**

پەندبێژ دوای هەوڵەکانی بۆ ئاگادارکردنەوە و ڕێگری لە کردەوە و کارێک، کە ببێتە هۆی لادان لە بنچینەکانی باوەڕ و بنەماکانی ئیسلام. دواتر پەیامی ڕێنمایی و ئاڕاستەکردنی خۆی بۆ هەمان مەبەست دەخاتەڕوو. دەیەوێت بۆ پابەندبوون و پەیڕەوکردنی ئەو بنەمایانە هانیان بدات. گرنگترینیان بەلایەوە جێبەجێکردنی بنەمای زەکاتە، بەمەبەستی هێنانەدی یەکسانی لە ژیانی ئابوری و دابینکردنی ئاسایشی خۆراک، بۆ هەژارن و هاندانی دارا و دەوڵەمەندان بۆ بەجێهێنانی ئەم بنەما ئاینییە، بۆیە دەڵێت:

سەرمایەت بۆ خۆت زەکات بۆ خودا

مێو کە بیبڕی چاکتر بەر ئەدا (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٣٥)

پەندبێژ بەخشینی زەکات، بە بەخشینێک دادەنێت، کە بۆ خودایە. ڕاستە دەدرێت بەهەژاران، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ خوای گەورەیە. ئەمەش دەچوێنێت بە درەختی مێو، کە چۆن ساڵانە دەبڕدرێت بۆ ئەوەی نوێ ببێتەوە و توولی تازە و بەرهەمی زیاتر بهێنێتە بەر. پەندبێژ سوودی لە ژینگە کشتوکاڵیەکە وەرگرتووە بە هێنانەوەی وێنەی مێو و ڕەزبڕین بۆ سەرمایە و زەکات بەخشین، دواتر دەڵێت:

یاریدەی کەوتوو سەدەقە و زەکات

بەئەمری خودا و پێغەمبەر داهات (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٢٨٩)

پەندبێژ ئەم ئەرکە ئاینییە وەک هۆکارێک بۆ دەستگیرۆیی کەسانی هەژار و نەدار دەخاتە ڕوو. هاوکات ئەوەش ڕووندەکاتەوە کاتێک خەڵکی باوەڕدارە، ئەمە فەرمایشتێکی ئیلاهی و فەرموودەی پێغەمبەره[د. خ]، دەبێت وەک فەرمانێک بەجێی بهێنێت و بە بیانووی جۆراوجۆر خۆی لێ بەدوور نەگرێت. یەکێکی تر لە بنچینەکانی باوەڕ، باوەڕبوونە بە پەرتووکە ئاسمانییەکان، کە زۆر جار کەسی موسوڵمان یان بەهۆی هەڵە تێگەیشتنییەوە، یان بەهۆی بیری توندئاژۆییەوە، تێکڕای پەرتووک و ئاینەکانی پێش خۆی دەسڕێتەوە و دانی پێدانانێت و بگرە زۆر جار دەگاتە خانەی سووکایەتی و ناوزڕاندنی پەیڕەوانی ئاینەکانی پێشوو، بۆیە پەندبێژ دەڵێت:

چوار کتێبی خوا چوار پەندی تیایە        کە گوێی لێبگرن وەکو کیمیایە

تــەورات وتــوویە قـانع بی تــێری        زەبوور وتوویە بێ دەنگ بی شێری

ئیـنجیـلیـش ئەڵێ: تۆ دەرکەنار بە        لە دڵە خورپــەی دنیا ڕزگار بە

قورئان فەرموویە پشت بەخوا بەستە        ئەتخاتە ڕێی ڕاست ئەو سایە بەستە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٦٠). لێرەدا پەندبێژ دەیەوێت پەرتووکە ئاسمانییەکان بناسێنێت و پەندەکانی ناوی وەک ڕێگا چارەی ژیانی مرۆڤایەتی بخاتەڕوو. لە تەوراتەوە قەناعەت و تێری، لە زەبوورەوە بێ دەنگی و بوێری، لە ئینجیلەوە سەلامەتی و دوورکەوتنەوە لە کێشە، لە قورئانەوە پشت بەستن بە خوای گەورە و دۆزینەوەی ڕێگای ڕاستی ژیان. دوو پەیامی زۆر ڕوون بۆ ئاراستەی بیری تاک بەدیدەکرێت، یەکەمیان بیرهێنانەوە و باوەڕکردن بە پەرتووکە ئاسمانییەکان، دووەم باوەڕهێنانی تاک بەوەی دەکرێت سوود لە ناوەڕۆکی هەموو بیرێکی باش بۆ ژیان وەربگیرێت و بکرێتە بەرنامەی ژیان، بۆیە لە هەریەکەیان پەندێکی وەک نموونە هێناوەتەوە، جیا لەوەی جارێکی تر ئەوە بیری هەمووان دەهێنێتەوە، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە ناوەڕۆکی پەرتووکە ئاسمانییەکان سیخناخن لە پەندگەلی جۆراوجۆر بۆ ڕێنمایی مرۆڤایەتی.

پەندبێژ لەسەر پرسێکی تری بیروباوەڕی موسوڵمانان دەوەستێت، ئەویش بابەتی چەواشەکاری بیری موسوڵمانانە، لەلایەن پیاوانی ئایینی، جا هەر ئاینێک بێت پاپا، یان شێخ، کە بەناوی جۆرا و جۆرەوە فریوی خەڵکیانداوە، دەڵێت:

لە (پاپا) و شێخان بەهەشتیان ئەکڕی        عــەقیـدەی عــەســری ئەو نانەی بڕی

کە ئەو لەپێـستی خـۆیا نەوەسـتێ        ئەم خەڵکە دەمی خۆی بۆ چ ئەبەستێ (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٣٠٣)

لێرەدا پەندبێژ ئەو درۆ و پووچیانە دەخاتەڕوو، کە پاپاکانی ئایینی مەسیحی لە قۆناغێکی مێژووییدا بلیتی چوونە بەهەشتیان دەفرۆشت، لە ئایینی ئیسلامیشدا بەشێک بە ناوی شیخایەتی تۆبەیان لە موسوڵمانان

قبووڵ دەکرد، بەڵێنی لێخۆشبوونیان بۆ دەردەکردن و زۆر شتی تری هاوشێوەی ئەم جۆرە کارانە، ئەمانەش تەنیا لە دەسەڵاتی خوای گەورەدان و لێخۆشبوون و چوونە بەهەشت و هەربابەتێک پەیوەندی بە دوارۆژەوە هەبێت مافی کەس نییە بەڵێن بدات. بۆیە پەندبێژ بە بیروباوەڕی نوێی تێگەیشتن و دیدی نوێی ئاییندارییانە خۆشبەختە، کە خۆی یەکێکە لە خاوەن هزرە نوێیەکانی ئەو قۆناغە و بەرپەرچی ئەم پووچیانەی پیاوانی ئایینی دەداتەوە. جیا لەوە هانی خەڵکی دەدات بۆ باسکردن و ناساندنیان بەناو کۆمەڵدا، چونکە کاتێک شێخێک بە ناوی ئایینەوە دەستی موسوڵمانان ببڕێت و زیان بەباوەڕیان بگەیەنێت، بۆچی بە ناوی غەیبەتەوە ڕێگری بکرێت لە باسکردنیان، بە پێچەوانەوە پەندبێژ ڕای وایە لە ڕاستیاندا، کەس دەمی نەبەستێت و باسبکرێن، تا ڕووی ڕاستەقینەیان بۆ هەموولایەک دەربکەوێت.

پەندبێژ لە زۆر جێگادا ڕاستەوخۆ هەوڵی داوە شیکاری بۆ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بکات، یان ناوەڕۆکی فەرموودەیەک بخاتەڕوو، جیا لەمانە هەوڵیداوە ئایەت، فەرموودە و گوتەی زانایان تێکهەڵکێشی پەندە شیعرییەکانی بکات، لەوێوە لێکدانەوەی بیری خۆی وەک ئەوەی لەدەقە ئایینیەکە تێگەیشتووە بخاتە ڕوو، وەک لەم پەندەدا دەڵێت:

(لیس للانســان الا مــاســعی)

لە پێشدا سەعی لە پاشا دوعا (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٤٧)

نیوەدێڕی یەکەمی پەندە شیعرییەکە ئایەتی ژمارە(٣٩)ی سورەتی نەجم، لە نێوە دێڕی دووەمدا جیا لەوەی شیکاری ئایەتەکە دەکات، بەوەی هەمووکەسێک هەوڵبدات، هاوکات ڕێنمایی پەندبێژ بۆ تاکی موسوڵمان ئەوەیە، کە نابێت بە ناوی دیندارییەوە تەنها پەنا ببرێتە بەر نزا و پاڕانەوە بۆ هەر کردەوە و کارێک و هەوڵی لەگەڵدا نەبێت، بەڵکو دروست لە کاری مرۆڤی موسوڵمان و سەرکەوتوو، لە دەستپێکدا هەوڵدانە دواتر نزایە بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجەی لە پێناویدا هەوڵتداوە و تێکۆشاوی.

دواجار پەندبێژ ڕینمایی کۆتایی و ئاڕاستەی بیری خۆی لەیەک پەندی شیعریدا چڕدەکاتەوە و دەڵێت:

هەر دینی ئیسلام ڕێی سەلامەتە

بۆ هەموو بەشەر جێی هیدایەتە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٩٧)

لێرەدا وێڕای ئەوەی پێشتر لە ڕووی بنچینەکانی باوەڕەوە داننان و بڕوابوونی خۆی بە پەرتووکە ئاسمانییەکان و ئاینەکانی پێشوودا خستەڕوو، بەڵام ئایینی ئیسلام وەک دوا ئایینی پەسەندی خوداوەند دەناسێنێت. بڕوای وایە، کە ناوەڕۆک و پەیامەکانی گشتگیرن و مایەی ڕێنوێنین بۆ کۆی مرۆڤایەتی و هۆکاری خێر و ڕزگاربوونن لە نەهامەتییەکانی ژیان.

**چوارەم: ئامانج لە باوەڕداریی و دینداریی ڕاستەقینە:**

پەندبێژ وەک نەخشەڕێگایەک دواجار دەیەوێت بەئامانجەکەی بگات لە هێنانەدی ئەو مەبەستانەی، کە لە پێناویدا تێکۆشاوە، چونکە تەواوی هەوڵەکانی بۆ خزمەتی مرۆڤە لە ڕووی هاندانی بۆ گەیشتنی بە

قۆناغێک، کە تیایدا بگاتە بیرکردنەوەیەکی دروست و قووڵ لەژیانی دینداری خۆیدا. بەمە بگاتە ئاستی دەروون دروستی خۆی، هەروەها لە ژیانی ئاسایی و مامەڵە و پەیوەندییەکانی بیگەیەنێتە ئاستێک، کە جیاوازبێت لە هەرکەسێکی تر، کە چێژی باوەڕ و خواناسی نەکردووە، بۆیە دەڵێت:

خوا زۆر بەحیلمە و ئێمە بە پەرۆش

دەریای غەزەبی درەنگ دێتە جۆش (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ١٩٥)

پەندبێژ لێرەدا مژدەی نەرم و نیانی و میهرەبانی خوای گەورە بە هەمووان دەدات، تا ئەوەی مرۆڤ لە جیاتی ئەوەی لە ترسەوە خواپەرستی بکەن، بگۆڕێت بۆ ئەوەی مرۆڤ لەبەرئەوە خواپەرستی بکات، کە خوایەک هەیە شیاوی پەرستنە لە پای دروستکردنی هەموو گەردوون و بەخشینی ئەم هەموو بەخششە بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

دواتر لەسەر چۆنییەتی ئەنجامدانی بنەماکانی ئیسلام دەوەستێت لەوانە: نوێژ، ڕۆژوو و حەج، لەم ڕووەوە هانی هەموولایەکی داوە، کە تەنها لە پێناوی خوادا پەرستشەکانیان بکەن، نەک بۆ ڕووپامایی و مەبەستی دنیایی، بۆیە دەڵێت:

سەد نوێژ بۆ ئاغا و شێخ دا ئەبەسترێ    بــەڵام ڕۆژووە هیـچ ڕیایی تیـا نــاکرێ

حــەج پیــاو لە گــوناهـ پــاک ئەکـاتەوە    زۆرتــر بــۆ ســوێنــد کــاتــی هــاتەوە

ئەڵێن تەئسـیری حەج وەک شەرابە    پێی دەرئەکەوی چاکە و خراپە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٣٣).

پەندبێژ بە ڕوونی لە ڕووی بەجێهێنانەوە لەنێوان نوێژ و ڕۆژوودا جیاوازی دەکات، چونکە زۆر کەس هەیە بۆ خۆدەرخستن لەبەرچاوی کەسانێک هەڵدەستن بە نوێژکردن و ئەنجامدانی. ئەگەرچی لە ڕاستیدا بە بڕواوە نایکەن، بەڵام ڕۆژوو ئەگەر خۆت قسەنەکەی کەس نازانێت، تەنها لە پێناو خوای گەورەدا دەست لە خواردن و خواردنەوە هەڵدەگریت، هەروەها سەبارەت بە حەج دەڵێت: زۆرێک تەنها وەکو چاولێکەری بۆ فریودانی خەڵک و سوێند خواردن بە کەشیدەی پشتیان لە کاتی مامەڵە و بازرگانیدا دەچن بۆ حەج، نەک بۆ پەشیمانی و گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگار، بۆیە پەندبێژ بە شێوەیەکی تەنزئامێز فەریزەی حەج و شەراب وەکیەک سەیردەکات. هەردووکیان بەهۆی دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی مرۆڤ سەیردەکات، چۆن مەستێک ئاگای لە خۆی نییە لە کاتی مەستییدا دیوە ڕاستەقینەکەی خۆی پیشانی هەمووان دەدات، دەبێت حاجییەکیش بە تەواوی لەدوای حەجکردنەوە گەڕابێتەوە بۆ لای خوای گەورە و ئاگای لە هیچ بابەتێک نەبێت، کە لە تاوان نزیکی کاتەوە، ئەگەرنا بچێتەوە سەرکار و پیشەی پێشووی دیارە بەندایەتییەکی ڕووکەشی ئەنجامداوە لە پێناو دنیا و فریودانی دەوروبەردا بووە نەک بۆ خوای گەورە.

خوا فەرموویەتی تۆ هەر ببەخشە    سەد هێندەی ئەوت بۆ دێ مەلەخشە

ئەو ڕزقەی کەوا خوا بۆت ئەنێرێ    لەئەجەل زیاتر، لە دووت ئەگەرێ

بەڵام ڕزقی خوا شەرتی باوەڕە           بێ باوەڕ ماسیش ناگرێ و تەڕە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٣٤)، لێرەدا پەندبێژ لەسەر کرۆکی باوەڕ دەوەستێت و تەنها باوەڕ بە خوای گەورە و دانان بە گەورەیی و تاک و تەنهایی خوادا سەرووی هەمووشتێکە. لێرەوە هانی بەخشین دەدات وەک بنەمایەکی بنەڕەتی بۆ یەکسانی دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان، دواتر لە دێڕی دووەمدا فەرموودەیەکی لە پەندێکی شیعرییدا داڕشتۆتەوە، کە دەڵێت ئەوەی زیاتر بەدوای هەرکەسێکدا دەگەڕێت ڕۆزییە، نەک ئەجەل، لەدەرەوەی باوەڕ هەر هەوڵێک بدەیت وەک ئەوە وایە بڕۆیتە ڕاوە ماسی و هیچیشت دەست نەکەوێ و پاشت تەڕبێت. لێرەشدا ئەوپەندەی سەرلەنوێ داڕشتۆتەوە، کە دەڵێت: ئەوەی ماسی بگرێت قنگی تەڕ دەبێت. پەندبێژ بڕوای خۆی وایە، کە ئیمان دەبێت تەواو قووڵ و بەمتمانەوەبێت، دوور بێت لەگومان و دڵەڕاوکێی بەردەوام، بۆیە دەڵێت:

پـرسـی ئـابـرا ! تـخـوا پێـم بێـژە           ئـەم دڕکـە بـەچـی ئـەمـەندە تێژە؟

وتی بێ فەڕ تۆ شێتی، گێژ و وێژ           کە خوا فەرمووی تێژ گشتی بووگە تێژ

چەند خۆشە ئینسان باوەڕی وابێ           بێ ڕەنگدانەوە خوای لەلا خوا بێ (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ١٩٧)

ئەم پەندەشیعرییەی لە چیرۆکێکی ناوکۆمەڵ و گفتوگۆی نێوان دوو شوانی گوندنشینەوە وەرگرتووە، کاتێک پرسیار لە دڕکێک دەکات، وەڵامی شوانەکەی تر بۆی، پەندبێژی سەرسام کردووە، لەوەدا زۆر جار باوەڕی مرۆڤ پێویستی بەوەنییە بە دوای هەمووشتێکدا بچێت، بۆ هەمووشتێک بەڵگەی بوێت، کاتێک باوەڕت بە خودای خۆت هێنا دەبێت بە تەواوی متمانەوە بە ئیرادەیەکی قووڵەوە خوای خۆت بە خاوەنی هەموو هێز و دەسەڵاتێک بزانیت و پەرستشی خۆت ئەنجام بدەیت، ئەنجام لە باوەڕداری و موسوڵمان بوون پەندبێژ دەیەوێت مرۆڤ بگاتە ئەم ئاستە.

پیـاوی موسـوڵـمان ئـەبێ سالم بێ           دەست و زوبانی بۆ خەڵک خادم بێ

چەند خۆشە ئینسان لە خوا بترسێ           ڕێگەی ڕاست بگرێ و لە شا نەپرسێ

خزمەتی قەوم و قیلەی خۆی بکا           نەیەوێ هیچ کەس تکای بۆ بکا

هەر چۆنێک ئەژی خۆشە نەک بەشەڕ           خۆت خۆشەویست کە لای خوا و بەشەر

(پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٢٦٤).

پەندبێژ دەیەوێت مرۆڤ بەهۆی دینداریییەوە ببێتە تاکێکی سەلامەت و بێوەی لە گوفتار و ڕەفتاریدا. مرۆڤ لە هەر هەنگاوێکیدا خوای گەورەی لە یادبێت و بترسێت، کە کاری هەڵە ئەنجام نەدات. بەمەش تەواو بێمنەت بێت لە هەر کەسێک، کە دێتە ڕێی ئەگەر ئەم گەدابێت و بەرانبەری پادشا، چونکە هێزی ئیمان و باوەڕ، گەدایەک دەباتە ئاستی شایەکەوە لەڕووی هێز و باوەڕ بەخۆبوونەوە. لەم ڕووەوە فەیلەسوف و شاعیری مەزن (ئیقبالی لاهوریی) دەڵێت: "ئیمان، کە هاتە ناوگیانەوە گیان دەبێتە گیانێکی تر، گیانیش بوو بەگیانێکی تر، جیهان دەبێتە جیهانێکی تر، کەواتە مرۆڤ بە ڕووکەش بچووکە، بەڵام بە ناواخن جیهانێکی گەورە و بەرینە، جیهانێک چەندین نهێنی و گەوهەری تێدا شاردراوەتەوە" (ئەدهەم،

٢٠١٩، ٥٤)، بەمەش ڕەگی چاکەکاری، بەخشین و خزمەتی بۆ گشت دەبێت، منەتباری کەس نییە لە دوارۆژدا نزای بۆ بکات، بەڵکو بەهێزی باوەڕداری خۆی و کردەوەی پەسەندی ڕۆژانەی دەبنە بەڵگەی پاکی و چاکی و هۆکاری وەرگرتنی پاداشتی ڕاستەقینەی خودایی، کە بەهەشتی نەبڕاوەیە. کاتێکیش دووری لە گرفت و کێشە بۆ خۆت و خەڵکی، دواجار خۆشەویستی خوا و خەڵکی خودا بەدەست دەهێنیت. ئەمەش گەورەترین پاداشتی مەعنەوییە لە دونیادا، کە هێزێکی زۆری پێدەدات لە ڕووی دەروونییەوە هەست بە ئاسودەیی و ئارامییەکی ڕوحی زۆر دەکات.

**پاری شەشەم: بیری فەلسەفی لە پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرددا:**

فەلسەفە بابەتێکی جێی بایەخ و گرنگە، کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گفتوگۆی زۆری بەدوای خۆیدا هیناوە، پرسیارگەلی فەلسەفە چییە و بۆچییە خۆی لە خۆیدا، جۆرێک لە فەلسەفەی بەرهەم هێناوە، پرسیارە زۆر و زەوەندەکانی مرۆڤ لە بارەی خودی مرۆڤ خۆی، خودا، سروشت، بوون و ژیان...هتد ئەمانە و چەندین پرسیاری تر، هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەیان، فەلسەفەیان هێناوەتە بوون.

بەردەوامی و وێڵبوون بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەی، کە فەلسەفە چییە؟ چەندین پێناسەی لە لایەن فەیلەسووفانەوە بە دوای خۆیدا هێناوە، دەگوترێت: "فەلسەفە سەرنجدانە لە کێشەکان و بابەتی دیاریکراو" (ئەدهەم: ٢٠١٦، ٧)، هەروەها وا دەبینرێت، کە لێکدانەوە و واتاکردنی شتەکانە بە شێوەیەکی لۆژیکی، واتە "فەلسەفە جۆرێک بەیانی واتایی کەم تا زۆر تۆکمە و لۆژیکی جیهانبینییە جۆراوجۆرەکانە، کە لە درێژەی مێژوودا یەک لە دوای یەک سەرهەڵدەدات" (گۆڵدمەن: ٢٠٠٧، ١٤٧)، یاخود دەکرێت بڵێین بیرکردنەوە و تێڕامان و سەرنجدان، دەمانگەیەنێت بە بەرهەمهێنانی دیدی فەلەسەفی، بەو پێیەی فەلسەفە "بیرکردنەوەیە لە بیرکردنەوەدا یان بیرکردنەوەیە لەسروشتی ڕامان و بیرکردنەوەدا" (محمود: ٢٠١٤، ١٠)، هەروەها وێڵبوون بە دوای پرسیاردا بەبنچینەی هاتنەدی فەلسەفە دەزانرێت. لەم ڕووەوە برتراند راسڵ دەڵێت: "ئایا ڕێساکان لە سروشتدا بوونیان هەیە، یاخود ئەوەی ئێمە لەبەر خاتری عیشقی فیتری بۆ ڕێکخستن، باوەڕمان بەبوونی ئەو یاسا و ڕێسایانە هەیە؟ بە بۆچوونی راسڵ زانست ناتوانێت وەڵامی ئەمانە بداتەوە... لەبەرئەوەی کاری فەلسەفە ئەگەر وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە بابەتانە نەبێت، بە لانی کەمەوە خوێندنەوە و توێژینەوەی ئەم بابەتانەیە" (ئەدهەم: ٢٠١٦، ٨).

لێرەوە بەو پێناسەیە دەگەین، کە فەلسەفە "گەڕان و هەوڵدانە بۆ وەڵامی ئەوپرسیارە بنەڕەتییانەی، کە بوون و گەردوون گەڵاڵەیان دەکات، یان گەڕان بە دوای ڕاستی و ئەو کەسەی، کە ڕاستی لەلایە" (مسعود: ١٩٩٩، ١٢). هەر لەبارەی فەلسەفەوە دەگوترێت: "زنجیرەیەک باسی بەڵگەدارە، کە مەبەست و ئامانجی گەرموگوڕ دابین دەکات و ئەنجام و سەلماندنی بوونی ڕاستەقینەی شتەکان و دیاریکردنی هۆکار و هۆیەکان و چۆنییەتی و پلەی بوونیان، ناوی فەلسەی لێدەنرێت" (ئەدهەم: ٢٠١٦، ١٠). بۆیە فەلسەفە بەهۆکارێک بۆ گەیشتن بە ڕاستی و دوورکەوتنەوە لە هەڵە دادەنرێت. واتە "فەلسەفە دەربازبوونە لە هەڵە، دروستکردنی ڕاستییە و شوێندانانیشە بۆ گەڕان بە دوای هەل و دەرفەتی نوێی پرسیار سازیشدا" (ئازادحەمە: ٢٠٢١، ٦٣).

لە بەراوردی نێوان فەلسەفە و ئاین و پابەندی و سەرپێچیدا بۆچوونێکی ئیبن ڕوشد هەیە، کە دەڵێت: "عەقڵ بەخششێکی بەرزی خودایە بۆ مرۆڤ، تەنها مرۆڤ لەناو هەموو بونەوەراندا وەریگرتووە، ئەو وەحییەش لە ڕێگای پێغەمبەرانەوە هاتووە، دیارییەکی تری خودایە، بۆ مرۆڤ بۆ ڕێنمایی کردنی هاتووە. دوو دیاریش، کە لە یەک سەرچاوەوە دێن ناتوانن دژایەتی یەکتر بکەن، وەحی هات بۆ قسەکردن لەگەڵ عەقڵ و عەقڵیش بە ڕووناکی وەحی ڕێنمایی دەکرێت، هەردووکیان یارمەتی مرۆڤ دەدەن لە بەهێزکردنی باوەڕی بەپەروەردگار و تێگەیشتن لە دەوروبەری" (طاهر: ٢٠١٥، ١٤٤). لێرەدا مەبەستەکە ڕوونە، کە فەلسەفە بەرهەمی ژیرییە و لەگەڵ ئایندا بە تەواوکەری یەکتر دادەنرێن، نەک ناکۆک و دژ. ئەوا لە بەرانبەریشدا بۆچوونی تر هەیە، کە پێی وایە فەلسەفە نەک تەنها پەیرەویکردن نییە، بەڵکو سەرپێچییە، چونکە گومان بەردەوامە، لەم ڕووەوە جیاوازی لەنێوان نووسینی فەلسەفی و نووسینی ئایینی هەیە. دەستەواژەی فڵان ڕاستە، چونکە لە دەقێکی پیرۆزدا هاتووە، لە فەلسەفەدا هیچ حەقیقەتێک بەوتنی دەستەواژەی وەکو (فڵان) وتوویەتی، کە... ناسەلمێت، شیاوی پرسیار و گفتوگۆ و بەدواداچوونە.

هێنانەدی و سازاندنی سروشتی فەلسەفە لەسەر سێ بنەما وەستاوە، کە بریتیین: لەسەرسامبوون، گومان و لۆژیک. ئەم بنەمایانەش گرنگن بۆ تێگەیشتن لە بنەچە و چۆنێتی کارکردنی فەلسەفە.

سەرسامبوون "فەلسەفە پیش هەمووشتێک گومانکردنە لە هەبوونی زانین، ئەو دەمەیش سەرسامبوون دەردەکەوێت، پرسیار فۆڕم وەردەگرێت و نەزانین و نادیاریی ئەو فۆڕمە دادەڕێژن، هەروەها پرسیاری فەلسەفی، کە فۆڕم وەردەگرێت سەرچاوەکەی ئەو سەرسامبوون و حاڵینەبوونەیە، کە لای کەسی پرسیارکەر دێتەکایەوە... گشت سەرسامبوونێک پرسیارێکی فەلسەفی بەرهەمدەهێنێت" (ئازادحەمە: ٢٠٢١، ٥٩٥)

گومان "فەلسەفە، کە گومان دەکات بۆ ئەوە گومان ناکات ئاستەنگ لەبەر تێگەیشتنمان دروستبکات، گوماندەکات تا لەسەر ئەوە ڕامان بهێنێت خۆشباوەڕنەبین. توانای لێوردبوونەوە و یەکلاکردنەوەمان هەبێت... گومانکردن کێشە دروستکردن نییە، فەلسەفە هەوڵی ئەوەنادات کێشە بخولقێنێت، ئەو کێشانە قسەیان لەسەر دەکات لەناو ژیانەوە دەریاندەهێنێت...کەوابێت فەلسەفە کاری گەڕانە بەدوای ڕاستی و... لە ڕێگای لێوردبوونەوە لە نائاساییەکان بەمەرامی خۆی دەگات" (ئازادحەمە: ٢٠٢١، ٦٠٤).

بیرکردنەوەی لۆژیکی "بەرهەمی نەشونمای شێوەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤە و خۆشی وەک فۆڕمێک لە بیرکردنەوەی باڵا نیشاندەدات، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لای مرۆڤ لەو دەمەوە چەکەری کردووە، کە ویستوویەتی لەهۆکاری کێشەکانی خۆی بگات و چارەسەری گونجاو بنیادنراو لەسەر پشکنین و لێوردبوونەوە بەدەست بهێنێت" (ئازادحەمە: ٢٠٢١، ٦٢٦)

سەرەڕای ئەم بنەمایانە دەکرێت چەند تایبەتمەندییەکی فەلسەفە بخرێتە ڕوو، لەوانە:

"فەلسەفە خوێندنەوەی واقعییەتە، شیکردنەوەی چەمکە جۆراوجۆرەکانە، کە لەبیرکردنەوەماندا ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە، جەختکردنەوە لەسەر پێویستی ڕەخنەگرانە و هەڵسەنگاندنی زیاتر، ڕوونکردنەوەی گونجاویی و ئەندێشە و مەعریفەی مرۆیی و... ڕێکخستنیان لە گشتیدا، توێژینەوەی کرداری ئاڕاستەکراو ڕێنمونییە،... دەبێت بیروباوەڕەکان لەسەر بەڵگە بینابووبن، نەک لەسەر لایەنگیری تاکەکەسی یان دانپێدانانی گشتی...بیروباوەڕێک پەسەندەدەکات لەسەر بەڵگەی وردتر بونیاد نرابێت، هەروەها فەلسەفە هەوڵدەدات تاکو دیدگای گشتگیر و سەرتاپا بونیادبنێت، ئامانج لە فەلسەفە گەیشتنە بە حەقیقەت نەک بەرگری کردن لێی" (ئەدهەم: ٢٠١٦، ٣٩- ٤٢).

هەرچی سەبارەت بە وەڵامی پرسیاری فەیلەسوف کێیە؟ خەریکی چییە؟ دەوترێت: "فەیلەسوف کەسێکە خەریکی فەلسەفە و فەلسەفاندنە، واتا زانای فەلسەفەیە،... فەیلەسوفان لەسەرەوە سەیری جیهان دەکەن و سەبارەت بەو بابەتە حوکم و بڕیار دەدەن، فەیلەسوف هەمیشە بەکێشە و بابەت گەلێکەوە خۆی خەریک دەکات، کە بۆ هەمووان جێگای گرنگی پێدانن، ئەو بەخوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی ڕاست هەوڵدەدات، تاکو بیروباوەڕ و ناسینی ئێمە بەجیهان و مرۆڤ هەڵسەنگێنن، هەروەها هەوڵدەدات وێنای گشتی و ڕێکخراو و لۆژیکی لەبارەی ئەوەی، کە دەیزانین و ئەوەی بیری لێدەکەینەوە، پەیدابکات و بیخاتە ڕوو" (ئەدهەم: ٢٠١٦، ٧٦).

سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی فەیلەسوف دەتوانین لە چەند خاڵێکدا بیانخەینە بەرچاو وەک:

"فەیلەسوف کەسێکە باوەڕی بەبەهای عەقڵ هەیە و لە زانست و کرداری خۆیدا کار بە حوکمەکانی دەکات، هەروەها کەسێکە دەربارەی هۆکاری بنەڕەتی دیاردە و ڕووداوەکان لێکۆڵینەوە دەکات، بە دوای مانای جیهان و چییەتی جیهانەوەیە،...کاری لەگەڵ بوونی شتەکانە و دەیەوێت یاساکانی بوون بزانێت، هیچ شتێک بەبێ بەڵگە وەرناگرێت، بەڵکو پێش هەمووشتێک ئەو شتەی، کە سەرنجی لێدەدات لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات و تێڕامانی تێدا دەکات، تاکو توخمێکی نا فەلسەفی نەچێتە نێو دەزگای فەلسەفییەوە، سورە لەسەر ڕۆشنکردنەوەی بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی دەربارەی جیهان و مرۆڤ و ئەو بەها مرۆییانەی، کە خاوەنیانین، هەمیشە بە دوای دەرککردنی ڕاستییەکانەوەیە، جگە لە حەقیقەت بەشتانی دیکەوە پەیوەست نییە" (ئەدهەم: ٢٠١٦، ٧٨- ٧٩).

ماوەتەوە قسەکردن لەسەر پەیوەندی و بەناو یەکداچوونی نێوان فەلسەفە و ئەدەب، تێکەڵی و جیاوازییان، کێشانی هێڵێکی جیاکەرەوە قسەوباسی زۆری لە بارەوە کراوە، (پۆل دی مان)، کە بیریارێکی ئەمریکییە دەڵێت: " ئەدەب بە گشتی بابەتی سەرەکی فەلسەفەیە و بەشێکە لەو حەقیقەتانەی فەلەسەفە بەدوایدا وێڵە" (مەلاتەها: ٢٠٠٨، ٥)، ئەم پەیوەندییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەردووکیان دووشێوازی گوزارشتکردن و دەربڕینن، پێکەوە بایەخیان بەچەند بابەتێک داوە، کە تەوەری هاوبەشی جێی قسەوباس

بوون و مایەی گرنگی پێدانی هەردوو بابەت بوون، کە بیروڕاکانیان خستۆتە ڕوو، بۆ نموونە دوان لە بارەی خودا، مرۆڤ، سروشت، مردن، ڕاستی ...هتد.

ئەدیبانیش هەوڵیانداوە ناوەڕۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکانیان "دەوڵەمەندبکەن لە ڕێگای کێشکردنی جوانی فەلسەفە بۆ ناو ئەدەب و توانەوەی لەناو خۆیدا، بەشداریی پێکردنی ناوەڕۆکە فەلسەفییەکان لە بونیادی بەرهەمە ئەدەبییەکان" (اسکیلاس: ٢٠٠١، ٢١)،

دەتوانین خاڵی هاوبەشی نێوان شیعر وەک چەشنێکی ئەدەبی و فەلسەفە دیاری بکەین بەوەی "ئەگەر شیعر تەواوکەری ئەو کەموکورتیانە بێت، کە لە دنیا و خودی مرۆڤدا هەیە، ئەرک و پەیامی فەلسەفەش لابردن و چارەسەری کورتییەکان و کێشەکانە، کە مرۆڤایەتی ڕوو بەڕووی بۆتەوە،...هەردووکیان بێوچان لەخزمەتی زماندان و بەردەوام دەوڵەمەندی دەکەن و پێشی دەخەن لە ڕێی داڕشتنی زاراوەی نوێوە،... هەردووکیان ڕەگێکی هاوبەشیان هەیە لەئیلهام وەرگرتن لەوجود و گەیشتن بە ڕاستی" (محمود: ٢٠١٤، ٣١– ٣٢)، هەروەها دەکرێت زۆر جار شیعر وەک پردی پەیوەندی و کەناڵی گواستنەوە و گەیاندنی هزرە فەلسەفییەکان سەیربکەین، بەو پێیەی زۆرجار "شاعیران سوود لە هزرە فەلسەفییەکان وەردەگرن و لەناو فۆڕمی شیعردا دەریدەبڕن بەو مەبەستەی وشکی و ئاڵۆزی هزرەکان کەم بکەنەوە و بابەتەکە لەخوێنەر و مێشکی نزیک بکەنەوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاسان وەربگیرێن، ئینجا بەناو خەڵکیدا بڵاوببکەنەوە، هەروەها بەم کارەیان جۆرە گۆڕانکارییەکیش دەکەن لە کەش و هەوای داخراو و پڕ مەرجی قورسی نوسینی هزرە فەلسەفییەکان بە شێوەی وتاری درێژ و کتێبی قەوارە گەورە" (محمود: ٢٠١٤، ٣٣)

ئەوانەش، کە هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان فەلسەفە و شیعردا دەکێشن، پێیان وایە جیاوازی لەنێوانیان هەیە. ئێمە ئەم بۆچوونەی هایدگەر دەخەینەڕوو، کە دەڵێت: "هەموو بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی بە تایبەتی ئەوانەی قوڵترینن لەنێو خۆیاندا شیعرین، هێشتا نابن بە هونەری شیعر، بە هەمان شێوە بەرهەمی شیعریی وەکو سرودەکانی هۆڵدەرلین خاوەنی هزری بەرزن، بەڵام فەلسەفەنین" (کەمال: ٢٠١٧، ١٨٧). بۆیە دەکرێت جیاکاری بکرێت لەنێوان فەلسەفە و شیعردا، بەوەی "ڕوونکردنەوە و شرۆڤەکردن و دەربڕینی ڕاستییەکان لە فەلسەفەدا ڕاستەوخۆیە، واتە فەلسەفە دوور لە کۆد و هێماکان بە زمانێکی ڕووت و ڕەوان لە شتەکان دەدوێت، بەڵام شیعر لەسەر میتافۆڕ و ئاماژە و هێماکان ئیش دەکات، هەروەها فەلسەفە پرسیار دەخاتەڕوو و بەدوای لێکدانەوە و شیکردنەوەیانەوەیە، بەڵام شیعر پرسیار دەوروژێنێت و وەڵام بۆ خوێنەر جێدێڵێت. فەلسەفە دەربڕینی لە واقیعەوە نزیکە، بەو پێیەی ئاڕاستەی عەقڵی مرۆڤی دەکات و هانی دەدات بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێت، لە کاتێکدا دەربڕێنی شیعری لە لایەنە مەعریفییەکاندا پەیوەستە بە ئاسۆی گەردوونی و خەیاڵ، لە لایەنە داهێنەرەکانیدا بە ئامانجی چێژ و جوانییە" (عبدالله: ٢٠٢٢، ٧٧).

سەبارەت بەو بابەتانەی، کە فەلسەفە بە گرنگیان دەزانێت و جێگای بایەخ و باسی فەلسەفەن ئەوەیە، کە "مەسەلە فەلسەفییەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و یاساکانی، پەیوەندییە بەرانبەرەکان لەنێوان لایەنە مەتریاڵ و گیانییەکاندا، پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵ، زانستی ڕەوشت، ستاتیکا، پەیوەندی نێوان هونەر و کەتوار، سروشت و بوون دەکۆڵێتەوە" (عزەت: ٢٠٠٦، ٢٦)، هەروەها بابەتەکانی تری وەک: بوون، خودا، جیهان، مرۆڤ، ڕەوشت، زانست، ڕاستی، مردن، ژیان،...هتد، دەگرێتەوە.

ئەم زەمینەسازیی و پێش باسە بۆ ئەوەبوو، کە بتوانین وەڵامی پرسیاری ئەوەبدەینەوە ئایا پەندی پێشینان فەلسەفەی تێدایە، یان دەشێت بڵێین جۆرێکە لەفەلسەی میللی؟ ئایا دەکرێت بە پەندبێژ بوترێت فەیلەسوف، یان دەشێت پەندبێژێک هەبووبێت فەیلەسووفی گوم ناو بووبێت؟ بەدیاریکراوی پیرەمێرد وەک پەندبێژێک فەیلەسووفە، یان تەنها ڕۆڵی هەبووە لە کۆکردنەوە و داڕشتنەوەی پەندەکان و نووسینی پەندی شیعریی؟

پەندی پێشینان، کە بەرهەمی بیری خەڵکانی دانا و خاوەن بەهرە و لێزانی پێشینانە و لە ئەنجامی بیرکردنەوە و تێڕامان لە دیاردەکانی دەوروبەر و زۆرجار سروشت و پرسیارگەلی جۆراوجۆری ژیانەوە هاتوونە بوون. ڕاستە هەموو پەندێک، یان زۆرینەیان چیرۆکێک، یان ئەزموونێکی شکستخواردوویان لە پشتەوەیە و دواتر داڕێژراون، کراون بە پەند و شوێن دەستی هەمەچەشنەی گەلیان لە ڕووی داڕشتن و بیرەوە پێوە دیارە، کە بەمەبەستی سوود لێوەرگرتن و دووبارە نەکردنەوەی ئەو ئەزموونانە داڕێژراون، بەڵام شیاوی ئەوەیە ئەو ئەزموونانە لە ئەنجامی پرسیاری فرەچەشن، بیرکردنەوەی هەمەجۆر، تێڕامان لە ڕووداوەکان، بیرکردنەوەی لۆژیکی... هتد بەدەستهاتبن، واتە پەندەکان لە خۆوە و بێ سوود بەرهەم نەهاتوون. جیا لەوەی هەموو بابەتێک و چیرۆکێک شیاوی بوونە پەند نەبووە، واتە دەتوانین بڵێین بەشێک لە پەندی پێشینان جۆرێک بووە لە فەلسەفەی زارەکی، کە بەهۆی ئەوەی گواستنەوە و دەستاودەستی ئاسان بێت. بەمەش فۆڕمە سادە و داڕشتنە سووک و زمانە پەتییەکەی یارمەتی داوە، بەچەشنێک لە دانایی و فەلەسەفەی دێرین دادەنرێت و دەکرێت بابەتەکانی، کە جێگای بایەخی فەلسەفەن لەناو پەندەکانیش بدۆزرێنەوە و بەدیبکرێن، بۆیە لە پۆلێنێک، کە بۆ توخمەکانی فەلسەفە لە پەنددا کراوە بابەتەکانی "باوەڕ بەخودا، مرۆڤ، مردن، بیروباوەڕی باو، زمان، کار، پێوانە، مامەڵە، بەخت، دڵتەنگی و نیگەران، ڕەوشت، پەیوەندییەکان، هاوڕێیەتی، خۆشەویستی، دوژمنایەتی، ئەزموونی مرۆڤایەتی و ..." (طاهر: ٢٠١٥، ١٤٥)، دیاریکراون. لەم ڕووەوە دەوترێت "پەندی پێشینان جۆرێکە لە دانایی و فەلسەفەی زارەکی، کە هەڵگری فەلسەفەی کۆمەڵ و داناییەکەیەتی" (عبدالفتاح: ٢٠٢٢)، جیا لەوەی باسمانکرد پەندەکان ڕۆڵێکی تری تەواوکاری و هەماهەنگییان هەیە لە گەیاندنی بیری فەلسەفی و ناوەڕۆکی بابەتی فەلسەفی لەبەرئەوەی پەندەکان زمانی داڕشتن و دەربڕینیان سادەتر و ئاسانترە لە زمانی نووسین و گوزارشتی فەلسەفی. بەمەش لە لایەک یارمەتی فەیلەسوفان دەدەن بۆ گەیاندنی بیرەکانیان، لە لایەکی تریشەوە یارمەتی بەردەنگ دەدەن لە تێگەیشتنیان لە بیرەفەلسەفییەکان، کە ئەم ڕۆڵەش کەمتر نییە لەوەی پێشوو، کە خودی خۆیان ناوەڕۆکی فەلسەفییان هەبێت و هەڵگری بیری

فەلسەفی بن، واتە پەندەکان ڕۆڵی دووەمیان ئەوەیە، کە دەبنە کەناڵی گواستنەوەی بیرە فەلسەفییەکان و پردی پەیوەندی نێوان فەیلەسوف و خەڵکن، بۆ گواستنەوەی بیر و مەبەستی فەلسەفی.
هەرچی ڕۆڵی پەندبێژە لەم نێوەندەدا بەشێک لە پەندبێژەکان وەک فەیلەسوفێکی میللی، کە مەبەستمان لە فەیلەسوفی میللی ئەو کەسانەیە، بەپێی قۆناغ و سەردەمەکەی خۆیان ڕۆڵیان بینیوە لەوەی بیریان کردۆتەوە و پرسیاریان دروستکردووە، بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا گەڕاون، کە خۆیان و خەڵکی وێڵی وەڵامەکانیان بوون، تێڕاماون و بەهۆی بیرکردنەوەی لۆژیکییانەوە توانیویانە ناوەڕۆکی پەندەکانیان بە پشت بەستن بە ئەزموونەکان لە فۆرمێکی پەخشانی، یان شیعریدا دابڕێژن.
کەواتە ئەم فەیلەسووفە میللیانە "توانیویانە پەندی پێشینان و ئەزموونە کردارییەکانیان بکەنە تێڕوانینە فەلسەفی و ڕەوشتییەکان، کە دەربڕینەکانیان هێندەی دەربڕینی فەیلەسووفەکان قووڵ نین، بەڵام پەندەکان کاریگەریی زیاتریان لەسەر ژیانی گەلان هەبووە لەو فەلسەفە و تیۆرییانەی لەلایەن فەیلەسوفانەوە بەرهەم هێنراوە" (طاهر: ٢٠١٥، ٢٣). لێرەشەوە دەگەین بەو ڕاستییەی، کە "هزری فەلسەفی شتێک نییە، جگە لەبەرهەمی بیرەکانی مرۆڤ لەمیانەی پەرەسەندنی مێژووی مرۆڤایەتیدا" (محمود: ٢٠١٤، ٢٧)، کەواتە لەم ڕووە دەگەینە ئەو بڕوایەی، کە بەشێکی پەندەکان ناوەڕۆکی فەلسەفییان تێدایە و هەڵگری بیری فەلسەفین بەپێی ئەو پرسیارانەی، کە لەقۆناغی لەدایکبوونی پەندەکاندا بوونیان هەبووە، هەروەها دەشێت بەشێک لە پەندبێژەکان وەک فەیلەسوفی میللی ناوببرێن لەکات و قۆناغی خۆیدا لەڕابردوو بیریان کردۆتەوە و تێڕاماون و بەدوای وەڵامی ئەوپرسیارانەدا گەڕاون، کە پرسیاری خەڵک و خۆی بوون. لەشێوەی پەنددا پرسیارەکان و وەڵامی پرسیارەکانی داڕشتووە، ئەگەر بێت و پێی گەیشتبێت و توانای وەڵامدانەوەی هەبووبێت و پەندبێژ گەیشتبێتە ئەو ئاستە وەڵامەکان بەدەست بهێنێت، یان حەقیقەتی دۆزیبێتەوە.

سەبارەت بە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرد، کە کاری سەرەکی ئێمەیە لێرە بە دواوە هەوڵدەدین بەپێی بنەماکانی پەندەکان، کە لە پارەکانی پێشوودا کارمان پێکردووە و پەندەکانمان خستۆتەڕوو ئەم پەندانە بخەینە بەرچاو، کە پێمانوایە بیری فەلسەفییان تێدایە، دواتریش لەسەر خودی پەندبێژ ڕای خۆمان بخەینەڕوو، کە زۆر جار وەک فەیلەسوف ناودەبرێت، دەگوترێت نووسەر، ڕۆژنامەنووس و شاعیر و وەرگێڕ و فەیلەسوف...هتد.

## یەکەم: ئاگادارکردنەوەی تاک سەبارەت بەو بیرانەی پرسیار دروستدەکەن، مرۆڤ دووچاری تێڕامان و بیرکردنەوەی لۆژیکی دەکەن:

پەندبێژ لە ڕێگای چەند پەندێکی شیعرییەوە، لە لایەک خەڵکی ئاگادار دەکاتەوە، لە دەسەڵاتی خوای گەورە و ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی، کە لەژیانی ڕۆژانەمان دێنەبەرچاومان، خەڵکی بەپێی بۆچوون و تێگەشتنی خۆیان شیکردنەوە و لێکدانەوەیەکیان بۆی هەیە، بەڵام لە ڕووی باوەڕ و قەناعەتی مرۆڤ بە

خوداوەندەوە بابەتێکی ترە. پەندەکان دەیانەوێت هەم پرسیار بوروژێنێت و هەم هۆشداری بدات، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەیانخەینە بەرچاو:

خوا بێ قەزای کا خوایش کردەی وایە ئــەوەی ئــەو دەیــکا بــە عــەقــڵا نـایا

بێ دەست تێی گوشێ زۆرداریێ بیخوا دەستی لێ مــەدەن لــە کردەوەی خوا

هیــچ کــەس لــەکــاری خــودایــی نــاگا خۆی خوایە و خوایی ئەداتە دەست گا!

(پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢١٤، ٥٧)(پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ١٥٤).

ئەوەی لێرەدا هەیە، سێ پەندی شیعرییە، کە پەیوەستن بەدەسەڵاتی خوای گەورەوە و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ڕاستی و بنەڕەتی شتەکان، لە پەندی یەکەمدا پەیامی ئاگادارکردنەوەیە بۆ ئەوانەی پرسیاریان بۆ دروستدەبێت، لەسەر ڕووداوەکانی ژیان لە بابەتی دادپەروەری و چارەنووس و زۆر شتی تر. خۆیشی هەمان پرسیار بە پەسەند دەزانێت، هاوکات هەوڵی ئەوە دەدات بە پەندێکی تر بابەتەکە ڕوونتر کاتەوە، وەک ئەوەی کەسێکی بێ دەست قاپە شۆربایەک تێ بگوشێ و زۆردارێک بێتە سەر خوانی ئامادە و بیخوا. مەبەست لێی هەموو بابەتێکی هاوشێوەیە، کە خەڵکێک ڕەنج دەدات و کەسانی ستەمکار دێن بەری ڕەنجییان دەخۆن. ئەمە بابەتی پرسیارەکەیە، پەیامی ئاگادارکردنەوەکەی ئەوەیە، کە ئەمە کاری خوادیە و کەس دەستی لێنەدات، بەڵام پەندبێژ بە شێوەیەکی کاریکاتێری لە پەندێکی تردا پرسیارەکە وەک پرسێکی هەمیشەیی و بەردەوام دەهێڵێتەوە بەوەی کاتێک خوای گەورە خۆی خوداوەندی هەمووانە، بەڵام خودایی دەداتە دەست (گا) مەبەستەکەش ڕوونە لێرەدا وشەی (گا) بۆ هەموو ئەوانە بەکارهاتووە، کە ستەم و زوڵم دەکەن، دادگایی دەکەن، حوکم دەدەن، دەکوژن و ئازاد دەکەن، حاکمی ڕەهای دونیان، لە کاتێکدا، نە شیاوی ئەوەن و نە کاری ئەوانە.

لێرەوە دەبینین پرسی خوای گەورە و تێگەیشتن لە دەسەڵاتەکانی، شیکردنەوە و هەوڵدان بۆ ڕووداوەکانی پەیوەست بە سروشت و چارەنووس، پرسێکی ئامادە و هەمیشەیین و پرسیاری هەموو مرۆڤ و کۆمەڵگایەک بووە. پەندەکان توانیویانە ئەو پرسیارانە لەهەناوی خۆیاندا هەڵبگرن و بپارێزن، یاخود هەوڵی وەڵامدانەوەی بدەن.

دواتر پەندبێژ هەوڵدەدات لە ڕێگای وروژاندنی پرسیار و تێڕامان لەبنەڕەتی شتەکان خەڵکی ئاگاداربکاتەوە و هانیان بدات بۆ بیرکردنەوەی لۆژیکی لەمەڕ چارەنووس و ئەوەی ماکی شتەکانە، لەشوێنێک و شوێنەوارییان لە شوێنێکی تر، ئەوە دەگێڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی خواوەند و دەڵێت:

خەتای کەس نییە فەلەک بەدکارە هەمیشە لەگەڵ نا ئەهلا یارە

ئەیەوێ عالەم لەیەکتر بەردا پاڵ بداتەوە و سەیرکا لەسەردا (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٦١)

بەڕوونی ئاماژە بەوەدەکات، فەلەک و دەسەڵاتی خودا لەگەڵ خەڵکی بەدکار هاوڕایە، مەبەستی فەلەکیش ئەوەیە، کە خەڵکی پەلاماری یەکتری بدات. خودا خۆی لە ئاسمانەوە سەیر بکات، لێرەدا پەندبێژ تایبەتمەندی مرۆڤی بەخشیوە بەدەسەڵاتی ئیلاهی و هەمان حەز و ویستی مرۆڤی پێبەخشیوە، کە هاوڕێی ئەهلی خراپەن، بیانووەکەشی ئەوەیە، ئەگەر وانییە بۆچی خراپەکاران، تەمەندرێژن لەژیان و بەردەوامن

لەکردەوەی خراپییان؟ پەندبێژ هەوڵیداوە وەڵامی پرسیار بداتەوە و بگات بەوەی بنچینەی شتەکان ڕوون بکاتەوە، بەڵام تا چەندێک سەرکەوتوو بووە ئەوەیان بابەتێکی ترە. دواتر درێژە بەهێنانەوەی نموونە دەدات بۆ پاڵپشتی ئەم بۆچوونەی، کە شتەکان لەبنەڕەتەوە جۆرێکی ترن، بۆیە دەڵێت:

گوێرەکەیەکی لەڕ کەوتە پەموو          گاگەل بەزیان ناوبران هەموو

لافاو دار و بەرد تێک ئەڕوخێنێ          قــەزا لە قــەزا تــۆڵە ئەســتێنێ

من ماسیم نەهێشت لە ئاوی زەڵما          کەچی لەشی تەڕ بۆ خەڵکی تر ما (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٧٨).

لێرەدا بەم نموونانە لەم چەند پەندەشیعرییە باسی هۆکار و ئەنجام دەکات، ڕەنگە هەوڵێک بێت بۆ ڕوونکردنەوەی پەندەکەی پێشوو، کە بڵێت هەموو شتەکان. لە بنەڕەتەوە جۆرێکن و ئێمە جۆرێکی تر دەبینین. وەک چۆن گوێرەکەیەک زیانی دەکات، گاگەلێک تاوانبارە، لافاو و سروشت، کە هەردووکیان نیشانە و دەسەڵاتی خوای گەورەن یەکتری دووچاری زیان دەکەن. دواتر نموونەکە لەسەر خودی پەندبێژ دینێتەوە، کە چۆن خۆی ڕاوەماسی کردووە، بەڵام خەڵکی تەنها قنگ تەڕبوونی بۆماوەتەوە و دەسکەوتی نەبووە. لێرەدا لەلایەک ئاگادارکردنەوەی خەڵکییە بۆ دوورکەوتنەوە لە خەڵکی خراپ بەوەی کەسێکی بەدخوو، دەبێتە هۆکاری زیان گەیاندن بەکۆمەڵێک، هەروەها هیچ شتێک شیاوی ئەوە نییە، کە بە ڕەهایی پشتی پێببەسترێت، چونکە لەو بەهێزتر هەیە. دواتر نموونەی خۆی ئەوەیە، کە زۆرجار کەسێک قازانج دەکات بەڵام کۆمەڵێکی تر بێ هودە ماندوودەبن. ئەمانە ئەگەر لێکدانەوەیەکی سادەبن بۆ ئەم چەند دێڕەی پێشوو، ئەوا دەکرێت ڕوویەکی تری لێکدانەوەی پەندەکان ئەوەبێت، کە هەر کارێک ئەنجامێکی هەیە و بنەڕەتەکەیشی لە ئاسمانەوە بەدەسەڵاتی خوا بڕیاری لەسەردراوە، جێگای سەر سوڕمانە، هەم پرسیار دروستدەکات، هەم تێڕامان لە دیاردەکان بۆ بەردەنگ جێدەهێڵێت، بەئومێدی بیرکردنەوەیەکی لۆژیکی، دواتر دەڵێت:

خــوا مــەلائیــکەی شــەڕی داناوە          کەچی لای بەشەر بەدکار بەدناوە

عیزرائیل پیشەی هەر گیان کێشانە          کەچی خادیمی عەرشی ڕەحمانە

خیر و شەڕ هەموو بەدەست خۆیەتی          نەفام لەناودا چڵ و چۆیەتی (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٨٣).

لەم نموونەیەدا پەندبێژ پەیوەندییەک دەخاتەڕوو، وەک وەڵامی پرسیارگەلێک بۆ هۆکاری شتەکان. ئەو بەم شێوەیە بەڕاستییەکان گەیشتووە، یان هەوڵدەدات وەک ئەنجامی کردەوەکان باسبکات، ڕووداوەکان و هۆکاری پشتیان ئاشکرابکات، کە هەر ڕووداوێکی سەر زەوی پەیوەست دەکاتەوە بەئاسمانەوە. بەم شێوەیە، شەڕ، کە بەدکاری پێ تۆمەتبارە، بەڵام فریشتەیەک هەیە بەناوی فریشتەی شەڕ لەئاسمان، ئیزرائیل کە پیشەی گیان کێشان و خەڵک کوشتنە ئەویش خزمەتکاری عەرشی خودایە و پلەی هەیە، خیر و شەڕ لە ئاسمان بڕاوەتەوە، بەڵام لەزەوی نەفام خۆی ماندوو دەکات، لە کاتێکدا هیچ بەماندووبوون و هەوڵدان نییە. پەندبێژ دەیەوێت ئەو وەڵامە بداتەوە، کە هۆکاری زۆربەی شتەکان بگێڕێتەوە بۆ ئاسمان و بڵێ دەسەڵاتی مرۆڤ تێیدا سنورداره، ئەمەش وەک پەیامێکی ئاگادارکردنەوە دەگەیەنێت، بەڵام تا

چەندێک سەرکەوتووبووە لەگەیاندنی پەیامەکەی هەوڵدەدەین لەکۆتایی ئەم پارەدا ڕای خۆمان بخەینەڕوو.

**دووەم: ڕێگری لە بیرکردنەوەی نالۆژیکی و پرسیاری بێ بنەما:**

پەندبێژ لەم هەنگاوەیدا هەوڵدەدات لەڕێگەی وەڵامدانەوەوە، ئەو بیرانە بە درۆ بخاتەوە، کە جۆرێک لە بڕوایان لای خەڵکی دروستکردووە بۆ گەردوون و سروشت، یان لانی کەم بیانخاتە بەردەم تێڕامانێکی گرنگ، تا بگەن بەوەڵامێکی دروست و هانیان بدات بۆ گەیشتن بەوەڵامی ئەو بڕوا و پرسیار و سەرنجانەی لەلایان دروستبووە یان دەبێت، وەک لەم چەند نموونەیەدا دەیانخەینە بەرچاو:

گا لەسەر پشتی ماسی دانرێ

ترە کەڵەکێ دیار سەر ناگرێ (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢١٢)

ئەمە وەڵامی بیرۆکەی سەرەتایی باوەڕی بەشێک لە خەڵکی بووە بەرانبەر بەزەوی و جێگیربوونی لە گەردووندا، کە زەوی لەسەر پشتی گایە، گا لەسەر پشتی ماسی، لە کاتی جوڵانی ماسی، یان کلکی گا، ڕووداوی بوومەلەرزە ڕوودەدات. ڕێگریی لەمجۆرە بیرەدەکات، بەوەی، کە پەندبێژ ئەم بیرە باوە بە ترەکەڵەک ناودەبات و بڕوایوایە، سەرناگرێت و بەمشێوەیە زەوی و سروشت و ژیان تێیدا بەردەوام نابێت.

(کاک ئەحمەد) دوعای بۆ باجگر دەکرد ئەیگوت: بمێنێ و نەمرێ دەست و برد

نەک یەکێکی تر لە موسوڵمانان وەک ئەو ڕێگربێ و دەرچێ لەئیمان (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٣٠).

لێرەدا پرسی چارەنووسی مرۆڤ دێتە کایەوە، سەرەتا لەڕێگای دروستکردنی پرسیاری ئەوەی بۆچی پیاو باشێکی وەک کاک ئەحمەدی شێخ، نزای تەمەندرێژی و بەردەوامی بۆ خراپەکارێک دەکات، بەڵام لەبنەڕەتدا پەندەکە بۆ ڕێگرییە لەزیادبوونی تاوان و دوچاربوونی مرۆڤێکی تر بەخراپەکاری و تێوەگلان پێوەی، هەروەها باسکردنە لەچارەنووسی مرۆڤ بەوەی، کە هەندێ کەس ناتوانن ڕەگی خراپە لەناو خۆیاندا ڕیشەکەن بکەن، چونکە لەئەزەلەوە مۆری تاوانیان لەچارە نووسراوە، بەڵام تا چەندێک ئەم ڕایە پشت ڕاستدەکرێتەوە ئەوە بەردەوام پرسیاری زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت و ئەمەش بەشێکە لەکرۆکی فەلسەفە.

لـەداوی خـودا و دەوڵـەمەند گەڕێ

وشک و تەڕ جووت و ئاشی ئەگەڕێ (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٦٠)

هاوتاکردنی دەوڵەمەند و خودایە لەلایەک، ڕێگرییە لە پرسیاری بۆچی و چۆن وایە؟ لە هەمانکاتدا دروستکردنی پرسیاری تر بە دوای خۆیدا دەهێنێت و تێڕامان دروستدەکات لەوەی بۆچی هەمیشە دەوڵەمەند لە هەموو بارودۆخێکدا لە قازانجدایە و دووچاری زیان نابێت.

خۆزگە بەوانەی کە لە هیچ ناگەن لـە (دار العلم) و (حقوق) پێناگەن

خوایش زۆرتر ئەوان ئەدۆزێتەوە    بـەدڵـی ئــەوان ئــەبــزوێـتــەوە
بــەشــانســێکی وا ئەیبا بەڕێوە    نــازانـیٚ پــارە بـکـاتە کـوێــوە؟
سا ئـازای بڵیٚ: ئەمە بۆ چ وایە؟    ئەبینی شەق و زللەی چەند تیایە
خوا بە(لایسأل) وا دەمی بەستووین    پەکی دووان و پرسینی خستووین (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٣٢٦).

پەندبێژ لە لایەک پرسیارگەلی ئەوە بە دوای یەکدا دەهێنێت، کە بۆچی خەڵکانی نەزان و نەخوێندەوار هەمیشە لەبرەودان لەناو کۆمەڵدا. خوداش لەگەڵیاندایە و ئەیاندۆزێتەوە، هەمووشتێک بە ویستی ئەوانە، پارە و بەخششی خودا بەسەریاندا دەبارێت، بەڵام ئەمجارە پەندبێژ دوای دروستکردنی تێڕامان بەرلەوەی ڕێگا بدات بەبیرکردنەوەیەکی لۆژیکی لە دیاردەکان، ڕێگری دەکات لەم پرسیارانە بەهەڕەشەی لێدان بەڵگەی ئایەتی قورئانی پیرۆز دەهێنێتەوە و خۆیشی دەڵێت بەهۆی ئەمەوە بواری گفتوگۆ و پرسیارمان نییە، تا بگەینە ڕاستی ڕووداوەکان و وەڵامی دروستمان دەستکەوێت، سەرئەنجام دەڵێت:

لــەکــاری خـــودا ورد مـــەبـــەرەوە
سەر شۆڕکە و بڕۆ لە دووی کەرەوە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٥٢)

کۆی پرسیارەکانی خۆی و خەڵک بەوە بەکۆتا دێنێت، کە ڕێگری دەکات بەلای ئەو بابەتانەدا بڕۆیت، کە پەیوەستن بەدەسەڵاتی خوای گەورەوە. ئەمەش پەیوەندی بە ئیمانی پەندبێژەوە هەیە بەخوا، بۆیە دەڵێت: ئەوەی کاری خودایە پرسیاری لەبارەوە مەکە، سەرنجی مەدە بەتەواوی باوەڕەوە دانی پێدابنیٚ، سەرت نزمکە و بڕۆ، بەڵام ئەمەش پێچەوانەی کرۆکی کاری فەلسەفە و مافی هەر مرۆڤێکە، کە پرسیار لەبارەی هەرشتێکەوە بکات، کە پێویستی بەوەڵامە، تا بگاتە سەرچاوەی ڕاستی شتەکان، نەک بەگومانەوە لەدیاردەکان بڕوانێت، ڕێگربێت لەدروستکردنی پرسیاری نویٚ.

**سێیەم: ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن بۆ گەیشتن بە ئامانج و بەرپەرچدانەوەی بیرە پووچەکان:**

پەندەکان لە هەموو هەنگاوێکیاندا، یان لەهەر پرس و بابەتێکدا، کە لەهەناوی خۆیاندا هەڵیان گرتبێت و بیانەوێت بیرێک بگوازنەوە، دەستبەرداری بنەمای کارکردنی خۆیان نابن، ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن، کە بنەمایەکی سەرەکی کاری پەندەکانە لەم بوارەشدا ڕەنگیداوەتەوە. لێرەدا ڕێنمایی تاک دەکات بۆ چاکەکردن، لەڕێگای وەڵامی پرسیارێکەوە، کە لێرەدا نموونەکەی دادەنێین.

بەدکار لە چاکە خراپەی چی دی؟    ئــاواتی بــەدی خـۆی دێنێتە دی!
ئــەزانــی خــوا بۆ چ بەد ئەژێنیٚ    ئەگەر بەد نەبیٚ بەدکار نانوێنیٚ (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٥٦)

لێرەدا نموونەی کەسی بەدکار و چاکەکار بەراورد دەکات، پرسیاری ئەوە دروست دەکات، کە ئایا بەدکار لەکردەوەی چاکی مرۆڤی چاکەخواز، چی خراپەیەکی دیووە؟ بێگومان هیچ، بەڵام وەڵامی پرسیاری ئەوە دەداتەوە ئەی بۆچی بەدکار لەخراپە بەردەوامە؟ بێگومان وەڵامی پەندبێژ ئەوەیە، کە بەدکردەوەیی بووە بەخوو لە مرۆڤی بەدکاردا، دواتر پرسیاری گرنگتر وەڵام دەداتەوە ئایا بۆچی خوای گەورە ئەیژێنێت و

ڕێگای بەردەوامی لە بەدخوویی پێدەدات؟ وەڵامی پەندبێژ ئەوەیە، کە بەدکار نەبێت بەدیی دەرناکەوێت، هەروەها بەدیی نەبێت چاکەش نابێت و نادرەوشێتەوە. ئەمەش بۆ ئەوەیە، کە چێژی چاکە و کاری چاکە بکەین. لەکاتێکدا بەدیی هەیە لێی دووربکەوینەوە. ئەم پەندە هاندانی تێدایە بۆ سڕینەوەی کردەوەی بەد و خراپەکاری و ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن بەرەو چاکەکاری لەڕێگای دروستکردنی پرسیار و وەڵامدانەوەوە، تا ڕاستییەکان ڕوونبکاتەوە.

فەلەک بەپیاوی ترسنۆک فێرە        بە کەر ناوێرێ بەکورتان فێرە

ئەمجا تۆ دەبێ خۆت نەترسێنی        بەهیممەت چەرخی فەلەک بشکێنی (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٦٤)

پەندبێژ سوودی لە پەندێکی تر وەرگرتووە (بەکەر ناوێرێت بەکورتان دەوێرێت) لەناو پەندەشیعرییەکەدا دایڕشتۆتەوە، پەندەکەی بۆ فەلەک هێناوەتەوە، کە مەبەستی سوڕانی چەرخی گەردوونە. درێژەی ئەو بۆچوونانەی پێشووە، کە باسی چارەنووس و بابەتی نەبوونی و بێدەسەڵاتی زۆر شتی تر، کە بژاردەی ویستی مرۆڤ خۆی نین، بەڵام پەندبێژ هەوڵدەدات ڕێنمایی تاک بکات بۆ هەوڵدان و دەرچەی ئەوە دەکاتەوە، کە ویست و ئیرادەی مرۆڤ لە هەمووشتێک بەهێزترە. دەتوانێت بەسەر بڕیاری فەلەکدا سەربکەوێت و پێچەوانەی بکاتەوە، کە ئەمەش بابەتێکی زۆر قووڵە و وروژاندنی مەسەلەی پرسیاری چارەنووس و پرسی ئەوەی مرۆڤ شتەکان هەڵدەبژێرێت، یان بۆی هەڵدەبژرێت، دیارە پەندبێژ بڕوای وایە، کە مرۆڤ لەبەرئەوەی خوای گەورە ژیریی پێداوە، تا شتەکان بەپێی ژیریی و لەژێر سایەی فەرمایشت و ڕێنمایی ئاسمانی هەڵبژێرێت.

**چوارەم: ئامانجی پەندەکان بۆ گەیشتن بەڕاستی، وروژاندنی پرسیاری بەردەوام:**

پەندەکان دەیانەوێت بگەن بە ئامانجێک، ڕەنگە ئەو ئامانجە لە هەنگاوی یەکەمدا دروستکردنی پرسیاربێت لای تاک، دەشێت قۆناغی دواتر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاک بێت لە قۆناغی دروستکردنی پرسیارەوە بۆ تێڕامان، تا وردە وردە ئاستی هۆشیارییەکە بەرزدەکاتەوە بۆ بیرکردنەوەیەکی لۆژیکی. زۆر جاریش لە شوێنێکدا دەگات بە وەڵامی دروست، یان ڕاشکاوانە بێ دەسەڵاتی خۆی لە ئاستی پرسیار و گەیشتن بە هەر وەڵامێک ڕادەگەنێت و خۆی دەداتە دەست ئایندەیەکی نادیار، لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو پەیوەست بە خودا و دەسەڵاتی خوای گەورەوە، کە دەڵێت:

با وجود کاری خوا کەس نایزانێ        مەرد ئەخاتە لای نامەرد بۆ نانێ

خوا عەیبی بزنی دەرخستۆتە ڕوو        کەچی کڵاوی کردووە بۆ بەڕوو

خـوا موسـا بـۆ سەر فیرعەون دەنێرێ        کەچی جارجار مەڕ بەگورگ دەسپێرێ

سەرم لەکاری خودا سوڕماوە        بۆ چ پیاوی چاکی خستۆتە لاوە

(پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٨٨)، (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٨٣، ٩٨، ١٥٩).

لەم چەند پەندەدا پەندبێژ سەرلەنوێ کۆمەڵێک پرسیار، کە بوونە مایەی تێڕامان لای خۆی بەکراوەیی جێدەهێڵێت، کە پەیوەستن بەکاری خوای گەورە و دەسەڵاتییەوە، لەوانە: پێویستی مەردێک، کە پیاوی باشە، بۆ پارووە نانێک بۆ لای نامەرد، کۆکردنەوەی هەردوو پەندی عەیبی بزن و کڵاوی بەڕوو، کە زۆر باوە و داڕشتنەوەی لەپەندێکی شیعرییدا وەک هێمایەک بۆ ڕەخنەگرتن و ناڕەزایەتی لەسروشتی شتەکان. بەراوردی فیرعەون، کە ستەمکارێکە و مەڕ، کە هێمایە بۆ لاوازترین ئاژەڵ، بەڵام یەکەمیان بە تایبەت پێغەمبەرێکی بۆ دەنێردرێت و دووەم، کە لاوازە دەسپێردرێت بە گورگێگ، کە دڕندەیە. دواجار سەرسوڕمانی پەندبێژە لەکاری خودا و بەڕوونی دان بەوەدا دەنێت، کە تێناگات بۆچی پیاوچاکی خستۆتە لاوە و هیچ ئەرک و ڕۆڵێکی نییە.

لە کۆی ئەم چەند نموونەیەدا ئەوەی تایبەتە بە پرسیار، تێڕامان، بیرکردنەوەی لۆژیکی لە لای بەردەنگ دەوروژێنێت. هانی دەدات بۆ بیرکردنەوە و گەڕان بە دوای وەڵامدا، ئەوەی پەیوەستە بە گەیشتنە ئەنجام پەندبێژ لە پێشتووتردا گەیشتووە بەوەی کارەکانی خوداوەند هەموویان لە جێگا و ڕێگای خۆیدایە و لێی ورد مەبەرەوە، چونکە دانایی تێدایە و بێ هۆ نییە. وێڕای ئەوە لە پاری پێشوودا لە تەوەری تایبەت بە باوەڕدا پەندبێژ زۆر بە ڕوونی لەگەڵ ئەوەدایە، کە بە تەواوی بڕوا و متمانەوە دان بە دەسەڵات و ویستی پەروەردگاردا بنێیت و گفتوگۆیان لە بارەوە نەکەیت، دواتر دەڵێت.

| | |
|---|---|
| با وجود ئەگەر بنواڕینە حەق | خوا دنیای بنیاد نا بۆ شەڕەشەق |
| ( خوا دەفەرمووێ: من بمویستایە | چاکەم دەخستە ناو ئەم دنیایە) |
| دیارە ئەمانە کەوا بەدکارن | حوکمی ئارەزووی پەروەردگارن |
| کەوایە بۆچی و گلەیی لەکێ؟ | دیارە کە خوا خۆی گەردشی ئەوێ! (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، |

١٢، ١٦٦). لێرەدا پەندبێژ پرسیار دەوروژێنێت، لە بارەی چارەنووس و بڕیاری پێشوەختەی کار و کردەوەی مرۆڤ، پرسیاری بۆچی خوای گەورە دنیای دروستکرد؟ بۆچی خەڵکی بەدکار هەیە، بۆچی گرفت و کێشە هەیە؟ بێگومان ئەمانە مەبەست لێی دروستکردنی پرسیار نییە بەتەنها، بەڵکو گەیاندنی مرۆڤە بەتێڕامان، تا دواجار بیگەیەنێت بەو وەڵامەی مادام مرۆڤ هەیە و خاوەنی ژیرییە و خوای گەورە ئەم بەخششەی پێداوە، پێویستە خۆی بیربکاتەوە و ژیری بەکار بهێنێت، بەتێگەیشتن و ژیریی خۆی ژیانی بەڕێوەببات، ئەمەش دواجار دەبێتە ئامانجی سەرەکی پەندەکە.

| | |
|---|---|
| ئەوەی بەگوناهـ ڕەش ئەبێتەوە | (تیر) ڕێ لە لەشیا نادۆزێتەوە |
| واچـاکە ئینسان هێند گونـاهـ کـار بێ | کە (تیر) نەیبڕێ، لە مەرگ ڕزگار بێ |

(پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ١٤٩).

پەندبێژ سوودی لەو پەندەباوە وەرگرتووە، کە دەڵێت: لە تاواندا دڵی ڕەشبووە و هیچ شتێک کاری تێناکات. لە پەندە شیعرییەکەدا دایڕشتۆتەوە، لەوێوە پرسیاری ئەوە دێنێتە کایەوە، ئەگەر وایە بەهۆی تاوانەوە، مرۆڤ تیر نەیبڕێت؟! باشتر وایە ئێمەش دەست بکەین بەتاوان. لەڕێی ئەم وەڵامەوە بۆ دێڕی

یەکەمی پەندەکە، دەیەوێت بیرکردنەوەیەکی لۆژیکی بەرهەمبهێنێت، تا ئەوە ڕێگا ڕاستەکە نییە و ژیان و مردنی مرۆڤ پەیوەست نییە بەکردەوەکانییەوە.

بابەتێکی تر، کە بەلای پەندبێژەوە گرنگە، بابەتی سروشت و پرسیارکردن و تێڕامانە لێی، بیرکردنەوەیە لە سروشت، گیانەوەران. ڕەفتارەکانیانی وەک پرسیار گەلێک هێناوە و بەمشێوەیە، هەریەکە و کارەکەی دەخاتە ڕوو و دەڵێت:

لە کردەوەی خوا سەرم سوڕماوە    مەخلووقی چۆنی خستە ئەم ناوە؟
مـاری دانـاوە زستان بتەزێ    بە هاوینانیش گیاندار بگەزێ
(دووپشکی) هێنا کوێری بێ حەیا    بـێ قـرە و بـرە بـەخەڵکەوە با
هەندێ باڵدار هەن وەک زەردەواڵە    هیچ کەس نازانێ بـۆچی عـەودالە؟
یـەکـێـکی تـریـان ژەنـگە سورەیە    ژاری چزووەکەی ئاگری کوورەیە
هەنگ نەجیبە بۆ هەنگوین کەڵک ئەگرێ    کە پێشیەوە دای ئەو بـۆ خـۆی ئەمرێ
گورگی سەر سەری، بەگەڕ و گورە    لـە هـەمـوو شـوێـنـێ مێمڵی مەڕە
سـەگ بـۆ پشـیـلە، پشیـلە بـۆ مشک    یەکتریان ناوێ وەک مار و دووپشک
ئـەمـانـە هـەمـوو یەکە بەیەکە    هەرچی ئەڕوانی دوژمنی یەکە
وێنەی گورگ و مەڕ زۆردار و هەژار    ئەو خوێن دەمژێ و ئەم دەم بەهاوار
ئەوی بەکەڵک و بێ وەیە کەرە    هەم بێ زووبانە، هەم بارە بەرە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٨٣).

لێرەدا پەندبێژ لەتەک پرسیاری سروشت و بە دیاریکراوی ژینگە و ژیانی گیانەلەبەرانەوە دەیەوێت بابەتی پرسی شەڕەنگێزی لە سروشتدا لە ناخی هەر گیانلەبەرێکدا بخاتەڕوو. بەوانەی خاوەنی بەخششی ژیریین و بەوانەش، کە ژیرییان نییە. مرۆڤ و سەرجەم گیانلەبەرانی تر دەخاتە یەک ئاست لە خواستییان بۆ شەڕەنگێزی و ویستی ئازاردانی یەکتری، لێرەوە وەک ئەنجامێک، کە پێیگەیشتووە لە لایەکەوە دەیەوێت بڵێت گیانی شەڕەنگیزیی و ئازاردانی یەکتری. لە سروشتی هەموو گیانەلەبەرێکدا هەیە، لەلایەکی ترەوە ئەم هۆکارە دەگێڕێتەوە بۆ ویستی خوای گەورە. ئەگەرچی پەندبێژ خۆی لە پێشتردا جەختی لە خوێندن و پەروەردە و بەها کردۆتەوە بۆ چاندنی گیانی چاکەکاری و دابینکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی، کە ئەمەش بەریەککەوتنی تێدایە لەگەڵ بیروڕاکانیدا.

بەشێوەیەکی گشتی وەک ئەنجامگیرییەک، کە ئێمە لەم پارەدا پێی گەیشتووین دەکرێت بیروڕای خۆمان بەم جۆرە بخەینەڕوو، ئەوەی پەیوەندی بەپەندی پێشینانەوە هەیە، دەکرێت بڵێین پەندەکان لەناوەڕۆکیاندا بیری فەلسەفییان هەڵگرتووە و تێیدا پرسیاری فەلسەفی و تێڕامان و بیرکردنەوەی لۆژیکییان بەرهەم هێناوە لەلای تاک. ئەم بیرە فەلسەفییانە، بەرهەمی بیری خەڵکانی پێشوون و وەک سروشتی پەندەکان خاوەنیان نادیارن و نازانین فەیلەسوف کێیە، بەڵکو فەیلەسوفی پشت بیرەکان خودی گەل و ئەو کۆمەڵەیە، کە پەندەکەی بەرهەمهێناوە، هەروەها زۆرجار پەندەکان ویستوویانە بەدوای وەڵام و ئامانجێکدا بگەڕێن

و پێی گەیشتوون و لەکرۆکی خۆیاندا خستوویانەتەڕوو، دەشێت زۆر لەو چیرۆک و ئەزموونانەی، کە لە پەندیکدا کورتکراونەوە، شیاوی ئەوەبن ئەمجۆرە پرس و بیرە فەلسەفییانە بەرهەمبهێنن.
ئەوەی پەیوەستە بە خودی پەندبێژەوە، دەشێت لەناو پەندبێژەکاندا خەڵکانێک هەبووبن فەیلەسوف بووبن یان خاوەنی بیری فەلسەفی بووبن، بەڵام فەلەسەفە و بیرە فەلەسەفییەکانیان بوونە فەلەسەفەی زارەکی و خۆشیان بوونە فەیلەسووفی میللی. ئەمەش بەهۆی سروشتە باوەکەی شێوەی داڕشتن و بڵاوبوونەوەی پەندەکان ویستی گەیاندنی بیرەکان دواجار بەشداری بەکۆمەڵی خەڵکی لەداڕشتنەوەی پەندەکان لەڕووی ناوەڕۆک و شێوەوە.
سەبارەت بە پیرەمێرد وەک پەندبێژێک، ئایا فەیلەسووفە یان نا؟ ئەوە بەبڕوای ئێمە ئەگەرچی نکوڵی لەهەوڵەکانی ناکرێت لەڕووی کۆکردنەوە، داڕشتنەوە و بەشیعرکردن و دانانی پەندی شیعریی درێغی نەکردووە. بەشێکی ئەم پەندانەش هەڵگری بیر و ناوەڕۆکێکی فەلەسەفین، بەڵام بەهۆی ڕاگۆڕکێی بەردەوامی پەندبێژ و ڕاڕایی لەخستنەڕووی بیرەکانی خۆی دیارنەبوونی هێڵێکی جیاکەرەوە لەبیرکردنەوەیدا، کە وێڵی بکات بەدوای چەند پرسیار و بیرێکی بەردەوامدا، یان مکوڕبوونی لەسەر پرس و بابەتێک، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆرجار وەڵام دەداتەوە و لەزۆر شوێندا بیروڕاکانی دژیەک و پێچەوانەی یەکترین، لەبەر هەموو ئەمانە ئێمە پێمان وایە، کە ناکرێت وەک فەیلەسووف ناوی ببرێت و ناونیشان و نازناوی فەیلەسووفی پێبدەین، بەڵام دەکرێت وەک ڕۆشنبیر و مرۆڤێکی بەئەزموون و شارەزا لەزۆر بواردا ناوببرێت، کە کاری گەورە و تاقەت پروکێنی ئەنجامداوە لە کایەجۆراوجۆرەکانی نێو دنیای نووسین و ئەدەبیات.

**پاری حەوتەم: مرۆڤ لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا:**

مرۆڤ وەک بەڕێزترین و باشترین دروستکراوی خوای گەورە هاتۆتە بوون و هەموو ئەوەی لە دونیادا هەیە لە خزمەتیدایە. هەموو مرۆڤێک خاوەنی کەسایەتییەکی تایبەت بە خۆیەتی، کەسێتی مرۆڤ مەبەست لێی "ئەو مرۆڤەیە، کە دەبینێت، دەبیستێت، گوێدەگرێت، ڕووبەڕوو دەبێتەوە، وەڵام دەداتەوە، هەڵدەچێ، بیردەکاتەوە، بەشداردەبێ لە چالاکییەکانی تری زیرەکی و مرۆیی، هەروەها هەرگیز واقیعی گەورەتر، کە خۆی بەشێکە لەو واقیعە لەبەرچاو ون نابێت" (کالین: ٢٠١٣، ٧٢)، زۆر پێناسەی جۆراوجۆر دەبینین، کە بۆ مرۆڤ کراوە لەلایەن فەیلەسوف و کۆمەڵناس و زانایانی بوارە جیاوازەکانەوە، بەڵام دواجار ئەوەی جیای دەکاتەوە لە هەموو گیانلەبەرێکی تر هەردوو بەخششی ژیری و زمانە، کە بەمەش گەورەترین ڕێزی لێنراوە و بەپێی ئایەتی قورئانی پیرۆز خوای گەورە دەفەرموێت [وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا] (الإسراء ٧٠) واتە: "ئێمە ڕێزمان لە تۆرەمەی ئادەم گرت و ڕۆزی پاکژمان پێداون، ڕیزی زیادەی ئەوانمان داوە بەسەر زۆربەی ئەو بەدیهێنراوانەدا، کە دروستمان کردوون" (هەژار: ١٣٩٠هـ ٢٨٩). بەخششی ژیری بەمرۆڤ

بەرپرسیاریێتی دەخاتەسەر و لەم ڕوانگەیەوە مرۆڤ "بەپێی قورئان دروستکراوێکی بەرپرسیارە لەناو هەموو دروستکراوەکانی خوای گەورەدا، بەپێی ژیریی خۆی بڕیار دەدات لەسەر ئەوەی، کە بینیویەتی و بیستویەتی، بەپیی ویژدانی خۆی مامەڵە دەکات لەسەر ئەوەی نهێنییە و نایبیستێت و نایبینێت، مرۆڤەکانیش لە بنەچەوە هەموویان یەک ڕەچەڵەک و باوانیان هەیە، یەک خودایان هەیە، باشترینیان ئەوانەن، کە کردەوەی چاکەیان هەیە و خۆیان دەپارێزن لە خراپە، نیازی چاکەیان هەیە و دڵسۆز و لەخواترسن" (العقاد: ٢٠١٤، ١٠).

ئەرکی مرۆڤیش لەسەر بنەمای قورئان بریتییە لە: "فێربوونی زانست و کارکردن پێی و گەیاندنی" (العقاد: ٢٠١٤، ١١). هەرچی پەیوەستیشە بەمافەکانییەوە هەر لەسەر هەمان بنەما. قورئانی پیرۆز هەر لە سەرەتاوە، تا کۆتاییەکەی "گیانی چاکە و خۆشەویستی لەخۆگرتووە و پێگەیشتوانەیە و داوای زانست، کار، ئازادی، یەکسانی، دادپەروەری، سۆز، ڕێنمایی، ڕاستی، چاکەویستی، لەخۆبوردوویی، بەخشین و ئەوباشێتییانەی تر دەکات، کە لە مافە مرۆییەکانە و پێویستە لە مرۆڤدا ڕەنگبداتەوە و پەیوەست بێت پێیانەوە، هەروەها ئایەتەکانی قورئان ڕێگری لە نەزانی، نەفامی، تەمبەڵی، قۆرغکردن، بەبەندکردن، بەرەڵایی، ستەم، لووتبەرزی، جیاکاری، خۆبەگەورەگرتن، ڕەزیلی و ئەو خراپەکارییانەی تر دەکات" (زەڵمی: ٢٠١٧، ٩). ئەم پێش باسەی خستمانەڕوو مەبەستمانە وێنەی مرۆڤ ببینین لەناو پەندەکاندا، کە چۆن لێی ڕوانراوە لە کۆمەڵگەیەکی باوەڕداری موسوڵماندا لە لایەک و پیرەمێرد وەک پەندبێژێکی باوەڕدار، ئایا تا چەندێک لەژێر ڕۆشنایی و باوەڕی خۆی لە مرۆڤی ڕوانیوە، ڕەچاوی مرۆڤ بوونی کردووە؟

ئەوەی پەیوەندی بە ئەدەبیات و ڕەنگدانەوەی مرۆڤەوە هەیە لەناو چەشنە ئەدەبییەکاندا. مرۆڤ بۆتە بابەتێک لە ناوەڕۆکی هەموو چەشنەئەدەبییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە و دواتر وەک فەلسەفەیەک، کە بەها و پلەی مرۆڤ دەنرخێنێت، هیومانیزم سەری هەڵدا، بەمەبەستی داکۆکیکردن لە مرۆڤ.

هیومانیزم وەک بزوتنەوەیەکی فەلسەفی ئەدەبی "لەنیوی دووەمی سەدەی چواردەهەم سەریهەڵدا و بەرەو وڵاتانی تری ئەورووپا گەشەی سەند، ئەم بزوتنەوەیە یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕووناکبیری نوێ" (تەها: ٢٠١٤، ٤). ئەم زاراوەیە لە واتا هاوچەرخەکەیدا بریتییە لە "باوەڕهێنان بەئینسان، پشت بەو هەڵوێستە فەلسەفییانە دەبەستێت، کە باوەڕییان بەتواناکانی مرۆڤ هەیە، دەیانەوێت هەموو گەردوون و سەرجەمی دەستکەوتەکان لە خزمەتی بەختەوەری مرۆڤ و یەکسانی نێوان مرۆڤەکاندابێت، کاری فەلسەفەش بریتی بێت لە بیرکردنەوە و داکۆکیکردن لە ئازادی و یەکسانی و کەرامەتی مرۆڤ دژی هەموو جۆرە چەوسانەوە و ستەم و داپڵۆسینێک" (ئەسوەد: ٢٠١٥، ٤٠٣). بۆیە (دلشاد عەلی) چەمکی مرۆڤایەتی لەناو ئەدەبیاتدا لەوەدا کورتدەکاتەوە، کە "هەموو ئەو هەست و سۆز و بیرانە دەگرێتەوە، کە بایەخ بە مافەکانی مرۆڤ دەدەن وەک تاک و وەک کۆمەڵ، لە چوارچێوەیەکی

مرۆڤدۆستانەی ئەوتۆ، دووربێت لە هەموو سیما و شەقڵێکی ڕەگەز پەرستانە" (تەها: ٢٠١٤، ٦)، هەروەها گرنگترین بنەما فیکرییەکانی هیومانیزم بریتین لە "دەسەڵاتی مرۆڤ بەرانبەر دەسەڵاتی خودا، جەختکردنەوە لەسەر ئازادی و ویستی مرۆڤ، عەقڵی مرۆڤ باڵایە، سروشتگەرایی، پێکەوەژیان، ئەخلاق" (تەها: ٢٠١٤، ٢٣)

ئەدەب لە هەر سەردەم و قۆناغیکی ژیانی مرۆڤدا، سیما و تایبەتمەندیی ئەو سەردەمەی پێوەدیارە. ئەو بارە گشتییەی ئەو قۆناغەی تێدا ڕەنگدەداتەوە، کە ئەویش لە چوارچێوەی داب و نەریت و بیروبۆچوونی تاکەکانی ئەو کۆمەڵەدا خۆی دەبینێتەوە و دەتوانێت پردی گەیاندنی دەنگ و ڕەنگی ئەوان بێت بەنەوەی دواتر، بۆیە (مادام دی ستایل) دەڵێت: "من دەمەوێت لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەریی ئایین و داب و نەریت و یاساکان بکەم لەسەر ئەدەب و لە بەرانبەریشدا کاریگەری ئەدەب لەسەر دین و داب و نەریت و یاساکان بکەم و بکۆڵمەوە" (ئیسکارپیت: ٢٠١٨، ٢٨)، واتە پەیوەندییەکە دوولایەنەیە، هەردووکیان کاریگەریی لەسەر یەکتری جێدەهێڵن و دەکرێت کاریگەرییەکە ئاراستەی هەریەکێکیان بگۆڕێت وەک ئەوەی دەیەوێت ئاراستەیەکی نوێی بکات.

لوسیان گۆڵدمان، کە یەکێکە لە پەیڕەوکارانی بیرۆکەکانی جۆرج لۆکاچ سەبارەت بەکۆمەڵناسی ئەدەب، دەڵێت: "تایبەتمەندی دەستەجەمعی لە داهێنانی ئەدەبیدا، دەستکەوتەکەی ئەوەیە، کە بنیادەکانی دونیای بەرهەمەکان لەگەڵ بنیادە زەینی و هەندێک لە گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا هاوتان، یان لەگەڵ ئەواندا پێوەندییەکیان هەیە، کە قابیلی درککردنە" (ئیسکارپیت: ٢٠١٨، ٣٦). لەم ڕووەوە پەندەکان وەک هەمیشە بایەخە گرنگەکەیان دەردەکەوێت، چونکە "لە ڕێگای پەندی پێشینانەوە دەتوانین لە ژیانی چینە جیاوازەکانی مرۆڤ بگەین لە ڕووی جیاوازییان لە چالاکی و ڕەفتار و بیروباوەڕ و زمان و ڕەوشتیان هەر بۆیەش پەندی پێشینان، کەرەستەکانیان لە ئەزموونەکانی کۆمەڵگاوە وەرگرتووە و لە فۆڕمێکی دەربڕیندا دایان ڕشتووە و گوزارشتیان لێکردووە" (عابی: ٢٠١٦، ٣٤)، دەکرێت لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر تاک بەتاکی ئەندامانی کۆمەڵگایەک بکەین لە هەر ڕوویەکەوە، گەر بمانەوێت لەڕێگای پەندەکانەوە، هەروەها تێڕوانینی پەندبێژ و پەندەکان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر مرۆڤ و بەهاکەی لەسەر بنەمای ڕەگەز، ئاین، نەتەوە و چینەجیاوازەکان، بزانین و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین.

ئەمەش هۆکاری جیاوازییە لە ناوەڕۆکی پەندەکاندا، کە هەر پەندە و گوزراشت لە تێڕوانینی پەندبێژ و دواتر ئەو کۆمەڵە دەکات، کە پەندەکەی تێدا بەرهەمهاتووە، زۆرجار ناوەڕۆکەکانی ستایش و سەرزەنشت دەبینین بۆ یەک ڕوودا و مەبەست لە یەککاتدا، واتە "دەرکەوتنی جیاوازی لە هەندێک لە پەندەکاندا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە جیاوازی کۆمەڵایەتی هەیە لە نێوان کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، گونجا و پەسەند نییە، هەموو پەندەکان کۆکبن لەسەر بەهاو ئاراستەکردنەکانی داهاتوو، لەبەرئەوەی دەبینرێت جیاوازییان تێدایە لەسەر هەڵوێست و بەرژەوەندی و بابەتە پێشنیازکراوەکان" (بورایو: ٢٠٠٨، ١٢٠).

ئێمە مەبەستمانە وێنەی مرۆڤ لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا دەربخەین لە سێ ڕووە، ئەویش یەکەم مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی، دووەم مرۆڤ لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەگەزیی. لێرەدا وێنەی ژن لە پەندەکاندا بخەینە بەرچاو، دواتر لەسەر بنەمای جیاوازی ئایین و لێرەدا وێنەی مرۆڤی ئاییندار جوو لە پەندەکانی پیرەمێرددا پیشانبدەین، بۆیە سەرەتا لەسەر هەریەک لە بابەتانە بەکورتی دەوەستین و دواتر نموونەکان بە هەمان بنەمای کارکردنی پەندەکان شیدەکەینەوە.

جیاوازی لە نێون مرۆڤەکاندا لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەگەز گرفتێکی لە مێژینە و بەردەوامە تا ئێستا، کە کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەدەستییەوە دەناڵێنێت، "یەکێک لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کە هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆش بەردەوامە کێشەی بەکەم زانینی نرخی مرۆڤە، وەک بوونەوەرێکی هۆشمەند، بەتایبەتی ئافرەت" (کەریم: ٢٠٠٥، ١٩٢).

ژن وەک ڕەگەزێکی مرۆڤایەتی گرنگ، بەردەوام لە ململانێدابووە لەگەڵ پیاواندا، چونکە بەردەوام چەوسێنراونەتەوە، توندو تیژییان بەرانبەر کراوە، بێ بەشکراون لەمافەکانیان، بەهۆی ستەمی داب و نەریت و ستەمکردن بەناوی ئاین، یاسا و بیانووی جۆراوجۆرەوە. ئەمە وێنەیەکی گشتییە لە کۆی ژیانی ژنان لە ڕابردوودا، لە کۆمەڵگا جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا، دەگوترێت: "مێژووی ژن دەستکردی پیاوانە، بۆیە هەمیشە مەسەلەی ژن مەسەلەی پیاو بووە، ئەوان چارەنووسی ژنیان لە دەستدابووە بەپێی بەرژەوەندی بڕیاریان لەسەر نەداوە، بەڵکو بە ئامانج و پێویستییەکانی خۆیان لە پێشچاوگرتووە" (عەبدوڵا: ٢٠٠٩، ٢١). دواجار بزوتنەوەیەک بەناوی فێمێنیزمەوە سەرهەڵدەدات، کە مەبەست لێی "بیرۆکەیەکە لە بنەڕەتدا وا بیردەکەنەوە، کە ژنان هەمان ماف و دەرفەتی گونجاویان هەبێت وەک پیاوان یان بزوتنەوەیەکە پشتگیری لە مافەکانی ژنان دەکات،" (ئاسۆس: ٢٠١٤، ٦). ئەم بزوتنەوەیە بەزۆری جەختدەکاتەوە لە کۆتایی هێنان بەهەر ستەم و نادادیەک لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەگەزیی. بێڵ هۆکس ژنە سۆشیال فێمێنستی ئەمریکی دەڵێت: "فیمینیزم کۆتایی هێنانە بەجیاوازی نێر و مێ لەسەر بنەمای ڕەگەز و ستەم لێنەکردنیان لەسەر ئەو بنەمایە" (ئاسۆس: ٢٠١٤، ٨).

سەبارەت بە ژنی کورد لە ڕابردوودا و شێوەی ژیانیان لەناو کۆمەڵدا، زۆربەی ئەوانەی لە بارەیانەوە نووسیوە ڕای ئەرێنییان هەیە، ڕۆڵە مەیدانییەکەی لە ژیانی ڕۆژانەی لەگەڵ پیاودا بەرز دەنرخێنن و دەڵێن: "ئافرەتی کورد لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە، سەرەڕای ئەرکە تایبەتییەکانی ناوماڵ هاوشانی پیاو چەندین ئەرکی بینیوە" (چاوشلي: ١٩٧٠، ٨٢). گەڕیدەکانیش بەشێکی زۆریان ئەم بۆچوونە ئەرێنییانەی خۆیان بەڕاشکاوانە سەبارەت بەژنی کورد لە ڕابردوودا دەربڕیوە، لەوانە (ڕیچ) لە گەشتنامەکەیدا دەڵێت: "پلە وپایەی ئافرەتی کوردستان زۆر لە پلەوپایەی ئافرەتی تورکیا و ئێران بەرزترە، مەبەست لەمەش ئەوەیە، کە مێردەکانیان بەچاوێکی یەکسان بۆیان دەڕوانن" (ڕیچ: ٢٠٠٢، ٢٦١)، هەروەها (تۆمابوا) لەسەر ئافرەتی کورد وتویەتی: "ئەگەر بڵێین سەربەستی ئافرەت لەناو کوردەکاندا

زۆرترە لەناو هەموو گەلانی ئیسلامی تردا، ئەوا شتێکی زیادەمان نەوتووە" (حمەکریم: ١٩٨٠، ١٢٢)، بێگومان هۆکاری ئەمەش بۆ ڕاددەی هۆشیاری کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردەواری دەگەڕێتەوە بەراورد بەکۆمەڵگاکانی تری دراوسێ و ناوچەکە لە نەتەوەکانی تر، بۆیە (سێر مارک سایکس) دەڵێت: "ژنی کورد خۆی ڕزگارکردووە، ڕزگاربوونی لە بەهایەکی بەرزەوە هاتووە، کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێ بیر و باوەڕی ئەو کۆمەڵگەیە" (عەبدوڵا: ٢٠٠٩، ١١٣)، بەڵام لە بەرانبەر ئەم بۆچوونانەدا مێژوونووسی کورد (کەمال مەزهەر) بڕوای وابووە "ئافرەتی کورد وەک هەموو ئافرەتانی جیهان بەدرێژایی مێژوو گیرۆدەی بێ مافی زۆر و ستەمی کۆمەڵگابووە، ژمارەیەک لە داب و نەریتە هەرە ناشرینەدەستکردەکانی ژیان ڕەگ و ڕیشەیان لەناوماندا داکوتاوە" (مەزهەر: ١٩٨١، ٧٦). لەم نێوەندەشدا ڕایەکی نێوەندگیر هەیە، کە دەڵێت: "ئەو سەربەستییەی ئافرەتی ئێمە هەیەتی، هێشتا زۆر کەمە و لەسەرەتای ئەو سەربەستییەدایە، کەدەبێت ئافرەتی مرۆڤ هەیبێت" (کوێستانی: ٢٠٢٢، ٥٤). هەڵبەت ئێمەش هاوڕاین لەگەڵ ئەم بۆچوونە و پێمان وایە ژنی کورد لە ڕابردوودا بەراورد بەژنانی تری ناوچەکە و دونیا، ئازادتر و ئازایانە تر هاتۆتە مەیدانی تێکۆشان و بەهۆی سروشتی کارکردن و شێوەی ژیانی زەمینەسازی تەواو و بواری لە باری بۆ ڕەخساوە، کاربکات و هاوکاری پیاوانبێت. هاوکات بتوانێت گوزارشت لە ویست و خواستەکانی خۆی بکات، ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەییش بێت، کە ئێمە زیاتر مەبەستمان بوارە زارەکییەکەیە لێرەدا، ئەگەر چی بۆچوونێک هەیە بڕوای وایە، کە "ژنان واتابوون و پیاوان وشە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ زمان هی پیاو بووە نەک هی ژن، لەبەرئەوە ژن بابەتی زمان بووە نەک بوونێکی زمانیی هەبووبێت، لە مێژووی جیهانیشدا دەردەکەوێت، کە ژن واتابووە لە واتاکانی زمان ئەمەش لەناو حیکایەت و بابەتە ڕەوانبێژییەکان وەک (خوازە و درکە) هەستی پێدەکرێت، پێشتریش ژن خۆی قسەی نەکردووە و بەردەوام لەژێر سێبەری قسەی پیاواندابووە" (ئاسۆس: ٢٠١٤، ٥٨).

ئێمە بەتەواوی ئەم بۆچوونە ڕەتدەکەینەوە و پێچەوانەکەی دەبینین، ژنی کورد بە بەراورد لەگەڵ تەواوی ژنانی تری گەلانی دونیا لە ڕووی دەربڕین و گوزارشتکردن لە خواست و ویست و ئارەزووەکانی، هاوڕای بۆچوونی (ڕۆهان ئالاکۆم)ین، کە لە کتێبی (سەردەستی ژنان لە فۆلکلۆری کوردیدا) "بەو ئەنجامە گەیشتووە، کەژن لە هونەری زارەکیدا {سەردەستە} نە ژێردەست و خۆی ڕزگاردەکات" (پایانیانی: ١٣٩٣هـ ١٥). بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەمان، کە پێمانوایە ژنانی کورد لە ئەدەبی زارەکیدا و لە گوزراشتکردن لە خۆیان زۆر ڕاشکاوانە دەدوێن، لە ڕووی دەربڕینی خواستەکانی، ئازاد و ئازا بوێر و دلێر، دەدوێت و دەڵێت:

ئاوێک دێتە خوار لە کانی ڕەشێ
بمکەن بە بزمار بمدەن لە کەوشێ
بەدیاریم بەرن بۆ سمێڵ ڕەشێ (پایانیانی: ١٣٩٣هـ ٣٨)

هەروەها لە ڕووی باسکردن لە جەستەی خۆی وەک ئاماژەدان بە پێگەیشتن و ئامادەسازی بۆ قۆناغی نوێی ژیان، کە هاوسەرگیرییە، دیسانەوە ڕاشکاوانە دەڵێت:

تازە دامناوە بناغەی مەمکم

وەرە بمخوازە هەوەڵ لای دایکم (پایانیانی: ١٣٩٣هـ ٤٢)

دواتر ئەم ئازادییەی ژنی کورد لە ئەدەبی زارەکیدا سنوری داب و نەریت دەشکێنێ و دەست دەبات بۆ تابۆ شکێنی و گوزراشت لە ئارەزووی سێکسی خۆیدەکات وەک مرۆڤێک، بە بێ گوێدانە لەمپەر و کۆسپەکانی کۆمەڵگاکەی و زۆر بە ئاشکرا دەڵێت:

کێر و گوونەکەی داهێشتە　　　کچۆڵان دەیان چێشتە

پێیان وابوو بنێشتە ......

یان　　　لە کێرت دۆشم شیری

لە گوونانت کەم پەنیری (پایانیانی: ١٣٩٣هـ ٨٩)

لەکۆی ئەم بەڵگانەدا دەتوانین ئەوە بڵێین، کەژنی کورد وێڕای بوونی ئازادی و ئازایەتی زیاتر لە کار و شێوەی ژیانیدا لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا، هەروەها لە پۆشاک و جۆری جلوبەرگیدا، هاوکات لە دەربڕین و گوزراشتکردن لە خواست و ویست و ئارەزووەکانیدا ڕاشکاوانەتر و ئازادتر بووە لە ژنانی گەلانی تری دونیا. ئەویش بەهۆی سروشت و ژینگە و شێوەی ژیان لە لایەک و بنەمای زارەکی بوونی ئەدەبەکە، کە خاوەنی دیار نییە لە لایەکی ترەوە، هەروەها ژینگەی کارکردنی لە کێڵگە کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەکەی یارمەتیدەری بوون. بۆ ئەم مەبەستە، ئەوەی ئێمە دەمانەوێت وێنەی ژنە لەناو پەندی پێشیناندا، بزانین ئەم مرۆڤەی هاوبەشی ژیان چۆن لێی ڕوانراوە، هەڵبەت هێنانی ئەم پێشەکییەش هەربۆ ئەو مەبەستەبوو. سەبارەت بە گەلی جوو، کە بەو کەسانە دەگوترێت، کە سەر بە پەیامی پێغەمبەر مووسان (خوالێی ڕازی بێت) وە پێغەمبەرانی تری پێشەوای ئەو ئایینە، لە ناو جووەکاندا هەردوو پەرتووکی (تەورات و تەلمود) بەسەرچاوەی سەرەکی ئاینەکەیان دادەنرێت، وەک بنەچە خۆیان دەگێڕنەوە سەر پێغەمبەر ئیبراهیم (خوالێی ڕازی بێت) و بە باپیرەگەورەی خۆیانی دەزانن. بەهۆی ستەمی زۆری گەلانی دونیا لێیان لە لایەک و باوەڕی خۆیان بەوەی، کە وەک گەلی ستەملێکراو وان لە کاتێکدا گەلی هەڵبژاردەی خودان، خواستی خۆیان بۆ دروستکردنی دەوڵەت، تا تیایدا بژین بزوتنەوەیەک بەناوی زایۆنی (الصهيونية zionism، دروستبوو، ئەم بزوتنەوەیە "بزوتنەوەیەکی سیاسی یەهودییە، یەکەم جار لەسەر زاری (ناتان برنباوم ١٨٩٠) ناوبراوە،... زایۆنی وەک زاراوە زیاتر لەناو یەهودی ڕۆژئاوا چەکەرەیکرد،... ئەو داوایەی (زایۆنی) کرا بەڕای گشتی بەهۆی هۆنینەوەی سەربردە و پیشبینی ئایینی، بووە بەشێک لە ئەدەبیاتی نووسەرانیان،...بوونە هۆی چەکەرەبوونی شەبەنگێکی ئایدۆلۆژی زایۆنی،... وەک ڕێکخستن و

پەیڕەوکردنیش لە بەرنامەیەکی سیاسیدا ساڵی ١٨٩٧ بەسەرپەرشتی (هرتزل)خاوەنی کتێبی (دەوڵەتی یەهودی)کۆنگرەی زایۆنی لە (بازل- سویسرە)جاڕی ڕێکخراوێکی زایۆنی درا بەئامادەبوونی زیاتر لە (٢٠٠) نوێنەرانی جیهانیان، تیایدا بڕیاریاندا فەلەستین بکەن بەنیشتیمانیان" (عبدالخالق: ٢٠٠٨، ٣٥٦)

هەرچی پەیوەستە بە مێژووی هاتنی ئەم گەلە بۆ خاکی کوردستان و عێراق زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەچەند قۆناغێک دەکەن، قۆناغی یەکەم لەلایەن ئاشورییەکانەوە بەدیل گیراون " لەسەددەی نۆیەم و هەشتەمی پێش زایین هێنراون بۆ کوردستان. ئەمەش بەهۆی سیاسەتی ئەو کاتی ئاشورییەکانەوە، کە مەبەستییان بووە جووەکان لە ناوچە شاخاویی و جیاجیا و دوورە دەستەکان نیشتەجێ بکەن، تا ڕێگرییان بکەن لە کۆبوونەوە و چەکەرەکردنی هیوای گەڕانەوە بۆ فەلەستین.

قۆناغی دووەم لەسەردەمی بابلییەکاندا (٥٨٦- ٥٣٧ پ. ز) ئەویش "دوای وێرانبوونی ئۆرشەلیم نەبووخود نەسر، ژیان و بوونی میللەتی جوو هەڕەشەی لەسەربوو،... کۆتایی بە پادشایەتی یەهودیا هێنا و دانیشتوانی ئۆرشەلیمی دەربەدەرکرد، لە وڵاتانی بابل، میدیا، فارس، سوریا، میسر دیلە جووەکان هەڕاج دەکران و دەفرۆشرانە بێگانە" (دوبنۆڤ: ٢٠٢٠، ١٩٣). لەم هەڵمەتەدا بەهەزاران جوو هێنراونەتە بابل و "بەشێک لەو ژمارەیە ڕەوانەی ناوچە شاخاوییەکانی دوور باکوری عێراق {کوردستان} کراون" (حمەتۆفیق: ٢٠١٥، ١٢). لەم نیشتەجێکردنەی جوولەکە لە کوردستاندا بانگەشەیان بۆ ئاینەکەیان کردووە، " لەسەدەی شەشەمی پێش زاییندا... دانیاڵ پێغەمبەر یەکەم کەس بوو، کە ئەو ئایینەی لەناوچەی کەرکوک لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی(میدیا)بڵاوکردۆتەوە" (حمەتۆفیق: ٢٠١٥، ١٤)، هەروەها لە درێژەی بڵاوکردنەوە و بانگەشە بۆ ئەم ئایینە لە کوردستاندا "بەپێی تەلمود، ڕێ بەمەرجەعە دینییەکانی جوولەکە دراوە، تا جوولەکایەتی لەنێو کوردە خۆماڵییەکاندا بڵاوبکەنەوە و ئەوانیش لەم کارەیاندا سەرکەوتنی چاکیان بەدەستهێناوە. لە ئەنجامدا خانەدانی فەرمانڕەوایانی کورد (ئادیابین)، کە پایتەختەکەی هەولێر بووە، لە سەدەی یەکەمی پێش زایین، خۆی و ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی کوردی شانشینەکە چوونەتەسەر ئایینی جوولەکایەتی، ...تەنانەت هەندێ ڕووداوی ئایینی و داهێنان لەکوردستاندا بووە و ڕەنگدانەوەشی لەسەر دەوروبەرەکەی بەجێهێشتووە، بۆ نموونە ئازادی ڕێژەیی ئافرەتی جوولەکەی کوردستان، بووەتە مایەی ئەوەی، کە بۆ یەکەمجار ژنێک لە کوردستان ببێت بە حاخام (rabbi) و لەم سەروبەندەدا حاخام ئاسیناس بارزانی کچی سامۆئێل بارزانی(دەوروبەری ١٦٣٠ مردووە) چەندان فێرگە و ئامۆژگەی ئایینی لەکوردستان دامەزراند" (حمەتۆفیق: ٢٠١٥، ١٥).

لە پاشماوەی ئەم جووە ڕاگوێزراوانە، لەساڵی ١٩٤٧ بەپێی ئامارەکان ژمارەیان بەنزیکەی (١٨٠٠٠) هەژدە هەزار خەمڵێنراوە" (جبیر: و شامل: ٢٠١٣، ١٧). ئەگەرچی لە ڕووی ژمارەوە لە سەرەتای هاتنیان ئاماژە بەوەدەکرێت، کە "ژمارەیان (٢٧٠٠٠) بیست و حەوت هەزار کەس بووە و ڕاستەوخۆ بۆ کوردستان ڕاگوێزراون و سەرچاوەی جووی ئەم وڵاتەن" (کوردە: ٢٠٠٧، ٣٩).

له ئێستادا ئەم گەلە لە دیدی بەشێک لەموسوڵمانانی توند ئاژۆوە بەمشێوەیە لێیاندەڕوانرێت: کە "هەر لەسەردەمی پێش موسا (علیه سلام)، کە یەکەم پێغەمبەرانیان بووە، تا ئەم چرکە ساتەی تیایدا دەژین، جوولەکەکان سەرچاوەی بێ باوەڕی، بەدکاریی، خوێنڕێژیی، پێغەمبەرکوژیی، دژایەتی ڕاستی، پەیامی پیرۆزیی خوایی و سەرجەم شتەباشەکان بوون، جوولەکە لە هیچ کات و سەردەمێکدا خاوەنی مەبدەئێکی تەواو جێگیرنەبوون، بەڵکو بەبەردەوامی هەنگاویان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا بووە و لەکوێوە (با) هاتووە، ئەوان لەوێوە شەنیان کردووە" (حسن: ٢٠١٥، ٤٩).

سەبارەت بەمێژووی نوێی باوەڕدارانی ئەم ئایینە و نیشتەجێبوونیان لە شاری سلێمانی دەورووبەری بەشێوەیەکی گشتی ڕووبەڕووی دووجۆرە بۆچوون دەبینەوە دەربارەی شێوەی مامەڵەکردنی موسڵمانان و باوەڕدارانی ئایینی ئیسلام لەگەڵیاندا.

دەربارەی جووەکانی نیشتەجێی شاری سلێمانی، کە لەشار و گوندەکانی دەوربەرییەوە هاتوون، لەشوێنەکانی خۆیان تارادەیەکی باش ڕێزییان لێگیراوە، بۆ نموونە جووەکانی هەڵەبجە " لەپاڵ موسوڵمانەکان بەسەربەستی ژیاون. بەڵگەش بۆ ئەوە خانووی جولەکەکان بە پشت خانووی موسوڵمانەکانەوە بووە، کڵێسای تایبەتی خۆیان هەبووە، وەک خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە" (کوردە: ٢٠٠٧، ٤٤).

لەکاتی هاتنیان بۆ سلێمانی خواستی نیشتەجێبوونیان لەو شارەدا ڕووبەڕووی ناڕەزایەتی بوونەوە، خەڵکانێک ویستوویانە ڕێگرییان لێبکەن، کەسایەتی ئایینی و خاوەن پێگەی ئەوکاتی شاری سلێمانی کاک ئەحمەدی شێخ، بەمشێوەیە مامەڵە لەگەڵ خواستی جووەکان و ناڕەزایەتی خەڵکی دەکات. "دەنێرێت بەشوێن مالووم و چەند کەسێکی دیاری جوولەکەکاندا بۆ قسەوباس لەم بابەتە، دواجار بۆ دەمکوتکردنی ناڕازییەکان و ڕازیکردنی جوولەکەکانیش بڕیار دەدات، کە لەخوارووی شارەوە گەڕەکێک بۆ خۆیان دروست بکەن و لەوێ کۆببنەوە" (حمەتۆفیق: ٢٠١٥، ٢٢٤).

دوای ماوەیەک و سەبارەت بەشێوەی ژیانی باوەڕدارانی جوو لەم شارەدا، گەشتیاری جوولەکە (ئەیدلمان) باوەڕی وایە، کە "جوولەکەکان لە شارەکەدا هەمان ئەومافانەیان هەبووە، کە خەڵکی شارەکە هەیانبووە. ئەم مافانەش لەلایەن دەسەڵاتدارانی شارەکەوە پێیاندراوە و هەمووان پێکەوە وەک لەبەهەشتدا هەیە، بەبرایەتی ژیاون" (حمەتۆفیق: ٢٠١٥، ٢٢٥)

هەرچی تایبەتە بەمافی خوێندنی منداڵانی جوو لە شاری سلێمانیدا " کچان و کوڕانی جوو لە سلێمانیدا لای حاخام خوێندوویانە و فێری عەقیدە و بنەمای دینی خۆیان کراون، زمانی عیبری و عەرەبی و فەڕەنسی و بابەتی ژمێریاری و مێژوو... چەند زانستێکیان خوێندووە و فێربوون" (سەیدقادر: ٢٠٢١، ٣٧)، لەبارەی خوێندنی فەرمییەوە لە شاری سلێمانی، لە سەرەتاوە "قوتابخانەیەک هەبووە بەناو قوتابخانەی جوولەکەی سەرەتایی و ٢٥ قوتابی دەرسیان تیادا خوێندووە، کە لەوکاتەدا لە قوتابخانەی

ڕوشدییەی سەربازی ١٠٦ قوتابی هەبووە،...هەروەها کچەکانیان ناردۆتە بەرخوێندن لە قوتابخانەی زەهرا- عێراقییە، کوڕەکانیشیان ناردۆتە قوتابخانەی ئەیوبییە لەگەڕەکی چوارباخ و قوتابخانەی غازی لە جوولەکان،... و چەند قوتابیان لە قوتابخانەی خالدیە بوون لە گەڕەکی دەرگەزێن" (سەیدقادر: ٢٠٢١، ٤٤) لە بەرانبەر ئەم ماف و ڕووە ئەرێنییەی مامەڵەی باوەڕدارانی ئایینی ئیسلام لەگەڵ باوەڕدارانی ئایینی جوو، بەشێک لە سەرچاوەکان جۆرێکی تری مامەڵەکردنیش دەگێڕنەوە، کە "خەڵک بەگشتی بە چاوی سووکەوە سەیری جوولەکەیان دەکرد، تەنانەت ئەوانەش، کە بوونەتە موسوڵمان سەرەڕای تێپەڕبوونی چەندین پشت هەر بە (بن جوو)ناودەبرێن. لە زۆر شوێن وەک کۆیلە ڕەفتارییان لەگەڵ دەکرا، هەرکەسێک چەند جوولەکەیەکی دیاریکردبوو ناچاری دەکردن، تا بەبێ کرێ کاری قورسیان بۆ بکات،... لە هەندێ شوێنی تردا دەسەڵاتداری ناوچەیی سەرانەیان لێ دەسەندن،... کوردێک، کە دەگەیشتە جوولەکەیەکی ئاشنا سڵاوی لێنەدەکرد، چونکە وافێرکرابوو، کە گوناهە سڵاو لە کافرێک بکات،... لە کاتی پرسەدا نەیاندەگوت: خوالێی خۆشبێت، چونکە وافێرکرابوون، کە بەزەیی خوا هەر بۆ موسوڵمانانە، بۆیە دەیانگوت: خۆتان خۆشبن" (حمەتۆفیق: ٢٠١٥، ٢٣٢).

لە نێوان ئەم دوو مامەڵەیەدا ئێمە بەناو پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا دەگەڕێین، تا بزانین پەندی پێشینان بەگشتی و پیرەمێرد وەک پەندبێژێک مرۆڤی باوەڕداری جووی چۆن بینیوە؟ بۆیە هەوڵدەدەین لەسەر بنەمای کارکردنی پەندەکان، وێنەی مرۆڤ بەگشتی، لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەگەز، مرۆڤی ژن و لەسەر بنەمای جیاوازی باوەڕی ئایینی مرۆڤی جوو ببینین.

**یەکەم: ئاگادارکردنەوە لە بارەی ناسینی مرۆڤ بەگشتی، ژن و جوو:**

پەندبێژ هەوڵدەدات لە ڕێگای پەندەکانەوە خودی مرۆڤ پێناسەبکات و خۆی بناسێت، یان ڕوونتربڵێین هاوچەشنەکانی خۆی بناسێ، بەمەبەستی خۆ بە دوورگرتن لە هەر مرۆڤێک، کە دەبێتە مایەی زیان گەیاندن پێی، بە گشتی پەندبێژ ڕایەکی نەرێنی لەسەر مرۆڤ هەیە، بۆیە ئاگادارکردنەوەکەی لەم بارەیەوە سەرەتا لە ناساندنی ڕەچەڵەکی مرۆڤ و بنەڕەتی بیرکردنەوە و ڕەفتاریەوەیەتی و دەڵێت:

ئینسان لە نیسیان دروستکراوە بۆیە پەردەی غەفڵەتی پێداکێشراوە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢١٩)

خوا فەرموویەتی: شەیتانی ئینسان هەر لە ئینسانە بۆ درۆی نیسان (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ١٩٩)

خوا وای داناوە ئەبێ هەر وابین ئێمە لە ئادەم عاقڵتر نابین (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ١٤٨)

ئەگەر سەرنج لەم سێ پەندە بدەین پەندبێژ ئەوە دەخاتەڕوو، کە مرۆڤ لە هەڵە دروستبووە، پەردەی بێ ئاگایی بەسەردا کێشراوە، لە پەندی دووەمدا شەیتان وەک هێمای خراپە لە خودی مرۆڤەکاندا دەبینێتەوە، پەندی سێیەم دەگەڕێتەوە بۆ ناو باوەڕی ئایینی و بابەتی مێژوویی و هەڵەی پیغەمبەر ئادەم (خوا لێی ڕازی بێت). مادام ئەو باوە گەورەمانە و هەڵەی کرد، مرۆڤیش بەردەوام دەبێت لەسەر هەمان هەڵە. ئەم جۆرە ناساندنە بۆ مرۆڤ، دروستبوون لە هەڵە و کردەوەی شەیتانی و بێ ئەقڵی سیمای

نائومێدین لە تێڕوانینی پەندبێژ بۆ مرۆڤ و تێیدا مرۆڤی تر نائومێد دەکەن لە پەیوەندی و مامەڵەیان لەگەڵ یەکتریدا. بابەتیکی تری تێڕوانینی پەندبێژ بڕیاردانە لەسەر مرۆڤ بەپێی ڕەنگ و ڕووخساری یان هۆز و تیرەی، یاخود باڵا و بنەماڵەی، وەک لەم پەندانەدا هاتووە.

کورت و فیتنەیی، درێژ و بێ هۆش		لەدوو جەژنان بوو شیخی نوێژ فرۆش

ئاین و ئۆینی زەردی چاوکاڵ		شەهوەت پەرستی ڕەشی ڕووبەخاڵ

جاف بۆ زییانی، هەمەوەند بۆ شەڕ		شێخ و تەفرەقە، زەنگەنە بۆ گەڕ (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٠١)

لەم چەند پەندەی سەرەوە دەبینین لەسەر بنەمای شێوە و تیرە و هۆزی مرۆڤەکان بڕیاری لەسەر چۆنییەتییان داوە، مرۆڤی (کورت فیتنەیی، درێژ بێ ئەقڵی، شێخ نوێژ و دین فرۆشی، زەردی چاوکاڵ فروفێڵاوی، ڕەش شەهوەت و ئارەزوو پەرستی، جاف زییانی کردن لە کشتوکاڵ، هەمەوەند شەڕفرۆشی، شێخ دووبەرەکی نانەوە، زەنگەنە و گیچەڵکردن بە خەڵکی)، دواتر دەڵێت:

لەتەنگانەدا خودا ئەناسی		کەوتیە فەرەحی دیسان بلْباسی

پیاو بۆ بۆرە پیاو ڕوحی خۆی سەرفکرد		کەچی پێی دەگووت بەدەردی خۆی مرد

بەڵام بۆرە پیاو بەهیچ نازانێ		قەدری مەگرە، بەلەتە نانێ

(پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٢٢، ٩٨، ٢٠٣).

مرۆڤی (بلْباس خودا نەناس، بۆرە پیاو بێ وەفایی و سپڵەیی (ئەمەیان پەندێکی باوی ناو خەڵکە، کە دەڵێت: خۆت بۆ بۆرەپیاو بدەیت بە کوشت دەڵێ بەدەردی خوایی مرد). بەمجۆرە بڕیاردانی پێشوەختە لەسەر مرۆڤ بڕیارێکی نادروست و نادادپەروەرانەیە. ستەمی تێدایە و لەو جۆرە ڕەنگ و لەو جۆرە تیرە و هۆزانە هەمووی مرۆڤی باش و چاک و پاک بۆ کۆمەڵ بوونیان هەیە و دەتوانن ببەنە تاکێکی سوود بەخش بۆ کۆمەڵ و لە ڕابردووشدا وابووە. جیا لەوەی پەندەکان لە بارەیانەوە تێدەکۆشن و پەیامی ئاگادارکردنەوە دەگەیەنن بە مرۆڤەکانی تر، دەبێتە هۆی بچووککردنەوەی بازنەی پەیوەندییەکانی و سنورێکی بۆ دادەنێت، بەتەنها دەیهێڵێتەوە، هەروەها هاوکات زیان بە ئاشتی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت. گرنگترین شتیش لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر سەرنجی بدرێت هەموو ئەم تایبەتمەندییانەی پەندبێژ باسیان دەکات لە مرۆڤدا هیچی لە تواناو ویستی مرۆڤ خۆیدانین و خواکردن، واتە مرۆڤ نە ڕەنگی، نە باڵای نە هۆز و بنەماڵەی لەژێر دەسەڵات و تواناو ویست و ئیرادەی خۆی نییە، کەوابوو چۆن دەبێت لەسەر شتێک، کە لە توانای خۆیدا نییە، پۆلێن بۆ کەسایەتی بکرێت. ئەوەی تەنیا مرۆڤ لێی بەرپرسە کردەوەکانییەتی، کە بەپێی ئەو ژیرییەی هەیەتی ڕەفتار دەکات. پەندبێژ دواجار خۆیشی لەم ڕووە وە دەڵێت:

لەش و عەقڵ و دڵ ئەم سیانە ساغبێ

صاحێبیان دەبێ هەر بەدەماغ بێ (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٤٨)

کەواتە کرۆکی کاری مرۆڤ لە سێگۆشەی ( جەستە، ژیریی، دڵ)کۆدەکاتەوە و هەرکەس خاوەنی ئەم سیانە بوو، یان وردتر بڵێین توانی ئەم سێ بەخششە بەژیرانە بەکار بهێنێت، کەسێکی هۆشیار و سوود بەخش دەردەچێت و ڕێک وەک ئەوەیە، کە پەندەکان و پەندبێژ لە پارەکانی پێشتردا لە بارەیەوە تێکۆشاون و هەوڵی سڕینەوەی ڕەفتاری خراپ و هێنانەدی ڕەفتاری باشیان داوە.

ژن وەک ڕەگەزێکی مرۆڤایەتی، ڕەگەزێکی جیاواز بەرانبەر پیاو ڕەنگدانەوەی هەیە لەناو پەندی پێشینان و بەدیاریکراوی پەندەشیعرییەکاندا، بۆیە لەم ڕووەوە پەیامی ئاگادارکردنەوەی پەندبێژ لەبارەی ژنانەوە ئەوەیە، کە لێرەدا دەیخەینەڕوو:

وەختێ کە ژن بوو بەگەورەی گەڕەک          با ئیتر ئێمە دەست بدەینە خەڕەک

بێوەژن هەرچەند خاوەن دراوبێ          تۆ کچ بێنە با کراسی جاوبێ

(ئەبو طالیب) یش بە تەعنەی ژنان          بەپێغەمبەری نەهێنا ئیمان (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٨، ٤١، ١٧٠).

لێرەدا پەیامەکە ڕوونە، کە لەم چەند پەندەدا خستوویەتییە بەردەست، یەکەم دەسەڵات و کاربەدەستی، بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایی بە ژن ڕەوا نابینێت، لە نێوان دۆخی ژناندا جیاوازی دەکات لە بێوەژن و کچدا، ژنان بە هۆکاری بێ ئیمانی خەڵکی تر ناوزەد دەکات و تانووت لێدان لە خەڵکی بە پیشەی ئەوان دەزانێت، لەبەر ئەمانە و چەندین هۆکاری تر هەمووان ئاگادار دەکاتەوە لە چۆنییەتی و سنوردانان و جۆری مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.

مرۆڤی جوو، وەک باوەڕدارێک، کەتەنها ئاینەکەی جیاوازە لەگەڵ مرۆڤی موسوڵمان، لێرەوە دنیایەک جیاوازی تر دەستپێدەکات، لە کاتێکدا هەردووکیان خاوەنی دوو ئایینی ئاسمانی و دوو پێغەمبەری جودان، بەڵام لە بنەڕەتدا یەکتا پەرست و باوەڕییان بەیەک خودا هەیە، لە دیدی پەندبێژەوە جیاوازییەکان زۆرتر بەدی دەکەین، وەک لە خاڵی هاوبەش. ئەم جیاوازییانە لەناو پەندەکاندا ڕەنگیانداوەتەوە، دەکرێت لەوێوە دیدی پەندبێژ ببینین، تێڕوانینەکانی سەبارەت بە مرۆڤی باوەڕداری جوو بزانین چییە و پەیامی ئاگاداری ئەو چییە لەوبارەوە، لەم نموونانەدا دەیانخەینەڕوو.

جاران جوولەکە خومی ئەشێوا          بەدرۆ پیاویان ئەکرد بە کێوا

جوو کە بازاڕی کەوتە کەساسی          سەگ دەخەسێنێ بۆ دوو عەباسی

کە دراوی خۆی کردە هەمانە          بە هەموو کەسێک ئەڵێ: هامانە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٥١، ٢٤)

لەم دوو پەندەشیعرییەدا، مرۆڤی جوو بەدرۆزن، بەرژەوەندیخواز، پارەپەرست و بێ وەفا ناودەبات. بۆیە هەمووان لەوە ئاگاداردەکاتەوە، تا سروشتی ئەم جۆرە مرۆڤە بناسن و خۆیان بەدوور بگرن لە مامەڵەکردن و نزیکبوونەوە لێیان، جیا لەوە هەمووکەس لەوە ئاگاداردەکاتەوە، چاکە ئەنجام نەدەن لەگەڵیان و چاوەڕێی وەفا و پێزانین نەبین لێیان، چونکە کاتێک ڕزگاریان بوو، وەک دوژمن دەتبینن.

بەشێوەیەکی گشتی پەندبێژ پێچەوانەی هەوڵەکانی پێشووی خۆی سەبارەت بە پەروەردە و پرسی چاکسازی مرۆڤ، سڕینەوەی خووە خراپەکان و چاندنی بەهای مرۆڤایەتی بەرز، تێڕوانینێکی نەرێنی بەگشتی بۆ مرۆڤ هەیە، بەڵام کاتێک دەچینە وردەکارییەوە لەناو مرۆڤدا لەسەر بنەمای ڕەگەز، مرۆڤی ژن، لەسەر بنەمای ئاین، مرۆڤی جوو، زیاتر کەوتوونە بەر نەشتەری تیژی پەندبێژ وەک مرۆڤی نائاسایی دەیان بینێت و سنوردادەنێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیان، تا پارێزراوبێت لە زیان و خراپییەکانیان.

**دووەم: ڕێگری لە بوونی مرۆڤی خراپ و مامەڵەی مرۆڤانە لەگەڵ ژن و جوو:**

پەندبێژ دەیەوێت ڕێگری بکات، بەڵام ڕێگری ئەمجارەی جیاوازە لە جارانی تر، ئەگەر جاران ڕێگریی پەیامێک بوو بێت، لە پێناو ڕاستکردنەوەدا، ئەگەر پێشتر پەیامەکەی بەخشکەیی دەربڕین بووبێت، ئێستا ڕاستەوخۆ دەیەوێت ڕێگری لە مرۆڤی خراپ بکات، ئەگەر بەمەرگ و کوشتاریش بێت، بۆیە پەیامی ڕێگری بەتوندی دەگەیەنێت و دەڵێت:

با وجود ئینسان کە لەنیسیانە ئەبێ هیچ خەمی نەبێ بەمانە

ئەگەر کەس نەمرێ بەمەرگ و کوشتار دنیا پڕ ئەبێ لەنەتەوەی هار

ئەبێ بازاڕی کۆن ببڕێتەوە تا دەستەی تازە جێیان بێتەوە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٣٥١). پەندبێژ بەڕوونی لێرەدا لەگەڵ مەرگ و کوشتارە بۆ کەسی خراپ، بەڵام هاوکات پێی وایە، کە مرۆڤ لە بنەڕەتدا لە خراپە و هەڵە دروستبووە، کەواتە لەگەڵ مەرگی فراوان گشتگیرە بۆ ڕێگری لە خراپە، بە بڕوای پەندبێژ. ئەمەش هۆکارە بۆ لە ناوبردنی خراپە و سەرلەنوێ جێگرتنەوەی بە نەوەیەکی نوێتر، بە ئومێدی هێنانەدی چاکی و کاری پەسەند، دواتر دەڵێت:

دیارە ئەو کەسەی کە بەرز ئەفڕێ ئەستۆ شکانی گەوجیی پێ ئەبڕێ

ئاخ ئادەمیزاد لەخۆی باییە بۆ دوو ڕۆژیش بێ شاهی شاییە

ئەم بەرز فڕینە و ئەم مل شکانە لە ئادەمەوە ئیرسی باوکمانە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ١٤٤)

لێرەدا دەیەوێت ڕێگری بکات لە لووتبەرزی و خۆبەزلزانین لە ناخی مرۆڤدا، بەڵام بڕوای وایە، کە مرۆڤ لە بنەڕەتدا لووتبەرزە و لەگەڵ بوونیدا چەکەرەیکردووە. هۆکاری ئەمەش بە تایبەتمەندی بۆماوەیی دەزانێت، کە ئەم سیفەتە لە باوانەوە بۆ مرۆڤایەتی ماوەتەوە. چۆن ئادەم باوەگەورەی مرۆڤایەتی بەرزکرایەوە، بەهۆی لە خۆبایی بوون و هەڵەکردنەوە دووچاری سزای خوایی بوو، ئاوا مرۆڤایەتیش گێرۆدەی ئەم دەردەیە. بۆ ڕێگریی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژن وەک مرۆڤێک، ئەگەرچی ڕاستەوخۆ ناوی ناهێنێت، بەڵام کاتێک دەیەوێت ڕێگری بکات لەوەی، کە پیاوان دوورکەونەوە لە کردەوە و کارێک، یاخود ئەنجامی نەدەن، ئەوا کارەکە بەپیشەی ژنان ناودەبات و دەڵێت:

سیاسەت پیشەی ئاغای بێ ڕیشە بۆیە گەلێ پیاو بێ ڕیش و ئیشە

زۆر ڕیش و سمێڵ تاشرا وەک ئەوان خۆزگە ڕیش ئەبوو بە مۆدەی ژنان

ئۆخەی ژنان بوون بەگەورەی گەڕەک          ئەبێ دەستەی تر بچنە بەر خەڕەک (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٤٥). پەندبێژ دەیەوێت ڕووی دزێوی سیاسەت پیشانبدات لە لایەک، دواتر دەیەوێت ڕەخنە لە کەسانێک بگرێت، کە ڕێش و سمێڵیان نییە و لایان بردووە، بەڵام هەردوو کارەکە بە پیشەی ژنان ناودەبات. لە ناواخندا سوکایەتییە بەخودی ژن، دواتر جەخت لەوە دەکاتەوە کاتێک ژن بووە گەورە و کار بە دەست، دەبێت خەڵکی تر بچێتە بەر خەڕەک، چونکە شیاوی ئەو کارەنین، دواتر دەڵێت:

ئەوی بەقسەی ژن تەفرە ئەخوا          پێی دەڵێن: فەقیری خوا
هەرچی بەعەقڵی خەڵکی تر ئەکا          مەقەس بەزۆری پەنجە کار ئەکا
بەڵام شەیتانی ئینسان ئینسانە          بە ئاغام پاشام تەرفە ئاسانە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٩٤)

لێرەدا دەیەوێت ڕێگری بکات لە نەفسی شەیتانی و ڕێگری لەوەی، کە مرۆڤ بەقسەی کەسانی تر فریو بخوات، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە نموونە بە ژن دەهێنێتەوە ڕێگری سەرەکی ئەوەیە، کە نابێت پیاو بەقسەی ژن فریو بخوات، چونکە هەرکات کەوتە داوی فریوی ژنانەوە، وەک بەندەی فەقیری خودا دەناسرێت، دواتر پەیامی خۆی بۆ ئەوەی ڕێگریی بکات، کە کچ دەستبەرداری دایک ببێت، دەڵێت:

خەسوو بەخرکێ، بووکێ بە برکێ          تێک بەربن شیریان چۆن نابزڕکێ؟
بالۆرەی بووک و خەسووی گوێ لێبوو          بۆیە کچەکەی نەئەدا بەشوو
کەچی کچ دەستی لە دایکی بەردا          (مەیموون) زۆر جوان بوو، ئاوڵەشی دەردا (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٣٦٧). پەندبێژ چیرۆکی شانکێی بووک و خەسووی ناو کۆمەڵ بە نموونە دێنێتەوە. ئەمەش وەک بیانوویەک دەهێنێتەوە بۆ دایکان، کە نایانەوێت کچان بەشووبدەن، بەڵام لە بەرانبەردا کچ لە پێناو شوو، دەستبەرداری دایک دەبێت. ئەم هەڵوێستەی کچ وەک ڕەگەزی ژن، دەچوێنێت بە پەندێک، کە دەڵێت: مەیموون زۆر جوانبوو ئاوڵەشی دەردا، واتە لێرەدا پەندبێژ ئەو پەندەی سەرلەنوێ لە پەندە شیعرییەکە داناوەتەوە. مەبەستییەتی خودی کچەکە وەک ڕەگەزی مێ بە مەیموون بچوێنێت لە ناشرینیدا، هەڵوێستەکەشی بە نەخۆشی ئاوڵە، کە ئەوەندەی تر سیمای ناشیرینی پێدەبەخشێت.

ئافرەتی زگپڕ کە ژان ئەیگرێ          وای لێ دێ هیوا لە ژیان ئەبڕێ
هاوار ئەکاتە شەخس و پیرەکان          ئەڵێ دەخیلە بمگەنێ ئامان
ئەیشلێ تۆبە بێ ئیتر هیچ شەوێ          لاقم لە لاقی مێردم نەکەوێ
کە ڕزگاری بوو جارێ لە ڕاوێ          حەوتە حەمامی بەوشکی ناوێ!!
قوماریش وایە کە بیدۆڕێنێ          وای لێ دێ ئیتر پارەی نامێنێ
هەزار سوێند ئەخوا تەڵاقیش باوە          کە ئیتر قومار نەکا تا ماوە
هەر ئەوەیە تا ئەگاتە شەو          نانی پێ ناخورێ ئەڕوا بەسەر ڕەو (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٤٠١).

لێرەدا پەندبێژ دەیەوێت ڕێگری بکات لە خوویەکی بەدی ناوکۆمەڵ، ئەویش قومارکردنە لەسەر پارە، کە دەبێتە مایەی برسیکردنی قومارچی و ماڵ و منداڵی، بەڵام هۆگری کەسەکە بە قومار و بەڵێندان بە وازهێنان لێی و دووبارە گەڕانەوە بۆ سەری دەچوێنێت، بە دۆخی ژنێکی دووگیان و ئازارەکان و پەیوەندییە خێزانییەکانی لەگەڵ هاوسەری، کە هیچ نەنگییەکی تێدانییە و ناکرێت بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەم خووە بەدە، بەڵام پەندبێژ بۆ ڕێگری لە قومار هاوتایان دەکات.

سەبارەت بە جوولەکە پەندبێژ دەیەوێت ڕێگریی بکات لەوەی پەیوەندی هەبێت لە نێوان خەڵکی و باوەڕداری جوولەکە، بیانووی جۆراوجۆریش بۆ گەیاندنی پەیامەکەی دێنێتەوە و دەڵێت:

| | |
|---|---|
| هەر چەند کە ڕادیۆ دەنگ ئەداتەوە | گوێ ئەگرم بۆ ڕاست بە ئاواتەوە |
| یارەبی ماڵی درۆیان شێوێ | درۆی وادەکەن ئەوەندەی کێوێ |
| لەمەیشا پەنجەی جوولەکەی تیایە | خومی شێواوە، کەوتۆتە کایە (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٨٢). |

پەندبێژ هەوڵدەدات ڕێگری بکات لەوەی، خەڵکی گوێ لە ڕادیۆ و هەواڵی سیاسی بگرێت بۆ ئەوەی پەیامی ڕێگرییەکەی باش بگات، هاتووە ناوەڕۆکی هەواڵەکان، کە بە بڕاوی پەندبێژ ڕاستنین دەچوێنێت بە درۆی جوولەکە و دەڵێت بێگومان دەستی ئەوانی تێدایە، وەک ئەوە وایە خومیان شێوابێت، دواتر دەڵێت:

| | |
|---|---|
| جووی گەڕی گەڕۆک لێمان کەوتە گەڕ | هەرا ئەخاتە ناو بەشەر بەشەڕ |
| نازانن ئەوەی کە پێی دەنازن | کەسیان خۆش ناوێ سیاسەت بازن |
| ئەمڕۆ جوولەکە ڕاست ئەکەنەوە | هەر بۆ ئەوەیە گرەو بەرنەوە |
| ئەگینە کێ بێ هیوای بە(جوو)بێ | ئاب دەستخانەمان ئەبێ بۆ (....) بێ |
| هەموو دەوڵەتێک بە خوو و کردەوە | قەومی جوولەکەی تاقیکردەوە |
| خاسیەتێکی ڕاستی تیا نەدین | دەریان پەڕاندن لێیان کەوتنە قین (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ١٧٩). |

لێرەدا پەندبێژ سنوری دانبەخۆداگرتن دەبەزێنێت زۆر بەڕوونی داخی دڵی خۆی دەڕێژێت بە باوەڕداری جوو، بەمشێوەیە دەیانناسێنێت (گەڕ، گەڕۆک، فیتنە و ئاژاوەگێڕ، تەڵەکەباز، درۆزن)، دواتر ناوی جوو لە بەرانبەر وشەی نەشیاوی پاشەڕۆی مرۆڤ دادەنێت، ئەوەدەخاتە بەرچاو، کە هیچ گەل و وڵاتێک دانی خێری پێدانەناون، دەریان کردوون، بۆیە شیاوی ئەوەنین لێیان نزیک ببنەوە.

پەندبێژ ئەگەر لە بەرانبەر مرۆڤ سنورێکی دانابێت و مرۆڤی چاک و مرۆڤی خراپی لەیەکتری جیاکردبێتەوە، واتە ڕێگری بکات لە مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤی خراپەکار، ئەوا ڕێگری تەواو دەکات لە زۆرینەی ژنان، هەروەها لەگەڵ کۆی مرۆڤی جوو بەڕەهایی بەبێ هیچ جۆرە جیاکاری و سنوردانانێک لە نێوان ژنی باش و ژنی خراپ، یان جووی باش و جووی خراپ. ئەمەش ڕەشبینی و تێڕوانینی پەندبێژە لەم ڕووەوە، نەک گوزارشت بێت لە ڕای کۆمەڵ و زۆرینەی خەڵکی بەتایبەتی بەرانبەر بەمرۆڤی باوەڕداری جوو.

**سێیەم: ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤ بە گشتی و ژن و جوو:**

پەندبێژ دوای گەیاندنی پەیامی ئاگادارکردنەوە و ڕێگری لە چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤ بەگشتی، دواتر دێتە سەر ڕێنمایی و ئاڕاستەکردنی خۆی سەبارەت بەدیاریکردنی مرۆڤی باش، هاندانی تاک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جۆرە مرۆڤێک، کە سوود و بەرژەوەندی گشتییان دەوێت، دەڵێت:

تیغی جەوهەردار هەرچەند جوانە جەوهەر نارێژی پێوە چەسپانە

بەڵام جەوهەری ئینسان ئەپرژێ بەهۆی ئەوەوە زۆر خام ئەبرژێ

تیغی جەوهەردار بریندار ئەکا پیاوی بەجەوهەر زام تیمار ئەکا

پیاو چاک پەل و پۆی ئەکا بەسێبەر لەو سێبەرەدا کار ئەچێتە سەر

ڕەنجی شانی خۆت ئەدەی بە ئاوا ڕەنج بدەی لەگەڵ پیاوی نا پیاوا (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ١٢٤).

ئەگەر سەرنج بدەین لەم پەندەشیعرییەدا سەرەتا بەراورد دەکات لەنێوان تیغ (بڕەر)ی جەوهەردار و مرۆڤی جەوهەردار. تیغ دەبڕێت و بریندار دەکات، بەڵام مرۆڤی درەوشاوە دەبێتە هۆی کامڵبوونی مرۆڤی ناکامڵ، تیماری زامەکان دەکات، دەبێتە سێبەر بۆ ئەوانی تر و لە سایەیدا پشوودەدەن، بەڵام کەسانی ناپیاو نابێت مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و وەک ئەوە وایە هەرچی کردووتە بیدەی بە دەم ئاودا و نەزانی بۆ کوێ دەچێت، دواتر هانی پاکی و دڵسافی دەدات و دەڵێت.

چەند خۆشە ئینسان لە خۆیا پاک بێ لە بەند و باوی دنیا بێ باک بێ

سەرگوزشتەکەی دووپشک و کیسەڵ لەم زەمانەدا بووە بەمەتەڵ (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ١٣١).

پەندبێژ ڕینمایی مرۆڤ بۆ دڵ و دەروون پاکی دەکات ئاڕاستەیان دەکات بۆ ڕێگای بێ باکی لەژیان، کە بەهۆی پاکی و بێ لایەنی بە دەست دێت. ئەگەرچی لەدۆخی ئەوکاتەی پەندبێژدا پێچەوانەکەی هەبووە وەک چیرۆکی دووپشک و کیسەڵ، کەمەبەستی ئەوەیە(کاتێک کیسەڵێک خواستی ڕزگارکردنی دووپشێکی هەیە، بەڵام دووپشک لە جیاتی سوپاس هەوڵی پێوەدانی دەدات) دۆخی مرۆڤەکان بەو جۆرە دەبینێت.

هەرچی پەیوەستە بەژنانەوە، هۆشداری دەدات و ڕێنمایی ئەوەدەکات، کە هەمووان لەژنان خۆیان دوورەپەرێزکەن، چونکە لەبنەڕەتی ژیانەوە خێر و شەڕی مرۆڤ ژنان تێیدا هۆکاربوون، هەموو هەڵەیەکی مرۆڤ بۆ ژن دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

لە ئادەمەوە تا ئەم زەمانە ڕێگای خێر و شەڕ بەدەست ژنانە

کۆنە دەماخان هەروا نادانن هیچ قەدری جنسی لەتیف نازانن (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢١٠).

ئەگەرچی ژن بەهۆکاری هەموو گرفت و ناخۆشییەک دەزانێت، بەڵام وەک توانجێک، دەڵێت ئەوانەی بیریان کۆنە و کۆن بیردەکەنەوە، هیچ داناییەکیان نییە و ڕێزی جنسی لەتیف(ژنان) نازانن. ئەمەش لەلایەک توانجە بۆ ژنان و لەلایەکی تر توانجە لەو نەوەیەی، کە ڕێزی ژنان دەگرن بەراورد بەنەوەی پێش خۆیان، دواتر هەر سەبارەت بە ژنان دەڵێت:

ئەوەی پاش ملە جوێن بەخەڵک ئەدا پێی ئەڵێن ژنە لەژێر پەچەدا
خوا بۆیە پیاوی داناوە نێربێ دووڕوو، دوودەگە هەرچەندە شێربێ
کۆلارە ساڵێ نێرە و ساڵێ مێ بۆیە حورمەتی نییە هیچ دەمێ (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ١٧).

لەم چەند پەندە شیعرییەدا پەندبێژ نیازی ئەوەی هەیە مرۆڤ ئاراستە بکات بەرەو ڕاستگۆیی و یەک ڕوو و یەک زمان بێت، بەڵام کاتێک دەیەوێت ڕووی دزێوی دوو ڕوویی پیشاندات، ئەم ڕەفتارە ناشرینە بە پیشەی ژنان ناودەبات، پێیوایە پیاو مادام سیفەتی نێربوونی هەیە، نابێت دووڕوو بێت، چونکە ئەوەی مایەی بێ حورمەتییە مێیەتییە، وەک کۆلارە چونکە ساڵێک نێرە و ساڵێک مێ هیچ ئەرزشێکی نییە. لێرەدا لەپاڵ ڕێنماییکردن بۆ ڕاستگۆیی، ڕەگەزی مێ و ژنبوون وەک تایبەتمەندییەکی دزێو و وەک جوێنێک بەکارهاتووە بۆ کەسە دووڕووەکان.

خۆزگە ئەو پیاوەی کە ژن و ماڵدارە نەدەبوو کە ژن بێنێ دووبارە
ئەم دوو بەرەکییە لە دوو بەرەیە باوەژن ئاگری شەڕ خۆش کەرەیە (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ١١٣).

لەم پەندەدا، کە خواستێکی پیاوانە بوونی هەیە، بۆ هێنانی ژنی دووەم، بەڵام پەندبێژ پیاوان ڕێنمایی دەکات، ئەگەر منداڵ هەبوو کارەکە نەکات، چونکە باوەژن (ژنی دووەم) ئاگری شەڕ خۆشدەکات و ئاژاوە دەخاتە ماڵەکەوە. لێرەشدا خواستی پیاو زاڵە و ژن قوربانییە، لانی کەم لە بڕیارداندا هەردوولا هاوبەشن.

ئەوەی تایبەتە بە مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤی جوو، پەندبێژ ڕێنمایی دوور کەوتنەوە دەکات لێیان و ئاراستەی دژایەتی کردنیان دەکات بە جۆرێک نابێت بە هیچ شێوەیەک لێیان نزیک بیتەوە، دەڵێت:

بۆیە جوولەکە دووی شەڕ ئەکەوێ ئەڵێ سیاسەت منی پێ ئەوێ
پەندی پێشینان لەمن وەرگرە ئەوی جووی بوێ لە جوو کەمترە (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ١٦٠).

لەم پەندەدا سەرەتا پەندبێژ دەیەوێت شەڕخوازی جوولەکە بسەلمێنێت، دواتر بەڕوونی دەڵێت ئەوەی جووی بوێ لەجوو کەمترە، وێڕای ڕێنماییکردن بۆ دوورکەوتنەوە لەجوو، خودی جوولەکە بوون بەپلەیەکی کەمی مرۆڤ بوون دەزانێت.

هەڵدەگرێ ببمە منەتباری (جوو) کە ئەم وەحدەتەی پێ خستینەڕوو
عەرەب وکورد و تورک کە یەک خرا هەروا بڕوانە (جوو) تێی هەڵدرا
نیفاق بەربووبووە سەروگوێلاکمان جوولەکەیش چاوی بڕیبووە لاکمان
ئێستا لاوانمان وەک شێری ژیان بە دەنگی دلێر هاتوونە مەیدان
چۆن لە ڕاستی (جوو) ڕوو وەر ئەگێڕن لە خەیبەرەوە بەوانە فێرن (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ١٧٧).

ڕێنمایی یەکبوون و یەکێتی دەکات، سنورەکانی نەتەوە و وڵات دەبەزێنێ لە پێناو ئاراستەکردنی خەڵکی بۆ دژایەتی و لەناو بردنی جوو. ئەوەش وەک شانازییەک باس دەکات، کە لەشەڕی خەیبەرەوە بەجوولەکە فێرن، دژایەتییان دەکەن.

هەرچی زوبانی ئەیڵێ بە دڵ بێ   نەک لە لای خودا و بەندە خەجڵ بێ
موسوڵمان لەگەڵ یا هام حاڵ ئەبوو   یەکێکیان بەسەر (دە) دا زاڵ ئەبوو
ئێستا کە لەگەڵ یەک درۆ ئەکەن   حەوتیان بۆ جوویێک سەر فرۆ ئەکەن
(پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٣١٩).

هانی موسوڵمانانەدات بۆ ڕاستگۆیی، نەخشەی ڕێگای موسوڵمانی ڕاستگۆ ئەوەیە، کە چی لە دڵدایە دەبێت ئەوەش لەسەر زمانبێت، بەڵام پلار بۆ سەر جووە، ڕێنماییەکە وایە ئەگەر موسوڵمان درۆیکرد، دەبێت لە ڕاست جوو سەریان شۆڕکەن، چونکە لە بنەڕەتدا درۆکردن پیشە و کاری جوولەکەیە.

ڕێنماییکردن بەگشتی بۆ مرۆڤ ستایشی مرۆڤی چاکە و سەرزەنشتی مرۆڤی خراپە، هانی خەڵک دەدرێت بۆ مامەڵە و هەماهەنگی لەگەڵ مرۆڤی باش و سوودبەخش، بەڵام بۆ مامەڵە لەگەڵ ژنان دەبێت ورد و وریابێت مرۆڤ، چونکە ژنان (دووڕوو، ئاژاوەگێڕ، پلەدوو و کەم نرخن)، بەڵام ئاڕاستەی تەواوی مرۆڤایەتی دەکات بۆ دوورکەوتنەوە لە جوو، دژایەتیکردنیان و لەناوبردنیان.

**چوارەم: ئامانج لە ناسینی مرۆڤ**

ئەنجام پەندبێژ دەیەوێت بگاتە خاڵێک سەبارەت بە مرۆڤ، وەک دروستکراوێکی خوای گەورە و بڕیاری لەسەر بدات. ئەگەرچی سەرەتا بەئاگادارکردنەوە لە چەشنی مرۆڤایەتی بەگشتی و لەسەر بنەمای ڕەگەز و ئاین هۆشداری خۆیدا، ڕێگریی کرد و ڕێنمایی خۆی کرد، بە ئاڕاستەیەک وەک ئەوەی خۆی مەبەستییەتی، بەڵام دواجار مرۆڤ بەراورد دەکات لەگەڵ فریشتە و دەڵێت:

فریشتە هونەر نییە کە چاکە   لە شوێنێکدایە لەبەد بێباکە
ئەگەر ئازایە با بێتە ناومان   ئەویش وەک (هارووت) ئەخەینە زیندان (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٠٠).

لێرەدا ئامانجی ئەوەیە ڕاستییەک بسەلمێنێت، کە مرۆڤ دروستکراوێکی خراپەکارە هۆکاری چاکی و باشی فریشتەش دوورییەتی لە مرۆڤ. بەڵگەش بۆ قسەکەی گەڕانەوەیە بۆ چیرۆکی (هاروت و ماروت)، کە دوو فریشتەی خودابوون و دابەزیون بۆ ناو گەلی بابل، دواتر بەراوردەکە لە نێوان مرۆڤ و گیانلەبەری دڕندەدا دەکات و دەڵێت:

گورگ ساڵی جارێک مەڕ ئەڕفێنێ   بنیادەم دایم خوێن ئەڕێژێنێ
ئێمە وەک شەیتان ئەکەوینە بەین   ئاگری جەهننەم بۆ یەک خۆش ئەکەین(پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٣٢٣). لێرەدا پەندبێژ دوای بەراوردکردنی مرۆڤ و فریشتە، بەراوردی مرۆڤ و گورگ دەکات، گورگ لەکاتی برسییەتی مەڕ دەڕفێنێ، زیانی دەکات، بەڵام مرۆڤ خوێنڕێژیی کردووە بە پیشەی هەمیشەیی، شەیتان سیفەت بەردەوام ئاوەژاوەگێڕی ئەنجام دەدات و خەریکی چاڵ هەڵکەندنن بۆ یەکتری.

نازانن بەشەر مایەی بەشەڕە   سروشتی ئەصڵی تەشقەڵە و گەڕە

له ئادەمەوە دووبرای هاو پشت لەسەر هەوای نەفس ئەویان ئەوی کوشت

خۆ براکانی یوسفیش هەروا تێکرا لە نەسلی پێغەمبەری خوا

لەناو خۆیاندا کەوتنە تەدبیر ئەو فریشتەیان هاویشتە ناوبیر

ئیستا ئەم نەسلەی کە لە ئەزەلدا هاتوونە خوارێ بەشەڕ و هەڵدا

بێ ترس و دار و جەزای حکوومەت چۆن دادەنیشن بە عار و حورمەت؟

(پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٣٠٦).

پەندەشیعرییەکە، هەوڵدەدات پرسیار بوروژێنێت، لەسەر ڕەچەڵەکی مرۆڤ. خۆی وەک ئەنجامێک، کە پێی گەیشتووە، ئامانجەکەی دەخاتە ڕوو، نموونە بە نەوەی پێغەمبەران دێنێتەوە چیرۆکی کوشتنی هابیل بە دەستی قابیل کوڕانی ئادەم پێغەمبەر، چیرۆکی خستنە ناوبیری یوسف بەدەستی کوڕانی یەعقوب پێغەمبەر، دواتر ئەوە دەخاتە ڕوو، ڕەچەڵەکی مرۆڤایەتی نەوەی ئەمانە هیچ ئومێدێکی خێرییان لێ ناکرێت، جگە لە ڕێگا چارەی سزا. خستنە چوارچێوەی سیستەمەوە ئەویش لەلایەن دەوڵەتەوە، بە پەسەند دەزانێت، چونکە مرۆڤی پەیامدار دەبێت ئەو ئەرکەی سەرشانی بەجێبهێنێت، کە پێی سپێردراوە.

خوا هەر پیاوێکی کەوا ناردووە ئیشیکی گەلی پێ سپاردووە

هەندێ بۆ ئەوەی ڕێی چاک بنوێنن لە زۆردار تۆڵەی هەژار بستێنن

هەندێکیش ناویان پێغەمبەر بووە فەرموودەی خوایان بۆ ڕەهبەر بووە

بە زوبانی لووس، وەعزیان داداوە هەر قسە بووە، باویان نەماوە

کە زانیویانە قوەتیان نییە وتوویانە ئەم درۆیە چییە؟

هەنێکیان کوشتوون هەندێ هەڵاتوون بەئاسمان، بە ترس سەرکەوتوون

تا ئایەی (قیتال) نەهاتە خوارێ پێغەمبەریش خۆی ئەکوتایە غارێ (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٣٠٧). بەپێی باوەڕی ئایینی پەندەشیعرییەکە، مرۆڤ بەپەیامدار دەزانێت، هەموو مرۆڤێک بەرانبەر بە ئەرکێک، کە خوای گەورە پێی سپاردووە بە بەرپرسیاردەزانێت. بۆیە بڕوای وایە کەسانێک، کە مرۆڤی باش و چاکە کارن، لەپێناو بەخشینەوەی گیانی چاکەکاری و لابردنی ستەم، چەسپاندنی دادپەروەرییان تێکۆشاون. هەندێکی تریان، کە پلەی پێغەمبەرایەتییان هەبوو، بەپێی پەیامی خودا ڕێنوێنی خەڵکیان کردووە، زمان پاراویی و وتاربێژییان بەکارهێناوە بۆ ڕێنماییکردن، بەڵام دواجار بەبڕوای پەندبێژ، چونکە ئەم پێغەمبەرانە چەکی دەستیان تەنها گوفتار و قسە بووە، پێیانگوتوون قەسەکانتان درۆیە و کوشتویانن، یان شاربەدەریان کردوون، یاخود لە ترسا بەئاسماندا هەڵگەڕاون. تەنانەت دوایین پێغەمبەر لە ترسا، تا ئایەتی قیتال نەهاتووە. چۆتە ناو ئەشکەوتەکانەوە لە ترسی هەڕەشە و هێرشی مرۆڤ، بۆیە بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەندبێژ لەگەڵ بەکارهێنانی زەبروزەنگە بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤایەتی لە هەندێ کات و شوێندا، ئینجا دەڵێت:

خوا دوو سیفەتی داوە بە بەشەر

ئەیانخاتە کار بۆ خێر و بۆ شەڕ (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ١٠٣)

دواتر پەندبێژ دان بەو ڕاستییەدا دەنێت، کە مرۆڤ خاوەنی هەردوو تایبەتمەندی گیانی چاکەکاری و خراپەکارییە، واتە لە یەککاتدا خێر و شەڕ لە ناخ و بیریدا هەیە و دەتوانێت، هەر کامیانی بوێت پیادەی بکات. پەندەکان هەموو هەنگاو و ڕێگایەک دەگرنەبەر و ئامانجیان ئەوەیە ڕێگری بکەن لە خراپە و لە ڕەگەوە لە ناخی مرۆڤدا دەریکەن و لە بەرانبەردا گیانی خێر و چاکە بچێنن.

هەنگاوەکانی پەندبێژ پەیوەست بە ژن، ئامانجی پەندەکان لەم ڕووەوە جۆرێک لە بەکەم گرتن و سووک سەیرکردنی ژنانە، واتە وەک مرۆڤێکی ئاسایی نابینرێت، جیا لەوەی هەمیشە وەک دروستکراوێک بۆ خزمەتی پیاو سەیردەکرێت، یاخود بە کەمتر دەبینرێت وەک لەم پەندەشیعرییانەدا دەیانخەینە بەرچاو:

ژن تەڵاق ئەدەین شوو ئەکا زۆر باش

ئەڵێین قەیناکا بۆمان بوو بەجاش (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١١٢)

پەندبێژ هەوڵیداوە ڕای ناو کۆمەڵ بگوازێتەوە لە دۆخێک، کاتێک ژنێک دوای ئەوەی لە ژیانی هاوسەرگیری سەرکەوتوونابێت، جارێکیتر هاوسەرگیری دەکاتەوە بە هۆی ئەم هەنگاوەی جیا لەوەی خۆی کەسایەتی لەکەدار بووە. ئەو پیاوەش، کە هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات، بە هەمان شێوە و پێیدەڵێن جاش، واتە بووە بە جاش بۆ هاوسەری یەکەم، کە لە ڕاستیدا ئەمە مافێکە بەپێی ئایین و نەریت ڕێگا پێدراوە و هیچ گرفتێکی نییە، دواتر ژن وەک کاڵایەک دەبینرێت، وەک لەم پەندەدا هاتووە:

هەلاو هەلاوی تەلەفۆنت بێ

لەژن و شەراب تازە و کۆنت بێ (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٧٤)

لێرەدا ژن و شەراب هاوتای یەک کراون، هەردووکیان وەک ئامرازێکی خۆشگوزەرانی بۆ پیاو گوزارشتیان لێکراوە، کە دەبنە مایەی حەوانەوە و پشوودانی پیاوان، بۆیە ئامانجی پەندەکە ئەوەیە، کە باشتر وایە پیاو لەم دوو ئامرازەی ژیان، کە مایەی خۆشگوزەرانین، زیاتر لە دانەیەکی هەبێت، هەروەها لە ناوەڕۆکی پەندەکەدا ئەوە بە دیدەکرێت، ژن وەک مرۆڤێکی ئازاد نابینرێت.

گووم بوو ژیان و پەندی پێشینان

هۆمان کەوتبووە چیرۆکەی ژنان (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٨٦)

لەم پەندەدا دانایی و ژیریی بەژنان ڕەوا نابینرێت، واتە کاتێک پەندی پێشینان، کە وتەی ژیران و پەندبێژانە، دیار نامێنێت، ئینجا نۆرەی گوێگرتنە لە قسەی پووچ و چیرۆکەی هەڵبەستراوی ژنان. دیسانەوە ژن بە شیاوی ئەوە نابینرێت، کە خاوەنی دانایی و ژیریی بێت. ئەمە لە کاتێکدا دەشێت پەندبێژ و پەندی پێشینان داڕشتن و بیرۆکەکەی هی خودی ژنان خۆیان بن و هیچ بەڵگەیەک لە ئارادا نییە، کە ئەم پەندە، پەندبێژەکەی ژنە، یاخود پیاو.

ئەو ژنەی کە مێرد لای نەنگەویست بوو

شەوێ دزی دی، مێرد خۆشەویست بوو (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٣٥)

لێرەدا ژن وەک کەسێکی بەرژەوەندیخواز ناودەبرێت، بەوەی هیچ خۆشەویستییەکی بۆ هاوسەرەکەی نییە، بەڵام کاتێک دز دەبینێت، لە ترسی دز دەچێتە پەنای هاوسەری، نەک لەبەر بوونی هەستێکی پاکی هاوسەریێتی و خۆشەویستی بۆی، دواتر لەم پەندەدا دان دەنرێت بە جیاوازی زەقی نێوان پیاو و ژن، لە تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆیان.

مێباز بە ئازا ناوی ئەبرێ

ژن لێی دەرکەوێ، شار بەدەر ئەکرێ (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢١٨)

هەردوو ژن و پیاو دەکەونە دۆخێکی خۆشەویستی، یان گەیشتن بە ژوان و یەکتر بینین، لایەنی پیاو وەک پاڵەوان و ئازا و مێباز ناوی دەهێنرێت، جۆرێک لە شانازی شکۆی تێدایە بۆ خۆی و بنەماڵەی، لەسەر هەمان دۆخ ژن مایەی سەرشۆڕییە بۆ خۆی و خانەوادەی، دەبێتە هۆی شاربەدەرکردنی و تەنانەت زۆرجار بڕیاری مەرگی بە سەردا دەدەن.

وا دەردەکەوێ ئاخر زەمانە　　　　چونکە دەورێکە باوی ژنانە

کە پیاوان ڕیش و سمێڵیان تاشی　　　　من وتم ژنان ئەبنە بێگ باشی (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ١٩١).

ئەنجام تێڕوانینی پەندەشیعرییەکە ئەوەندە دژی ژنانە، کە مادام دەوری ژنان هاتووە و باوی ئەوانە، دەسەڵات دەگرنە دەست ئیتر نەک ژیان، بگرە سروشت و سیستەمی گەردوون دەوەستێت و دنیا بەرەوە کۆتایی هاتن دەچێت.

سەبارەت بە مرۆڤی باوەڕداری جوو، ئامانجی پەندەشیعرییەکان بۆ گەیشتنە بەخاڵێک، کە مرۆڤی جوو بە جۆرێک پیشانی هەمووان بدات وەک دروستکراوێکی نابووتی ناو کۆمەڵ و دەستکردی خواوەند وەک نموونەیەکی خراپ، بۆ بەردەم مرۆڤایەتی، بۆیە دەڵێت:

ئەیبینێ بەد کار کە چی بەسەردێ　　　　عیبرەت ناگرێ و نایەتە سەر ڕێ

جوولەکە شەمووی هاتبوو بەسەردا　　　　موسوڵمان ئاگری لە ڕیشی بەردا

گاور جگەرەی پێ دادەگیرساند　　　　شیعەش بە کێردە کولە دەی ترساند

ڕەسم و ئاییینی زەمانە وایە　　　　لەڕۆژی ڕەشدا کێ بەوەفایە؟ (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٧٣).

لەم پەندەدا مرۆڤی جوو، وەک بەدکار و لار و خوار پیشان دەدرێت، کە هەرگیز ئومێدی چاکبوونی لێناکرێت، بۆیە شایستە بەپەندبوونە لە بەردەم هەموو شوێنکەوتوانی ئاین و ئاینزاکانی تر، بۆیە دیمەنی جوویەکی بەپەند بوو پیشاندەدات، کە موسوڵمانێک ئاگر بەڕیشییەوە دەنێت، مەسیحییەک جگەرە بەو ئاگرە دادەگیرسێنێت، موسوڵمانێکی شیعە مەزهەبیش بەکێردێکی کول هەڕەشەی لێدەکات. لێرەدا

لووتکەی بێ ڕێزی بەمرۆڤ دەبینین، بەڵام پەندبێژ دیمەنەکە وادەگێرێتەوە، کە دەستوری زەمانە وایە هەر ڕۆژە و ڕۆژی کەسێکە.

قەشە و مالووم و گەچ و کەچ ناسی

کەوتوونە کوورەی مەلای هەیاسی! (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٣٠٥)

ڕووداوەکە پەیوەست دەکاتەوە بە ڕەوایەتی ئاینییەوە، ئەمجارە نەک هەر باوەڕدارێکی ئاسایی جوو، بەڵکو زانا و پیاوانی ئاینییان، لە بەردەم مەلایەکی موسوڵماندا، دۆش داماون و بێ دەسەڵات کەوتوون.

| | |
|---|---|
| جوولەکە جاران هامانیان ئەکوشت | ئێستا لەعەرەب بەردیان گرتە مشت |
| سا خودای عەرەب تۆ بیت و قوربان | وابکە ببێتە جوولەکە قڕان |
| جارێ جاڕییان دا بەراز بکوژرێ | کێ گوێچکەی هێنا پارە وەر ئەگرێ |
| خۆزگە جاڕێکیش بۆ جوو ئەدرا | لەناو ئێمەدا تۆویان ئەبڕا |

(هۆشیار و کۆمەڵێک_نووسەر: ٢٠٠٧، ٥٤٢). ئەنجام پەندبێژ ئامانجەکەی خۆی بەرانبەر مرۆڤی باوەڕداری جوو ناشارێتەوە و بە ڕوونی تووکی مەرگی بە کۆمەڵیان لێدەکات. تەنانەت وەک مرۆڤێک نایانبینێت و هاوتای بەرازیان دەکات، کە گیانلەبەرێکی بێزراوە بە پێی ئایینی ئیسلام، دەڵێت، چۆن بۆ بەرازکوژی پارەدراوە، خۆزگە بۆ جوولەکە کوشتنیش ئاوا پارە دەدرا و تاقیان لەناو کۆمەڵی موسوڵمانان و بە دیاریکراوی شاری سلێمانی نەدەما.

لەکۆی تێڕوانینەکانی پەندەشیعرییەکان و بیر و بۆچوونەکانی پیرەمێرد وەک پەندبێژێک، دەگەینە ئەو بڕوایەی، ئەوەی پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە بە گشتی تێڕوانینێکی نەرێنی هەیە لەسەری، ڕەچەڵەکی مرۆڤایەتی بەخراپ و لە خراپ دروستبوو دەبینێت، بە سەرچاوەی هەمووکێشە و گرفتێکی گەردوونیان دادەنێت. ئەگەرچی پەندەکان بە شێوەیەکی گشتی پێچەوانەی ئەم بۆچوونەن و کاردەکەن لە پێناو ئاگادارکردنەوە و ڕێگریکردن لە خراپییەکان و هەوڵی سڕینەوەی بیر و گوفتار و ڕەفتارە نەرێنییەکان دەدەن، لە بەرانبەردا ڕێنمایی و ئاڕاستەی مرۆڤ دەکەن لە پێناو هێنانەدی ئامانجێکی ئەرێنی بۆ ژیان، کەوابوو ئەوەی زاڵە لێرەدا بۆچوونەکانی خودی پیرەمێردە وەک پەندبێژێک. ئەویش لە ئەنجامی تەواوی هەوڵەکانی خۆیەتی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵ، کە پێشتر ئاماژەمان پێکردووە لە بوارەکانی (پەروەردە، بەهاکان، کۆمەڵایەتی، سیاسی و نەتەوەیی، ئایینی، فەلەسەفی) لە دوای ئەم هەوڵانە دووچاری جۆرێک لە نائومێدی و ڕەشبینی بووە لە بەرانبەر مرۆڤ کاتێک هەوڵەکانی بێ ئاکام بوون، یان وەک ئەوەی خۆی ویستوویەتی ئامانجەکانی نەهاتوونەتە دی. ئەمەش پەندبێژی دووچاری ڕاگۆڕکێ و پارادۆکسێک کردووە، هەموو ئەو بۆچوونە ئەرێنییانەی هەیبووە بۆ مرۆڤ و خەستنە سەر ڕێی مرۆڤایەتی بۆ ژیانێکی ئاسایی و فەراهەمکردنی ئارامی و ئاسودەیی لە چوارچێوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی، چاندنی

بەردەوامی بەها باڵاکان، پتەوکردنی باوەڕی ئایینیان، بەڵام دواجار هەست بە دەستبەرداربوونی دەکەیت و بە نائومێدییەوە لە مرۆڤ دەڕوانێت.

سەبارەت بە ژن بەشێوەیەکی گشتی وێنەیەکی دڵخۆشکەری نییە بەو پێیەی کەمتر وەک مرۆڤێکی خاوەن جێگە و پێگە لێی ڕوانراوە، بەڵکو زیاتر کەسایەتی ژن وەک مرۆڤێکی بێ دەسەڵات، ڕاڕا، ساویلکە و بێ وەفا، یان وە کاڵایەک سەیرکراوە. دوالیزمەی خۆشبەختی و ناڕەحەتی، شەڕ و ئاشتی لە کەسایەتی ژندا بەرجەستە کراوە و پیاو لە تەواوی شکستەکان کراوەتە دەرەوە. هەرچی تایبەتە بە پەندبێژ، ئەگەرچی خۆی لە یاداشتەکانیدا لەبەشێکیدا بەناوی من و تەرەفداری ئافرەت، لە دوو ڕووەوە باسی ئافرەت دەکات، یەکەم وەک هەرکەسێکی تر پیاهەڵدان و وەسفکردنە و دەڵێت: " ژنان لەم بازاڕی جیهانەدا، کە سەراپای ئەندامیان جیلوەی نوری لێ دەبارێ وەک خونچەی گوڵەباخی بەهەشتن. دیارە ئەوانیش وەک بەشەر هەوا و هەوەسێکی زیندەگانی و کامەرانیان هەیە،...بەو بەدەنە لەتیف و ڕوحە نازکەوە بۆ پەروەرشی منداڵ و خزمەتی نەخۆش زۆرجار خۆیان دەخەنە تەهلەکەوە" (ئاشنا: ١٩٩٦، ٢٩)، دووەم سەبارەت بەتوانای ژنان بەرانبەر پیاو، بە تایبەتی لە نووسین و ئەدەبیاتدا دەڵێت: "هەندێ شیعری ژنان هەیە کەس ناتوانێ ئینکاری بکا لە شیعری پیاوان باڵاترە، بەڵام ڕوویان نەهاتووە، تا ئێستا بیانخەنە مەیدانەوە" (ئاشنا: ١٩٩٦، ٢٩).

ئەم دوو بۆچوونە بەلایەک و کۆی پەندەشیعرییەکانی بە لایەک، کە ئەوە دەردەخەن پەندبێژ بڕوای بە توانا و لێهاتوویی ژنان نییە، نەک هەر ئەوە لە بنەڕەتەوە باوەڕی بەوەنییە، کە ژن وەک پیاو مرۆڤە، یان ژنی مرۆڤ مافی هەیە، بەڵکو ژن وەک ئامرازێک بۆ خزمەتی پیاو دەبینێت. تەنانەت ئەگەر سەرنجی بۆچوونی یەکەمی بدەیت لە لایەنگیری بۆ ئافرەت، جگە لە وەسفێکی جەستەیی و پیا هەڵدان، دواتر وەک خزمەتکارێک بۆ منداڵ و نەخۆش بە پێویستیان دەزانێت، نەک بۆ ژیانێکی ئاسایی و سادە. ئەمەش ڕەگێکی قووڵتری لە تێڕوانینی پیاوان بۆ ژنان هەیە. کە ڕەنگدانەوەی هەبووە لە کۆی بەرهەمی پەندی پێشینان. ژن بەکەم توانا و کەم ئەقڵ و سەرچاوەی کێشە سەیرکراوە، بۆیە بەبڕوای ئێمە لەو بابەتانەی، کە ستایشی ژن دەکەن زیاتر لەو چەشنە ئەدەبییانەدا ڕەنگدەدەنەوە، کە بەرهەمی سۆز و هەڵچوونن بەتایبەتی شیعر، بەڵام بە پێچەوانەوە لە بەرهەمە پەخشانییەکاندا، یان ئەو بەرهەمانەی، کە بیر تێیدا زاڵە ژنان وێنەکەیان نەرێنییە، ئەگەر بەراوردی نێوان شیعر و پەندی شیعریی بکەین، لە کاتێکدا پەندی شیعریی هەموو ڕەگەزەکانی شیعری تێدایە، جگە لەسۆز، دەبینین وێنەی ژن نەرێنییە و بەوجۆرەیە، کە خستوومانەتە ڕوو. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە پەندەکان، چونکە خاوەنیان دیارنین، بەهۆی ئەوەوە ڕاستگۆیانەتر و ڕاشکاوانەتر دەدوێن، دەبینین هیچ سازش ڕووپامایێک لە بەرانبەر ژنان ناکات چی تایبەتمەندی نەشیاوە دەیداتە پاڵیان.

پیرەمێردیش وەک پەندبێژێک نەیتوانیوە ئەو ڕووە ڕاستەقینەی لە ناخیدا هەیە بەرانبەر بە ژنان بیشارێتەوە و زۆر ڕاشکاوانە وەک هەر نێرێک، یان هەر پیاوێکی کۆمەڵگاکەی بیری کردۆتەوە، یان ئەوەی تۆمارکردووە و بڵاویکردۆتەوە بۆمان. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ژن لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا بە شێوەیەکی گشتی وەک مرۆڤێکی پلە دوو سەیرکراوە. ئەگەرچی بە بەراورد بەگەلانی دراوسێ ژنانی کورد تاڕاددەیەک ئازادی نیمچەییان هەبووە. بەشداربوون لە کار و چالاکی و بۆنەکان، ئازادانە خواستی خۆیان دەربڕیوە، بەڵام شەپۆلی نەریتی گەلانی دراوسێ و هەژموونی ئایینی تێکەڵکراو بە نەریتی عەرەبی زۆر مافی لە ژنان سەندۆتەوە، کە پێشتر هەیبووە، ئەمەش وەک تێڕوانینێک لە پەندەکان و دواتر لای پەندبێژ ڕەنگیداوەتەوە.

سەبارەت بەمرۆڤی باوەڕداری جوو، بەشێوەیەکی گشتی لە پەندی پێشیناندا کەمتر، ناوی جوو، یان پەندی تایبەت، بە جوولەکە هەیە. ئەگەر هەشبێت لە پەنجەی دەست تێناپەڕن. ئەوەی لێرەدا هەیە تێڕوانینی تایبەتی پیرەمێردە وەک پەندبێژێک، هەست بەڕق و کینەیەکی لە ڕاددە بەدەری پیرەمێرد دەکرێت بەرانبەر بەجوو، نەک وەک مرۆڤێکی ئاسایی، یان وەک مرۆڤی پلەدوو نایانبینێت، بەڵکو مافی ژیانیان پێ ڕەوانابینێت، بەردوام نەفرەتیان لێدەکات و تووکی مەرگی بە کۆمەڵیان بۆ دەنێرێت. جیا لەوەی جوولەکە مێژوویەکی سەدانساڵەیان هەبووە لە کوردستان، لەکاتی ژیانیان ڕووبەڕووی زۆر جۆری سووکایەتی بوونەوە، یان لە کاتی کۆچکردنی بە کۆمەڵیان و بەجێهێشتنی سلێمانی، هیچ پەندێکی شیعریی نابینیت بۆ هاوسۆزییان لە ستەمێک، کە لێیان کراوە، یان هاو سۆزییەک بۆ کۆچکردن و وڵات بەجێهێشتنیان. ئەمەش بەڵگەی کینەیەکی زۆری کەسییە بەرانبەر بە جوو، هەروەها بەڵگەی بیری توندئاژۆیانەی ئایینی پیرەمێردە، کە لەژێر هەژموونی ئەو بیرە توندە ئایینیانەدابووە، کە بەردەوام نەفرەت بۆ جوو دەنێرن، نەک بیرکردنەوە لە ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیانی ئایینی، کە نەریتێکی دیار و بەرچاوی سەرزەمینی کوردستان بووە.

# بەشی سێیەم:

# بنەمای هونەریی لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا

## پاری یەکەم: بونیادی هونەریی زمان لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا

## پاری دووەم: بونیادی هونەریی ئاوازەیی لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا

## پاری سێیەم: بونیادی هونەریی وێنەی کاریکاتێری لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا

## پاری چوارەم: بونیادی هونەریی گێڕانەوە لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا

## بەشی سێیەم:

## بنەمای هونەریی لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا

### پاری یەکەم: بونیادی زمان لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا

زمان لەتەک ژیرییدا دوو لەو بەخششە جیاکەرەوانەن، کەمرۆڤ لە هەر دروستکراوێکی تری خوای گەورە جیادەکەنەوە، مرۆڤ لە ڕێگای زمانەوە گوزارشت لە بیروبۆچوون و هەستەکانی دەکات بەرانبەر بە کەسانی تر، شت و دیاردەکان، هەروەها هۆکاری لەیەک گەیشتن و گواستنەوەی شارستانیەت، فەرهەنگ و ئەدەبیاتە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی تر، تەنانەت لەناو یەک گەل و نەتەوەدا، بەڵام لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.

زمان واپێناسە دەکرێت، کە " پێڕەوێکی دەنگییە بۆ لەیەکترگەیشتن بەکاردێت و بەهۆی ڕشتەی وتن و بیستنەوە لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا کاردەکات، دەنگەکان ڕەمزن و واتا لەخۆدەگرن" (فتاح: ١٩٩٠، ٥). لە ڕووی بەکارهێنانەوە، بەمشێوەیەی ئێستا، یان نزیک لەمشێوەیە "بەپێی بەڵگەی شوێنەوارناسی پیشانی دەدات، کە بە لایەنی کەمەوە بۆ ماوەی چل هەزار ساڵ، باوک و باپیرانمان زمانیان بە ڕێزمانی ئاڵۆز و هەنبانە وشەی گەورەوە بەکارهێناوە، هەروەکو مرۆڤێکی ئەمڕۆ...ئاخاوتنی مرۆڤ بنیاد دەکرێت لەسەر ڕێسای گرێدانی ژمارەیەکی سنوردار لە دەنگ بۆ ژمارەیەکی بێ سنور لە پەیام" (یانسۆن: ٢٠١٩، ٣١).

لە کاتێکدا ئێمە دەمانەوێت باسی زمان بکەین لە پەندی شیعرییدا، واتە باس لە دەربڕین و گوزارشتێک دەکەین، کە لە فۆڕمێکی شیعرییدا دەربڕدراوە، بۆیە دەبێت لە باسکردنی زمانی شیعرییەوە هەنگاو بنێین بۆ گەیشتن بە زمانی پەندەشیعرییەکان.

زمانی شیعریی "بە بەشێک لە پێشکەوتنی زمانی ئاسایی دادەنرێت، ڕەنگدانەوەشی لەبەرهەمی ئەدەبیی و فۆلکلۆریی کارێکی ئاسایی و زیندووە و بەگۆڕانی شێوازیش دادەنرێت" (مەحموود: ٢٠١٢، ١٤٨)، جیاوازییەکەشی لەوەدایە، کە "زمانی شیعر وروژاندن و کاریگەرییە، لەو گۆشەیەوە لە زمانی ناشیعریی جیاوازە، کە زمانی ئاماژە پێکردنە" (بودوخە: ٢٠٢١، ٤٣)، کاتێک زمان لەبونیادی دەقێکی شیعرییدا بەکاردێت "لەڕێگای دەنگ و ڕیتم و ئاوازەوە بۆ دنیاییکی هەستیی گوزارشت لەوشە دەکات، ئەم کردارەش لەچوارچێوەی هونەردا جێبەجێ دەبێت، ئەو بونیادە لە هەموو سەردەمێکدا لەناو قوڵایی کولتور و هونەر و فیکر و داهێنان...دا ڕەگ دادەکوتێت. گوزراشت دوو سەرەیە، گوزارشتی سوود بەخش... و گوزارشتی هونەریی، کە بەدرێژایی زەمەن بەنەمری دەمێنێتەوە. ئەو کاتانەش، کە هونەرمەند شەپۆلی هاندانی داهێنانی کپ دەبێتەوە، بەرهەمە هونەرییەکان بەنەمری دەمێننەوە" (مەحموود: ٢٠١٢، ١٦).

بەهۆی داهێنانی هونەری لەدەقی ئەدەبیدا لەڕێگای زمانەوە، شیعرییەت بەرهەم دێت، واتە "کاتێک شاعیر توانی خوێنەر تووشی ڕامان و سەرسوڕمان بکات، ئەوا کردەی شیعرییەتی ئەنجامداوە، ئەمەش کاتێک

دیتەدی، کە شاعیر بەهۆی گەمەیەکی زمانییەوە، کە لەشیعردا بەرجەستەی دەکات خوێنەر ڕووبەڕووی ئەم حاڵەتە بکاتەوە، مەرج نییە هەمووکاتێک تێکدان و تێکشکانی زمانی ئاخاوتن و گۆڕینی بۆ زمانی شیعر شیعرییەت بەرهەم بهێنێ" (میراودەلی: ٢٠٠٨، ٣١). کەواتە لەوە دڵنیاین، مەرج نییە شیعرییەت تەنیا لەدەقی شیعریی کلاسیک و دواتردا هەبێت، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی شیعرییەت پێشتر و لەدەقی شیعریی فۆلکلۆریی و چەشنە ئەدەبییەکانی تری فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی و نوسراویشدا هەیە. ئەوەش، کە دەبێتە میانەیەک لەنێوان جیاکردنەوەی ئەم چەشنە ئەدەبییانە ئەوە خودی زمان و چۆنێیەتی بەکارهێنانییەتی لە بونیادی دەقەکاندا "مرۆڤ ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەیان دەق دەبێتەوە و ماناکانیان لێکدەداتەوە و تێیان دەگات و وەڵام و قسەی خۆی لەبارەیانەوە ئامادەدەکات، گشت ئەو دەقانە بەهۆی سیستەمێکی تایبەتی زمانیی لەیەکتر جیادەکرێنەوە بەمانایەکی دیکە فۆنیم، وشە و ڕستەی هەریەک لەو دەقانە لەیەکتر جیاوازن و هەریەکێکیان دەلالەت لە چەمک و تێگەیشتنێکەوە دەکەن، ئەمەش چونکە دەق لەبارودۆخێک و واقعێکی دیاریکراوەوە دێتەکایەوە و گوزارشت لەو بارودۆخ و واقیعە دەکات" (ڕەحمان: ٢٠١٧، ٧٦).

سەبارەت بەدەقی فۆلکلۆری بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لەئەو "دەقانەن، کە کۆنن و سەردەم و خاوەن و شوێنی بەرهەمهێنانیان دیارنییە، زمانیان ئاسان و ڕوونە و لەهەر ناوچەیەک بەپێی شێوەزاری ناوچەکە و ڕەنگیان وەرگرتووە" (عبدالله: ٢٠١٧، ٥١).

پەندەشیعرییەکان لەڕێگای زمانەوە دەردەبڕدرێن و گوزارشتیان لێدەکرێت، مۆزیک تێیدا چەکەرە دەکات و ئاواز و ڕیتم دەیڕازێنێتەوە، دەبنە باڵی فڕین بۆ بیری پەندبێژی ئەدەبی و لەسەر گوێ و دڵ و دەروونی بەردەنگ دەنیشنەوە، بەئاسانی جێگای خۆیان دەکەنەوە، پێکەوە بیر و ئاواز ئاوێتە دەبن و لەیەکتریدا دەتوێنەوە لەپێناو گەیاندنی مەبەست و هێنانەدی ئامانجدا، چونکە "زمان دەفری بیری مرۆڤایەتی و واتاکردنی ڕەفتاریەتی، دروستکەری شار و شارستانییەتە ئامرازی گرنگیش لەزماندا دەربڕین و وشەیە" (بلبالي و ذيبة: ٢٠١٦، ٩).

باو و بڵاوی پەندەکان زیاتر لەهەر چەشنێکی تری ئەدەبی بۆ دوو تایبەتمەندی زمانی دەگەڕێتەوە، ئەوانیش واتای دروست، کورتی لەڕادەبەدەر. ئەم دوو تایبەتمەندییەش وایکردووە لەسەر زمان سوکتربن و دەربڕینیان ئاسانتر و گواستنەوەیان خێرا و مانەوەیان درێژخایەنبێت لەسەر زاران، خەڵکی لەیادیان نەکەن. دەتوانین ئەوەش بڵێین، کە زمانی پەندی شیعریی "زمانێکی ئاوازەیی ئاماژەدارە، بەپلەی یەکەم ئەو زمانە ئاوازەییە ئەرێنییە، کە پەندەکان شێوەیان پێوەگرتووە لە وێستگە جیاوازەکاندا لەناو دەقی پەندی پێشیناندا بوونیان هەیە و پەندەکان کێڵگەیەکی بەپیتن و کەشێکی ئارام و گونجاویان خوڵقاندووە ئەندام و پارچەکانی کەوتوونە جووڵە و گەورەبوون و بەناویەکدا چوون، ئەمەش سێبەرێکی شیعریی

دروستکردووە، دەربڕاوەکان دەشارێتەوە، تا پەیامێکی ئاوازەیی و ڕەمزی بۆ بەردەنگ بنێرێت" (أمزيان: ٢٠١٩، ٧٩).

پەندەکان لە ڕووی زمانەوە خوولدەخۆن و دەگوازرێنەوە، هەمیشە وەک دەربڕاوێکی بڵاو و درەوشاوە. لە بۆنەکاندا دەوترێن، لەسەر زمان دەگوازرێنەوە و لە هەڵوێستە هاوشێوەکان بەکاردەهێنرێن، وەک تیرێکی لە کەوان دەرچوو لە ئاسماندا دەمێننەوە، تا ئامانجەکەیان دەپێکن. ئەو ئامانجەی لە پێناویدا دەربڕدراون، هەربۆیەش سنوری کات و شوێن دەبەزێنن، لە ناوەندێکدا پەنگ ناخۆنەوە، وەک بوونەوەرێکی زیندوو وان، لە ڕابردوودا هەبوون و لە ئێستاشدا هەن و لە ئایندەشدا دەمێننەوە و تایبەتمەندێتی زیندوویی خۆیان دەپارێزن، بەڵام پەندەکان "کاتێک دەگوازرێنەوە، تا دەتوانن دەستدەگرن بە سەقامگیری وشەسازییەوە، ئەگەر گۆڕانکاری یان شێواندنێک بەسەریداهات، کاریگەری لەسەر پێکهاتە زمانەوانییەکەی، یان دەربڕینەکانی لە وشەیەک یان چەند وشەیەکدا دەبێت، بەڵام ناوەڕۆکی پەندەکە و ماناکانی، بیرۆکە و ئامانجەکەی ئەو ڕەگ و ڕیشەیەن، کەبەپەندەکەوە دەلکێن، لەبەرانبەر داماڵین، لێکپچڕان و هەڵوەرین دەوەستنەوە و خۆیان دەگرن" (سليم: ٢٠٠٠، ٦٨).

لە کاتی گۆڕانکاری لە پەندەکاندا لە ڕووی وشە و ناوەڕۆکەوە بەهاکەی لە دەستدەدات، دەبێتە هۆی لە دەستدانی تایبەتمەندییەکەی، هەروەها تایبەتمەندییەکی تری زمانەوانی پەندەکان ئەوەیە "لەسەر سیستەمێکی دەنگی تایبەت داڕێژراوە، کە یارمەتی بەردەنگ دەدات بە ئاسانی بیبیستێ و بەمەش ئامانجی خۆی بەدەست دەهێنێت لە گواستنەوە و بڵاوبوونەوە و خەڵکی زۆر دووبارەی دەکەنەوە، ئەم سیستمە دەنگییەش لە ڕووی داڕشتنەوە گرەنتی پتەوی و مانەوەی دەکات" (بدران: ٢٠١٧، ١٠٣٥)، هەروەها لە ڕووی داڕشتنی ڕەگەز و ژمارەشەوە پەندەکان پارێزگاری لە خۆیان دەکەن، واتە لە نێرەوە بۆ مێ، یان لە تاکەوە بۆ کۆ، یاخود بەپێچەوانەوە ناگۆڕێت.

دواجار دەتوانین بڵێین گەیاندن و ئامانج دوو هێڵی تەواوکەری یەکترین لە زمانی پەندەشیعرییەکاندا، کە داهێنانی زمانی و بابەتی بەدی دەهێنێت، بەمەبەستی دەربڕین و گەیاندنی واتا، ئەمەش ئەرکی ڕاستەقینەی زمانی داڕشتنی پەندەکانە.

ئەوەی پەیوەستە بە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێردەوە ئێمە بەرەچاوکردنی تایبەتمەندییان لەسەر زمانی جیاواز، فەرهەنگی شیعری و زمان لەڕووی پێکهاتنەوە، بەتایبەت داڕشتنی ڕستە لەپەندەکاندا دەوەستین، هەوڵدەدەین نموونەیان بخەینە بەردەست.

**یەکەم: فرەزمانی  لە پەندەشعرییەکاندا**

مەبەست لەو جۆرە پەندانەیە، کە بەزیاتر لە زمانێک نووسراون، واتە زمانی کوردی و زمانێکی تر لە دارشتنی پەندە شیعرییەکەدا بەکارهاتووە. ئەگەرچی ئەمجۆرە کارە لە ڕەوانبێژیدا دەچێتە ژێر خانەی هونەری (مولەمەع)ەوە، واتە نووسینی شیعرێک، هەردێڕەی بە زمانێک و تێکەڵکردنی دووزمان یان زیاتر، بەڵام بە مەرجی ئەوەی، کە هەموو دەربڕینەکە هی خودی شاعیر خۆی بێت، کە ئامانج لێی دەرخستنی توانای شاعیر و زۆر جار بۆ نەبوونی وشەی پێویستی گوزارشتکردن و پەنابردن بۆ وشەی زمانێکی تر، یان شاردنەوەی هەندێ واتا و مەبەست بووە. لە پەندەکاندا گرەنتی ئەوە نییە، کە دەربڕین بە هەردوو زمانەکە هی پەندبێژبێت و بگرە ئەوەی بە زمانی خۆشییەتی ڕەنگە دارشتنەوە، یان کۆکردنەوەی کاری پەندبێژبێت، ئەگەرنا پەندی هەر زمانە و موڵکی نەتەوەکەی خۆیەتی.

نووسینی پەندەکان بە دوو زمانی جیاواز و تێکەڵکردنی چەند زمانێک، لە لایەک بە مەبەستی بەهێزکردنی پەندەکە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بووە، وەک ئەوەی پەندەکە لەگەڵ ئایەتێک یان فەرموودەیەک تێکەڵ دەکات، کە ئەمەیان لە شیعردا دەچێتە خانەی (تێکهەڵکێش)ەوە، یاخود دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی و گشتگیری پەندەکە بۆ پەندێکی هەرێمی و جیهانی لەوەی بوونی پەندەکە لەناو چەند گەل و زمانی جیاواز دەسەلمێنێت. بەڵگەی سەلێمنەری بوونی ئەم پەندەیە لەناو چەندین گەلی هاوسێ و نزیک لەیەک، بۆیە پەندەکە هەر دێڕەی بە زمانێک دەنووسرێت، تا واتاکەی تەواودەبێت، جا لەنێوان دوو نەتەوە و زماندابێت یان زیاتر، کەواتە زمانی نووسینی پەندەکان لێرەدا ڕۆڵی سەلمێنەری گشتگیری و جیهانی بوونی پەندەکان دەسەلمێنن، وەک:

زمانی کوردی و تورکی:  من لە تەلاشی تورشی و تەڵاشم

<u>ئازەچک، ئاشم، صانچیسز، باشم</u> (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ٣٧٥)

دێڕی دووەمی پەندەتورکییە و بەواتای (چێشتەکەم کەمە و ئاسودەم)

زمانی کوردی و عەرەبی: کەچی من کۆن بووم بووم بەسەرەویر

<u>پێـم ئـەڵێـن: اخـرج یـا زوج الـکبیـر</u> (پیرەمێردب١: ٢٠١٩، ٢٩٦)

زمانی کوردی و فارسی:    نادر هەڵکەوتو بەڕەگەز نییە

مریشکیش ڕەشە و هێلکەی سپییە

<u>فـزونـی لشـکر نیـایـد بە کـار</u>

چین و ئیـتالیـا کـەوتوونە هاوار (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ٥٢)

جگە لەم چەند نموونەیە، چەندین نموونەی تری پەندەکان هەیە، کە بەهاوبەشی وەک پەندێکی ئاوێتە بەهەردوو زمانی کوردی و تورکی، یان عەرەبی دارێژراون. وێڕای ئەوە ژمارەیەکی زۆر لە پەندە شیعرییەکان ئاوێتەن لەگەڵ هێنانەوەی ئایەت و فەرموودەدا، ئەمەش سەرەڕای پەیوەندی پتەو لەڕووی

واتاوە لەنێوان پەندە کوردییەکە و پەندێکی تری هاوشێوەی لەناو زمان گەلێکی تردا، یان هاوتەریبی لەنێوان پەند و ئایەت و فەرموودە، بەڵگەی توانا و شارەزایی و زمانزانی و هۆشیاری پەندبێژە لە کاتی دارشتن و هۆنینەوەی پەندە شیعرییەکاندا.

**دووەم: فەرهەنگی وشەی شیعریی لە پەندەشیعرییەکاندا**

پەندبێژ بەپێی ئەو هەلومەرج و بارودۆخەی، کە تێیدایە هەوڵدەدات لە بیر و هزری خۆی چەمک و مەبەستەکان کورتبکاتەوە، دواتر لە ڕێگای وشەکانی فەرهەنگی کەسیی خۆیەوە بیرەکان لە فۆرمێکدا دابرێژێت. بە ڕەچاوکردنی گەیاندنی واتا و مەبەست، هاوکات سەرنج ڕاکێشان و کەمەندکێشکردنی بەردەنگ لە پێناو کاریگەری دانان لەسەری و مانەوە لە بیر و هزریدا.

چۆن سەبارەت بە شیعر و بەکارهێنانی وشە لە شیعردا دەگوترێت: "شیعر هونەری ڕێکخستن و بەکارهێنانی وشەیە، ئەو وشانەی ڕۆژانە خەڵک بەکاری دەهێنن، شاعیریش هەمان ئەو وشانە بەکاردەهێنێ، بەڵام دارشتنی ڕستە لای شاعیر جیاوازە لە شێوەی دارشتنی ڕستەی باوی خەڵک" (جەبار ٢٠١٥، ٦٤)، ئەم بۆچوونە بۆ پەندەشیعرییەکانیش تەواوە و بەسەریدا جێبەجێ دەبیت.

واتە پەندبێژ لە دارشتنی پەندەشیعرییەکەیدا لە چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ وشە و بەکارهێنان و دانەپاڵ یەکی وشەکاندا هەڵوەستە دەکات. هەروەک چۆن وێنەکێشێک لەگەڵ ڕەنگ و مۆزیک زانێک لەگەڵ ڕیتم و ئاوازدا هەڵوەستە دەکات، بەم هەنگاوەش لە کاتی دەربڕینی پەندەشیعرییەکەیدا ئامانجەکەی دەپێکێت، هەرئەمەش دەبێتە فەرهەنگی پەندی شیعریی تایبەت بە پەندبێژی ئەدەبی.

سەبارەت بە فۆرمێکی ئامادە بە ناوی وشەی شیعریی، یان بوونی فەرهەنگێکی تایبەت بە ناوی فەرهەنگی شیعریی، شتی وا بوونی نییە. بەڵکو "وشەی شیعریی بەهۆی ئەو پەیوەندییەی بە وشەکانی پێش و پاش خۆی لەناو کایە شیعرییەکەدا هەیەتی، واتایەک یان چەن واتایەکی تر دەبەخشێت جیاواز لە واتا فەرهەنگییەکەی، کەهەیەتی. کەواتە بەهای ئیستاتیکی وشەی ناو شیعر لەو پەیوەندییەوە پەیدادەبێت، کە لەگەڵ وشەکانی تری ناو بنیادی دەقە شیعرییەکەدا هەیەتی" (حسێن: ٢٠٠٨، ٩٢). هەربۆیەش دەبینین، کە بەشێوەیەکی گشتی زمانی شیعریی دوو ئەرکی سەرەکی دەبینێت، ئەویش ئەرکی "سیمۆلۆژی و ئیستاتیکی، یەکەمیان بەوەی یەکە زمانییەکان واتای فەرهەنگی خۆیان ناگەیەنن، بەڵکو ئاماژە بەواتای تر دەکەن، دووەمیشیان ئەو جوانییەی لە شێوەی گوزارشتکردنەکەدا، لەهەموو ئاستەکاندا، مۆسیقا، وێنەی شیعریی، ڕەوانبێژی...هتد بەرهەمی دێنن" (حسێن: ٢٠٠٨، ٩٣). هەڵبەت لێرەدا بەهۆی ئەرکی یەکەمی زمانی شیعرییەوە، لەناو پەندە شیعرییەکاندا وشەی شیعری و فەرهەنگی شیعریی تایبەت بە پەندبێژی ئەدەبی دروستدەبێت.

ئەگەرچی هەندێک تایبەتمەندی دەدرێنە پاڵ زمانی دەقی شیعری کوردی هاوچەرخ، بەوەی "هەندێ لایەنی زمانەوانی تێدا هەیە لە ڕووی بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگی تازە و واتادار و کاریگەر، هەروەها بەکارهێنانی دەستەواژەی خاوەن ئیدیۆمی تایبەت و پەنابردنە بەر بەکارهێنانی ڕستەی شیعریی زۆر کورت یان زۆر درێژی سەرنجڕاکێشی پڕ لە ئەندێشەی هونەری، بە پێچەوانەی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی کەوا پڕە لە وشەی سادە و دەستەواژە و ڕستەی خاوەن واتای ڕاستەوخۆ" (گەرمیانی: ٢٠١٣، ٧٦)، بەڵام وێڕای سادەیی لە دەربڕین و زماندا بەشێکی ئەم تایبەتمەندییانە ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ ناو پەندەکان و بەدیاریکراوی لەناو پەندەشیعرییەکاندا بوونیان هەیە، وەک: وشەی فەرهەنگی نوێ، دەستەواژەی ئیدیۆمی و ڕستەی زۆرکورتی واتادار.

سەبارەت بە هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان فەرهەنگی زمان و فەرهەنگی شیعرییدا ئەوا "فەرهەنگی شیعریی لەوەدا لە فەرهەنگی زمان جیادەبێتەوە، کە تەنیا ئەو واتایەی نییە لە فەرهەنگی ئەو زمانەدا هەیە، بەڵکو واتای تر دەگەیەنێت، هەندێکیشیان دوور و نزیک پەیوەندییان بە واتا فەرهەنگییەکانەوە هەیە" (حسێن: ٢٠٠٨، ٢٣٠)

کاتێک پەندبێژ دەیەوێت شیعرییەتێک بە پەندەشیعرییەکەی بدات و فەرهەنگێکی تایبەتی خۆی هەبێت، لەناو پەندەکەدا هەمان ئەو وشە و دەستەواژانە بەکاردەهێنێت، کە لە زمانی ڕۆژانەی خەڵکدا بەکاردێن، بەڵام پەندبێژ بەهۆی کارامەیی و لێزانی خۆی فەرهەنگێکی دیکەیان بۆ ئامادە دەکات، کە جیایە لەو فەرهەنگەی ڕۆژانە خەڵک مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، کە ئەمەشە نهێنی شیعرییەتی ناو پەندەکان و مانەوەیان وەک دەربڕاوێکی سەرنجڕاکێش و چێژبەخش و واتادار.

کەوابوو فەرهەنگی شیعریی "تەنها بریتی نییە لە لیستێک لەوشەی لەیەک دابڕاو، بەڵکو هەردەقە و فەرهەنگێکی تایبەتی و کێڵگەی واتایی تایبەت بەخۆی هەیە، وەک ئەوەی شیعری سۆفێتی فەرهەنگی خۆی هەیە و شیعری ستایش فەرهەنگی خۆی، هەر بۆیە دەکرێت فەرهەنگی شیعریی بۆ خۆی ببێتە بنەمایەک بۆ جیاکردنەوەی جۆرەکانی دەق" (میرزاتۆفیق: ٢٠١٢، ١٤٩). لەم ڕوانگەیەوە بەپێی بەکارهێنانی بوار و کێڵگەواتاییەکانی تایبەت بەهەر مەبەستێک لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا وشە فەرهەنگییەکانی چەند بوارێک دیاری دەکەین و نموونەی پەندەشیعرییەکانی دەخەینە ڕوو:

- **لە ڕووی بەکارهێنانی وشەو دەستەواژەوە:**

دەتوانین چەند وشەیەک دیارییکەین، کە بەشێکیان داهێنراوی خودی پەندبێژ خۆیەتی و بەشێکی تریان وشەی ئاسایی و بەکارهاتووی ڕۆژانەی ناوخەڵکن، بەڵام پەندبێژ بەجۆرێکی تر و لەناو پەندە شیعرییەکاندا مەزراندوونی، کە لێرەدا چەند وشە و دەستەواژەیەک وەک نموونە دەنووسین: (خودبین، خودگیر، خود پەسەند، خۆش بین، خۆش خوو، بەدخوو،بەدکار، بەدگۆ، بەد زوبان، بەد ئەدەب، نەفسی خەڕۆ، پەیجۆر، زەڕکەفت، گوومێش، پارتیزان، جوستوجۆ، دیزەڕەش، خەمشە، هەرزەچەنە، کەم دەست،

هەڵکرد، تەوژمی باگردێن، تووناوتوون، قۆرت، ژۆرناڵ، چەپ گەرد، تەرسەقوول، تەن پەروەر، گێژاوی گەردش، چراوەکوژێن، ڕەقەن کێڵ، قوچ وەشێن، ئەشکێڵ، چەقەڵ کوژ، مەڕنەمووکە، دیاردیت، ئاتەش مەزاج، ڕەزاڵەت، سەرئازادەتر، لێوی گۆڕ، خەوی بێ پرخە، هەڵاژێ، فەندەڵ فێڵ، دەمەسوو، ڕەشی نابووت، ئاوەڵ پیاڵە، نەواڵە خۆرە، مەندەبوور، سوتەمەڕۆ، گورگە لۆقە، گوریس کێشەکی، سەر ڕەق، دەردەگا، نیوە لێو، گوێدرێژی گولە، چاک بێژ، ئەسکەمل، ساف دەروون، بورجی پیرێژن، نەنگەویست، جوانە ژن، شیری داپیرخۆر، خەیاڵبازی، خەیاڵ پەروەر، بەنگکێش، خەتە میزێنێ، کڵاو فڕێنێ، ماین چەقەڵ، مست قوچاندن، قەڵەمزەن، قەڵەمچی، هەمەچیزە، فرەبێژ، سەگ مەگەس، شەمالە، چرای گەرچەک، جامی چل کلیل، گورگی بۆز، چڵ و چۆکەر، تەرسی کەر، چەکمە بۆر، گەرمە گۆڕ، مورغی تیژپەڕ، کوڵەژەن، لیسی کوێری، ... هتد.

نموونە: ئـــاوەڵ پیـــاڵە، نـــەواڵـــە خـــۆرە

بۆ کاسە و کیسەیش مەندەبوور زۆرە (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ٣٤٩)

یان مالی خۆنەخۆر، بۆ چەکمە بۆرە

گەرمەگۆڕ نەبێ، پیاو گۆڕ بەگۆڕە (پیرەمێردب١: ٢٠١٩، ٢٥٢)

- **کێڵگەی گیانلەبەرناسی:**

لێرەدا لەسەر جۆری گیانلەبەران و سروشتی پەیوەندی و مامەڵەی نێوانیان، لەسەر بنەمای ستەمی زۆردار و ترسی بێ دەسەڵاتان بۆ لێنینان دەکات و دەڵێت:

هــەروا بــڕوانە هــەرچی گیانداره
بــەســـەر خــوار خۆیا زاڵە و زۆرداره
پشیلە بۆ مریشک تانجی بۆ کەروێشک
گورگ بۆ بزن مەڕ بۆ کەری بێ مێشک
جــگــە لــەمــانــەش لــەنــاو خــۆیــانــا
ســـەگ و بـــەران و بـــارگـــیـــر شەڕیانە (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٥٥)

لێرەدا دووانەی دژیەکی لەنیوان گیانلەبەراندا بەمجۆرە خستۆتەڕوو:

پشیلە......> مریشک، تانجی......> کەروێشک، گورگ........> بزن، مەڕ........> کەری بێ مێشک

سەگ <........> بەران <.....>بارگیر.

- **کێڵگەی سروشتناسی:**

پەندبێژ چەند وشە و دەستەواژەیەک لە بواری ژینگە و سروشتدا بەکاردەهێنێت، کە سەرجەمیان یەک کێڵگەی واتاییان هەیە، بۆ نموونە پەیوەست بە با، جووڵەی هەواو و دەنگییەوە دەڵێت:

خـۆزگـە ئەمزانی ئەم ڕەشە بایە
کە هاوینان دێت بۆ چ وا گەرمایە
کەچی زستانان کە ئەلرفێنێ
هێند بە تەوژمە گا ئەفڕێنێ
های شەماڵ خۆت و شەماڵت بژین
فێنکی دڵـە شـنـەت بـەهـاویـن
شەماڵ خەرمانی پێ شەن ئەکرێ
ڕەشەبا کەڵکی کام ئیشمان ئەگرێ
تۆزی ڕەشەبا چاوی کوێر کردین
شـەو لەسەربـانـا ئابڕوی بردین
بەهەموو بـایەک ئەلـەرێینەوە
بە هورتە و بەڕە ئەگەڕێینەوە (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٢٣٩)

وشەکانی: ڕەشەبا، لرفە، تەوژم، فڕاندن، شەماڵ، فێنکی، شنە، شەن، تۆزی ڕەشەبا، لەرینەوە، هورتە. ئەمانە سەرجەمیان جووڵەیان تێدایە و بەهۆی کەم و زیادی پەستانی هەواوە دروست دەبن و لەژێر کاریگەری ئەم تەوژمە پەیدا دەبن و بوونیان هەیە.

- **کێڵگەی دابونەریت و کەسێتی مرۆڤ:**

پەندبێژ لێرەدا بەپێی بڕوا و ئەزموون و تێڕوانینی کەسیی خۆی، لەسەر بنەمای نەتەوە، هۆز، شێوە و پیشە، پۆلێنی خۆی بۆ جۆری مرۆڤەکان دەخاتەڕوو. ئەگەرچی لەڕووی ڕاستی و ڕەوایەتی پۆلێنکردنەکەوە بایەتێکە و قسەی جیاواز هەڵدەگرێت، بەڵام لێرەدا مەبەستمان کێڵگەی واتایی دیدی مرۆڤناسی پەندبێژە، کە لەم پەندەشیعرییە چەند دێڕییە بەمشێوەیە دەڵێت:

هیندی و حەکیمی، فورس و تەکەببور
تورک و ئیطاعەت، ئەرمەن سفرە دڕ
عارەبی بەڕی و میوان پەروەری
کورد و ئازایی، بەماڵ و سەری
حەبەش صەداقەت، شامی و شەئامەت
مەلا و چرووکی، زەنگی و حەماقەت
کورت و فیتنەیی، درێژ و بێ هۆش
لە دوو جەژنان بوو شێخی نوێژ فرۆش
جاف بۆ زییانی، هەمەوەند بۆ شەڕ

شێخ و تەفرەقە، زەنگەنە بۆ گەڕ

پشدەر جەنگاوەر ڕێکن و یەکەن

شوان و دزەیی لەناویان ئەکەن

بانەیی دەڵێن: ئەصحابە کوژن

سیوەیلی ئێستا قامک دەمژن (پیرەمێردب١: ٢٠١٩، ١٠١)

ئەگەر سەرنج بدەین لەدیدی پەندبێژەوە مرۆڤەکانی بەم جۆرە پۆلێنکردووە:

بەپێی نەتەوە: هێند.....>دانایی، فارس.....> خۆبەزلزانین، عەرەب.....> مێوان دۆستی، کورد.....>ئازایی، حەبەش....> ڕاستگۆیی، شامی.....> شەهامەت.

بەپێی پیشە و شێوە: مەلا.....> چرووکی، زەنگی.....> نەزانی، کورت.....>فیتنەیی، درێژ.....>بێ ئەقڵ، شێخ.....> نوێژ فرۆش.

بەپێی هۆز و تیرە: جاف.....> زیبانی، هەمەوەند.....>شەڕ، شێخ.....>دووبەرەکی، زەنگەنە.....>گەڕ، پشدەر.....> جەنگاوەر و ڕێک، شوان و دزەیی.....> فیتنە، بانەیی.....> ئەصحابە کوژ، سیوەیلی.....> قامک مژین.

- **کێڵگەی واتایی چاکەکاری:**

لێرەدا پەندبێژ بە پیشاندانی چەندین وشە و دەستەواژەی چاکەکاری و ڕەفتاری دروست ڕێگای ڕاست پیشانی مرۆڤ دەدات بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەوروبەر، بەمشێوەیە:

لەگەڵ خودادا سەر ڕاست بی چاکە     هیچ لەو گوم نابێ خراپە و چاکە

لەگەڵ خەڵکیدا ئینصاف بنوێنە     هەتا دەتوانی نەفست بشکێنە

بۆ هەژار دڵسۆز بۆ گەورە حورمەت     بۆ لەخۆت خوارتر لوتف شەفەقەت

بۆ دۆست ڕابەربە، بۆ دوژمن بەحیلم     بە تەوازوع بە لەگەڵ ئەهلی عیلم

لەگەڵ جاهیلدا بێ دەنگ و خامۆش     ئەم دە پەندەی من نەکەی فەرامۆش

(پیرەمێردب١: ٢٠١٩، ٢٠٢)

فەرهەنگی مامەڵەکردنی مرۆڤی بەپێی هەر جۆرە پەیوەندییەک، بەمشێوەیە پۆلێنکردووە:

سەر ڕاستی.....> لەگەڵ خودا، ئینصاف و خۆ بەکەمزانین.....> لەگەڵ خەڵکی، دڵسۆز....> لەگەڵ هەژار، حورمەت.....> گەورەتر لەخۆت، نەرمونیانی.....> لەخۆت بچوکتر، ڕابەر.....> لەگەڵ دۆست، نەرم نیانی.....> لەگەڵ دوژمن، تەوازوع.....> لەگەڵ ئەهلی عیلم، بێ دەنگی.....> لەگەڵ نەزان.

بەشێوەیەکی گشتی چەندین تاکە وشە، زنجیرە وشە و هێشووە وشە دەبین، کە پەندبێژ لەپەندەشیعرییەکاندا بەکاریهێناون، بەمەبەستی بونیادنانی پەندەکان و بەجۆرێک لەپاڵ یەکدا ڕیزیکردوون، کە شیعرییەتییان بەخشیوە بە پەندەکان و زۆرجار جیاواز لە واتا فەرهەنگییەکەی، کە

هەیانە، واتای دیکەیان هەیە. ئەمەش وەک سیمایەکی تایبەت و هۆکاری ناسینەوەی زمان و فەرهەنگە شیعرییەکەی پەندبێژی ئەدەبی دێنە ژماردن.

**سێیەم: ئاستی پێکهاتەیی زمان لە پەندەشیعرییەکاندا**

لە ڕووی پێکهاتەییەوە، زمان لەئاستەکانی دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی و واتاسازی پێکدێت. پەندەشیعرییەکان سەرچاوەیەکی بەپیت و گرنگن بۆ لێکۆڵەرانی ئەم بوارە بۆ گەیشتن بەئەنجامی چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان لە ڕابردوودا، یاخود بەکارهێنانی زمان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر و لەشێوەزارە جیاوازەکاندا. ئێمە لێرەدا دەمانەوێت، تەنیا لەسەر دروستکردنی ڕستە و شێوازی دارشتنیان لەناو پەندەشیعرییەکاندا بوەستین لەو ڕووەوە شیکاری بۆ پەندە شیعرییەکانی پیرەمێردبکەین.

دوان و نووسینی مرۆڤ بۆ دەربڕینی بیرەکانی بەهۆی دانەپاڵیەکی کۆمەڵێک وشە و دەستەواژەوە، لە پێناو گەیاندنی واتا و مەبەستێک ڕستە بەرهەم دەهێنێت. ڕستە ڕەگەزێکی بنچینەیی قسەکردن و پایەی گرنگی دروستبوونی دەقی ئەدەبییە، گەورەترین دانەی زمانە لەڕووی پێکهاتەییەوە، بۆیە پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە، نەریمان خۆشناو لەبارەی پیناسەی زانستییەوە بۆ ڕستە دەڵێت: "ڕستە گەورەترین دانەی زمانە، کە خاوەنی ڕۆنانێکی ڕێک و پێکە، یان ڕستە بریتییە لە وشەیەک یان زیاتر، کە واتایەک بدات بەدەستەوە" (خۆشناو: ٢٠١٧، ١٦)، یاخود ڕستە کۆمەڵێک وشەیە دراوەتە پاڵ یەک، بەپێی ڕیکەوتنی واتایی و ڕێزمانی بە ڕەچاوکردنی سیستەمی تایبەت بە هەر زمانێک. لێرەدا ئێمە دەمانەوێت کار لەسەر پۆلێنکردنی ڕستە بکەین لەناو پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا لە ڕووی ئەرکی گەیاندنی واتا و مەبەستەوە، بزانین چۆن لە بونیادی پەندەشعرییەکاندا بەشدارییانکردووە.

**١-ئەرکی زانیاری و هەواڵدان (ڕستەی هەواڵی):**

لەمجۆرە ڕستەیەدا پەندبێژی ئەدەبی مەبەستییەتی زانیارییەکی چەسپاو و نەگۆڕ بگەیەنێت، یان هەواڵێک بگەیەنێت، کە لەڕابردوودا ڕوویداوە و کۆتایی پێهاتووە، یاخود کۆتایی پێدێت، پەندەکە لەم جۆرە ڕستانەدا مەبەستی بەرزرکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکە، بۆ ئاگادارکردنەوە و دوورخستنەوەی لەمەترسی. وەک:

<u>پایزمان بۆ هات</u> بۆ گیپە خواردن
هەندێکیش پارووی یەکتر ژماردن
دوای گیپە کەشکەک نەریتی کۆنە
<u>کە بەفریش باری</u> دۆکەشک و ڕۆنە (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ١٦٩)

لێرەدا پەندبێژ هەواڵ دەدات لە بارەی هاتنی وەرزی پایز، وەختی گیپەخواردن، کاتی پاروو ژماردن، بەفربارین، کەشک و ڕۆن خواردن.

ئەوروپا ئۆردووی کۆلارەی هەیە

کوردیش کەلارەی تەپاڵەی هەیە (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ١٥٠)

پەندبێژ بەشێوەیەکی گاڵتە ئامێز هەواڵ دەدات و بەراوردی نێوان ئەوروپا و کورد دەکات، بە گاڵتەوە دەڵێت، ئەگەر ئەوروپا فڕۆکە و فڕۆکەخانەی هەبێت، کوردیش کەلارەی تەپاڵەی هەیە، کە دەفرێکی دروستکراوە لە تەپاڵە و پاشەڕۆکی تێدەکرێت، ئەمەش وەک تەنزێک بەدەستکردی کوردی دادەنێت.

**٢-ئەرکی پرسیاری (ڕستەی پرسیاری):**

ئەو جۆرە ڕستەیەیە، کە پەندبێژ لە بونیادی پەندە شیعرییەکاندا بەکاریدەهێنێت. لە بنەڕەتدا ڕستەی پرسیاری بۆ وەرگرتنی زانیارییە لە گوێگر و قسەکەر چاوەڕێی وەڵام دەکات، بەڵام لە پەندە شیعرییەکاندا سەرەڕای ئەم ئەرکە، پەندبێژ لەڕێگای پرسیارەوە مەبەستییەتی زانیارییەکان جاریکی تر بیری بەردەنگ بهێنێتەوە. لە ڕێی وێڵ بوون بەدوای وەڵامی پرسیاری ناو پەندەشیعرییەکە، بە مەبەستی هۆشیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی لە پێشهات و ڕووداوێکی نەخوازراو، ڕستەی پرسیاری، یان بەهۆی وشەکانی پرسی وەک: چۆن، چی، کام، کێ، کوێ، بۆ، کێهان...هتد، دروستدەبێت، یاخود بەهۆی ئاواز و هێز خستنەسەر وشەکانەوە دەبێت، لە کۆتایی ڕستەپرسیارییەکەدا لەناو پەندە شیعرییەکە نیشانەی پرسیار(؟) دادەنرێت.

خوا ژنی بەژن درووستکردووە

مـاڵ و زاووزێی پێ سپاردووە

موویان درێژ و عەقڵیان کورتە

ئیتر چییانە لـەم جـرت و فرتە؟ (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ١٩٣)

لێرەدا پەندبێژ پرسیاری دەکات لە هاتن و چوون و جموجۆڵی ژنان و دەڵێت قژیان درێژ و ئەقڵیان کورتە، کاری ئەوان تەنیا دانیشتن لە ماڵ و زاو و زێیە، بۆیە پرسیار لە هات و چۆ و جموجۆڵیان دەکات.

هەنگوین شیفایە و ئارەق زەهرە

کامیان کڕیاری زۆری لە دەورە؟ (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٢٢٤)

پرسیار لە ڕەفتاری خەڵکی دەکات، کە بۆچی لەدەوری مەی فرۆش کۆدەبنەوە، لە کاتێکدا دەزانن زەهرە، ڕوو ناکەنە هەنگوین فرۆش، کاتێک دەزانن شیرین و شیفا بەخشە؟

**٣-ئەرکی فەرماندان و داخوازی (ڕستەی فەرمانکردن و داخوازی و خۆزگە):**

ئەو جۆرە ڕستەیەیە، کە پەندبێژ وەک کەسی یەکەم لە شێوەی فەرمانکردن، یان داخوازیدا داوا لە کەسی دووەم (بەردەنگ) دەکات بۆ ئەنجامدان، یان قەدەغەکردنی کارێک. بەشێکی زۆری پەندە شیعرییەکان لەسەر ئەم جۆرە ڕستەیە بونیاد نراون، چونکە ئەم جۆرە ڕستەیە لەگەڵ بنەمای کارکردنی پەندەکاندا هاوتەریبن. بەوپێیەی پەندەکان کار لەسەر (ئاگادارکردنەوە، ڕێگری، ڕێنمای و ئاڕاستەکردن) دەکەن. ئەم بنەمایانەش پێویستییان بەڕستەی فەرماندان و داخوازییە بۆ هێنانەدی ئامانجی پەندبێژ.

لەڕاستی خوا و خەڵک ڕاست و دڵپاک بە

لـەواتـەی هـەمـوو عـالەم بێ بـاک بە

تـۆ، کـە ئـایینی خـوا ڕابـەرت بـێ

مـەتـرسـە ئـەگـەر قەستی سەرت بێ (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٢٢٣)

لێرەدا کردارەکانی داخوازی (دڵپاک بە، بێ باک بە) لەباری ئەرێدا و کرداری داخوازی (مەترسە) لەباری نەرێدا، بەکارهاتوون بۆ مەبەستی فەرماندان و هاندان بۆ ڕێگای ڕاست و متمانە بوون بەخوا و بەردەوام بوون لەسەر ئاینداری، وەک:

پێ لەمار مەنێ هەرچەند سرپیش بێ

مەچۆ ڕێی بەراز لە ڕەو بڕیش بێ (پیرەمێردب١: ٢٠١٩، ١٠٣)

لێرەدا دوو کرداری داخوازی (پێ لێ مەنێ، مەچۆ) هاتوون، لەباری نەرێکردندا، کەمەبەستیان ڕێگری کردنە لەهەر هەنگاوێک، کە دەبێتە مایەی زیان بۆ مرۆڤ، ئەگەرچی دۆخی ناحەز گونجاویش نەبێت، بەڵام خۆپارێزی خۆ بەدوورگرتن، لە پێشینەترە.

**٤- ئەرکی سەرسوڕمان (ڕستەی سەرسوڕمان):**

ئەو جۆرە ڕستەیە، کە پەندبێژ لە بونیادی پەندەشیعرییەکەدا بەکاریدەهێنێت، بە مەبەستی دەربڕینی هەستی خۆی بەرانبەر دیاردە و دۆخێک، جا هەستی خۆشی بێت، یان ناخۆشی. واتە پەندبێژ لە بەرانبەر دیاردە و ڕووداوەکاندا، دەکەوێتە دۆخی شاگەشکەبوونەوە، یان بە پێچەوانەوە دەکەوێتە دۆخی واق وڕمان و حەپەسانەوە، بەهۆی وشەکانی (ئۆخەی، وای، هەربژی، ئاخ، ئۆف، پیاح... هتد دەردەبڕدرێت و لەکۆتاییدا نیشانەی سەرسوڕمانی (!) دادەنرێت، وەک:

هیچ کەس لەکاری خودایی ناگا

خۆی خوایە و خوایی ئەداتە دەست گا! (پیرەمێردب١: ٢٠١٩، ١٥٤)

لێرەدا پەندبێژ هەر سەرسوڕمان دروستناکات، بەڵکو شۆکێک دروست دەکات، بەهێنانی وشەی (گا) و پێدانی دەسەڵاتی خودایی، کە لێرەدا (گا) وەک هێمایەک بۆ دەسەڵاتدار و ملهوڕەکان بەکارهاتووە.

کـەچی لـەولاوە نـەخوێندەوارێ

بوو بەقایمقام چوونە لای جـارێ

وتیان: چیت زیادە لە پورە ئایشێ

وتی: حەو! خۆ ئەو قەندە ناکێشێ!! (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ٥٥)

لێرەش پەندبێژ بەراوردی قایمقامێکی ناشایستە و نەخوێندەوار دەکات، لەگەڵ ژنێکی گوندنشیندا و هەمان پرسیاری لە خودی (قایمقام)ەکە دەکەن، کە تۆ شایستەی ئەو جێیە نیت، چ جیاوازییەکت لەگەڵ ژنێکی

گوندنشین هەیە؟ وەڵامەکەی هەم پێکەنیناوی و هەم سەرسوڕهێنەرە، کە دەڵێت: من قەندە ئەکێشم و پورە ئایشێ قەندە ناکێشێ!

**٥-ئەرکی بانگکردن (ڕستەی بانگکردن):**

ئەو جۆرە ڕستەیەیە، کە پەندبێژ وەک کەسی یەکەم و قسەکەر، بانگی کەسێک، یان کەسانێکی تر (بەردەنگ) دەکات، بە مەبەستی بە ئاگاهێنانەوە و سەرنج ڕاکێشانی. دواتر بۆ ئاڕاستەکردنی پەیامی تایبەتی خۆی، بەهۆی ئامرازەکانی بانگکردنی (ئەرێ، هۆ، هێ، های، هەی یا...هتد) و زۆر جاریش بەپێی ڕەگەز ئامرازەکان دەگۆڕێن. مەبەست لەم جۆرە ڕستانەش سەرەتا بە ئاگا هێنانەوە و دواتر ئامادەکردنی بەردەنگە بۆ ئاڕاستەکردنی پەیامی پەندبێژ، ئەم جۆرە ڕستانە ڕۆڵێکی گرنگیان لە بونیادی پەندەشیعرییەکاندا هەیە، چونکە یەکێک لەبنەماکانی کارکردنی پەندەکان ئاگادارکردنەوەیە.

<u>های</u> چەرخی کەچ باز، <u>های</u> تەبعی ناساز
بەهارە گوێ درێژ کەوتە لەقە و گاز
هەندێ نووکە نووک سەر بەتووکەوە
هەندێکیش دەچن بەپیر بووکەوە (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ٨)

پەندبێژ دووجار ئامرازی بانگکردنی (های) دووبارەکردۆتەوە، کە بانگی چەرخ و سروشت دەکات و دۆخی خەڵکیش لە پاڵیدا دەخاتە بەرچاو، وەک:

<u>هەی هاوار!</u> لە پێش چاومانە ئەمرین
هێندە سەهەندەین گوێی لێناگرین
کاتێک ئەزانین عیزرائیل هات
بە پەشیمانی نامێنێ نەجات (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ٣٤٣)

لێرەدا لەڕێگای ئامرازی بانگکردنی (هەی هاوار) بانگی هەموو خەڵکی دەکات و سەرسوڕمانی خۆی دەردەبڕێت لەوەی کەس گوێی بۆ بانگەکەی نەگرتووە. دەیەوێت لەم بانگەوە ئاگاداریان بکات و مردن بیری هەمووان بهێنێتەوە، بۆ ئەوەی بەر لە گیانکێشان خەڵکی پەشیمانی دەربڕن و داوای لێخۆشبوون بکەن.

بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر سەرنج بدەین، پەندبێژ هەموو جۆرەکانی ڕستەی لەڕووی ناوەڕۆکەوە لە بونیادی پەندە شیعرییەکاندا بەکارهێناوە، بەپێی دۆخ و پێداویستی. ئەو بیرەی، کە پەندبێژ مەبەستی بووە بیگەیەنێت، یان بەپێی جۆری هەڵوێستەکان سوودی لەڕستەکان بینیوە، توانیویەتی سەرکەوتووانە ڕستەکان لەناو دەقی پەندە شیعرییەکاندا بەگەڕبخات.

**پاری دووەم: بونیادی هونەریی ئاوازەیی لە پەندەشیعرییەکاندا:**

ئاواز ڕەگەزێکی دیار و بنچینەیی بونیادی زۆرینەی دەقە ئەدەبییەکانە، لەو ڕوانگەیەوە ئاوازی پەندە شیعرییەکان ڕەنگدانەوەی کارامەیی و سەلیقە و لێزانی پەندبێژی ئەدەبین. چەندێک پەندبێژ وردتر و لێزانی لەهۆنینەوە و هەستی شاعیرانەی بەرزتربووبێت، لەبونیادی ئاوازەیی دەقی پەندەشیعرییەکاندا سەرکەوتووتربووە.

دەنگ "لە لێکۆڵینەوەی زمانی شیعریی بۆ ئاشکراکردنی بونیادی مۆسیقای شیعرەکەیە، هەڵبەتە لەڕووی دەنگسازییەوە هیچ دەنگێک لەخۆیەوە بەهایەکی ئیستاتیکی نییە، بەڵام بڕگەکانی وشە و چۆنیەتی ڕیزبوونیان کێشی شیعری دروستدەکات و بناغەی ڕیتمی مۆسیقای زمانی شیعر دادەمەزرێنێ" (ئیبراهیم: ٢٠١٢، ٩٣). مۆسیقاش "بریتییە لە کێش و ترپە و ڕێکخستنی دەنگەکان، هەمیشە و ئێستاش بایەخێکی گەورەی هەیە لە شیعردا، مۆسیقای شیعر ئەتوانێ ئەو یادگار و یاداشتانەی، کە ڕەمزێکی قووڵیان هەیە سەرلەنوێ بیانگێڕێتەوە، ئەمە جگە لەوەی، کە ئەبێتە هۆی ڕوونکردنەوە و فراوانکردنی واتاکەی و دەرخستنی ئەو جیاوازییانەی، کە لەناویاندا هەیە، چونکە بەبێ مۆسیقا، شیعر ئەبێتە هۆی ونبوونی جیاوازییەکان، مۆسیقا یارمەتی واتای شیعرەکە دەدات" (بێدار: ٢٠١٣، ٧٧). هەر بۆیە ڕیتم لەدەربڕاوە شیعرییەکاندا "پەیوەندییەکی توندی بەئاوازەوە هەیە، ئاواز دانەیەکی مۆسیقای دەنگە لە ئاستی ڕستەدا، واتە ڕستەیەک بەتەواوی یەک ئاوازی هەیە، کەچی لەهەمان ڕستەدا لەوانەیە بونیادی ڕیتم تێیدا چەند جارێک دووبارەبێتەوە، ڕیتم سروشتێکی خوولی هەیە، واتە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە" (ئیبراهیم: ٢٠١٢، ١١٨). کەوابوو مەبەست لە ڕیتمی شیعریی "پێکەوە گونجانی فۆنەتیکی نێوان ڕووبەرەکانی دەنگ و بێدەنگی، جووڵە و ئارامییە، کە فەرمانێک لەبیستندا ئەنجامدەدا و کاریگەری لەسەر وەرگر... جێدێڵێ،... ڕیتمی دەرەکی تەنها یەک کۆڵەکەی شیعرە لەسەر ئاستی بیستن، بەڵام کۆڵەکەکەی دیکە ڕیتمی ناوەکییە، کە هەردوو ئاستی بیستن و بینینی زەینیش دەگرێتەوە،... ئەم ڕیتمە ناوەکییەش ڕیتمێکی هەمەجۆرە و چەند دیاردەیەک لەخۆدەگرێ وەک، هاوتەریبی، دووبارەبوونەوە، سترێس، ئاوێزانی دەنگەکان و پیتەکان و پێکەوە گونجانی فۆنەتیکی" (سعید: ١٩٩٩، ١٨).

سەبارەت بە پەندی پێشینان، پەیوەندی نێوان پەندی پێشینان و ئاواز پەیوەندییەکی توند و تۆڵ و بەهێزە، بە تایبەتی کاتێک سروشتی پەندەکان وایە، کە زارەکییە، نهێنی مانەوە و بەردەوامی لە بیر و هزردا، هەروەها بڵاوی لەسەر زاران بۆ ئەو چێژە دەگەڕێتەوە، کە پەندبێژ لە کاتی دەربڕیندا بە پەندەکەی دەبەخشێت. هەر ئەوەشە، کە ناودەبرێت بە ئاواز. "نهێنی ئاواز لە پەندی پێشیناندا دەگەڕێتەوە بۆ بنیادی ڕەوانبێژی کورت و واتای فراوان، ئاوازی سەروادار، دژیەک، ڕەگەزدۆزی، لێکچواندن و دووبارەکردنەوە" (أمزیان: ٢٠١٩، ٦٧)، دیارترین درەوشانەوە و ڕۆڵی ئیستاتیکی و جوانکاری، کە ئاواز پێی هەڵدەستێت لە پەندەشیعرییەکاندا، لەڕێی چەندێتی دەنگەکان و گونجانی وشە و واتاکانە. "ئەوەی

لای بەردەنگ دەمێنێتەوە لە ساتی یەکەم بەرکەوتنی لەگەڵ بیستنی پەندەشیعرییەکەدا، مانەوەی یەکەی ئاوازەیی دەنگەکانە، کە پاڵ بە بەردەنگەوە دەنێت، تا داوای زیاتر بکات وەک ئەوەی کەشێکی لەناخی خۆیدا دروستکردبێت بیەوێ بە ئاواز پڕیبکاتەوە" (سعیدي: ٢٠٠٩، ٢٦).

ئاواز دەست بەسەردەقدا دەگرێت واتە "پەندبێژ لە ڕێگای ئاوازەوە دەست بەسەر دەقی پەندەکەدا دەگرێت کاتێک دەدوێت بەهۆی هەڵچوون و ئاوازە بەهێزەکەیەوە، کە بە پەندەکەی دەبەخشێ کاریگەریی لەسەر بەردەنگ بەجێدەهێڵێت لە ساتی بیستندا ئەویش بەهۆی سەرواو و ڕەگەزدۆزی و دژیەک...هتد" (سعیدي: ٢٠٠٩، ٦)، بۆیە مەیل و ویستی پەندبێژی ئەدەبی لە پەنابردن بۆ بونیادی ئاوازەیی لە پەندەکاندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە یارمەتی پەندەشیعرییەکان دەدات، بۆ ئاسانی لە دەربڕین و خێرایی لە وەرگرتن و گواستنەوە و پاراستنی. پەندبێژ بەهۆی ئەم کارامەییەوە، کە لە ئاوازی دەرەوە و ناوەوەی پەندەکاندا بەکاری دەهێنێت، ئاوازی مۆسیقی دروستدەکات و هێز بە پەندەکە دەبەخشێت لە ڕووی هونەریی و جوانکارییەوە.

هەموو ئەوانەی، کە باس لە بونیادی هونەریی ئاواز دەکەن دووجۆر ئاوازیان دیاریکردووە، ئێمەش لەسەر ئەو بنەمایە، کار لەسەر پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرد دەکەین و بونیادە ئاوازییەکەی دەستنیشان دەکەین.

**یەکەم: ئاوازی دەرەوە لە پەندەشیعرییەکاندا:**

ئاوازی دەرەوە، کەمەبەست لە "تەبایی و گونجانی دەنگییە لەنێوان پیت و بڕگەو یەکە ئاوازەییەکان، بەپێی پێوانە و هەڵسەنگاندنی کۆن و نوێ، بە کێش و سەروا دیاری دەکرێت" (سعید: ١٩٩٩، ١٦). کێش و سەروا کاردەکەن بۆ جەختکردنەوە "لەسەر ئەو جووڵە دەنگییەی کە بریتییە لە جەوهەری شیعر، بەجۆرێک ئەو ڕێکخستنە دەنگییە گرنگترین جیاکەرەوەی شیعرە لە پەخشان، لەبەرئەوەی کێش ئەو میکانیزمەیە، کە وادەکات زمان شیعریی بێت هەروەک کۆهین وا دەڵێت" (بودوخە: ٢٠٢١). ئەم بنەمایە سیمای جیاکەرەوەی پەندی شیعرییە لە پەندەکانی تر، هەروەها لێرەشەوە دەبێتە سیمای جیاکەرەی بەرهەمی پەندبێژی ئەدەبی لە بەرهەمی پەندبێژی میللی. بونیادە ئاوازەییەکە هێڵێکی جیاکەرەوە دەکێشێت لەنێوانیاندا، ئێمەش هەوڵدەدەین لەسەر هەردوو بونیادی کێش و سەروا لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا کاربکەین.

**١-کێش لە پەندەشیعرییەکاندا**

لەم باسەدا مەبەستمان دەستنیشانکردنی بنەماکانی کێش و دیاریکردنی جۆرە جیاوازەکانی کێشە لە پەندەشیعرییەکاندا، هەروەها گرنگی و بایەخی کێش لە بونیادەکەیدا، بخەینەڕوو.

مەبەست لە کێش "ئەو دەنگ و بڕگە هاوشانانەن، کە بینای هەنگاو و نیو دێڕ و دێڕەکانی هەر پارچە شیعرێکی لەسەر دادەمەزرێت، بە شێوەیەکی وەها ژمارەی ئەو دەنگ و بڕگانە لە نیودێڕ و هەنگاو و

دێڕەکاندا وەک یەک بێت بەبێ زیاد و کەم، کێش لە شیعردا تەرازووە و شیعر لە لەنگی ڕزگاری ئەبێت، ئەگەر لەو دەستورە لادرا ئەوا ئاوازی شیعر ناساز دێتە گوێ لە جیاتی خۆشی و هەژاندن گرژبوون و بێزاریمان تێدا دروست دەکات" (بێدار: ٢٠١٣، ٧١). کێش لە شیعری کلاسیکدا وەک پایەیەکی بەهێز و گرنگ دانراوە و لە "سەرەکیترین پێکهێنەرەکانی بونیادی شیعرە و بێجگە لەوەی بزوێنەری هێزی خەیاڵی شاعیرە، هۆکاری سەرنجڕاکێشان و کەمەندکێشکردنی، بیسەر یان خوێنەریشە" (عبدالرحمان: ٢٠٢١، ٣٦) بۆ ڕەچاوکردنی ئەم بنەما گرنگەی بونیادی دەقی شیعریی، دەبێت ڕەچاوی ئەوەبکرێت، لە هەموو دێڕ و نیوە دێڕەکاندا یەکسانبێت. بوونی زیادیی و کەمی لەیەکێ لە دێڕ و نیوە دێڕەکاندا، جوانی شیعرەکە دەشێوێنێت و لەنگی و نەنگی بۆ دروستدەکات و چێژی بیسەر و خوێنەریش تێکدەدات. هەڵبەت مەبەستمان لەوجۆرە دەقانەیە، کە کێش وەک بنەمایەکی سەرەکی بەکاردەهێنن بۆ بونیادی دەقە شیعرییەکە.

بەشێوەیەکی گشتی عەزیز گەردی چەند جۆرێک کێشی دیاریکردووە، کە بەپێی جۆری زمانەکان لە دونیادا و سیستەمی دەنگسازییان، بەکارهێنراون، کە ئەمانەن: (گەردی: ٢٠١٤، ٢٦- ٢٧)

- کێشی ژمارەیی (Numerecal): لەم جۆرە کێشەدا ژمارەی بڕگەکانی هەر لەتە شیعرێک و شوێنی وەستانی دوای پێیەکان جۆری کێشەکە دیاری دەکات، وەکو کێشی شیعریی فەڕەنسی، ئیتالی، ئیسپانی، کێشی شیعری میللی و ڕەسەنی کوردی.
- کێشی چەندێتی (Quantitative): لەم جۆرە کێشەدا کورتی و درێژی بڕگە و چۆنیەتی ڕیزبوونیان جۆری کێشەکە دەستنیشان دەکات، وەک شیعری عەرەبی و سەنسکریتی و یۆنانی کۆن.
- کێشی چۆنێتی (Qualitative): لەم جۆرە کێشەدا، بەهێزی و بێهێزی بڕگە جۆری کێشەکە دیاری دەکات. وەک کێشی شیعری ئینگلیزی و ئەڵمانی.
- کێشی تەبەقەیی (Tonoc): ئەم جۆرە کێشە بەپێی بەرزی و نزمی تەبەقەی دەنگ دیاری دەکرێ. وەکو کێشی شیعری چینی و ڤێتنامی.

سەبارەت بە بەکارهێنانی کێش لە بونیادی دەقی شیعریی کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی دووجۆر کێش بەکار هاتووە، کێشی عەرووز (چەندێتی) و کێشی ژمارەیی (بڕگە). هەرچی کێشی عەرووزە تایبەتە بەبونیادی دەقی شیعری کلاسیکی کوردی و بەشێک نییە لەباسەکەی ئێمە، بەڵام کێشی بڕگەیی، کە بەکێشی ڕەسەنی کوردی دادەنرێت و هەموو ئەدەبیاتی زارەکی پێ بونیادنراوە و پەندەکانیش بەشێکن لە ئەدەبیاتی زارەکی و فۆلکلۆری بەم کێشە بونیاد نراون، "کێشی بڕگەیی یەکێکە لەکێشە دێرینەکان و هەندێ لەبەشەکانی ئاوێستا وەک گاتاکان بەم کێشە نووسراوەتەوە" (کاکی: ٢٠١٢، ٨٧)، هەروەها ئەدەبیاتی میللی و زۆربەی شیعری شێوەی گۆرانی (هەورامی) و چیرۆکە شیعرییە باوەکانی کوردەواری

و چیرۆکە ئاینییەکان، هەر بەم کێشە نووسراوە، کەوابوو بوونی ئەم جۆرە کێشە ڕیشەیەکی قووڵ و ڕەسەنایەتی هەیە لەزمانی کوردیدا بۆ بونیادی دەقی شیعریی.

بەکارهێنانی ئەم بنەما هونەرییە، واتە کێش لە پەندەشیعرییەکاندا، ئەو فۆڕمە ئاوازەیی و مۆسیقیەیە، کە پەندبێژ هەڵیدەبژێرێت بۆ دەربڕینی پەندەشیعرییەکەی وەک کڵێشەیەکی دیاریکراو، بەمەبەستی گوزراشتکردن لەو بیرەی، کە مەبەستییەتی لە چوارچێوەیەکی ئاوازەیی سەرنج ڕاکێشدا، بە ئامانجی کەمەندکێشکردنی بەردەنگ و کاریگەریی دانان لەسەری، مانەوەی پەندەشیعرییەکە لەبیریدا، هەروەها ئاسانکاری بۆ گواستنەوە و بڵاوکردنەوەی پەندەشیعرییەکە.

پەندەکان بەشێکن لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆریی، بۆیە هەموویان وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، بەکێشی بڕگەیی نووسراون. ئیمەش لەم باسەدا تەنها مەبەستمان خستنەڕووی ئەم جۆرە کێشە و چۆنیەتی بەکارهێنانیەتی لە پەندەکاندا.

کێشی پەنجە (بڕگە): کە کێشی ژمارەیی، هیجائی، سیلابی، خۆماڵی و ڕەسەنی کوردیشی پێدەوترێت "لەسەر بنەمای یەکسان بوونی ژمارەی بڕگەکان لە نیوە دێڕەکاندا دادەمەزرێت، ئەم کێشە لەگەڵ زمانی کوردی گونجاوە، بەکێشی خۆماڵی ناودەبرێت، تایبەتمەندی کێشی ژمارەیی بڕگە لەوەدایە، کە وشەکانی زمانەکە کەرت ناکات" (ئیبراهیم: ٢٠١٢، ١١٠). سەبارەت بە بایەخدان بە جۆری بڕگە و کورتی و درێژی بڕگەکان بەو جۆرەیە، کە "لە کێشی ژمارەییدا حیساب تەنیا بۆ ژمارەی بڕگەکانی دێڕە شیعر و دابەشبوونیان بەسەر پێدا دەکرێ، گوێ بەجۆری بڕگە (کورتی و درێژی) و چۆنیەتی ڕیزبوونیان نادا" (گەردی: ٢٠١٤، ٢٣٩).

پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرد سەرجەمیان بەم جۆرە کێشە نووسراوە، لەناویشیاندا تەنیا کێشی دەبڕگەیی بەکارهێناوە لە بونیادی پەندەشیعریکاندا بەمشێویە:

گەورەیی خۆشە/ خوا بیدا بە پیاو....> ٥+٥

بــەڵام نەک لە پڕ/ هــاتبێتە نــاو!....> ٥+٥

چونکو لەپڕێ/ کە بوو بــەکوڕێ....> ٥+٥

زوو بایی ئەبێ/ کــەڵکی ئەبــڕێ....> ٥+٥

بەم شێوەیەی سەرەوە سەرجەم پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرد تەنها بەکێشی دە بڕگەیی (٥+٥) نوسراون. هێچ جۆرە کێشێکی تری بەکارنەهێناوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لەزۆرێک لەپەندەکانی تریشدا، کە شیعریی نین ڕەچاوی هاوسەنگی ژمارەی بڕگەکان و گونجان و هاتنەوەیان لەگەڵ یەکتریدا کراوە، وەک ئەوەی، کە دەڵێت: بەچکە گەدا/ مەخەرە تەما/ بەچڵێ کەما/ تێتە سەما....>٤+٥+٥+٤.

واتە کێش ئەگەرچی سیمایەکی جیاکەرەوەی پەندەشیعرییەکانە، بەڵام لەزۆرێک لەپەندەکانی تریشدا دیاردەی ڕەچاوکردنی هاوسەنگی ژمارەی بڕگەکانی پەندەکە بەدیدەکەین.

**٢-سەروا لە پەندەشیعرییەکاندا:**

یەکێکی تر لە پایە گرنگەکانی ئاوازی دەرەوە لە بونیادی شیعریی هەردەقێکدا سەروایە، کە وەک توخمێکی بنەڕەتی ئەژماردەکرێت، مەبەست لەسەروا "بەشێکی وشەی کۆتایی دێڕی شیعرە بەمەرجی ئەوەی هەمان وشە و بە هەمان فۆرم و واتای خۆی لە کۆتایی دێڕەکانی تردا، دووبارە نەبێتەوە، ئەگەر دووبارەبووەوە ئەوا بەڕەدیف دادەنرێت و پێش ئەو وشەیە دەبێتە قافیە" (ئیبراهیم: ٢٠١٢، ١٢٢). لەبارەی ژمارەی پیتە دووبارە بووەکانەوە دەوترێت سەروا "لەدوا وشەی نێوەدێڕێکی شیعردا و دوا وشەی نیوەکەی تریدا، یان لەکۆتایی دێڕەکانی پارچە شیعرێکی ستوونیدا، پیتێک یان زیاتر دووبارە دەبنەوە بەم پیتە دووبارە بووانە دەگوترێت سەروا" (بێدار: ٢٠١٣، ٨٤)، بەڵام سەبارەت بە جۆری ئەو دەنگانە، کە دەبن بە سەروا سەرنجێکی جێی بایەخ هەیە، ئەویش ئەوەیە "ئەو دەنگانەی، کە دەبنە سەروا مەرج و پێویستە دەنگێکی سەرەکی و بەشی ڕەسەنی وشەکان بن، بەواتایەکی دیکە ئامراز و نیشانەکانی مۆرفۆلۆژی، کە دەچنە سەر وشەکان نابنە سەروا" (عمرکاکی: ٢٠٠٨، ٨٣). هەرچی پەیوەستە بە توانای بەکارهێنانی ئەم هونەرە شیعرییە، جۆزیف میشال دەڵێت: "سەروا دیاردەیەکی تایبەت نییە بەزمانێک و زمانێکی تر لێی بێبەش بێت، بەڵکو لەتوانای هەموو زمانێکدایە، کە ئەو مۆزیک و ڕیتمە تایبەتە لەخۆبگرێت، کە لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەیەکی ڕێکوپێکی دەنگێ، یان زیاتر لە دەنگەکانیەوە لە دێڕێک، یان زیاتردا دروست دەبێت" (کاکی: ٢٠١٢، ١١٥)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە زمانە کۆنەکانی هیندۆ ئەوروپییەکان سەروا نەبووە، وەک زمانی سانسکریتی و لاتینی و یۆنانی، تەنانەت لەزمانە ئێرانییە ئوستانی باربیو پەهلەوییەکانیشدا نەبووە، بەڵکو جۆرێک لە ڕێککەوتنی پیتەکان هەبووە، بەڵام هیندی کۆن، عیبری و سریانی سەروایان هەبووە.

هەرچی پەیوەستە بە بایەخی ئەم بنەمایە لە ڕووی مۆسیقییەوە، دڵشاد عەلی دەڵێت: "سەروا دیاردەیەکی دووبارەکراوەی دەنگییە و بەشێک لە ترپەی دەقی شیعری پێک دێنێ" (عەلی: ١٩٩٨، ١٣٨)، هەروەها (ئیبراهیم ئەنیس)یش لەم ڕووەوە دەڵێت: "سەروا بەهایەکی مۆسیقییانەیە، کە ژمارەیەک دەنگ لەکۆتایی دێڕەکانی شیعردا دووبارە دەبێتەوە ئەو دووبارە بوونەوەیەش بەشێکی گرنگ لەمۆسیقای شیعر دروست دەکات، سەروا وەک نێوەندە مۆسیقییەکانە، کە گوێگر چاوەڕوانی دووبارە بوونەوەیان دەکات و چێژێک وەردەگرێت لەو جۆرە دووبارە بوونەوانە، کە لەپەردەی گوێ دەدەن لەماوە کاتییە ڕێک و پێکەکاندا" (بێدار: ٢٠١٣، ٨٥).

عەزیز گەردی وێڕای پێناسەکردنی سەروا بەوەی "بریتییە لەو دەنگە یا کۆمەڵە دەنگەی، کە هەندێ جار بەبڕگە و لای هەندێ بە تیپ ئاماژەی بۆ کراوە، لەکۆتایی وشە سەروادارەکان دووبارە دەبنەوە، ئەمە بەتایبەتی لەکۆتایی لەت یا دێڕە شیعر و هەندێ جار لەناوەوەش دێ، هەروەکو دەشێ لەپەخشانیشدا هەبێ، بەتایبەتی لەکۆتایی فاسیلەکان، بەمەرجێ وشەکان بەهەمان مانا لە کۆتایی دووبارە نەبووبنەوە"

(گەردی، ١٩٩٩، ٢٧)، هەروەها سەبارەت بە وردەکاری و بنەماکانی لەم چەند هەنگاوەدا چەمکی سەروا ڕووندەکرێتەوە "دووبارە بوونەوەی یەک دەنگی بزوێنی درێژ یان چەند دەنگێک لە بڕگەی کۆتایی یان لەناوکی بڕگەکە بەدواوە، دەنگە دووبارەبووەکان دەکەونە کۆتایی وشە سەروادارەکەوە، وشە هاو سەرواکان لەکۆتایی لەت یادێڕی شیعردا دێن، جاری واش هەیە لەناو دێڕ و بگرە لەسەرەتاش دێن، وشەی هاوسەرواکان، دەبێ مانایان جیابێ، ئەگەرنا دەبن بە پاش سەروا (ڕەدیف) و وشەی پێش ئەو، دەنگەکانی سەروا هەڵدەگرێ، سەروا ئەرکی دەلالیشی هەیە، جگە لەگرێدان و لێک دابڕاندنی پارچەکانی هۆنراوە" (گەردی، ١٩٩٩، ٢٧).

سەروا لە پەندی شیعرییدا هەموو ئەو پێوەرانەی بەسەردا جێبەجێدەبێت، کە باسمانکرد و خستمانەڕوو، هەروەها مەبەست لەبەکارهێنانی ئەو هونەرە بۆ ئەوەیە، کە جگە لە بەخشینی بەهای ئیستاتیکی بە پەندەکان و زەقکردنەوەی ڕووە جوانکارییەکە وشە و دەربڕینەکان، هاوکات بۆ ڕێکخستن و بەدوایەکداهاتنی بیر و یارمەتیدانی بیر و هزری بەردەنگە لە وەرگرتن و بەستنەوەی دێڕەکان بەدوای یەکدا. ئاواز دەبێتە پردێک بۆ گەیاندن و گواستنەوەی پەندەکان، کە یەکێک لەئامانجەکانی ئەم بنەمایە بۆ خێراییە لە گواستنەوە و ئاسانییە لەدەربڕین و هاوکارییە لەمانەوەی ئەم دەبڕدراوانە لەبیر و هزری خەڵکی و بەردەوامییەتی لەسەر زاران.

پەندەکانی تری پێشینان، کە لە تەنها یەک دێڕ پێکهاتوون و لەڕێزی پەندەشیعرییەکاندا نین، بەشێکی زۆریان هەمان بنەمای کێش و سەروایان بەسەردا جێبەجێکراوە، ئەوکات بۆ بەخشینی بنەمای ئاوازەیی لەیەک دێڕدا، لەسەر بنەمای پارچەکردن سەرواکە دامەزرێنراوە.

سەبارەت بە پیرەمێرد و بەکارهێنانی سەروا لە پەندە شیعرییەکانیدا، نکوڵی لەوەناکرێت پیرەمێرد، یەکێکە لەڕابەرانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی و ئەو لەساڵانی (١٩٠٣-١٩٠٨) یەکەم کەس بووە، کە کێشی خۆماڵی و سەروای هەمەڕەنگی بەکارهێناوە. کەوابوو مامەڵەکردنی پەندبێژی ئەدەبی لەگەڵ ئەم هونەرە کارێکی نوێ و نامۆ نەبووە. هەموو جۆر و هونەرەکانی سەروای لەناو پەندە شیعرییەکانیدا بەکارهێناوە، بۆیە ئێمە لەسەر بنەمای چەند پۆلێنکارییەک، کە بۆ سەروا کراوە، ئەم هونەرە لەپەندە شیعرییەکانی پیرەمێرددا دەخەینەڕوو:

**یەکەم: بەپێی شوێنی ئاسۆیی وشەکانی سەروا لە نێوەدێڕ یان دێڕی پەندەشیعرییەکاندا**

- **سەروای کۆتایی لە پەندی شیعرییدا:**

ئەمجۆرە باوترین جۆری سەروایە، کە لەکۆتایی نێوەدێڕی پەندەشیعرییەکاندا دێت و بەشێکی زۆری پەندە شیعرییەکانی پێنووسراوە. ڕەنگە باویی و بڵاوی ئەمجۆرەش بۆ سەرنجڕاکێشان و هێزی ناو دەربڕینی پەندەکان بگەڕێتەوە، تا کاریگەری بەهێز لەسەر بەردەنگ دابنێت، وەک:

پارەی بەخشندە و ئاوی ناو بێژنگ
وەک پشکۆیەکە بکرێتە ناو چنگ
چروکیش دان و گیانی بکێشن
نەک دینارێکی لەدەست دەرکێشن (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٧)

لە دێڕی یەکەمدا وشەکانی (بێژنگ و چنگ) وشەی هاوسەروان و لەدەنگی (نگ)دا هاوبەشن، هەروەها لە دێڕی دووەمدا وشەکانی (بکێشن و دەرکێشن) وشەی هاوسەروان و لە مۆرفیمی (کێشن)دا هاوبەشن. لەناو ئەم چەشنەی سەروادا، بەپێی پیتی کۆتایی سەرواکان جۆرەکانی سەروا پۆلێندەکرێن وەک سەروای یەکگرتوو و سەروای مەسنەوی، یان جووت سەروا.

سەروای مەسنەوی (جووت سەروا): مەبەست لەو جۆرە سەروایەیە، کە هەر دێڕێک لە پەندەشیعرییەکەی سەروای تایبەتی خۆی هەیە و جیایە لەسەروای دێڕەکەی تری دوای خۆی، کەئەمەش سیمای تایبەتی دەقی شیعریی فۆلکلۆرییە، لەپەندەشیعرییەکانیشدا پەیڕەوکراوە. وەک:

تەماع سوێراوە و وەک ئاو دەنوێنێ
تا بیخواتەوە تینوێتی دێنێ
بۆ هەندێ سوێراو ئەبێ بەهەنگوین
تەماعکارەکان وا زۆرتر ئەژین
سەری کەر کرا بەڕەشی گاوە
لەم دنیایەدا پرسین نەماوە (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ١١٦)

لێرەدا وشەکانی سەروا بۆ هەردێڕێک بریتین لە (دەنوێنێ- دێنێ، هەنگوین- ئەژین، گاوە- نەماوە)، واتە هەر دێڕە و سەروای تایبەتی و جیاوازی خۆی هەیە و قاڵبەکەی بەم شێوەیەیە:AA,BB,CC. سەرجەم پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرد ئەمجۆرەی سەروایان تێدا جێبەجێکراوە.

- **سەروای ناوەوە لە پەندی شیعرییدا:**

ئەمجۆرە سەروایە بەجۆرێکە لەناو پەندەشیعرییەکەدا وشەکانی ناوەوە سەروایان هەیە و لەگەڵ سەروای کۆتایی یەکدەگرنەوە، واتە هەمان سەروان. جاری واش هەیە سەروای ناوەوە، بە مەبەستی بەخشینی ئاوازی ناوەوە سەروایەکی تایبەتییان هەیە، کە جیاوازە لە سەروای کۆتایی. وەک:

هەرچی لەپرێ / کە بوو بەکورێ
خۆی لێ ئەگۆڕێ / زۆر بەرز ئەفڕێ (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ١٤٤)

پەندەشیعرییەکە کراوە بۆ چوار لەتی پێنج بڕگەییەوە، هەر لەتێک سەروای خۆی هەیە وشەکانی سەروا بریتیتن لە (لەپڕێ، بەکوڕێ، ئەگۆڕێ، ئەفڕێ) هەموویان لەمۆرفیمی (ڕێ)دا هاوبەشن، سەرواکان لەگەڵ

سەروای کۆتایی و سەروای لەتەکەی دێڕی دواتر هاوسەروان، واتە لەباری ئاسۆیی و ستوونی لەنێوان لەت و نیوەدێڕەکە هاوبەشن.

پیاوی بەد زوبان / زوبانیان بڕی

بەپەڕەی قورئان / خوێنەکەی سڕی (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ١١٢)

بە هەمان شێوەیە پەندەکە کراوە بەچوار لەتی پێنج بڕگەییەوە، هەر لەتێک لەگەڵ لەتی ژێر خۆی هاوسەروایە، واتە لەباری ستوونی لەوێوە سەروای ناوەوە دروستبووە، کە جیایە لە سەروای کۆتایی نیوەدێڕی پەندەشیعرییەکە، وشەکانی سەروا بریتین لە (زوبان- قورئان، بڕی- سڕی).

نازانین بەرگەی هیچیان ناگرین

گا کلکی لێداین، ئەکەوین، ئەمرین (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ١٦٥)

لێرەدا سەروای ناوەوە لەگەڵ سەروای کۆتایی هەمان سەروایە، وشەکانی سەروا لە باری ئاسۆیی دووبارەبوونەوە لە ناوەوە، کە بریتین لە (لێداین، ئەکەوین، ئەمرین)، واتە لە نیوەی دێڕی دووەمدا سێ جار وشەی سەروا دووبارە بۆتەوە، کە لە دەنگی (ین)دا هاوبەشن.

کەوابێ نابێ هیچ کەس مەغروربێ

بە نەبوون، زەبوون، بەبوون مەسروربێ (پیرەمێردب١: ٢٠١٩، ٢٥٨)

لێرەدا سەروای ناوەوە تەنیا لە باری ئاسۆیی دووبارە بۆتەوە، لە نیوەدێڕی یەکەمدا سەروای ناوەوە هاوسەروایە لەگەڵ سەروای کۆتایی، وشەکانی سەروا بریتین لە (کەوابێ، نابێ، مەغروربێ)، بەڵام لە نیوەدێڕی دووەمدا سەروای ناوەوە جیایە لە سەروای کۆتایی، کە وشەکانی سەروا بریتین لە (نەبوون، زەبوون، بوون) هەموویان لە دووبارە بوونەوەی وشەی (بوون)دا هاوبەشن.

بەشێوەیەکی گشتی دیاردەی سەروای ناوەوە، بەچەند جۆرێکی جیاواز لەناو پەندەشیعرییەکاندا بوونی هەیە، وەک هاوسەروایی لەباری ئاسۆیی و ستوونی و سەروای کۆتایی، هاوسەروایی تەنها لەباری ستوونی و جیاواز لەسەروای کۆتایی، هاوسەروایی لەباری ئاسۆیی هاوتا لەگەڵ سەروای کۆتایی، هاوسەروایی نێوان وشەکان لەناوەوە لەباری ئاسۆیی و جیاواز لە سەروای کۆتایی، کە سەرجەمیان بەشێکی گرنگیان پێکهێناوە لە بونیادی ئاوازەیی لەناوە و لەدەرەوەی پەندەشیعرییەکاندا.

- **سەروای سەرەتا لە پەندی شیعرییدا:**

ئەمجۆرە سەروایە لەسەرەتاوە و لەیەکەم وشەی نیوەدێڕی پەندە شیعرییەکەدا دێت، وێڕای بەخشینی جوانی بەرجەستکردنی بەهایەکی ئیستاتێکی، مەبەستی سەرنجڕاکێشانی بەردەنگی تێدایە بۆ لای پەندەکە، تا بەئاسانی خۆی ڕادەستی جادووی جوانی پەندەکە بکات و لەڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە کاریگەریی گەورەی لەسەر جێدەهێڵێت.

لەو پەڕی دنیا واتـەیـێـک ئـــەکـرێ

لەم پەڕی دنیا خەڵگ گوێی لێ دەگرێ (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٥١)

ئەگەر سەرنجی ئەم پەندەشیعرییە بدەین سەرەڕای بوونی سەروای کۆتایی، کە وشەکانی (ئەکرێ_ دەگرێ) سەروای سەرەتاشی هەیە، کە بریتین لە وشەکانی (لەوپەڕی- لەم پەڕێ). جگە لەوەش لەگەڵ بوونی سەروای سەرەتا، هاوکات پاش سەرواشی هەیە، لەگەڵ سەروای سەرەتاکەدا، کە وشەی (دنیا) دووجار دووبارە بۆتەوە، کەدواتر باسی دەکەین.

**دووەم: وشەکانی سەروا: (وشەی سەروا، پاش سەروا "ڕەدیف"، پێش سەروا "حاجب")**

- **وشەی سەروا لە پەندەشیعرییەکاندا:**

مەبەست لەو وشەیەیە، کە دەنگەکانی سەروای لە کۆتاییەوە دێ ، بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە کۆتایی نێوەدێڕی، یان دێڕی پەندە شیعرییەکانەوە.

گـــەزۆ بـــە پـــەلـــکـــی بییەوە تاڵە

لەسەر دار مازوو هەنگوینی قاڵە (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ١٠٥)

مەبەست لە وشەی سەروا هەردوو وشەی (تاڵە-قاڵە)، کە خۆی وشەکان هەریەکەیان لە چوار پیت پێکهاتوون، بەڵام لە سێ دەنگدا (ا،ڵ،ە) هاوبەشن. بەمەش، لەلایەک واتایان جیاوازە و لەلایەکی تر بەهۆی هاوبەشییان لەو دەنگانە بوونە وشەی سەرواو و سەروای پەندە شیعرییەکەیان دروستکردووە و ئاوازێکی دەرەکییان بە پەندە شیعرییەکە بەخشیوە.

هەروەها لەم پەندە شیعرییەدا: کەوتـووینە دەورێ جـوان پیـری ناوێ

ئەو دەورە گوزەشت چوار ژن بۆ پیاوێ (پیرەمێردب١: ٢٠١٩، ٤٦)

لێرەشدا وشەکانی سەروا، کە لەکۆتاییەوە هاتوون بریتین لە (ناوێ- پیاوێ) لە مۆرفیمی (اوێ)دا هاوبەشن، لەواتادا جیاوازن. دەنگی هاوبەشیان هەیە و بوونە وشەی سەروادار پێکەوە بەشدارن لە بونیادی ئاوازەیی پەندە شیعرییەکەدا.

- **پاش سەروا (ڕەدیف) لە پەندەشیعرییەکاندا:**

وشەیەکی سەربەخۆیە، لە دوای وشەی سەروادار لە نێوەدێڕ، یان دێڕی پەندەشیعرییەکاندا بە هەمان فۆڕم و واتا دووبارە دەبێتەوە و جیایە لە وشەی سەروا. پێویستە وشەی سەروا لە پێشییەوە هاتبێت. مەبەست لەهێنانی وشەی پاش سەروا بۆ پێوستییەکە، کە پەندبێژی ئەدەبێ لەوێدا بە گونجاو گرنگی دەزانێت، جا ئەو پێویستییە جوانکاریی بێت، یان مەبەستی واتایی، دەشێت وشەی پاش سەروا لەدوای وشەی سەرواداری ناوەوەش بێت.

ئــەڵــێــن ســـەگـــەل ڕاوە ورچ ئەکەن

ورچ سەگی خەساند، گونیان چرچ ئەکەن (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ١٢٣)

لێرەدا وشەکانی سەروا بریتین لە (ورچ-چرچ) بەجیاوازی یەک پیت واتایان گۆڕاوە و بوونە وشەی سەروا، بەڵام وشەی پاش سەروا، کە(ئەکەن)ە، لە هەر دوو نیوەدێڕەکەدا، بە هەمان شێوە و واتا هاتووە، وەکو پێویستییەک بۆ تەواوکردنی واتا و بەخشینی بونیادێکی زیاتری ئاوازەیی.

ئەڵێن هەر عەقڵێ لە خەسارێ دێ

ئەبێ ڕاوەستین تـا بەهــارێ دێ (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٩)

لەم دێڕەیاندا وشەکانی سەروا بریتین لە (خەسارێ- بەهارێ)، وشەی پاش سەروا (دێ)یە. ئەگەر سەرنج بدەین بەلابردنی وشەی پاش سەروا واتا تێک ناچێت، بوونی پێویستییەکی واتایی نییە تەنیا هۆی هاتنی بۆ جوانکاری و بەهای ئیستاتیکی دەگەڕێتەوە.

هەندێ بەپیری ئــاخـر شەڕ ئەبن

فێری گەڕ ئەبن، ئەوسا کەڕ ئەبن (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٣٨٣)

لێرەدا پەندە شیعرییەکە سەروای ناوەوە و کۆتایی هەیە، کە وشەکانی سەروار بریتین لە (شەڕ، گەڕ، کەڕ) لەدوای هەرسێ وشە سەروادارەکەوە وشەی پاش سەروای (ئەبن) هاتووە. پاش سەروا هەردوو ئەرکی تەواوکردنی واتا و جوانکاری و بونیادی ئاوازەیی لە پەندە شیعرییەکەدا بینیوە.

- **پێش سەروا (حاجب) لە پەندەشیعرییەکاندا:**

وشەیە یان دەستەواژەیەکی سەربەخۆیە، دەکەوێتە پێش وشەی سەرواداری بنەڕەتی لەناو نیوەدێڕی پەندەشعرییەکە و بەهەمان فۆڕم و واتا دووبارە دەبێتەوە. مەبەستیش لە هێنانی پێش سەروا وێڕای بەخشینی بەهای ئیستاتیکی، پەندبێژ مەبەستێکی تری هەیە، کە ئەویش جەختکردنەوە و سەرنج ڕاکێشانی بەردەنگە. دەشێت وشەی پێش سەروا لەپێش وشەی سەرواداری ناوەوەش بێت، لە پەندە شیعرییەکەدا.

گەڕەکی خواروو یۆنان بۆی دەرچوو

گەڕەکی ژووروو قـەوامــی تێکچوو (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ١٨٧)

ئەم پەندەشیعرییە، دووجۆر سەروای هەیە لە یەککاتدا، ئەویش سەروای سەرەتا لە وشەکانی (خواروو- ژووروو)، هەروەها سەروای کۆتایی لە وشەکانی (دەرچوو- تێکچوو). هاوکات، لەڕووی ئاسۆیی و ستوونییەوە، وشەکان هاوسەروان، سەروای ناوەوەش دروستبووە. سەرەڕای ئەوەش، وشەکانی سەروای سەرەتا، وشەی پێش سەروایان هەیە، کە بریتییە لە وشەی (گەڕەکی) بەهەمان شێوە و واتا لە پێشی وشە سەروادارەکان دووبارە بۆتەوە. لەڕووی بونیادی ئاوازەییەوە یەکێکە لە پەندەشیعرییە سەرنج ڕاکێشەکان، کە چۆن پەندبێژ توانیویەتی لەچوار لەتی دێڕە شیعرێک ئەم هەموو هونەرە ئاوازەییە بونیادبنێت.

ئـــەم دنیــایە وا بۆی بەچڵ و چۆین

بەڕووتی هاتوین، بەڕووتی دەڕۆین (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٣٩٣)

پەندەشیعرییەکە سەروای ناوەوەی هەیە، لەباری ئاسۆیی، کە وشەکانی سەروا بریتین لە (هاتوین-دەڕۆین)، لەپێش ئەم وشە سەروادارانەوە وشەی (بەڕووتی)، وەک پێش سەروا بەهەمان شێوە و واتاوە هاتووە و دووبارە بۆتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی پەندبێژ تەواوی کارامەیی و لێزانی خۆی لە بونیادی پەندەشیعرییەکاندا بەکارهێناوە، لەڕووی کێشەوە سەرجەمی پەندەشیعرییەکان بەکێشی دە بڕگەیی (٥+٥) هۆنیوەتەوە. ئەگەرچی ئەم کێشە لەپەندەکانی تریشدا بوونی هەیە، بەڵام پەندبێژ توانیویەتی لەتەواوی دارشتنەوە و نووسینی پەندەکانی بەیەک جۆر کێشەوە پابەندبێت. لەڕووی بەکارهێنانی سەرواوە پەندبێژ لەپێناو هێنانەدی بونیادێکی ئاوازەیی جوان، هەوڵی زۆری داوە و وردەکاری و سەلیقەی وردی خۆی لەم بوارەدا بەکارهێناوە. ئەگەرچی تەواوی پەندەکانی بەجووت سەروا نووسیوە، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا چەندێن جۆری تری سەروای بەکارهێناوە وەک سەروای ناوەوە، سەرەتا، پێش سەروا، پاش سەروا. دیسان جەخت لەوە دەکەینەوە ئەم هونەری بەکارهێنانی سەروایە، لەدەرەوە پەندەشیعرییەکانیش بوونی هەیە، مەرج نییە تەنها لەپەندە شیعریەکاندا بێت، وەک: (ئاوێنەی بێگەرد+ ئەترسێ لەبەرد، یان پێی بدەی پیازێ+ دووان دووان دەخوازێ، یان خەرێکی ڕیشی+ جێماوی ئیشی)، سەرجەمیان لەسەر کێشی (٥+٥) و لەسەر بنەمای لەت سەروایان هەیە، هەروەها لەپەندی (ئەگەر بەدوعا ئەبوو، پشقل بە خورما ئەبوو). جگە لەسەروا دەبینی لەسەر بنەمای هەر لەتێک وشەی پاش سەرواش هەیە، کەوابوو پێویستە ئەوە ڕەچاوبکەین، کە پەندەکانی تر، کە پەندی شیعریی نین. نابێت نادیدەیان بگرین لەڕووی بونیادی ئاوازەییەوە، واتە ئەوەی مەبەستمانە ئەوەیە نابێت تەنها ئاواز قۆرغ بکەین بۆ پەندە شیعرییەکان.

**دووەم: ئاوازی ناوەوە لە پەندەشیعرییەکاندا:**

پایەیەکی تری گرنگ لەبونیادی ئاوازەیی پەندە شیعرییەکان، ئاوازی ناوەوە پەندەکانە، کە جگە لە جوانی و بەخشینی مۆسیقا بەشیعرەکە و چێژ بەبەردەنگ، یان خوێنەر، بەخێرایی و ڕێکخراویی، بیر و مەبەستی پەندبێژی ئەدەبی و ناوەڕۆکی پەندەکە دەگوێزێتەوە. پەندەکە لەڕووی دارشتنەوە تۆکمەتر دەکات، خۆشی و چێژی زیاتر بەبەردەنگ دەبەخشێت لەکاتی بیستندا.

ئاوازی ناوەوە "تا ڕاددەیەک ئاوازێکی شاراوە و نادیارە، لە ئەنجامی کاری هەڵبژاردن و گەڕان بەدوای وشەی ئاوازەدار و دەنگی جوڵەیی و مۆزیکی ئەو وشانەدایە، کە لە دووبارەکردنەوەی دەنگی فۆنیمەکان دێتەکایەوە" (کاکی: ٢٠١٢، ١٢٧). لەڕەوانبێژی کۆندا ئەم هونەرە زیاتر لەژێر چەتری بابەتی جوانکاریدا خۆی دەبینییەوە، کە ئەویش دەبووە دووبەش: جوانکاری وشەیی وەک: ڕەگەزدۆزی، وەرگرتن،

تێکهەڵکێش، دووبارەکردنەوە، ڕەنگا و ڕەنگ،...هتد، هەروەها جوانکاری واتایی وەک: دژیەک، پێچە و پەخشە، جوانی بایس،...هتد بەڵام لەلێکۆڵینەوەی نوێدا دەچێتە ژێر چەتری لادانەوە. ئاوازی ناوەوە لەپەندەشیعرییەکاندا لەلایەن پەندبێژی ئەدەبییەوە بایەخی زۆری پێدراوە، ئێمە تەنیا بابەتەکانی (دووبارەکردنەوە، ڕەگەزدۆزی، دژیەک) لەپەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا دەخەینەڕوو.

### ١-دووبارەکردنەوە:

یەکێکە لە بنەما هونەرییە گرنگەکانی بونیادی ئاوازەیی ناوەوەی دەق، "دووبارەبوونەوە پەیوەندییەکی بەتین و بەناویەکداچووی بە لایەنی جوانی و ئیستاتیکای دەنگ و وشە و دەستەواژە و ڕستەکان هەیە، ئەم شێوازە دەربڕینە کار لەهەست و سۆز و لایەنی دەروونی دەکات و پێگەی زمانیش لەم نێوەندەدا بەرز ڕادەگیرێ و دەبێتە هۆکارێک تا لەزمانە سادەکە دوورکەوێتەوە و توانای نووسەر بۆ یاریکردن بەوشە و دەستەواژە لە زماندا بەدەر دەخات، لە ڕوویەکی دیکەش هەموو واتا شاراوەکانی ئەو دووبارەبووانە بە دیوێکی تر لای وەرگر نیشاندەدات" (خۆشناو، ٢٠١٠، ٨٥). سەرەڕای ئەوە ئەم هونەرە لە بونیادی هەردەقێکدا هەبێت، دەبێتە هۆی بەخشینی شیعرییەت بەو دەقە، چونکە "دووبارەبوونەوە لە بنچینەدا هاوشێوەبوونی پێکهاتەی وشە و ڕستە و دەربڕینەکانە و ڕەنگدانەوەی ماکی داهێنانی هونەرییە لە دواجاردا خۆی لە چوارچێوەی زاراوەیەک دەبینێتەوە ئەویش زاراوەی شیعرییەتە" (خۆشناو، ٢٠١٠، ٩٠). بەهۆی ڕەنگدانەوەی ئەم بنەما هونەرییە لە پەندەشیعرییەکاندا، دووبارەکردنەوە لەسەر هەرسێ ئاستی (دەنگ، وشە، دەستەواژە و ڕستە) لە پەندەشیعرییەکانی پیرمێرددا دەخەینە ڕوو.

- **دووبارەکردنەوەی دەنگ لە پەندەشیعرییەکاندا**

بریتییە لە دووبارە کردنەوەی دەنگێک، یان دوو دەنگ و زیاتر لە سنووری وشەیەک، نێوەدێڕێک، یان دێڕێک و زیاتر لە پەندەشیعرییەکاندا، کە پەندبێژ بەمەبەستی جوانی و بەخشینی بەهای ئیستاتیکی بە پەندەکە و گەیاندنی چێژێک بە بەردەنگ بەکاریهێناوە، لەبونیادی پەندە شیعرییەکاندا.

بە فـەند و فێـڵی فـەننی وا فێرن

بە شوێنی بەرزا جۆ هەڵدەگێڕن (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٦٩)

لەم پەندە شیعرییەدا تەنیا لەنێوەدێڕی یەکەمدا چوار جار دەنگی (ف) و چوارجار دەنگی (ن) دووبارە بۆتەوە، لەبینیندا جوانکاری و لەبیستندا ئاوازێکی دڵنشینی بەپەندەکە بەخشیوە.

پیشەی گەردشی ئاسمانی شینە

لەلایێ شـایی لە شـوێنێ شینە (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٤٩)

لەم پەندەشیعرییەدا شەش جار دەنگی (ش) و نۆجار دەنگی (ی) و شەش جار دەنگی (ە) دووبارە بۆتەوە. سەرەڕای بەخشینی جوانکاری و ئاوازێکی دڵنشین، هاوکات جارێکی تر بونیادی ئاوازەیی پەندەکەی دەوڵەمەندکردووە.

دووبارکردنەوەی دوو دەنگ:   بۆ کوڕ ئەچووینە سەر بابە گوڕ گوڕ

گـرگـر وەرگـەڕا لێـمان بـوو بەگڕ (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٤٩)

لەم پەندەدا هەردوو دەنگی (ڕ) حەوت جار و دەنگی (گ) شەش جار دووبارە کراونەوە، سێ جار بەیەکەوە هاتوون و هیچ دەنگێکی تر لەنێوانیاندا نییە، دەنگی (گڕ) دووبارە بۆتەوە بە واتای جیاواز، سێ جاریش دەنگێکی بزوێن کەوتۆتە نێوانیان و بەشێوەی (گوڕ، گوڕ، گەڕ) هاتووە. تێکڕا بوونە بەشێکی گرنگ لە بونیادێکی ئاوازەیی سەرنج ڕاکێش و دڵنشین، چاوەکان پەیوەست بەبینینی چێژ بەخش و گوێ ڕاکێشی بیستنی ئاوازەدار دەکەن.

نێـرگـەلـەی تـووتنی عـەجـەم ئەکێشم

دووکێش و هووکێش خوێشی دەروێشم (پیرەمێردب١: ٢٠١٩، ٥٧)

لێرەدا هەردوو جووتە دەنگی (ێش) پێنج جار دووبارە بۆتەوە. سەرەڕای ئەوە لەسەر هەردوو وشەی (دووکێش و خووکێش) سەروای ناوەوەیشی دروستکردووە و ئەوەندەی تر بونیادە ئاوازەییەکەی ڕازاندۆتەوە، بەهایەکی ئیستاتیکی جوانی بە پەندەشیعرییەکە بەخشیوە.

دووبارکردنەوەی سێ دەنگ:  بەدخوو بەچاکەی چاکان چاک نابێ

خـوا وای کـردووە هــەردەبێ وابێ (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٢٥)

لێرەدا ژمارەی دەنگە دووبارەبووەکان بووە بەسێ دەنگ، کە دەنگی (چ، ا، ک)پێکەوە هاتوون و سێ جاردووبارە بوونەوە.

ئەیلوول هات گوڵزار ئای لوول و مەلوول

گــەڵاڕێــزانــە و تــۆز و گــەردەلوول (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٦٧)

لەم پەندەدا ژمارەی دەنگەکان سێ دەنگن (ل، وو، ل) چوار جار دووباربوونەوە، هەرجارەی چوونە سەر وشەیەک و واتایەکی نوێیان دروستکردووە، وەک وشەکانی (ئەیلوول، ئای لوول، مەلوول، گەردەلوول).

- **دووبارە کردنەوەی وشە لە پەندەشیعرییەکاندا:**

بریتییە لە دووبارەکردنەوەی وشەیەک، یان زیاتر، لەناو نیوەدێڕ، یان دێڕێکی پەندەشیعرییەکان. پێویستە بەکارهێنانی وشەکە لەجارێک زیاتربێت، پەندبێژ لەم دووبارەکردنەوەی وشەیە وێڕای بەهای ئیستاتێکی مەبەستی واتایشی لەپشتەوە بۆیە پەنای بۆ دەبات، تا ڕوونتر و وردتر ئامانجەکەی بپێکێت.

سەرەتات خاکە و دواڕۆژیشت خاک

کــەواتــە خاک بە، بــەدڵێــکــی پاک (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٢٢)

لێرەدا سێ جار وشەی (خاک) دووبارە بۆتەوە، جارێک بەهەمان واتا و جارێکی تریش بە واتایەکی جیاواز، وێڕای بەخشینی جوانکاری بونیادی ئاوازەیی مەبەستی واتاییشی لەپشتەوەیە.

ئەم زەمانە ڕاست ڕووی پیاو ڕەش ئەکا

پیاوەتی پیاوی پیاو بێ بەش ئەکا (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٦٩)

لەم پەندە شیعرییەدا چوار جار وشەی (پیاو)، کە سێ جاریان بە واتای جیاواز بەهۆی پاشگر و شوێنی بەکارهێنانییەوە واتاکەی گۆڕاوە، لەیەککاتدا بە مەبەستی جوانکاری و بەشداریکردن لە بونیادی ئاوازەیی و ئامانجی واتایشی لە پشتەوەیە، پێکەوە ئاوازێکی دڵنشین بە گوێگر دەبەخشن.

- **دووبارە کردنەوەی گرێ و دەستەواژە لە پەندەشیعرییەکاندا:**

بریتییە لە دووبارە کردنەوەی گرێ و دەستەواژە لە ناو نیوەدێڕ، یان دێڕێک و زیاتر لە پەندەشیعرییەکاندا. پەندبێژ لەم کارەیدا وێڕای بەخشینی بەهای ئیستاتیکی، مەبەستی واتایشی لەپشتەوەیە، بۆیە پەنای بۆ دەبات.

جەژنێکمان ڕۆیی جەژنێکمان ماوە

هەر لای خوا ماوە، ماوەی بێ ماوە (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٦٣)

لێرەدا دەستەواژەی (جەژنێکمان، هەر لای خوا ماوە، ماوەی بێ ماوە) لەسێ فۆڕمی داڕێژرۆادا، کە (ماوە)تێیدا بەشدارە دووبارە بۆتەوە.

هەندێکیش دەیویست دەستەی خۆی زۆر کا

بەدەستە، بێ دەست، بەی دەست کا و زۆرکا (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ١٠٢)

لێرەدا دەستەواژەی (بەدەستە، بێ دەست، بەی دەست) سێ جار و لەسێ دەستەواژەی نزیک لەیەک، کە (دەست) تێیدا بەشدارە دووبارە بۆتەوە. لەهەردوو پەندە شیعرییەکەدا جەختکردنەوە لەمەبەستی پەندبێژ و بەخشینی ئاوازی ناوەکییە بەپەندە شیعرییەکە.

- **دووبارەکردنەوەی ڕستەیی لە پەندەشیعرییەکاندا:**

بریتییە لە دووبارەکردنەوەی ڕستەیەکی تەواو لەپەندێکی شیعرییدا، جا دەگونجێت ئەم دووبارەکردنەوەیە تەنیا لەیەک دێڕی پەندەشیعرییەکەدا ڕووبدات، یان لە چەندێڕێک زیاتردا، پەندبێژ سەرەڕای بەخشینی بەهای ئیستاتیکی مەبەستی جەختکردنەوە و گەیاندنی واتایە لەکارەکەیدا.

پەندی پێشینان کە بێ مەعنایە

هەمبێ بەهایە، هەم بێ بەهایە (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ٢٤٥)

لێرەدا ڕستەی (هەم بێ بەهایە) دووجار دووبارەبۆتەوە لە نیوەدێڕی دووەمی پەندە شیعرییەکەدا، بەڵام واتایان جیاوازە و تەنها لەڕێگای هێزی دەربڕین و شێوازی وتنەوە هەست بە جیاوازی واتاکەیان دەکەیت، یان بەوردبوونەوە لە ڕێنووسی ڕستەکە.

ئەوەی لەسەر کار پیاوی دانابێ

ئــەبێ سەرکاری پیاوی دانابێ (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ٨٥)

لەم پەندەشیعرییەشەدا ڕستەی (پیاوی دانابێ) دووجار هاتووە. وێڕای مەبەستی واتایی، لە لایەک بەشداری کردووە لەدروستکردنی سەروا بە وشەی (پیاوی)، دواتر بوونی وشەی پاش سەروا (دانابێ)، ڕستەکان شێوەیان یەک و واتایان جیاوازە، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە بەخشینی تایبەتمەندی ئاوازەیی بە دەقی پەندە شیعرییەکە.

هونەری دووبارەکردنەوە و تێکەڵکردنی لەگەڵ بابەتی سەرواو و کێش تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوە لە پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرددا، کە زۆر شارەزایانە و لیهاتووانە ئەم کارامەییەی خۆی بەگەڕ خستووە لە بونیادی ئاوازەیی پەندەشیعرییەکاندا.

**٢-ڕەگەزدۆزی لە پەندەشیعرییەکاندا:**

ئەم هونەرە لە سەرچاوە کۆنەکانی ڕەوانبێژی وەک هونەرێکی جوانکاری لەبنیادی دەقە ئەدەبییەکاندا دەستنیشانکراوە. لە سەرچاوە نوێیەکانیش ئەرکەکەی زیاتر لە بەخشینی ئاوازی ناوەوەی دەقدا چڕکراوەتەوە، وێڕای بایەخە واتاییەکەی، ئەوەی جیایدەکاتەوە لە هونەری دووبارەکردنەوە لایەنە واتاییەکەیەتی، چونکە لەڕەگەزدۆزیدا وشە دووبارەبووەکان لە شێوەدا وەک یەکن و لەواتادا جیاوازن، واتە ڕەگەزدۆزی لەیەککاتدا شێوە و واتا پێکەوە گرێدەدات. بەشێوەیەکی گشتی پۆلێندەکرێت بۆ دووجۆر، کە ئەمانەن.

**أ-ڕەگەزدۆزی تەواو:** بریتییە لە بوونی دوو وشە، یان زیاتر لەناو نیوەدێڕ، یان دێڕێکی پەندە شیعرییەکاندا مەرجە دوو وشەکە لە ژمارە، شێوە، جۆر و ڕیزبوونی پیتەکاندا وەک یەکبن، لەواتادا جیاوازبن. بەمەش ڕەگەزدۆزی تەواو لەپەندەشیعرییەکاندا دروست دەبێت.

با کەسداریش بی و کاکیش لەتەکا

کـە کـەوتیە تـکـا، ئـابـڕووت تـکـا (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ١٣)

لەم پەندە شیعرییەدا وشەی (تکا) دووجار هاتووە، لەشێوەدا وەک یەک و واتایان جیاواز، بەمشێوەیە:

تکا: پاڕانەوە تکا: دڵۆپەکردن و کەوتنەسەرزەوی

**ب-ڕەگەزدۆزی ناتەواو:** بریتییە لە بوونی دوو وشە یان زیاتر لەناو نیوەدێڕ، یان دێڕێکی پەندەشیعرییەکاندا. بەلەدەستدانی یەکێک لەبنەماکانی ڕەگەزدۆزی تەواو دروست دەبێت واتە دوو وشە دەشێت لە ژمارە، شێوە، جۆر و ڕیزبوونی پیتەکاندا تەنها یەکێکیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت و بوونی نەبێت. بەمەش ڕەگەزدۆزی ناتەواو لەپەندە شیعرییەکاندا دروست دەبێت. کە لەسەر جیاوازی لەبنەماکانیدا چەند جۆرێک ڕەگەزدۆزی ناتەواو دیاریدەکرێت، وەک: پێچەوانەیی، جودا، زیاد، کەرتی، هاوکێشی و ڕەها...هتد.

**پ–ڕەگەزدۆزی ناتەواوی پێچەوانەیی:** بریتییە لە بوونی دوو وشە لەناو پەندە شیعرییەکاندا، کە ژمارە و جۆری پیتەکانیان وەک یەک بێت، بەڵام لەڕووی ڕیزبوونی پیتەکانەوە وشەی دووەم پێچەوانەی وشەی یەکەم پیتەکانی ڕێزکرابێتەوە لەناو پەندە شیعرییەکەدا.

کە لیمەی (ا ق ب ا ل) پەندێکی تیایە

وەری گێڕیەوە خۆی (ل ا ب ق ا) یە (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ٢٩٤)

وشەکانی ڕەگەزدۆزی بریتین لە (اقبال) و (لابقا) لەڕووی ژمارە و پیتەوە وەک یەکن تەنها وشەی دووەم هەڵگەڕاوەی وشەی یەکەمە لەڕووی ڕیزبوونی پیتەکانەوە. بەمەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی پێچەوانە دروستبووە.

ئەوەیش کە (مەرد)ە (درەم) ئەبەخشێ

(کەرەم) کارێکە، بە (مەرگ) نالەخشێ (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ٣١٤)

وشەکانی ڕەگەزدۆزی بریتین لە (مەرد) و (درەم) لەڕووی ژمارەی پیتەوە وەک یەکن تەنها وشەی دووەم هەڵگەڕاوەی وشەی یەکەمە لەڕووی ڕیزبوونی پیتەکانەوە. بەمەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی پێچەوانە دروستبووە. ئەگەرچی پەندبێژ هەوڵیداوە لە هەردوو وشەی (کەرەم) و (مەرگ)یش هەمان هونەر بنوێنی، بەڵام لێرەدا دەنگی (ک) گۆڕاوە بۆ (گ).

**ت–ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا:** بریتییە لە بوونی دوو وشە لەناو پەندە شیعرییەکەدا، کە ژمارە و شێوەی ڕیزبوون و بەدوای یەکدا هاتنیانیان وەک یەکتربێت، بەڵام یەکێک لەپیتەکانی وشەی دووەم لەپیتەکانی وشەی یەکەم جیاوازبێت.

بـارانی نیســان ڕەحمەتی ڕەحمان

نوقتەی زەحمەتی کڕاند لەسەرمان (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٣١١)

وشەی ڕگەزدۆزی لەنێوان وشەی (ڕەحمەت) و (زەحمەت) دایە، بۆیە ڕەگەز دۆزی ناتەواوی جودایە، چونکە لەوشەی دووەمدا پیتی (ڕ)ی سەرەتا گۆڕاوە بۆ (ز).

ناز پەروەر قۆڵی زوو ئەبێ جەمام

سەرما قنگی کـەر ئـەکا بەحەمام (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ١٠)

وشەی ڕەگەزدۆزی لەنێوان وشەی (جەمام) و (حەمام)دایە، بۆیە ڕەگەز دۆزی ناتەواوی جودایە، چونکە لەوشەی دووەمدا پیتی (ج)ی سەرەتا گۆڕاوە بۆ (ح)، هاوکات هەردوو وشەکە بوونە وشەی سەروادار و سەروای پەندە شیعرەکەشیان داڕشتووە.

خەڵکەکە وتیــان: ئەمە گامێشە

ئەوی تر لە (گا) ناکا گوومێشە (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ٣١٠)

وشەی ڕەگەزدۆزی لەنێوان وشەی (گامێشە) و (گوومێشە)دایە، بۆیە ڕەگەز دۆزی ناتەواوی جودایە، چونکە لەوشەی دووەمدا پیتی (ا) گۆڕاوە بۆ (وو)، هاوکات بوونە وشەی سەروای پەندە شیعرییەکە، جیاوازی لەگەڵ نموونەکانی پێشوو لەوەدایە پیتە جیاوازەکە لەناوەڕاستی وشەکەوە گۆڕاوە، نەک سەرەتای وشەکە.

چ-**ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد**: بریتییە لە بوونی دووشە لە ناو پەندە شیعرییەکەدا، کە جۆر و شێوەی ڕیزبوونی پیتەکانیان وەک یەک بێت، بەڵام ژمارەی پیتەکانیان وەک یەک نەبێت و وشەیەکیان پیتێک، یان زیاتری لەوشەکەی تر زیادبێت.

ئەو کەسەی کە سەنگ لەخەڵک ئەگۆڕێ

سینگی نایە گۆڕ، سەنگی ئەگۆڕێ (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ٣٨)

وشەی ڕەگەزدۆزی لەنێوان وشەی (سەنگ) و (سەنگی) دایە، بۆیە ڕەگەز دۆزی ناتەواوی زیادە، چونکە لەوشەی دووەمدا پێتی (ی)لەکۆتاییەوە زیادی کردووە، وشەکە بووە بەوشەیەکی واتایی.

چ-**ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێش:** بریتییە لە بوونی دوو وشە لە ناو پەندە شیعرییەکاندا ئەگەرچی زۆربەی پیتەکانیان لە یەکتری جیاوازبێت، بەڵام هەردووکیان لەسەر یەک کێش دەبن.

ئاگر کە چێشتت بۆ ئەکوڵێنێ

خۆت نەپارێزێ دەست ئەسووتێنێ (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ٢٦٨)

وشەی ڕەگەزدۆی لەنێوان وشەی (ئەکوڵێنێ) و ( ئەسووتێنێ)دایە. ئەگەرچی لەڕووی جۆری پیتەکانەوە جیاوازی نێوانیان سێ پیتە، بەڵام هەردوو وشەکە لەسەر یەک کێشن و پێکهاتوون لە چوار بڕگە. بەمەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی دروستبووە.

ح-**ڕەگەزدۆزی ناتەواوی ڕەها**: بریتییە لە بوونی دوو وشە لەناو پەندەشیعرییەکەدا، کە هەردووکیان لە شێوە و جۆر و ڕیزبوون و تەنانەت لەوانەیە لە ژمارەی پیتەکانیش جیاوازبن، بەڵام ئەوەیە سەرچاوەی هەردوو وشە بەکارهاتووەکە یەکە.

کا هێند گران بوو ئەچمە ئاسمان

کاکێشی ئەکەم لەڕێی کاکەشان (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ١١٤)

لێرەدا وشەی ڕەگەزدۆزی لە هەردوو وشەی (کاکێشی) و (کاکەشان)دایە، کە سەرچاوەی هەردوو وشەکە چاوگی (کاکێشان)ە، کە لێرەدا بەدوو واتای جیاواز بەکارهاتوون.

پەندبێژ لەبەکارهێنانی ڕەگەزدۆزیدا ئەوپەڕی وردەکاری و کارامەیی خۆی خستۆتەگەڕ، لەپێناو دەرخستنی توانای خۆی لەلایەک، بونیادی ئاوازەیی ناوەوەی دەقی پەندەشیعرییەکان لەلایەکی تر. بەمەبەستی گەیاندنی چێژ بە بەردەنگ، دابینکردنی پارێزبەندیی مانەوە و بەردەوامی بۆ پەندەشیعرییەکانی خۆی، تا هەمیشە لەسەر زاران و لەبیر و هزردا بزرینگێتەوە.

### ٣-دژیەک لە پەندەشیعرییەکاندا:

بریتییە لەبوونی دوو وشەی دژ و پێچەوانەی یەکتر لەڕووی واتاوە لەناو نیوەدێڕ، یان دێڕێکی پەندە شیعرییەکاندا. ئەگەرچی ئەمە هەر تایبەت نییە بەپەندی شیعریی و لەپەندەکانی تریشدا بوونیان هەیە، چونکە بنەمای کارکردنی پەندەکان لەسەر سڕینەوە و نەرێکردنی ڕەفتاری نەشیاو و پێچەوانەکردنەوەی لایەنی نەرێنییە بۆ ئەرێنی. لەڕووی بایەخی ئەم هونەرە لە بونیادی ئاوازی ناوەوە، ئەوا بەجۆرێکە، کە "دژیەک ڕۆڵێکی کارا و بەرچاوی هەیە بۆ پێکەوە لکاندنێکی ڕاستەوخۆ لەنێوان هەر دوو وشە دژ واتایەکە، کە ئەمەش لەلایەن خۆیانەوە چڕبوونەوەیەک دروست دەکەن و ڕەنگدانەوەیان لەسەر مۆسیقاکە هەیە" (ئەحمەد: ٢٠١٣، ٢٥٦). ئەم هونەرە لەسەر بنەمای دەنگ و واتا و سەرنجڕاکێشانی بەردەنگ جووڵەیەکی ئاوازەیی لەناوەوەی دەقدا دروست دەکات هاوکات، بەردەنگی پەندە شیعرییەکان پەلکێشی دوای خۆیدەکات و وێڵیی لێکدانەوەی واتا و چێژی بیستن ئاوێتەی یەک دەبن. بەمەش پەندبێژ لە گەیاندنی مەبەستەکەیدا سەرکەوتوو دەبێت.

بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر دژیەک لەناو دەقی ئەدەبیدا دیاریکراوە، ئەوانیش:

**أ-دژیەکی فەرهەنگی:** بریتییە لە بوونی دوو وشەی دژ و پێچەوانەی یەکتری لەناو نیوەدێڕ، یان دێڕێکی پەندەشیعرییەکان، یان هەر پەندێکی ئاسایی. ئەم وشانە لەبنچینەوە دژ و پێچەوانەی یەکترن، خۆیان پەیوەندییەکی سروشتی دژیەکییان هەیە، وەک: ڕەش و سپی، گەورە و بچووک، سارد و گەرم،....هتد.

دەستی <u>دۆست</u> ماچکە و لەزێڕی بگرە

دەستی <u>دوژمنیش</u> ماری پێبگرە (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ١٣)

لەم پەندی شیعرییەدا هەردوو وشەی (دۆست) و (دوژمن) لەبەرانبەر یەکتریدا هاتوون، وشەکان لەبنەڕەتدا و دژیەکی فەرهەنگین و پەندبێژ بۆ مەبەستی جوانکاری واتایی و وشەیی بەکاری هێناون.

<u>شەیتان</u> لای <u>ڕاست</u> و <u>نەفسیش</u> لەلای <u>چەپ</u>

بۆ مەشکە ژەنیێ بوون بە لۆرە لەپ (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٢٣)

لێرەدا چوار وشەی دژیەکی فەرهەنگی هاتووە، هەردوو وشە و بەرانبەر بەیەک ئەوانیش وشەی (شەیتان-نەفس) و (ڕاست-چەپ). بەمەش پەندبێژ سەلیقە و لێزانی خۆی بەکارهێناوە لەپێدانی جوانکاری واتایی و وشەیی لەناوەوەی پەندەشیعرییەکەدا.

**ب-دژیەکی نافەرهەنگی**: بریتییە لەبوونی دو وشەی دژ و پێچەوانەی یەکتری لەناو نێوە دێڕ، یان دێڕێکی پەندە شیعرییەکان، یان هەر پەندێکی ئاسایی، کە ئەم دژیەکییە بەهۆی ئامرازەکانی نەرێکردنی وەک: (نا، نە، نی، مە)، یان بەهۆی پێشگرەوە دروست دەبن، واتە وشەکان لەناو فەرهەنگدا و لەبنچینەوە دژی یەکتری نین.

پاک هەڵدەخزێ و هەڵدەستێتەوە

نــاپاک نەیشکەوێ نا حەوێتەوە (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ٢٩٢)

لێرەدا هەردوو وشەی (پاک_ ناپاک)، وەکو دژیەک بەکار هاتوون، وشەکان لەبنەڕەتدا واتاکانیان دژ و پێچەوانەی یەکتری نییە، بەڵکو بەهۆی یەکێک لە ئامرازەکانی (نەرێ)کردنەوە کراوەتە دژ و پێچەوانەی وشە بنەڕەتییە. بەمەش دژیەکی نافەرهەنگی دروستبووە.

پەندبێژ لە بونیادی ئاوازی ناوەوەی پەندەشیعرییەکاندا، لەڕێگای پابەندی بەیەک جۆر کێش، بەکارهێنانی چەندین جۆر سەروای سەرەتا، کۆتایی، ناوەند و هەروەها بەکارهێنانی پاش سەروا و پێش سەروا بۆ ئاوازی دەرەوە، هەروەها سوود وەرگرتن لە هونەری دووبارەکردنەوەی دەنگ، وشە، گرێ و ڕستە و هونەرکانی ڕەگەزدۆزی و دژیەک بۆ ئاوازی ناوەوە، ئەوپەڕی وردەکاری و لێهاتوویی خۆی تێدا بەکارهێناون. بەمەش وێڕای بەخشینی ئاوازێکی ناوازە و بەخشینی جوانییەک بەدەقی پەندە شیعرییەکان، هاوکات چێژێکی زۆری بەخشیوە بەخوێنەر و بەردەنگ، چ بە بینینی دەقەکان یاخود بەبیستنی مرۆڤ دڵی دەکرێتەوە بە ئاوازی دڵڕفێن و دڵنشینی پەندەکان. لەهەمان دەمدا بەم ئاوازە ناوازەیە، پاریزبەندییەکی هەمیشەیی بۆ پەندەشیعرییەکان دەستەبەرکردووە، بۆ مانەوە و گواستنەوە و بڵاو بوونەوەی بەردەوام چێژ دەبەخشێت، جوانی پەخش دەکات، ناوەڕۆکەکەشی دەبێتە ڕەچەتەی ئامادەکراو و کلیلی چارەسەری گرفت و دۆخە هاوشێوەکان.

## پاری سێیەم: بونیادی هونەریی وێنەی کاریکاتێری لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا

### یەکەم: وێنەی هونەریی لە دەقی ئەدەبیدا

وێنەی هونەریی وەک ڕەگەزێکی سەرەکی لەتەک زمان، فەرهەنگ، ڕیتم و ئاوازدا لە بونیادی دەقی شیعرییدا بەشدارە، پەندە شیعرییەکانیش، کە لە ڕووی بنیادەوە هەمان بونیادی دەقی شیعرییان هەیە، وێنە بەشێکی گرنگ و ڕەگەزێکی بنچینەییە لە پێکهاتنەکەیدا، کە وێڕای بەها ئیستاتیکییەکەی ئەرکی ڕەخنەگرتن و پەیامی چاکسازی خۆی دەگەیەنێت و کاریگەری گەورەی لە ناوکۆمەڵدا هەیە.

وێنەی هونەریی کە لەبنەڕەتدا "وێنەیەکە بە وشە نەخشێنراوە" (لویس: ١٩٨٢، ١٥٠)، واتە وەک ئەو گوزارشتە باوەی لەم بارەوە، کە جیاوازی وێنەی هونەریی ناو دەقی ئەدەبی و وێنەیەکی کێشراوی سەر تابلۆیەک لەوەدا دەبینێتەوە، یەکەمیان بە وشە و دووەمیان بە فڵچە کێشراوە. کاریگەرترینی ئەو وێنانەش ئەوانەن، کە خەیاڵ تیایاندا زاڵە، چونکە "وێنەی خەیاڵی لە شیعردا جوانی و سەرنج ڕاکێشانێکی کاریگەر دەخوڵقێنێت، کە زۆر جار لەوێنە ڕاستەقینەکە کاریگەرتر و هەستپێکراو تردەبێت، لێرەدا ئەم وێنەیە هەم بیرۆکەکە دەوڵەمەند دەکات... هەم خوێنەر و وەرگریش دەجوڵێنێت و دەیباتە نێو کەشێکی خەیاڵی جوان" (ئەسوەد: ٢٠١٥، ٤٠٧). ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لەوێنەی هونەرییدا "ئەندێشە هەڵدەستێت بەکرداری

شیکردنەوە و پێکەوەنان، دەڕوخێنێت و بونیادیش دەنێت، پەیوەندییە کۆنەکان دەڕوخێنێت و پەیوەندییە نوێکان بنیاد دەنێت و وێنەیەکی نوێ و جیاواز لەوەی باوە دەخوڵقێنێت"(کەریم: ٢٠١٢، ٤٦). دوای کۆبوونەوە و کەڵەکەبوونی چەندین وێنەی هەمەچەشن و جۆراو جۆر لە ئاوەزی شاعیر و پەندبێژ، دواتر سەرلەنوێ داڕشتنەوە و دەربڕینیان لە شێوە و بیری نوێدا، چونکە "شاعیر لە ئەقڵی ناوەکیدا چەندین وێنە تۆماردەکات و هەڵیاندەگرێت، کە بەبیر و زەینیدا گوزەریانکردووە، لەکاتی پێویستدا دێنەوە یادی، دوای ئەوەی، کە وێنا تایبەتییەکانی خۆی دەخاتە سەریان" (الونداوي: ٢٠٠٢، ١٢١). هەر لەبەر ئەوەشە، کە وێنەی شیعری وێنەی دەقاودەقی واقیع نییە وەک ئەوەی، کە هەیە، بەڵکو "ئەندێشەی شاعیر بەجۆرێک ئاوێتەی دیمەنە گیراوەکە دەبێت، کە لە دووبارەکردنەوەی واقیع دووری دەخاتەوە و واقیعێکی داهێنراومان بۆ پێکدەهێنێت" (کەریم: ٢٠١٢، ٣٥). ئەم تایبەتمەندییە داهێنانکارییانە لەوێنەدا زیاتر لە پەندەکان و بەدیاریکراوی لە پەندە شیعرییەکاندا بەرجەستە دەبن، هەر لەبەر ئەوەشە یەکێک لە جیاوازییە هەر گەورەکانی، کە فۆڕمێکی شیعریی لە جۆرەکانی تری ئەدەب جیادەکاتەوە "وێنەی هونەرییە، کە لەبەرگێکی کێشدار و ئاوازدار و سەرواداردا دەردەبڕدرێت" (شوانی: ٢٠٠٨، ٥٢).

**دووەم: وێنەی هونەریی لە پەندەشیعرییەکاندا:**

پەندەکان چەشنێکن لە چەشنە ئەدەبییەکان، هیچ کارێکی ئەدەبی بێبەش نییە لە وێنەی هونەریی لەو نێوەندەشدا "پەندەکان خاوەنی وێنەی هونەریین، بە ڕەچاوکردنی سادەیی لە بیری کۆمەڵ و عەقڵییەتی باوی سەردەمەکەی، توانای داڕشتنیان بۆ پەندەکان بە پێی کارامەیی و لێهاتووی خۆیان، زۆرجار وێنەکان سادە و ساکارن" (بدران: ٢٠١٦، ١٠٣٨). بۆیە وێنە هونەرییەکان لەناو پەندەکاندا، بەپێی ژینگەی ڕۆشنبیری هاتنە کایەی پەندەکان و ئاستی هۆشیاری و ئاگایی پەندبێژ دەگۆڕێن و وێنە هونەرییەکان لە سنوری بیرکردنەوە و کارامەیی پەندبێژەکان و ژینگەی پەندەکاندان، زۆربەیان سروشت و ئاژەڵ و باڵندە و ژینگە تایبەتییەکەی خۆیان وەک کەرەستەی وێنەکان بەکاردێنن.

وێنەی هونەری لە پەندەکاندا تەنها لە چوارچێوەیەکی ئیستاتیکی و جوانکاریدا نامێننەوە، لەپێناو بەخشینی چێژێکی تایبەت، بەڵکو وێنەی هونەری لە پەنددا جگە لەم لایەنە "داوای کاریگەری و گۆڕانکاری لەسەر ڕەفتاری بەکۆمەڵ دەکات لە ڕێی ئەرکی بەڵگە هێنانەوە و کرداری دەست کەوتوو، کە شێوەیەکی پراکتیکی هەیە لە ژیان و ڕەفتاردا" (لخضر و قويدر: ٢٠٢٠، ٧٢٨)

زۆر جار ئەم جۆرە پەندانە، کە وێنەی هونەریی ئاشکراو دیارییان تێدایە و بەڕوونی لای گوێگر و خوێنەر هەستیان پێدەکرێت، بە (پەندی وێنەیی) ناو دەبرێن. مەبەست لەم دەستەواژەیە ئەو جۆرە پەندانەیە، کە "ڕەگەزەکانی قاڵب وەرگرتن و بەرجەستەکردن و دیاریکردنیان پێوەدیارە، واتە کەرەستە ڕووت و بیرۆکە زەینییەکان لە شێوەی وێنەیەکی هەستی دەردەکەوێت، لەبەرچاوی بینەر، لەبەر ئەوەی نزیکە لە تێگەیشتنەوە لای هەمووان ئاشکراو دیارە ئاسان لێی تێدەگەن و وەریدەگرن" (الحداد: ٢٠٠٨،

١٣٠). لەڕووی ئەرکەوە ئەم پەندانە کار لەسەر گواستنەوەی چەمکە واتاییەکان بۆ بەرجەستەکردن و بینین دەکەن. واتە " پەندە وێنەییەکان وێنەی شتێکی واتایی دەکەن بە شتێکی بەرجەستە و بینراو و دیار" (بوشنقة: ٢٠١٦، ٤٤).

ئەم وێنەگرتنەش لە پەندەکاندا، یان وێنەی هونەریی لە پەندەکاندا وەکو پرۆسەیەک ناودەبرێت، کە مەبەست لێی بەڵگە هێنانەوەیە لە پێناو گەیاندنی ئەو پەیامەی، کە مەبەستییەتی، بۆیە ئەمە وەک ئەرکێکی پەندەکان ناودەبرێت، کە "پرۆسەیەکی بەڵگە هێنانەوەیە، کاردەکات بۆ گواستنەوەی لە واتاوە بۆ واتای واتاکە، یان لە دەلالەتی واژەییەوە بۆ دەلالەتێکی تری ئاوەزی (ئەقڵی)، کە یەکەمیان دەلالەتێکی هاوشێوەیە، دووەم دەلالەتێکی پێویستی و گۆڕاو" (زرزور: ١٩٨٧، ٣٣١).

پەندەکان وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا سەرەڕای لایەنی ئیستاتیکی و چێژبەخشینان، زۆر بە وردەکارییانەوە کار لەسەر دۆخە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵ دەکەن و هەوڵی بەرجەستەکردنێکی وردەکارانەی دەدەن. لەم ڕووەوە ئەگەر سەرنج بدەین "لە پەندەکاندا ئاوڕ لە وێنەی هاودژی دراوەتەوە، کە هەموو ژیانی داگیرکردووە، بەدەستییەوە دەناڵێنێت، لە ڕێی وێنەوە لە بارودۆخە جیاوازەکان نزیک دەبێتەوە، کە دەگۆڕێت بۆ لادان. ئەم بارودۆخانەش چەشن و جۆرێکی قووڵن لەناو جەرگەی کۆمەڵگاوە سەر دەردەهێنن، هەموو ئەو بەڵاو نەهامەتییانە لە پەندەکاندا لەڕێی وێنەوە بەرجەستە دەکرێن" (لخضر و قویدر: ٢٠٢٠، ٧٢٧)، ئێمەش لێرەوە دەمانەوێت کار لەسەر جۆرێکی وێنەی هونەری بکەین لە پەندەکاندا ئەویش وێنەی کاریکاتێرییە.

**سێیەم: وێنەی کاریکاتێریی لە پەندەشیعرییەکاندا:**

یەکێک لە هونەرە کاریگەر و سەرنج ڕاکێشەکان کاریکاتێرە، کە سەرنجی بینەر و خوێنەر و بیسەر ڕادەکێشێت و خێرا بڵاودەبێتەوە. مەبەست لەم چەمکە (هونەری کاریکاتێر): "دەربڕینێکی گاڵتە ئامێزە، سروش لە ڕووداوێک، هەڵوێستێک، بیرۆکەیەک، بابەتێک، یان دیمەنێک وەردەگرێ لەڕێی گەورەکردنی عەیب و عار و کەموکوڕی بابەتی مەبەست، وێنەکە دەنەخشێنێ، ئەم هونەرە خاوەن فەلسەفەی کۆمەڵایەتی خۆیەتی، کە بۆن و بەرامەی هونەری مرۆڤایەتی پێدەبەخشێ. ئەمەش بەمەبەستی پەنجەدانان لەسەر گەمژەیی هێندێ کەس، یان ڕووداو، بەرپەرچدانەوەی زوڵم و زۆری، بەخشینەوەی زەردەخەنە و پێکەنین، بەکورتی هونەری کاریکاتێر زەنگ بۆ دیاردە ناشرینەکانی ناو کۆمەڵ لێدەدات" (صلیوە: ٢٠١٦، ١٢). کاریکاتێر تەنها بەخستنە ڕووی ڕاستیەکان وەک خۆی ناوەستێ، بەڵکو گەورەیان دەکات و بەشێوەی گاڵتەئامێز دەیانخاتەوە بەرچاو لە پێناو سەرنج ڕاکێشانی بەرانبەر و دواتر بنبڕکردنیان. ئامانجی ڕاستکردنەوە و چاکسازییە و زمانی زەردەخەنە و تەنزئامێزی هەڵبژاردووە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی، بۆیە دەگوترێت: "کاریکاتێر یانی داماڵین، داماڵینی پەردە ئەستور و تەنکەکان، پەرتکردنی چرە دووکەڵە ڕەشەکان، کە سێبەریان هاویشتۆتە سەر ڕێی ژیان، کاریکاتێر نەجوێنە نەتیز و

گاڵتەپێکردنێکی ئیفلیجانەی تاکە کەسییە... بەڵکو هۆیەکی هۆشیارکردنەوەیە" (سورمێ: ٢٠٠٦، ٩١). بەشێوەیەکی گشتی چەند زاراوەیەک لەژێر سایەی ئەدەبی پێکەنیندا کۆدەبنەوە لەوانە: "ساتیر، ئایرۆنی، هۆمۆر، هەجو، بزلە- لەتیفە چیرۆک، کۆمیدیا، پارۆدی، ڤیۆلۆن، دژەهۆمۆر، هۆمۆری سۆریالی، کاریکاتێر، ناکۆک، خیرایی لەناکاو (دەم و دەست)، نوکتە، تەنز،..." (حسێن: ٢٠١٢، ٥٨) (مەلامحمد: ٢٠١٤، ٥٨)، بەڵام کاریکاتێر ئەو گوتراوانە دەگرێتەوە، کە کاریکاتێرستێک بیانکێشێت و خوێنەریش، کە دەیخوێنێتەوە وێنەیەکی کاریکاتێری لەزەینی دروست ببێت" (صلیوە: ٢٠١٦، ١٦). ئەوەی بەهەند وەرگیراوە لە کاریکاتێردا ئەوەیە "وشەکە ئاماژە بە شێوانێکی پێکەنیناوی دەکات، لەکاتی دەرخستنی تایبەتییەکانی سیمایەک، یان چەند سیمایەکی دیاریکراو لە کەسایەتییەک یان بیرێکدا،...پێویستە نووسەر ئەو شێواندنە لە خزمەتی بابەتەکەی بەکاربهێنێت، ببێتە مایەی پێکەنین نەک زێدەڕەوی تێدابکات، بەرەو ئاستێکی هونەری و ڕەوشتی نزم دابەزێت" (حسێن: ٢٠١٢، ٥٨). لەڕووی مێژووییەوە ڕەگ و ڕیشەی ئەم هونەرە زۆرکۆنە و تەنانەت لەسەردەمی سۆمەرییەکان و نزیکەی سێ هەزار ساڵ بەر لەزایین لە نموونەی ئەم تێکستە بەرچاوە دەکەوێت، کە دەڵێت: "ڕێوییەک جارێک میزی بەدەریادا دەکرد، پاشان بە فیزێکەوە تەماشای دەکرد و بەسەر سوڕمانەوە دەیگوت، عەجەب ئەو هەموو دەریایە لە میزی منە!؟" (سورمێ: ٢٠٠٦، ٨٠)، هەروەها هەمان هونەر لەسەر نەخش و تابلۆ نەخشێنراوەکانی دۆزراوەی شوێنەوارە دێرینەکان دەبینرێت و وەک هۆیەکی گرنگ وابووە بۆ گەیاندنی مەبەست و هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراو، بەڵام بەم واتا دیاریکراوەی ئێستا "دەگەڕێتەوە بۆ خێزانی (کاراتشی) ئیتاڵی بەتایبەتی دەنیباڵ کاراتشی لە (١٥٦٠- ١٦٠٩ز)دا، ناوبراو دژی ڕەوتی ئایدیای کلاسیک بوو" (الخصاونة: ٢٠١٢، ٢٢٣).

ئەدەبیاتی کوردی وەک ئەدەبیاتی هەر میللەتێکی تر بێبەش نییە لە وێنەی کاریکاتێری. ئەم چەشنە وێنەیە ئامادەییەکی باشی لەناو تێکستەکاندا هەیە. هەر لەئەدەبی زارەکییمانەوە، تا ئەدەبیاتی نووسراو، کە زیاتر ئامانج لێی گەیاندنی مەبەست و پەیامێک بووە وەک لەوەی تەنها لایەنی ئیستاتیکی و بزە خستنە سەرلێوی خەڵکی بێت، چونکە ئەگەر سەرنج بدرێت بەشێوەیەکی گشتی هەست بەوە دەکرێت "پەند و قسەی نەستەقی کۆمیدی ئامێز هەر وەکو حەکایەتی کۆمیدی گاڵتە ئامێز لەبەرئەوە نەوتراوە خەڵکی بخاتە پێکەنینەوە، بەڵکو زۆر جار مرۆڤی ئاسایی ئەم پەند و قسە نەستەقانە دروست دەکات... بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئەوانەوە ڕەخنە لە هەڵس و کەوتی سیاسەتمەداران بگرێت و سوکایەتییان پێبکات" (ئەڵوەنی: ٢٠٠٧، ٨٦). بۆیە ئەدەبی پێکەنین دوو ئەرک لەیەک کاتدا جێبەجێ دەکات "ئەویش ئەرکی گونجاندنی تاک و کۆمەڵە لەگەڵ یەکتریدا، لەلایەکەوە ڕەخنە لەو تاکانە دەگرێت پابەندی یاسا و داب و نەریت و بەرژەوەندەگشتییەکانی کۆمەڵەکەیان نابن، لەلایەکی تریشەوە ئەو نەریتانەی کۆمەڵ ڕیسوادەکات، کە ئازادی تاک سنورداردەکەن، بەهەردوو ڕووەکەیشییەوە ئەرکی پەرەپێدان و گۆڕانی کۆمەڵگای لەئەستۆ گرتووە" (حسێن: ٢٠١٢، ٣٩).

وێنە هونەرییەکانی ناوتێکستی ئەدەبی زیاتر جۆرە وێنەیەکن لەڕووی هەستییەوە بەر هەستی بینین دەکەون، واتە "ئەو شیعرانەی ڕاستەوخۆ بە شێوەیەکی کاریکاتێری وەسفی ڕوخساری شتەکان دەکەن، جا شتەکان ماددی بن یان ڕوح لەبەر، زیاتر لە ڕێی چاوەوە هەستیان پێدەکرێت، واتا چۆن نیگاری کاریکاتێری لە ڕێی چاوەوە دەبینین، وێنەی کاریکاتێریەکەش لە ڕێی چاوەوە بەرجەستە دەبن" (صلیوە: ٢٠١٦، ٤٥).

بەشێوەیەکی گشتی وێنە کاریکاتێری لەلایەک لە ڕێبازی ڕەمزی نزیکدەبنەوە، چونکە ڕەمزییەکان "لە وێنەدا دژی ئاخاوتنی ڕوون و گوتارین بەشێوازە ئاساییەکەی" (هلال: ١٩٩٧، ٤٢٢). لەوێنە کاریکاتێرییەکانیشدا ڕەمز ئامادەییەکی کارای هەیە و بەزۆری ئاژەڵ و باڵندە و مار و مێروو وەک کاراکتەری سەرەکی ناو وێنەکان دێن، کە وەک ڕەمزێک وان و نوێنەرایەتی کەسانی هەمەجۆری ناو کۆمەڵگا دەکەن، بەڵام ئەوەی لێرەدا ڕەمزەکان جیادەکاتەوە لەهەر ڕەمزێکی تری ناو تێکستە ئەدەبییەکان، ئەوەیە لەجیاتی ئاڵۆزکردنی دەقەکان، بە پێچەوانەوە ڕەمزەکان سادەیان دەکەنەوە و یارمەتی گوێگر و خوێنەر دەدەن، کە باشتر تێبگەن وەک لە نووسینی ئاسایی، چونکە ڕەمزەکان لە ژینگە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکەی خەڵکییەوە وەرگیراون، لە وێنەکاندا بەکارهاتوون.

لەلایەکی ترەوە وێنەی کاریکاتێری لە پەندەکاندا لەڕووی شێوەوە لە ڕێبازی سۆریالیزم نزیک دەبێتەوە، چونکە لەم ڕێبازەدا وێنە "وەک پەیوەندی نێوان ئەو کات و شوێن و ڕێبازە دوور لەیەکانەیە، کە لەخەوندا کۆدەبنەوە هەروەها ئەو ڕایەڵەی لەنێوان ڕێبازەکانی تردا هەیە لە نێوان وێنەی سۆریالییەکاندا نابینرێت بەمجۆرە دەقەکانیان وەک تابلۆیەک خۆی دەردەخات، کە پێکهاتبێت لە چەند وێنەیەکی بچوکی جیاوازی دوور لەیەک و ئامانجی تەم و مژاوییان هەبێت" (کەریم: ٢٠١٢، ٦٦). بەسەرنجدانمان وێڕای خاڵی هاوبەشی نێوان سۆریالییەکان و وێنەی کاریکاتێری لەپەندەکاندا، بەڵام ئەوەی خاڵی گرنگ جیاکەرەوەی نێوانیانە و لەڕووی مەبەستەوە جیایاندەکاتەوە ئەوەیە، کە لەوێنەی کاریکاتێری ناو پەندەکاندا ئامانج ڕوونە و مەبەست ڕەخنەگرتن و ڕێگری و چاکسازییە، نەک بێ هیوایی و گاڵتە ئامێزی و دەربڕینێکی نائومێدانە.

هونەری دەربڕین بەشێوەی کاریکاتێری لە پەندی پێشیناندا، یاخود لە پەندە شیعرییەکاندا، وەک گەوهەرێکی درەوشاوە وایە لە یەککاتدا گاڵتە ئامێز و پێکەنیناوییە، کاریگەر و گەیەنەرە، پەیامی ڕەخنە و چاکسازی هەڵگرتووە، بەرگریکارە و سەرکەوتووە لە پێکانی مەبەستدا. کۆبوونەوەی چەند شتێکی ناکۆکە بەیەکەوە لەیەک کاتدا و لەهەمووشی گرنگتر غافڵگیرە و هەمیشە چاودێرە بەسەر سیاسی و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و دیاردە دزێوەکانەوە.

لەبەر ئەم هۆیانە هونەری گوزارشتکردن بەشێوەی وێنەی کاریکاتێری لە پەندەکاندا، ئەگەرچی کورت و سادەبێت، بەراورد بەشێوەی تری دەربڕین لەهەمووان بەهێزترە. زمان و پاشخانێکی میللی هەیە

کەرەستەکانیشی لەژینگە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکەوە وەرگرتووە، کەزۆرینەی خەڵکی لەبەر چاویانە و پێشتر بەجۆرێک لە جۆرەکان بەرکەوتنیان هەبووە لەگەڵ ئەم کەرەستانەی ناو وێنەکان. بۆیە ئەم پارەمان تەرخانکردووە بۆ شیکردنەوەی وێنەی کاریکاتێری لە پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرددا.

**چوارەم: وێنەی کاریکاتێریی لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا**

لەدەقی ئەدەبیدا چەندین پۆلێن و دابەشکردنی وێنەی هونەری هەیە، بەتایبەتی لە دەقی شیعرییدا، بەڵام ئەوەی تائێستا کەمترین لای لێکراوەتەوە وێنەی کاریکاتێرییە، کە لەهیچ کام لە پۆلێنەکاندا بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە. ئەگەرچی لای گەلانی تر بەشێوەی جۆراوجۆر لای لێکراوەتەوە، بۆنموونە هونەرمەندێکی نیگارکێشی ئەڵمانی بەناوی (ئانتیە هێرتسۆگ_ ) زۆربەی ئەو پەندە ئەڵمانیانەی بەسەر زاری ئەڵمانەکانەوەیە کردوونی بەتابلۆ و وێنەی هونەری و کاریکاتێری. وەک ئەو پەندەی کە دەڵێت: (comide/wennsprichworter- zu- bilden) "Das letzte Hemd hat Keine laschen" بەرانبەر ئەو پەندە کوردیەیە (کفن گیرفانی نییە). لەم ڕووەوە بەهۆی بایەخی زۆری وێنەی کاریکاتێری لەپەندەکاندا ئێمەش کاردەکەین بۆ شیکردنەوەی وێنەی کاریکاتێریی لە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرددا، وێنەکانیش لەسەر بنەمای جۆری کاراکتەرەکان پۆلێن دەکەین، بەمشێوەیە:

- **مرۆڤ و خودا و دەسەڵاتی خودا:**

جۆرە وێنەیەکی کاریکاتێرییە خوای گەورە، یاخود دەسەڵاتی وەک وێنەیەکی کاریکاتێری بەکاردەهێنرێت و ڕووداوەکان دەدرێنە پاڵی، بەمەبەستی دروستکردنی سەرسوڕمان و واق وڕمان لای وەرگر، کە ئەمەیان لە ئاگایی و هۆشیاریی پەند بێژەوەیە. جاری واش هەیە، بەهۆی نەزانی و سادەیی پەندبێژەوە ڕووداوەکان بەجۆرێک دەدرێنە پاڵ خوای گەورە نزیکدەبێتەوە لە کوفر و هاوبەشی پەیداکردن بۆ خودا و وەرگەڕان لە دین، بەڵام سەرجەمیان مەبەستیان ڕەخنەگرتن و چاکسازییە لە بنەڕەتدا. وەک لەم نموونانەدا دەیانخەینە ڕوو:

خـوا بـێ قـەزای کا خوایش کردەی وایە
ئـەوەی ئـەو دەیـکـا بـە عـەقـڵا نـایـە
تـەلیـسمی جـامـی چـل کـلیـل دەرکەوت
کەر ئێسقان و سەگ کای کۆنەی بەرکەوت (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢١٤)

لەم پەندەشیعرییەدا سەرەتا لای گوێگر و خوێنەر شۆکێک دروست دەکات بەوەی باسی خودا و دەسەڵاتی خودا دەکات. کاتێک ئەمە دەبیستی و دەبینی واقت وڕدەمێنێ، وێنە کاریکاتێرییەکە ئەوەیە، کە کردەوەی خوای گەورە بە نەشیاو و پێچەوانەی سروشتی باو پیشاندەدات. دواتر بەمشێوەیە دەیخاتەڕوو، کە ئێسقان دەدات بە کەر، لە کاتێکدا لەبنەڕەتدا ئێسقان بۆ سەگە و بە پێچەوانەشەوە ئالیکی کەر، کە کایە دەدات بەسەگ، کە خۆراکی ئەو نییە. لە ڕێگای ئەم وێنە کاریکاتێرییەوە دەیەوێت پرسیاری

ئەوە بوروژێنێت، ئایا ئەم نادادییەی لە کۆمەڵگادا هەیە کارێکی ئیلاهییە، یان دەستکاریکردنی سروشتی دادپەروەرییە. بۆیە لێرەوە ڕەخنەی خۆی ئاڕاستەی کاربەدەستان دەکات و هەوڵی ڕاستکردنەوەی دەدات، لە پێناو هێنانەدی دادپەروەری لە کار و باریاندا.

خــوا جــەهەننەمی بــۆیە دانــاوە
زۆرمان بخاتە نــاو ئــەو هــاڵاوە
دیــارە کــە ئــەزەل هــەڵیبژاردین
خوێنی شەیتانی بە قین بۆ ناردین
کە ئیرادەی خوا و فیربی شەیتان
یەککەوێ چاری چی ما بۆ ئینسان (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٧٨)

لەم وێنە کاریکاتێرییەدا دیمەنەکە واخراوەتەڕوو، کە خودا ڕقی لە مرۆڤە و جەهەنەمی بۆیە داناوە. جۆرێک لە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی خودا بوونی هەیە، کۆکردنەوەی پارادۆکسی دەسەڵاتی پەروەردگار و ویستی شەیتان سەرنجی وەرگر ڕادەکێشێت و دەیتاسێنێت و دیمەنە کاریکاتێرییەکە دەخولقێنێت، لە بەرانبەردا پاکانە بۆ خۆی و مرۆڤ دەکات لە هەر تاوانێک، کە دووچاری بووە لە ژیانیدا. وێنە کاریکاتێرییەکە لەوەدایە، کە ویستی خودا و فریوی شەیتان یەککەوتن و ئامانجیان یەکە، کە دەیانەوێت مرۆڤ بچێتە دۆزەخ، لەم نێوەدا هیچ چارەیەک بۆ مرۆڤ نەماوەتەوە.

کە تۆ دانیشی و خوا ئیشت بۆ بکا
ئەتەوێ خوا بکەی بە کوێخای دەرگا
نە واللە تۆ خۆت بکە بە مەنسووب
سەلکە پەنیرت بخەرە ناو گووپ (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٣٣٥)

لەڕێگای دروستکردنی سەرسوڕمانێکی گەورەوە، کە نزیکدەبێتەوە لە کوفرکردن، گوێگر دەهەژێنێت و واق وڕماو و سەراسیمە شۆکی دەکات و دیمەنە کاریکاتێرییەکە دەخولقێنێت. بەوەی وێنەکە تەواو پێچەوانە دەکاتەوە، خودای گەورە لەوپەڕی دەسەڵات و گەورەییەوە و مرۆڤ لە بەندایەتی و بچوکییەوە شوێنەکان ئاڵوگۆڕ دەکات. دواتر وێنە کاریکاتێرییەکە لەسەلکە پەنیرێک لەناو گووپی کەسێکدا وردتر بەرجەستە دەکات هەموو ئامانجیشی وەلاوە نانی تەمەڵی و دانیشتنە، هاندانە بۆکارکردن و پلاندانان بۆ پارێزگاری لە ماڵی خۆت و وەک دەوترێت: ماڵی خۆت توند بگرە و سەگی خاوەن ماڵی بەدز مەگرە.

کــەس دانــانیــشێ بێ ســات و سەودا
خوا بۆ سەیری خۆی ئێمەی تێک بەردا
پــەنچــکێ نــانــی خســتۆتــە نــاومــان
خستیە بەر چەپۆک سەر و کــڵاومــان (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٣٧٧)

کۆی پەندەکە وێنەیەکی کاریکاتێری دروستکردووە، یەکەم لە بێکاری خودا، دووەمیان دیمەنەکە پێکدادان و پەلاماردانی خەڵکییە لەناو یەکدا لە پێناو پەنچکەنانێکدا. ئەمەش دەداتە پاڵ دەسەڵات و ویستی خودا لەم ڕووەوە یەکسانی دەکات لەگەڵ هەرکەسێکی تردا، وای دەردەخات ئەم ناکۆکی و پێکدادانەی نێوان خەڵکی بۆ کەیف و سەیرکردنی خودایە.

هیــچ کــەس لــەکــاری خــودایــی ناگا

خۆی خوایە و خوایی ئەداتە دەست گا (پیرەمیرد،ب١: ٢٠١٩، ١٥٤)

لێرەدا وەرگر تەواو دووچاری شۆک و سەرسوڕمان دەبێت، لەلایەک دیمەنە کاریکاتێرییەکە (گواستنەوەی دەسەڵات لە خوداوە بۆ گا) سەرنجی ڕاکێشاوە و لەلایەک هەست دەکات کوفرێکی گەورە بەرانبەر خودی خوای گەورە دەکات. لە بنەڕەتیشدا (گا)، وەک ڕەمز بۆ مرۆڤە ملهوڕ و لە خودا یاخییەکان بەکارهاتووە، کە دەسەڵاتی خۆیان بۆ ئازار و چەوساندنەوەی خەڵکی بەکار دەهێنن.

ئــەڵێـن خــوا بــاڵی داوە بەحوشتر

کۆشک و سەرای کەس نامێنێ ئیتر

خــواســتی خــواییە ئەوی بەدکارە

زۆریــان لــەلاوە دێــنە ئــەم شارە

هەندێ لە پێستی مەڕا وەک گورگە

هــەنــدێــکی تــریش سـپڵی لاورگە

هەندێ وەک مووی لووت لێت نابێتەوە

هەندێ سنگ هەڵکێش نابەسترێتەوە (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٢٧)

لەو چەند پەندەدا وێنە کاریکاتێرییەکان یەک بەدوای یەکدا دێن بە خواستی خوای گەورە بەم شێوەیە: حوشتر و باڵ، بەدکار و شار، مەڕ و گورگ، خەڵک و سپڵی لاورگ، خەڵک و مووی لووت، خەڵک و سنگ هەڵکێش (سنگ هەڵکێش وەک خۆبەرە پێشەوە، خەڵک وەک ئاژەڵ کە سنگی بەستنەوە هەڵدەکێشێت). لە خستنە ڕووی ئەم دیمەنانەدا، وێڕای ئەوەی پێکەنین دەهێنێت و بزە دەخاتە سەر لێو مەبەستی ئاگادارکردنەوەیە لە هاتنە ناوەوەی خەڵکانی بەدکار و ئاکار خراپ لە ناو شاردا، بەمەبەستی خۆ بەدوور گرتن لێیان و پارێزراوی لە خراپەیان.

خــوا مـوسا بۆ سەر فیرعەون ئەنێرێ

کەچی جار جار مەڕ بە گورگ ئەسپێرێ (پیرەمێردب١: ٢٠١٩، ٩٨)

وێنەی کاریکاتێرییەکە لەم دێڕەدا لەوەدایە کەسێکی ستەمکاری وەک فیرعەون بۆ ئەوەی ڕێگا لەستەمکارییەکەی بگرێت، خوای گەورە پێغەمبەرێکی بۆ ناردووە بۆ ئاگادارکردنەوە و ڕێگریکردن لێی

و دواتر، که هەر نەهاتە سەر ڕێی ڕاست بەدەسەلاتی خۆی لەناوی برد. لەهەمانکاتدا، کە ئاژەڵێکی دڕندەی وەک گورگ، کە بەوە ناسراوە گۆشت خۆر و پەلاماردەرە لە جیاتی لەناوبردنی خوای گەورە مەڕی پێدەسپێرێت، کە ئاژەڵێکی لاواز و بێدەسەلاتە، واتە پارادۆکسی هەیە لە نێوان ئەم دوو پێ سپاردنەدا و ئەمەشی داوەتە پاڵ دەسەلاتی خوای گەورە.

خوا چۆن پاک ئەدا بەدەم پیسەوە

هـاکـا نـالانـدی بـەدەم لیســەوە (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٢٥٦)

سەرەنجام هەر بەدیمەنێکی کاریکاتێری پەندبێژ باوەڕی قووڵی خۆی بە دادپەروەری خودای گەورە دەخاتە ڕوو و خراپەکار و بەدکردەوە ئەمرۆبێت، یان سبەی زوو بێت، یان درەنگ دەگات بە سزایی خوایی، کە بە لیس گوزارشتی لێکردووە.

بەشێوەیەکی گشتی چ لە نەزانی و سادەیی بووبێت، یان لە هۆشیاری و ئاگایی، پەندبێژی کورد لە وێنە کاریکاتێرییەکاندا خوای گەورەی وەک کاراکتەرێک لە دیمەنەکاندا بەرجەستە کردووە. هەندێک جار بەمەبەستی سەرنج ڕاکێشان، یان ڕەخنەگرتن و زۆرجاریش لەبەر بێ دەسەلاتی، یان نەزانی بەوەی، کە ئەم جۆرە دەربڕینە نزیکیدەکاتەوە لە کوفر و وەرگەڕان لە دین.

- **مرۆڤ و کاراکتەرە پیرۆز و نەفرەت لێکراوەکان لە ئاییندا:**

ئەم جۆرە وێنەیە پێغەمبەران، فریشتە، شەیتان و دەجال...هتد، واتە هەریەک لە کاراکتەرە پیرۆز و نەفرەت لێکراوەکان دەکاتە کاراکتەری وێنەکان و لە ڕێگای وەسفی خۆیان یان شتێک، کە خاوەندارێتی بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە یاخود ڕەفتارەکانیان، شێوەیەکی کاریکاتێرییان پێدەبەخشێت و سەرنجی بەرانبەر ڕادەکێشێت. لە هەنگاوی یەکەمدا گوێگر و خوێنەر بەهۆی باسی ئەو کاراکتەرانە و بوێری پەندبێژەوە دووچاری سەرسوڕمان دەبێت و دواتر لە مەبەستەکە تێدەگات، کە ئامانجی ئاگادارکردنەوە و ڕێککردنەوەی کردەوەیەکی ناپەسەندە. وەک ئەم نموونانە:

پێستی حوشتری صاڵح ئەگورین

کورتانی کەری جەجاڵ ئەدوورین (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١١٠)

وێنەکاریکاتێرییەکە (کەوڵکردنی وشتری پێغەمبەرێک و کورتان دوورین بۆ کەری جەجاڵ). لێرەدا شێوەی مامەڵەی مرۆڤە لەگەڵ پێغەمبەران و خۆشەویستانی خودا و نەیارانی. بەوەی مرۆڤە بەد کردەوەکان وشتری پێغەمبەرێک، کە خۆشەویستی خودایە دەهێنن و پێستەکەی دەگوورن و کەوڵی دەکەن، بەلام لەهەمان کاتدا دەجاڵ یان (جەجاڵ)وەک لە پەندەکەدا هاتووە، کە نەیاری خودایە و بەوە ناسراوە کەرێکی پێیە لە ئێستاوە ئامادەکاری بۆ هاتنی دەکرێت و کورتانی بۆ دەدووردرێت.

کە مەڕنەمووکە چاو زەق کاتەوە

ئـــاغايی لـــە بیر پیـاو ئەباتەوە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٥٧)

مەڕنەمووکە مەبەست لە فریشتەی خودایە، کە دوای مەرگ پرسیاری ناو گۆڕ دەکات، وێنەکەی بەشێوەیەکی کاریکاتێری پێشانداوە، کە (فریشتەی خودا چاوی زەق دەکاتەوە)، کە ئەمە لە ڕووی بیروباوەڕی ئاینییەوە دروست نییە بەو شێوەیە وێنەی فریشتەی خودا بخەیتە ڕوو. لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەم کارەوە ئاغا دەبێت بە گەدا، دیسانەوە وێنەیەکی کاریکاتێری دەخاتەڕوو، کە بەهۆی ترسەوەیە لە مەڕنەمووکە.

هاروت و مارووت فریشتەی باڵان

کەوتنە ناو ئێمە ئێستەیش لە چاڵان (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ٢٨٣)

مامەڵەی مرۆڤ و بەدکردەوەیی و ڕێزنەگرتنی کۆمەڵگا سنوری مرۆڤایەتی تێپەڕاندووە. بەجۆریک دوو فریشتەی باڵای پەروەردگار بەهۆی ئەوەی هاتوونە ناو کۆمەڵگاوە و تێکەڵی مرۆڤەکان بوون، ئێستا لەچاڵان و ئەوانیش لە باڵایی کەوتوون. وێنەکە بەجۆرێکە تەواو پێکەنیناوییە و دیمەنێکی کاریکاتێری هەیە و لە ڕاستیدا ڕەخنەگرتنە لە کۆمەڵگا، کە ڕێزی گەورەکان ناگرێت.

شەیتان هەنگوینی لەدەممان هەڵسوو

بـۆیــە ئــەم خــەڵکە بەگژ یەکا چوو (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٦١)

شەیتان وەک ڕەمزی خراپە و دوژمنکاری پلانی تێکبەردانی خەڵکی داناوە لەڕێی پێدان و تێهەڵسوونی هەنگوین لە دەمی مرۆڤەکان و دواتر بەهۆی ئەو تامی شرینییەوە دوژمنکاری و بەگژیەکداچوون هاتۆتە دی. وێنەکە تەواو کاریکاتێرییە لە ڕووکەشدا (شەیتان خزمەتکاری خەڵک بێت)، لە ناواخنیشدا دەیەوێت ئەوە بگەیەنێت، کە هەموو ناکۆکییەکان دوورکەوتنەوەیە لە دین و لە پێناو پارە و بەرژەوەندی دایە.

هەندێ بەفریوو گەیوەتە پایە

شەیتان لەبەرگی فریشتە دایە (پیرەمێردب١: ٢٠١٩، ١٢١)

وێنە کاریکاتێرییەکە لەسەر بنەمای بەراوردە لەنێوان مرۆڤ و شەیتاندا، کاتێک کەسانێک بە هۆی هەڵخەڵەتاندنی کەسانی سادە و ساکاری ناو کۆمەڵەوە گەیشتوونە پلە و پایەیەک، فێڵ و ستەم و درۆیان بە جۆرێکە بەراورد بەکردەوەیان شەیتان، کە ڕەمزی خراپەیە لە بەرگی فریشتەدایە:

شــەیتـان یـەکێکی داناوە لێرە

کورتە باڵایە و چاوێکی کوێرە

شەیتان لاسایی ئەو ئەکاتەوە

بەبێ (شخارتە) ئاگر ئەکاتەوە (پیرەمیرد،ب١: ٢٠١٩، ٢١٦)

شەیتان نوێنەرێکی داناوە، یان کەسێک بەهۆی خراپەکاری و بەدکردەییەوە وەک نوێنەری شەیتان دەناسرێت، کە وەسفێکی کاریکاتێریی دەکات، بەوەی (باڵای کورت و چاوی کوێرە لەڕووی شێوەوە)، لەڕووی کردەوەوە، بەهۆی ئاشووب و فیتنەییەوە وەک شخارتە وایەو ئاگر دەکاتەوە.

بلوێری شەیتان کەوتبووە مەقام

(سێ پێیی) ڕەقسین سێ قایمقام (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٣١١)

دیمەنێکی کاریکاتێرییە، کە سێ قایمقام و سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بەهۆی بلوێرێکەوە، کە شەیتان لێیدەدات سەما دەکەن. ئەمەش جیا لە دیوە تەنز ئامێزەکەی مەبەستی ئەوەی، کە دەسەڵاتداران لە بری ئەوەی گوێ لە خەڵکانی خەمخۆر بگرن بە فیتی شەیتان هەڵدەپەڕن، کەمەبەستی خەڵکی خراپەکار و ماستاو چییە، لەهەمانکاتدا ڕەخنەگرتنە لەکاربەدەستان.

تەرسی کەرەکەی جەجاڵ خورمایە

بـۆیــە کە هــەســتا خەڵکی لەدوایە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٤٢)

وێنە کاریکاتێرییەکە لە (گۆڕانی تەرسی کەرە بۆ خورما)، کە بەهۆی ئەمەوە، کە دەجال (جەجاڵ) هات خەڵکیش لە پێناوی خواردنی تەرسەکە، کە بووە بە خورما شوێنی دەکەون و لە دین وەردەگەڕێن.

بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر سەرنج بدەین پەندبێژی ئەدەبی سڵی لەوە نەکردۆتەوە کێ بکاتە کاراکتەری ناو وێنە کاریکاتێرییەکانی. ئەوەش لەپێناو گەیاندنی مەبەست و ئامانجەکەی، بۆیە کاراکتەری پیرۆز و نەفرەت لێکراو و مرۆڤ و فریشتەی بەکارهێناوە بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی.

- **مرۆڤ و گیانلەبەران:**

ئەم جۆرە وێنە کاریکاتێرییە بریتییە لە کۆکردنەوەی کاراکتەری مرۆڤ و گیانلەبەرانی تری وەک: ئاژەڵان، باڵندە، گیانەوەری ئاوی و خشۆکەکان،...هتد لەسەر بنەمای لێکچواندن. پێشتر هەریەک لەو گیانلەبەرانە، وەکو ئیدیۆمێکی باوی ناو خەڵک، یان ڕەمز و هێمایەکن بۆ جۆرە سیفەتێک، لەسەر بنەمای لێکچواندن مرۆڤەکان بەپێی ڕەفتاریان لەگەڵ ئەو گیانلەبەرانە بەراورد دەکرێن و وێڕای بەخشینی دیمەنی سەیر و پێکەنیناوی مەبەستیان بە ئاگاهێنانەوەی خودی کەسەکان و ئاگادار کردنەوەی خەڵکییە لە خراپی ئەو جۆرە ڕەفتارە و دوورکەوتنەوە لێیان.

لــە وڵاخــی بەرزە ئەگەر بیشگلێی

چونکە شەریفە ئەستۆت ناشکێ لێی

بەڵام کــە لــەکــەر کــەوتیتە خوارێ

جێیەکــت دەشکێ بێ گومان جارێ (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٢٥)

دیمەنەکە بەربوونەوەی سوارێکە لە سەرپشتی ئاژەڵ، وێنە کاریکاتێرییەکەش هەر لەبەربوونەوەکەدایە، بەراوردەکە لە نێوان وڵاخی بەرزە و کەردایە. مەبەستەکەش ئاگادارکردنەوەی مرۆڤە لە مامەڵەکردن

لەگەڵ کەسانی بەڕێز و خاوەن پێگە و کەسانی بێ ڕێز و نانەجیب، واتە هەرگیز لەگەڵ کەسی بەڕێز دووچاری زیان نابێت، ئەگەر کێشەیێک بکەوێتە بەینەوە، بەڵام لەگەڵ کەسانی نانەجیب هەرچۆنێک مامەڵە بکەیت زەرەمەندی.

شوان کــە ســـابرێـنی ئەلەوەڕێنێ

لەگەڵ تێری خوارد قۆچ ئەوەشێنێ (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٢٣٤)

وێنە کاریکاتێرییەکە لە قۆچ وەشاندنەکەدایە، کاتێک شوان، کە ئەرکی سەرەکی لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانییەتی، بەڵام هەیانە دوای تێربوون قۆچ ئەوەشێنێت. کە ئەمەش سروشتی ئاژەڵە و لە تایبەتمەندییانە، بەڵام هەندێ مرۆڤ هەیە هەمان تایبەتمەندی ئاژەڵی هەیە و دوای ئەوەی تێر دەکرێت لە بری سوپاس، پەلامار دەدات و قۆچ ئەوەشێنێت لەو کەسەی، کە خزمەتی کردووە.

کـــــەوڵـــی ســـمـــۆریـان دایـە کـــەرەوان

کەری پێش خۆی خست کردیە سەرکۆپان

(گـــەدا) ســـەرکــاری ئـــەگـــەر پـــێ ببڕێ

پیاو ماقووڵ ئەشێ وەک کـــار سەر ببڕێ (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٢٨٧)

وێنە کاریکاتێرییەکە لەوەدایە کەوڵی سمۆرە، کە بەنرخە کاتێک داویانەتە دەست کەسێکی کەرەوان، لە بری ئەوەی بۆ شوێنی پێویست بەکاری بهێنێت، کردوویەتییە سەر کۆپانی کورتانی کەرەکەی. وێنەی دووەم، کە هەر کاریکاتێرییە لەگەڵ وێنەی یەکەمدا بەراورد دەکات دەڵێت وەک ئەوە وایە، ئەگەر گەدایە ببێت بەکار بەدەست، پیاو ماقووڵ وەک کاریلە سەردەبڕێت. هەردوو وێنەکە یەک مەبەستیان هەیە ئەویش ئەوەیە، کە کەسی شیاو و بۆ شوێنی شیاو، هەروەها وەک دەڵێت: قەدری زێڕ لای زێڕنگەرە.

نازانین بەرگەی هیچیان ناگرین

گا کلکی لێداین ئەکەوین ئەمرین (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ١٦٥)

وێنەکە (ڕاوەشاندنی کلکی گا و کەوتنی مرۆڤ کاتێک بەریدەکەوێت)، مەبەست لە بێ دەسەڵاتی مرۆڤە بەرانبەر بە نەخۆشی و دەسەڵاتی خوای گەورە، بەڵام بەشێوەیەکی کاریکاتێری و لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ و کەوتن بەکلی گاوە خراوەتەڕوو، پەیامی ئەوەی تێدایە، کە مرۆڤ ڕووبکاتە چاکەکردن و لە خۆبەزلزانین دووربکەوێتەوە.

سەگی نهێنگر لەکەس ناوەڕێ

بـەلایـا مـەڕۆ لـە پـڕ ئەتگرێ

با وجود ئێستا کە سەگ نەماوە

هـەڵـەوەر لـــە جێی ئەو دانراوە (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ١٧٨)

وێنەکە ئاگادارکردنەوەی خەڵکییە لەسەنگی نهێنگر خۆپارێزیکردنە. دیمەنە کاریکاتێرییەکەی لە پەلاماردان و بەراوردکردنیەتی لەگەڵ خەڵکی زۆر بڵێ و هەڵەوەڕ، لە بنەڕەتیشدا مەبەستی خۆپارێزییە لەکەسانێک، کە زۆر دەڵێن و پەلاماری هەموو کەسێک دەدەن.

ئەندازەی هێزی قورگت نەناسی

ڕۆژێ ئەخنکێی بە دڕکی ماسی

ئێستر کە تۆڕ بوو کەوتە لەقەو گاز

باری قورس ئەکەن لە دەمە و هەوراز (پیرەمیرد،ب١: ٢٠١٩، ١٨)

لەم پەندە کاریکاتێرییە (خنکان بەپارووی زل و دڕکی ماسی)، جەخت دەکرێتەوە لە خۆناسین بۆ ئەوەی هەرکەس سنوری خۆی بزانێت و وەکو پەندەکە دەڵێت لە ئەندازەی خۆی پێ ڕاکێشێت. دیمەنە کاریکاتێرییەکە لەوەدایە، کە بەهۆی نەزانییەوە کەسەکە بەدڕکی ماسی دەخنکێت، واتە کارێک هی تۆ نییە دەستی بۆ مەبە، هەروەها لەوێنەی دووەمدا بەراورد لەگەڵ ئێستر دەکات و کاتێک دەکەوێتە لەقە و گاز باری قورس دەکەن، ئەمە بۆ مرڤیش هەروایە، مەبەست لەم پەندە ئاگادارکردنەوە و هۆشداریدانە، لە ئەگەری بەردەوامبووندا لەکارێک، کە هی تۆ نییە، یان دەخنکێت، یان وەک ئێستر سزای دەدەن.

گەنـم گران بـوو لـەبـەر کـەم نـانی

زۆر کەس دەستی کرد بە ورچە وانی (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ٥٠)

ئەم وێنەیە دیمەنە کاریکاتێرییەکەی لەوەدایە، کەمرۆڤ بەهۆی ناچارییەوە و پەنای بردۆتە بەر ورچەوانی. مەبەستەکەش خستنەڕووی دۆخی کەسانێکە پەنا دەبەن بۆ کاری سەخت و دژوار لە پێناو پەیداکردنی بژێوی ژیانیان.

زۆر کەر لە پیاوی کەر وریاترە

بە هۆش ئەوەستێ گوێ ڕاییڵترە

گوێ ڕادێر لەلای خێوی نازدارە

بارنەبەر بەشی نەقیزە و دارە

بەنی ئادەمیش دیسان هەروایە

پیاوی بەکار و بەدکاریان تیایە (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ١٢٩)

وێنە کاریکاتێرییەکە لەسەر بنەمای بەراوردکردنی کەر و پیاوی کەردایە، کە کەر بە هۆش ئەوەستێت، بەڵام پیاوی کەر ناوەستێ بۆیە، بەشی نەقیزە و دارە. مەبەست لەم پەندە ئاگادارکردنەوەی پیاوی تەمەڵ و کارنەکەرە، تا هەوڵبدات، هەروەها پیاوی خاوەن بەدکارە، کە دواجار پێویستە هەندی کەس بە زۆر و بەکوتەک بهێنرێنە سەر ڕێگای ڕاست.

گـەدا کـە چـڵم بـە قـۆڵی ئەسڕێ

سەرکەوت کلکی گا بەمەندیل ئەگرێ (پیرەمیرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٧٩)

لەم پەندەدا دوو وینەی کاریکاتێری کۆکراوەتەوە، وێنەی یەکەم گەدایەکە، کە چڵم بە قۆڵی کراسەکەی ئەسرێت، بەڵام هەمان کەس، کە باری ژیانی گۆڕا مەندیلی مەلا، کە ڕەمزی پاکی و جۆرێک لە پیرۆزی هەیە، ئەم جۆرە کەسانە لە خۆیان دەگۆڕین بەو مەندیلە کلکی گای پێدەگرن، مەبەست لەوەیە هەندێک کەس ڕابردووی خۆیان لەبیردەکەن و هەرکات ژیانیان گۆڕا لە بری ئەوەی سوپاسگوزاری خوای گەورەبن، کاری نەشیاو دەکەن، پەیامەکە ئەوەیە هەم خەڵکی بەدوور بێت لەو جۆرە ڕەفتارانە، هەم لەو کەسانەی کە خاوەنی ڕەفتاری لەم جۆرەن.

- **مرۆڤ و هەڵسوکەوتی مرۆڤ:**

ئەو جۆرە وێنەیەیە، کە کاراکتەرەکانی بەتەنها مرۆڤن، جا تەنها یەک مرۆڤ بێت و لە ڕێگای وەسفەوە شێوەیەکی کاریکاتێری پێدرابێت، یان دوو مرۆڤ لەسەر بنەمای لێکچوون و جیاوازی وەسفێکی کاریکاتێرییان پێدراوە. جا ئەم شێوە کارێکاتێرییە دەشێت لەشێوەی مرۆڤەکاندابێت، یان لە کردەوەی ڕۆژانەیاندابێت. مەبەستیش ئاگادار کردنەوەی خودی کەسەکان و بەئاگاهێنانەوەی خەڵکانی ترە بۆ خۆپارێزی و دوورە پەرێزی لێیان.

بەڕیسی خەڵکی بۆچ دەڵێی پەتە
زوبانت بیڵێ سەرت ڕەحــەتــە
پیاوی زۆر بڵێ بۆ دۆزەخ بەرە
لــەوێشــدا ئەڵێ دارەکەی تەڕە (پیرەمێردب١: ٢٠١٩، ١٠٣)

ئەم وێنەیە لە شێوەیەکی کاریکاتێریدا خراوەتەڕوو. مەبەست لە مامەڵەکردنە لەگەڵ کەسانی زۆر بڵێ و کەسێک، کە سنوری قسەکردنی خۆی نازانی لەلایەک، ماڵی خەڵک بەسووک سەیردەکات و لەلایەک تەنها مەبەستییەتی قسەبکات بەبێ ئەوەی ئامانجی قسەکردنەکەی بزانێت. بەهۆی ئەوەشەوە دووچاری ناڕەحەتی دەبێت، وەک ئەوە وایە کەسێک بۆ دۆزەخ بەری لەبری ئەوەی خەمی سوتانی خۆی بێت، تەنها قسەدەکات دەڵێت ئاگرەکەی دۆزەخ باش نییە و دارەکەی تەڕە.

ساف دەروون داری دەستی بەد کارە
بــۆیـــە شـــەڕە دار زۆرە لــەم شــارە
ئەو پیاوە گەورەی کە خۆش بــاوەڕە
بەدەست خــەڵکەوە مێکوتی ســاوەرە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٢١)

دوو وێنەی کاریکاتێری لەسەر بنەمای نزیکی و وەکیەکی پێکەوە کۆکراونەوە، وێنەی یەکەم (شەڕەدارە لەناو شار)دا هۆکارەکەی ساویلکەیی و دەروون سافی خەڵکی سادەیە، کە بەقسەی ئەم و ئەو هەڵدەسوڕێن. وێنەی دووەم، کە هەر هۆکارەکەی ساویلکەیی و خۆش باوەڕییە بەهۆی ئەوەوە بەدەست

خەڵکییەوە بە ئارەزووی خۆیان هەڵیدەسوڕێنن (مرۆڤ وەک مێکوتی ساوەر کوتان)، کە چۆن بە نۆرە هەر جارەی بەدەست کەسێکەوە هەڵدەسوڕێت و گەنمەکەی لە ناو دۆڵەکەدا پێدەکوتن.

کەڕە جەللاد بوو دەیوت دەقچێنم

بە لینگە فرتێ نەشئەی خۆم دێنم (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٦١)

خستنەڕووی خواستێکی (سادیستانە)ی جەللادێکە لە شێوەیەکی کاریکاتێرییدا، کاتێک ئەوەی سزادەدرێت لەبەردەمیدا لنگە فرتێ دەکات بەدەستییەوە. ئەمەش لە ڕواڵەتدا دیمەنێکی کاریکاتێرییە، بەهۆی ئەم کارەوە گەشە و ئاسودەیی بە دەروونی نەخۆشی، جەللاد دەگات. لێرەوە دەیەوێت ڕووی دزێو و نەخۆشی تاوانکاران بناسێنێت.

پیاوێک ژنی مرد قولێکی هانی

وتیان چۆن لەگەڵ قولدا ئەتوانی؟

وتی بۆ ماتەم پیشەی دێرینە

سەراپا بەرگی تازێ دار شینە

من بەرگی ڕەشم کردە بەر جێیە

کە ماتەمگیریی عائید بەوێیە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٢٧)

لێرەدا ژنهێنانەوەی پیاوێکە دوای مردنی هاوسەرەکەی، کاتێک لەسەر ئەم کارە لۆمەی دەکەن و تانەی لێدەدەن، ئەو وەڵامێکیان دەداتەوە، کە کارێکاتێرییە و جێگای پێکەنینە. ئەویش بیانووی هاوسەرگیرییەکەیەتی، کە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە بۆ هۆی مردنی هاوسەرییەوە شوێنی پرسەدار ئەندامی نێرینەیەتی، کە بۆ سێکسکردن پەکی کەوتووە تازێ بارە، بۆیە ئەویش ژنێکی ڕەشی هێناوە و ئەندامی زاوزێی ژنەکەی وەک پارچەیەکی ڕەش و هێمای پرسەداربوون لەئەندامی زاوزێی خۆیەوە ئاڵاندووە.

پارەی دەوڵەمەند لە قـاسە دەنـوێ

فەقیر لێی دەدوێ تا چەنەی دەسوێ (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٦٣)

مەبەست لە وێنەکە هەوڵدانە و دوورکەوتنەوەیە لە باسی یەکتر و ئیرەیی بردن بەیەکتری. شێوە کاریکاتێرییەکەی لەوەدایە پارەکە لەناو قاسەدا و بێ کێشەیە ئەوەی باسی دەکات خەڵکی هەژار و دەستکورتە، تەنیا ماندوو بوون و چەنەبازی و قسەکردنی بۆ دەمێنێتەوە.

مـــەلا وەعظی دا کــە ڕووە و کــابە

میزکــردن کــفرە هــێجگــار خــراپە

کە چی خۆی ڕووە و قیبلە بە پێوە

میزی کرد چاویان لێ بوو لە دێوە!

وتیــان وەعــظی خۆت لەبیر نەماوە

وتــی مــن ســەریم بــۆ وەرگێڕاوە    (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٩٣)

بابەتەکە پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان خەڵکی و پیاوانی ئایینی، وێنە کاریکتێرییەکە لە (میزکردنی مەلادایە بە پێوە و ڕوو و ڕووگەی موسوڵمانان دواتر سەرسوڕاندنی ئەندامی نێرینەی)، کە پێشتر خۆی وەک تاوان ناساندوویەتی، بەڵام کاتێک ئاشکرادەبێت، دەڵێت من سەری ئەندامی نێرێنەم کەمیزم پێکردووە سوڕاندووە. مەبەستەکەش خستنەڕووی دوو ڕوویی پیاوانی ئاینییە لەوەی، کە بەخڵکی دەڵێن خۆیان بەکردەوە جێبەجێی ناکەن.

ئەفسانەی شەڕی ڕۆستەم و عەنتەر

دەوەن بە ئــاشــە وا کــەوتەوە گەڕ

لــە هــەمــوو خاکی عێـراقـا بـاوە

کــە ئــەڵێن ڕۆستەم عەنتەری گاوە

ئەم هەتیو بازییە لەوەوە داهات

بــۆیــە لە ئێران بووە بە بنیاد (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٢٤)

وێنەکاریکاتێرییەکە لە پەیوەندی نێوان ڕۆستەم و عەنتەر و باس و خواسی نێوانیانە دیمەنەکە(ڕۆستەم سواری عەنتەر بووە و گاویەتی)، مەبەستەکە خستنەڕوو و ڕەخنەگرتنە لە دیاردە و حاڵەتی نێربازی (هاوڕەگەزبازی)، کە لەوڵاتی ئێراندا هەبووە، مەبەستییەتی نەمێنێ و خەڵکی لێ ئاگاداردەکاتەوە، مەترسی بڵاوبوونەوەی لە وڵاتدا دەکات.

(کاک ئەحمەد) دوعای بۆ باجگر دەکرد

ئەیگوت بمێنێ و نەمرێ دەست و برد

نــەک یــەکێــکی تـر لە موسوڵمانان

وەک ئەو ڕێگر بێ و دەرچێ لە ئیمان (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٣٠)

وێنە کاریکاتێرییەکە لەوەدایە پیاو باشێکی وەک کاک ئەحمەدی شێخ نزای خێر و مانەوە و تەمەندرێژی بۆ کەسێکی باجگر بکات، کە پیشەی وەرگرتنی باج بووە لە خەڵکی، لە کاتێکدا باجگران مایەی ڕووتانەوە و پارەسەندن بوون لە خەڵکی. مەبەستی وێنەکەش بۆ سەرنج ڕاکێشانی خەڵکی و خودی باجگرانە، کە بەهۆی کارەکەیانەوە دەرچوون لە ئیمان و ڕێزی موسوڵمانان و کاک ئەحمەدی شێخ نایەوێت کەسێکی تر دووچاری هەمان تاوان ببێت. بۆیە نزای تەمەندرێژی بۆ ئەم کەسە دەکات.

بەڵام هەر وابین شاری کوێرانە

کەس کەس نابینێ شەڕە گۆچانە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٣٠٩)

مەبەستە ڕەخنەگرتنە لە نەزانی و دواکەوتوویی کۆمەڵ، خستنەڕووی دۆخەکە لە شێوەیەکی کاریکاتێریدا، لە ڕێگای وێنەی کۆمەڵێک کەسی نابیناوە، کاتێک دەبێتە شەڕیان بە هۆی گۆچانەکانی دەستیانەوە، کەس کەس نابینی و گۆچان دەوەشێنن جیاوازی ناکەن لە نێوان باش و خراپ و ئەوەی کەوتە بەردەستیان پیایدا دەکێشن.

ئـۆتـۆمبێـلچی قـۆنـاغ ئـەسـێنێ

بێ دەرپێش هەر جاو لەخەو ئەبینێ (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٢٣١)

لێرەدا مەبەست لە خستنە ڕووی جیاوازی نێوان خەڵکی پیشەوەر و خەڵکی هیچ نەزانە، بەراوردەکە لە شێویەکی کاریکاتێریدا دەخاتەڕوو. ئەوەی پیشەیەک دەزانێت وەک کاری فیتەری پارەیەکی باش وەردەگرێت و ئەوەی هیچ کارێک نازانێت و هیچ پیشەیەکی نییە لە هەژارییدا پۆشاک نییە لەبەریکات و لە خەویشدا خەون بە (جاو)، کە جۆرێکی قوماشە دەبینێت، یان بە لە پێکردنی دەرپێیەکی نوێوە.

وتەی پیاوانی کۆنە دوور لە ڕووت

ڕیشی تـەمـاعـکـار بە ڕەشی نابوت (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٣٤٥)

مەبەست لەم وێنەیە بە ئاگاهێنانەوەی کەسانی هەلپەرست و تەماعکار و قۆرغکاری بازاڕ و ئابورییە، دیمەنە کاریکاتێرییەکە لەوەدایە هەرکەسێک ئەم تایبەتمەندییەی تێدابێت ڕیشی دەنێرێت بۆ ڕەشی نابووت. مەبەستی لەوەیە ڕیشی بە قنگی کەسی ناشرین و بێزراو لە پای ئەو تەماعکارییەی.

هەرچەند پۆکەرچی کۆن زۆریان دەرچوون

تــازە پێــگــەیـوان وا لــە ڕست بەربوون

یــەکـێـکـیــان تـیــایــە ئـاگری بن کــایــە

کــە شــێــخ و مـــەلاش دێـنـێـتــە کـایــە

دووەمیــان قــووتــەی مـل نێـرکە کاردوو

سەر مارمێلکە و پشــت پــووچــی ماردوو (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٣٧٨)

ڕەخنە لە دیاردەیەکی دزێوی ناو کۆمەڵ دەگرێت، کە ئەویش قومارکردنە، هەروەها خەڵکی ئاگادار دەکاتەوە لە دووکەس، کە بەشێوەی کاریکاتێری وەسفیان دەکات. وێنە کاریکاتێرییەکە لەوەدایە کەسی یەکەم وەسف دەکات بەئاگری بن کا، هەروەها بە هۆکاری هەڵخەڵەتاندنی شێخ و مەلا و بردنیان بۆ قومار، دواتر وێنەی کاریکاتێری کەسی دووەممان بۆ دەکێشێت و مل قووت و سەرمارمێلکە و پشت پووچ وەسفی دەکات.

هەیە ڕەنگ پیاوە و جووتە وەشێنە

هەر بەدەماغ خۆی لە خەڵک خشێنە (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ٢٥٣)

وەسفکردنی کەسانی فیتنە و ئاژاوەگێڕ، بەمەبەستی خۆپاریزی لێیان و دوورکەوتنەوە لەو جۆرە کەسانە، کە بەشێوەیەکی کاریکاتێری وەسفیان دەکات، بەوەی لە شێوەدا وەک پیاو وان، بەڵام لەکردەوەدا جووتە وەشێن و خۆ لەخەڵک خشێنن.

هەندێ ناسراون بەخەڵک ئەوەڕن
نـانێ لـەبـەشەر بەشەڕ ئەپچڕن
گـۆڕی ئـەوانە بە (سەمەندۆک)ە
دەمیشیان بگری پڕ زگیان نـۆکە
بە بای نۆک ئەترن ئەدەن لە پۆوە
پیسایی توولە ئەکەن بـە بـۆوە (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ٢٨٨)

ئەم وێنەیە دیوێکی تری کەسانی بەدخوو پیشاندەدات، بەمەبەستی دوورکەوتنەوە و خۆپاریزی لێیان، کە سیفەتی زۆربڵێیان تێدایە، وەک ئەو پەندەی دەڵێت: دەمی بگری بە قوونی هاوار دەکات. پەندبێژ وێنە کاریکاتێرییەکە بەو جۆرە دەخاتە ڕوو، کەسێکە دەوەڕێت، دەترێت، وەک توولە سەگ وایە و پیسایی بۆگەن دەکات، بەهۆی وتەکانییەوە، کە خراپە تایبەتمەندی سەگی وەرگرتووە لە وەسفدا.

بەشێوەیەکی گشتی چ لەوەسفی شێوەی کەسەکان، یان کردەوەیان، پەندەکان و پەندبێژ یەک ئامانجیان هەیە ئەویش ئەوەیە، کە لەلایەک خراپەکارن ئاگادار دەکەنەوە لە خراپی کردەوەکانیان، بەمەبەستی وازهێنان و دوورکەوتنەوە لێی، هەروەها تەواوی خەڵکی ئاگادار دەکەنەوە لەو خووە خراپانە و پەنا نەبردن بۆی، لەهەمانکاتدا دوورکەوتنەوە لەو کەسانەی، کە هەڵگری ئەم خووە خراپانەن، چونکە مایەی زیانن بۆ خۆیان و بۆ خەڵکی و کۆمەڵ بەگشتی.

- **گیانلەبەران لەگەڵ یەکتریدا:**

جۆرە وێنەیەکی کاریکاتێرییە لە نێوان گیانلەبەراندا، کە وەک کاراکتەری سەرەکی وێنەکان بەکاردێن دیمەنە کاریکاتێرییەکە لەشێواندنی ڕووخساری گیانلەبەران، یان لە مامەڵەیان لەگەڵ یەکتریدا، یاخود لە وەسفی کردەوەکانیاندایە. بەشێوەیەکی گشتی گیانلەبەر و ئاژەڵەکان وەک هێمایەک بۆ مرۆڤ و کردەوەکانیان و بۆ ڕەفتاری مرۆڤەکان دەگەڕێتەوە، یاخود هۆی کردەوەکانیان بە دەست و فیتی مرۆڤەکانە. مەبەستیش لێی ئاگادارکردنەوە و دوورکەوتنەوە و ڕێگریکردنە لەم جۆرە ڕەفتارانە، کە پەندبێژ بەئامانجی گرتووە.

ئەوەی سەیرە مار دووپشک ئەبینێ
ورە بـــەر ئـــەدا دۆش دادەمـــێـنـێ
پێـــچـــی نـــامـــێـــنێ لێی درێژ دەبێ
لەترسی دووپشک حۆل و گێژ دەبێ (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٧٣)

وێنەکە لە نێوان دوو گیانداری خراپی ژەهراوییە، کە کوشندەن و دوژمنی مرۆڤن، دیمەنە کاریکاتێرییەکە لەوەسفەکەدایە، کە دەڵێ مار حۆل و گێژدەبێت، لەترسی دووپشک. لە ڕاستیشدا بەئاگاهێنانەوەی خەڵکییە لە دوورکەوتنەوە لە خراپە بەو پێیەی، کە دەڵێت: زاڵم زەواڵی بۆ دەبێ، دەیەوێ پەیامی ئەوە بگەیەنێت دەست هەڵگرن لە خراپەکاری، چونکە هەموو خراپێک لە خۆی خراپتری بۆ ڕێکدەکەوێت و ناتوانێت تاسەر بەردەوامبێت.

تـــانــجی لــە ڕاودا هونەر دەنوێنێ

نەتەوەی سەگە و گورگ ئەخنکێنێ (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ١٨٨)

لەم وێنەکاریکاتێرییەدا لەڕێگای وەسفی کردەوەی تانجییەوە، کە کاری ڕاوکردنە، بەڵام لە پێناو نواندنی ئازایەتییدا بۆ خاوەنەکەی سنوری هاوچەشنی خۆی دەبەزێنێ و گورگ دەخنکێنێت. لە ڕاستیدا مەبەستەکە ئەوەیە هەندێک کەس بۆ خۆنواندن و ئازایەتی هەمان کاری هاوشێوەی تانجی بۆ خاوەنەکەی دەکات.

گا لەسەر پشتی ماسی دانرێ

ترِە کەڵەکێ دیارە سەر ناگرێ (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢١٢)

ئەم وێنەیە وەڵامە بۆ بیری خورافی و پووچی هەندێک کەس، کە بڕوایانوابوو، دنیا لەسەر پشتی گایە و گا لەسەر پشتی ماسییە. لەم وێنە کاریکاتێرییەدا گا لەسەر پشتی ماسی دیمەنەکە دەخاتەڕوو و بەترِەکەڵەک ناوی دەبات و ئەو بیرە پووچە بەدرۆ دەخاتەوە.

مریشک ئەیخورا خۆی خستە ژێر قاز

بــۆ ئـــەوەی هێـلکەی گەورە بدا ساز

کــاتــێــکــی زانــی! هێـلکەی تیا جەڕا

بــە زۆر تــەقــەڵی بن کـلکـی پچڕا (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٣٧٤)

وێنەکە لەنێوان مریشک و قازدایە، دیمەنە کاریکاتێرییەکە لەوەدایە، کە دەڵێت: مریشک ئەیخورا، خۆی خستە ژێر قاز، هێلکەی تیا جەڕا، تەقەڵی بن کلکی پچڕا، سەرجەمیان دیمەنی گاڵتە ئامێز و پێکەنیناوین. مەبەستی بابەتەکە ئەوەیە کارێک، کە هی تۆ نییە و لەتوانای تۆدا نییە، ئەنجامی مەدە، چونکە زۆر لەخۆکردن دەبێتە مایەی زیانی گەورە و قەرەبووناکرێتەوە.

کیســـەڵ دووپشــکــی ئــەپــەڕانــدەوە

چــزووی لـــە پشــتی هــەڵ چەقاندەوە

پرسی: چی دەکەی؟ هەی بەد کردەوە

وتــی: چــزووی خــۆم تــاقــیکردەوە

درۆیشی دەکرد خووی ئەسـڵی وابوو

ئــەگــیـنــە قــیــنــی چــی لــە دڵا بوو؟ (پیرەمێردب١: ٢٠١٩، ٣٠٤)

وێنە کاریکاتێرییەکە لە نێوان کیسەڵ، کە هێمای ئارامی و خۆڕاگرییە لەگەڵ دووپشک، کە هێمای دوژمن و گیاندارێکی ژەهراوییە. دیمەنە کاریکاتێرییەکە لەوێدا ڕوودەدات، کاتێک کیسەڵ خەریکی ڕزگارکردنی دووپشکە ئەو هەوڵی ئەوەدەدا پێوەی بدات، بەڵام کاتێک ئاشکرادەبێت و دەزانێت پێوەدانەکەی بێ سوودە، چونکە پشتی کیسەڵ ڕەقە دەڵێت جزووی خۆم تاقیکردۆتەوە نەک بۆ پێوەدان، مەبەستەکە خستنەڕووی دۆخی مرۆڤی چاکەکار و ئارامگر و مرۆڤی سپڵەیە، کە سپڵەکان لە پاداشتی چاکە ئازار بەچاکەکار دەگەیەنن لە بری سوپاس.

داركێشی ناری نەمروود بوو ئێستر

گوێ درێژی گولە ڕەهبەری حوشتر (پیرەمیر،١: ٢٠١٩، ٨٠)

وێنە کاریکاتێرییەکە لەوەدایە، گوێدرێژ بووە بە ڕابەر و پێشڕەوی وشتر، کە بەبەراوردی پەندبێژ کارەکە نالۆژیکییە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، کە ئێستر کاتی خۆی داری کێشاوە بۆ ئاگری نەمروود و سووتاندنی (ئیبراهیم پێغەمبەر) لەبەرانبەر ئەم کارەدا سزادراوە و کەر لەجێگای دانراوە. ئەمەش لەلایەک بنەمای پاداشت و سزا دەخاتە بەرچاو، لەلایەکی ترەوە ڕێگری دەکات لەهاوکاریکردنی کاری خراپە، بەڵام ئەم دیمەنە کاریکاتێرییەی کردووە بە ڕێگای دەربڕینی مەبەستەکەی.

حوشتر لە ڕەنجا بۆیە نــاسرەوێ

بەو زلحۆرتییە دوای کەر ئەکەوێ (پیرەمێرد،ب٢: ٢٠١٩)

دیسانەوە پەندبێژ وێنەی شوێنکەوتنی حوشتری دوای کەر هیناوە و دیمەنێکی کاریکاتێری لێ دروستکردووە. وشەی (زلحۆرت)ی بۆ بەکارهێناوە، کە ئەوەندەی تر دیمەنە کاریکاتێرییەکەی زەق کردۆتەوە. ئەمجارە هۆکارەکەی دەگێڕێتەوە بۆ دەبەنگی حوشتر، کە ژیری لەگەڵ لاشەیدا یەکناگرێ و هاتووە شوێن کەر کەوتووە. ئەمەش مەبەستی پەندبێژ دەخاتە ڕوو، کە چۆن کەسانێک بەهەوڵ و تێکۆشانی خۆیان ڕەنج دەدەن و خۆیان دروستدەکەن، بەڵام چونکە دوای کەسانی نەفام و نەزان دەکەون هەرگیز پشوونادەن ناحەوێنەوە.

کەری گول کە پێش حوشتر ئەکەوێ

بــەوە قــیـمــەتی حوشتر نانەوێ (پیرەمیرد،ب٢: ٢٠١٩، ٢٦٢)

بەڵام ئەمجارە هەمان وێنەی کاریکاتێری پێشووی هێناوەتەوە و پێچەوانەی کردۆتەوە، کە پێشکەوتنی کەرێکە و لەبەردەم حوشترەوە دەڕوا، دەڵێت بەم کارەش سەنگ و پێگەی حوشتر نایەتە خوارەوە. لێرەدا لەتەک دیمەنە کاریکاتێرییەکە پەیامێکی هەیە، ئەویش ئەوەیە ڕەنگە هەندێ کەس بەهۆی بارودۆخ و زەمینەیەکەوە پێش کەسانی خاوەن جێگە و پێگە بکەون، بەڵام هەرگێز ئەمە لەسەنگی ڕاستەقینەی کەسانی زانا و دانا و خانەدان کەم ناکاتەوە.

ئەگەر کەڵبەی گورگ نەشکێنێ بە دار

دەســـت هـــەڵناگـــرێ لە مەڕی هەژار (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ١٠٨)

وێنەکارێکاتێرییەکە لە شکاندنی کەڵبەی گورگدایە بەدار، پەیوەندییە ڕواڵەتییەکە لە نێوان گورگ و مەڕدایە، گورگ هێمای دڕندەیی و ستەمکاری، مەڕ هێمای هەژاری و کۆمەڵی شوێنکەوتوو، مەبەست سنوردانانە بۆ کەسانێک، کە ستەم لە کۆمەڵ دەکەن دەیچەوسێننەوە، بەرپەرچدانەوەیانە بەهێز و تەمێ کردنیانە.

ئـەیــانوت ســـەگەل ڕاوە ورچ ئەکەن

ورچ سەگی خەساند، گونیان چرچ ئەکەن (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ١٢٣)

وێنەیەکی کاریکاتێرییە لە نێوان سەگەل و ورچ، لە وێنەی یەکەمدا سەگ، کە بچوکترە و تەنها وەڕینەکەی دیارە و لە بەرانبەر ورچدا توانای نییە، بەڵام بانگەشەی ئەوەکراوە، کە ڕاوی ورچ بکەن، کە گیاندارێکی بەهێز و دڕندەیە. وێنەی دووەم پێچەوانە بوونەوەی وێنەی یەکەمە، کە ورچ توانیویەتی سەگ بخەسێنی و لەسیفەتی نێرینەیی بخات و سەگەلیش لەترسا گونیان چرچ کردووە. مەبەستە خستنەڕووی واقعێک بووە، کە کۆمەڵێک هەڵەوەڕ و زۆر بڵێ ویستوویانە بەگژ خەڵکانی بەدەسەلاَت و خاوەن هێزدا بچن و لەسەر کار لایانبدەن، بەڵام دیمەنەکە پێچەوانە بۆتەوە، پەیامەکەش ئەوەیە، ئەوەندەی کردەوە گرنگە قسەکردن و هاتوهاوار سوودی نییە.

چەقەڵ کە فرسەت لە مریشک ئەبینێ

لـــە پێشـــدا بـــەڕیز ئـــەیـــان خنکێنێ

نـــازانێ ســـەگـــی چـــەقـــەڵ کوژ هەیە

ئـــەوی بـــە (وەیـــە) گـــۆڕی ئـــەوەیە (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٢٤٧)

دوو وێنەی کاریکاتێری بەدوای یەکدا وێنەی یەکەم چەقەڵی پەلەوەر خۆر پەلاماری مریشک دەدات بەڕیز ئەیان خنکێنێت، وێنەی دووەم سەگی چەقەڵ کوژ هەیە، ئەوەی بە ئازارە و (وەی)، کە هێمای دەربڕینی پێگەیاندنی ئازارە بەکەسێک، یان گیانلەبەرێک، بەخەڵک دەگەیەنێت. هەر ئەو شوێنە دەبێتە شوێنی گۆڕی خۆی. ئەگەرچی وێنەکە لە ڕواڵەتدا لە نێوان ئاژەڵێکی گۆشتخۆر و پەلەوەرێکدایە، بەڵام وێنەکە پەیامێکە بۆ ئەوانەی ئازار بەخەڵکی دەگەیەنن و پێیاندەڵێت: لە هەرکۆی ئازارتان گەیاند و خەڵکیتان ناڕەحەت کرد هەمان جێگا دەبێتە شوێنی گۆڕی خۆتان و لەوێدا دەمرن.

مـــاسی کـــە زل بـــوو بـــرا بۆ دەریا

(ئەژدەها)یش بە زۆر بۆ دۆزەخ بریا

(زەروو) خوێنی پیس لە لەش ئەمژێ

(کـــوڵـــە وەیـــبـــابـــە) کـــە پیاو ئەکوژێ (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٢٥١)

وێنەکە لە نێوان (ماسی، ئەژدەها و زەروو)دایە، دیمەنە کاریکاتێرییەکە لەوەدایە ماسی، کە گەورە دەبێت دەبرێت بۆ شوێنی گەورەتر، کە دەریایە، تا ئاسوودەتر بژیت، بەڵام مار، کە گەورەدەبێت بە زۆر دەیبەن بۆ دۆزەخ، تا بسووتێت، ئەمەش پێچەوانەی گەورەبوونی ماسییە، هۆی ئەمە لەوێنەی دووەمدا وەڵام دراوەتەوە، کە سوود و زیان بە گەورەیی و بچوکی نییە، زەروو چەندێک بچووکە سوودی هەیە و خوێنی پیس دەمژێت. ماریش، کە گەورە بوو بەخەڵکەوە دەدات و خەڵک دەکوژێت. مەبەست لەم وێنەیە گەیاندنی پەیامێکە مەرج نییە ئەوەی لە قەبارەی خۆی گەورە بوو سوودی هەبێت، بۆیە پێویستە هەندی کەسی هەڵتۆقیو سزا بدرێت و لەناو ببرێت، تا زیان بەخەڵکی نەگەیەنن و نابێت بچووکیش فەرامۆش بکرێت، چونکە زۆر جار ئەوانەی ئێمە پێمانوایە بچووکن کاری زۆر گەورە و سوود بەخش دەکەن.

دووپشکی هێنا کوێری بێ حەیا

بـێ قـرە و بـرە بە خەڵکەوە با (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٢٨٢)

وێنە کاریکاتێرییەکە لەوەسفی دووپشکدایە، کە بە کوێری بێ حەیا وەسفی دەکات، بۆیە هێنراوە، کە ئازاری خەڵکی بدات. مەبەستەکەش کاربەدەستێکی وەختە، کە بێ ئابڕوو و دڕندە بووە، وەک دووپشک ژەهراوی بووە خەڵکی لە دەستی بێزاربوون.

ڕێـوی تـەڵـەبـاز بـوو بە فاقـەوە

نـاسـرەوێ بـەدەم واقـە واقـەوە

دەڵـەکـیش کـاتی کـە گیرا ئەتسێ

کەروێشکیش تانجی دی ئەحەپەسێ

کـەمـتیار دەنـگی خۆشی پێخۆشە

قـولە پێی ئەسمن هێشتا بێ هۆشە (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٣٢٠)

چەند وێنەیەکی کاریکاتێری بەدوای یەکدا هاتوون، کە سەرجەمیان ئاژەڵن هەریەکەیان دیمەنێکی پیکەنین ئامێزییان هەیە، وەک: ڕێوی و بوون بە تەڵەوە و واقەواق، دەڵەک و تسین، کەروێشک و حەپەسان لە ترسی تانجی، کەمتیار و قولەپێ سمین (کونکردن). مەبەستەکەش ئەوەیە هەموو بوونەوەرێک لەترسی بوونەوەرێکی تر ئەتاسێ و دەوەستێت واتە هیچیان ناتوانن، تا سەر لەسەر دۆخێک بەردەوام بن، بەڵام پەیامەکە لێرەدا ئەوەیە گفتوگۆ و قسەی خۆش باشترینە، نەک ترس و هەڕەشە. ئەوەتا کەمتیار بەدەنگی خۆش دەتوانرێت قاچەکانیشی بسمی و هیچ ناڵێت ئەمە بۆ مامەڵەی نێوان مرۆڤەکانیش ڕاستە و تەواوە.

بـزنیـان سـواری گامێش کردووە

تۆیش سواری ئەبی کەچی مردووە

لە بەرەو ژوورا، کە هەموو ئەسپێ

قوشقونی شلە و بەرەی ئەچەسپێ

ئەو بە عەکسەوە دێتە گەرد و خول

لە شاخ قوشقونی توندە و بەرەی شل (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ١٢٠)

وێنە کاریکاتێرییەکان لە سواربوونی ئەسپ بۆ پشتی گا، دیمەنی زینی ئەسپ کاتێکی بەهەورازدا سەردەکەوێت. مەبەستەکە کەسانێکی سیاسی و کاربەدەستە، کە لە پێناو پلەو پۆستدا پێچەوانەی ئەسپ هەمووشتێک ئەبەخشن و دادەنێن، تەنانەت ئابڕوو و کەرامەتی خۆشیان، پەندبێژیش ڕووی ڕاستەقینەیان بۆ خەڵکی دەخاتە ڕوو.

دنیــا کــەوتبووە شــەڕە کەڵەشێر

سەری جووجەڵە ببوە کەللەی شێر (پیرەمیرد،ب١: ٢٠١٩، ١٨٧)

وێنەکە لەنێوان کەڵەشێر و جووجەڵەدایە، دیمەنە کاریکاتێرییەکە لە شەڕە کەڵەشێر و دواتر لە شێوەی جووجەڵەدایە، کە سەری بووە بەکەلەی شێر. مەبەستەکە حستنەڕووی خووی ناپەسەندی خەڵکییە لە پێناو چێژ و خۆشی خۆیان پەلەوەرەکان تێکبەردەدەن و ئازاریان پێدەگەیەنن و ئاگادارکردنەوەیە لەوەی ئەمە کارێکی ناپەسەند و نادروستە.

- **مروڤ و بیروباوەڕی پووچی پێشینان**

ئەم جۆرە وێنەیە، کە کاراکتەرەکەی خەڵکی ساویلەکە و بیر و باوەڕەکەیەتی لە ڕێگای خستنە ڕووی بیروباوەڕی ئەم کەسانە بەشێوەیەکی کاریکاتێری و گاڵتەئامێز تێڕوانینیان بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان و هەڵوێست و دیاردەکان دەخاتە ڕوو و دەیانخاتە بەر نەشتەری ڕەخنە و پەندەکان لێرەدا مەبەستیانە ئەو بیروڕایانە، کە پڕ و پووچن ڕەتبکەنەوە و ڕێگرییان لێبکەن.

لـە دەزووی گیپە لــەرز و تـا ئەبڕین

بە ئاوی دەستنوێژ چاوەڕێی گۆڕین

کـفتەی جـوولەکە بۆ سێ بەڕۆ دار

بــۆ خــۆشەویستی کــوزە کــەمتیار

بــەشــەو شــەمالەی کۆڵانان ئەگرین

لــەبــەر ئــازایی جــەردەکان ئەمرین (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٣٦٧)

کۆکردنەوەی چەند وێنەیەکی کاریکاتێرییە لەم چەند پەندەدا، وێنەکان لەوەوە سەرچاوەدەگرن، کە ڕەخنە لە بیروباوەڕی پووچی خەڵکی دەگرن. لە پەنا بردن بۆ هەندی شتی سەیر و سەمەرە بۆ شیفای نەخۆشی و بەدەستهێنانی بەهەشت و دڵی یار و پەنابردن بۆ فالگرتنەوە، بۆ هێنانەدی ئامانجیان، کە ئەمانە گشتیان درۆن و دوورن لە ڕاستییەوە. دیمەنە کاریکاتێرییەکان لەوەدایە، کە بۆ لەرزوتا پەنا ببەن بۆ دەزووی گیپە، تاوان بکەن و بڕوایان وابێت بە ئاوی دەستنوێژ و نوێژکردن دەچنە بەهەشت، نەخۆشی سێ بەڕۆت هەبێ بڕوابکەی بەکفتەی جوولەکە چاک دەبیتەوە، بە کوزە کەمتیار دڵی کچان بەدەست بهێنێت و بۆ

ئاینده فاڵ بگریتەوە، بەڵام ترسنۆک هیچ لەبارانەبووبێ و لەترسی جەردە و پیاو خراپ بمریت نەک بەرگری بکەیت، مەبەست لەم وێنانە دوورکەوتنەوەیە لەو بیرو باوەڕە پووچانە و ئاگادارکردنەوەیە لە هەڵەیەک، کە نابێت لەسەری بەردەوام بن.

سـەیری نادان کە، خـەم ئـەڕەوێنێ
(تــەرسـەقول) ژانی چـاو ئەشکێنێ
(مـێـبـاز) بـەئـازا نـاوی ئـەبـرێ
ژن لێی دەرکەوێ، شاربەدەر ئەکرێ (پیرەمیرد،ب١: ٢٠١٩، ٢١٨)

وێنە کاریکاتێرییەکان سەرجەمیان ڕەخنەگرتنە لەبیر و باوەڕی ساویلکەیی خەڵک و هاوکات ڕەخنەگرتنە لە هەندێ دابونەریت و بەشێوەیەکی گاڵتە ئامێز خراونەتە ڕوو. دیمەنە کاریکاتێرییەکان لەوەدایە کەسی نادان و بەدناو شایستەی هیچ ڕێزگرتنێک نییە. بەڵام لای هەندێک مایەی ئارامی و خەم ڕەواندنە. تەرسەقول، کە پاشەڕۆی گوێدرێژە، خەڵکانێک بۆ ئازاری چاو ئێشە بەکاری دەهێنن، پەیوەندی خۆشەویستی، کە لەنێوان دووکەسدا و ڕەگەزی نێر و مێدا دروست دەبێت، پیاوەکە بە مێباز و پاڵەوان سەیر دەکرێت لەو پەیوەندییەدا و لەهەمانکاتدا و لەهەمان پەیوەندیدا، کە ئافرەتەکە لێی دەردەکەوێت، شاربەدەری دەکەن و زۆرجار دووچاری کوشتن و لەناوبردنیش دەبێتەوە بەهۆی هەمان کارەوە و وەک تاوانبار سەیردەکرێت.

سـاڵانی پێشوو بەختمان یار بوو
حـەکیمەکانمان نە خوێندەوار بوو
بە نوشتەی شێخێک یا لەرز بڕینێ
نــە دەمــا دەرد و ژان و بــرینێ
هێلانە قوڵتە لـەگـەڵ شیری کـەر
دەردە بـاریـکەی لا ئەبرد لەسەر
ئەو سا (شرینقە) شەو هەر بۆ ژن بوو!
ئێســتا نێــرینە لــەشــی کون کون بوو!! (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٢٨٥)

لەچەند وێنەیەکی کاریکاتێریدا وێڕای ئەوەی دۆخی حەکیمەکان دەخاتە ڕوو، بیروباوەڕی خەڵکیش پیشاندەدات، کە بەنوشتەی شێخ و لەرزبڕین و هێلانە قوڵتە و شیری کەر وەک بەشێکی لە بڕوای خەڵکی پەنای بۆ براوە، هەروەها بەوەشەوە ناوەستێت وێنەیەکی تری کاریکاتێری دەخاتەڕوو، کە دەڵێت جاران شرینقە شەو هەربۆ ژن بوو مەبەستی جووتبوون و سێکسکردنە، وەک تەنزێک بەکارهاتووە، بەڵام ئێستا نێرینە لەشی کون کون بووە، بەهۆی نەزانی پزیشک و دکتۆرەکانەوە. وێڕای دیوە کاریکاتێری و گاڵتە

ئامێزییەکەی مەبەستی پەندەکە ئەوەیە، لەگەڵ ئەوپەڕی نەخوێندەواری و دۆخی خراپی حەکیم و بڕوای خەڵکی لەڕووی تەندروستییەوە خەڵکی باشتر بوو، بەرانبەر بە ئێستا، کە دکتۆرەکان لەناودان، ئاگادارکردنەوەیەکە بۆ کاربەدەستان، کە خەم لە دۆخی تەندروستی بخۆن و هەروەها پەیامێکیشە بۆ دکتۆرەکان، کەزیاتر بایەخ بە نەخۆش و زانستەکەیان بدەن و لەو ڕووەوە خۆیان بەرەو پێش ببەن.

- **مرۆڤ و ماددە:**

ئەو جۆرە وێنەیە، کەشێوەی مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ ماددەدا و شێوەی هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان لەو ڕووە و بەشێوەیەکی کاریکاتێری دەخاتەڕوو، یان دەرەئەنجامی مامەڵەی مرۆڤەکان بەشێوەیەکی کاریکاتێری دەخاتەڕوو، کە بەهۆی خراپ ڕەفتارکردنییەوە لەگەڵ ئەو شتانە دووچاری هاتووە، مەبەستیش لەم وێنانە سنوردانان و ڕاستکردنەوەی شێوەی ڕەفتارە لەگەڵ ماددە و شتە بێ گیانەکان.

کــە بــەڕۆژ چرای نەوت بسوتێنین
لــە تــاریکیــدا دۆش دادەمــێـنــین
ئەڵێن: ئەم بەفرە لە پێشدا ئارد بوو
قونیان پێ سڕی بێ پێز و سارد بوو (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٥٨)

لەم پەندانەدا دوو وێنەی کاریکاتێری هاتووە، وێنەی یەکەم مامەڵەی مرۆڤە لەگەڵ چرادا، کە داگیرساندنیەتی بەرۆژ، لەکاتێکدا پێویست نییە و ناچار شەو نەوتی لێ دەبڕێت و بەتاریکی دادەنیشێت. دواتر وێنەی مامەڵەی مرۆڤە لەگەڵ ئارددا، کەسەرچاوی خۆراک و مایەی ژیانە بەهەند وەرنەگرتنییەتی دیمەنەکە لەوەدایە، کە قونیان بە ئاردەکە سڕیوە و ئەویش بووە بە بەفر. مەبەستی ئەم پەندانە لەوەدایە، کە بەخششەکانی خوای گەورە، کە پێمان بەخشراوە قەدریان بگرین و لەکاتی پێویست بەکاریبهێنن، لەکاتی ناپێویستدا بەکاری نەهێنن، چونکە ئاگادارمان دەکاتەوە لەوەی ئەم بەخششە خوداییە نامێنێت خوای گەورە لێمان دەشارێتەوە.

ئەوی ئەیەوێ خۆی بەرز بنوێنێ
ئەســپە دارینە مــلی ئــەشـکێنێ
بەرزیی ئەوەیە کــە خــوا بتداتێ
نەک ماین چەقەڵ بتگێڕێ ساتێ
کە دار هەنجیرت سوتاند، پیاوی قۆڕ
زگی دەست ئەکا بە با و قۆڕەقۆڕ (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٣٤٧)

چەند وێنەیەکی کاریکاتێریمان هەیە لەم پەندانەدا، بەهۆی مامەڵەی مرۆڤەوە لەگەڵ شتەکان وەک: مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ ئەسپەدارینە و مل شکان، مرۆڤ و ماین چەقەڵ، سووتانی دار هەنجیر و پیاوی قۆڕ. مەبەستی ئەم وێنانەش ئەوەیە، هەمووکەسێک بەوەی خۆی چۆن هەیە و چییە قسەبکات و خۆی

بناسێنێت نەک شانازیکردن بەڕابردوو و ژیان لەخەون و خەیاڵدا، چونکە ئەگەر خۆت هەڵکێشێت کاتێک دەبێت ڕووی ڕاستەقینەت دەرکەوێت وەک چۆن پیاوی قۆڕ لەکاتی دوکەڵی ئاگری دارهەنجیردا دەردەکەوێت و سکی دەست دەکات بە با و قۆڕەقۆڕ.

پارووی زل گەرووی تەنگ ئەدڕێنێ

زۆریشــی لــێ بکەی پیاو ئەخنکێنێ (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٦٤)

ئەم وێنە کاریکاتێرییە، خستنەڕووی چۆنییەتی مامەڵەی مرۆڤە لەگەڵ خواردن، ئەگەر لەبەر خواردنەکە و خۆشییەکەی پارووی زل بکەی گەرووت دەدڕێت، خۆ ئەگەر هەر زۆریشی لێبکەی خراپتر لەوە یەکجاری لەناوت دەبات و دەتخنکێنێت، مەبەستی ئەم پەندە ئەوەیە لەسنورێکی دیاریکراودا خواردن و خواردنەوە بخورێت و زیادەخۆری و هەڵەشەیی نەکرێت لە خواردندا.

کە زیادەخۆری لە حەد سەرکەوێ

حەبی ڕەوانی و حوقنەیان ئەوێ (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٧٥)

ئەم وێنە کاریکاتێرییە لە دیمەنی حۆقنەکردندایە (قنگ چەورکردنی کەسێک تا لەقبزی ڕزگاری ببێت) تەواوکەری وێنەی پێشووە، لە مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ خواردن، ئەگەر هاتوو هەر زیادەخۆریی کرا و گەرووی نەدڕاند و مرۆڤەکەی نەخنکاند، ئەوا دواجار لە گەدەیدا گرفت دروست دەکات و خواردنەکە هەرس ناکرێت. دووچاری قەبزی دەکات و دەبێت هۆقنە بکرێت، کە ئەمەش کرۆکی وێنەکەیە، مەبەستی سنوردانان بۆ نان خواردن و زیادەخۆری نەکردنە.

لەتێکڕای وێنەکان شێوەی مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ شتەکانی دەوروبەری خراوەتەڕوو لەو بارانەدا، کە بەگونجای ڕەفتاری نەکردووە و بەم هۆیەشەوە، دووچاری دەرئەنجامێکی خراپ هاتووە، پەندەکان لە ڕێگای وێنەی کاریکاتێرییەوە سەرنجی خەڵکی بۆ ئەم دیاردانە ڕادەکێشن و نادروستیان دەخەنەڕوو، هەوڵی ڕاستکردنەوەیان دەدەن.

- **مرۆڤ و ژینگە و سروشت:**

ئەم جۆرە وێنانە بریتییە لە خستنەڕووی پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ سروشت و لێکدانەوەی بۆ دیاردەکان، یاخود خستنەڕووی دەرئەنجامی ڕووداوەکانی سروشت، کە بەسەر مرۆڤیدا دەهێنێت. پەندبێژ بەشێوەیەکی کاریکاتێری دەیانخاتەڕوو، مەبەستیشی ئەوەیە ئامادەکاری بکرێت، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوە سروشتییەکان و هەروەها زۆرجار بابەتی خواکرد و سروشتی دەگوازێتەوە بۆ سیفەتەکانی مرۆڤ و لەوێوە پەیامی ئاگادارکردنەوە و دوورکەوتنەوە لەو دیاردانە ڕادەگەیەنێت.

دومــەڵان بــۆیــە پێــی دەڵێن زۆڵە

بەبێ تۆو دەڕوێ لەو دەشت و چۆڵە

ئـەڵـێن گـوڵـەژەن لــە هەموو ماڵێ
ئـەگـەڕێ و دەرپێـی لـێ دادەماڵێ
من بۆیە بستەم هێندە خـۆش ئەوێ
چـی لــە دڵدایە ڕاست دەردەکـەوێ (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٨٦)

لەم چەند وێنەکاریکتێرییەدا، کە لەم پەندانەی سەرەوەدا هاتوون، چەند دۆخێکی سروشتی و خواکرد هەیە، پەندبێژ بەشێوەیەکی کاریکاتێری و شیکردنەوەیەکی گاڵتەئامێزیان بۆدەکات، کە سەرنجی بەردەنگ و خوێنەر بۆلای خۆی ڕادەکێشێت، وەک: دوومەڵان و زۆڵێتی، گوڵە ژەن و دەرپێ داماڵێن، دەرکەوتنی دڵی بستە، کە بێگیانە. لە ڕاستیشدا مەبەستی خودی مرۆڤە لەهەر یەک لەوێنانەدا، لە ڕێگای هێماوە کۆمەڵ ئاگاداردەکاتەوە لە دوورکەوتنەوە لە خستنەوەی منداڵی زۆڵ و بەدڕەوشتی و هاندان بۆ سینە سافی و یەک دڵی.

بێستان ڕن گورزی خۆی دەوەشێنێ
بـۆ زرکێ بنـکی لــەبـن دەردێنێ (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٤٣)

وێنە کاریکاتێرییەکە لەم پەندەدا لەکاڵەک دزین و شێواندنی بنکی بێستانەکەیە. مەبەستیش پەنجە خستنە سەر ئەم دیاردە ناشرینەیە، کە ڕەنجی شانی جوتیارێک لە ڕێگای دزییەوە بەتاڵان ببرێت و ئەوەندەش دڵڕەقی بەکاربێت، بنکەکە بەڕەگەوە لە زەوی دەربهێنرێت لە پێناو بەدەست هێنانی دەستکەوتێکی حەرامدا.

ڕەشـــەبـا کــەیـفی شەوی لێ تێکدام
ناچار وەک قازی کوێر شەو بە تەنیام
داخــەکــەم شــووتی و کاڵەکەم تەپی
ترۆزی کۆن بوو، سیس بوو بە ڕەپی! (پیرەمیرد،ب١: ٢٠١٩، ٨٩)

وێنەکان پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشتە، دیمەنە کاریکاتێرییەکە لەو واقیعەدایە، کە بەهۆی ڕەشەباوە، شەو بەتەنیا وەک قازی کوێر ماوەتەوە، هەروەها ترۆزییەکەی، کە پێشتر ڕەپ بووە، سیس بووە لە ئێستادا. مەبەستی میوە و سەوزەیە، کە بەهۆی ڕەشەباوە تێکدەچێت، بەڵام بەو شێوەیە گوزارشتی لێکراوە، دەیەوێت ئاگاداری بداتە خەڵکی لە خۆپارێزییان لە بارودۆخەکانی سروشت.

هــەورە تریشــقە گـرمــەی براوە
بۆیــە (دوومـــەڵان) لێمــان تۆراوە
دوومـــەڵان نــاوی دەمەل بە کۆڵە
بەبێ تۆ و ڕیشەی دەردەچێ زۆڵە
کــەچــی بــرەوی زۆرە ئــەمــەندە
لــەبــەر زۆڵــییە کــەوا پــەســەندە (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ٢٥٤)

دۆخێکی سروشتی و هەورەگرمە و پەیدابوونی دومەڵانە، دیمەنە کاریکاتێرییەکە لەوەدایە خواستی خەڵکی بۆ ئەم بەرهەمە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، کە زۆڵە، مەبەستەکەشی ئەوەیە ئێستا خەڵکی مامەڵەیان بەجۆرێکە کەسانی زۆڵ و بێ ئەسڵ و فەسڵ شوێنی کەسانی خاوەن قەدر و ڕێزیان گرتۆتەوە. ئەمەش لە ئەنجامدا گەل دووچاری گەندەڵی و بەلاڕێدابردنی خواستە ڕاستەقینەکانی دەبێت بەم هۆیەوە.

هەور گـرماندی ترسنۆک تۆقی

وتم ئۆخەی وا قارچک هەڵتۆقی (پیرەمیرد،ب١: ٢٠١٩، ٦١)

وێنەکە خستنەڕووی دۆخێکی واقعی و سروشتییە، کە دوای گرمەی هەور قارچک هەڵدەتۆقێ، بەڵام دیمەنە کاریکاتێرییەکە لەوەدایە، کە مەبەستی مرۆڤە. لێرەدا دوای ئەوەی لێیان تورەدەبیت و هێزت هەیە بەسەریاندا وەک قارچک هەڵدەتۆقن، یاخود بە دیوێکی تردا زۆر جار لەپەنای هەندی دۆخ و گۆڕانکاری و دەستکەوتی لەپڕدا کەسانی تازە پیاکەوتوو پەیدا دەبن و خۆیان دەکەن بە خاوەنی دەستکەوتەکان.

- **مرۆڤ و دۆخ:**

ئەو جۆرە وێنەیە، کە وێنەی دۆخە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ، کە لەژیانیدا دووچاری دەبێت. بەشێوەیەکی کاریکاتێری دەخاتەڕوو، کە بەهۆی ڕووداوگەلی جۆراو جۆر، یان لەدەرەنجامی مامەڵەی مرۆڤەکان و بڕیاری هەڵەیان هاتۆتە ئاراوە، مەبەستیش لەم وێنانە ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و خۆپارێزی و ئامادەکارییە بۆ هەر ئەگەرێک، کە لە ئایندەدا ڕوودەدات.

ئـەوانــەی کـە شێو بە پشێو ئەکەن

فـیـکە بــەبـرای نـیـوە لـێو ئەکەن

زسـتــان خـستنیە تـاریک و لـێوە

صەد کوێر چاوساغێ نـابا بە ڕێوە

کە هات سەر مەلا دەستنوێژی شکا

ئـیـتـر کـی نـوێـژی ئـەکـا لـەتەکا (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٧٢)

وێنەکان باس لە چەند دۆخێک دەکەن، کە بەدەستی خودی مرۆڤەکان هاتۆتە کایەوە یان لە ئایندەدا دێتە کایەوە، دیمەنە کاریکاتێرییەکان لەوەدایە، کە لەناو هەمووان فیکە بە برای بێ لێو لێبدەیت، نابینایەک لە تاریکە شەودا بکەیتە چاوساغ و ڕێ نیشاندەر، یان پێش نوێژی بە مەلای بێ دەستنوێژبکەیت، مەبەستی وێنەکەش بەئاگاهێنانەوەی خەڵکییە لەوەکەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو دابنرێت، نەک بەپێچەوانەوە.

بناوان شـل بـێ ئـاوی لـێ ئەڕوا

پێش (قەتار) شەل بێ ئەکەوێتە دوا

سـەر مــەلا کــە بای لێ بەربێتەوە

نـوێـژی جـەمـاعــەت ئـەبـڕێتەوە  (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ٢٧٦)

وێنەکاریکاتێرییەکە بۆ خستنە ڕووی دۆخی کۆمەڵگایە لە ڕووی پێشەوای خەڵکییەوە کۆمەڵایەتی بێت. یاخود ئایینی، بەڵام وێنەکە بەشێوەیەکی کاریکاتێری خراوەتەڕوو. دیمەنەکە لە شەلی پێشەوا لەکاتێکدا دەبێت کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت پشوویان پێبدرێت و نەکرێنە بواری سەربازییەوە، هەروەها بێ دەستنوێژی مەلادایە، مەبەست لەم پەندەش کەسی شیاوە بۆ شوێنی شیاو و هەرکەس ئەرکێکی پێسپێردرا، دڵسۆزانە کارەکەی ڕاپەڕێنێت.

هەموو چشتێکمان وەک بەرد گرانە
بـۆ قوڕبەسەری هەر قوڕ هەرزانە
دارچی و خەڵوزچی ئەمەیان بەش بێ
داریان تێ بڕێ و ڕووشیان ڕەشبێ (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ١١)

خستنەڕووی دۆخی گوزەرانی خەڵکە لەگرانی و قات و قڕیدا ئەوەی زیانی بەردەکەوێت خەڵکە، ئەوەی هۆکاری زیان گەیاندنە هەر خەڵکە. دیمەنە کاریکاتێرییەکە لەوەدایە، کە دەڵێت بۆ قوڕبەسەری هەر قوڕ هەرزانە، هەروەها لەوەی، کە دار لە خەڵوز فرۆش و دارفرۆش ببڕدرێت و ڕوویان ڕەشبێت. مەبەستەکەش ئەوەیە، کە بازرگان و شت فرۆشەکان لەوە بەئاگادێنێتەوە نابێت هەلپەرست بن و بارگرانی زیاتر بخەنە ئەستۆی خەڵکی هەژار و نەدار.

لـیسی کـوێـریمان لـێ کەوتۆتە ناو
کەس ناپارێزێ، ئەشکێ سەر و چاو
ناچارین ئێمەش لە ڕاستی کوێران
بۆ پارێزگاری دەست بەینە گۆچان
چاومان لەوە بوو کە کوێخای خێڵێ
سەگ دەرکا و نووزەی نازی نەیێڵێ
کەچی وا حۆل بوو زەق زەق ئەیڕوانی
لــە چــەند و چــوونی ئێـمەی نــەزانی (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٣٦)

وێنەکان باس لە دۆخێک دەکەن، کە ستەمکاری و ئازاردانی خەڵکی گەیشتۆتە قۆناغێک، کە جیاوازی ناکات لەنێوان چاک و خراپدا و گەورە و سەرۆک خێڵیش بەئەرکی گەورەیی خۆی هەڵناستێت. دیمەنە کاریکاتێرییەکە لەوەدایە، کە کوێر دار ئەوەشێنێت لەبەرانبەردا خەڵکی گۆچان ئەوەشێنێت بووە بەشەڕە لیس و گۆچان، گەورەی خێڵیش حۆل و گێژ و چاوی زەق ئاگای لەهیچ نییە، مەبەست لەم پەندە بەئاگا هێنانەوە گەورە و سەرداری گەل و هۆزە و لەئەرکی بەرپرسیارێتی.

بــەرتیلیش مایەی گڕ و پفێکە
ئەنجامی هەردوو دنیای تفێکە (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٣١٤)

وێنە کاریکاتێرییەکە لەخستنە ڕووی ئەنجامی بەرتیلە، کە تەنیا تفێکە بۆ ڕووی بەرتیل خۆر چ لە دونیا و چ لە دواڕۆژ، مەبەستی پەندەکە ڕێگری و ئاگادارکردنەوەیە لە خراپی دەرئەنجامە نەشیاوەکانی بەرتیل خواردن.

ئـەڵێن ڕەمەزان لاقێکی دەیە

ئی دی بزانی سێ لاقی هەیە (پیرەمێردب١: ٢٠١٩، ٧٠)

ئەم پەندە وێنەیەکی کاریکتێری تێدا، کە مانگی ڕەمەزان وەک بوونەوەرێکی سێ پێ نیشان دەدات، چونکە لەناو خەڵکیدا وابووبووە دوای دە ڕۆژ بەڕۆژوو بوون وتراوە، ئەوا شکور قاچێکی ڕەمەزانمان شکاند، ئەم گوزارشتە بەم وێنە کاریکاتێرییە خراوەتە ڕوو، مەبەستەکەش ئەوەیە ڕەخنە لەو بۆچوونە دەگرێت و ناکرێت ڕەمەزان، کە مانگی خێر و ڕەحمەتە وەک بوونەوەرێکی دزێو وێنا بکرێت.

لافـاو سیـروانی لێڵ کرد بەیەکجار

ماسی زل کوێر بوون کەوتنە کەنار

دەردە گایش زۆرە و کوللە لە ناوە

تەرزەیش کوتاینی هیچمان نەماوە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٢٧)

بەهۆی باران و لافاو و پەتای ئاژەڵەوە دۆخێکی دژوار دروستبووە لە ڕابردوودا لە پەندەکاندا بەم جۆرە و بەدیمەنێکی کاریکاتێریی گوزارشت لە دەرئەنجامی ئەم دۆخە کراوە و حاڵی دوای کارەساتەکە بەم شێوە پێکەنیناوییە دەخاتەڕوو. ماسی زل کوێر بوون، دەردەگا، کوللە، کوتانی تەرزە بۆ ڕەز و باخەکان، واتە خەڵکی هەژار هیچی بۆ نەماوەتەوە، مەبەست لەم پەندە خستنەڕووی دۆخێکی نالەبارە بەگشتی ڕەنگە بیەوێ هانی بیرکردنەوەی دوورمەودا بدات بۆ ئامادەکاری پێش وەختە لە هەمانکاتدا بیرهێنانەوەیە بۆ هاریکاری یەکتری و گیانی دەستگیرۆیی یەکتر لە پێناو ڕزگاربوونی لێقەوماوان لە ڕووداوە لە پڕ و هەنووکەییەکان.

هەرچی یەک ڕوو بێ و یەک زوبان و پاک

وەک شـمشـێر خـوێنی دەبێ بـە خـۆراک

دوو ڕوو دوو زبـان شـانەی سەر سـەرە

وەرە لــەم قــوڕە دەرکــە ئـەم کــەرە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٢٤٩)

خستنەڕووی دۆخێکی کۆمەڵگایە لە تێڕوانیان بۆ خەڵکانی ڕاستگۆ و دەست پاک، کە بەهۆی ڕاستگۆییەوە باجی گەورەی ژیان دەدەن، هەروەها کەسانی دوو ڕوو و بەرژەوەندیخواز، کە وەک شانە لەسەر سەرن، بۆیە ئەم مامەڵەیەی خەڵکی لەگەڵ ئەم دۆخەدا بەم دیمەنە کاریکاتێرییە گوزارشتی لێدەکات و دەڵێت: وەک کەرێک وایە لەناو قوڕدا چەقیبێت.

لەخەویشا بێ هـەر وەک مـۆتـەکە

دوژمن لە دەورت دەست بە کوتەکە (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٣٦٣)

خستنەڕووی دۆخی کەسانێکە، کە بەهۆی ڕووداوێکەوە دووچاری دووژمنایەتی بوون حاڵی کەسی دوژمندار بەشێوەیەکی کاریکاتێری دەخرێتەڕوو، بەجۆرێک، کە خەوەکانیشی ئاسایی نییە و دوژمن بەکوتەکێکەوە لەدەوری سەری وەستاوە، مەبەستی سەرەکی خۆپارێزی دوورکەوتنەوەیە لە گیانی ڕقەبەرایەتی و کینە و دوورکەوتنەوە لە بەڵای دوژمنایەتی.

گوریس کێشەکی بە هیچ و پووچی

گوریس ئەپچڕێ تۆ لنگە و قووچی (پیرەمێرد،ب١: ٢٠١٩، ٣٧٤)

دۆخی ململانێی نێوان خەڵکی لە وێنەیەکی کاریکاتێرییدا خراوەتەڕوو، کاتێک سەرقاڵی شانکێن لەگەڵ یەکتریدا، وەک یاری ڕاکیشانی گوریس وایە، کە ئەنجام پچڕانی گوریسەکەیە. دیمەنە کاریکاتێرییەکەش لەوەدایە هەردوو لنگەوقوچ دەبن، مەبەستی ئەم پەندە هاندانە بۆ تەبایی و یەکڕزیی و دوورکەوتنەوە لە شانکێی یەکتری، ئازاردان و زیانگەیاندن بەیەک.

دەستی دز بڕین باوبوو تا دوێنێ

ئێستا دەستی دز گورز ئەوەشێنێ

خۆ بـابی نـەما لــەم شارە

کەچی دەبینم کەر سواری سوارە

کـەرەکـەی عـوزێـر تـەنها دەزەڕێ

کەڕە شێخ زۆر جار لە ژن دەپەڕێ (پیرەمیرد،ب١: ٢٠١٩، ٤٠)

گۆڕانکاریی خراپی دۆخی خەڵکی بەراورد بەڕابردووە لەچەند وێنەیەکی کاریکاتێرییدا دەخرێتەڕوو، لەگەڵ ڕابردوودا بەراورد دەکرێت و دیمەنەکان مایەی سەرسوڕمان و پێکەنینن، بەجۆرێک جاران ئەگەر دز دەستی ببڕدرایە ئێستا دز کاربەدەست و گورز وەشێنە، گوێدرێژ بۆ سواربوون بوو، بەڵام ئێستا کەر (کەمەبەستی مرۆڤە) سواری سوارە، کەر جاران تەنیا زەڕینی هەبوو ئێستا کەڕە شێخ (شێخی بێ ئەقڵ) زیناکارە، واتە تەواو دۆخەکە پێچەوانەی ژیرییە. مەبەست لەم پەندە ئاگادارکردنەوەیە لە لادانی ئەو کەسانە و ئەگەرنا دەئەنجامی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە، چونکە کۆمەڵ کەوتۆتە دۆخێکی خراپ و نەشیاوەوە بەدەستی کەسانی نەشارەزا.

مانگا بەدزی (کەڵ یەگرت) جاران

ئێستا (کـەڵـەگا) دێنن لــە شاران

بە (تلی لی لی) مانگای بۆ دەبەن

ئەم بێ شەرمییە تازە کەوتە بەین (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ٥٧)

مەبەست لەڕەخنەگرتنە لە دۆخی خوڵقاو و ڕەفتاری خەڵقی لە ڕووی تابۆ شکێنییەوە، بەڵام نموونەکە بە مانگا کەڵدان دەهێنێتەوە و دیمەنێکی کاریکاتێری لێ دروستکراوە، پەیامەکەش بۆ پارێزگاری کردنی سنوورەکانە و پابەند بوونە بە داب و نەریتەکانی کوردەوارییەوە.

دەستی ڕاست بەشی چێشت پێ خواردنە!
دەسـتی چـەپ پیشـەی تـارات گـرتنە!!
ئێستـا (چەپ) (ڕاسـتی) خسـتۆتە گۆڕێ
ئەشـێ وەزیـفـەی دەسـتیـش بگۆڕێ (پیرەمیرد،ب١: ٢٠١٩، ٥٩)

وێنەکە بەراوردە لەنێوان دەستی ڕاست و دەستی چەپدا بەشێوەیەکی کاریکاتێری خراوەتەڕوو، دیمەنە کاریکاتێرییەکە لەوەدایە، کە دەستی ڕاست دەبەن بۆ خۆپاککردنەوە و پیسی پێ لادەبەن. مەبەستەکەش لە کەسی ڕاست و کەسی ناڕاستە، کە چۆن کۆمەڵگا لەدۆخێکدایە، کەسە ڕاستەکان لەجیاتی پاداشت بکرێن سزادەدرێن و پیسییان پێ پاکدەکرێتەوە. کەسە لار و خراپەکانیش بەئارەزووی خۆیان ڕاستەکان هەڵدەسوڕێنن. ئەم پەندە لەدۆخی ئێستادا وەک خۆی هاتۆتە دی و کۆمەڵگا لەهەمان حاڵەتدایە.

بەشێوەیەکی گشتی پەندەکان دیمەنی کاریکاتێریی دۆخە جیاوازەکان دەخەنەڕوو، کە لە دەرئەنجامی کارەساتی سروشتی، یان ڕووداوی دەستی خودی مرۆڤەکان، یاخود شێوەی مامەڵە و بڕیاری هەڵەی مرۆڤەکان هاتوونەتە ئاراوە. ئەم دەرئەنجامانە لەشێوەیەکی گاڵتە ئامێز و پێکەنیناوی و دۆخەکە بەشێواوی وێنە دەکێشێت، بەمەبەستی سەرنج ڕاکێشانی خەڵک بۆ ئاگادارکردنەوە و خۆپارێزی و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، ئەوەی دەستی مرۆڤی تێدایە و ئامادەکاری بۆ ڕووبەڕووبوونەی ڕووداوەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤ.

دواجار دەتوانین بڵێین: بەشی هەرە زۆری پەندەشیعرییە کاریکاتێرییەکان مەبەستیان گەیاندنی پەیامێکی ڕەخنەیی و توانجدانە لە ڕەفتارە هەڵەکان، بە مەبەستی بە ئاگاهێنانەوەی خەڵکی و بنبڕکردنی ئەو جۆرە ڕەفتار و کردەوانە. پەندەکاریکتێرییەکان بەهۆی شێوەی داڕشتن و دیمەنە پێکەنین هێنەکانیانەوە، زیاتر پێشوازییان لێدەکرێت و خێراترن لە بڵاوبوونەوە و گواستنەوەیان بەناو خەڵکیدا. لەڕووی گەیاندنی مەبەستەوە پەندە کاریکاتێرییەکان زیاتر و وردتر ئامانج دەپێکن و کاریگەرترن بەراورد بەهەرجۆرێکی تری پەندەکان. ئەمەش بەهۆی کارامەیی و پەندبێژ لە هەڵبژاردنی کاراکتەرەکان و شێواندنی وێنە ئاساییەکەیان.

پەندبێژ لەهەمووکەس زیاتر بوێری تێدایە لە بەکارهێنانی کاراکتەرەکان و گوزارشتکردن لە ڕەفتارەکانیان، لەم ڕووەوە سڵی لە هیچ نەکردۆتەوە و خوای گەورە، پێغەمبەر، فریشتە و ڕەمزە ئاینییەکانی، وەک کاراکتەری ناو وێنەکانی بەکارهێناوە. لەسەرجەم وێنەکاندا مرۆڤ چەقی مەبەستەکەیە و خاڵی هاوبەشی سەرجەم وێنەکانە لەگەڵ هەر ڕەگەزێکی تری پێکهێنەری وێنەکاریکاتێرییەکە و ئامانجیش مرۆڤسازییە بە دیوە ئەرێنییەکەی.

**پاری چوارەم: بونیادی هونەریی گێڕانەوە لە پەندەشیعرییەکاندا:**

**یەکەم: گێڕانەوە**

مەبەست لەزاراوەی گێڕانەوە (NARROLOGY) ڕێگایەکە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکێک، ئەفسانە و داستانێک، یان هەرچەشنێکی تری ئەدەبی، کە ڕووداو و بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە. پەندی پێشینان "دەقێکی گێڕانەوەیین، کە بەزمانێکی سادە داڕێژراون، دواتر ئاوێتە بە زمانی میللی و نووسین داڕێژراونەتەوە،...ئامانج لە گێڕانەوە لە پەندەکاندا هەواڵ و ئاگادارکردنەوەیە" (أمزيان: ٢٠١٩، ١٣٥).

گێڕانەوە "زاراوەیەکی ئەدەبییە مەبەست لێی ڕێگایەکە بۆ وەسفکردن یان وێنەگرتن و گێڕانەوەی بەشێک لەڕووداوێک، یان لایەنێک لە لایەنەکانی ئەو کات و شوێنەی ڕووداوەکەی تێدا ڕووداوە، یان ئاماژەیەک بە تایبەتمەندییە دەرەکییەکانی کەسایەتی، یان دەچێتە قوڵاییەکانییەوە و جیهانی ناوەوەی و ئەوەی تێیدا دەگوزەرێت، لە بیرکردنەوە دەروونییەکان یان گفتۆگۆیەکی تایبەت لەگەڵ خودی خۆیدا" (المنزلاوي: ٢٠١٨، ٢٠٧)، هەروەها پێناسە دەکرێت بەوەی، کە "گێڕانەوە خستنەڕووی بەسەرهاتێکە، کە بۆ مرۆڤ، فریشتە، ئاژەڵ، شت هاتۆتە پێش لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، وەسفکردن و پیشاندانی بە زمانێکی وردچنراوی پەخشانی یان شیعریی، بە ڕەچاوکردنی چۆنییەتی باسکردن و شێوازی ڕێکخستنی ڕووداوەکان، هونەرمەندێتی کەسی وەگێڕ پیشاندەدات. بەو مانایەی ئەوەی دەگێڕدرێتەوە، ڕووداوگەلێکە، دەشێت لە ڕابردوویەکی نزیک یان دووردا ڕوویاندابێت، ڕەگیان لە مێژوو، واقیع و ژیانی ڕۆژانەدا هەبێت" (کاکەحەمە: ٢٠٢٢، ٧).

ڕۆلان بارت دەڵێت: "گێڕانەوە بە گشتی، دەشێت زارەکی بێت، یا بەنووسین دەرببڕدرێت، هەروەها دەشێ لەوێنەیەکی بزۆک یان نەبزۆکدا بەرجەستە ببێ" (یاقووب، ٢٠١٩، ٨٧). لەڕووی مێژووییەوە (هاشم ئەحمەدزادە) بڕوای وایە: ئەم تەکنیکە گرنگ و پڕبایەخە "کورتتر لە ژیانی بە کۆمەڵی مرۆڤ نییە، هەر لەوکاتەوە مرۆڤەکان توانییان بەزمانی ئاماژە و هێمایی لەگەڵ یەکتری پەیوەندی دوولایەنە و چەندلایەنە بگرن، پێدەچێت هەوڵیشیان دابێت کردەوەگەلی خۆیان بۆیەکتر گێڕابێتەوە هەتا سەردەمی داهێنانی نووسین ئەم کارە لەڕێی گێڕانەوەی زارەکی و ئاماژەییەوە بووە" (فەلاح: ٢٠٢٠، ٣٣). بەڵگەش بۆ ئەمە دەبینین، "کەنووسین دێتە ناوژیانی مرۆڤایەتییەوە نووسراوەکانی مێژووی مرۆڤایەتی تەرخانی گێڕانەوەن، کە دەڕوانینە گلگامێش، کە بەیەک لە کۆنترین نووسینەکانی زمانی سۆمەری دادەنرێت بەچوار هەزارساڵ لەمەوبەر نووسراوەتەوە،...کە بریتییە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی پاڵەوانێکی خوایی واتە گلگامێش لەگەڵ دۆستە گیانییەکەی واتا ئەنکیدۆ" (فەلاح: ٢٠٢٠، ٣٤). دواتریش گەشەی نووسین لە کلتورەکانی تری مرۆڤیدا لەسەر نەریتی گێڕانەوە بەردەوام دەبێت. گێڕانەوەی مێژووییش لەلایەن کەسانی وەک هیردۆت و زەینەفۆن، هەروەها ئەلیادە و ئۆدیسای هۆمیرۆس لە نموونەی گرنگ گێڕانەوەن، کە بەسەرهاتەکانی پێشوومان بۆ دەگێڕنەوە.

لە ڕووی هونەریی و سەلیقەی وەگێڕەوە "چەندێک گێڕەرەوە لە بەرپاکردنی ڕەگەزی چێژ و خولقاندنی بەهای ئیستاتیکییدا بەتوانابێت، هێندە زیاتر لە کرداری گەیاندندا سەرکەوتوودەبێت، ... ئەو دەقانەی پلەی نەمری بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن،...ئەو دەقانەن لە ڕێی گێڕانەوەوە پرسیار لە لای وەرگر دەوروژێنێت و بەرەو ڕامان و تێهزرینی دەبات" (صالح: ٢٠٢٠، ١٨٣)، چونکە هەوڵدان بۆ دروستکردنی چێژ لە پرۆسەی گێڕانەوەدا لە ڕێگای بەرهەمهێنانی شیعرییەتەوە دەبێت "شیعریەتیش بۆ خۆی لە لایەک داهێنانە و لە لایەکی دیکەش وا لە وەرگر دەکات، کە چێژ لە دەق وەربگرێت، هەربۆیە...گێڕانەوە بە کۆڵەکەیەکی سەرەکی دادەنرێت، جگە لەوەش نهێنی سەرکەوتنی دەقەکانیش بە ڕێکخستن و ڕیزکردنی کەرەستەکانیان و چۆنییەتی گێڕانەوەیانەوە گرێدەدرێت" (صالح: ٢٠٢٠، ١٨٤). ئەگەرچی بەهۆی "فراوانبوونی چەشنە ئەدەبییەکان و زۆربوون و فرەچەشنییان ئەوە دەخوازێ، کە سنوریان بۆ دیاری بکرێت و هێڵێکی جیاکەرەوە بکێشرێت لە نێوانیاندا" (احمدزادە: ١٣٩٧هـ ٥٢)، بەڵام ئاشکرایە پرۆسەی گێڕانەوە بە تەکنیکێکی بنچینەیی دادەنرێت "کردەوەی خولقێنەری چیرۆکە، کە هەندێک بڕیاری تەکنیکی... لە ئەستۆدەگرێ" (ژووڤ: ٢٠٢٠، ٥٩).

پەندی پێشینان، کە لە بنەڕەتدا گوشراو و پوختکراوەی چیرۆکێکی پێشووترن، کە چیرۆکەکان ئەزموونێکی سوودبەخشن لە داهاتوودا بۆ خەڵکی، ئەم ئەزموونە چیرۆک ئامێزەی ڕابردوو کاراکتەر یان چەند کاراکتەرێکی تیدابووە، ڕۆڵیان لە ڕووداوەکان و لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا هەبووە، کە ڕوویانداوە، بەمەش پێکەوە ڕەگەزەکانی بونیادی چیرۆکێکیان پێکهێناوە، بۆیە "پەیوەندی نێوان پەندی پێشینان و حیکایەتی فۆلکلۆری پەیوەندییەکی تەواوکارییە، چونکە پەندی پێشینان گوشراوی حیکایەتی فۆلکلۆرییە و هەموو پەندێک لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ حیکایەتێک" (أمزيان: ٢٠١٩، ١٤٣).

چیرۆک "پێکهاتەی ڕەسەن و بنەڕەتی بونیادی هونەریی گێڕانەوەیە" (المرسومي: ٢٠١٠، ١٦٦) بنچینەکانی گێڕانەوەش لە پەندی پێشیناندا دیاری دەکرێن بەچەند ڕەگەزێکی سەرەکی، کە بەشدارییەکی کارایان هەیە، لە بونیادی گێڕانەوە لەپەندی پێشیناندا، ئەوانیش: "چوارچێوە (سەرەتا، جیابوونەوە و پەیوەندی)، ڕووداو، کاراکتەر، کات و شوێن" (أمزيان: ٢٠١٩، ١٣٥)، ئەگەر کۆڵەکەکانی گێڕانەوە پێکهاتبێت لە (گێڕەرەوە، گێڕاوە، بۆ گێڕاوە)، ئەوا ئەم کۆڵەکانە لەپەندی پێشیناندا لە (پەندبێژ، پەند، بەردەنگ)دا بەرجەستەدەبن. پەندی پێشینانی ئێمە بەگشتی و پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرد، لێوانلێون لە بابەتی گێڕانەوە، چونکە لەلایەک وەک خستمانەڕوو خودی پەندەکان خۆیان زادەی چیرۆکێکن و وەک ناونیشانێک وان، کە دەقێکی زۆر گەورەتر لەخۆیان، یان چیرۆکێکیان هەرسکردووە و هەمیشە توانای کشان و چوونەوە ناویەکیان هەیە، واتە پەندەکان ئەگەرچی لەدەستەواژەیەکی کورت و پوختدا دەربڕدراون گشت کاتێک توانای ئەوەیان هەیە، لەچوارچێوەی چیرۆکێکدا بگێڕدرێنەوە و دواتر سەرلەنوێ بچنەوە فۆڕمە کورت و پوختەکەی خۆیان. هەرچی تایبەتە بە پەندەشیعرییەکانی پیرەمێرد،

جیا لەوەی وەک کۆکەرەوە و داڕێژەرەوەی پەندەکان کاریکردووە، ئەزموونە دەوڵەمەند و هەمەجۆرەکەی ژیانی لە بینین و بیستن و خوێندنەوە و گەشت و گەڕانی، کە هەڵگری دەیان و سەدان چیرۆکی فرەچەشن و هەمەجۆرن، لە چوارچێوەی پەندێکی شیعریدا دایڕشتوون و بە گوێی بەردەنگیاندا دەدا، وەک لێرەدا نموونەی دەخەینە ڕوو.

جـاران ئــەم کـوردە هێند بەوەفا بوو
دزیشـیــان قــەدری وەفــای لــەلابوو
دز چــوو بــووە مــاڵێـک لەکوپەیێکا
خوێی دیبوو کە خوێش لەشەکر ئەکا
کــە لێی چەشتبوو زانیبووی خــوێیە
ئــەڵــێ: (نـمــەکـم کــردن) لەو جێیە
هــەرچــی دزیبــووی دای ئــەنێتەوە
لــە (بــەدنـمــەکـی) ئــەسـڵەمێتەوە
ئێستا کە پاروت کــرد بەدەمییەوە
پەنجەیشت ئەخوا، هــەر بەدەمییەوە (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ٣٥٧)

لێرەدا پەندبێژ وەک گێڕەرەوەی هەمووشتزان، لەبارەی کردەی دزیکردنەوە لەناو ماڵێکدا و دۆخی دەروونی دزەکە و هەڵوێستەکانی دەگێڕێتەوە. دواتر ئەم هەڵوێستە بەراورد دەکات بۆ قۆناغێک، کە خودی پەندبێژی تێدایە و هەردوو قۆناغەکە دەخاتەڕوو و هەڵوێستی خەڵکی بەرانبەر بەیەکتر و وەفا و دڵسۆزییان پیشاندەدات. پەندبێژ لەم پەندەشیعرییەوە گوێگر دەگێڕێتەوە بۆ چیرۆکێکی پێشتر و زانیارییەکانی بۆ دەگوازێتەوە، دەیەوێت لەڕێگایەوە وەفاداری و نییەت پاکی کوردانە بسەلێمنێت تەنانەت لەدز و دەستبڕەکانیشدا.

ڕۆژێ کابرای جاف کە پێی پەتی بوو
دڕکـێـکی لــەبــن پێــی هــەڵچەقیبوو
هاوڕێکەی گەییە فریای دەست و برد
دڕکــی دەرکێشــا و لــە پێی دەرهاورد
پــرســی ئــابــرا! تــخــوا پــێـم بــێژە
ئــەم دڕکــە بــەچــی ئــەمــەنــدە تــێژە
وتــی بــێ فــەڕ تــۆ شــێتی گێژ و وێژ
کە خوا فەرمووی تێژ گشتی بووگە تێژ (پیرەمێردب٣: ٢٠١٩، ١٩٧)

پەندبێژ وەک گێڕەرەوەی هەمووشتزان، بەسەرهاتی ڕووداوی نێوان دوو شوانی گوندنشین دەگێڕێتەوە، ئەوەندە چۆتە وردەکارییەوە باس لەدرکێکی تیژ و باریک و بچووک دەکات، کە چووە بەقاچی شوانێکی جافدا، پرسیاری ئەو و وەڵامی هاوڕێکەی بۆ ئێمە دەگوازێتەوە. لێرەوە دەیەوێت لەڕێگای ئەم هونەری گێڕانەوەیەوە پەیامی خۆی بدات بەگوێی بەردەنگدا، کە باوەڕداریی تەواوە، بەرانبەر بەهەر دروستکراوێکی خوای گەورە، زیاتر پەیامێکی ئایینی تێدایە بۆ بەردەنگ.

**دووەم: دیالۆگ**

تەکنیکێکی گێڕانەوەیە، لەسەرەتای مرۆڤایەتییەوە، لەو کاتەوەی مرۆڤ توانیویەتی قسەبکات و پێویستی بەوەبووە پەیامێک بگەیەنێت، پەنای بۆ دیالۆگ بردووە. بەهۆی ئەم تەکنیکەوە پەندبێژی ئەدەبی بەردەوامی بەڕەوتی گێڕانەوەکانی دەدات و لەسەر زمانی دووکەس، یان زیاترەوە، کەمەرجی بنەڕەتی دامەزراندنی دیالۆگە پەیامەکەی دەگەیەنێت. واتە "دیالۆگ پێویستی بەبوونی دووقسەکەرە، کە ڕۆڵی قسەکەر و گوێگر بگێڕن و هاوکات ڕۆڵەکانیشیان بەپێی پێویستی دیالۆگ ئاڵوگۆڕبکەن، بەڵام ئەو زمانەی کەسایەتییەکان لە دیالۆگدا بەکاریدەهێنن هەڵگری تایبەتمەندییە و وەرگر دەتوانێت لەڕێیانەوە زانیاری کۆبکاتەوە، چونکە ئەو زمانەی کەسایەتییەکان لە دیالۆگەکاندا بەکاریدەهێنن بەپێی کاریگەری ژینگە و کۆمەڵگا و ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و لایەنی دەروونی کەسەکان دەگۆڕێت" (صالح: ٢٠٢٠، ٢٤). پەنابردنی پەندبێژ بۆ هونەری دیالۆگ لە پەندەشیعرییەکانیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دیالۆگ "شێوەیەکە لە شێوەکانی گوزراشتکردن، کە کەسێتییەکان پێی دەدوێن و گفتوگۆکانیان نزیکدەکاتەوە لە بابەتگەری، ڕوونی و ڕاشکاوی ئەویش ئەو شێوازەیە، قسەکردن پشتی پێدەبەستێت بەڕیگەیەک، جێی...بایەخی بێت، کە پابەندە بەهاوسەنگی و ڕێکخستنەوە لە ڕووی ئاواز و ڕێکوپێکی شێوازەکەیەوە" (مەنسوور: ١٩٩٩، ٨٢). سەبارەت بەکاتی بەکارهێنانی دیالۆگ لە دەقی ئەدەبیدا بە جۆرێکە، کە نابێت هەمووکات پەنای بۆببرێت، واتە "نابێت بۆ هەموو ڕووداوێکی ئاسایی پەنا بۆ بەکارهێنانی دایەلۆگ ببات، چونکە لەکاتێکدا ڕێی پێدەدرێت، کە گێڕانەوە لەتوانایدا نەبێت ئەو ئەرکە ئەنجام بدات" (صالح: ٢٠٢٠، ٢٤٦)، واتە لەڕووی ڕیزبەندییەوە لەدوای گێڕانەوەوە دێت.

دیالۆگ لە پەندەکاندا: بریتییە لەوەی، کە پەندبێژ بەهۆی کارامەیی و لێزانی خۆیەوە ئەزموون و چیرۆکەکەی ڕابردوو بەشێوەی دیالۆگ دەگێڕێتەوە و هەوڵدەدات ناوەڕۆکی پەندەکان بەڕوونی و ڕاشکاوی بەگوێی بەردەنگدا بدات. بەشێوەیەکی ورد و سەرنج ڕاکێش گفتوگۆیەک لەنێوان دوو کەس، یان زیاتر دەرەخسێنێت. دەشێت یەکێک لەکاراکتەرەکان، یان سەرجەمیان ئاژەڵ و بێ گیانبن، هاوکات بەپێی شێوەی ئاخاوتنی کاراکتەرەکانی ناوپەندەکە و بەشداربووی دیالۆگەکە دەتوانیت ژینگە و شوێن و ئاستی ڕۆشنبیری کەسەکان دەستنیشان بکەیت.

پەندبێژ لە پەندەشیعرییەکاندا سوودی زۆری لەم هونەرە بینیووە، زۆرجار لە ڕێگای دیالۆگەوە پەندەکان و ناوەڕۆکی مەبەستەکەی دارشتووە و واڕێککەوتووە دیالۆگەکە لەنێوان دوو مرۆڤ، مرۆڤێک و ئاژەڵێک، یان دوو ئاژەڵدابووە، بۆ نموونە:

بەحوشتریان گووت ملت درێژە

وتی: ئەڕوانم ڕێ سەرەو لێژە (پیرەمێردب١: ٢٠١٩، ٢٦٨)

پەندبێژ لێرەدا لە ڕێگای دیالۆگی نێوان مرۆڤ و حوشترەوە، کە پرسیارێک لە حوشتر دەکات بۆچی ملی درێژە، ئەویش وەڵامی دەداتەوە، پەندبێژ وێڕای ئەوەی کاراکتەری مرۆڤ و ئاژەڵی تێکەڵکردووە، هاوکات لە ڕێی ئەم گفتوگۆیەوە دووربینی و ڕێگای ئامانج پیشانی بەردەنگ دەدات. ئەوەش ئامادەکاری و ملێکی درێژ و ڕوانینێکی دووری دەوێت.

کاروانی حوشتر ئەکشان بەبێ دەنگ

کەرێکی دێزیان بوو بوو بەپێشەنگ

وتـم: (هیتلـەر)ە کەوتە پیش ئەڵمان

کــەرەکــە تونـدبـوو لێم هاتە زوبان

وتــی: خــوانەکـا ببـم بە (هیتلــەر)!

وەک ئەو خوا بمکا بە ئالەتی شەڕ! (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ١١٣)

ئەمجارەیان دیالۆگەکە لەنێوان کەرێک و پەندبێژدایە، سەرەتا لە ڕێگای گێڕانەوەوە چیرۆکی ڕۆیشتنی کاروانێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، دواتر پەندبێژ کەری پێش کاروانەکە وەک هیتلەر دەبینێ، بەڵام دیالۆگەکە، دەستپێکێکی توندی پێوەدیارە، بەوەی کەر قبووڵی نییە ببێتە هیتلەر، چونکە کەر ئاشتی پارێزە و هیتلەر هێمای شەڕ و هۆکاری ماڵوێرانی. پەندبێژ لەم دیالۆگەوە دەیەوێت پەیامی ئەوە بگەیەنێت، کە لەناو کۆمەڵی کوردەواری (کەر) هێمای نەزانی و نەبوونی ژیرییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕازی نییە بخرێتە شوێنی هیتلەر، کە سەرکردەیەکی جیهانییە. مەبەستەکەشی ئەوەیە، کە جەنگ و گیانی جەنگخوازی لە هەرکەسێکدابوو لە پلەی مرۆڤ بوون، تەنانەت لە پلەی ئاژەڵێکی خزمەتکار بە مرۆڤایەتی کەمترە.

کیســەڵ دووپشــکی ئـەپــەڕانــدەوە

چــزووی لــەپشــتی هــەڵ چەقاندەوە

پرسی: چی دەکەی؟ هەی بەد کردەوە

وتــی: چــزووی خــۆم تــاقیـکـردەوە

درۆیشی دەکرد خووی ئەسلێ وابوو

ئــەگــیـنــە قیـنی چـی لــە دڵابـوو؟ (پیرەمێردب١: ٢٠١٩، ٣٠٤)

پەندبێژ زۆر لێزانانە هونەری دیالۆگی لە پەندەشیعرییەکاندا بەکارهێناوە، دیالۆگ لەنێوان کیسەڵ و دووپشکدایە، ڕووداوی ڕزگارکردنی دووپشکێک لە لایەن کیسەڵێکەوە دەگێڕێتەوە، دواتر دیالۆگی نێوانیان، کاتێک کیسەڵ سەرقاڵی پەڕاندنەوەی دووپشکە، دووپشکیش سەرقاڵی پێوەدانی کێسەڵە، کیسەڵ پرسیاری هۆکاری پێوەدانەکەی لێدەکات، دووپشک وەڵام دەداتەوە و درۆی لەگەڵ دەکات، دەڵێت: هیچ نییە تەنیا چزووی خۆم تاقیکردەوە. پەندبێژ لە گێڕانەوەی ئەم دیمەنە و دیالۆگی نێوانیان دەیەوێت مەبەستی خۆی لە پەندەکەدا بەرجەستەبکات، کە ئەویش ماکی چاکەکاری لە لایەک و ماکی بەدکردەوەیی لە لایەکی ترە.

بزن بەمەڕی گووت وا زستان دێ

با خانۆچکەیەک بکەین نزیک دێ

مەڕ وتی زستان با هەر بەجۆش بێ

خانووم بۆ چییە، دووگی خۆم خۆشبێ

کە زستان هات مەڕ چووە لای بزن

وتی: بزن گیان ڕەفیقت بووم من

وتوومە بزن لەجێی گشت کەسمە

تەنها جێی سەرم بدەرێ بەسمە (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ١٨٥)

لەم ڕووداوەدا بە هەمانشێوەیە پەندبێژی ئەدەبی، هونەری دیالۆگ بەکاردەهێنێت. سەرچاوەی چیرۆکەکە، فۆلکلۆرییە و کۆنە، وەک پەندێک داڕێژراوەتەوە، دیالۆگ لەنێوان بزن و مەڕدایە، بزن تەنیا یەکجار قسە دەکات و پێشنیازەکەی ڕەتدەکرێتەوە، کە دروستکردنی خانووە، بەڵام مەڕ چوار جار قسە دەکات. جاری یەکەم بە لووتبەرزییەوە پێشنیازەکەی ڕەتدەکاتەوە بەهۆی شانازیکردن بەدوگەکەیەوە، دوای هاتنی زستان تێگەیشت لەوەی هەڵەبووە، سێ جار قسەدەکات جارێک هاوڕێیەتی خۆی بیری بزن دەهێنێتەوە، جارێک دۆستایەتی و کەسایەتی، جارێک داوای شوێنی لێدەکات بۆ حەوانەوە، پەیامی پشت ئەم دیالۆگە بوونی پلانسازیی و ئامادەکارییە نەک بێ منەتی و لووت بەرزی.

### سێیەم: شەپۆلی هۆش

دەروونناسی ئەمریکی ولیەم جەیمس (١٨٤٢- ١٩١٠ز) "بۆ گوزارشتکردن لە لێشاوی بیر و هەستەکان لەناوەوەی مرۆڤدا بەکاریهێناوە" (مەجید: ٢٠٢١، ١٥)، یەکەم کەس، کە ئەم چەمکەی بەکارهێنا "ڕۆماننووسی فەرەنسایی ئیدوارد دوجاغدا (١٨٦١- ١٩٤٩ز) بوو لە کورتە ڕۆمانێکدا بە ناوی (درەختەکان بڕانەوە)، کە لە ساڵی ١٨٨٨ز بڵاوکرایەوە. دواتر دەستەواژەی {شەپۆلی هۆش} لە لایەن

زانای دەروونی (ولیام جەیمس)... لە کتێبی (ڕێساکانی سایکۆلۆژیا)دا، لەساڵی ١٨٩٠ز بەکارهات" (یاقووب: ٢٠٢١، ٢٦٥).

لە ڕووی مێژووییەوە شەپۆلی هۆش "لە کتێبە پیرۆزەکانی بووزییەکاندا بە (تەزووی مێشک) ناوزەدکراوە. چالاکییەکانی مێشکی بە ئاگا، کە دەربارەی بە ئاگابوونی چرکە لە دوای چرکەی ئەزموونی هۆشیاریی مرۆڤە، یارمەتی مرۆڤ دەدات ڕاستەوخۆ لەگەڵ شەپۆلی هۆشدا بژی و گەشە بە ژیریی بدات، باشتر لەهەست و بیرەوەری و چالاکی مێشکی بگات" (یاقووب: ٢٠٢١، ٢٦٧). ئەم هونەرە وەک مێتۆدێکی گێڕانەوە کۆمەڵێک تەکنیک و ئامڕازی تایبەت بەخۆی هەیە، کە پەندبێژ لە پەندەکانیدا بەکاریاندەهێنێت لەوانە: مۆنۆلۆگ، خۆدواندن، زیندەخەون، کێشەکی ئازاد،...هتد.

## أ-مۆنۆلۆگ:

مۆنۆلۆگ هونەرێکی گێڕانەوەیە و مێژوویەکی دێرینی هەیە، (Monologue) "لەبنچینەدا چەمکێکی گریکی لێکدراوە و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (Mono)، کە بەمانای (تەنیا)دێت، هەروەها وشەی (Logos)، کە بەمانای (ئاخاوتن)دێت. چەمکەکە تەکنیکێکی ئەدەبییە و بریتییە لە پێشکەشکردنێکی زارەکی، کە کارەکتەرێک بەمەبەستی خستنەڕووی بیرۆکەکانی ناومێشکییەوە ئەنجامی دەدات" (یاقووب: ٢٠٢١، ٢٩٩).

مۆنۆلۆگ پێناسە دەکرێت بەوەی "بریتییە لە پرۆسەیەکی گفتوگۆیی ناوەکی هەنووکەیی، واتە ئەو قسەوباسە شاراوانەی، کە لەزەینی کارەکتەرەکەدا دەخولێنەوە لەڕووی کاتەوە پەیوەندییان بە ئێستای قسەکردنەوە هەیە، بەتایبەتی لەکاتی ڕوودانی ڕووداوێک، یان هاتنەپێشی دیاردەیەکدا،... واتە ئەوپەڕی واقیعییەتی مرۆڤ لە مۆنۆلۆگدا بەدی دەکرێت" (مەجید: ٢٠٢١، ٤٣).

مۆنۆلۆگ لەپەندەکاندا: بریتییە لە پرۆسەی گفتوگۆی ناوەکی، کە پەندبێژ لەناو پەندەکاندا دایدەڕێژێت، بەسوود وەرگرتن لە ڕوودا و ئەزموونەکانی ڕابردوو، وەک ڕەچەتەیەکی ئامادە لەکاتی دووبارەبوونەوەی دۆخە هاوشێوەکاندا بەو پەڕی واقعییەتەوە سەرلەنوێ بەکاردەهێنرێنەوە. بەشێوەیەکی گشتی دووجۆر مۆنۆلۆگ دیاریدەکرێت، کە ئەوانیش:

- **مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ:**

مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ "پەیوەندی بەشێوازی گێڕانەوەی خودییەوە هەیە، کە گێڕەرەوەی هەمان شتزان بەجێناوی کەسی یەکەمی تاک لەگەڵ خۆیدا دەدوێت، بەواتایەکی تر مۆنۆلۆگی ڕاستەو خۆ پشت بەجێناوی کەسی یەکەمی تاک (من، م) دەبەستێت" (صاڵح: ٢٠٢٠، ٢٧٤)

مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ لە پەندەکاندا: بریتییە لەوەی، کە پەندبێژ لەڕێگای گێڕانەوەی خودییەوە بەبەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەمی تاک، پەندەکە لەسەر خودی خۆی دادەڕێژێت، بەڵام لەکاتی بیستن یان خوێندنەوەدا، زۆرجار بەردەنگ خۆی تێدا دەبینێتەوە. وەک:

هێشتا نەمـردووم نەیـان ناومـە گۆڕ
پێم ئەڵێن مردووی بەشی زیندە خۆر
تـێ نـەگـەیشـتم بەکـێیـان زانیـم
ڕەنـگـە وابـزانـن کـە کـوڵـەنانیم (پیرەمێردب١: ٢٠١٩، ٣٠٣)

لە ڕێگای ئەم مۆنۆلۆگە ڕاستەوخۆیەوە، کە شەش جێناوی لکاوی (م) بۆ کەسی یەکەمی تاک بەکارهێناوە، پەندبێژ بەناخی ڕووداوەکان و هەڵوێستی بەرانبەردا ڕۆچووە. لەوێوە نیازی دڵی ئەوانە دەخوێنێتەوە، لەکاتی ئەم قسەکردنەدا هیچ ئامادەییەکی بەردەنگ نابینیت. کاتێکیش، کە بەرئەم پەندە دەکەوێت زۆرجار خۆتی تێدادەبینیتەوە و لەوێوە بڕیار لەسەر ڕەوایەتی ناخی پەندبێژ دەدەیت ئایا کرۆکی پەندەکە وایە یان نا؟

ئـەو دەمــە بـەختم لێ بوو بەدوژمن
کـە کـەرەدێـزم بــوو بــەڕمــووزن
ئـەو دەمـە هۆشـم لێ شێوا وەستام
کە هەرچی هەستا وتی ئاش وەستام (پیرەمیرد،ب١: ٢٠١٩، ٩٤)

لە ڕێگای مۆنۆلۆگەوە دیسانەوە پەندبێژ بەهۆی بەکارهێنانی جێناوی لکاوی (م) بۆ کەسی یەکەمی تاک، کە چوارجار بەکاریهێناوە هەوڵیداوە دۆخی تایبەتی خۆی شەن و کەوبکات، بەبێ ئەوەی هەست بەبوونی هیچ گوێگرێک بکەیت لەبەردەمیدا.

- **مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ:**

مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ "پەیوەندی بەشێوازی گێڕانەوەی بابەتییەوە هەیە، کە لەڕێگای گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە بەجێناوی کەسی سێیەمی تاک (ئەو، ی)، یاخود هەندێک جار بەجێناوی کەسی دووەمی تاک (تۆ، ت)، بابەتێکی گۆنەکراو پێشکەشدەکات وەکو ئەوەی، کە لەئاگایی کەسایەتییەوە هاتبێت" (صالح: ٢٠٢٠، ٢٨٠). لەشێوازی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆدا "نووسەر زانیارییەکان، بیرۆکەکان یان ئەزموونە نەدرکێنراوەکان یا شاراوەکانی کاراکتەرەکە دەخاتەڕوو، وەک ڕاستەوخۆ لەبیروهۆشی بەئاگایی کاراکتەرەکەوەبێت، ئیتر نووسەر، خۆی، خوێنەر بەناو ئەم هۆشیارییەی کاراکتەرەکەدا دەبات، ئاخاوتنەکە بۆ خوێنەر هەڵدەبژێرێت و پیشانی دەدات، هەروەها خوێنەریش ئاڕاستەدەکات و سەرنجی خۆیشی پیشاندەدات" (یاقووب: ٢٠٢١، ٣١١)

مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ لە پەندەکان: بریتییە لەوەی پەندبێژ لە ڕێگای بەکارهێنانی جێناوی کەسی سێیەم، یان دووەمی تاک ناوەڕۆکی پەندەکەی دادەڕێژێت، لەوێوە ئەزموونەکانی ڕابردوو و بیرۆکەکانی خۆی دەردەبرێت و مەبەستەکەی دەگەیەنێت، دەیەوێت پەیامی خۆی لە ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن بخاتەڕوو.

دوو گــوێ و زبــانێ دراوە بەتۆ
دوو ببیە و یەکێ بڵێ: لەسەرخۆ
ئەو کانییەی ئاوی لێ دەخۆیتەوە
بــەردی تــێ مــەخــە تینوەبیتەوە (پیرەمێردب١: ٢٠١٩، ٢٦)

ئەم دووپەندە، جارێکی تر بەشێوەی شیعر داڕێژراونەتەوە، دەچنە چوارچێوەی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆوە، پەندبێژ لە ڕێگای بەکارهێنانی جێناوی سەربەخۆی (تۆ) بۆ کەسی دووەمی تاک، دواتر بەکارهێنانی جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاک (ت)، هەوڵیداوە بیرۆکەکانی خۆی لەمەڕ پابەندبوون بەگوێگرتن و قسەکردن، هەروەها پاکڕاگرتنی ژینگە و وەفاداربوون بخاتەڕوو.

پشــیلە بۆر وتی: نەمرم بەم تیرە
من و مشک و جێی ئەو ژنە پیرە
ئینســان وانــاڵێ چــاوی ناترسێ
هەلی بۆ هەڵکەوت لە هیچ ناپرسێ (پیرەمیردب٢: ٢٠١٩، ٢٥٧)

لێرەدا پەندبێژ لە ڕێگای مۆنۆلۆگەوە، کە دووجار جێناوی (ی) بەکارهێناوە جارێک بۆ پشیلە و جارێک بۆ مرۆڤ، واتە هونەری مۆنۆلۆگەکەی بەئاوێتەیی لەنێوان ئاژەڵ و مرۆڤدا بەکارهێناوە. دەیەوێت بیری خۆی و ئەزموونێک بخاتەڕوو، کە بەراورد دەکات لەوەی ئاژەڵ بەخاوەن پلان و مرۆڤ بەبێ پلان و هەلپەرست دادەنێت.

**ب- خۆدواندن:**

مەبەست لە گفتوگۆی تاکە لەگەڵ خودی خۆیدا "دوور لە کاراکتەرەکانی تر و لەکاتی تەنیاییدا، بەدەنگی بەرز لەگەڵ خۆی دەدوێت. بیرکردنەوە تایبەتییەکانی بەخوێنەر ڕادەگەیەنێت، واتە کاراکتەر بیر و بۆچوون و هەستەکانی خۆی بەزمان دەردەبڕێت. تاکو خوێنەر لە وشەکانی بەئاگابێت، بەڵام لەکاتی خۆ دواندنەکانی وا خۆی دەردەخت، کە کەس گوێی لێ ناگرێت واتە بەنهێنی قسەدەکات" (مەجید: ٢٠٢١، ٥٤). لەم تەکنیکەدا بەراورد بەمۆنۆلۆگ "دەنگی تاک دەبیسترێت، چونکە بەدەنگی بەرز لەگەڵ خۆیدا دەدوێت، بەڵام لە مۆنۆلۆگدا تاک پەیڤەکانی دەرنابڕێت و دەنگی دەرناچێت، بەڵکو وەرگر زیاتر لە دەروازەی زەینی تاکەوە هەوڵدەدات درک بەجیهانی ناوەوەی کەسایەتییەکان بکات" (صالح: ٢٠٢٠، ٢٨٦) خۆدواندن لەپەندەکاندا: بریتییە لەوەی پەندبێژ لەکاتی داڕشتنی پەندەکەدا، بەجۆرێک ناوەڕۆکەکەی دەخاتەڕوو، کە لەگەڵ خودی خۆیدا دەدوێت و بیرکردنەوە تایبەتییەکانی دەردەبڕێت لەوێوە بەردەنگ لەبیرکردنەوەی ئاگاداردەکاتەوە، بەبێ ئەوەی هەست بەئامادەبوونی کەسێک بکرێت. وەک:

خـەیـاڵێـکی وا هــاتووە بەسەرما
لە عالەم پرسم بۆ گەرما و سەرما
بــزانــم ئــاخـۆ لەم دووانە کامیان
چاکەی زۆرتـرە بۆ نەوعی ئینسان
ئەزانم فکری دووکەس یەک ناگرێ
واچــاکــە بــابــی فــتــوا داخــرێ (پیرەمێردب١: ٢٠١٩، ٢٢٥)

پەندبێژ لە ڕێگای ئەم خۆدواندنەوە، کە دەیەوێت پرسیار لە بارەی سەرما و گەرمای وەرزەکانی ساڵەوە بکات، بەردەنگ پەلکێشی دنیایەک پرسیار دەکات و لە بیر و زەینی ئەودا دەیان وروژێنێت. پەندبێژ هەرخۆشی جارێکی تر دەرگای پرسیار دادەخات، وەک بیەوێت ئەوە بڵێت، کە بۆچوون و وەڵامەکان جیاوازن هەرکەس بەپێی بارودۆخ و تەندروستی و ویستی خۆی وەڵامدەداتەوە.

خـۆ مـن نەوسـنم بـەڵام ئەو نانە
کــە بــۆنی لــێ بــێ نایخۆم گرانە
لە پشت کەسەوە جەماعەت ناکەم
بــۆ وڵاتــەکــەم بــەهیـوای چاکەم
خۆزگە بۆ چاکی وا یەک دەکەوتین
بەهیــچ قــووەتــێ دانــەدەکــەوتین (پیرەمێردب١: ٢٠١٩، ٩٣)

پەندبێژ لەم خۆدواندنەدا بیر و بۆچوون هەستەکانی خۆی وادەردەبڕێت، کە تەنیا لەگەڵ خۆیەتی، زاڵە بەسەر خواستی خۆی بۆ خواردن، زاڵە بەسەر ویستی خۆی بۆ بێ لایەنی، بەڵام ویستێکی زۆری هەیە

بۆ چاکەکاری و یەکێتی لە پێناو وڵاتدا، لە ڕاستیشدا لەڕێگای ئەم خۆدواندنەوە دەیەوێت نەخشەڕێگایەک بۆ خەڵکی بخاتەڕوو، بەبێ ئەوەی ناوی کەس بهێنێت، یان خۆی وادەرخات مەبەستی کەسێکی ترە.

**پ-کێشەکی ئازاد:**

مەبەست لەم تەکنیکە واتە "بە بیرهاتنەوەی ڕووداوێک یان کەسایەتییەک یان شوێنێک بەهۆی چەند شتێکی دیکەوە یاخود ڕوونتر بڵێین ڕوداوێک ڕووداوێکی دیکە بە دوای خۆیدا کێش دەکات،... واتە هەموو ئەو زانیارییانەی، کە لە یادەوەری تاکدا هەڵگیراون و پارێزراون زۆر جار لەگەڵ وێنەیەک یاخود دیمەنێکی دەرەکیدا کارلێک دەکەن، ئیدی دەبنە سەرچاوەیەک بۆ وەبیرهێنانەوە و وروژاندنی ڕووداوە هەڵگیراوەکانی نێو زەینی تاک و دەست بەدابارین دەکەن و کۆمەڵێک وێنە و دیمەنی دیکە بەدوای خۆیاندا دەهێنن، لێرەوە پەیوەندییەک لەنێوان ڕووداوە کۆن و نوێیەکاندا دادەمەزرێن" (صاڵح: ٢٠٢٠، ٢٩٧)

کێشەکی ئازاد لە پەندی پێشیناندا: بریتییە لەوەی پەندبێژ بەهۆی هاتنەپێشی ڕووداوێکەوە زنجیرەیەک ڕووداو و ئەزموونی تری ساڵانی پێشووتری بیردەکەوێتەوە و یەک لەدوای یەک وەک لێزمە باران دادەبارێن و لەپەندەکەیدا جێگایان دەکاتەوە. ئەو ڕووداوانە زۆربەیان ئەزموونی ناخۆش و شکستخواردوون، زۆر جار بەمەبەستی چارەسەر و زۆر جاریش بەمەبەستی ئاگادارکردنەوە خۆپارێزی لێیان دەخرێنەوە یاد.

هاوینـە و گــەرمــا و میوە گەنانە
نیوەی ئەم شارە شەو لەسەر بانە
تۆزی ڕەشەبا و چاویەشە و هاوار
سەربانی وێران پڕ دووپشک و مار
لە هەمــوو لایــێ گریــانـە و قوورە
کفر ئەکا پیاوی بــێ خـــەوی توورە
شەو لەسەربانان کە دەچنە سەراو
ڕۆژ هــەڵــدەقــرچــێ بەتینی هەتاو
ئینجا ڕەشەبا کـە ئــەو تۆزە دێنێ
وەک عەتر و عەمبەر هەڵیەپرژێنێ
گـۆزە و دیزەشمان کە پڕن لە ئاو
ئــەو تۆزەی تێچوو ئەبێ بە گوڵاو
هێجگار چەند ماڵێک لەسەر یەک سەربان
چیــغێــکی تــەنــک کــەوتــۆتــە بــەینیان

گوێیان له مرقه و پرخەی یەکتره
(تەگە و سابرێنی) بـەئـەدەب تره
زۆر جار ڕەشەبا دەرپێ ئەفرێنێ
هی وایشمان هەیە دەرپێی نامێنێ (پیرەمیردب۲: ۲۰۱۹، ۳۷۱)

پەندبێژ بەهۆی هاتنی وەرزی هاوین و گەرمای ساڵەوە زنجیرەیەک ڕووداوی یەک لە دوای یەک، کە لە بیر و هۆشیدا هەڵگیراون. داباریون و یەک لە دوای یەک دیمەنەکانی ساڵانی ڕابردوو، کە بەهۆی گەرما و هاتنی وەرزی هاوینەوە لەبیر و زەینیندا هەڵگیراون، سەرلەنوێ تۆماریان دەکاتەوە، وەک: تۆزی ڕەشەبا، چاویەشە، هاوار، سەربانی وێران، پڕ دووپشک و مار، گریـان، قوورە، پیاوی بـێ خـەوی توورە، لەسەربانان، سەراو، هــەڵــدەقــرچــێ، بەتینی هەتاو، ڕەشەبا کـە ئـەو تۆزە دێنێ، عەتر و عەمبەر، گـۆزە و دیزەشمان کە پڕن لە ئاو، گوڵاو، چیـغێـکی تـەنـک کـەوتـۆتـە بـەینیان، مرقە و پرخەی ، تەگە و سابرێنی، دەرپێ ئەفڕێنێ، دەرپێی نامێنێ، وەک دەبینین زیاتر لەبیست دیمەنی فرەچەشن و هەمەجۆری بیرهاتۆتەوە و یەک لەدوای یەک ڕێزی کردوون. هەموویان چیرۆکی ئەزموونی ژیانی ڕابردووی خەڵکن.

**ت-زیندەخەون:**

لە ڕێگای ئەم تەکنیکەوە "تاک دەیەوێت دەروازەیەک ببینێتەوە بۆ خۆبەتاڵکردنەوە، هەر بۆیە پەنا بۆ زیندەخەون دەبات و هەموو حەزە کەپتکراوەکانی لە ڕێگای ئەندێشەکردنەوە بەدەست دەهێنێت، واتە حاڵەتی زیندەخەون وێستگەیەکە بۆ تێرکردنی ئارەزووە بەدەست نەهاتووەکانی تاک" (صالح: ۲۰۲۰، ۲۹۳)

زیندەخەون لە پەندەکاندا: پەندبێژ لە ڕێگای ئەم هونەرەوە هەوڵدەدات حەزەچەپێنراوەکانی تاک لە داڕشتنی پەندەکاندا بخاتەڕوو، لەڕێگایەوە ئەو خواستەی، کە هەیەتی بەتاڵیدەکاتەوە، یان هەرنەبێت گوزارشتی لێدەکات، وەک خواستەکانی پارە، پۆست، پێگە و پۆشاک...هتد.

زۆر کـەس لــەخــەودا پـارە ئـەبــینێ
ئەی خاتە دەستی و توند ئەی قووچێنێ
کــە هــەڵــســا لــەو دەســتی کــردەوە
هیــچــی تــیــا نــەبــوو، تاسـی بردەوە (پیرەمێردب۱: ۲۰۱۹، ۳۳۲)

ئەم تەکنیکە لە پەندەکاندا بوونی هەیە، پەندبێژ زیندەخەوی کەسانێک دەخاتەڕوو، کە خواستی زۆری هەیە بۆ دەستگیرۆبوون لە پارە و ماڵی دونیا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە جگە لە ئارەزوویەکی کپکراو هیچیترنییە، چونکە کاتێک بە ئاگادێتەوە ڕاستی نییە.

بـەزینـدە خـەوی پـڕ و پـیـریـژن
زۆر کەس بەسەیران بۆ بەغدا ئەچوون
وتـیـان: تـۆ بـنـوو، بـیـبـیـنـە بەخەو
وتـی: لـە تـاوان خـەوم نـیـیـە شەو (پیرەمێردب١: ٢٠١٩، ٢١٠)

لێرەدا پەندبێژ لە لایەک لە ڕێگای زیندەخەوی پڕ و پیرێژنەوە، خواستی کپکراو و دەربڕوای زۆرێک دەخاتەڕوو، کە مەیلێکی زۆریان هەبوو بۆ چوونە بەغداد و بوونە نوێنەر، بە مەبەستی خۆ دەوڵەمەندکردن، هاوکات باس لەوەشدەکات بەهۆی زۆری ئەو خواستە کپکراوەوە، تەنانەت کەسانێک هەن خەویشیان نییە، تا بتوانن ئەگەر بەخەویش بێت ئەزموونی بکەن.

ئـۆتـۆمبێـلچی قـۆنـاغ ئـەسـێنێ
بێ دەرپێش هەر جاو لەخەو ئەبینێ (پیرەمێرد،ب٣: ٢٠١٩، ٢٣١)

پەندبێژ لێرەدا لە ڕێگای بەراوردەوە، خاوەن پیشەیەک و کەسێکی بێکار بەراورد دەکات، کەسی بێکار و بێ پارە، هاوکات بێ بەرگ و بێ دەرپێیە و شەوانەیش لە خەویدا، کوتاڵ دەبینی بە خەیاڵی ئەوەی بیکاتە پۆشاکی بەری.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، بەهۆی ئەوەی پەندەکان لەبنەڕەتەوە وەرگیراو و کورتەی چیرۆکێکی ڕابردوون، توانای کشان و چوونەوە ناویەکیان هەیە، لەناوخۆیاندا هەموو ڕەگەزەکانی بنیادنانی چیرۆکێک، داستان و ڕۆمانێکیان هەڵگرتووە، واتە دەتوانین بڵێین دەچنە ژێر چەتری ئەو ژانرانەی، کە گێڕانەوەیین و هونەری گێڕانەوە تیایاندا زاڵە، هەروەها چ لەلای پەندبێژی نەناسراوی میللییەوە بێت، یان لە لای پیرەمێرد وەک پەندبێژێکی ئەدەبی زۆر هونەر لە پەندەکاندا بەکارهاتووە، کە ئێمە بەشێکیمان لە پەندەکانی پیرەمێرددا خستەڕوو. کە ئەم هونەرانەش ئاوێتەیە لەنێوانی میتۆدی گێڕانەوەی تەقلیدی و میتۆدی گێڕانەوەی شەپۆلی هۆش، واتە لە لایەکی دیکەوە دەکرێت بڵێین ئەو هونەرانەی، کە لە سەدەی نۆزدە بەدواوە لە ژانری ڕۆماندا بەرجەستەبوون و ڕۆماننووسان پەیڕەوییان لێکردوون، پێشتر و بە شێوەی جیاواز لە پەندەکاندا پەندبێژی ئەدەبی وەک هونەرێکی دەربڕین بەکاری هێناون و دەتوانین نموونەیان لێ بەدەستبخەین.

**ئەنجام:**

- ✓ هەر پەندێک سەرەتا لە لایەن کەسێکەوە، کە پەندبێژە گوزارشتی لێکراوە لە ڕووی بیرەوە و لە چوارچێوەیەکی هونەرییدا بنیادنراوە، بەڵام مەرجی بوونە پەندی پێشینان ئەوەیە، کە ئەم دەربڕینە چ لە بیر و چ لە بونیاددا بەشداری چینەکانی تری تێدابێت، بۆیە هەردەربڕدراوێک بیەوێت مۆرکی پەندبوونی پێوە بلکێت، دەبێت بە پڕۆسەی خوولخواردنی بەناو چینەجیاوازەکانی کۆمەڵدا تێپەڕێت و ڕەزامەندی و بەشداری هەمووانی تێدا بەرجەستە ببێت لە بیر و فۆڕمدا.
- ✓ پەندبێژ کەسێکی ژیر و هۆشیار و بەئاگای ناو کۆمەڵە، کە یەکەم جار پەندەکان لە فۆڕمێکدا دادەڕێژێت و چیرۆک و ئەزموونەکانی ژیانی تێدا کورتدەکاتەوە، واتە پەندبێژ خاوەنی یەکەم دەربڕینی پەندەکانە.
- ✓ پەندەکان ڕاستییان زیاتر تێدایە وەک لە هەر چەشنێکی تری ئەدەبی. ئەمەش یارمەتیدەرمانە بۆ ئەوەی ڕابردوو وەک ئەوەی، کە هەیە لە بیرکردنەوە و تێڕوانینی پێشینانمان ببینین و خەون و خولیایان بۆ ئایندە بزانین و ڕاددەی هاتنەدی ئامانجەکانیان دەستنیشان.
- ✓ پەندەکان خۆیان لە سەردەمانێکدا بەشێک بوون لە دەستور و یاسای کۆمەڵایەتی و کاروباری دادوەری و پێوەری چەسپاندنی دادپەورەی کۆمەڵایەتی بوون.
- ✓ پەندەشیعرییەکان لە ڕووی شێوەی داڕشتنییانەوە، سەلیقە و هەستی جوانیناسی و هونەرمەندانەی پەندبیژەکانی بە ئاشکرایی پێوە دیارە، واتە پەندبێژ لە یەککاتدا بیر و شێوەی داڕشتنی لەبەرچاو گرتووە، ئەوپەڕی توانای هونەرمەندانەی خۆی بەکارهێناوە، پەندی شیعریی بۆتە یەکێکی تر لە هۆکارەکانی خێرایی لە گواستنەوە، مانەوە، پێکانی مەبەست و بەخشینی چێژی زیاتر بە بەردەنگ.
- ✓ بە شێوەیەکی گشتی کارە کۆکراوەکەی پیرەمێرد لە سێ شێوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە وەرگرتن و کۆکردنەوەی قسەی نەستەق و پەندەشیعرییەکانە، وەک خۆی بەبێ دەستکاریکردن، یان وەرگرتنیان و داڕشتنەوەیان لە فۆڕمی شیعرییدا، یان داڕشتن و دەربڕینی پەند بە بیر و تێڕوانینی خۆی و بە پێی ئەزموونی چەند ساڵەی ژیانی، بەڵام ناوبردنی کۆی کارەکە بە پەندەکانی پیرەمێرد، وەک خاوەندارێتی کەسیی دروست نییە، چونکە بەشێکی زۆری بەرهەمی هەموو گەلە.
- ✓ پەند زیاتر ئامانجی گواستنەوە و وێنەگرتنی ئەزموونێکی ڕابردووی مرۆڤە بە تەواوی وردەکارییەوە، بە زمانێکی سادە و ڕەوان، بەڵام قسەی نەستەق هەڵگری واتا گەلێکە، کە مرۆڤی ئاسایی بە ئاسانی لێی تێناگات و واتاکەی نازانێت، جیا لەوەی زۆربەی کات خاوەنی دیارە.

- ✓ پەند و ئیدیۆم هەردووکیان بەرهەمی پێشووترن، پێشتر شێوە و فۆڕمی خۆیان دیاریکردووە، واتای بنەڕەتییان هەیە و واتایەکی تر، کە بۆ دۆخێکی نوێ دەهێنرێنەوە، وەک بەڵگە هێنانەوە و پاڵپشتی و زەمینەسازی لە گفتوگۆ و ئاخاوتن دەوترێن، ئەزموونی پشت پەندەکە ئەزموونێکی شکستخواردووە، بۆیە دەهێنرێتەوە تا ڕێگری بکرێت لە دووبارەکردنەوەی، بەڵام ئەزموونی پشت ئیدیۆمەکە بۆ دەربڕینی مەبەستێکە و ڕوونکردنەوەی دۆخێکە مەرج نییە ئەزموونەکە باس لە شکست، یان سەرکەوتن بکات.
- ✓ پەندبێژی کورد و بە دیاریکراوی پیرەمێرد لە سەردەم و دۆخێکی زۆر لە مێژینەترەوە، ئامانج و ڕێگای ڕوونی گەیشتن بە پەروەردەیەکی شیاوی دیاریکردووە. بەشێکی زۆر لە بنەماکانی ناو پەندە شیعرییەکان هاوتان لەگەڵ بنەماکانی پەروەردەی نوێ و مەبەستەکانی، پەندەکان هاوتەریب لەگەڵ چەمکی فێربووندا یەکدەگرنەوە، کە هەردووکیان جەخت لەوە دەکەنەوە هەموو فێربوونێک مەرجە لە پێناو گۆڕینی ئەرێنییانەی ڕەفتاردا بێت، هەروەها پەندەکانی پیرمێرد لە شێوەی پاکێجی ئامادەکراو وەک ڕەچەتەیەکی بەردەست چەند بەهایەکی باڵای نزیک لە یەک و پێوستی بۆ ژیانی مرۆڤ ئامادەکردووە، کە دەکرێت تاک لە ژێر ڕۆشناییاندا پەروەردەبکرێت، چونکە پەندەکان چوارچێوەیەکن سنورێک دادەنێن بۆ بوارەکانی ژیانی مرۆڤ و بەها ڕەوشتییەکانی.
- ✓ پەیوەندی نێوان پەندەکان و ئاین پەیوەندییەکی تەواوکاری و ئاوێتەیە، لە گەیاندنی بیر، بنەماکانی ئاین و بنچینەکانی باوەڕ، جیا لەوەش پەندەکان دەبنە پردی پەیوەندی و ڕایەڵی گەیاندنی بیرەئاینییەکان بە تاکەکانی کۆمەڵ بەهۆی سادەیی، ڕوونی و ڕاشکاوی پەندەکان، کە زۆرجار تێگەیشتن لێیان ئاسانترە، یاخود زۆرجار پەندەکان ڕۆڵی شیکردنەوە و سەرلەنوێ واتاکردنەوەی تێکستە ئاینییەکان دەبینن.
- ✓ بەشێک لە پەندەکان خۆیان جۆرێکن لە فەلسەفەی زارەکی، هەروەها ڕۆڵێکی تری تەواوکارییان هەیە لە گەیاندنی بیری فەلسەفی، لەبەرئەوەی پەندەکان زمانی داڕشتن و دەربڕینیان سادەترە لە زمانی نووسین و گوزارشتی فەلسەفی. بەمەش یارمەتی فەیلەسوفان دەدەن بۆ گەیاندنی بیرەکانیان و یارمەتی بەردەنگ دەدەن لە تێگەیشتنیان لە بیرەفەلسەفییەکان.
- ✓ بەشێک لە پەندەکان بە زمانی جیاواز داڕێژراون. ئەمەش وەک بەڵگەی گشتیی بوون و جیهانی بوون و هاوبەشییەتی لە نێوان گەلاندا، لە ڕووی فەرهەنگی شیعرییەوە چەندین تاک وشە، زنجیرە وشە و هێشووە وشەی تایبەت بە خودی پەندبێژی ئەدەبی دەبینرێت. وەک سیمایەکی جیاکەرەوە، پەندبێژ هەموو جۆرەکانی ڕستەی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە بونیادی پەندە شیعرییەکاندا بەکارهێناوە، بەپێی ئەو بیرەی، کە پەندبێژ مەبەستی بووە.

- ✓ پیرەمێرد وەک پەندبێژێک وێڕای هەوڵە چاکسازییەکانی، بە گشتی تێڕوانینێکی نەرێنییانەی بۆ کۆی مرۆڤایەتی هەیە، بەڵام لەناو مرۆڤدا لەسەر بنەمای ڕەگەزیی ژن، وەک مرۆڤی پلە دوو دەبینێت، لەسەر بنەمای ئایین مرۆڤی باوەڕداری جوو وەک زیادە و مۆتەکەیەک بۆ سەرژیانی مرۆڤایەتی دەیانبینێ و مافی ژیانیان پێ ڕەوا نابینێ.
- ✓ پیرەمێرد سەرجەمی پەندەشیعرییەکانی بە کێشی دەبڕگەیی (٥+٥) هۆنیوەتەوە، لە ڕووی بەکارهێنانی سەرواوە، پەندبێژ لە پێناو هێنانەدی بونیادێکی ئاوازەیی، وردەکاری و سەلیقەی وردی خۆی بەکارهێناوە. تەواوی پەندەکانی بە جووت سەروا نووسیوە، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا چەندێن هونەری تری سەروای بەکارهێناوە، وەک سەروای ناوەوە، سەرەتا، پێش سەروا، پاش سەروا.
- ✓ پەندبێژ لە بەکارهێنانی بونیادی ئاوازەیی ناوەوە بە مەبەستی گەیاندنی چێژ، بەردەنگ ڕاکێشی دوای خۆیدەکات. خواستی لێکدانەوەی واتا و چێژی بیستن ئاوێتەی یەک دەبن و بەمەش پەندبێژ لە گەیاندنی مەبەستەکەیدا سەرکەوتوودەبێت. لە دابینکردنی پارێزبەندیی مانەوە و بەردەوامی بۆ پەندەشیعرییەکانی خۆی، تا هەمیشە لەسەر زاران و لە بیر و هزردا بزرینگێتەوە.
- ✓ پەندەشیعرییە کاریکاتێرییەکان مەبەستیان گەیاندنی پەیامێکی ڕەخنەیی و توانجدانە لە ڕەفتارە هەڵەکان، بە مەبەستی بە ئاگاهێنانەوەی خەڵکی و بنبڕکردنی ئەو جۆرە ڕەفتار و کردەوانە. پەندەکاریکتێرییەکان بەهۆی شێوەی داڕشتن و دیمەنە پێکەنین هێنەکانیانەوە، زیاتر پێشوازییان لێدەکرێت. ئەمەش بەهۆی کارامەیی پەندبێژ  لە هەڵبژاردنی کاراکتەر و شێواندنی وێنە ئاساییەکەیان.
- ✓ پەندەکان لە بنەڕەتەوە وەرگیراو و کورتەی چیرۆکێکی ڕابردوون، توانای کشان و چوونەوە ناویەکیان هەیە، لەناو خۆیاندا هەموو ڕەگەزەکانی بنیادنانی چیرۆکێک، داستان و ڕۆمانێکیان هەڵگرتووە، دەچنە ژێر چەتری ئەو ژانرانەی، کە گێڕانەوەیین، هەموو کات ئامادەیی بوونەوە بە چیرۆکیان تێدایە.

## سەرچاوەکان:

- ✓ قورئانی پیرۆز
- ✓ هەژار: ١٣٩٠هـ قورئانی پیرۆز، وەرگێڕانی هەژار. چاپ.اول، چاپخانه اسوه: سازمان تبلیغات اسلامی..
- ✓ الأنجيل:. ٢٠٠١، الانجيل العهد الجديد عن رسالة متى. بيروت، لبنان، ط ٢: جمعية الكتاب مقدس في لبنان.
- ✓ ئینجیلی پیرۆز: ٢٠١٧، چاپی سێیەم، کۆریا، Biblica.
- ✓ Psalms:. ٢٠١٣، زەبوری حەزرەتی داود. ,Hawler: Biblica/IBS.

**یەکەم: کتێب**

**بە زمانی کوردی:**


- ✓ ئازادحەمە:. ٢٠٢١، چیەتیی فەلسەفە یان چی بەفەلسەفە ناودەبرێت؟. چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم،: دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.
- ✓ ئاشنا, ئومید. ٢٠٠٩، پیرەمێرد پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی. هەولێر، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم: دەزگای ئاراس.
- ✓ ئاشنا, ئومێد. ٢٠٠٩، پیرەمێرد پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی. هەولێر، بەرگی دووەم، چاپی دووەم: دەزگای ئاراس.
- ✓ ئاشنا, ئومێد. ١٩٩٦، یاداشتەکانی پیرەمێرد. سلێمانی، چاپی یەکەم.
- ✓ ئالانی:, عەزیز. ٢٠١٥، پەروەردەکردنی منداڵەکانمان لە چوارچێوەی خێزان و کۆمەڵگا و قوتابخانەدا. سلێمانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی چوارچرا: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا.
- ✓ ئیبراهیم:, محەمەد عەبدولکەریم. ٢٠١٢، پێکهاتەی زمانی شیعری لەڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبیی نوێوە. هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم،: ئەکادیمیای کوردی.
- ✓ ئیسکارپیت:, ڕۆبێرت. ٢٠١٨، کۆمەڵناسی ئەدەب Translated by .هیمداد حسێن and سەنگەر نازم. هەولێر، چاپی یەکەم،: ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- ✓ ئیسماعیل, گێلاس عبدالله and ,ئەحمەد عەلی بابان:. ٢٠٢٢، بەها کۆمەڵایەتییەکان و پەروەردەی منداڵ. تاران، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم: دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.
- ✓ ئەبوبەکر:, هەڤاڵ. ٢٠٢٢، ئەدەبیاتناسی کارەکی. سلێمانی، چاپی یەکەم.
- ✓ ئەحمەد, زامدار. ٢٠٢١، پەندی کوردی شوناسی نەتەوەیی. سلێمانی، چاپی یەکەم: ناوەندی ڕۆشنبیری سارا.
- ✓ ئەحمەد:, صافیە محمد. ٢٠١٣، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا. هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم،: ئەکادیمیای کوردی.
- ✓ ئەحمەدی:, ئیبراهیم. ١٣٩٣هـ زیوەری زمان. سنندج، شمیم سنندج، چاپی یەکەم: انتشاراتعلمی کالج.
- ✓ ئەدهەم:, موسعەب. ٢٠١٦، فەلسەفە چییە؟ فەیلەسووف کێیە؟. سلێمانی، چاپی یەکەم،: خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما.
- ✓ ئەدهەم,, موسعەب. ٢٠١٩، عیرفان، باخێک لە حەقیقەت. سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا،: ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

- ✓ ئەسوەد:, د. نەزاد ئەحمەد. ٢٠١٥، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان. تاران، چاپی یەکەم: ناوەندی غەزەلنووس.
- ✓ ئەڵوەنی, د. نەجم. ٢٠٠٧، ئەفسانە و پەندی کۆمیدی گاڵتە ئامێزی کوردی. هەولێر، چاپی یەکەم: چاپخانەی دارا.
- ✓ ئەمین, نەوشیروان مستەفا. ٢٠١٣، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنانەوانی کوردی. بیروت، کتێبی دووەم، بەرگی یەکەم: الدار العربیة للعلوم الناشرون.
- ✓ ئەمین, هەوار عمر فەقێ. ٢٠٢٢، بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە قۆناغەکانی خوێندندا. تاران، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم: ناوەندی ڕەهەند.
- ✓ بایز, هەڵمەت, ڕێبوار عبدالله and ,هێمن ڕەقیب:. ٢٠٢٠، ئیدیۆم لە ڕەواندزێ و دەوروبەری. هەولێر، چاپی یەکەم: لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری هەندرێن بۆ زمان و توێژنەوەی کلتوری/ زانکۆی سۆران.
- ✓ بودوخە: ٢٠٢١، مەسعود. شێوازناسی و تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعرییەت Translated by .صافیە محمد ئەحمەد:. سلێمانی، چاپی یەکەم.
- ✓ بێدار:, جمال حبیب الله.٢٠١٣، دەروازەی شیعر ناسین. هەولێر، چاپی یەکەم:. نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- ✓ بەهرامی:, ئەحمەد. ١٣٩٤ هـ پەندی پیران و فەرموودەی ژیران. سنە، بەرگی یەکەم: دانشگاە کردستان.
- ✓ پارسا, د. سەید ئەحمەد. ١٣٩٧هـ جوانکاری لەئەدەبی کوردیدا بە شێوزێکی نوێ. سنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئیشراق: انتشارات نالی.
- ✓ پارسا:, پ.د. ئەحمەد. ١٣٩٧هـ ڕوونبێژی لەئەدەبی کوردیدا. سنندج، چاپخانەی نالی، چاپی یەکەم: انتشارات نالی.
- ✓ پایانیانی:, سەلاح. ١٣٩٣هـ ئەدەبی زارەکی موکریان بەشی ژنان. تهران، چاپی یەکەم.
- ✓ پیرەمێرد،ب١:, حاجی توفیق محمود همزاغای مەسرەف. ٢٠١٩، پەندەکانی پیرەمێرد. سلێمانی، چاپی چوارەم، بەرگی یەکەم: ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان.
- ✓ پیرەمیرد،ب٢:, حاجی تۆفیق محمود همزە ئاغا. ٢٠١٩، پەندەکانی پیرەمێرد. سلێمانی، چاپی چوارەم، بەرگی دووەم: ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان.
- ✓ پیرەمێرد،ب٣:, حاجی توفیق محمود همزەاغای مەسرەف. ٢٠١٩، پەندەکانی پیرەمێرد. سلێمانی، چاپی چوارەم، بەرگی سێیەم: ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان.
- ✓ جگەرسۆز:, محمد صاڵح پێندرۆیی. ٢٠١٢، فەرهەنگی ڕەسەن، بەرگی دووەم. هەولێر، چاپی یەکەم: چاپخانەی ڕۆشنبیری.
- ✓ جگەرسۆز:, محمد صاڵح پێندرۆیی. ٢٠١٥، ڕۆڵی خێزان و قوتابخانە لە پەروەردە و فێرکردنی قوتابیدا. هەولێر، چاپی یەکەم: چاپخانەی ڕۆژهەلات.
- ✓ جیاووک:, معروف. ١٩٣٨، هزار بێژ و پەند. بەغداد، چاپی یەکەم: چاپخانەی نجاح.
- ✓ جەبار, تەیب. ٢٠١٥، گەڕان بەدوای ئیقاعی وشەدا. سلێمانی، چاپی دووەم:. چاپخانەی پەنجەرە.
- ✓ جەعفەر, مامۆستا. ٢٠١٤، شاری سلێمانی، ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان (١٨٢٠-١٩٢٠). هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم: دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.
- ✓ جەعفەر، مامۆستا. ٢٠٠٩، مێژووی بیری کورد. سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی: مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی. ن. ک).
- ✓ حسن:, دانا عوسمان. ٢٠١٥، ئیسلام عەقیدە و شەریعەت و مێژووی. بیروت، لبنان، چاپی یەکەم.

- ✓ حسێن, د.هیمداد. ٢٠١٠، ڕۆژنامەوانی کوردیی گۆڤاری هەولێر ١٩٧٠-١٩٧٢. سلێمانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی: ئەکادیمای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران.
- ✓ حسێن، جەبار ئەحمەد. ٢٠٠٨، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق (١٩٥٠- ١٩٧٠). سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- ✓ حسێن:, جەبار ئەحمەد. ٢٠١٢، بینای ساتیرا لە کورتە چیرۆکی کوردیدا کوردستانی عیراق (١٩٧٠- ١٩٩٠ز). هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم: بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی.
- ✓ حسین:, شیلان عومەر. ٢٠٠٩، ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لەزمانی کوردیدا. سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم: مەڵبەندی کوردۆلۆجی.
- ✓ حسێن:, شیلان عومەر.٢٠١٩، بنەما پەروەردەییەکان لە پرۆگرامی خوێندنی زمانی کوردیدا. سلێمانی، چاپی یەکەم: ناوەندی خوێندن و بەرنامەکانی بۆ خویندنی کوردی.
- ✓ حسەین, هەڤاڵ ئەبوبەکر. ٢٠٠٧، چەشنە ئەدەی و ڕۆژنامە نووسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ژین و ژیاندا ١٩٣٢- ١٩٥٠. سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان: بنکەی ژین.
- ✓ حمەتوفیق:, ڕێبوار. ٢٠١٥، جوولەکەکانی شاری سلێمانی. تاران، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە: ناوەندی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی.
- ✓ حمەکریم:, حمە سعید. ١٩٨٠، تۆمابوا، ژیانی کوردەواری. سلێمانی، : چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.
- ✓ حەبیبی, عەبدوڵڵا. ٢٠٢٢، کەشکۆڵی مەحمود پاشای جاف. سنە، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم: بنکەی ژین.
- ✓ خاڵ،, شێخ محەمەدی. ٢٠٠٧، پەندی پێشینان. سلێمانی، چاپی چوارەم: چاپخانەی شڤان.
- ✓ خۆشناو:, نەریمان عەبدوڵا. ٢٠١٧، ڕستەسازی. هەولێر، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات: ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- ✓ خۆشناو،, هێمن عومەر. ٢٠١٠، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی. هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری:، وەزارەتی ڕۆشنبیری.
- ✓ خەزنەدار:, مارف. ٢٠١٠، مێژووی ئەدەبی کوردی. هەولێر، بەرگی پێنجەم، چاپی سێیەم: دەزگای ئاراس.
- ✓ دزەیی:, پ. ی. د.عبدالواحید موشیر. ٢٠١٤، واتاسازی وشە و ڕستە. هەولێر، چاپی سێیەم: ناوەندی ئاوێر.
- ✓ دوبنۆڤ:, سیمۆن مارکۆڤیچ. ٢٠٢٠، کورتە مێژووی جوو. هەولێر، چاپی یەکەم: ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- ✓ دورکهایم:, ئەمیل. ٢٠٠٥، "دابەشکردنی کار In ".کۆمەڵگەی نەریتی و کۆمەڵگەی مۆدێرن by ,مالکوم واترز , translated byبۆ فارسی: مەنسووری ئەنساری and بۆ کوردی: عەبدوڵا ڕەسووڵی, ٢٠٥- ٢٣٠. سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ: وەزارەتی ڕۆشنبیری.
- ✓ دۆسکی, تەحسین ئیبراهیم. ٢٠١٨، کۆما بەرهەمێ ئەحمەدێ خانی. دهۆک: کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانێ.
- ✓ دێهاتی:, فیصل. ١٩٩١، "دەروازەیەک بۆ جیهانی فۆلکۆر In ".فۆلکلۆر by ,ئەسعەد عەدۆ و نووسەرانی تر, ٤٧- ٥٤. بەغداد، چاپخانەی الزمان.
- ✓ دەشتەکی:, عمر شێخ الله. ١٩٨٠، پەندی کوردی. بەغداد، چاپی یەکەم:، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.
- ✓ دەشتەکی:, عومەر شێخ الله. ١٩٧٢، پەندی کوردی. هەولێر، چاپی یەکەم:، چاپخانەی کوردستان.

- ✓ ریچ:, کلۆدیۆس جێمس. ٢٠٠٢، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان Translated by .محمد حەمە باقی. هەولێر، چاپی سێیەم،: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- ✓ رەحمان:, عەبدوڵا. ٢٠١٧، توێژینەوەی دەق لەڕوانگەی زمان و ئەدەبەوە. هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیری: وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان.
- ✓ رەحیم, عومەر اسماعیل. ٢٠١٨، جیهانبینی پیرەمێرد لە دوو توێی هۆنراوە و پەندەکانیدا. هەولێر، چاپی یەکەم: چاپخانەی رۆژهەلات.
- ✓ رەسوڵ, د. شوکریە and ,جەلال تەقی:. ١٩٨٤، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی. هەولێر، چاپی یەکەم: ئەمینداریێتی گشتیی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان.
- ✓ رەسوڵ:, شوکریە. ٢٠٠٨، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی. هەولێر، چاپخانەی موکریانی، چاپی یەکەم: دەزگای موزیک و کەلەپوری کورد.
- ✓ رەسوڵ:, د. عیزەدین مستەفا. ١٩٧٠، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی. بەغداد، دار الجاحظ: وەزارەتی کاروباری باکور.
- ✓ رەسوڵ:, عیزەدین مستەفا. ١٩٨٩، ئەدەبیاتی نوێی کوردی. هەولێر، چاپی یەکەم: چاپخانەی فێرکردنی باڵا.
- ✓ زغلول, د. عماد عبدالرحیم. ٢٠١٥، بنەما سەرەکییەکانی سایکۆلۆژیای پەروەردەیی. هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، چاپی یەکەم: ناوەندی ئاوێر.
- ✓ زەڵمی:, مصطفی. ٢٠١٧، مافی ئازادی لە قورئانی پیرۆزدا- مافی مرۆڤ و گرەنتییەکانی لە ئیسلامدا . Translatedbyڕیدار ڕەئوف ئەحمەد and عومەر عەلی غەفور. هەولێر، چاپی یەکەم،: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات.
- ✓ ژووڤ:, ڤەنسان. ٢٠٢٠، بووتیقای ڕۆمان Translated by .محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی:. سەقز، چاپی یەکەم، خانی،: چاپەمەنی خانی.
- ✓ سجادی, علاء الدین. ١٣٩١هـ مێژووی ئەدەبی کوردی. سنە: بڵاوکردنەوەی کوردستان.
- ✓ سجادی, عەلائەدین. ١٩٥١، یادی پیرەمێرد. بەغداد، چاپی یەکەم: چاپخانەی معاریف.
- ✓ سدیق:, زاهیر. ٢٠١٧، پیرەمێرد سیروانی ئەدەب بوو. سلێمانی، چاپی یەکەم: چاپخانەی کارۆ.
- ✓ سعید, ناز احمد and ,صدیق ئەورەحمان:. ٢٠٢١، ڕەنگدانەوی بەها پەروەردەییەکان لە هۆنراوەی منداڵاندا. سلێمانی، چاپی یەکەم: ناوەندی سارا.
- ✓ سوبحانی:, جەلال محمود عەلی. ٢٠١٢، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا. سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی: بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- ✓ سورمێ:, نەژاد عزیز.١٩٩١، "ڕوانین By ".ئەسعەد عەدۆ و ئەوانی تر, ٦٦-٧١. بەغداد، چاپخانەی الزمان.
- ✓ سورمێ, نەژاد عەزیز. ٢٠٠٦، ڕۆژنامەگەریی کوردی چەند سەرەقەڵەمێک لەبارەی تەکنیک و هونەرەکانی. هەولێر، چاپی دووەم: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- ✓ سیوەیلی:, ڕێبوار. ٢٠١١، مێژوو و هزری کۆمەڵایەتی. هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات: دەزگای زەریاب.
- ✓ سەپان, د. مەغدید. ٢٠٢١، ڕۆژنامەی کوردستان و هەل و مەرجی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی. هەولێر، چاپی یەکەم، : کوردستان.
- ✓ سەعید:, سەلاح. ٢٠٢٠، گەنجینەی وتەکان. سلێمانی، چاپی یەکەم،: ناوەندی سارا.

- ✓ سەیدقادر:, شاهۆ عوسمان. ٢٠٢١، سلێمانی لە کۆتایی بابانەوە بۆ سەرەتای ڕاپەڕین. سلێمانی، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا: پرۆژەی قەقتان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- ✓ شارەزا:, کەریم. ١٩٨٣، پەندی بەراوردکاری. بەغداد، چاپخانەی سمیر امیس، چاپی یەکەم: ئەمینداریێتی ڕۆشنبری و لاوان.
- ✓ شارەزووری:, عەلی مەعروف. ٢٠١٠، پەندی پێشینانی کورد. سلێمانی، چاپی دووەم: چاپخانەی چوارچرا.
- ✓ شاوەیس:, اسماعیل حقی.١٩٣٣، قسەی پیشینان گوستاولۆبۆن. بەغداد، چاپخانەی ئەیتام، چاپی یەکەم: دیاری لاوانی کورد بەغداد.
- ✓ شوانی:, د. ڕەفیق. ٢٠٠٨، "وێنەی هونری لە شیعری پیرەمێرد دا In ".کۆمەڵە وتارێکی ئەدەبی by ,د. ڕەفیق شوانی, ٥٠-٨٤. هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات: وەزارەتی ڕۆشنبیری.
- ✓ شەریف:, ڕۆزە عبدالله. ٢٠٠٨، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ناسەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان. هەولێر، چاپی یەکەم: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- ✓ صالح, یاسین صابر. ٢٠٠٩، ئیسکلۆپیدیای گشتی. سلێمانی، چاپی دووەم، بەرگی یەکەم: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- ✓ صالح:, ئاوارە کەمال. ٢٠٢٠، شێواز لە ڕۆمانی کوردیدا. هەولێر، چاپی یەکەم:، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- ✓ صلیوە:, د. هاوژین. ٢٠١٦، کاریکاتێر لە شیعری کوردیدا. هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات: دەزگای ڕۆسا.
- ✓ عبدالعزیز, د. عمر. ٢٠١٦، خەباتی کورد و ڕەهەندی ئیسلامی. هەولێر، چاپی یەکەم: نوسینگەی تەفسیر.
- ✓ عبدلعزیز, د. عومەر. ٢٠٢٠، سەعید نورسی. سلێمانی، چاپی یەکەم: ڕۆشنبیر.
- ✓ عبدالله:, ئیدریس. ٢٠١٧، دەقی ئەدەبی. هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری: وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.
- ✓ عزەت:, مەحمود مەلا. ٢٠٠٦، کورتەی مێژووی فەلسەفە. سلێمانی، چاپی سێیەم، : چاپخانەی سیما.
- ✓ عومەرکاکی:, حەمە نوری. ٢٠٠٨، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا. سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک: مەڵبەندی کوردۆلۆجی, ٢٠٠٨.
- ✓ عەبدولا:, عەباس ساڵح. ٢٠٠٩، فیمینزم لە شیعری کوردیدا- کرمانجی خواروو. سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی:، سەنتەری نیشتیمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر.
- ✓ عەزیز, عومەر ئیبراهیم. ١٩٨٩، دیاری نەورۆز لە پەخشانی کوردی دا. بغداد، چاپخانەی فنون: لەسەر ئەرکی زانکۆی سەلاحەدین.
- ✓ عەلی:, دڵشاد. ١٩٩٨، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا. سلێمانی، چاپی یەکەم: چاپخانەی ڕەنج.
- ✓ فتاح:, محمد معروف. ١٩٩٠، زمانەوانی. هەولێر، چاپی یەکەم:، زانکۆی سەلاحەدین.
- ✓ فەرەج:, خالید مەجید. ٢٠٢١، حەلاج، ئیبن ڕوشد، حافزی شیرازی و چەند ڕەهەندێکی دیکەی فیکری. سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا: ناوەندی بڵاوکردنەی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- ✓ فەلاح:, شەریف. ٢٠٢٠، گێڕانەوە لە ڕێدا- پێگەی ئەدەبی گێڕانەوە لە کوردستانی ئێران. سنە، چاپی یەکەم:، کتێبی ماد.
- ✓ قادر, ڕەمەزان حەمەدەمین. ٢٠٢٠، بنەماکانی پەروەردەی سەردەم. سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سایە: کتێبخانەی سۆفیا_ کۆیە.

- ✓ کاکی:, حەمە نوری عومەر. ٢٠١٢، شێوازی شیعری نوێی کوردی کرمانجی ناوەڕاست (١٩٢٠- ١٩٧٠). سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون: چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- ✓ کاکەیی:, هەردەوێل. ٢٠٠٨، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی شەبەک. هەولێر، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم: دەزگای ئاراس.
- ✓ کالین:, ئیبراهیم. ٢٠١٣، عەقڵ و عەقڵگەرایی لە قورئانی پیرۆزدا Translated by .موحەمەد موحەمەد حمە میرزا. سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان،: سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری.
- ✓ کریم:, مستەفا صالح. ٢٠١٥، باخێک لە وشە، گەشتێک بەژیاننامەی پرشکۆی پیرەمێرددا. تاران، چاپی دووەم: چاپخانەی پەنجەرە.
- ✓ کوردە:, بەرزان ئەحمەد. ٢٠٠٧، جولەکەکانی شاری سلێمانی. سلێمانی، چاپی یەکەم: یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، مەکتەبی ڕێکخستن، بەشی ڕووناکبیری.
- ✓ کوێستانی:, هەڤاڵ. ٢٠٢٢، ئافرەت ژانی لەدایکبوونێکی نوێ. سلێمانی، چاپی سێیەم،: چاپخانەی کارۆ.
- ✓ کەریم:, د. فەرهاد قادر. ٢٠١٢، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی دا. هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات: یەکێتی نووسەرانی کورد.
- ✓ کەریم:, ئازاد عبدالواحید. ٢٠٠٥، سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی. هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،: لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد.
- ✓ کەمال:, محەمەد. ٢٠١٧، فەلسەفەی هونەر. سلێمانی، چاپی یەکەم،: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- ✓ گۆڵدمەن:, لوسیەن. ٢٠٠٧، "ئایا ماتریالیزمی دیالێکتیک فەلسەفەیە؟ In ".فەلسەفە، میتۆد، کۆمەڵناسی ئەدەبیات , byمارکس و کۆمەڵێک نووسەری تر, ١٤٥- ١٦٨. سلێمانی، چاپی یەکەم،: چاپخانە شڤان.
- ✓ گەردی، عەزیز. ١٩٧٢، ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا. بەغداد، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم: المکتبة الوطنیة ببغداد.
- ✓ گەردی،, عەزیز. سەروا. ١٩٩٩، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری: دەزگای ئاراس.
- ✓ گەردی:, عەزیز. ٢٠١٤، کێشناسی کوردی. هەولێرة چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین: نارین.
- ✓ لەتیف:, حسێن. ٢٠٢١، عەقڵی شیعریی. سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- ✓ مالمیسانژ. ٢٠٠٧، جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی کورد و ڕۆژنامەکەی Translated by .زریان ڕۆژهەڵاتی. سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی: بنکەی ژین.
- ✓ محمد:, زەکیە ڕەشید. ٢٠٢١، خەرمانێک لەدەستەواژە و ئیدیۆمی کوردی. سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم: وەزراەتی رۆشنبیری.
- ✓ محمد:, عدنان مجید. ٢٠٢١، پەروەردەی مەدەنی و پێگەیاندنی سیاسی. هەولێر، چاپی یەکەم: چاپخانەی دارا.
- ✓ محمود:, سالار عزیز. ٢٠١٤، هزری فەلسەفی لە شیعری مەلای جزیریدا. هەولێر، چاپی یەکەم،: خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە،
- ✓ مودەڕیسی:, محەمەد عارف. ١٣٨٤هـ کەلەپوری کوردەواری. چاپ اول: کتێب فرۆشی شێخی.
- ✓ موسلیح:, علی ئەحمەد زادە. ١٣٩٧هـ پەندی پێشینان. سنندج، چاپخانەی ئاڵای ڕووناکی، چاپی یەکەم: انتشارات ئاراس.
- ✓ میران:, ڕەشاد. ٢٠١٠، چەند بابەتێکی ئیتنۆ-کۆمەڵایەتی. دهۆک، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی: دەزگای موکریانی.

- ✓ میراودەلی:, عومەر. ٢٠٠٨، زمانی دەق. هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری:، وەزارەتی رۆشنبیری.
- ✓ میرزاتۆفیق:, ئاڤان عەلی. ٢٠١٢، چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی-دا. سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال: بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- ✓ میسری, د. محمد دلێر ئەمین. ٢٠٠٤، ڕۆژنامە نووسی کوردی و بزوتنەوەی ئەدەبی. سلێمانی: شارەوانی سلێمانی.
- ✓ مەجید:, دیار فایەق. ٢٠٢١، شەپۆلی هۆش لەڕۆمانی کوردیدا. کەلار، چاپی یەکەم:، ناوەندی خاک بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- ✓ مەحموود:, ئازاد ئەحمەد. ٢٠١٢، بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا. هەولێر، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، : ئەکادیمیای کوردی.
- ✓ مەزهەر:, کەمال. ١٩٨١، ئافرەت لە مێژوودا. بەغداد، چاپی یەکەم:، چاپخانەی الحوادث.
- ✓ مەلاتەها:, بەرزانی. ٢٠٠٨، ئەدەبی فەلسەفی ئەزموونە زیندووەکانی سەردەم. سلێمانی، چاپی یەکەم:، چاپخانەی شڤان.
- ✓ مەلاکەریم:, محمد. ١٩٩٢، بیری سیاسی و کۆمەڵایەتی پیرەمێرد. بەغداد، چاپی یەکەم، دار الحریة: دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.
- ✓ مەلامحمد:, شاخەوان. ٢٠١٤، ڕۆژنامەگەری تەنز لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری سیخورمە وەک نموونە. هەولێر، چاپی یەکەم: چاپخانەی حاجی هاشم.
- ✓ مەنسوور:, ئەحلام. ١٩٩٩، بینای هونەری لە چیرۆکی کوردیدا ١٩٧٠- ١٩٨٠. سلێمانی، چاپی یەکەم:، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- ✓ مەهابادی:, مەلا غەفووری دەباغی حافزی. ١٣٩٤هـ پەندی پیشینان. سەقز: فەرهەنگ سەرای هونەر و ئەندێشە.
- ✓ ناصر:, ئیبراهیم. ٢٠٢٠، زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەیی. تاران، چاپخانەی تاران، چاپی سێیەم:، هەژارموکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- ✓ مەولود، ڕێزان صاڵح و حوسێن، سەنگەر نازم: ٢٠١٨، ژانرە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر.
- ✓ نورەدین, بوار. ٢٠١٩، پیرەمێرد حاجی توفیق محمود ئاغا. سلێمانی، چاپی یەکەم: چاپخانەی پیرەمێرد.
- ✓ هاوار:, محمد ڕسوڵ. ١٣٩٢هـ ، دیوانی پیرەمێرد. سنە، چاپی ئەوەڵ: ئانا.
- ✓ هۆشیار, فائق and ,کۆمەڵێک_نووسەر:.٢٠٠٧، سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد. سلێمانی: چاپخانەی شڤان.
- ✓ یاقووب،, عەلی عوسمان. ٢٠١٩، ڕۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرە ڕەهەندەکان. سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- ✓ یاقووب:, عەلی عوسمان. ٢٠٢١، ڕۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرەڕەهەندەکان. سلێمانی، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، چاپخانەی سەردەم: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- ✓ یانسۆن:, توورە. ٢٠١٩، مێژووی زمان کنەکردن بەناو کات و شێوندا Translated by .نوری کەریم:. سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند:، ناوەندی ڕەهەند.
- ✓ یوسف:, عەباس عبداللە. ١٩٩١، "چەند مەتەڵێکی دووبارەکردنەوە In ".فۆلکلۆر by ,ئەسعەد عەدۆ و نووسەرانی تر, ٥٥-٦١. بەغداد، چاپخانەی الزمان.

**بەزمانی عەرەبی:**


- ✓ ابراهيم ,:نبيلة. ١٩٨١، *أشكال التعبير فى الأدب الشعبى* .القاهرة، مصر، ط :٣دار الطباعة والنشر.
- ✓ أدهم ,:سامی. ١٩٩٣، *فلفسة اللغه تفكيك العقلى و اللغوى بحث ابستمولوجى أنطولوجى* .بيروت، لبنان، ط ١، مؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع.
- ✓ البغا ,:مصطفى ديب. ١٩٩٨، *الواضح فى علوم القران* .دمشق، سوريا، الطبعة الثانية :دار العلوم الانسانية.
- ✓ البكرى ,:ابو عبيد . ١٩٧١، *فصل المقال فى شرح كتاب الأمثال* .بيروت، لبنان، ط :١مؤسسة الرسالة.
- ✓ التوم ,:أ .صلاح. ٢٠١٩، *القيم الأسلامية في الأمثال الشعبية السودانية* .كسلا، السودان، ط١، كسلا.
- ✓ الحاج ,:احمد علي. ٢٠١٣، *أصول التربية* .عمان، ط :١دار المناهج والتوزيع.
- ✓ الحداد ,فيصل مفتاح. ٢٠٠٨، *أنواع الأمثال والحكم في نماذجها المختارة* .بنغازي، ليبيا، ط :١دار الكتب الوطنيه.
- ✓ الحنفي ,:الشيخ جلال. ١٩٦٢، *الأمثال بغدادية* .بغداد، العراق، مطبعة اسعد، ط :١، وزراة المعارف.
- ✓ الخصاونة ,:ابراهيم فؤاد . ٢٠١٢، *الصحافة المتخصصة* .عمان، ط :١دار الميسرة للنشر و التوزيع.
- ✓ الدسوقى ,:ابراهيم . ٢٠١٥، *اللغة في امثالنا الشعبية* .القاهره، مصر :دار غريب للطباعة و النشر و التوزيع.
- ✓ الزمخشرى: . ١٩٨١، *المستقصى فى الأمثال العرب* .بيروت، لبنان، ط :٢دار الكتب العلمية.
- ✓ الشولي ,:عبدالرحمان. ٢٠١٦، *فلسفة النعنى في الفكر و اللغة و المنطق* .بيروت، لبنان، ط :١دار النهضة العربية.
- ✓ الضبى ,:المفضل. ١٣٠٠ هجري، *أمثال العرب* .قسطنطينية، ط :١مطبعة الجوائب.
- ✓ العسكري ,:أبو هيلال . ١٩٨١، *كتاب الصناعتين* .بيروت، لبنان، ط :١دار الكتب العلمية.
- ✓ العسكرى، ابوهلال. ١٩٨٨، *حمهرة الأمثال، المحقق محمد ابو الفضل و عبدالمجيد قطامش*، بيروت لبنان، دارالجيل.
- ✓ العقاد ,:عباس محمود. ٢٠١٤، *الإنسان في القران* .القاهرة، ط٢، مصر، :مؤسسة هنداوى.
- ✓ العوبى ,:رابح. ١٩٨٩، *أنواع النثر الشعبى* .عنابة، الجزائر، ط :١جامعة باجى مختار.
- ✓ الغامدي ,د .عادل بن علي . ٢٠١٦، *الحجاج في القصص الأمثال القديمة* .بيروت، لبنان، ط١، :دار الكنوز.
- ✓ الفاخوري ,:حنا *.الموجز في الأدب العربي _تأريخه، مجلد* .١بيروت، لبنان، ط١، دار الجيل.١٩٨٥ ,
- ✓ الفياض ,:د .محمد جابر. ١٩٩٣، *الأمثال في القران الكريم* .ط١.، هيرندن، فيرجينيا، الولايات المتحدة الامريكية : المعهد العالمى للفكر الاسلامى.
- ✓ المرسومي ,:على صليبى. ٢٠١٠، " سرديه الحكاية الشعرية In ."*فضاء الكون الشعري* by ,محمد صابر عبيد :, ١٧٧- ١٦٣دمشق، سورية، ط١، :دار نينوى.
- ✓ المنزلاوي ,:احمد . ٢٠١٨، *كيف تكتب الرواية او قصة قصيرة* .مصر، ط٤، :مركز ودود.
- ✓ النجار ,:د .محمد رجب. ٢٠٠٣، *من فنون الأدب الشعبى في التراث العربى* .القاهرة، مصر، ط١، مجلد :١الهيئة العامة الثقافة.
- ✓ الياس ,د .اسماء ,د .سلوى مرتضى and ,د .عيسى علي: . ٢٠١٤، *تطور فكر التربوي في الرياض الأطفال* . دمشق :جامعة دمشق.
- ✓ امين ,:أحمد. ١٩٥٣، *قاموس العادات و التقاليد والتعابير المصرية* .القاهرة، مصر، :مطبعة لجنة التأليف و الترجمة و النشر.

- ✓ أمين ,:أحمد. ١٩٦٩، *فجر الأسلام، يبحث عن الحياة العقلية فى صدر الأسلام الى اخر الدولة الأموية* .بيروت، لبنان، ط١٥.، :دار الكتاب العربى.
- ✓ بدير ,حلمى . ٢٠٠٢، *أثر الأدب الشعبى في الأدب الحديث* .الأسكندرية، مصر، ط :١دار وفاي لدنيا طباعة و النشر.
- ✓ بورايو ,:عبداحميد. ٢٠٠٧، *الأدب الشعبى الجزائيري* .الجزائر،ط :١دار القصبة للنشر.
- ✓ بورايو ,:عبدالحميد . ٢٠٠٨، *البعد النفسي و الاجتماعى في الادب الشعبى الجزائري* .عنابة، ط١، الجزائر :منشورات بونة للبحوث و الدراسات.
- ✓ جبير ,:محمد and ,شامل :عبدالقادر .: ٢٠١٣، *يهود العراق –مقدمات التاريخية والخطاب الثقافي* .بغداد، ط :١ وزارة الثقافة، مركز الدراسات و البحوث.
- ✓ جغام ,:ليلى . ٢٠٠٨، *بلاغة الأمثال العربية* .بيروت، لبنان،ط :١دار المعارف بيروت.
- ✓ جندي:, على. ١٩٨٨، في تأريخ الأدب الجاهلي. القاهرة، مصر، ط٤: دار غريب.
- ✓ چاوشلي ,:هادى رِشيد. ١٩٧٠، *الحياة الاجتماعية في كردستان* .بغداد، ط١، :مطبعة جاحظ.
- ✓ حسن ,:الساعاتى. ١٩٨٠، حكمة *لبنان* .بيروت، لبنان :دار النهضة العربية.
- ✓ خرشوف, مالكى. ٢٠٢١، علم اللهجات. قسنطينه: جامعة الاخوة منتورى قسنطينة.
- ✓ داود ,د .أماني سليمان . ٢٠٠٩، *الأمثال العربية القديمة دراسة أسلوبية سردية مضاربة* .بيروت، لبنان، ط١، : المؤسسة العربية للدراسات والنشر.
- ✓ زغب:, احمد. ٢٠١٢، الأدب الشعبي الدرس و التطبيق. الوادي، الجزائير: مطبعة سخري.
- ✓ زلهايم:, رودلف. ١٩٨٤، الأمثال العربية القديمة. Translated by د. رمضان عبد التواب. بيروت، لبنان، ط٣: مؤسسة الرسالة.
- ✓ زرزور, نعيم. ١٩٨٧، مفتاح العلوم السكاكي، ظبطه و هوامشه وعلق عليه. بيروت، لبنان، ط٢: دار الكتب العلمية.
- ✓ سعيدي:, محمد. ٢٠٠٩، التشاكل الأيقاعي و الدلالي فى نص المثل الشعبي الجزائرى. الجزائر، ط١: ديوان المطبوعات الجامعية.
- ✓ سليم:, د. لطيف. ٢٠٠٠، الطفل في التراث الشعبى. القاهرة، مصر، ط٢: مكتبة الدراسات الشعبية، الهيئة العامة لقصور الثقافة.
- ✓ شيخ:, التلى بن. ١٩٩٠، منطلقات التفكير في الأدب الشعبي الجزائيري. الجزائير: المؤسسة الوطنية للكتاب.
- ✓ شعلان ,:ابراهيم احمد. ٢٠٠٤، *الشعب المصري في أمثاله العامية* .القاهرة، مصر، ط :٤الهيئة العامه لقصور الثقافة.
- ✓ صعب ,:حسن .*علم السياسة* .بيروت، ط :٢دار العلم للملايين.١٩٨٨ ,
- ✓ عابدين:, دعبدالمجيد. ١٩٨٩، الأمثال فى النثر العربى القديم مع مقارنتها بنظائرها في الاداب السامية الأخرى. القاهرة, مصر: دار المعرفة الجامعية.
- ✓ عبيد:, د. احمد عبدالغفار. ١٩٨٧، أمثالنا الموروثة الأدبية و الفكرية و دلالتها شخصية الانسان العربي. القاهرة، مصر، ط١: دار المعرفة الجامعية.
- ✓ عزالدين:, جلا وجى. ١٩٩٢، الأمثال شعبية الجزائرية بسطيف. بسطيف، ط٢: مديرية الثقافة بسطيف.
- ✓ عوطين:, د. ابراهيم. ١٩٨٢، الأدب العربى بين البادية و الحضر. القاهرة، مصر، ط١: مطبعة السعادة.

- ✓ قطامش:, د. عبدالمجيد. ١٩٨٠، كتاب الامثال: ابو عبيد قاسم بن سلام. مكة مكرمة، مملكة العربية السعودية، ط١: كلية شريعة و الدراسات الأسلامية.
- ✓ كنه ,:جەمیل. ١٩٥٨، *تعريب حكم و امثال كردية و مغازيها، وەرگێڕانی کۆمەڵ پەندی کوردی بۆسەر زمانی عەرەبی* .حەڵەب، سوريا، :چاپخانەی ئەلشەرقیة.
- ✓ لويس:, سى دى. ١٩٨٢، الصورة الشعرية. Translated by احمد نصيف الجنابي, مالك ميري and سلمان ابراهيم. بغداد، العراق،: دار الرشيد للنشر.
- ✓ مراد ,:محمد مروان. ٢٠١٤، *أمثال العرب حكمة و بلاغة و أدب* .دمشق، سوريا، ط:١، وزارة الثقافة.
- ✓ مسعود:, ميخائيل. ١٩٩٩، ادباء فلاسفة. بيروت، لبنان، ط٢،: دار العلم للملايين.

- ✓ مرتاض ,:عبدالمالک. ١٩٨١، *العامية الجزائرية و وعلاقتها بالفصحى* .الجزائر، ط :١الشركة الوطنية للنشر.
- ✓ مسعود ,:جعكور. ٢٠١٢، حكم و *أمثل شعبية الجزائرية* .الجزائر، ط١، :دار الهدى للنشر و التوزيع.
- ✓ نصار ,محمد and ,قاسم محمد كوفجي .: ٢٠٠٧، *تذوق الفنون الدرامية* .اربد، الأردن، ط :٢عالم الكتب الجديد.
- ✓ نصار ,:د .حسين. ٢٠٠٢، *الأمثال* .القاهره، مصر، مكتبة الأسرة :الهيئة المصرية العامة للكتاب.
- ✓ هلال, د. محمد غنيمى. ١٩٩٧، النقد الأدبى الحديث. القاهرة، مصر، ط٣: نهضة المصر.
- ✓ وهبة ,مجدى and ,كمال مهندس .: ١٩٨٤، *معجم المصطلحات العربية* .بيروت، لبنان، ط :٢مكتبة لبنان.


**به زمانی فارسی:**


- ✓ احمدزاده:, هاشم. ١٣٩٧هـ ، از رمان تاملت. Translated by بختیار سجادی:. سقز، چاپ دوم،: دانشگاه کردستان.
- ✓ اسکیلاس ,:اوله مارتین. ٢٠٠١، *در امدی بر فلسفه و ادبیات* Translated by .محمد نبوی .تهران، چاپ دوم، :انتشارات اگاهـ .
- ✓ بهمنیار ,:احمد. ١٣٦٩هـ ، *داستان نامه بهمنیار* .تهران، چ، :٤دانشگاه تهران.
- ✓ دهخدا ,:علی اکبر. ١٣٨٦هـ ، *امثال و* حکم .تهران، چاپخانه سپهر، چاپ چهاردهم :مؤسسة انتشارات امیر کبیر.
- ✓ رخزادی ,:د .علی. ١٣٨١هـ ، *امثال و حکم کردی* .سنندج، چاپ سوم :انتشارات کردستان.
- ✓ ریپکا ,:یان . ١٣٥٦هـ ، *تاریخ ادبیات ایران* Translated by .دکتر عیسی شهابی .:تهران، چاپ اول، :انتشارات بنگاه ترجمة نشر کتاب.
- ✓ زرینکوب ,:عبدالحسین . ١٣٨٦هـ ، *نقد ادبی، جلد اول و جلد دوم* .تهران، چاپ هشتم، چاپخانه سپهر، :مؤسسة انتشارات امیر کبیر.
- ✓ سجادی ,سید عبدالحید حیرت. ١٣٦٩هـ ، *پند پیشینان* .ارومیه، چاپ اول.
- ✓ سیماداد: . ١٣٩٢هـ ، *فرهنگ اصطلاحات ادبی* .تهران، چاپ ششم :انتشارات مروارید.
- ✓ قاضی ,قادر فتاح. ١٣٧٥هـ ، *امثال و حکم کردی، بخش دوم* .تبریز :چاپ اداره انتشارات دانشگاه تبریز.
- ✓ قاضي ,:قادر فتاح. ١٣٦٤هـ ، *امثال و حکم کردی، بخش اول* .تبریز :انتشارات اداره دانشگاه تبریز.
- ✓ محمدی ,:طالب . ١٣٩٣هـ ، *کان قسه، مجموعه ای ضرب المثل ها و کنایه های کردی )گویش سنندجی* .(سنندج، چاپ اول.
- ✓ مقدادی ,:بهرام . ١٣٩٣هـ ، *دانش نامەی نقد ادبی از افلاتون تا به امروز* .تهران، چاپ اول، :نشر چشمه.

- ✓ همایی ,:جلال الدین. ۱۳۷۳هـ ، *معانی بیان* .تهران، چاپ دوم :نشر هما.
- ✓ یونگ ,:کارل گوستاو. ۱۳۹۹هـ ، *انسان و سمبول هایش* Translated by .محمود سلطانیة .:تهران، چاپ ۱۳، : جامی.

**به زمانی ئەڵمانی:**

- ✓ Prace:, Jaroslav Vedouci. Deutsche Sprichworter und ihr Einsatz im Fremdsprachen unterricht ۲۰۰۹, Frankfurt.

**به زمانی ئینگلیزی:**

- ✓ Gramley, Stephan & patzold, Kurt- Michael: ۲۰۰٤, A Survey of Modern English, second edition, London & new York, Routledge.

**دووەم: فەرهەنگ**

**کوردی**

- ✓ حسن:, شەوکەت مەلا اسماعیل. ۲۰۱٦، فەرهەنگی شوان. هەولێر، چاپی دووەم: نووسینگەی تەفسیر.
- ✓ خاڵ:, شێخ محمدی. ۲۰۱۷، فەرهەنگی خاڵ. هەولێر، چاپخانەی ڕۆهەڵات: ناوەندی ئاوێر.
- ✓ زراعی:, ڕەند. ۲۰۲۱، فەرهەنگی ڕەند. سوید، چاپی یەکەم: چاپەمەنی qbooks,٤.
- ✓ عبدالخالق:, مسعود. ۲۰۰۸، مەوسوعەی جودی. هەولێر، چاپی یەکەم: دەزگای تەفسیر.
- ✓ موکریانی, گیوی. ۲۰۱۲، فەرهەنگی مەهاباد. هەولێر، چاپی دووەم: چاپخانەی ئاراس.
- ✓ هەرشەمیی:, شاسوار. ۲۰۲۲، فەرهەنگی ئیتمۆلۆژی کوردی. تاران، چاپخانەی تاران، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری عبدالرحمان زەبیحی: دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.
- ✓ هەژار:, عبدالرحمان شرفکندی. ۱۳۸٤هـ ، هەنبانە بۆرینە فرهنگ کردی- فارسی. تهران: سروش.

**عەرەبی، عەرەبی- کوردی**

- ✓ عبدالنور:, جبور. ۱۹۸٤، المعجم الأدبی. بیروت، لبنان، ط۲: دار العالم للملایین, ۱۹۸٤.
- ✓ نضام-الدین:, فاضل. ۱۹۹۰، ئەستێرە گەشە. بغداد، چاپی دووەم: وەزارەتی پەروەردە.
- ✓ نضام-الدین:, فاضل. ۲۰۰۷، فەرهەنگی شیرین عەرەبی- کوردی. سلێمانی، چاپی چوارەم.

**فارسی- کوردی:**

- ✓ ئیبراهیمی:, عەبدوڵڵا. ۲۰۱۲، کاوە فەرهەنگی فارسی- کوردی، بەرگی سێیەم. هەولێر، چاپی یەکەم: دەزگای ئاراس.
- ✓ دانشگاەکردستان:. ۱۳۹۲هـ فرهنگ فارسی-کردی دانشگاه کردستان. سنندج، چاپ دوم: انتشارات کردستان.

**ئەڵمانی- عەرەبی:**

- ✓ SCHREGLE:, GOTZ. ۱۹۷۹، قاموس المانی- عربي. لبنان، بیروت، ط۱:، مكتبة لبنان.

**سێیەم: گۆڤار**

**بە زمانی کوردی**

- ✓ ئیسماعیل, سەباح. ٢٠١٧، "کەڵکەڵەی زمان و وەرگێڕان." باران (دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و لێکۆڵینەوە), کانوونی دووەم، ساڵی یەکەم ٢٠١٧: ژمارە ٥٨.
- ✓ پەشێو:, عەبدوڵا. ٢٠٠١، "بیری نەتەوەیی لە شیعری پیرەمێرددا." گۆڤاری باسکار ,ژمارە.( ٦ :)٤١-٤٧.
- ✓ ڕۆڤار. ٢٠١٦، "پوختەیەک لە ژیانی مامۆستا سەعید نورسی لە چەند خاڵێکدا." ڕۆڤار (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم), تشرینی دووەم- کانوونی یەکەم ٢٠١٦: ٦-٨.
- ✓ عەبدولعەزیز, د. عومەر. ٢٠١٦، "سەعید نورسی لە زمانی پیرەمێردەوە." ڕۆڤار (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم), تشرینی دووەم- کانوونی یەکەم ٢٠١٦: ٥٧-٦٨.
- ✓ عەلی, پ. د. دڵشاد.٢٠٠٧، "گۆران داهێنەر و نوێخواز." گۆڤاری زانکۆی سلێمانی, حوزەیران، ژمارە ٢٠: ٣١-٦٣.
- ✓ کەرکوکی, سەربەست. ٢٠١١، "شەهبال رسالە مصورە و هەندێ بابەتی پەیوەندیدار بەکورد." ژین (بنکەی ژین), تشرینی دووەم ٢٠١١: ٣٧-٥٢.
- ✓ گەرمیانی:, عادل. ٢٠١٣، "خەسڵەتەکانی زمانی شیعریی کوردی هاوچەرخ." گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی (ئەکادیمیای کوردی) ,ژمارە .٢٦ (تشرینی یەکەم ٢٠١٣): ٥٧- ٩٢.

**بە زمانی عەرەبی:**

- ✓ بدران, د. أمين اسماعيل توفيق. ٢٠١٦، "الأمثال و توظيفها في الشعر الجاهلي." الحولية كلية الدراسات الاسلامية و العربية للبنات, كانون الأول، عدد ٢٥, ٢٠١٦: ١٠٢٣-١٠٩٩.
- ✓ شيحان ,:د .ناصر بن راشد. ٢٠١٧، " القيم التربوية في الأمثال العربية ".*مجلة الدراسات الاسلامية و العربية بالقاهرة،مجلد ٣٤، عدد ٢،* كانون الاول ٤٤٦٩-٤٤٢٥ ، كلية الدراسات الاسلامية .
- ✓ فالق:, د، سمية. ٢٠١٦، "البنية الجمالية في التشكيل الفني لامثالنا الشعبية الجزائرية." مجلة التربية (جامعة قاصدي مرباح و رفلة، كلية الاداب و اللغات)، عدد ٦ (تشرين الأول ٢٠١٦): ١١٦-١٤١.
- ✓ قطب:, عمار احمد خلف. ٢٠١٣، "القييم اليهودية في الأمثال العربية من خلال كتاب الامثال لأبراهيم بن عزرا." مجلة رسالة المشرقة، عدد (ملحق للمؤتمر الدولى المقام في مركز الدراسات الشرقية القاهرة),: ٣-٥٠، مصر، جامعة اسيوط، كلية الأداب.
- ✓ لخضر ,د .بشير مولاى and ,د .نورة حاج قويدر. ٢٠٢٠، " أدوات التصوير الفني في المثل الشعبي الجزائري و أبعادها التداولية و الحجاجيه ".*مجلة أشكالات في اللغة و الأدب* ,كانون الأول،عدد ,٢٥ .٧٣٠ -٧١٧ :.

**چوارەم: نامەی ئەکادیمی**

**بە زمانی کوردی:**

- ✓ ئاسۆس:, ئەڤین. ٢٠١٤، فیمینیزم لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا. سلێمانی، نامەی ماستەر: کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- ✓ تەها:, عەدنان عەبدالرحمان. ٢٠١٤، چەمکی مرۆڤایەتی لەشیعرەکانی ئەحمەد شاملو و عەبدوڵا پەشێودا. سلێمانی، تێزی دکتۆرا، : کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- ✓ حسن، ساكار عبدالله. ٢٠١٤، خۆخزانی وشە بۆناو ئیدیۆم لەزمانی کوردیدا. سلێمانی، نامەی ماستەر: بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- ✓ سەعدون:، سامان عیزەدین. ٢٠٠٦، بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا. بەغداد، نامەی ماستەر: بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغداد.
- ✓ شێخ-بزێنی:، سعد فاروق. ٢٠١١، بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی ئەحمەد موختار جافدا. هەولێر، نامەی ماستەر: بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.
- ✓ شەمس:، هێمن عەبدولحەمید. ٢٠١٣، هەژموونی زمان لەسەر کەسێتی کورد، پەندی پێشینان بەنموونە. کۆیە، نامەی دکتۆرا: بەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
- ✓ طیب:، هڤال سلیم. ٢٠١٢، چێژی ئەدەبی لە شیعری نوێی کوردیدا. هەولێر، نامەی دکتۆرا: بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.
- ✓ عارف:، زوبێر علی. ٢٠١٢، ئیدیەم لە شێوەی زاری هەورامیدا. سلێمانی، نامەی ماستەر: بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- ✓ عبدالرحمان:، لهۆن قادر. ٢٠٢١، لیریکی گۆرانی (هەورامی) لەدیدی شێواز ناسی هاوچەرخەوە بە نموونەی شیعریی: بێسارانی، سەییدی، کۆماسی...). سلێمانی، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی: زانکۆی سلێمانی.
- ✓ عبدالله:، ثریا احمد. ٢٠٢٢، ئەزموونی شیعریی جەلال مەلەکشا. کۆلێژی پەروەردە و زمان، نامەی ماستەر: زانکۆی چەرموو.
- ✓ عەلی،، کسپە ئەبوبەکر. ٢٠١١، پەیوەندی بیر و زمان لەکوردیدا. سلێمانی، نامەی ماستەر: بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- ✓ کاکەحەمە:، بوشرا قادر. ٢٠٢٢، جوانیناسی گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا. سلێمانی، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی.
- ✓ مامەعەلی:، فەتاح. ١٩٩٨، ئیدیەم لە زمانی کوردیدا. هەولێر، کۆلێژی ئاداب، نامەی دکتۆرا: زانکۆی سەلاحەددین.
- ✓ مستەفا:، محمد فازڵ. ٢٠٠٧، دەنگی پیرەمێرد لە بزوتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا. سلیمانی، نامەی دکتۆرا: کۆلێژی زمان زانکۆی سلێمانی.

**بەزمانی عەرەبی:**

- ✓ الحمزاوي ،:علاء اسماعيل. ١٩٩٧، *الأمثال العربية و الأمثال العامية مقارنة دلالية* .المنيا، مصر، رسالة دكتورا : كلية الأداب، جامعة المنيا.
- ✓ الخزرجي ،:احمد . ٢٠١٣، *القيم التربوية المتضمنة فى كتب المطالعة و النصوص للمرحلة المتوسطة* .ديالى :رسالة ماجستر، جامعة ديالى، كلية التربية الاسلامية.
- ✓ الغراب ،:فدوى. ٢٠١٤، *الأدب الشعبي الجزائري في ميزان النقد* .الجزائر، رسالة الماجستر :جامعه العربى بن المهيدي –أم البواقي.
- ✓ القرشي ،:بهية. ١٩٩٦، *بعض الدلالات التربوية في الأمثال النبوية من خلال كتاب(أمثال الحديث الأبي محمد الحسن بن خلاد الرامهرمزي ٣٦٠هجرى)* .(مكة المكرمة، رسالة ماجستير :جامعة أم قرى.

- ✓ الونداوي:, جيدم فاroوق. ٢٠٠٢، الصورة الشعرية في شعر ميخائيل نعيمة. بغداد، رسالة ماجستير: جامعه مستنصرية، كلية التربية.
- ✓ أمزيان:, سومية. ٢٠١٩، المستويات الجمالية للمثل الشعبى الجزائيرى، أمثال الجزائير و المغرب العربى لمحمد بن شنب نموذجا. الجزائير: رسالة دكتواره جامعه وهران احمد بن بله، كلية الاداب و الفنون.
- ✓ بلبالي ,عبدالله and ,العيد ذيبة.: ٢٠١٦، *الوظائف الدلالية في الأمثال الشعبية لعبدالحميد بن هدوقة. رسالة الماجستير*، جامعة أدرار ,الجزائير :كلية الاداب و اللغات.
- ✓ بوشنعة ,:سومية. ٢٠١٦، *النسق القيمي الأخلاقي في الأمثال و الحكم القديمة* .الجزائر، رسالة ماجستير :جامعة العربي بن مهيدى أم البواقي، كلية الأداب و اللغات.
- ✓ زبير, احمادى, and حريز بكار:. ٢٠٢٠، الأمثال و الحكم فى (وادى سوف). جامعة الشهيد حمه لخضر، الوادى، رسالة الماجستير، الجزائير: كلية الأداب و اللغات، قسم اللغة و الأدب العربى.
- ✓ سعيد:, شاهۆ. ١٩٩٩، دلالات البناء الايقاعى فى الشعر. سليمانية، رسالة ماجستير، كلية اللغات: جامعة السليمانية.
- ✓ عابى:, غنيه. ٢٠١٦، الدلالات الاجتماعية فى الامثال الشعبيه. جزائير، جامعه محمد بو ضياف بالمسليه، رسالة الماجستير في ادب الشعبى، كليه الأداب و اللغات: الجزائير.
- ✓ غراب:, فدوى. ٢٠١٤، الأدب الشعبى في ميزان النقد عبدالحميد بورايو نموڗجا. الجزائر، رسالة ماجستر: كلية الأداب و اللغات جامعة العربى بن مهدي.

**به زمانی فارسی:**

- ✓ صالح ,:دیمەن محمد. ١٣٩٧هـ ، *بررسی ضرب المثل های بكار رفته در ديوان توفيق احمد همزه (پيرميرد) و تطبيق ان ها با معادل فارسی* .ایلام، ایران :دانشگاه ایلام، دانشكده ادبيات و علوم انسانی.

**پێنجەم: دیداری ئەدەبی**

- ✓ سلێوە:, د. هاوژین. "بەراوردی پەندی پێشینانی کوردی و سریانی." دیداری پیرەمێرد بۆ پەندی پێشینان. سلێمانی: یەکێتی نوسەرانی کورد لقی سلێمانی, ٢٠٢٣. پانێلی پێنجەم، هۆڵی یانەی کۆمەڵایەتی.

**شەشەم: پێگەی ئینتەرنێتی**

- ✓ طاهر ,:حامد . ٢٠١٥، *الفلسفة المصرية من الامثال الشعبية* .تشرين الثاني ٢٠١٥. ,٥ www.https://hamedtaher.com..
- ✓ عبدالفتاح:, هانى. ٢٠٢٢، الأمثال الشعبية فلسفة الجماهير. تشرين الثانى ٥, ٢٠٢٢. www.https://mashroona.com
- ✓ www.https://dw.com/de/wenn-sprichwörter-zu-bildern-werden
- ✓ www.https://Duden.de/Rechtsch-reibung/sprichwort

**الملخص**

الأمثال الشعبية حصيلة تجارب وخلاصة خبرات الشعوب وحضاراتها وثقافتها ومنجزات عقلها الجمعي،بما تحتويه من حكمة الأيام والخبرات الأنسانية طوال العقود،وتنطلق الأمثال من بيئةو فكر و مهارة وتنبؤ الجماعة الأنسانية في أي مجتمع من المجتمعات البشرية لتعكس نظرتهم للحياة وتحكى من خلال قائل الأمثال.

الأمثال الشعبية ومن ضمنهم الأمثال الشعرية نتاج أشخاص ماهرون ومبدعون، صاغوا الأمثال الشعرية بشكل فني رائع ،من ثم يطبعه الأستعمال والذيوع بطابع الجماعة، الأمثال لها مكانة رفيعة في الأدب وذات قيمة يستحق أن نتحقق عنها.

من هذا المنظور ولأهمية الأمثال وخصوصا الأمثال الشعرية لـ(بيرميرد) خصصنا هذا البحث لهذا الموضوع بعنوان(البنية الفكرية والفنية في الامثال الشعرية لـ (بيرميرد) ) من خلالها فتحنا بابا مميزا على الأمثال الشعبية عامة والأمثال الشعرية لـ(بيرميرد)خاصة.أستفادنا من المنهج الوصفي لكتابة البحث.

يتألف البحث من ثلاثة فصول رئيسة:

وتضمن الفصل الأول مفهوم وتعريف الأمثال الشعبية ،تأريخ وخطوط تطور الأمثال الشعبية،ومقارنة الأمثال الشعبية مع الأجناس الأدبية المماثلة لها وإظهار نقاط الإختلاف والتشابه، ثم أهمية وخصائص الأمثال الشعبية وخصائص الأمثال الشعرية وأمثال بيرميرد.

وتناول الفصل الثاني البنية الفكرية لأمثال بيرميرد على أساس(الفكرالتربوي والدراسة،القيم الأجتماعية والأخلاقية، الفكر الأجتماعي، الفكر السياسى والوطني والقومي، الفكر الديني و الفلسفي، تحدثنا أيضا عن موضع ومكانة الأنسان على أساس الجنس والدين ، توقفنا عند المرأة واليهود وأخذنا نموذجا لكل منهم) وفق منهج ثابت تشمل (تنبيه، منع ،تعليمات و توجيهات ،اهداف) أخذنا نموذجا من الأمثال وفسرناه.

أما الفصل الثالث تخص البنية الفنية للأمثال ،تشمل (بنية اللغة، البنية الفنية الإيقاعية، بنية فن الصورة الكاريكاتيرية، بنية فن السرد) ، وقد ختم البحث بجملة من النتائج.

# Abstract

Proverbs are product of each society's thoughts, views and skills on phenomena and events and their worldview for the future, which have appeared as a result of the experiences of enlightened people, then they have been expressed by proverb tellers and the whole of society has participated in formulating them.

Among them, the poetic proverbs which are the work of experienced and wise persons who formulated them in the artistic form afterwards became the property of society which have an important value for any subject and purpose that we want to do studies about.

In the view of importance of poetic proverbs and Piramerd poetic proverbs in particular, we have written this dissertation entitled (Intellectual and artistic principle in Piramerd proverbs), hence, we have opened an important entrance on the proverbs and Piramerd poetic proverbs. For this, we have used the descriptive analysis method.

The dissertation consists of an introduction and three main sections. In the introduction we have focused on the different stages of Piramerd's life as a literary proverb teller. In the first section we have emphasized on the definition, concept, history and progression steps of proverbs. In addition to showing the similarities and differences between proverbs and other literary genres, we have also presented the importance and characteristics of proverbs and the characteristics of poetic proverbs and Piramerd proverbs.

In the second section we have concentrated on the intellectual principles of Piramerd poetic proverbs, principles of educational thought, the social and ethical values, and we have paid attention to the social, political, national, patriotic, religious and philosophical thoughts as well, We also have focused on the position of human in term of religion and gender, for this purpose we have taken women and Jews as an example. We have used reliable method which is (warning, avoidance, instructions, guidelines and objectives) to analyze examples of the proverbs.

In the third section, we have worked on the artistic principle of proverbs; for this, we have shed light on the structure of language, musical art, caricatural imagery and narrative art, and then the required examples have been revealed and explained.

Finally, the results are shown.